زستانی 2013
32

ڕۆژنامەنووس

گۆڤاریکی وەرزیی ئایینە بۆ گۆڤووری ڕۆژنامەنووسی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات



گۆڤاری پانیپال
ڕۆژنامەگەری کوردی بەزمانی سویدی
ڕۆژنامەگەری لە ڕۆژهەلاتی کوردستان
کرۆکی بەڕێوەبردنی میدیا
ڕاگەیاندن و دروستکردنی هەواڵ
پێشێلی ژیانی تایبەت لە ڕاگەیاندندا
یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری
ڕاگەیاندنی ژنان
پەیدابوونی ڕۆژنامە زەردەکان
سۆشیال میدیا

کاوە گەرمیانی

شەهیدبوونی قەڵەمێکی تر

گۆڤاریکی وەرزیی تایبەتە بە کلتوری رۆژنامەنووسیی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەریدەکات

خاوەن ئیمتیاز:
ئازاد حەمەدەمین

سەرنووسەر
ئەنوەر حسێن
07701535029
a.bazgr@gmail.com

جیگری سەرنووسەر:
هەندرێن ئەحمەد
بەڕێوەبەری نووسین:
د. ئازاد عوبێد

دەستەی نووسەران
خالید بەکر ئەیوب
کارزان محەمەد
سمکۆ بەهرۆز
ڕەسول بەختیار
سەلام بالایی
دارا یاسین

دیزاین و هونەری:
هەرێم عوسمان

نووسەر و تووێژەران ئاگادار دەکەینەوە کە دەتوانن بەم دوو ئیمەیل ئەدرێسە
بابەتەکانیان بۆ گۆڤاری ڕۆژنامەنووس بنێرن و پاداشتەکانتان شیاوی ماندوبوون
و لێکۆڵینەوەکانتان دەبێت
a.bazgr@gmail.com kurdjs@kurdjs.com

لەم ژمارەیەی "رۆژنامەنووس"دا

ز	بابەت	نوسەر	لاپەڕە
١	لەدەستدانی رۆژنامەنووسێك، لەدەستدانی سەرمایەی مرۆڤایەتی	سەرنوسەر	٥
٢	رۆژنامەیا کوردستان	ڤەگوهاستن ژ تیپێن لاتینی (شمك زەر)	٧
٣	گۆڤاری پانیپال	ئەکەد موراد	١٩
٤	ناساندنی رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی سویدی	نەوزاد عەلی ئەحمەد	٢٧
٥	گۆڤاری زانیاری... بیبلۆگرافیا و هەڵسەنگاندن	عەبدولخالید سابیر	٣٢
٦	سەرهەڵدان و گەشەکردنی درامای تەلەفزیۆنی کوردی	کاروان محەمەد	٣٧
٧	قۆناغەکانی رۆژنامەگەری کوردی لە رۆژهەلاتی کوردستان	شەریف فەلاح	٥٠
٨	بەرەو ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ کاراکردنی میدیای کوردی	عەبدولخالق ئیبراهیم	٥٤
٩	کرۆکی بەڕێوەبردنی میدیا	د. تاهیر رۆشندڵ	٦٣
١٠	دراما زنجیرەییەکان و بینەرانی رەگەزی مێ	د.نەزاکەت حسێن	٧٢
١١	ڕاگەیاندن لە ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ بۆ دروست کردنی هەواڵ	د.سامان فەوزی	٨٩
١٢	چەمکی رۆژنامەنوسی	د. هەڤاڵ ئەبوبەکر	٩٤
١٣	پێشێلی ژیانی تایبەت لە دەزگاکانی راگەیاندنا	کارزان محەمەد	١٠١
١٤	ڕێکخستنی یاسایی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی	کامیل عومەر	١٠٧

١٥	شۆرشی زانیاری و سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان	د.بەهادین ئەحمەد	١٢١
١٦	سەرەتایەك لەبارەی راگەیاندنی تایبەتمەند و تیشكیك بۆ سەر راگەیاندنی ژنان	ئەرسەلان رەحمان	١٢٦
١٧	ریكلام و میدیا	هەناسە حسێن	١٤٥
١٨	رۆژنامە زەردەكان خەسڵەت و هۆكارەكانی پەیدابوون	بەختیار عەبدوڵڵا	١٥٦
١٩	راپۆرتی رۆژنامەوانی	مەجید سالح	١٥٩
٢٠	میدیای كۆمەڵایەتی	تاژان دڵشاد	١٧١
٢١	سیستەمی بەخشینی مۆڵەت بە دەزگا راگەیاندنەكان	كارزان محەمەد	١٨٥
٢٢	رۆڵی میدیا لە هۆشیاركردنەوەی تاك و رووبەرووبوونەوەی گەندەڵی	صادق حمەغریب	١٩١
٢٣	گەندەڵی و رۆڵی میدیا	پەرویز رحیم قادر	٢١٠
٢٤	هەواڵ، گرینگترین ژانەری رۆژنامەنوسی	سەركەوت ئەحمەد	٢١٧
٢٥	كاریگەرییە نیگەتیڤ و پۆزەتیڤەكانی میدیا	ب.هەنی	٢٢٢
٢٦	هەواڵ و چالاكییەكان		٢٢٥

لەدەستدانی ڕۆژنامەنوسێك، لەدەستدانی سەرمایەی مرۆڤایەتی

بەداخەوە، هاوپیشەیەکی ئەرمان، ڕۆژنامەنووسێکی ئەر و ئەندامێکی ئەری سەندیکای ڕۆژنامەنووسان، ئیرۆرکرا.

ئەمە لە کاتێکدایە، پێشڕیش چەندین ڕۆژنامەنووسی ئر ئیرۆرکراون و سەدان پێشێلکاری جۆراوجۆر دژی ڕۆژنامەنووسان ئەنجامدراون، بەڵام هیچ کام لەئەنجامدەرانی ئەم کەیسانە نەدراونەتە دادگا یان نەتوانراوە وەک پێویست بەر بەم ئیرۆرانە بگیرێت، بۆیە سەرئەنجام ڕۆژنامەنووس (کاوە گەرمیانی) یەکێکی ئر بوو لە قوربانیانی کاری ڕۆژنامەنووسی و پیشەکەی.

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، نیگەرانە لەوەی:

یەکەم؛ ئینسانێک لە کوردستان ئیرۆر کراوە، کە دواجار ئەندامی سەندیکاکەمانە و ڕۆژنامەنوسێکی چالاک بوو. بۆیە تا ئەوپەڕی کاری ئینسانی و پیشەیی ئیدانەی دەکەین و داوا لە لایەنە پەیوەندیدارەکان دەکەین کە بەدوای کەیسی ئەندامێکماندا بچن و لێکۆڵینەوەی جددی بکەن، چونکە سەندیکا بەتەنها خەمخۆری ڕۆژنامەنووسان نیە، بەڵکو پەرۆشی کۆمەڵگەی کوردستانیشە، کە ئەم ڕووداوانە ڕوویەکی ناشرین، ڕوو بەدەرەوە نیشاندەدات.

دووەم؛ سەندیکا هەمیشە ڕوبەڕووی گلەیی زۆری دۆستان و نەیارانی دەبێتەوە، کە بۆچی کاری جدی ناکات بۆ بەرگرتن بەو پێشێلکاریانە، دەبێت بڵێین لە هەر لێدان، سوکایەتپێکردن و شکاندنی ئامێرەکانیان، تا دەگات بە خوێنرشتن و ئیرۆرکردنی هەر ڕۆژنامەنووسێک کە خەریکی کاری میدیایین، سەندیکا جگە لەوەی لەدڵەوە نیگەران دەبێت، هەموو هەوڵی خۆیشی دەخاتە گەڕ وەکو پێشڕیش کردویەتی و دەیکات، بەڵام هەست بە شەرمەزاری دەکات لە وڵاتێکدا کە سەندیکا نوێنەرایەتی ڕۆژنامەنووسان دەکات و هەموو لایەک باشگەشەی ئازادی ڕاگەیاندن، میدیا، عەقیدە و بەیان دەکەن، بەڵام لەهەر حاڵەتێکی تا چاوەڕوانکراودا، پەنا دەبەنە بەر لێدان و ئیرۆرکردن.

سێیەم؛ سەندیکای ڕۆژنامەنووسان خۆی بە بەشێک لە ئەزموونی هەرێمی کوردستان دەزانێت، خۆی بە داڕێژەری مافە سەرەتاییەکانی خەڵکی کوردستان دەزانێ لە بواری یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007) ی کاری ڕۆژنامەنووسی، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری، بۆیە پڕ بەدڵ نیگەرانە لەو ڕووداوانە

کە ناتوانێ بۆ یەکجارەکی بنەبڕیان بکات، بەڵام خەمی گرنگی سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەوەیە کە لەو حاڵەتانەدا کەس لەسەر کاری راگەیاندن و میدیا لێ نەدرێت و سوکایەتی پێ نەکرێت.

چوارەم؛ سەندیکای رۆژنامەنووسان هیچ کات نایەوێت ببێتە بەشێک لە کێشە و گرفتی سیاسی، حزبی و ئایدۆلۆژییەکان، بەڵکو خۆیشی بەدور دەگرێت لەو ململانێی ناشەریفانەیە، هەمیشە هەوڵیداوە چەتری هەموو رۆژنامەنووسانی کوردستان بێت. بە هەموو ڕەنگ، ئایدیا، فکر، بۆچون و مەزهەب و ئینتیما. ئەمەش بەفعلی جێگەی بوونەوە، سەرەڕای هەموو ئەوانەش داکۆکی سەرسەختی کردوە لەهەموو ئەو ڕەنگ و بۆچونانە چ دەسەڵات، ئۆپۆزسیۆن، میدیای ئەهلی و ئەنانەت میدیای سێبەریش، هەمیشە پشتیوانی لێکردون. ئەگەر جاروبار رۆژنامەنووسان لەسەر هەقیش نەبوون، بەڵام کاری پیشەییان ئەنجامدابێت. سەندیکا داکۆکی لێکردون بەوانەشەوە کە ئەندام نەبوون.

پێنجەم؛ لەئێستاشدا و لەکەیسی ئیرۆرکردنی شەهید (کاوە گەرمیانی) دا سەندیکای لەرووی ئەخلاقی، پیشەیی، ئینسانی و نەتەوەیی، خۆی بە بەرپرس دەزانێ و داکۆکی سەرسەخت دەکات لەوەی کە دەبێت ئەنجامدەرانی بدرێنە دادگا و هەر بۆیە ئەو لیژنەیەش کە پێکهاتوە،سەندیکای رۆژنامەنووسان ئەندامی خۆی داناوە و مساوەمەش لەسەر مافی رۆژنامەنووسان ناکات، لە داهاتوشدا هەموو ماف و ئیمتیازەکانی کە لەسەندیکا بۆ شەهیدانی رۆژنامەنووس هەیە. بۆ خێزان و خانەوادەی کاوە گەرمیانی دابین دەکەین، داواکاریشین لە حکومەت کە ئاگاداری ژیان و گوزەرانی خێزانەکەی شەهید کاوە بێت.

شەشەم؛ داواش دەکەین کە رۆژنامەنووسان لە چوارچێوەی کاری راگەیاندن و میدیایدا بە پێی یاسا، ڕێسا و ئینتیکی کاری رۆژنامەنووسی کار بکەن و خۆیان لەهەر ئەشهیر، ناوزڕاندن و وروژاندنی کێشەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بێ فاکت و دۆکیۆمێنت بپارێزن کە دەبێتە مایەی کێشە و پەشێویی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی کوردستان.

حەوتەم؛ رایدەگەیەنین کە کاوە گەرمیانی و رۆژنامەنووسانی کوردستان بۆ سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و هەموو لایەکمان سەرمایەیەکی گەورەی ئینسانی، میدیایی بوون و هەرچی بکەین ناگاتە گەورەیی ئەوان و ئینسانەکانی ئەم کۆمەڵگەیە.

بۆیە رایدەگەیەنین کە هاوپیشەیەک و ئازیز و نوسەرێکی ئازیزمان لەدەستداوە و ئاکە ڕێگاش بۆ چارەسەری ئەو گرفتانە دووبارە نەبونەوەی ئەو کردەوانە و بەسزا گەیاندنی ئەنجامدەرانی و بەردەوام بوونە لەسەر ڕێگاکەی بەشێوەیەکی پیشەیی و حرفەیی .

سەرنوسەر

هەوالنامەی کتێب

بەشەکانی ئەم بابەتە پێشتر لە ژمارەی (18)ی پاییزی 2009 و ژمارەی (23-24)ی زستانی 2011 بڵاوکراوەتەوە. لەسەر داواکاری ئێمە (شمەک زەر) ئەم بەشەشی گۆڕیوە.

«رۆژنامەنووس»

نووسینی: فەلات دلگەش
فەگوهاسن ژ لیپێن لاتینی: (شمک زەر)

بەشی 5

د ژیانا مللەتان دە هن رۆژێن گرینگ هەنە، ئەڤ رۆژ ب گرینگیا خوە مۆرا خوە ل پێشەرۆژا گەل دخن. چمکی رۆژێن وەها وەک فەئلۆنەکێن دیرۆکی نە. ژ بەریا وان و پشتی وان نێ قالکرن. ئەڤ دەم، ئەڤ رۆژ، وەک میلادەکێ، وەک دەسپێکەکە نوو د ژیان و دیرۆکا گەل دە جهێ خوە دگرن، ئیدی بەریا وان و پشتی وان هەیە. بەریان وان و پشتی وان نە یەکە.

(22)یێ نیسانا (1898)ان، د ژیانا گەلێ کورد دە فەئلۆنەکەک دیرۆکێ یە. ب ڤێ فەئلۆنەکا دیرۆکی رە خەلکێ کورد د ریا رۆناهیداری و نەئەوەبوونێ دە گاڤەکە گرینگ دئاڤێژە. ب ڤێ فەئلۆنەکێ رە، ب دەرەنگی بە ژی خەلکێ کورد دخوازە کو ل روو مللەتێن ئازاد و پێشڤەچوویی جهێ خوە یێ ب رووەتە بسنینە، بەشداری ناڤ مللەتێن ئازاد و پێشکەتی ببە.

د 22یێ نیسانا دە (1) رۆژنامەیا کوردان یا پێشی ل مسرێ، ژ وارێ باڤ و کالان دوور، ژ ئالی میقداد میدحەت بەدرخان ڤە هاتە چاپکرن. میقداد میدحەت نافێ رۆژنامەیا خوە (کوردستان) دانی نافێ وەلائێ خوە ل رۆژنامەیا خوە کرد و بەرێ خوە ب وارێ رۆناهی و شەهرەزایێ ڤە کر. ژ وێ رۆژێ ب شوون ڤە. ئێدی کوردستان نە ئەنێ نافێ وەلائێ کوردان، نافێ رۆژنامە و ریا وانا زانین و رۆناهیێ ژی بوو. وێ گەلێ کورد ب

رۆژنامە ژ لۆندرایێ کۆچی فولگستونی دکە. هەتا هەژمارا (29)ان ل فولکستونێ دەرتێ دوو رە دیسا دزڤرە جەنەڤرەیێ هەژمارین (30) و (31)ان ل ڤر دەردکەڤن

«کوردستان»ێ بەرێ خوە ب ئالی زانین و رۆناهیێ ڤە بزڤارنا د پشنا خوە بدا ئارینی. چمکی ریا کو دچوو رۆناهیێ د خواندن و زانین رە دەرباس دبوو. میقداد میدحەت ل سەر ڤێ ریێ بوو و دخواست کو گەلی وی د ڤێ ریێ دە بمەشە.

بوویا ل غەریبێ

کوردستان ل غەریبیێ، ژ وارێ باف و کالان، دوور ل وەلاتێ کی غەریب زا. ژ رۆژنامەیا پێشین کوردستانێ ڤرڤە، غەریبی و ژ ئاخا وەلاتێ دووربوونی. وەک فەدەرەکێ ب پێشرا رۆژنامەگەریا کوردی ڤە زەلقی. هەما ببێژە کوردان، ئو دەمەکێ (هن دەمێن ل کوردستانا باشوور نەئێدە) کەیس و فەرسەنناندا ب نازادی ل سەر ئاخا وەلاتێ خوە رۆژنامەگەریکرنێ نەدیئن.

سورگوون و کوچپەری ژ رۆژنامەیا پێشی کوردستانێ. ژ رۆژنامەگەریا کوردی رە (میراس) ما دەە سال پشتی رۆژنامەیا کوردستانێ، رۆژنامەیا کورد نەعاون و نەرەقی د سالا (1908)ان دە، ل وارێ سرگوونێ، ل سنەنبوڵێ هاتە چاپکرن. ئام دەە سال پشتی ڤێ رۆژنامەیێ ژی، د سالا (1918)ان دە کۆڤارا ژینێ، دیسا ل سورگوونێ ل سنەنبوڵێ دەرکەت. (14) سال پشتی ژینێ هاوار، د (15)ێ گولانا (1913)ان دە، ل خەریبێ، ل شامێ هاتە چاپکرن، ئام دەە سال پشتی هاوارێ، رۆناهی، وەک زێدەهیا هاوارێ، د (1) ێ نیسانا (1942)ان دا ل شامێ هاتە دەرخستن.

ژیانا کو ب سورگوونێ دەست پێ کر، ب سورگوونی و غەریبیێ بەردەوام کر. ئو ئەڤ ژیانە بێیۆم، مخابن وەک قەدەرەکێ هێ ژی بەردەوامە. پشتی سەد سالان. چ حەیفە کو هێ ژی ئەم نکارن ڤێ رۆژا پیرۆز و گرینگ ب نازادی ل سەر ئاخا وەلاتێ خوە پیرۆز بکن و ب بیر بینن. ژ سەد سالان ڤر ڤە یە کو غەریبی و سورگوونێ پێشیرا مە بەرنەدا. ژ سەد سالان ڤر ڤە یە کو ئەم ب حەسرەنا رۆژنامەگەریەکە ل سەر ئاخا وەلاتێ و نازاد دکەسرن. ژ سەد سالان ڤر ڤە یە کو ئەم ب غەریبیێ رە شەر دکن.

ژیانا وەشانی یا کوردستانێ ب نەڤاهی سرگوون بوو، ب سرگوونان دەرباس بوو. رۆژنامەیێ ژ چەند هەژماران جارەکێ نە نەنێ جهێ خوە. هەروەها، وەلاتێ کو لێ دما ژی گوهارتە. ئاڤاکارێ رۆژنامەیێ میقداد میدحەت بەدرخان نەنێ (5) هەژماران بەرپرسیاریا رۆژنامەیێ کر و دورە کار سپارتە برایێ خوە عەڤدرەحمان بەدرخان. هەنا هەژمارا (31)ان رۆژنامەیێ، عەڤدرەحمان بەدرخان ل سەر کار ما.

هەر پێنج هەژمارێن پێشی یێن کوردستانێ ل پایتەختا مسرێ، ل قاهیرێ هاتن چاپکرن، ژ ڤانا سێ هەژمار ل «چاپخانەیا (الهلال)ێ. هەژمارین (4) و (5)ان ژی ل «چاپخانەیا جەریدەیێ کوردستان» هاتن دەرخستن. ب هەژمارا (5)ان رە، پشتی کو عەڤدرەحمان بەدرخان د جهێ میقداد میدحەت دە بەرپرسیاریا رۆژنامەیێ دستینە. وەلاتێ کو رۆژنامە لێ دەردکەڤە نێ گوهارتن و عەڤدرەحمان بەدرخان کوردستانێ ل باژارێ جەنەفرا سویسرێ دەردخە. ل ڤر رۆژنامە، د (مەنبەعا جەمعیەتا نەفاق و قەنجیا موسولمانا) دە نێ چاپکرن، د هەژمارا (20)ان دە ناڤەندا رۆژنامەیی دیسا د گوهەرە و جاردن، ل مسرێ نێ وەشاندن. د هەژمارا (24)ان دە ناڤەندا رۆژنامەیێ دیسا دگوهەرە و جاردن ل مسرێ نێ وەشاندن. د هەژمارا (24) ان دە ناڤەندا رۆژنامەیێ دیسان جهە دگوهێرە و ئیجار نێ لۆندریا ئینگلزستانێ دە چێدبە.

رۆژنامە ژ لۆندرایێ کۆچی فولگستونی دکە. هەتا هەژمارا (29)ان ل فولکستونێ دەرتێ دوو رە دیسا دزڤرە جەنەڤرەیێ هەژمارین (30) و (31)ان ل ڤر دەردکەڤن. هەژمارا (31)ان، هەژمارا داوی یا کو گهشتییە. رۆژا مە، د (14)ێ نیسانا (1902)ان دە نێ دەرخستن.

د ناڤبەرا سالێن (1998) و (1902)ان دە رۆژنامەیێ پێنج جاران جهە گوهارتیە، ل سێ وەلاتێن جهێ هاتیە چاپکرن. گەلەک مخابن ئەم هی باش نزانن کو رۆژنامە ب نەڤاهی چەند هەژمار دەرکەتیە. چمکی د هەژمارا داوی یا کو د دەستێ مە دە یە، کالا راوەستاندنا ژیانا رۆژنامەیێ نانی کرن.

دبە کو پشتی هەژمارا (31)ان ژی کوردستان دەرکەتیە ئو دیسا دبە کو عەڤدرەحمان بەدرخان، ب هەژمارا (31) ان ژ نشکا ڤە دەف ژ وەشاندنا رۆژنامەیێ بەردابە.

ژ (31) هەژمارێن کوردستانێ، نها نەنێ (28) هەژمار د دەستی مە دە هەنە. چ حەیفە کو هەژمارین (10)، (12) و (19)یان هێ ژی هوندانە. ژ (28) هەژماران (26) هەژمار، پێشی د سالا

(1972)ان دە ژ ئالی کەمال فوئاد ڤە، دوو رە ژ ئالی محەمەد ئەمین بوزئارسلان ڤە. ب ئرانسکرییە و سڤککرێنێن خوە ڤە وەک کێبێەک دو جیلد د سالا (1991)ان دە ژ نوو ڤە هاتن چاپکرن. مالمیسانژ دو هەژمارێن کو کەمال فوئاد و م. ئەمین بۆزئارسلان ب دەستێ نەخستبوون و د بەرهەڤکرنێن خوە دە چاپ نەکربوون، هەژمارێن (17) و (18)ان ژی رایی کرن و د سالا (1992)ان دە وەک کێبێ چاپ کر، مالمیسانژ د ڤێ کێبێا خوە دە ب بەرفرەهی ل سەر ژیانا عەڤدرەحمان بەدرخان ژی راوەستا.

گاڤ کو ئەم بالا خوە ددن زمانێ کوردستانێ، ئەم دنهێرن کو د هەژمارێن پێشی دە زمان ب ئەڤاهی کوردییە، سێ هەژمارێن پێشی ب ئەڤاهی کوردی نە. د هەژمارێن(4، 5، 6و 7)ان دە ئرکی ژی د رۆژنامەیێ دە ئێ خەبناندن. هەژمارێن کوردستانێ یێن دن، ئانگۆ یێن کو د دەستی مە دە ب کوردی و ئرکی نە. لێ وسا خویایە کو وێ هەژمارێن هوندا ژی ب کوردی و ئرکی بن. چمکی عەڤدرەحمان بەدرخان د هەژمارا (18)ان دە دەها دنڤیسە، «گەلەک مرۆڤ ژ من رە نڤیسین کو نزانن کرمانجی بخوینن. لەوما قسمەک ئرکی (د) جەریدا من دا دخوازن. سەر ئەلەبا وان ب ئیزنیلا ئەزێ پاش نهۆ نیمێ جەریدا خوە ب ئینزمانێ خیرەنا خوارزیێ خوە فەوزی بەگی، ئرکی ئەبع بکم(2)».

هنگی مرۆڤ دکارە ببێژە ژ (31) هەژمارێن کوردستانێ هەشت هەژمار خوەروو ب کوردی نە، یێن دن ژی ب کوردی و ئرکی نە.

چما رۆژنامە کوردستان؟

قەت شک نینە کو ب دەرخستنا رۆژنامە کوردستانێ ئارمانجا سەرەکەیا میقداد میدحەت بەدرخان، رۆناهیدارکرنا گەلێ خوە بوو. ب چاپکرنا رۆژنامەیێ رە وی رۆناهیدارکرنەک پرالی دابوو بەر



خوە. وی دخوەست کو گەلێ کورد هەم های ژ خوە هەبە و هەم ژی های ژ رەوش و چوونا دنێ هەبە. دیسا گەلێ کورد خوە بناسە. یێن کو وی ئیدارە دکن ناس بکە و ل پرسێن خوە خودی دەرکەڤە.

د هەژمارا پێشی دە وەها دگوت: «حەیفا من ئێ ژ کوردان رە. کورد ژ گەلەک قەوما زێدەتر خوەیهش و زەکا نە. جامێرن، دینێن خوە دە راست و قەوی نە، خورئن و دیسا وەک قەومێن دی نە خوەندانە، نە دەولەمەندن، دنیاێن دە چ دبە، جیرانێ وان مۆسقۆف چاوا یە، وێ چ بکە، نزانن. لۆما ریا خوەدێ دە من ئەڤ جەریدەیا ها نڤیسی، ب ئیزنا خوەدێ ئەعالا پاش نوهۆ، هەر پازدە رۆژا دە جارەکێ ئەزێ جەریدەکێ بنڤیسم، ناڤێ ڤێ من کریە «کوردستان». «ڤێ جەریدەیێ دە ئەزێ بەحسا قەنجیا علم و مەعریفەنا بکم، ل کوودەرێ مرۆڤ دعەلمە، ل کودەرێ مەدرەسە و مەکتەبێن قەنج هەنە، ئەزێ نیشا کوردا بکم، ل کودەرێ چ شەر دبە. دەولەتێن مەزن چ دکن، چاوا شەر دکن، ئیجارەت چاوا دبە، ئەزێ حەمیا حیکاێ بکم (3)».

کوردستان، وەک رۆژنامە ژ هەژمارا پێشی هەنا هەژمارا داوی ژ ڤێ یەکا کو ژ دەڤێ میقداد میدحەت دەردکەڤە شاش نابە. ئەو هەر د خزمەنا گەلێ کورد دە دمینە. ژ بۆ کو ڤێ خزمەنا پیرۆز بکە، راستی گەلەک ئێریش و ئەعدایان ئێ، مالا بەدرخانیان، ب گرتن و شکەنجەیا ل سەر خوە، بەدەلێ رۆناهیدارکرنا گەلێ کورد ددن.

ب کوردی نڤیسین

رۆژنامە کوردستانێ، ب زمانێ شیرینێ دایکی، ب کوردیا خوەش و گەش دەست ب ژیانا خوە یا وەشانی کر. ژ زار و زمانێ وێ، ژ ناڤەرۆکا وێ، ژ هەموو ئشنێ وێ کوردی دفووریا. ئەو ب ناسنامەیا خوە، ب ناڤەرۆک و هەبوونا خوە کوردستانی بوو.

هنگێ ب کوردی نڤیسین، بیر و هشەکە نەئەوی، هەلوەستەکە کوردستانی دخوەست. میقداد میدحەت ب ڤێ بیر و باوەرێ دەست ب کارێ خوە کر. بێگومان بەریا کوردستانێ ژی، هەنا ب سەدان سالان بەریا وێ ژی ب کوردی دهات نڤیسین و زمانێ کوردی، ب ئایبەتی د وارێ هەلبەستێ پێشڤەچوو بوو. لێ هەرچی نڤیسینا راست، ئانگۆ پەخشان بوو، ب پێش نەکەنبوو و د ڤی واری دە نموونەیێن بەربچاڤ نێن کو وێ کاربن ژ کوردستانێ رە بن ئالیکار و رێەکێ بدن بەر، بەلکی ژی ئونە بوون. ژ بەر ڤێ یەکێ مرۆڤ دکارە ببێژە کو، د جڤاتا کورد دە، ریا کو دچە نڤیسینا راست، ئانگۆ پەخشانێ ب رۆژنامە کوردستانێ هاتیە ڤەکرن. ئو هەروەها، میقداد میدحەت نە ئەنێ دانێرێ رۆژنامە کوردی یا پێشین، بەلکی ژی دانێرێ پەخشانا کوردی یە ژی.

بێگومان میقداد میدحەت رۆژنامەڤانی کورد ئێ پیشینە ژی. میقداد میدحەت گرینگیەکە ئایبەتی دە ب کوردی نڤیسینێ. ژ بەر ڤێ یەکێ یە کو ئەو هێ د هەژمارا ددوویانا رۆژنامە خوە دەست ب چاپکرنا مەم و زینا ئەحمەدێ خانی دکە. میقداد میدحەت وەها دنڤیسە:

هەواڵنامەی کێبێ

«هـەر جـەریـدەکـێ دە ئـەزێ ژ وێ کێڤێ هنی بنڤیسم، هەتا خەلاس ببە» «ئەو کێڤ بەری دوو سەد سالا هاتیە نڤیساندن. هن دەرێ وێ حەشفینە، نایێن خواندن. دەرێن نەیێن خوەندن، ئینشائەللا ئەزێ بکاربم ب خوە ئەمام بکم. هەکی ژ ڤێ کێڤێ دەسنێ یەکێ دە هەبن، ئەز هێڤی دکم ژ من را رێکێ، دا ئەز یا ل دەسنێ خوە دە راست بکم، پاشێ ئەزێ دیسا کێڤا وی ژێ رە رێکم. نییەتا من، ئەزێ وێ کێڤێ ئەبع ژی بکم، هەچیێ ڤێ، بلا نوهۆ ڤە ژ من رە بنڤیسە(4)». ب ڤی ئاوایی میقداد میدحەت د رۆژنامێ خوە دە دەست ب وەشاندنا مەم و زینێ ئەحمەدی خانی دکە. لێ مخابن ئەو کەیس نابینە کو ڤێ بەرهەما بێهەمپا ژ نوو ڤە وەک کێڤ چاپ بکە. مەم و زین، جارا یەکەم وەک کێڤ د سالا 1919ان دە ل سنەنبۆلێ، ب حەرفێن عەرەبی لێ چاپکرن(5).

وێ حەساسیەتا ب کوردی نڤیسینێ یا کو ب میقداد میدحەت رە یە، هەر ب وی ئاوایی ب برایی وی عەڤدرەحمان بەدرخان رە ژی هەیە، عەڤدرەحمان بەدرخان، هێ د هەژمارا سەری یا کو بەرپرسیاریا رۆژنامەیێ دسنینە دە، وەها دنڤیسە:

«هنگێ دنیا هەیە، هندک مرۆڤا ب کورمانجی ئەسار نڤیسینە، حەیفا من لێت، فەنەکرنە دۆرخـوە، جیرانێ وان رووس، عەجەم و رووم، حەمیا ب عەزمانێن خوە کێڤ نڤیسینە، چەکێن قەنج دەسنێ وان دە هەنە، هەتا یەکێ کورد نفنگێ دافێژە، ئەو بیستا دافێژن. ئەڤ مللەتێن ها زاروێن خوە رە نشتێن قەنج هیشتنە. خوەدێ علم و عومرێ وی زێدە بکە، برایێ من میقداد بەگێ ئەڤ ریا قەنجا جەریدەیێ نیشانێ مە کر(6)».

ئاستەنگێن ل پێش رۆژنامەیێ

ئاستەنگێن ل پێش ل رۆژنـامـا، کوردستانێ، ژ رۆژا کو دەست ب ژیانا خوە یا وەشانی کر هەتا رۆژا کو راوەست نەسەکنین، رەژیما عەڤدلحەمید، ژ بۆ کو ئەڤ رۆژناما د ناڤ سینۆرێن ئیمپراتۆریێ دە دەرنەچە و نەیێ بەلاڤکرن، چ ژ دەستا هات، کر. میقداد میدحەت، د سەری دە نەدفکری کو وێ بەرپرسیارێن دەولەتێ ب ڤی ئاوایی ل پێش رۆژنامەیێ بسەکنن و نەهێلن کو رۆژنـا بەلاڤ ببە، بێ بەلاڤکرن. ژ بەر ڤێ یەکێ، ژ نڤیسا هەژمارا چاران لێ فێمکرن کو وی نەخوەستیە کو راستەراست دەولەتا عوسمانی ل پێش ڤی کاری ببینە، ئان وان ل هەمبەر ڤێ یەکێ نیشان بدە. لۆما ئەو ب پیڤان دپەیڤە و وەها دبێژە:

«ژ وەلائێن ئەز جەریدە رێدکم ژ من رە دنڤیسن کو جەریدەیێن ئەز رێدکم، مەئمورێن حوکومەتێ نـادن خوەیا. چکو کورمانجی نزانن، دبێژن قەی من دەرهەق وان دە ئشتەک نڤیسیە.

هەکی دیسا ئیزن نـەدان کو ئەز جەریدەیێ خـوە رێکم نێڤ کـوردان، دڤێت کورد حەمی بگهین هەڤ، ژ والیا، مونەسەریفا هێڤی بکم، دا بهێلن ئەز ڤێ جەریدەیێ رێکم وەلائێ کوردا»(7).

پشتی پەیڤێن ب ڤی ئاوایی یێن نەرم، میقداد میدحەت پێویست دبینە کو شیرەتەکێ ل کوردان بکە و گاڤا کو رێ ل بەر رۆژنامەیێ هاتە گرتن، دا ئەو بزانبن چ بکن، بێگومان ریەکە وەها، ئیدی نە ریا لاڤ و هێڤیرکرنێ یە. ب زانین و ب شەهرەزایی ل داخوازێن خوە خوەدی دەرکەتن دڤێ. کو پێویستە بە، ژ بۆ بجهانینا ڤان داخوازێن مەشروع، دڤێ مرۆڤ یەکیتیا خوە پێک بینە و د بەر خوە بدە. لۆما هەر د عەینی هەژمارێ دە میقداد میدحەت ڤێ بانگێ ژی ل کوردان دکە:

«گەلی میر و ئاغانۆ! ئیتیفاق بکن، بگیهن هەڤ! هەکی والیا، مونەسەرِفا گوە نـەدا وە، ژ خونکار رە نەلگرافا بنڤیسن، عەرزحالا بشینن، دا ئیزنا ڤێ جەریدەیێ بدت ئەز ژ وە رە رێکم»(8).

ژ نڤیسینا ب تـرکـی یـا میقداد میدحەت بەدرخانا د هەژمارا پێنجان دە ئێ فێمکرن کو، ژ ئالی بابعالی ڤە، ب ئەمرنامەیێکێ کەتنا رۆژنامێ کوردستانێ یا وەلائێن د ناڤ ئیمپراتۆریا عوسمانی دە هاتیە قەدەغەکرن. کوردستان نەتنێ نەهاتیە قەدەغەکرن، کەسێن کو ئەو خوەندنە و د بـن چەنگێن وان دە رۆژنامە هاتیە دینن، ب داریێ زۆریێ هاتنە گرتن. ژ بۆ ژ مسریێ ڤەگەرینا سنەنبۆلی یا میقداد میدحەت ژی فەرمان ژ ئالی پادیشاە ڤە هاتیە دەرخستن. ل میقداد میدحەت گەڤ هاتیە خوارن، دا کو دەڤ ژ وەشاندنا رۆژنامەیێ بەردا و زوو ڤەگەرە. هەکی ئەو ڤەنەگەرە، وێ مافێ کارمەندیا وی ژێ ستاندن و ژ مسریێ داخواز بێ کرن، دا کو وی ب زۆریێ بدن(9).

کوردستان نێ قەدەغەکرن، لێ بەلێ نو سەدەمێن قەدەخەکرنا رۆژنامەیێ نایێن دیارکرن. ل سەر ڤێ یەکێ میقداد میدحەت وەها ژ ئەڤدلحەمید رە دنڤیسە: «ژ بەر ڤێ یەکێ، هەتا کو ب داخوازا وە پادیشاە قەدەغە نەبە و نەیێ دیارکرن کو (رۆژنامە کوردستانێ ستاندن و خوەندن، ڤی جەزایی دڤێ)، یی کو وێ دخوینە و یێ کو وێ ب خوە رە دگەرینە، نکارە بەرپرسیار بێ گرتن(10)».

مـیـقـداد مـیـدحـەت ل سەدەمێن قەدەغەکرنا کوردستانێ دگەرە و دخوازە، عەڤدلحەمید ب خوە، ب دەڤێ خوە ڤان سەدەمان نیشان بدە و جەزایێ خوەندن و ب خوە رە گەراندنا رۆژنامەیێ دیار بکە لێ عەڤدلحەمید و بەرپرسیارین دەولەتا عوسمانی خوە کەر دکن، وەکی کو نشتەک وەها نەبهیستن و رۆژنامەیەک وەها نەهاتبە ئاستەنگکرن، دەنگ نابن خوە.

د هـەژمـارا پێنجان دە، میقداد میدحەت بالێ دکشینە سـەر رەوشـا رۆژنامەڤانیا ئەرمەنی و رووەان و وەها دنڤیسە:»ئەڤ خەتێ ژۆر نڤیسی، دیسا

ژ حەزرەتێ سولتان عەبدولحەمید خان رە یە، ئەز هێڤی دکم، دا ئیزنا جەریدەیا مە بدت ئەز ئەشکەرە رێکم کوردستانێ. ئەرمەنی و رۆم نەهن نیڤێن کوردانە، چرە ب عەزمانێ خوە جەریدە هەبن و کوردا ئشتەک ئونن و ژ حالێ دنیایێ بێخەبەرن (11)»!.

ب ڤی ئاوایا ئەم دبینن کو میقداد میدحەت د خەباتا خوە یا رۆژنامەگەری دە رووم و ئەرمەنیێن کو بەریا کوردان دەست ب کارێ وەشانێ کرنە، وەک نموونە دبینە و دخوازە کو کورد ژی، وەکی وان د ڤی واری دە ب پێش بکەڤن، ب زمانێ خوە رۆژنامەیان دەرخن. ب گۆتنا وی، گاڤا کو رووم و ئەرمەنیێن کو د ناڤ سینۆرێن ئیمپرائۆریێ دە دژین و ب نوفووسا خوە نیڤێ کوردان ئونن، خوەدی وەشان و رۆژنامە بن، وێ چما کورد ژ مافەکی وەها بێبار بمینن؟

مخابن بەرخوەدانا میقداد میدحەت ئا دۆماندنا کارێ رۆژنامەیێ پر درێز ناژۆ. چ ژ بەر زلما رەژیما ئەڤدلحەمید، چ ژی ژ بەر نەخوەشینا خوە بە، د ئەنجامێ دە میقداد میدحەت ناقەدینە و ڤەدگەرە سنەنبۆلێ. عەڤدرەحمان بەدرخان د هەژمارا (6)ان دە، سەدەمێن سناندنا بەرپرسیاریا رۆژنامەیێ و دەڤژێبەردانا برایێ خوە وەها دیار دکە:

«ئەڤ جەریدەیا ها، هەتا نوهۆ برایێ من میقداد بەگێ دەردانی. لاکین چکو خونکار نەهێشت ئەو ل مسرێ روونت، ڤەگەرا ئیستانبۆلی. جەریدەیا خوە نەکاری ئیستانبۆلێ دەرینت. سەبەبا وێ ژی، چکو مرۆڤێ مەزن یێ دۆر خونکار، حەمی خاین، بێ ئەسل، نەسەبن، نەیارێ جوانمەردا نە. چ خاسما کو یەک ژ وان هەیە، ناڤێ وی ئەبولهودا یە، ئەو ئەمامی ئەسل و نەسەب مئربە، چکو ئەو ژ هەمیان بێ ئەسلترە، ژ هەمیا زێدەتر نەیارێ مالا بەدرخان بەگێ یە، ئەو نەیارێ هەمی کوردا یە، ناڤێ قەنجێ ل کوردا ببە، ئەو خونکار دخاپینە. ب راستی ئەو نە ئەبولهودا یە، ئەبولچهلاله (12)، فسق و فەسادێ دە بێ هەڤالە، ئەو ناهێلە لاوێن بەدرخان بەگێ جەریدەیەکێ هۆلێ دەرێخن دا قەنجی ژ کوردا رە ببت. لۆما ئەز، کو لاوێ بەدرخان بەگێ مە، ژ ئەعەسوب و حەمیەنا خوە، ژ ملکێ خونکار دەرکەتم هاتم دیارێن غەریب، دا ئەز ڤێ خزمەتێ ژ وەتەن و ملەتێ خوە رە بکم، ژ کەرەما خوەدێ هێڤی دکم کو کورد ژی ب ڤێ جەریدەیێ ژ خەوا گرانا کەڤنەسالا شیار ببن»(13).

ب ڤی ئاوایی، پشتی میقداد میدحەت دەڤ ژ کارێ رۆژنامەیێ بەردە، برایێ وی عەڤدرەحمان د شوونا وی دە کارێ وەشاندنا رۆژنامەیێ بەردەوام دکە. سەدەمێن دەڤژێبەردانا میقداد میدحەت و دەستپێکرنا برایێ وی عەڤدرەحمان بەدرخان باش نەدیارن. دیسا ئەم باش پێ نزانن کا کەلۆ ئەڤ کار ب شیورێن و بریاردانا مالا بەدرخانیان ب خوە ژی چێبووبە. چمکی مەنسووبێن مالبانێ، ب ئایبەتی کەکێ وان ئەمین عالی بەدرخان، چاپکرنا رۆژنامەیێ گەلەک گرینگ دبینە و ڤی کارێ هێژا پیرۆز دکە.

عەڤدرەحمان بەدرخان، ژ بۆ میقداد میدحەت، «جەریدەیا خوە نەکاری ئیستانبۆلێ دەرینت» دبێژە. ئەڤ گۆتنێ ڤێ یەکێ ژی ئینن بیرا مرۆڤ، گەلۆ میقداد میدحەت، پشتی کو زڤری سنەنبۆلێ، ژ بۆ کو رۆژنامەیا خۆ ل ور دەرینە، کەت ناڤ هەولدانەکێ و رەژیما عەڤدولحەمید رێ نەدا بەر؟ ئان کو میقداد میدحەت، هێ بەریا کو ل مسرێ دەست ب ڤی کاری بکە، ل سنەنبۆلێ خوەست رۆژنامە خوە بوەسنینە و نکاربوو ب سەر بکەتا؟ مخابن ئەڤ یەک نە زەلالە.

جەلادەت عالی بەدرخان، د هەژمارا سێوەمین رۆژا نوو دە، ب ڤی ئاوایی گلیێ رۆژنامە کوردستانێ دکە: «رۆژنامە کوردیا پێشین بەری (45) سالان، یانی د سالا (1898)ان دە، ل مسرێ بەلاڤ بوویە , د وێ سالێ دە مامەکی من، میدحەت بەگ، ژ سنەنبۆلێ رەڤی و چوو بوو مسرێ، میدحەت بەگ د قاهیرێ دە رۆژنامەیەک ب زمانێ کورد دەردخست: کوردستان».

> ب ڤی ئاوایا ئەم دبینن کو میقداد میدحەت د خەباتا خوە یا رۆژنامەگەری دە رووم و ئەرمەنیێن کو بەریا کوردان دەست ب کارێ وەشانێ کرنە، وەک نموونە دبینە و دخوازە کو کورد ژی، وەکی وان د ڤی واری دە ب پێش بکەڤن، ب زمانێ خوە رۆژنامەیان دەرخن

کوردستان رۆژنامە کوردیا پێشینە

«وەلێ دخویا کۆ هنگێ، میدحەت بەگ، ژ برایێ خوە ئێ مەزن، ئەمین عالی بەگ، یێ کو هنگی ل سنەنبۆلێ بوو، نڤیسان خوەست بوون، ئەمین عالی بەگ ژ برایێ خوەیێ بچووک رە، د ناڤ نڤیسارێن دن دە، ئەقریزەک ژی رێکربوون، لێ نە ب ناڤێ خوە، ژ بەر کو نکاری بوو، لێ بەلێ ناڤێ (لاوێ شیخ ا. فەتاح) (14).

ئەقریز کو جەلادەت بەدرخان گلیێ وێ دکە د هەژمارا سێوەمینا کوردستانێ دە ئێ چاپکرن. هەروەها عەینی ئەقریز، ب ئاوایی کو د کوردستانێ دە چاپ دبە، ژ ئالی جەلادەت بەدرخان ڤە د رۆژا نوو

دە ژی ئێ چاپکرن. من ڕێز ب ڕێز ئەڤ هەلبەستێ، ب ئاواین کو جارا یەکەم د کوردستانێ دە هاتیە چاپکرن و دوو ڕە ژی د ڕۆژا نوو دە هاتیە وەشاندن، ب هەڤ ڕە ڕووبروو کر. د هەردوو جهان دە ژی هەلبەستێ، دگەل گوهارتنێن پر بچووک، هەما ببێژە وەک هەڤە.

ببێ نەبێ ل ڤر ئەڤ پرس ئێ بیرا مرۆڤ:» گەلۆ جەلادەت عالی بەدرخان، ئەڤ ئەقریز راستەراستێ ژ رۆژنامە کوردستانێ گرت، ئان کو ژ باڤێ وی ئەمین عالی ژێ ڕە مابوو؟ مخابن ئەڤ یەک نەدیارە. گەر کو ئەقریز ژ کوردستانێ گرتبە، هنگێ دبە کو وێ دەمێ، ژ بلێ ڤێ هەژمارێ، هن هەژمارێن کوردستانێ یێن دن ژی پێ ڕە هەبن، چ حەیف کو جەلادەت ل سەر ڤێ یەکێ نشتەکی نەنڤیسە.

ئەنێ دیار دکە کو رۆژنامە کوردی یا پێشین کوردستانە.

ئەقریزا کو جەلادەت عالی بەدرخان گلیێ وێ دکە، بەرێ د هەژمارا سێوەمینا کوردستانێ، دو ڕە ژی د هەژمارا سێوەمینا رۆژا نوو دە ئێ وەشاندن، ب ڤی ئاوایی یە:

پیرۆز ژ تە ڕە هەزار جارا ئەڤ دەنگێ نوهۆ ل ناڤ یارا مزگینیا ڤێ جەریدەیا قەنج شاشاش دبتن چ قا هەبت گەنج ئەڤ شوغلێ مەزن تە کریە بیدعەت جارا عەولی تە کریە هیمەت ئەڤ ڕەهبەرا قەنج تە دانی بنیاد کورمانج هەمی تە کرنە ئیرشاد ڤێ مەعریفەتێ تو جا نەهێلە دایم ژ تە ڕە موعین ڕەسولە ڕۆژا کو جەریدە تێتە باژار هەر دبن میسالێ بازار چ قا هەبتن ل شەهرێ ئەکراد قەولێ خوەشیا تە کرنە موعتاد ڕووحانیا باب و کال و ئەجداد پەی ڤێ هونەرێ, تە کر نوهۆ شاد بەیوونیا دەولەتا تە گەش بت

قاسێ تو هەبی دلێ تە خوەش بت (15)
لاوێ شیخ. ا. فەتاح (16)

ژ ڕێزێن جەلادەت عالی بەدرخان، ژ ڕێزێن ژۆرین یێن کو د ڕۆژنامە ڕۆژا نوو دە نێن وەشاندن، ئەم فێم دکن کو باڤێ وی ئەمین عالی بەدرخان هنگێ ل سنەنبۆلێ یە. لێ بەلێ ئەمین عالی بەدرخان، د ڤێ ئەقریزا کو ب ناڤێ لاوێ شیخ. ا. فەتاح نڤیسیە دە دیار دکە کو ئەو ژ شامێ ڤێ نامێ دنڤیسە. ئەقریز وەها دەستپێ دکە:

«ئەڤ جەریدەیا میرێ مە دەرخست هاتە شامێ، من یەک پەیداکر. چ قا کوردێ نێزک هەنن من جڤاندن. وەکی ئەڤ جەریدە دێنن ناڤێ وێ (کوردستان) بە، خوەیێ وێ میرێ مەیە، هەموویان عەوولی ماچ کرن، دانین سەر سەرێ خوە. گەلەک شا بین، پاشێ من ژ وان ڕە خوەند. وە قا دلێ وان خوەش بوو، حەچکو نە دنێ دایە وان. ئەڤ نەسیحەت و خەبەرێن نە نڤیسین، قەنج کەنن گوهێ وان، زانین ئەڤ نشتەک قەنجە، ل ناڤ خوەدە خەبەردان. پاش نهۆ حەچیێ خوە ژ حەمالیێ خلاس بکن بعەلمن هۆستایێ، بعەلمن چێبکن و ل ناڤ خوە دە دراڤا بدن هەڤ، زاروویکێ خوە بدن مەکتەبا، ڕێکن باژارێ سنعەت و هونەرا... نو ڤێ زەحمەتێ و مەسرەفێ سەر قەنجیا کوردان دکشینی، نە ئەڤ جەریدە ژ مە ڕە دەرخسنیە. خوەدێ ژ نە ڕازی بێ. نو گەلەک ئایێ و حەدیسێن راستێ، ڕێن قەنج نیشا مە دکی. ڕەحمەتێ ل باڤێ نە بێ، خوەدێ دەولەتا نە مەزن بکەتێ! ئەو عەدل و کەرەما بابێ نە کری، نوهۆ ژی دبێ سەبەبا ڕەحمەتێ، ئەو جەریدا نە سەر قەنجیا کوردا دەڕێخسنی، ئەڤ ژی نێزکی وێ یە. ڤی زەمانی قەنجی حەوقاس دبێ.

خوەدی و پێغەمبەر پاش نوهۆ وێ هەر ئاریکاریا نە بکن. ئەم ژی هەر پۆسنە هیڤیا جەریدا نەنە، دوعاییێن قەنج، مەدحێن باش عەولی ژی، نوهۆ ژی ژ خوە ل سەر مە دەینە (17)».

ل بن نەقریزێ ب خوە ژی هاتیە نڤیسین کو خوەدێنەگراڤی ژ شامێ هاتیە شاندن. گەلۆ چما ئەمین عالی بەدرخان پێویستێ دیێ کو ل بن نەقرێزا خوە شام بنڤیسە؟ ئو چما وی ناڤێ خوە یێ راستین ب کار نەئانی؟ ژ ڤر ئەڤ ئێ فیمکرن کو ژ سەری زە، بەرپرسیارێن دەولەتا عوسمانی ژ وەشاندنا ڕۆژنامەیێ عاجزن و ناخوازن کو ڕۆژنامەیەک وەها دەرکەڤە. ئەمین عالیێ کو ل سنەنبۆلێ دمینە و هایا عەڤدولحەمید و یێن دەرو دۆرا وی ژێ هەیە، ژ ناڕازیبوونا وانا ب ڕۆژنامەیێ ژی هایدارە. ژ بەر ڤێ یەکی ناخوازە کو ناڤێ وی یێ راستین بێ زانین و ب ڤی ئاوایی ئەو ژ ئێرشێن ڕەژیما عەبدولحەمید ڕە ببە ئارمانج و بمینە.

ئەرێ، ئەمین عالی ب ڤی ئاوایی ناڤێ خوە ڤەدشێرە و ناخوازە خوە ئاشکەرا بکە، لێ بەلێ دیسا ژی، د ناڤ بەدرخانیان دە، یێ کو جارا یەکەم ژ بۆ چاپکرنا ڕۆژنامە کوردستانێ دبە هەدەڤێ ئێرشان، ئەو ب خوە یە. هەرچقاس ئەو بخوازە ناسناما خوە ڤەشێرە ژی، ژ ئالی عەبدولحەمید و یێن دەردۆرا وی ڤە ئێ زانین کو چقاس گرانیا وی ل سەر کوردان و ب ڤی ئاوایی ژی ل سەر مەنسوبێن

دن ئێن مالا بەدرخانیان هەیە.

دیسا ژ ڕێزەن جەلادەت عالی بەدرخان ئێن فێمکرنکو ئەمین عالی نە ئەنێ ڤێ ئەقریزێ، لێ بەلێ هن نڤیسێن دن ژی ژ رۆژنامەیێ ڕە دشینە. دبە کو هن نڤیسێن ب ناڤێ میقداد میدحەت بەدرخان و دیسا هن نڤیسێن ب ناڤێ عەقدرەحمان بەدرخانن، یێ کەکێ وان ئەمین عالی بەدرخان ب خوە بن. ژ بەر کو ئەو وێ دەمێ ل سنەنبۆلێ یە و ژ ئێرشان ڕە هەدەفە، نکارە ناڤێ خوە ب ئاشکەرایی بدە. ئیجار گاڤا کو ئیرۆ ئەم ل رۆژنامەیێ دنهێرن، مخابن ئەم نکارن ببێژن ئەڤ نڤیس یا میقداد، ئەڤ یا عەبدورەحمان ئان ژی ئەڤ یا ئەمین عالی بەدرخانە، ئەڤ یەک نە دیارە و زەلالکرنا ڤێ پرسێ، ب ئایبەتی د رۆژا مە زەحمەتە.

گاڤا کو مرۆڤ،، ب ئایبەتی ل نڤیسێن کو پادیشاهێ عوسمانی عەقدلحەمید ڕە هاتنە نڤیسین دنهێرە، مرۆڤ دبینە کو نڤیسکار ئێر باش ژ سنەنبۆلێ هایدارە و ب قانوونێن دەولەتا عوسمانی دزانە. ببێ نەبێ پشتی ڤێ بەیانا جەلادەت بەدرخان، ناڤێ ئەمین عالی ئێ بیرا مرۆڤ. چمکی ئەمین عالی بەدرخان ل دەرێن وەک سەلانیک، ئەدەنە، ئەنقەرە، کۆنیا و ئەدرنێ موفەتیشیا عەدلیێ کریە و ژ ڤی کاری ئەقاود بوویە (18). دبە کو وی ژ وان نڤیسینان هنەکان ئەمین عالی ب خوە نڤیسبە و برایێن وی ل سەر ناڤێ خوە چاپ کربن. لێ گەلەک مخابن زەلالکرنا ڤێ یەکێ د شەرتێن ئیرۆ دە زەحمەتە، هەتا بەلکی ژی نە دەردەسنە. ژ بەر ڤێ یەکێ، ئەو نڤیسێن کو د رۆژنامەیێ دە دەرکەتنە و بێ ئیمزە نە. هەتا هەژمارا پێنجان ئەمێ ب ناڤێ میقداد میدحەت، ژ هەژمارا شەشان وێ ڤە ژی ب ناڤێ عەقدرەحمان بەدرخان ب بیر بینن.

د هەژمارا شەشان دە، د داخوازنامە کو ژ عەقدلحەمید ڕە هاتیە نڤیسین دە، عەقدرەحمان بەدرخان ل سەر هەولدانێن ڕاوەستاندنا رۆژنامەیێ دسەکنە. ل گۆر کو ئەو دنڤیسە، ل سنەنبۆلێ، ژ بۆ کو میقداد میدحەت ڤەگەڕە، ژ ئالی شێوەرمەندێ عەقدلحەمید ئەبولهودا ڤە. ژ عوسمان پاشا ڕە ئێ گۆتن کو بلا ئەعدایێ ل ئەمین بەگ بکە. باشکاتیب ئەحسین بەگ د مژارا ئەعدایێ دە ئیزاع ژ عوسمان پاشا دخوازە. هنگی عوسمان پاشا دبێژە:

«هەکە ئەفەندیێ مە ئەمر بکە، ئەزێ برایێن میقداد بەگێ یێن ل ڤر ب لێدان و کوشتنێ بئرسینم، ئەو ژی ژ بۆ کو ژ ڤێ ڕەوشا خەراب بڤلنن، وێ گازی میدحەت بکن کو ب شوون دە ڤەگەڕە «(19).

ب ڤی ئاوایی ئەعدایا ل سەر مالا بەدخانیان دەست پێ دکە، موخبیرێن عەقدلحەمید ژ بێشکناشێ هەتا قادیکۆیێ ئەمین عەلی بەگ دشوپینن، ئەمین عالی ئێ گرتن و چار ڕۆژان د دایرا کۆمیوتانیێ دە ئێ هێشتن، دوو ڕە ژێ ڕە دبێژن هەکە نو دەستێ ئەبولهودا ڕامووسی، ئەمێ نە بەردن، بێگومان ئەڤ هەموو ب ئەمرێن عەقدلحەمید ئێن کرن. ل سەر ڤان ئیریشێن ڕەژیما عەقدلحەمید، عەقدرەحمان بەدرخان هێ بێنە ب بریارداری ل کارێ خوە خوەدی دەردکەڤە و ژ عەقدلحەمید ڕە وەها دنڤیسە:

«ئەزێ ڤەناگەرم وەلائێ وە یێ کو قانوون نە ل سەر کارە، عەدالەت ژ هۆلێ ڕابوویە و د بن سەروەریا زلمێ دە یە» (20).

ب ڤی ئاوایی عەقدرەحمان بەدرخان، هێ د هەژمارا پێشی یا کو بەرپرسیاریا رۆژنامەیا دسنینە دە، بێمنەنیێ ژ عەقدلحەمید و ڕەژیما وی ڕە دکشینە. ب ڤێ هەلوەستا خوە، ئەو بەرژەوەندییێن گەلێ خوە و وەلائێ خوە، د سەر مەنفەعەتێن شەخسی و مالبائی دە دگرە.

ئەرێ، عەقدرەحمان بەدرخان بێمنەنیێ دده بەر پادشاهێ عوسمانی، لێ ئەو ژی چقاس دچە بەرگەها ئێرشا خوە فرەهنر دکن. پێنج برایێن عەقدرەحمان بەدرخان ئێن کو سنەنبۆلێ ئەرک دکن و دخوازن هەرن وەلائێ خوە کوردستانێ، ئێن گرتن، شکەنجە ل وان ئێ کرن و ل ئاشکشلایێ (21) ئێن زیندانکرن.

هنگێ عەقدرەحمان بەدرخان، د ناما خوە یا کو ژ عەقدلحەمید ڕە دنڤیسە، وەها دبێژە:

«ل برایێن من ب ڤی ئاوایی شکەنجە کرن، هەکە ب ئارمانجا ئانینا منا سنەنبۆلێ و دەڤ ژ ڕامانێن من و بریارداریا من بەردان بە، ئەز ب خوەدێ سۆند دخوم کو، وێ ئەڤ ئەنێ ژ بەرخوەدان و بریارداریا من ڕە خزمەتێ بکە». پشتی کو عەقدرەحمان بەدرخان ل سەر فەسادییێن یێن وەکی ئەبولهودا ڕادوەسنە، پەیڤا خوە وەها بەردەوام دکە «ئەڤ کرنێن وە ها، ل سەر یێن وەکی ئەبولهودا یێن جەنگەنە و ئرسۆنەک ئەسیرا خوە نیشان بدن ژی، ئوجار ل کورێ قەهرەمانەکی کو ب باقێ وە (22) یێ جەنەتی ڕە شەر کریە، ئەسیر ناکە» (23).

ب ڤی ئاوایی عەقدرەحمان بەدرخان بێمنەتیا گەور ژ عەقدلحەمید ڕە دکشینە و ب بریارداری کارێ دەرخستنا رۆژناما خوە بەردەوام دکە. گرتنا برایێن وی، ژ وان شکنجە کرن و ئەهدینا کوشتنێ یا ل سەر وان، بریارداریا وی سستێ ناکە، هەتا ئەو بێنر ئوژ و هشک دبە، د ڕەخنەیێن خوە دە زمانەکی گرانتر بکار ئینە. د گەل ئیریش و ئەهدینا ل سەر وان، برایێن وی ژی ب بریارداری د بەر خوە ددن و ل کار و کرنا عەقدرەحمان بەدرخان ب ئو ئاوایی گازن ناکن، مایێ کو ژ دەستێ وان ئێ، د ڤێ یەکێ دە ژ برایێ خوە ڕە دبن ئالیکار و ژ بۆ ژیاندنا رۆژنامەیێ دخەبنن. بێگومان د ڤێ یەکێ دە نموونە هەری بەربچاڤ، نامە ئەمین عالی بەدرخان ئا ب ناسناڤێ لاوێ شێخ. ا. فەتاحە.

ب کورتی مالا بەدرخانیان، رۆژنامەیێ وەک ئاڤاهییەکە نەتەوەیی دبینن و ب

ڤێ پێشڤەچوونا مسرێ ب هەر ئاوایی بالا میقداد میدحەت ژی دکشینە و د چێبوون و ڕوونشتنا هن بیرورایێن وی دە ڕۆلەکی گرینگ دلەیزە. مسر، ژ بۆ میقداد میدحەت نموونەکە بەربچاڤە

ڤێ بیرورایێ لێ خوەدی دەردکەڤن.

خوەندنا کوردان

یەک ژ ئارمانجێن سەرەکە یێن ڕۆژنامەیا کوردستانێ ژی خوەندنا کوردانە. هەردوو بۆ، هەردوو بەرپرسیارێن کوردستانێ ژی ئێر باش دزانن کو ملەنەک نە خوەندا و نەزان، ئو جار نکارە ل پرسێن خوە خوەدی دەرکەڤە، ل وەلائێ خوە خوەدانئی بکە، مافێن خوە یێن مرۆڤی و نەنەوەیی بپارێزە. ژ بەر ڤێ یەکێ، خوەندن و دانەخواندنا کوردان ئوجار ژ ڕۆژەڤا کوردستانێ ناکەڤە. هەما بێژە د هەر هەژمارێن کوردستانێ دە، هەنا جارنا د هەژمارەکێ دە چەند جاران ل سەر پرسا خوەندنا کوردان ئێ ڕاوەستاندن و گرینگیا خوەندنێ ئێ دیارکرن.

1- نموونەیەکە پێشکەتنی: مسر

هێ د هەژمارا پێشی دە میقداد میدحەتْ وەها ژ کوردان دپرسە:»گەلی میر و ئاغانۆ! ئەز ژ وە دپرسم: کی ژ وە هەنا نوهۆ مرۆڤەک خوە ڕێکریە کودەرێ، دا بخوینتْ» (24).

پشتی ڤێ پرسا خوە، میقداد میدحەتْ ب ڤی ئاوایی گرینگیا خوەندنێ و ل پەی خوەندن و زانینێ چووینێ، ئینە زمان:» ئەز گەلەک دەران گەریامە، نوهۆ ژی ل مسرێ مە. هەمی دەران زاروویێن چەرکەس و ئارنوود و عەرەبا دبینم، بابێن وان، برایێن وان ڕێدکن مەکتەبان ددن خوەندن. ل مسرێ، جامعا ئەزهەر دە راستێ هن کوردێن سۆرا هاتم، هن ژ کەرکووکێ نە، هن ژ ملێ سلێمانیێ نە، هەمی دخوینن، ئەز ئو جارا ل ئو دەرێ راستێ مرۆڤێن عەشیرەتێن کوردا (25) نەهاتمە، ئەز چقاس راستێ مرۆڤێن ڤان عەشیرەتان ئێم، هەمی ژی ڕەنجبەرن، ژار و ڕەبەنن، سنعەتەکی، هونەرەکێ نزانن (26).

مسر د ناڤ سینۆرێن دەولەتا عوسمانی خویا دکە، ل بەلێ ئەڤ وەلاتْ ژ زوو ڤە، هەما بێژە ژ دەما والیێا محەمەد عەلیێ کاڤالایی دە وەک دەولەتەکە سەربخوە دلڤە و دانووسێاندنا خوە ب دەولەتێن ئەوروپی ڕە چێدکە. محەمەد عەلیێ کاڤالایێ، د 19ێ حەزیرانا سالا (1805)ان دبە والیێ مسرێ (27). محەمەد عەلی د سالا (1831)ان دە ل هەمبەر دەولەتا عوسمانی سەری رادکە. د (5)ی گولانا 1833ان دە ئەڤ سەرهلدان ب پەیمانا کۆتاهیایێ ئێ قەدانن.

گەر نە ژ ڕووسیا، ئینگلتەرە و فرانسایێ بە، محەمەد عەلی، د سالا (1833)ان دە هەنا سنەنبۆلێ ئێ و ب ڤی ئاوایی ئەڤ والیێ دەولەتا عوسمانی، داوی ل ئیمپڕاتۆریا عوسمانی ئینە. گاڤا کو دەولەتا عوسمانی هاوارێ ژ ڕووسیایێ دخوازە، ئینگلیز و فرانسز، ب ئرسا کو وێ ڕووسیا ئەنگاڤا سنەنبۆلێ ئێخە دەستێ خوە، محەمەد عەلی زۆر دکن کو ب عوسمانیان ڕە ل هەڤ بێ.

لهەڤهاتن چێدبە، عوسمانی ل گەل والیێا مسرێ، والیێێن گریتْ و شامێ ژی ددن محەمەد عەلی، ئیبراهیم پاشا. لێ هەردوو ئالی ژی ژ ڤێ پەیمانێ نە رازی نە. د سالا (1839)ان دە محەمەد عەلی سەرخوەبوونا خوە ئیعلان دکە. پشتی ڤێ یەکێ دیسا شەر د ناڤ هێزێن محەمەد عەلی و عوسمانیان دە دەرئێ. د ڤی شەری دە عوسمانی ئالیکاری ژ میر بەدرخان دخوازن. د شەڕێ کو د ناڤبەرا ئۆردیا عوسمانی و کورێ محەمەد عەلی، والیێا جیددە و ئەدەنێ ژی ددن کورێ محەمەد عەلی، ئیبراهیم پاشا دە، ل نیزبێ دەرئێ، ل دۆرا سەد هەزاری لەشکەرێن میر بەدرخان ژی بەشدار دبن. ئۆردیا عوسمانی ل بەر ئۆردیا ئیبراهیم پاشا ئێکدچە و د ڤی شەری دە سی - چل هەزار کورد ئێن کوشتن (28) ب ڤی ئاوایی میر بەدرخان، هێ بەریا کو سەری ل بەر دەولەتا عوسمانی ڕاکە، د ریا دەولەتا عوسمانی دە هێزەک خوە یا گرینگ هوندا دکە. میر بەدرخان، چاخێ کو پشتی هەشتْ سالان د سالا (1847)ان دە سەری ل بەر عوسمانیان هلدا، هێ بەلکی برینێن کو ژ شەرێ ب ئیبراهیم پاشا ڕە چێبووبوون، نەپێچابوو. د ئێکچوون و دلکەتنا وی دە، قەتْ شک نینە سەدەمەک گرینگ ژی شەری 1839ێ ب کۆردیا ئیبراهیم پاشا ڕە یە.

د (15)ێ نەموزا (1840)ان دە، ب پەیمانا لۆندرایێ شەرێ عوسمانیان و ئیبراهیم پاشا ئێ ڕاوەستاندن، دوورە، د (13)ێ سبانا (1841)ان دە، عەبدولحەمید، «فەرمانا ئیمتیازی یا والیێا مسرێ» دوەشینە (29).

پشتی کو محەمەد عەلی دبە والیێ مسرێ، هێ د وێ دەمێ دە، ژ بۆ خوەندنێ، خوەندکاران دشینە وەلائێن ئەوروپایێ، یێن وەک فرانسایێ، ئو ب ڤی ئاوایی مسر گەلەک ب پێش دکەڤە. میر بەدرخان ژی د دەما خوە دە ژ بۆ

خوەندنێ خوەندکاران دشینە ئەوروپایێ (30)، لێ بەلێ ب ئێکچوونا سەرهلدانا (1847)ان و کوچبەرکرنا مالا بەدرخانیان گراڤا گرێدێ، کور ڤێ فەرسەندێ هوندا دکن.

میقداد میدحەت، گاڤا کو چاڤ ب ڤێ پێشکەڤتنا مسرێ دکەڤە، د بن ئەنسیرێ دە دمینە. ئیجار گاڤا کو ئەو ل مسرێ یە، هێ ژ هنگێ ڤە قاهیرێ ناڤەندەک کولتووری یا رۆژهلاتا ناڤینە، د مەدرەسا ئەزهەرێ دە، ژ دەرودۆرێن جهێ خوەندکار هەنە.

هنگێ مسر د وارێ چاپەمەنیێ دە ژی ب پێش کەتیە. د دەولەتا عوسمانی دە، پشتی چاپخانا یەکەما کو ژ نالێ ئیبراهیم مونەفەریکە (1727) ڤە هاتیە ئاڤاکرن. یەک ژ وان چاپخانەیێن پێشی ژی یا محەمەد عەلییە. محەمەد عەلی هێ د سالا 1822ان دە ل مسرێ ب ناڤێ (بولاک) چاپخانەیەکێ ئاڤا دکە و ب ناڤێ (وقائع مصریە) ژی رۆژنامەیەکێ دوەشینە. د ناڤبەرا سالێن (1822) و (1842)ان دە، ل چاپخانەیا بولاکێ 243 کتێب لێن چاپکرن (31).

ڤێ پێشڤەچوونا مسرێ ب هەر ئاوایی بالا میقداد میدحەت ژی دکشینە و د چێبوون و رووننشتنا هن بیروراییێن وی دە رۆلەکی گرینگ دلەیزە. مسر، ژ بۆ میقداد میدحەت نموونەکە بەربچاڤە. هەروەها ئەڤ وەلاتە ژ بۆ کوردان ژی وەک نموونە دکارە بێ دیتن. باوەریا میقداد میدحەت ژی ئەوە کو کورد، ئانجاخ ب خوەندنێ بکاربن پێشڤەچوونەکە وەها بدەست بخن و لەنێ ب خوەندنێ ژ ڤی حالێ نەباش رزگار ببن. میقداد میدحەت وەک کو بانگەکە سەفەربەرینیا خوەندنێ ل کوردان بکە، وها دبێژە:

«لۆما گەلی میر و ئاغانۆ، کورمانجنۆ! قەنج بزانبن خوەندن، علم و مەعریفەتێ، دنیا و ئاخیرەتێ رووین مرۆڤ سپی دکە، مرۆڤ موحتاجێ نو نابە (32)».

مرۆڤێ نەزان، مرۆڤێ نەخوەندا هەرگاڤ حەوجەداری هنەکێن دنە. حەوجەبوونا وی یا ب هنێکێن دن نو جار ناقەدە. بەری هەر نشتی ئەو حەوجەداری زانینێ یە. چمکی نەزان نێرا خوە ناکە. وەک مرۆڤێن کۆر، کولەک و سەقەتێ ب ئالیکاریا هنەکێن دن ل سەر لنگان دمینە. لێ بەلێ گاڤا کو مرۆڤ بزانبە، هنگێ مرۆڤ نێری خوە دکە. بێگوما حەوجەداریا یێ نەزان گریدانەکێ ژی ب خوە رە نینە. ریا ژ ڤێ گریدانێ رزگاربوونێ ژی خوەندن و زانینە.

رووینێ نەزانیێ رەش، رووینێ زانینێ سپی یە. رووسپیئیا کو میقداد میدحەتێ لێ دگەرە. دکارە ب زانینێ بێ بدرەخسنن.

زانین بوها یە، ب مەسرەف و ب کەدەکێ لێ نایەستخسنن. ل وەلاەئەکی پاشڤەمایی، د گهیشتنا زانینێ دە، بارەک گرینگ ژی دکەڤە سەر دەولەمەندێن وەلاتێ. میقداد میدحەتێ ژ دەولەمەندێن کوردان دخوازە کو ڤێ بەرپرسیاریا خوە بینن جهە، ئەو وەها دنڤیسە:

«وەک ئەز دبهیزم، ژ کوردان گەلەک دەولەمەند هەنە. گەلی دەولەمەندێ کوردا! بابێن وە ب دوو گاز جاوێ سپی چوون بەر رەحما خوەدێ. ئون ژی وێ وەلێ بچن، لۆ، وان زێر و زیڤێن ئەلبکێد وە دە نە دەرێخن، ریا خوەدێ دە مەکتەب و مەدرەسە ژێکن، زاروویێن بێ دێ و باب بدن خوەندن، دا ئون دنیا و ئاخیرەتێ راحەتێ بکن، دا خوەدێ ژ وە رازی بە» (33).

نە ئەنێ حەوجەداریا فەقیر و گوندیێن کورد، حەوجەداریا هەموو مەنسوویێن جڤاتا کوردب زانینێ هەیە، دڤێ میر و ئاغاییێن کورد ژی بخوینن و هینی علم و هونەران ببن. گاڤا کو ئەو هین بوون، وێ ل وەلاتێ خوە کارێن مەزن بکن و هنگێ خەبانکارێن کورد ژی، ل پەی کار نەچن دەرێن غەریب و ژ وەلاتێ دوور. رێنجبەری و فەقیریا کوردانا ل بەر دەرێن خەلکێ میقداد میدحەتێ دکەسرینە، لۆما ئەو وەها دبێژە:

«ئەز گەلەک دەرا کوردا دبینم، هەمی ژی رەنجبەرن، ژارن، گەلەک ژ وان ژ رەبەنیێ، ژ فەقیریێ، ژ غەریبیێ دنەلفن، یەکێ خوەی علم و هونەر دکارە پێنسەد مرۆڤا رە شوغلا ببینە. لۆما، هەکی چەندەک ژ میر و ئاغاییێن کوردا عەلمین هونەر و علمێ، وێ هنگێ کورد وێ وەنەنێ خوە دە ژ خوە رە شغولا ببینن، وێ نە موحتاج بن بچن ژ دەرڤە ژار و رەبەن رەنجبەریێ بکن، وێ گوندێ وان دە ئابووریا وان ببت(34)».

میقداد میدحەد خوەندنا کوردان و ریا خوەندنێ ل بەر وان ڤەکرنێ، وەک بەرپرسیاریەکێ ل سەر خوە و ل سەر مەنسوویێن مالا بەدرخان دبینە، بێی کو نو جهێنیەکێ نێخە ناڤ مەنسوویێن جڤاتا کورد، بانگ ل هەموویان دکە کو ئەو زاروویێن خوە بشینن با وان، دا کو ئەو ژ خواندنا وان رە ببن ئالیکار. ئەو وەها دنڤیسە:

«جەریدەیا عەوولی دە من نڤیسیی کو ئەز لاوێ بەدرخان پاشامە. ئەلحمەدولیلا نوها ساخ ل سەر دنیایێ ئەم دەە و حەفت برانە، هەمی خوەیرونبە و مەئموریەتن، ئەم هەمی ژی دخوینن، دنڤیسن، نێڤ مە دا پاشا و زابتێن عەسکەریی ژی هەنە، شکر ژ خوەدێ رە ئەم عەلمینە ماعریفەتێ و علمێ. هن مە شامی نە، هن ئیسنانبۆلێ نە، هن ژی مەئمورین وەلانا نە.

ئەم ژ ئەجداد ڤە میرێن بۆتانن، مەزنێن کورمانجا نە. لۆما سەر مە دەینە، دڤێ ئەم قەنجیا کورمانجا رە بخەبتن، دڤێ ئەم وەک زاروویێن خوە فەکرن زاروویێن کورمانجا. لەورە ژ خەلکێ کوردستانی کی ڤێ (دڤی. ف. د) زاروویێن خوە رێکەتێ ئیسنانبۆلێ، حەچی ڤێ رێکێ مسرێ، دڤێ عەوولی کاغزەکی ژ من رە رێکێ (35)».

ب- نموونەیەک دۆزکرنێ: ئارنازود

پرسا خوەندن و پەروەردەبوونا کوردان، وەک میقداد میدحەت ژ بۆ برایێ وی عەڤدرەحمان بەدرخان ژی مژارەکە پر گرنگە و پشتی کو ئەو نێ سەرکار ژی، ئەڤ یەک نو جار ژ رۆژەڤا رۆژنامەیێ ناکەڤە. عەڤدرەحمان بەدرخان ژی وەک برایێ خوە د هەر فەرسەندێ دە ل سەر مەسەلا خوەندنا کوردان رادوەستە، رێ نیشانێ وان دده، ل وان شیرەتان دکە. د هەژمارا (7)ان دە وەها دنڤیسە:

«ئارناوود ژی وەکە وە بێ مەکتەب و بێ مەدرەسە بین. ئەڤە پێلەکە ئەوان ئاقلێ خوە ئانی سەرێ خوە، ژ خونکار رە نڤیسین، مەکتەب و مەدرەسە دان چێکرن، زاروویێن خوە رێدکن مەکتەبا، علمێ ئەحصیل دکن. لێ ئەوان هەتا ئەڤ مەکتەب و مەدرەسە دان چێکرن قیامەتْ راکرن، چقا زەحمەتْ کشاندن! دڤێ ئون ژ زەحمەتێ نەئرسن. چکو ئەز زانم یێ دۆر خونکار حەژ کوردا ناکن، لۆما ریا قەنجیا کوردا دە ناڤێن ئو نشتْ بێن چێکرن. خونکار ژی پێ خەبەرێن وان خاینا هەرەکەتْ دکە. لۆما دڤێ ئون قەوی بخەبێن، هەتا ئون بکاربن وەلائێ خوە ئیعمار بکن.

بەری چەند هەیڤەکێ، ئایلکێن (مەهانێن ـ ف. د) خۆجەیێن مەکتەبێن ئارناوود نەدابین. ئەوان هەر ژ حوکومەتێ خوەستْ. حوکومەتێ گوە نەدا وان. وەختێ ئارناوودا دیتْ ب قەنجی نابە، دەستْ ئاڤێتن زۆرێ. خونکار رە نڤیسین: هەگەر نو ئایلکێن خۆجەیێ مە نەدی، چ قاس قایمەقام و مونەسەرف و مرۆڤێن نە رێکری هرە هەبن. ئەمێ هەمیا ژ وەلائێ خوە دەرینن. هەگەر دەرنەکەتن، ئەمێ وان بکوژن، حوکومەتْ ژ ڤێ خەبەرێ نرسا، زانی حال خرابە، زووکا ئایلک هەمی دان»(36).

عەڤدرەحمان بەدرخان د گەلەک هەژمارێن رۆژنامەیێ دە دۆز و نێکۆشینا ئارناوودان ژ بۆ کوردان وەک نموونە نیشان دده. ب راستی ژی ئارناوود، د ناڤ گەلێن بندەستێن ئیمپرائۆریێ دە. ب ئایبەتی د مژارا پەروەردەیێ و کۆمەلی دە دینامیزمەکێ نیشان ددن.

عەڤدرەحمان بەدرخان د هەژمارا (17)ان دە وەها دنڤیسە: «ڤی زەمانی نو وەلاتْ نەمایە کو موسنەغریقێ نووریْ مەعاریف بوونە. ئەز هرە وەلاتێ ئەجنەبیا دە کەسی نابینم کو خوەندن و نڤیساندنێ نزانە. ژن، مێر، زارۆ هەمی دخوینن، دنڤیسن. هەمی مللەتْ ب هەر واستا موعافەیا ئەمنیەتْ و ئاسایشا وەلاتێ خوە رە دخەبتن. ئارناوود ژی چاوا کورد ل قنا ئاسیایێ (جاهل مابین)، ئاوروواپایێ دە جاهل مابین، لاکین ئەڤە ئەیامەکە ئەو دخەبتن، گەلەک مەکتەب وەلاتێ خوە دە وان ئینشا کرن، گەلەک ژ وان دیارێن بیانیا دە جەریدە ئەبع دکن، رێ دکن وەلاتْ، ملەتێ خوە ئیقاز دکن. خدمەتا کوردا ژ ڤێ حوکوومەتێ رە کری، ژ یا ئارناوودا گەلەکترە. چ رە کورد هەقێ خوە ژ حوکوومەتێ ناخوازن؟ ئیرۆ ئەو رۆژە کو نە مللەتەک، هەتا شەخسەک (ب) سەرێ خوە هەقێ خوە ژ حوکوومەتێ دخوازە، هەقێ خوە ل نک پادیشاە ناهێلە. ئەز هرە دبینم دەولەتێن بیانیادا وەکی حوکوومەتێ هەقێ یەک مرۆڤێ غەسب دکە، مللەتْ هەمی هەقێ وی مرۆڤە دە دەعوا دکە، ب وی سوورەتێ هەر عەدالەتْ دەوام دکە(37)».

وەک جڤاتْ ئارناوود، بەشەک ژێ موسولمان. بەشەک ژی ژێ خرستیانن. بەشێ کو خرستیانن ژی ب ئاوایێ ئۆرنۆدۆکس و کاتۆلیک ژ هەڤ دقەتن، هنگێ موسلمانێن وان د بن باندوورا کولتورا یوونان دە، کاتۆلیکێن وان ژی دبن ئرسا کولتورا ئیتالیان دە نە(38).

د ناڤ گەلێن موسولمانێن کو د بن دەستێ ئیمپارائۆریا عوسمانی دە نە، بەریا هەموو کەسی ئارناوود دەڤ ژ ئالفابا عەرەبی بەرددن و ژ بۆ خوە نڤیسینا ب لاتینی دبژێرن. د سالێن (1860)ان دە رۆناکبیرێن ئارناوود دەستْ دئاڤێژن پرسا ئالفابێ و ئالفابا خوە یا لاتینی ب وەزارەتا پەروەردەیی یا عوسمانی ژی ددن پەژراندن.

د ئامادەکرنا ئالفابا ئارناوودا نوو دە رۆلێ شەمسەدین سامی و برایێ وی عەبدول بەگ گەلەکە. ئەڤ ئالفا بە ژ 36 حەرفان پێک و ب رحەتی ژ خوەندن و نڤیساندنا ئارناوودی رە ب ناڤێ (قاموس الاعلام وقاموس الترکی)، ژ کولتورا ترکی رە ژی خزمەتەکە مەزن دکە، شەمسەدین سامی د کتیبا خوە یا ب ناڤێ (قاموس الأعلام) دە، دوور و درێژ ل سەر کوردستانێ رادوەستە، سالخێ وێ ددە و ئەڤ سالخدانا وی یا کوردستانێن ژ ئالی دیرۆکناسان ڤە پر ئۆبژێکتیڤ ئێ دیتن (39).

ئارناوودێن موسولمان، ب ناڤنیدانا عوسمانیان د سەری دە ل هەمبەر ئالفابێ دەردکەڤن، لێ دوو رە قەبوول دکن، د سالا (1869)ان دە ئالفابە ئێ قەبوولکرن و د سالا (1880)ان دە، ئیدی ئالفابە ئارناوودی د ناڤ نەڤاهیا ئارناوودان دە بەلاڤ دبە و ئێ پەژراندن.

د پرسا خوەندن و نڤیسا ب زمانێ ئارناوودی دە رۆلێ کۆمەلا زانستیی یا ئارناوود ژی نە کێمە. ئەڤ کۆمەل د (3)یێ ئیلۆنا سالا (1879)ان دە ل سنەنبۆلی، ژ ئالی رۆناکبیرێن ئارناوود ڤە ئێ ئاڤاکرن و ژ بۆ خوەندن و نڤیساندنا ب زمانێ ئارناوودی نەکۆشین و هەولدانەکە گرینگ ددە، کۆمەلا زانستی یا ئارناوود د بەلاڤۆکەکە خوە دە دیار دکە کو ب زمانێ بیانیان مەدەنیبوون نە دەردەسنە (40).

عەڤدرەحمان بەدرخان، د ریا مافێن خوەندن و نڤیسینێ ب دەستخستنێ دە، نموونا ئارناوودان ژ بۆ کوردان وەک رێ و چارەیەکی دبینە، دڤێ کورد ژی وەکی وان رابن سەر لنگان و ل مافێن

خوە بپرسن. هەکە دەولەتا عوسمانی دەنگ نەبە و خوە ڤان مافێن مەشروع نەدە، هنگێ دڤێ کورد ئامادە بن کو وەک ئارناوودان ژ بۆ مافێن خوە شەر بکن و کو پێویستە بە دەستە بئافێژن شوور، ژ شەر نەرەڤن، ئەو مەئمورێن کو دەولەتی شاندنە کوردستانێ و ب پەرێن وان نێن خوەدیکرن، ژ وەلائێ خوە بکن دەر، عەڤدرەحمان بەدرخان وەها بەردەوام دکە:

«دە ڤێجا کوردنۆ، دڤێ ئون ژی هۆ بکن! هەگەر گوە نەدان خەبەرێن وە، شیرێ (شووری) خوە هلینن، وێ گوە بدن شیرێ وە (41).

ب قاسی گەلێن دنێن ئیمپراتۆریێ نەبە ژی، کورد ژی د دەر و دۆرا خوە دە دخوازن ل هن مافێن خوە دی دەرکەڤن. بەلێ ئوجار وەک گەلێن دن، دڤێ یەکی دە هەولدانەکە گرینگ نیشان نادن، ب بریارێ ل پەی داخوازێن خوە یێن ب ڤی جورەیی راناوەستن وەک گەلێن دن سەری ل زۆر و ل هری نادن، یا وان ژ سینۆرێن خوەستنەکە یاسیف و بێبەرخوەدان دەرباس نابە.

ژ ئالی دن ڤە خوەستنا وان، نە کۆمەلی و ب رێکخستی، فەردی و ب سەرێ خوە یە. د ناڤ وان دە داخوازا کو وێ ل سەر ناڤێ گەل و میللەتە بە و هێزا خوە ژ گەل بستینە، د چارچوڤەیا خوەستنا فەردی دە مایە، ب هەولدانێن فەردی فەنسیە.

ج- نموونەیەک ژ خوەستنا کوردان:

محەمەد ئان سەعیدی کوردی

پشتی کو عەڤدرەحمان بەدرخان نموونەیا ئارناوودان دە، ژ بوویەرەکە وەها قال دکە:

«بەری چەند سالەکێ، مەلاکە کورد هاتبوو ئیستانبۆلێ، ناڤێ وی محەمەد بی، مەلاکە گەلەک خوەی فە چل و علم بی، ناڤ ئیستانبۆلێ دە مەلاکە وەک وی ئونەبی. ئەوی مەلایی عەرزەحالەک دا خونکار، ئەرزحالا خوە دە ژ خنکار رجا کرد وی بکەت خوژەیێ مەکنەبا بتلیسێ، هەیڤێ چارسەد قومریا بدێ. خونکار گوە نەدا عەرزحالا وی. مەلا ڤەگەرا وەلائێ خوە، دڤێ کورد، یێن هۆلێ وەک ئارناوودا ب کونەکێ بکن خوژە یێن مەکنەبێن خوە، هەگەر وە پێ رجا نەکاری چێکن، پێ شیرێن (شووریێن) خوە، بدن چێکرن (42)».

ئەڤ یەک نموونەیەک ئیپیکا ریا ژ خوەستنا کوردانە، کەسێ کو عەڤدرەحمان بەدرخان گلیێ وی دکە، ببێ نەبێ سەعیدی کوردی ئینە بیرا مرۆڤ. گەلۆ ئەڤ کەسێ کو ناڤێ وی محەمەدە، سەعیدێ کوردی یە؟ ئان کو محەمەد پێشناڤەک سەعیدێ کوردییە؟ چمکی، ب پرانی د ناڤ کوردێن موسلمان دە، ناڤێ محەمەد نێ پێش سەعید، کورد، محەمەد سەعید، ئان محەمەد، ئان ژی نەنێ ب سەرێ خوە سەعید دبێژن. مخابن، بەرسیڤاندنا ڤێ پرسێ وسا رحەتە نینە. چمکی، ب ئاوایێ کو ئەم ژ بەرهەم و خەباتێن ل سەر ژیانا سەعیدێ کوردی هین بین، ئەو جارا یەکەم، د داویا (1907)ان سەرێ سالا (1908)ان نێ سنەنبۆلێ(43). د ڤێ دەمێ دە ب داخوازنامەیەکێ ژ عەڤدلحەمید ل کوردستانێ ڤەکرنا مەدرەسەیێن ب زمانێ کوردی دۆز دکە، پشتی ڤێ یەکێ نێ گرتن، وی دئافێژن گرتیگەهێ.

عەڤدرەحمان بەدخان، د هەژمارا (7)انا کوردستانێدە ژ ڤێ بوویەرێ قال دکە، کو ئەڤ هەژمار د (5)ێ چلەیێ پاشینێ سالا (1898)ان دە دەرئێ. وەسڤ و سالخێن کو عەڤدرەحمان بەدرخان دە، ب یێن سەعیدێ کوردی رە دچن سەر هەڤ. چمکی سەعیدێ کوردی ژ بەدلیسێ یە و ب ئاوایێ کو ئەو دبێژە مەلایەک زانا و ناڤدارە و یێ کو ب داخوازنامەیەکێ ژ بۆ پەروەردەیا ب زمانێ کوردی سەری سولتان عەبدلحەمید دە ژی ئەوە.

ل گۆر ئاگاهیا کو جەمال کۆنای دە، سەعیدێ کوردی جارا یەکەم ل سالا (1996)ان دە نێ سنەنبۆلێ(44). گەر کو ئەڤ ئاگاهی راستە بە ، هنگێ دبە ئەو محەمەدێ کو عەڤدرەحمان بەدرخان گلیێ وی دکە، سەعیدێ کوردی بە. ئیحیمالە کو سەعیدێ کوردی ، چەند سال بەری سالا (1898)ان هاتبە سنەنبۆلێ، ڤێ داخوازا خوە کربە، ئەڤ داخوازا وی نەهاتبە جە و ئەو ژی بێی کو زێدە ل سنەنبۆلێ بمینە و ب پەی بکەڤە، ب شون دە ڤەگەریبە. چمکی عەڤدرەحمان بەدرخان، ژ ڤەگەرینا محەمەد قال دکە.

ئیجار ب ئاوایێ کو ئەم ژ نڤیسەکە سەعیدێ کوردی یا کو د هەژمارا چارانا (کورد نەعاون و نەرەقی غەوەتەسی) دە چاپ دبە، فێم دکن، رامانا وی یا ل کوردستانێ نووکرن و ئاڤاکرنا

> وەك جڤات ئارناوود، بەشەك ژێ موسولمان. بەشەك ژی ژێ خرستیانن. بەشێ كو خرستیانن ژی ب ئاوایێ ئۆرتۆدۆكس و كاتۆلیك ژ هەڤ دقەتن، هنگێ موسلمانێن وان د بن باندوورا كولتورا یوونان دە، كاتۆلیكێن وان ژی دبن ترسا كولتورا ئیتالیان دە نە

هەولێر

مەدرەسەیان، ژ دە- پانزدە سالان بەرێ ڤە پێ رە چێ بوویە(45). د ڤێ نڤیسا وی یا کو د سالا (1908)ان دە دەرکەئیە، ئەو دیار دکە کو ئیدی دەما ڤی کاری یە.

ژ بەر ڤی یەکێ، ئەم دکارن ببێژن، دبە کو سەعیدێ کوردی، بەریا سالا (1898)ان هاتبە سنەنبوّلێ، ڤی داخوازا خوە ئانییە زمان و دوو رە ڤەگەڕیابە کوردستانێ. بەلێ دڤێ ئەم ڤێ ژی دیار بکن کو سەعیدێ کوردی، د نڤیسا خوە یا کو گلیێ ئاڤێنا خوە یا ئیمارخانێ دکە دە، ئاریخەکە دیار نادە، ئەنێ دەورا ئیسنبدادێ دبێژە(46)، کو ئەڤ ژی هەما ببێژی ئەڤاهیا دەما سولتان عەڤدلحەمیدا ل سەر حوکمە.

ئەو محەمەدێ کو عەڤدرەحمان بەدرخان ناڤێ وی ب بیر ئینە، سەعیدێ کوردی بخوە، ئان کەسەکی دن بە ژی، ل ڤر نشنێ ئەشکەرە ئەڤە کو کورد، د پرسا ب دەستخستنا مافێن خوە دە، بریاردەرەکی نیشان نادن. وەک گەلێن دن، ب هێزا خوە، کو پێویستْ بە ب شوورێ خوە ل مافێن خوە خوەدی دەرنەکەڤن.

ژبەر کو د دەورا ئیسنبدادێ دە چێدبە و مەسەلە ل سەر خوەندن و پەروەردەبوونا کوردانا ب زمانێ وانە، نموونا سەعیدێ کوردی بالکێشە و هەما ببێژە ب وێ نموونا کو عەڤدرەحمان بەدرخان دده رە یەکە.

چمکی سەعیدێ کوردی ژی، ب ئارمانجا کو ل کوردستانێ، ل وان، بەدلیس ئان ل دیاربەکرێ دارولفنونەک وەک مەدرەسەئولئەزهەرێ ئاڤا بکە ئێ سنەنبوّلێ(47). هنگێ هاتنا وی یا سنەنبوّلێ ژ ئالی رۆژنامەڤانەکی ڤە وەها ئێ سالخدان: «ژ چیانێن ئاسێ یێن شەرقێ ، ژیرەک وەک پەرچێ ئاگر، ل ئاسۆیێن سنەنبوّلێ زا»(48).

سەعیدێ کوردی داخوازا خوە یا ڤەکرنا مەدرەسێ ژ پادشاهێ ئۆسمانی عەڤدلحەمیدێ (2) دکە. عەڤدلحەمید ژ ڤێ بەرخوەدانا وی یا ب جەسارەتْ رە دینیێ دبێژە. ل سەر ڤێ یەکێ وی دگرن و داڤێژن ئیمارخانێ. دوو رە وی ژ ئیمارخانێ دەردخن و دئاڤێژن حەپسخانێ.

پشتی کو وی دئاڤێژن ئیمارخانێ و بۆ موعاینێ وی دبن با دۆکتۆر، سەعیدێ کوردی ژ دۆکتۆر رە وەها دبێژە: «ئەی نەبیب ئەفەندی! تۆ گوهداری بکە ئەزێ ببێژم. ئەزێ دەلیلەکی دن ل سەر دینیێا خوە بدم نە. ئەڤ ژی : بێی کو پرس بێ کرن بەرسیڤ داینە . هەلبەتْ هوونێ بخوازن کو گۆنێن دینەکی ئەنێکە ببهیزن. ئەز دخوازم کو موعایەنا من ل پێش مەحکەمێ بێ کرن. بلا ویژدانا نە ژی ببە حاکم. نە حەوجە یە کو مرۆڤ دەرسا ئێ بدە نەبیب. لێ بەلێ، گلیکرنا نوقتەیێن کو ژ نەشهیرکرنا نەخوەشینێ رە دبن ئالیکار، کارێ نەخوەشە. ژ بۆ کو پێشەرۆژ وە دەرەوکار دەرنەینە، دڤێ هوون ڤان گۆهداری بکن. ڤان هەر چار نوقتەیان بدن بەر چاڤێ خوە. یا یەکەم: ئەز ل چیایێ کوردستان مەزن بوومە. حالێ منێن کو زرن، ب وەزنا کوردستانێ بوەزنینن. هوون نکارن ب وەزنا مەدەنی یا حەساسا سنەنبوّلێ بوەزنینن(49)».

ب ڤی ئاوایی سەعیدێ کوردی دوور و درێژ ل سەر سەدەمێ دینیا خوە و داخوازا ڤەکرنا مەدرەسێ (یونیڤەرسیتێ) رادوەستە(50). مخابن سەعیدێ کوردی هنگێ د یەکا خوە دە ب سەر ناکەڤە(51). چمکی ئەڤ داخواز ژ ئالی وی ڤە هاتیە زمان، بەلێ گەلێ کورد ب کۆمەلێ ل داخوازێن وەها خوەدی دەرنەکەئیە و وەک ئارناوودان، د ڤێ مژارێ دە دەستْ نەئاڤێتنە دارێ زۆرێ ژی. مخابن، د ڤێ دەمێ دە هێ تو کۆمەلە و رێخستنێن کوردان ژی نینن کو ل داخوازێن وان یێن ب ڤی جوورەی خوەدی دەرکەڤن و پێشکشیا گەل بکن.

بێگومان، گاڤا کو عەڤدرەحمان بەدرخان، وەک نموونە ل سەر ڤی ئەورێ مافخواستنا کوردان بدە، داخواز، ئەنێ ب لاڤا و خواستنێ نایێن جە، دڤێ مرۆڤ وەک مللەتْ ل پەی داخوازێن خوە بسەکنە و گاڤا کو ئەڤ داخواز هاتن رەدکــرن، ب زۆرا خــوە، کو پێویستْ بە ب شوورێ خوە ل مافێن خوە خوەدی دەرکەڤە، بکە کو ئەو بێن جە.

د پرسا بدەستخستنا مافان دە رۆلەک گران بکەڤە سەر عالم، زانا و روناکبیرێن گەل، بەرپرسیاریەک گرینگ ژی ل سەر سەرۆک و رێڤەبەر و دەولەمەندێن کورد. دڤێ ئەو ژی د ڤێ یەکێ دە چ ژ دەستێ وان نێ ئەخسیر نەکن. ب ئایبەتی دەولەمەند، ب پەرێ خوە، ب ئالیکاریا ئابوّری، چ دکەڤە سەر ملێن وان بینن جە. هەکە ئەو ڤێ بەرپرسیاریا خوە یا دیرۆکی نەینن جە، هنگێ دکارە رۆژەک بێ، ئەو ئەڤ کەسێن کو میر و ئاغایێن گەلێ خوەنە، ب دیلیتی بکەڤن ناڤ دەستْ و لەپێن هنەکێن دن، ئەو ب خوە ژ وان رە ببن دیل غولام. لوّما عەڤدرەحمان بەدرخان وەها دنڤیسە:

«گەلی میر و ئاغایێن کوردا!دڤێ ئون ژی ئاری عالمێن خوە بکن، ئەو موحتاجی چ بن دڤێ ئون ژ وان رە پەیدا بکن، ئون ژێ پێ قەوەنا پەرێ خوە ئاری عالما بکن. وێ هنگێ ئون حەمی دنێ و ئاخیرەتێ رحەتْ بکن، وێ هنگێ کورد ژی کارن رۆژەکێ خوەی دەولەتْ و مەعریفەتْ ببن. ئونێ ببن خولامێ نەیارێن خوە(52)».

ب ڤی ئاوایی عەڤدرەحمان بەدرخان، وەک کو پێشەرۆژێ ب چاڤێن دبینە، دپەیڤە و دخوازە گەلێ خوە ل راستیا وی هشیار بکە. ئەڤ یەک بەرپرسیارەک ملی، رۆناکبیریەک هشازایی یە.



گۆڤاری پانیپال

3_2

ئەکەد مورات
نووسەرێکی ئاشوریە و ئەندامی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە
وەرگێڕانی: خالید بەکر ئەیوب

هەولێر کتێب

پێشەکی

گۆڤاری (پانیپال) لە ژمارە (15)وە ئاکو دەرچوونی ژمارە (16) بۆ ماوەی (7) مانگ لە دەرچوون وەستا، وانا لە (2001/7/25) ..
ڕێکەوتی دەرچوونی ژمارە (15) ئاکو (2002/3/1) کە ژمارە (16)ی دەرچوو.

ئەمەش بەهۆی ئەوەی ماموستا ئەندریوس یۆخنا بەڕێوبەری ڕۆشنبیری ئاشووری بۆ وەزارەتی پەروەردە بە پلەی (شارەزا–خەبیر) ی زمانی سریانی گواستراوەتەوە، بەم پێیەی ماموستا ئەندریوس ئوانایەکی باشی لە بواری وەرگێڕان بۆ زمانی سریانی هەیە، کارکردنیش لە دانانی کتێبە بەرنامەییەکان بۆ قوناغەکانی سریانییەکان پێویستییەکی زۆری بۆ کارمەندی ئەم بواڕە هەبوو، بەئاییەتی کاتێ خوێندن بە زمانی سریانی گەیشتە قۆناغی ناوەندی و پێویستە بوو کتێبە زانستییەکان و مرۆییەکان لە زمانەکانی عەرەبی و کوردی بۆ زمانی سریانی وەربگێردرێت، بۆیە ئەم کارە پێویستی بە وەرگێڕ هەبوو، لەم بواڕەشدا ماموستا ئەندریوس ڕۆڵێکی باڵای هەبوو، ئوانی (10) کتێب بۆ پۆلەکانی پێنج و شەشی سەرەتایی و یەکی ناوەندی بۆ زمانی سریانی وەرگێڕێت.

ئەمەش بەهاوکاری لێژنەی بەرنامەکانی سریانی کە ماموستا بەڕێوبەر بوو لە بەڕێوبەرایەتی گشتی ڕۆشنبیری ئاشووریدا، بۆیە پێویستە بوو کە وەک (شارەزا - خەبیر) لە وەزارەتی پەروەردەدا لە کارەکەی بەردەوام بێت لەگەڵ لێژنەی وەرگێڕانی بەرنامەکان بۆ وەرگێڕانی ئەو بەرنامانەی ماون بۆ قۆناغی ناوەندی، ئەم بەرپرسیارەتییەی لە کانوونی دووەمی 2002دا وەرگرت.



سەرنووسەرێکی نوێ

دوای دەرچوونی ژمارە (16)ی گۆڤاری پانیپاڵ مامۆستا پۆئرس هورمز نەبائی بووە سەرنووسەری گۆڤارەکە، بەهۆی ئەوەی پلەی بەڕێوبەری ڕۆشنبیری ئاشووری لە کانوونی دووەمی 2002دا وەرگرت، بۆیە گۆڤارەکە دوای ئەم گۆڕانکارییە بۆماوەی چەند مانگێک وەستا، بەڵام هیچ گۆڕانێک لە ڕووی دەستەی نووسەران و گۆشە جێگیرەکان نەکرا، لەسەر هەمان ڕەوتی پێشوو بەردەوام بوو، بەشی سریانی زۆرترین لاپەڕەکانی گۆڤارەکەی لە باوەش گرتبوو، بەشەکانی عەرەبی و کوردی وەکو ژمارەکانی پێشوو مایەوە.

دوای سڵاو (بعد التحية)

بابەتەکانی ئەم ژمارەیە (16) بە زمانی سریانی

ئەم ژمارەیە بابەتێکی زۆری سریانی لە خۆ گرتبوو، لەم بابەتانەش:

- بابەتی مافەکانی مرۆڤ لە عێراقدا. مارلین ئۆیشا لاپەڕەکانی (3-8).
- بابەتی (7)ی ئاب هاوارێک بە ڕووی مرۆڤایەتییەوە ریواش ئاشوور، لاپەڕەکانی (9-19).
- دۆسێی ژمارە بۆ خوێندنی سریانی لەرخانکرابوو، لاپەڕەکانی (20-32).
- ئەڵقەیەکی نوێژینەوە بۆ بەرنامەکانی زمانی سریانی و ئایینی کریستیانی بۆ قۆناغی سەرەتایی/ دینا یوحنا.
- سێیەمین کۆنگرەی پەروەردەیی وەزارەتی پەروەردە لە هەولێر لە نێوان (10-2001/9/12) لەگەڵ ڕاسپاردەی پەروەردەییەکانی ئایەت بەبواری زمانی سریانی/ شەمعون یەلدا.
- دیدارێک لەگەڵ مامۆستا نزار حنا بەڕێوبەری فێرکردنی سریانی لە وەزارەتی پەروەردەدا، یوحنا عەنکاوی دیدارەکەی ڕێکخست بوو.
- داستانی دیجلە و فورات/ گوتاری (ئەیتونا حیکەت) لاپەڕەکانی (33-40).
- بابەتی دیکەی مێژوویی و زمانەوانی لەگەڵ چەند پارچە شیعرێک ئاکو لاپەڕە (77).

لە بابەتەکانی ژمارە (16) بە زمانی عەرەبی

-(موشحات سليمان) - یەکەمین سرودی سریانی / د. ئەفرام ئەلدومنیکی لاپەڕەکانی(79-83).

- لەکەلخۆ بۆ کومانی/ شاکر سیڤو لاپەڕەکانی (84-92).

- خوێندنەوەیەک بۆ شانۆگەریی سریانی لە عێراقدا/ کمال غەمبار لاپەڕەکانی (93-94).

- (الموت بيلون القصص ابينا)/ جليل القيسی/ لاپەڕەکانی (98-106) سەرەڕای گۆشە جێگیرەکان لە نێواندا کتێبخانەی پانیپاڵ / نوری پۆئرس.

لە بابەتەکانی بەشی کوردی گۆڤارەکە ژمارە (16)

- ئاسۆ سنانیژییەکانی بوونی نەتەوەیی ئاشووری/ بەهنام مارئانی/ لاپەڕەکانی(113-118)

-ئاک و کۆمەڵ.. ئەواوکەری یەکترن/ خالید بەکر ئەیوب/ لاپەڕەکانی (119-123).

سەرەڕای ڕاپۆرتی چالاکییەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری لە (3) لاپەڕەدا.

لاپەڕەی پێش کۆتاییش (ئەستێرەی ڕۆشنبیری - نجم الثقافة) دەربارەی خۆشنووسی ئەلقوشی پولس ئەلقەس کە لە نێوان ساڵانی (1892-1969 دا ژیاوە.

دوا لاپەڕەی بەرگی ناوەوەشی گۆشەی (ئا بەیەک دەگەینەوە - حتى نلتقى)..

لە نووسینی ئەکەد مواد، ئەم گۆشەیە لە ژمارە (1)وە ئاکو ژمارە(34) بەردەوام بووە.

تێبینی

مەبەستێ لەم خوێندنەوە خێرایەی ژمارە(16) ئەوە بوو کە بۆ خوێنەر ڕوون

گۆڤاری پانیپال

ژمارە	ریکەوتی دەرچوون	دەستەی نووسین	ژمارەی لاپەڕەکان			کۆی لاپەڕەکان	تیراژ	تێبینی
			سریانی	عەرەبی	کوردی			
١٦	٢٠٠٢/٣/١	خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری سەرنووسەر: بوترس هورمز سکرتێری نووسین: ئەکەد مۆراد	١-٧٨ (١١) بابەت	٧٩- ١١٢ (٥) بابەت	١١٣- ١٢٧ (٤) بابەت	١٢٨	١٠٠٠	لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراوە
١٧	٢٠٠٢/١٠/٣١	خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری سەرنووسەر: بوترس هورمز سکرتێری نووسین: ئەکەد مۆراد	٣-٧٩ (٧) بابەت	٨٠- ١١٨ (٤) بابەت	١١٩- ١٢٧ (٣) بابەت	١٢٨	١٠٠٠	لە چاپخانەی وەزارەتی رۆشنبیری چاپ کراوە
١٨	٢٠٠٣/١/٣١	خاوەنی ئیمتیاز: وەزیری رۆشنبیری سەرنووسەر: بوترس هورمز سکرتێری نووسین: ئەکەد مۆراد	٢-٨١ (٧) بابەت	٨٢- ١١٢ (٧) بابەت	١١٣- ١٢٧ (٣) بابەت	١٢٨	١٠٠٠	ناوی سەرپەرشتیاری چاپ: ئیبرائیل ئویشالم، لەگەل دەستەی نووسەران نووسرا
١٩	٢٠٠٣/٥/٢٣	خاوەنی ئیمتیاز: (مەحموود مەحمەد مەحموود) وەزیری رۆشنبیری سەرنووسەر: بوترس هورمز سکرتێری نووسین: ئەکەد مۆراد	٢-٨٠ (١٣) بابەت	٨١- ١١٦ (٨) بابەت	١١٧- ١٢٧ (٣) بابەت	١٢٨	١٠٠٠	لە ژمارە (١٩)ەوە ناوی خاوەنی ئیمتیاز بەتەواوەتی دەنووسرا، بەڵام لە ژمارەکانی پێشووتر هەر تەنیا وەزیری رۆشنبیری دەنووسرا
٢٠	٢٠٠٣/٧/٣١	خاوەنی ئیمتیاز: (مەحموود مەحمەد مەحموود) وەزیری رۆشنبیری سەرنووسەر: بوترس هورمز سکرتێری نووسین: ئەکەد مۆراد	٣-٧٥ (١٤) بابەت	٧٦- ١١٢ (٨) بابەت	١١٣- ١٢٧ (٤) بابەت	١٢٨	١٠٠٠	لە ژمارە (١٩)ەوە ناوی خاوەنی ئیمتیاز بەتەواوەتی دەنووسرا، بەڵام لە ژمارەکانی پێشووتر هەر تەنیا وەزیری رۆشنبیری دەنووسرا

هەوڵنامەی کتێب

بێنەوە کەوا هیچ گۆڕانێک لەم ژمارەیە دا رووینەداوە بەڵکو وەکو ژمارەکانی پێشووتر بووە، تەنیا سەرنووسەرەکە مامۆستا ئەندریۆس یوحنا بۆ مامۆستا پۆڵس هورمز گۆڕدراوە و لەسەر هەمان شێوە و ناوەڕۆکی پێشتر ئاکو ژمارە (34) بەردەوام بووە.

- لەسەر بەرگی یەکەمیش وێنەیەکی رەنگاوڕەنگی مێژووی پاشا (حەمورابی) بڵاوکراوەتەوە، دوا بەرگیشی وێنەی ناوچەی (مەعلولای سوری) لە خۆگرتووە کە ئاکو ئێستاش زمانە رەسەنەکەی (ئارامی - سریانی) پاراستووە.

گۆڤارەکە دوای نیسانی 2003

- گۆڤارەکە لە سەرەتای دەرچوونییەوە لە 1998/7/25 دا جێگەی بایەخی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیبان و نووسەرانی ناوچە جیاجیاکان بوو، چەند دانەیەک بە شێوەیەکی نهێنی بەدەستیان دەگەیشت، هەندێک لەم نووسەر و ئەدیبانە گۆنار و پارچە شعریان بەناوی خوازراوەوە ئێیدا بڵاوکردەوە، بە شێوەیەک کە هیچ ژمارەیەکی گۆڤارەکە کە پێش مانگی نیسانی2003 دەرچووە، نووسینێک یا زیاد لە نووسینێک نەیایا بڵاوکراوەتەوە کە لە پارێزگاکانی نەینەوا و بەغداد و کەرکووک دەنێردران.

- دوای رووخانی رژێمی دیکتاتۆری لە 9ی نیسانی 2003دا،

ژمارەیەک لە نووسەران و ئەدیبان سەردانی گۆڤارەکەیان کرد و پشتیوانی خۆیان دەربڕی و ئامادەییان نیشاندا کە هاوکاری گۆڤارەکە بکەن، ئەمجارەیان بەشێوەیەکی ئاشکرا، لەوانە: شاکر سیڤو و روین بیت شەموئیل و عادل وەنو و نزار دیرانی و لەئیف پول و بنیامین موراد و ئەمیر ئورەها و جەلیل ئەلقەیسی.. چەندانی دیکەش.

– گۆڤارەکەش ئەم قۆناغە ئازەیەی بەهەلزانی بۆ ئەوەی بەرنامەکانی بەرەو پێش ببات، بۆیە چەندین پێشنیاری بۆ پێشخستنی گۆڤارەکە پێشکەش کرد و داوای لە وەزارەت کرد دارایییەکەی زیاد بکات، چونکە ئەم بڕە پارەیەی بۆ ئەرخان کرا بوو بە بەراورد لەگەڵ بڕە پارەیەی بۆ گۆڤارەکانی دیکە زۆر کەم بوو، دەتوانین بڵێین نیوەی ئەم بڕەی گۆڤارەکانی وەزارەتی رۆشنبیری بوو.

– وەڵامی وەزارەت ئیجابی نەبوو، بەڵکو بڕە پارەی ئەرخان کراو وەک خۆی مایەوە، سەرەڕای ئەمە دەستەی نووسین بڕیاری لە ژمارە (21) وە ژمارەی لاپەڕەکانی گۆڤارە زیاد بکات، دوای چاوەڕوانی (پێش دەرچوونی ژمارە (20)) بۆ ئەوەی پشتگیرییەکە زیاد بکرێت، بەڵام بێ سوود بوو.

هەوڵە ئازەکە بۆ چارەسەری پاڵەپەستۆی نووسەران و داواکارییان بۆ پێشخستنی گۆڤارەکە، بڕیاردرا ژمارەی لاپەڕەکان لە 128 بۆ 160 وەک هەنگاوی یەکەم زیاد بکرێت بۆ ئەوەی وەزارەت ناچار بکرێت پشتگیرییەکە زیاد بکات، بەڵام ئەو هەوڵە وەزارەتی نەجولاند، بەڵکو هاوکارییەکە هەروەکو خۆی مایەوە، وەزارەت ئەنیا ئەوەی قەبووڵ کرد، کە بێ بەرامبەر لاپەڕەکانی زیاد بکرێت، بەڵام ئەوەی خزمەتی گۆڤارەکەی کرد، بەکارهێنانی چاپخانەیەکی ئازە بوو لە وەزارەتی رۆشنبیریدا، کە ژمارەکانی داهاتووی گۆڤارەکە ئیایدا چاپکرا.

– لە کانی دەرچوونی ژمارە (22) لە شوبانی 2004 دا، دەستەی نووسین دووبارە بڕیاری دا لاپەڕەکانی لە (160) بۆ (200) لاپەڕە زیاد بکات، کە بووە جێ بایەخی خوێنەران و نووسەران، هەرچەندە پاداشتێکی کەم بەم نووسەرانە دەدرا.

دوای ئەم هەنگاوە بیرۆکەیەک سەریهەڵدا کە لاپەڕەکانی بۆ (300) لاپەڕە (ئەنیا لە ژمارە یەکدا) زیاد بکرێت، لە بەر ئەوەی بابەتی زۆری (سریانی و عەرەبی) لەبەردەستدا بوو، بەڵام ئەو کادیرانەی لە گۆڤارەکەدا کاریان دەکرد، لە دوو کەس ئێپەری نەدەکرد، ئەوانیش (کریستینا شەمشون و کلاودس حیکمەت) بوون، بێگومان ئەم کارەش ماندووبوونێکی زۆری دەویست، بەتایبەتی لەوکاتدا بابەتەکان بە چاپکراوی نەدەگەیشتنە گۆڤارەکە، بەڵکو هەمووی دەستنووس بوون، سەرەڕای ئەمەش نەخشەسازی ماندووبوونێکی زۆری دەویست، لەوکاتدا ئەکنیکی ئازە بە پێی پێویست لەبەردەستدا نەبوو، بەهۆی (2) گەمارۆکەی کە بەسەر وڵاتدا سەپێنراو بوو.

– ئەم هۆکارانە بوونە هۆی ئەوەی زیادکردنی لاپەڕەکانی بۆ زێدەتر لە (200) لاپەڕە، کارێکی وا ئاسان نەبێت، هەرچەندە کاری خۆبەخشانە بۆ دەرچوونی بەردەوام بوو، بۆیە ژمارەکانی داهاتوو لە ژمارە (22) تاکو (34) بە (200) لاپەڕە دەرچوون، بەشی سریانی بەشی سەرەکی بوو، لاپەڕەکانی دیکەشی بۆ هەردوو بەشی (عەرەبی و کوردی) ئەرخان کرابوون.

– قەبارەی گۆڤارەکە تاکو ژمارە (34) بە جێگیری مایەوە.

بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری تاشووری و چالاکی دیکە

– دوای نیسانی 2003، بەڕێوبەرایەتی رۆشنبیری تاشووری بووە وێستگەیەکی گرنگ بۆ رۆشنبیران و نووسەران و هونەرمەندان، لەتاوچە جیاجیاکاندا، بۆیە ئەم بەڕێوبەرایەتییە بەرنامەیەکی دانا بۆ رێکخستنی (یەکەم ڤیستیڤاڵی رۆشنبیری سریانی لە نێوان 19–20 تاداری 2004) کە لەم ڤیستیڤاڵەدا بۆ یەکەمجار ئێپی هونەری لە تاوچەی (بخدیدا) دوو شانۆگەری پێشکەشکرد، هەروەها ئێپی (شیرا ئەلقوش) بە شانۆگەرییەک بەشدار بوو، سەرباری چەندین چالاکی هونەری و رۆشنبیری و خوێندنەوەی شیعر لەلایەن شاعیرانی تاوچەکانی (بەغداد و مووسڵ و کەرکووک و پارێزگاری هەولێر)

– ئەم ڤیستیڤاڵە دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، لەبەر ئەوەی ژمارەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی تاوچە جیاجیاکاندا ئیایدا بەشداربوون و شانبەشانی ئامادەیەکی زۆر لە رۆژی کردنەوەی ڤیستیڤالەکەدا و پێشکەشکردنی چەندین شانۆگەری بۆنموونە: پێشکەشکردنی دوو شانۆگەری لە رۆژێکدا و ئامادەبوونێکی هونەری لە زێدەتر لە تاوچەکەیدا لە نێوان (بەخدیدا ئەلقوش و بەغداد، جگە لە بەشداربوونی شاعیران کە لە دوو رۆژدا چەندین پارچە شیعریان لە رەوشتێکی ئازاد و دوور لە دیکتاتۆریەت

گۆڤاری پانیپال

ژمارە	ریککەوتی دەرچوون	دەستەی نووسین	ژمارەی لاپەڕەکان			کۆی لاپەڕەکان	تیراژ	تێبینی
			سریانی	عەرەبی	کوردی			
٢١	٢٠٠٣/١٠/٢٥	هەمان دەستەی نووسین	٣-٩١ (١٥) بابەت	٩٢-١٤٢ (١٥) بابەت	١٤٣- ١٥٩ (٤) بابەت	١٦٠	١٠٠٠	
٢٢	٢٠٠٤/٢/٢٠	هەمان دەستەی نووسین	٥-١٠٩ (٢٢) بابەت	١١١-١٧ (١١) بابەت	١٧٨- ١٩٩ (٤) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٢٣	٢٠٠٤/٥/١	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٢١ (١٧) بابەت	١٢٣- ١٧٣ (١١) بابەت	١٧٤- ١٩٩ (٤) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٢٤	٢٠٠٤/٨/٣١	هەمان دەستەی نووسین	٤-٩٤ (١٧) بابەت	٩٥-١٩٠ (١٣) بابەت	١١٧- ١٢٧ (٣) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٢٥	٢٠٠٤/١١/٣٠	هەمان دەستەی نووسین	٤-٩٠ (١١) بابەت	٩١-١٨٧ (١٣) بابەت	١٨٨- ١٩٩ (٣) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	خوالێخۆشبێت سامی شۆرش لەم ژمارەیەوە بوو بە وەزیری ڕۆشنبیری
٢٦	٢٠٠٥/٣/٥	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٢١ (١٨) بابەت	١٢٢- ١٨١ (١١) بابەت	١٨٢- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٢٧	٢٠٠٥/٦/٣٠	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٠٨ (١٢) بابەت	١٠٩- ١٨٧ (١٠) بابەت	١٨٧- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٢٨	٢٠٠٥/١٠/١	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٠٤ (١٢) بابەت	١٠٥- ١٨٥ (١٤) بابەت	١٨٧- ١٩٩ (٣) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٢٩	٢٠٠٥/١٢/٣١	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٠٩ (١٥) بابەت	١١١-٩٢ (١٣) بابەت	١٩٣- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٣٠	٢٠٠٦/٤/٣٠	لەم ژمارەیەوە خوای لێخۆشبێت فەلەکەدین کاکەیی پۆستی وەزیری ڕۆشنبیری وەرگرت	٤-١٢٩ (١٥) بابەت	١٣٠- ١٨٨ (٤) بابەت	١٧٨- ١٩٩ (٤) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٣١	٢٠٠٦/٧/٢٠	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٢٥ (١٦) بابەت	١٢٦- ١٨٠ (٨) بابەت	١٨١- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٣٢	٢٠٠٦/١٢/٣٠	هەمان دەستەی نووسین	٦-١٣١ (٢٥) بابەت	١٣٢- ١٨٣ (٧) بابەت	١٨٤- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٣٣	٢٠٠٧/٣/٣٠	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٣٩ (٢١) بابەت	١٤٠- ١٩١ (٧) بابەت	١٩٢- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	
٣٤	٢٠٠٧/٦/٣٠	هەمان دەستەی نووسین	٤-١٣٤ (١٨) بابەت	١٣٥- ١٨١ (٧) بابەت	١٨٢- ١٩٩ (٢) بابەت	٢٠٠	١٠٠٠	

هەوالنامەی کتێب

ژمارە دەرچووەکانی گۆڤارەکە بە پێی ساڵەکان

ساڵی ١٩٩٨	ساڵی ١٩٩٥	ساڵی ٢٠٠٠	ساڵی ٢٠٠١	ساڵی ٢٠٠٢	ساڵی ٢٠٠٣	ساڵی ٢٠٠٤	ساڵی ٢٠٠٥	ساڵی ٢٠٠٦
٢	٥	٥	٥	٢	٤	٤	٤	٣

ساڵی ٢٠٠٧	لە ١٩٩٨/٧/٢٥ تاکو ٢٠٠٧/٩/٣٠	کۆی ژمارەکانی کە بە (١٢٨) لاپەڕە دەرچووە	تەنیا ژمارە ٢١ (١٦٠) لاپەڕە دەرچووە	ژمارەکانی بە (٢٠٠) لاپەڕە دەرچووە
٢	٣٤ ژمارە	٢٠ ژمارە		١٣ ژمارە

پێشکەش کرد.

- سەرکەوتنی ئەم چالاکییانە کە بوونە بەشێک لە چوارچێوەی نەخشەی ساڵانەی چالاکییەکانی ئەم بەڕێوەبەرائییە، بەرنامەکەی پێشوەخنە پێشکەشی وەزارەتی ڕۆشنبیری دەکرا، بۆ ئەوەی بودجەی گونجاوی بۆ دابین بکرێت بە مەبەستی ڕووماڵکردنی چالاکییەکان، هەروەها ئەم بەڕێوبەرایەتییە چەندین پێشانگەی بۆ هونەرمەندانی سریان لە ناوچە جیاجیاکاندا و سمینار و موحازەرەائی ڕۆشنبیری بە بەردەوامی ڕێکخست و ڕێک دەخات.

ئامانج لەم خستنەوە ڕووە، بۆ ئەمە بوو، کەوا وەزارەتی ڕۆشنبیری لە چوارچێوەی ئوانای خۆیدا پشتگیری چالاکییەکانی وەرزی و ساڵانەی ڕۆشنبیری سریانی کردووە، بەپێچەوانەوەی مامەڵەکردنی لەگەڵ داواکارییەکانی گۆڤاری (پانیپاڵ)، بەم جۆرە چالاکییەکانی بەڕێوبەرایەتی ڕۆشنبیری سریانی بووە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ لەباوەشکردنی داهێنانەکانی سریانی ئەویش بەمەبەستی ڤیستیڤاڵەکانی مانگانە و ساڵانە بە تایبەتی لە نێوان ساڵانی (2004-2005)دا.

تێبینیەکان

- لە میانەی ئەم خوێندنەوە خێرایە بۆ ژمارەکانی (پانیپال) دوای نیسانی 2003 دەردەکەوێت کەوا نووسینەکان بە زمانی عەرەبی بە تایبەتی لە سەرەتای ساڵی 2004 دا زیادیکردووە، لەبەر ئەوەی نووسەرانی ناوچەکانی (دەشتی نەینەوا و بخدیدا و تەلقوش لە زیادە بووندابوون و بەتایبەتیش زۆربەری ئەو نووسەرانە دەنووسن.. چونکە خوێندن بە زمانی سریانی لەم ناوچانەدا بوونی نییە، بۆیە نووسینەکانی نێردراو بە زمانی عەرەبی زۆرتر بوون، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی لاپەڕەکانی ئەرخانکراو بۆ بابەتی عەرەبی زیاد بکات، ئەمەش شانبەشانی هاندانی زیاتر بۆ نووسینەکانی سریانی دێت، بە گشتی گۆڤارەکە ڕۆلێکی باشی هەربوو لە بواری ڕاکێشانی نووسەران لە هەموو ناوچەکانی سریانی و ناوچەکانی دیکەدا.

بۆنەکان و گۆڤاری پانیپاڵ

لەو بۆنانەی گۆڤارەکە بایەخی پێداون (ڕۆژی ڕۆژنامەگەریی سریانی) بووە، کە بەم بۆنەیەوە ژمارەیەکی تایبەتی لە ساڵی 1999، بە بۆنەی ئێپەڕبوونی (150) ساڵ بەسەر دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی سریانی دەرکرد، لەم بوارەشدا لە ساڵانی (2000 و 2001)دا ژمارەی تایبەتی دەرچووان.

هەروەها گۆڤارەکە بایەخی تایبەتی بەبۆنەی سەری ساڵی بابلی (کە دەکەوێتە ڕۆژی (1)ی نیسانی هەموو ساڵێک) داوە و چەندین لاپەڕەی بۆ ئەم بۆنەیە تەرخان کردبوو، گوتار و دیمەنی بەشداربووانی ئاهەنگ و ڕێپێوانی پارێزگاکانی دهۆک و هەولێری تێدا بڵاوکردۆتەوە.

وەک بەشداربوونێکی گۆڤارەکە لەم بۆنانەدا چەندین سیمینار و موحازەرە و فیستیڤاڵی ڕۆشنبیری و ئەدەبی و هونەری ڕێکخستووە.

هەروەها دۆسێی تایبەتی بۆ خوێندنی سریانی لە هەرێمی کوردستاندا وەک ئەزموونێکی تازە و سەرکەوتوو تەرخانکردبوو، کە لە لایەنی ڕۆڵەی گەلەکەمان لە ناوەوە و دەرەوەدا جێی بایەخ بوو.

لە ناوە دیارەکانی گۆڤارەکە (بوترس هورمز نەباتی)

- بەڕێوبەری ڕۆشنبیری ئاشووری لە (2002/1/2).
- سەرنووسەری گۆڤاری پانیپال لە ڕێککەوتی (2002/3/1)وە.
- لە دایکبووی 1951 عەنکاوا.
- بڕوانامەی دبلۆمی فێرکردنی وەرگرتووە، لە (1975/11/6) بە مامۆستا دامەزراوە.
- لە قوتابخانەکانی عەنکاوا لە 1987/10/15 وە وەک مامۆستا کاریکردووە، لە قوتابخانەی (حامورابی) دوای ئەوەی لە ساڵی 2002 دا خوێندنی سریانی ئیایا خوێندرا وەک مامۆستای زمانی سریانی دەستی بەکاربووە.
- لە چەندین چالاکی هونەری، لە ڕێوانیاندا وەک ئەکتەر لەو شانۆگەرییانەی لە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکاندا کە لە عەنکاوادا نمایش کران. لە چەندین فیلمی ئەلەفزیۆنی وەک ئەکتەری سەرەکی لە ساڵانی نەوەدەکانی سەدەی ڕابردوو ڕۆڵی گێڕاوە، لەوانە فیلمی (نیشتمان و نامۆ بوون) بەزمانی سریانی.

- کێبێکی لەبارەی گۆڤاری (گلگامش)ی سریانی لە ساڵی 1999دا بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی بڵاوکردۆنەوە کە لە چاپکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیرییە.

- لە وەزارەتی پەروەردەوە بۆ وەزارەتی رۆشنبیری گواستراوەتەوە و لە ساڵی 2002دا بە بەڕێوبەری رۆشنبیری ئاشووری دامەزرا.

- ئاکو ئێسنا بەڕێوبەری رۆشنبیری سریانی لقی هەولێرە و لەم کارەشدا بەردەوامە.

(یۆنان مرقس هۆزایا)

- لە دایکبووی 1955 زاخۆ دهۆک.

- دەرچووی کۆلێژی ئەندازیاری/ زانکۆی مووسڵ 1981.

- وەک سەرۆکی کۆمەڵەی رۆشنبیری سریانی لە بەغداد بۆ ماوەی چەند ساڵێک کاری کردووە.

- وەک ئەندازیار لە کۆمپانیای پرۆژەکانی نەوت لە وەزارەتی نەوت کاری کردووە.

- لە نێوان ساڵانی (1997-2001) دا سەرنووسەری رۆژنامەی (بەهرا) بووە.

- ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی سریانە.

- ئەندامی دامەزرێنەری سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بووە.

- لە ساڵانی (2000-2005) پۆستی وەزیری پیشەسازی و وزەی لە حکومەتی هەرێمی کوردستاندا وەگرنووە.

- گوتاری سیاسی و زمانەوانی لە رۆژنامەگەریی ئەلکترۆنییدا بڵاوکردۆتەوە.

- دوو کۆمەڵە شیعری بە زمانی سریانی بڵاوکردۆتەوە.

- کۆمەڵە چیرۆکێکی بە زمانی سریانی بڵاوکردۆتەوە.

- کێبێکی بە ناوونیشانی (محطات و نجوم) بە زمانی عەرەبی بە چاپ گەیاندووە.

- لە دانانی فەرهەنگی (برعم اللغة)ی سریانی - عەرەبی لەگەڵ هەردوو مامۆستایان بنیامین موراد و عۆدیش ملکۆ بەشداربووە.

- لە دانانی فەرهەنگی (بەهرام) عەرەبی - سریانی لەگەڵ مامۆستا ئەندریۆس یۆخنا بەشداربووە.

- وەرگێرانی بەرنامەکانی خوێندن.. بەنایبەت کۆششی هاوبەش لەگەڵ مامۆستا ئەندریۆس یۆخنا.

ئێستا خانەنشینە و کار بۆ بڵاوکردنەوەی چەند کێبێکی زمانەوانی ئەدەبی دەکات.

(یۆخنا دانیال بنیامین)

- لە دایکبووی 1939 هەریر- هەولێر.

- لە (1958/10/30) دا وەک مامۆستا دامەزرا.

- وەک (شەماس) لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو کاریکردووە.

- بایەخ بە زمانی سریانی دەدا و لە بواری ئەدەب و رۆشنبیری و وەرگێڕان لە عەرەبییەوە بۆ سریانی بە پێچەوانەوەش بەشداربیەکی فراوانی هەیە، چەندین پارچە شیعری بە زمانی سریانی لەگۆڤارەکانی حەفتاکانی سەدەی ڕابردوو لە بەغداد بڵاوکراوەتەوە.

- لە ئێستگەی (ئاشوور) لە هەولێر دوای کردنەوەی لە (1993/4/1) دا وەک وەرگێڕی زمانی سریانی کاریکردووە و بەردەوامیش بووە لە ئامادەکردنی بەرنامەی رۆشنبیری و چەندین نووسینی لە گۆڤار و رۆژنامەکانی دوای ئاداری 1991دا لە دهۆک و هەولێردا بڵاوکردۆتەوە.

- وەک مامۆستا زمانی ڕێزمانی سریانی و لە خولەکانی ئایبەث بە ئامادەکردنی کادیرانی فێرکردن لە بەڕێوبەرایەتی گشتی پەروەردەی هەولێر لە سەرەتاکانی نەوەتەکانی سەدەی رابردوو کاریکردووە.

- ئێستا خانەنشینە و وەک لێپرسراوی بەشی سریانی و وەرگێر لە کەنالی ئاسمانی (عەشتار)دا کار دەکات.

- بە شێوەیەکی کاریگەر لە گۆڤاری (پانیپال) بەشداربووە و گوتار و بابەتی رۆشنبیری و زمانەوانی هەر لە ژمارە (1)وە تاکو دوا ژمارەکانی ئێایدا بڵاوکردۆتەوە.

(شاکر مەجید)

- لە دایکبووی/ نەینەوا - قەرەقوش (بەخدیدا) 1954

- شاعیر و رەخنە گر و رۆژنامەنووسە.

- ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عێراقییە.

- ئەندامی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی عەرەبە.

- بەرپرسی پەیوەندییە گشتییەکانی یەکێتی ئەدیبان و نووسەرانی سریانە.

گۆڤارەکە لە سەرەتای دەرچوونییەوە لە 1998/7/25 دا جێگەی بایەخی ژمارەیەکی بەرچاو لە ئەدیبان و نووسەرانی ناوچە جیاجیاکان بوو، چەند دانەیەك بە شێوەیەکی نهێنی بەدەستیان دەگەیشت

هەولێر کێبڕ

- ئەندامی سەندیکای رۆژنامەنووسانی عێراقییە.
- ئەندامی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتی رۆژنامەنووانە.
- لە ساڵانی (1988-2007) ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری پانیپاڵ بووە.
- وەک ئەندامی دەستەی نووسەرانی گۆڤاری (نەجم بیث نەهرین) لە ساڵانی (2005-2007)دا، کاری کردووە.
- شارەزای زمانەوانییە و سەرۆکی بەشی رۆشنبیرییە لە رادیۆ و ئەلەفزیۆنی ئاشوور.
- لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی رابردوو دەستی بە نووسین کردووە و زۆربەی شیعر و نووسینەکانی لە رۆژنامە و گۆڤارەکانی ئەو سەردەمدا بڵاوکردۆتەوە.
- چەندین پاداشتی ئەدەبی و بڕوانامەی ڕێزلێنانی بەدەستهێناوە:
- لەدەها فیستیڤاڵی رۆشنبیری و کۆنگرەی ئەدەبی - عەرەبی و سریانی لە دەرەوە و ناوەوەی وڵاتدا بەشداربووە.
- پاداشتی (ناجی نوعمان)ی لە ساڵی 2012 لە بەیروت بە دەستهێناوە.
- درعی داهێنانی لە پارێزگای نەینەوا بەدەستهێناوە.
- ئەنجومەنی ئاشووری - کلدانی - سریانی بە درعی داهێنانی شیعری سریانی لە (سدنی) لە ساڵی 2008 دا ڕێزی لێنراوە.
- درعی ڕێکخراوەکانی (مد الجسور الثقافية) و بڵاوکردنەوەی ئاشتی لە نێوان گەلاندا لە ساڵی 2012دا بەدەستهێناوە.
- لە ئەنتۆلۆژیای شیعری عیراقی ناوی نۆمار کراوە.
- ئەم دانراوانەی خوارەوەی بە زمانی عەرەبی هەیە:
- (ساقف فی هوائه النظیف)، شیعر، 1969.
- (قلائد افردویث)، شیعر، 1997.
- (حمی انو)، شعر، 2004.
- (جمر الكنابة الاخـرى)، خوێندنەوەیەکی ڕەخنەگرانە 2005.
- (اصححاث الاله نرامين سين) شيعر 2005.
- (جنون الجغرافية السعيدة)، کۆمەڵە شیعر 2009.
- (نصوص عينى الثالثة)، کۆمەڵە شیعر/ سلێمانی، 2009.
- (مثلى نشهق النايات) کۆمەڵە شیعر/ ئەمریکا 2010
- (شیعرەکانی بۆ زمانەکانی کوردی و ئینگلیزی و فەرنسی وەرگێردراون)

بە زمانی سریانیش ئەمانەی بە چاپگەیاندووە:

- (اربطة بنجد) شيعر، 1998.
- (لان غيره بيٹک اكلنى)، شيعر، 2000.
- (کۆمەڵەی شیعرێکی سریانی بە ناونیشانی (ئووا لکوخوی دالا هوئوخون) بەڕێوبەرایەتی گشتی رۆشنبیری سریانی لە هەولێر بە چاپ گەیاندووە.
- کتێبێکی ڕەخنەیی بەناوونیشانی (اطياف سريانية. قراءات في المشهد الشعري السرياني المعاصر) لە چاپکراوەکانی (دار المشرق)ی رۆشنبیری/ دهۆک- نوهدرا 2009.
- (کواثا) دیوانێکی شیعری سریانی، کە لە کێبڕکێی (شەمثا) لە ساڵی 2006 دا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.
- (نوغما دشمى) کۆمەڵە شعرێک بە سریانی / بەخدیدا 2012.
- (سوئی و ئیلانا) کۆمەڵە شیعر بە سریانی 2013/بەخدیدا.
- (نوقاشی) کۆمەڵە شیعر بە سریانی 2013/ بەخدیدا.
- چەندین دەستنووسی شیعری و ڕەخنەیی هەیە. ئامادەنە بۆ چاپ.
- چەندین ئوێژینەوە بە پێنووسی نووسەران و ڕەخنەگرانی عەرەبی و سریانی لە بارەی شیعرەکانی عەرەبی و سریانی نووسراوە.
- چەندین شانۆگەری بۆ گەوران و بچووکان هەیە: بە عەرەبی: (المطر والخائم)، (العائلة السعيدة)، (المجنون)، (ابدا نحيا الاشجار)، (الموئى يعودون دائما)، (مطر احمر). بە زمانی سریانی: (شمس وظلام وسعير)، (من ياني بالقمر)، (انث انا)، (حلم ليلة عرب).

ناساندنی رۆژنامەگەریی کوردی بە زمانی سویدی 2000-1980

نەوزاد عەلی ئەحمەد

لە سەرەتادا

ئەم بابەتە پێشدەسنی بابەتێکی ئەکادیمییە کە ماوەیەکە کاری لەسەر دەکەم بە مەبەستی ئاشناکردنی خوێنەری کوردی بە بزاڤی رۆژنامەگەریی کوردی لە وڵاتی سوید. باسەکەم ئەرخانکردووە بەو گۆڤار و بڵاوکراوە و رۆژنامە کوردییانەی کە بە زمانی سویدی بڵاوکراونەتەوە، وائە بەشێکن لە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی، بەڵام بە زمانی سویدین.

لەم بەشەی ئێرەدا لە شێوەی ئیندێکسدا وەسفی ئەو رۆژنامە و بڵاوکراوە و گۆڤارانە دەکەم کە کەونوونەتە چوارچێوەی باسەکەم، بۆ لایەنی فۆرم و ناوەرۆک و وردەکارییەکانی دیکە لە چەندان بەشی دیکەدا درێژە بە باسەکەم دەدەم.

ئەگەر خوێنەران گەرەکییانە سەبارەت بە مێژووی کۆچ و ژیانی پەنابەریی کورد لە وڵاتی سوید زانیارییان دەست بکەوێت دەتوانن سەیری ئەم کتێبەم بکەم « رۆژنامەگەریی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا و ئەمریکادا».

کوردەرناس ڤێننەر

لە شێوەی رۆژنامە دایە و کۆمەڵەی هاوڕێیەتی کورد دەری کردووە. تۆم کارلسۆن بەرپرسی رۆژنامەکە بووە، تا ئەو کاتە یەکێك بووە لە رۆژنامە رێك و پێك و دەوڵەمەند بە هەواڵ و زانیاری و وێنە، لەباری فۆرمیشدا شایان بەوەیە لە ریزی ئەوێ رۆژێی رۆژنامەکانی سویددا دابندرێت

NYHETSBLAD FRAN KURDISTAN
نیهێتسبلاد فرۆن کوردستان

ئەم گۆڤارە کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان لە دەرەوەی وڵاتی لقی سوید « ئەکسا» بە زمانی سویدی لە شاری ئوپسالا دەری کردووە. بابەتەکانی دووتوێی ئەم گۆڤارە باس لە خەباتی و ئێکۆشانی کورد لە پارچەکانی کوردستان دەکاتی لە پێناوی ئازادیدا. گۆڤارەکە لە قەبارەی A4 دایە، بە تایپی ئاسایی بابەتەکانی تایپکراون و بە فۆتۆکۆپی دانەی لەبەر گیراوەتەوە. من ئەنیا ئەم ژمارەیەم لێ بینیووە. وێنەی بڵاوکردۆتەوە. ئەنیا رەنگی رەش بەکارهێنراوە.

ژمارە ١، دوا هەفتەی مانگی نیسانی ساڵی١٩٨٠، ٨ لاپەڕە.

Inrormation om Kurdistan
ئینفۆرماخون ئوم کوردستان

کۆمیتەی سۆڵیدارێتی کورد ئەم گۆڤارەی دەرکردووە. لە باری چاپ و نەخشەسازیدا یەکێکە لە گۆڤارە رێك وپێکەکان. وەک دەردەکەوێت بابەتەکان بە تایپێکی پێشکەوتوو تایپکراون و بە تامێری تۆفسێت چاپکراوە. لە قەبارەی نیوA4 دایە. گرنگی بە گەیاندنی زانیاری سەبارەت بە کورد و کوردستان داوە بۆ خوێنەری سویدی و سویدیزمان داوە. لەو سێ ژمارەیەی کە من بینیوومە چەندان وێنەی مێژوویی بڵاوکردۆتەوە. ئەنیا رەنگی رەش بەکارهێنراوە.

ژمارە ١، ١٩٨٠، ٣٦ لاپەڕە.
ژمارە ٢، ١٩٨٠، ٤٨ لاپەڕە.
ژمارە ٣، ١٩٨١، .... لاپەڕە.

Berbng
بەربانگ

بە زمانی کوردی و سویدی لە لایەن فیدراسیۆنی کۆمەڵە کوردستانییەکان دەرچووە. یەکەمین ژمارەی ساڵی ١٩٨٢ دەرچووە. سەرنووسەر و بەرپرسی نووسینی گۆڕاوە. سەرەتا ئەنیا بە پێنی لاتینی و بە شێوەزاری باکوور بابەتی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام لە ژمارە ٣٥-ەوە بە پێنەکەی دیکە و بە شێوەزاری باشووریش دەستی بە بڵاوکردنەوەی بابەت کردووە. تا نەوەدەکانیش زۆرکەم گرنگی بە زمانی سویدی داوە، بەڵام دوای ئەمە دەبینین چەندان لاپەڕەی تەرخانکردووە بۆ بڵاوکردنەوەی بابەت و هەواڵ بە زمانی سویدی. تا ژمارە ٩٣ لە شێوەی گۆڤاردا وانە لە قەبارەی A4 دەرچووە، بەڵام دوای ئەمە قەبارەکەی گراوە بە رۆژنامەیی و لە قەبارەی تابلۆئید دەرچووە، ئەمەش زۆر درێژەی نەکێشا پاش دەرکردنی چەند ژمارەیێک دیسان گەڕایەوە سەر قەبارە کۆنەکەی. لە بابەتەکانیدا زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی چالاکی و هەواڵەکانی فیدراسیۆنی ناوبراو داوە. تا ئێستاش لە دەرچوون بەردەوامە و زیاتر لە ١٥٠ ژمارەی لێدەرچووە.

KURDISTAN BULLETINEN
کوردستان بولتەن

کۆمیتەی کوردستان ئەم گۆڤارەی دەرکردووە، لە باری چاپ و نەخشەسازی و قەبارە و بابەتدا زۆر لە گۆڤاری Inrormation om Kurdistan دەچێت. چەندان وێنەی مێژوویی بڵاوکردۆتەوە. ئەنیا رەنگی رەش بەکارهێناوە. من ئەنیا ئەم ژمارەیەم لێ بینیووە.

ژمارە ١، نیسانی ١٩٨٤، ٣٤ لاپەڕە.

SVENSK- KURDISK JOURNAL
سڤێنسک- کوردیسک جۆرناڵ

ئەم گۆڤارە کۆمەڵەی کولتووری سویدی- کوردستان دەریکردووە. بەرپرسی رۆڵف هانسۆن و سەرنووسەر فەرهاد شاکەلی بووە، قەبارەی گۆڤارەکە A4. لە باری کولتووردا بە شێوەیەک دەوڵەمەندە تا بە ئەمڕۆش دەگاتی کورد نەیتوانیوە گۆڤارێکی دیکە لەم گۆڤارە باشتر بە زمانی سویدی دەربکات. ئەوەندەی بزانم لە ماوەی پێنج ساڵدا (١٥) ژمارەی لێدەرچووە. ئەنیا ژمارە ١٠ نەبێت کە بەرگەکەی رەنگاوڕەنگە ئەگەرنا (١٤) ژمارەکەی دیکە نیە وەو و بەرگەکانیان ئەنیا بە رەنگی رەش چاپکراون. لە باری فۆرمیشدا یەکێک لە گۆڤارە جوان و رێك وپێکەکان.

ئەمەش هەر 15 ژمارەکەیە؛

ژمارە ١، ساڵی ١٩٨٥، .... لاپەڕە.
ژمارە ٢، ساڵی ١٩٨٥، ٢٨ لاپەڕە.
ژمارە ٣، ساڵی ١٩٨٥، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ٤، ساڵی ١٩٨٥، ٢٤ لاپەڕە.
ژمارە ١-٢، ساڵی ١٩٨٦، ٤٤ لاپەڕە.
ژمارە ٣، ساڵی ١٩٨٦، ٢٨ لاپەڕە.
ژمارە ٨، ساڵی ١٩٨٧، ٢٤ لاپەڕە.
ژمارە ٩، ساڵی ١٩٨٧، ٢٨ لاپەڕە.
ژمارە ١٠، ساڵی ١٩٨٧، ٢٤ لاپەڕە.
ژمارە ١١-١٢، ساڵی ١٩٨٧، ٤٠ لاپەڕە.

ژمارە ١٣، ساڵی ١٩٨٨، ٣٦ لاپەڕە.
ژمارە ١٤، ساڵی ١٩٨٩، ٢٤ لاپەڕە.
ژمارە ١٥، ساڵی ١٩٨٩، ٤٠ لاپەڕە.

KURDISTAN BULLETINEN
کوردستان بولتەن

ئەم گۆڤارە کۆمیتەی سویدی دەری کردووە و ساڵی ١٩٨٨ یەکەمین ژمارەی لێدەرچووە و دەڵێن تا ساڵی ٢٠٠٠ لە دەرچوون بەردەوام بووە. لە باری نەخشەسازی و چاپ و بەرگ و دابەشکردنی بابەتەکان و ناوەڕۆکدا گۆڤارێکی ڕێک و پێکە. ڕەزا ئاڵان سەرنووسەری بووە. من ئەنیا ئەم دوو ژمارەیەم لێ بینیووە. لە قەبارەی A4 دایە و بەرگەکەی ڕەنگاورەنگە.

ژمارە ١، نیسانی ١٩٨٨، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ٢، ساڵی ١٩٨٩ دەرچووە، ٣٦ لاپەڕەیە.

Kurdernas vanner
کوردەرناس ڤێننەر

لە شێوەی ڕۆژنامە دایە و کۆمەڵەی هاوڕێیەتی کورد دەری کردووە. ئۆم کارلسۆن بەرپرسی ڕۆژنامەکە بووە، تا ئەو کاتە یەکێک بووە لە ڕۆژنامە ڕێک و پێک و دەوڵەمەند بە هەواڵ و زانیاری و وێنە، لەباری فۆرمیشدا شایان بەوەیە لە ریزی ئەوێ ڕۆژێی ڕۆژنامەکانی سویددا دابندرێت. بە ڕەنگی ڕەش و سوور دەرچووە. من ئەنیا ئەم دوو ژمارەیەم لێ بینیووە. بۆ زانیاری زیاتر ناوی ڕۆژنامەکە بەم شێوەیەش نووسراوە: «کوردەرناس ڤێننەر ئی سڤاریا» واتە «هاوڕێیانی کورد لە سوید».

ژمارە ٢، مانگی شوبات١٩٨٩، ٢٤ لاپەڕە.
ژمارە ٣، مانگی مایسی ١٩٨٩، ٢٨ لاپەڕە.

Kurder i Spanga
کوردەر ئی سپۆنگا « کورد لە سپۆنگا»

سپۆنگا ناوی گەڕەکێکە لە سنۆکهۆڵم.

ئەم گۆڤارە کۆمەڵەی کوردی لە سپۆنگا دەری کردووە، یەکێکە لە گۆڤارە دەوڵەمەندەکان بە هەواڵ و بابەتی کولتووری تایبەت بە کورد و کوردستان. لە بواری تایپ و دیزاین و بڵاوکردنەوەی وێنەدا سوودی لە ئامێرە پێشکەوتووەکانی تەکنۆلۆجیای چاپ بینیووە. لە قەبارەی A4 دایە. لە ژمارە ٣-وە مەحموود لەوەندی دەبێتە بەرپرس و ئامادەکەری گۆڤارەکە. من ئەم سێ ژمارەیەم لێ بینیووە و نازانم ئایا ژمارەی دیکەی لێدەرچووە یان نا!؟

ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٠،.... لاپەڕە.
ژمارە ٢، ساڵی ١٩٩٠، ١٦ لاپەڕە.
ژمارە ٣، ساڵی ١٩٩١، ٢٤ لاپەڕە.

KURDISTAN
کوردستان

ئەم گۆڤارە لە لایەن کۆمیتەی سوید بۆمافەکانی خەڵکی کورد دەرچووە، سەرنووسەر کوردۆ باکسی بووە. یەکەمین ژمارەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەباری چاپ و ناوەڕۆکدا یەکێکە لە گۆڤارە دەوڵەمەند و سەرکەوتووەکان، لە باری چاپیشدا سوودی لە ئامێرە پێشکەوتووەکانی چاپ و چاپخانەدا بینیووە، وێنەی بڵاوکردۆتەوە و لە قەبارەی A4 دایە. من ئەم ژمارانەم لێ بینیووە. بەڵام وەک زانیاری زێدەتر تا ساڵی ١٩٩٥ شانزدە ژمارەی لێدەرچووە.

ژمارە ١، ساڵی ١٩٩١، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ١، ساڵی ١٩٩٢، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ٣، ساڵی ١٩٩٢، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ٤، ساڵی ١٩٩٣، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ٣-٤، ساڵی ١٩٩٤، ٣٦ لاپەڕە.
ژمارە ٢-٣، ساڵی ١٩٩٥، ٣٦ لاپەڕە.

KURDISTAN RAPORT
کوردستان ڕاپۆرت

ئەم گۆڤارە کۆمیتەی کوردستان بە زمانی سویدی دەریکردووە، بەرپرسیار مەسعوت کۆج بووە و دەستەی نووسەرانیشی لە چەندان کورد و سویدی پێکهاتبوو. زیاتر

KURDISTANS STUDENTFÖRENING I UTLANDET
-SVENSKA SEKTIONEN-

گرنگی بە هەواڵ و چالاکییەکانی کوردی باکوور داوە، لە قەبارەی A4 دایە و لە باری چاپدا سوودی لە ئامێری پێشکەوتووی نەکنۆلۆجیا بینووە و ناوەڕۆکەکەشی دەوڵەمەندە بە هەواڵ و وتار و لێکدانەوەی سیاسی و وێنەشی بڵاوکردۆتەوە، وەک لە ژمارەکانیدا نووسراوە؛ « سااڵنە پێنج ژمارەی لێدەردەچێت». من ئەنیا ئەم ژمارانەم لێ بینیووە؛

ژمارە ٣، ئەموزی١٩٩٢، ..... لاپەڕە.
ژمارە ٤، ئۆکتۆبەری١٩٩٢، ٢٤ لاپەڕە.
ژمارە ٦، مارتی١٩٩٣، ٢٨ لاپەڕە.
ژمارە ٧، مایسی ١٩٩٣، ٢٨ لاپەڕە.
ژمارە ٢٠، مارتی ١٩٩٦، ٢٤ لاپەڕە.

ROJA KURDISTAN، KURDISTANS SOL
رۆژا کوردستان، کوردستانس سول

گۆڤارێک بووە هەیڤا سۆرا کوردستان بە زمانی سویدی دەریکردووە. دەسنەی نووسەرانی لە چەند کەسێکی کورد و سویدی پێکهاتبوو. لە باری چاپ و فۆرمدا یەکێکە لە گۆڤارە پێشکەوتووەکان. لە ناوەڕۆکیشدا بابەتی سوودمەندی بڵاوکردۆتەوە. لە قەبارەیA4 دایە. سااڵنە چوار ژمارەی لێدەرچووە. من ئەم ژمارانەم لێ بینیووە؛

ژمارە، ١، ١٩٩٤، ١٦ لاپەڕە.
ژمارە، ٢، ١٩٩٤، .... لاپەڕە.
ژمارە ٥، ١٩٩٦، ٢٠ لاپەڕە.
ژمارە ٩، سااڵنی ١٩٩٧، ٢٤ لاپەڕە.

Kurdisk kvinnobulletin JIN
ژن کوردیسک کۆینۆبولەتین

بڵاوکراوەی یەکێتی ژنانی کوردستان لە سوید بووە. بە خوێندنەوەی بابەتەکانیدا دەردەکەوێت گۆڤاری ژنی کورد بووە، بە ئایبەتیش لە ئاراوگەدا. لە باری فۆرمدا یەکێکە لە گۆڤارە سەنگین و دیارەکانی میژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە ئاراوگەدا. لە کاتی پۆلێن کردنیشدا بە رۆژنامەگەریی ئایبەتمەند جیادەکرێتەوە. قەبارەکەی A4. من ئەنیا ئەم سێ ژمارەیەم لێ بینیووە، کە ژمارە ٢-٣ لە دووبۆتی یەک بەرگدایە. بونیە جگەرخوین بەرپرسی گۆڤارەکە بووە و چەندان ژنی دیکەش لە دەسنەی نووسەراندا ناویان هاتووە؛

ژمارە ١، سااڵنی ١٩٩٤، ٣٢ لاپەڕە.
ژمارە ٢-٣، سااڵنی ١٩٩٤-١٩٩٥، ٧٦ لاپەڕە.**هەروەها..ئەم رۆژنامە و گۆڤارانەش!**

لەکاتی لێکدانەوە و نووسین و بەدواداچوون و ساغکردنەوەدا، وەک رێبازێکی زانستی پێویستە سەرچاوەکان لەبەردەستدابن نەک پشت بە حکایەت و گێڕانەوە ببەسترێت. ناوهێنان و ناودێرکردنی ئەو بڵاوکراوە و رۆژنامە و گۆڤارانەی کە لە چەند دێڕی رابردوودا باسم کردوون زۆربەیان لە کتێبخانەکەمدا دەست دەکەون یاخود بینیومن. ئەوەی لێرەدا مەبەستمە هەڵوەستەی بۆ بکەم، دەمەوێت کۆمەڵێک گۆڤار و بڵاوکراوەی دیکە ریزبەند بکەم کە لە رێگای کەنەڵۆگی کتێبخانەی کوردی لە سنۆکهۆڵم ناونووسم کردوون، هەر بۆیە ببوورن نائوانم زانیاری ورد دەربارەیان بنووسم:

Renasi
رێناسی

لە لایەن پرۆژەی کوردی لە ئێنسنا و رینکەبی سااڵنی ١٩٨٤ بە زمانی کوردی و سویدی دەرچووە. ژمارە ١ و ژمارە ٢ سااڵنی ١٩٨٤ دەرچووە. گرنگی بە بڵاوکردنەوەی زانیاری بۆ پەنابەری کورد داوە، « ئێنسنا» و « رینکەبی» دوو گەڕەکن لە سنۆکهۆڵم.

SLAGBORREN
سلاگبورن

سااڵنی ١٩٨٤ لە شاری سنۆکهۆڵم لە لایەن پرۆژەی کوردی بە زمانی سویدی دەرچووە.

SVART VITT
سڤارت ڤیت « رەش و سپی»

دەکرێت گۆڤارێکی وەک سڤارت ڤیت بخرێنە چوارچێوەی ئەم باسە، چونکە لە زۆر بوار و باردا گرنگی بە کوردی دانیشتووی

سوید داوە و هەواڵیداوە تا ئاسێنک کێشەی کورد بە رای گشتی سویدی بناسێنێت، ئەم گۆڤارە سەرنووسەرەکەی کوردۆ باکسی - یە. ژمارە ١ لە ساڵی ١٩٨٦ دەرچووە و تا ساڵی ٢٠١٢ بەردەوام بووە، ساڵانە چوار ژمارەی لێدەرچووە. بەڵام لەو ٢٦ ساڵەدا بۆ ماوەیەک وەستاوە و دەرنەچووە.

Kurdistan info

کوردستان ئینفۆ

ساڵی ١٩٨٦ بە زمانی سویدی لە ستۆکهۆڵم لە لایەن کۆمەڵەی کاری سویدی- کوردی « کۆمکار- سوید» دەرچووە. زیاتر گرنگی بە بڵاوکردنەوەی وتاری سیاسی و زانیاری سەبارەت بە کورد و کولتوور و مێژووی کورد و هەواڵ و راپۆرتە هەواڵ داوە.

Kurdernas Vanner

برادەرانی کورد « کوردارنەر ڤێننەر»

بە زمانی سویدی و لە شاری یۆنۆبۆری دەرچووە. بۆریە ئێکفۆش سەرپەرشتی دەرچوونی کردووە. بە هەمان ناو لە ساڵی ١٩٨٨ لە شاری ستۆکهۆڵم-یش بڵاوکراوەیەکی دیکە دەرچووە، بەڵام ئەم بڵاوکراوەیە لە لایەن کۆمەڵەی هاوڕێیانی کورد لە ستۆکهۆڵمی گەورە دەرچووە. ئەگەرچی ئەوان بۆ وشەی« ڤێننەر» وشەی « برادەر» یان داناوە، بەڵام من وشەی « هاوڕێ»م پێ گونجاوترە... هەروەها لە دێرەکانی پێشووشدا باسی رۆژنامەیەکی دیکەم کرد بە ناوی «کوردارنەر ڤێننەر ئی سڤاریا».

BUDSKAP

بودسکاب

سەرنووسەری ئەم بڵاوکراوەیە تا. هەورامی» ئاهیر هەورامی» بووە. ساڵی ١٩٨٩ لە کارلسکروگە بە زمانی سویدی دەرچووە.

AVESTA

ئاڤێشتا

ساڵی ١٩٩٠ لە ستۆکهۆڵم بە زمای سویدی دەرچووە. تا. یوسف ئەردەم سەرنووسەری بووە.

Didar

دیدار

بە زمانی کوردی و سویدی ساڵی ١٩٩٢ لە لایەن یەکێتی لاوانی کوردی لە سوید دەرچووە.

SOSYALDEMOKRAT

سۆسیال دیموکرات

لە لایەن مەعروف یەلماز بە زمانی کوردی و سویدی لە ستۆکهۆڵم دەرچووە. تا ژمارە ١١ی بینراوە، بەڵام نازانم ئایا ژمارەی دیکەی لێدەرچووە، یان نا!

KURDISTAN REVIEW

کوردستان ریڤیو

ساڵی ١٩٩٣ بە زمانی سویدی لە ستۆکهۆڵم دەرچووە.

Nor

نور

لە شاری یۆنۆبۆری لە لایەن کۆمەڵەی کوردی ئیسلامی ساڵی ١٩٩٣ بە زمانی سویدی دەرچووە. نازانم چەند ژمارەی لێدەرچووە، وەک لە ناوەکەیدا دەردەکەوێت رەنگە گۆڤارێکی ئیرشادی و بانگەوازیی بێت.

Chirakhan

چراخان

یەکەمین ژمارەی ساڵی ١٩٩٥ دەرچووە. لە زۆربەی ژمارەکانیدا لاپەرەیێکی بۆ زمانی سویدی ئەرخانکراوە. لە شاری مالمێ دەرچووە.

JINDAN

ژیندان

بە زمانی کوردی و سویدی دەرچووە، دەزگای چاپەمەنی ژیندان ساڵی ١٩٩٦ دەری کردووە.

کوردستان

ئەم گۆڤارە لە لایەن کۆمیتەی سوید بۆمافەکانی خەڵکی کورد دەرچووە، سەرنووسەر کوردۆ باکسی بووە. یەکەمین ژمارەی لە مانگی کانوونی یەکەمی ساڵی ١٩٩١ چاپ و بڵاوکراوەتەوە. لەباری چاپ و ناوەرۆکدا یەکێکە لە گۆڤارە دەوڵەمەند و سەرکەوتووەکان

دۆستایەتی

لە شاری سالا لە لایەن کۆمەڵەی کوردی ساڵی ١٩٩٨ بە زمانی کوردی و سویدی دەرچووە.

ARARAT

ئارارات

کۆمەڵەی کوردی لە شاری ئیکلسوئونا ساڵی ١٩٩٨ بە زمانی کوردی و سویدی دەری کردووە.

دراسات کوردستانیە

لە شاری ئوپسالا دەرچووە، بە زمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی سویدی بابەتی بڵاوکردۆتەوە. سەرنووسەرەکەی د. خالد بووە. ژمارە ١ ساڵی ١٩٩٩ دەرچووە و تا ساڵی ٢٠٠٨ بەردەوام بووە.

هەواڵنامەی کێبڕکێ



گۆڤاری زانیاری

بیبلیۆگرافیا و هەڵسەنگاندن

عەبدولخالید سابیر
مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەری بواری میژوو و ڕاگەیاندن

بە هەڵدانەوەی لاپەڕەکانی میژووی ڕۆژنامەوانی کوردی، بابەتی زانست و زانیاری لە چەند لاپەڕەی هەندێک ڕۆژنامە و گۆڤاردا دەکەوێنە بەرچاو، وەک لە ڕۆژنامەی ژین، گۆڤاری گەلاوێژ و چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی دیکە. ئاشکرایە، گەلان بایەخی زۆریان بەم بوارە داوە و بەردەوام بابەتییان لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانییان، تەنانەت ڕۆژنامە و گۆڤاری تەرخانکراویان بۆ ئەو بوارە خستۆتە بەر دیدی خوێنەران، هەر بۆیە زانستخوازانی کوردیش لە ملاو لەولای کوردستان گرنگییان بە بڵاوکردنەوەی ئەو بوارە داوە و بە پێی ئوانایان درێخیان نەکردووە، بەڵام بەهۆی نەڕەخسانی دەرفەتی گونجاو بۆیان نەیانتوانیوە گۆڤارێکی سەربەخۆ و ئایبەت بە زانست و زانیاری ئاکو ساڵی 1971 دەربکەن. لەو ساڵەدا گۆڤاری (زانیاری) لەلایەن ژمارەیەک دکتۆر و ئەندازیار و مامۆستا و کەسانی شارەزا لە بواری زانست لە کوردستانی باشووردا بێنە بەرهەم. پێم وایە ئەو گۆڤارە، ئاکە گۆڤارێکی زانیاری سەربەخۆیە، کە لە سەرانسەری کوردستاندا دەرچووێندرابێت. ئەگەرچی ئەم گۆڤارە لە کاتێکی درەنگ وەختدا دەرکرا، دیارە ئەوەش بۆ بارودۆخی ناجێگیری ئەو بەشەی کوردستان دەگەڕێنەوە، بەڵام بۆ ئەو کاتانە، کارێکی نوێ بوون، هەر وەک ئەوەی لەلاپەڕە (3 – 6)ی ژمارە (1)ی ئەو گۆڤارەدا، لە ژێر ناوونیشانی (ئامانج و ڕێ و شوێنی گۆڤاری زانیاری) خراوەتە ڕوو. لەسەر هەر شەش بەرگی گۆڤارەکەدا نووسراوە «گۆڤارێکی زانستی گشتی یە». لە ژمارە (1، 2، 3)دا، خاوەن ئیمتیازی (دکتۆر عەزیز ئەمین و ئەلعەت نادر) بوون، سەرۆکی لێپرسراوی نووسین (نووری ئەمین) و سکرتێری نووسین (دکتور ساماڵ مەجید فەرج) و دەستەی

نووسەران: دکتۆر جوامێر مەجید، دکتۆر دارا ڕەشید جـودەت، دکتۆر صەلاح حەفید، دکتۆر ئارق عمادی بوون، هەر (6) ژمارەکە، لە چاپخانەی (دار السلام) لە بەغدا لە چاپدراوە. لە ژمارەکانی (4، 5)دا، خاوەنی گۆڤارەکە (دکتۆر عەزیز ئەمین) و سەرۆکی لێپرسراوی نووسین (نـوری ئەمین) و سکرتێری نووسین (دکتۆر سامآڵ مەجید فەرج) بوون، بەڵام ناوی دەستەی نووسەران نەهاتووە. لە ژمارە (6)دا گۆڕانکارییەک هاتۆتە ئاراوە، خاوەنی ئیمتیاز بۆتە دوان بەناوەکانی (دکتۆر عەزیز ئەمین) و (ئەلعەت نادر) و سەرۆکی لێپرسراوی نووسین (دکتۆر سامآڵ مەجید فەرج)ە. بابەتەکانی هەر (6) ژمارەکە جۆراوجۆرن و بەگشتی ئەم بابەتانە دەگرنەوە:

-1 کشتوکاڵ -2نـەوت -3کیمیا -4 زمـان بە گشتی و زمانی کـوردی بەتایبەتی -5ئـابـووری -6ئەندروسی -7کـۆمـپـیـوتـەر -8دەرمـانـسـازی -9زەوییناسی(جیۆلۆجیا) -10فیزیکی -11گـەردوون -12ئـامـێـرە گرنگەکان لـەوانـە (رادار چـاپ) -13جوگرافیا -14پیشەسازییەکان -15 مائمانیک (بیرکاری) -16کارەبا -17گەورەپیاوانی زانیاری (زانایانی زانست و زانیاری) -18فەرهەنگی زانیاری -19 دەنگوباسی زانیاری -20ژینگە.

هەروەها چەند بابەتێکی دیکەی وەک سیاسی ئیادا بڵاوکراوەتەوە، وەک لە ژمارەکانی (2-3)دا، لە پاڵ ئەوانەشدا بابەتی (زانـیـاری و خـوێـنـدەوارانـی) بڵاوکراوەتەوە.

قەبارەی هەرێەکی لەو (6) ژمارەیە 24×15ســم، بـەر لـەوەی بچمە نێو بیبلیۆگرافیای هەر ژمارەیـەک، لەبەر زۆری دووبارەبوونەوەی هەندێک وشە، وام بەباش زانی لەبری ئەو وشانە، هێما دابنێم، بەم جۆرەی خوارەوە:

ب: بابەت

ئا: ئامادەکردنی

و: وەرگێر

ن: نووسەر

ل: لاپەڕە

د: دکتۆر

م: مامۆستا

دە: دەستەی نووسەران.

هەروەها ناوونیشانی بابەتەکانم وەک خۆی داناوەتەوە.

ناوونیشانی بابەتەکان و نـاوی نووسەرەکەی یان وەرگێڕەکەی وەک خۆی داناوەتەوە.

ژمارە (1)، لە سەرماوەزی 2670ی کـوردی ڕێککەوتی ئۆکتۆبەری 1970 دەرچووە.

ل3-6: دە: ئامانج و ڕێوشوێنی گۆڤاری زانیاری.

ل7-17: ن. د. عەزیز ئەمین، پیشەسازی شەکر.

ل18-23: و. (د.ع)، گەنمی کوردستانی عێراق. ئەو هێمایە بۆ دکتۆر عەزیز ئەمین دەگەڕێنەوە.

ل24-47: ن. د.سـامـآڵ مەجید، پترۆڵ لە عێراقدا.

ل48-54: ن. د. پاکیزە ڕەفیق حیلمی، زمانی پەسەند کراو.

ل55-61: ن. محەمەد ڕەسـول هاوار، ئوتن لە کوردستان.

62-70: ن. د. ئارق عمادی، یودو ئەندروسێیی ئادەمیزاد و ئاژەڵ.

ل71-76: ن. د. خالد دەبـاغ، گیاکەڵە ((گورگە)).

ل77-81: ن. نوری ئەمین، زانیاری ئابووری.

ل82-88: ن. فـائـق هۆشیار، لـێـدوانـێـکـی یـاسـاسـیـی دەربـــارەی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ.

ل89-97: ن. محەمەد فـەرج، سەرەتایەکی گشتی لـەبـارەی ئالیکی ئاژەڵیەوە.

هەرچەندە ئەم گۆڤارە وەرزی بووە، کە لە ساڵی یەکەمیدا (1971)، چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ساڵی دووەمیدا (1972)، تەنیا ژمارە (5) و لە ساڵی 1973دا ژمارە (6)ی لێ بڵاوکراوەتەوە

ل98-99: و. گۆران، گەورە پیاوانی زانیاری (ئانیشتاین).

ل100-109: ن. جەمال بابان، ئەم ناوانە لەچی یەوە هاتوون.

ل110-114: ن. د.ئـەحـمـەد عوسمان، بیبلیۆگرافیایی زانستی کوردی.

ل115-120: ن. فەرەیدون ڕەفیق حلمی، کۆمپیوتەر.

ل121-124: ن. بـاوکـی نـارا، دەرمانی ناومآڵ.

ل125-127: ن. ئەلعەت نـادر، فەرهەنگی زانیاری سیاسەت و یاسا.

ل128-130: دەنگ و باسی زانیاری

ل131-133: پرسیار لەخوێندەواران لەبارەی گیروگرفتی نووسینی کوردیەوە.

ژمـــارە(2)ی ســاڵـی 1971، ئەم بابەتانەی لەخۆگرتووە.

هەوڵنامەی کتێب

بەو پێیەبێت، تەنیا لە ساڵی یەکەمیدا بە تەواوی چوار ژمارەی لێدەرکراوە، بەڵام لە ساڵی دووەمیدا و لە لاپەڕە (3)دا، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، ئاماژەیان بەوەداوە، نە دەبوایە لەکاتی خۆیدا، ئەم ژمارەیە دەربکرایە و بەهۆی ئەگەری چاپ و گەڵێ تەگەرەی دیکەشەوە کەوتە دوای وەرز

ل3: دە، وتاری زانیاری.
ل4–11: ن. د. ئاریق عمادی، گلی کوردستان و گیروگرفتی.
ل12–15: ن. ئەندازیار نەوزاد عومەر، زانیاری و ڕێکەوت.
ل16–21: ن. د.جەمال ڕەشید، نەخۆشی سیبل.
ل22–27: ن. د.زەنوون پیریادی، پێشەکیەک دەربارەی کیمیای پولیمەر.
ل28–40: ن. د.جوامێر مەجید سەلیم، گەشتێ بۆ ئاسمان.
ل41–55: ن. د. سامال مەجید فەرەج، پیشەسازی هۆی دواکەوتنی و ڕێگای پەرەپێدانی.
ل56–61: ن. د. عەلی عەبدولکەریم، گەردوون.
ل62–65: ن. د. دارا ڕەشید جەودێ، رادار.
ل66–72: ن. فائق هۆشیار، لێدوانێکی یاسایی دەربارەی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ.
ل73–78: م. غەفور عەزیز، ئیکنولوجی کیمیا.
ل86–97: ن. مسنەفا مەجید، مێژووی زەوی و زار لە کوردستاندا.
ل98–101: ن. د. حکمەت ئۆفیق فکرەت، خواردەمەنی و ڤیتامین.
ل102–103: و. گۆران، گەورە پیاوانی زانیاری (ئەدیسۆن).
ل104–106: ن. ئەلعەت نادر، کۆمەڵی نەتەوە یەکگرتوەکان دامەزراندنی و ئامانجەکانی.
ل107–112: زانیاری و خوێندەوارانی.
ل113: ن. ئا.عەزیز، وەرامی ئەم پرسیارانە.
ل14 دە. بڕیاردان لەسەر شێوەی نوسینی کوردی لەلایەن کۆمەڵێکی ئایەتی لە شارەزایان.
ل115–117: ن. د. ئەحمەد عوسمان، بیبلۆگۆرافیایی زانستی ی کوردی.

لە ژمارە(3)ی ساڵی 1971، ئەم بابەتانە هاتووە.
ل3–5: ن.
ل6–16: د.ناجی عەباس، جوگرافیەی مرۆڤ.
ل17–22: ن. د.کەمال حسین، نەخۆشی سەرەتان.
ل23–26: ن. مکەڕم ئاڵەبانی، دەرەبەگێتی لە کوردستان.
ل27–34: ن. د.زەنون پیریادی، مێژووی زانیاری ی کیمیا.
ل45–48: ن. مسنەفا مەجید، مێژووی زەوی لە کوردستان.
ل49–53: ن. ئەندازیار نەوزاد عومەر، دەستمان گرتووە بەسەر وزەدا.
ل54–62: و. دیار، گۆتنبوورگ و چاپ.
ل63–68: و. د.حیکمەت ئۆفیق فکرەت، خواردەمەنی و ڤیتامین.
ل69–71: ن.نوری مەجید سەلیم، فاکسمیل.
ل72–81: و. هاوار، پارێزگاری و بووژاندنەوەی دارستانەکانی کوردستان.
ل82–90: ن. فایەق هۆشیار، لێدوانێکی یاسایی دەربارەی یاسای نوێ ی چارەسەرکردنی کشتوکاڵ.
ل91–101: ن. مەحمود نوری قەرەداغی، بەرگری ئەلەکترۆنیک.
ل102–103: و. گۆران، گالیلو.
ل104–105: و. سالار ئەمین، درێژترین کەس لە جیهاندا.
ل106–107: بۆ زاخاوی مێشک
ل108–112: پرسیار و وەرام.
ل113–116: زانیاری و خوێندەوارانی.
ژمارە (4)ی سەرماوەزی 1971. بابەتەکانی ئەم ژمارەیە بریتین لە:
ل3–4: ن. دە. وتاری زانیاری
ل5–9: ن. ئەندازیار نەوزاد عومەر، من چیم؟
ل10–15: ن. د.هاشم دۆغرەمەچی، نەخۆشی کۆرۆ نۆری.
ل16–24: ن. کەمال فوئاد، زاراوەکانی زمانی کوردی.
ل25–32: ن. کەمال جەلال غەریب، کیمیای ژیان.
ل33–41: ن. ئەندازیارێک، دابڕکردنی گەرمای خانوو.
ل42–49: ن. د. خالید دەباغ، هەندێ لەو نەخۆشیە زیان بەخشانەی ئووشی ئووتن ئەبن لە عێراقدا.
ل50–56: ن. د.زەنون پیریادی، کیمیاوی ڕەچەڵەک.
ل57–71:. مەسعود مەحمەد، ((کۆڕی زانیاری کورد)) چۆن ئەم ناوەی وەرگرت؟
ل72–85: ن. نوری ئەمین، چۆن لێکۆڵینەوە ئامادە ئەکەین بەشێوەیەکی

زانایانە؟

ل86–90: ن. عادل جەلال، سابوون و دیزجنێ.

ل91–98: ن. د.عەزیز ئەمین، ئۆنۆم و وزە.

ل99–104: ن. غەفور عەزیز، شۆینی کوردستان لەزەمیندا.

ل105–106: ن. گۆران، چیرۆکی زانیاری ئەدیسۆن.

ل107–109: زانیاری و خوێنەرانی.

ژمارە (5) ساڵی دووەم، پوشپەڕ (مایس)ی 1972. ئەم بابەتانەی لە خۆ گرتووە.

ل3: دە. وتاری زانیاری.

ل5–13: ن. د.حیکمەت ئۆفیق فکرەت، ژاراوی بوون بەدەرمان و ماددەی کیمیاوی.

ل14–16: ن. د.ئەحمەد عەلی عوسمان، نەخۆشی پووک.

ل17–25: ن. د.کەمال فوئاد، بەراوردێک لەنێوان زمانی نووسینی کوردی ی ڕۆژاوای ((جەزیری)) و زمانی نووسینی کوردی ڕۆژهەڵاتی ((سلێمانی)) دا.

ل26–33: ن. د.زەنون پیریادی، ئێڵ. ئێس. دی گیروگرفتی لاوانی ئەمەریکایە.

ل34–40: ن. ئەندازیار بەکر دلێر، ئاوای ژێر زەوی.

ل41–50: ن. ئەندازیار مەحمود نوری قەرەداغی، ئرانزستۆر.

ل51–57: ن. د.عەزیز ئەمین، شەکر لە لەشی مرۆڤدا.

ل58–66: ن. ئاهیر ئیسماعیل صالح، دارستانی بەرئاو لە هەرێمی باکوور.

ل67–69: ن. سەردار عەبولڕەحمان ئەمین، نەخۆشی ئەنیمیا.

ل70–73: ن. غەفار کەریم محەمەد، نەوت ((پیترۆڵ)).

ل74–77: ن. ب.ب.کۆدیا ننسیف، گەورە پیاوانی زانیاری ((میخائیل فابیلیڤیچ لۆمۆنۆسۆف)).

ل78–85: ن. ڕەشید هەورامی و ئەکرەم قەرەداغی، دەرمان گرتنەوە لە کوردستان.

ل86–89: ن. محەمەد قادر محی الدین، دەرچە ((صمام)).

ل90–93: پرسیار و وەرام

ل94–95: زانیاری وخوێندەوارانی.

ژمارە (6)، ئۆکتۆبەری 1973. لەم ژمارەیەدا کە دوا ژمارەی ئەم گۆڤارەیە، ئەم بابەتانەی ئیادا بڵاوکراوەتەوە.

ل3–5: ن. دە، وتاری زانیاری.

ل6–15: ن. د.عەبدولقادر شاڵی، لەرزۆنا.

ل16–18: ن. ئەندازیار نەوزاد عومەر، ئەو پیاوەی لە منارەکانی کەنجیرە.

ل19–27: ن. د.جەلال ئۆفیق، ڤیتامین.

ل28–32: ن. ئەندازیار محەمەد جەزا فەقێ حەسەن، کۆنکرێتی سووک.

ل33–43: ن.ئەندازیار مەحمود نوری قەرەداغی، کارکردنی کارەبا لەلەش.

ل44–49: ن. د.عەزیز ئەمین، کیمیای ئۆرگانیک.

ل50–55: ن. د.محەمەد عەقراوی، دەربارەی چارەسەر کردنی کشتوکاڵ.

ل56–59: ن. غەفور عەزیز، ڕەنگی ئاسمان.

ل60–65: ن. ئاهیر ئیسماعیل ساڵح، دار گوێز لە کوردستاندا.

ل66–75: ن. د.سامان مەجید فەرەج، هەرەوەزی کشتوکاڵ لە کوردستاندا.

ل76–83: و. د.ڕزگار قادر، دۆزینەوەی پەنسلین.

ل84–87: ن. عەبدولوهاب سەراج، مائمائیکی نوێ.

ل88–90: و. کەمال میراودەلی.

ل91–93: ن. د.نزار شەریف، گەورە پیاوانی زانیاری ((ڕۆزەر فۆرد)).

ل94–97: دەنگوباسی زانیاری.

ل98–100: زانیاری و خوێندەوارانی.

ل101 : ووشەی کوردی مان ئەوێ بەرامبەر بەم ووشە عەرەبی یانە.

ل102–103: فەرهەنگی زاراوەکان.

لە لاپەڕە(104–107)، بابەتەکانی پێنج ژمارەی پێشووی لە خۆگرتووە، کە دیارە دەسنەی نووسەران ئەو کارەیان کردووە، بەڵام زانیاری زیاتریان لە بارەیەوە نەخستۆتە ڕوو.

سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە، بەڵام لە ڕووی ڕێنوسی نووسینی هەندێک وشەوە بە هەڵە نووسراوە، لەوانە وشەی (ئاژاڵ)، کە ڕاستیەکەی (ئاژەڵ) زانیاری خوێندەوارانی ڕاستە زانیاری و خوێندەوارانی (هەر چەندە ئەنیا لە ژمارە (4)دا بە دروستی نووسیوانە، لەبری گەورە پیاوانی

سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە، بەڵام لە ڕووی ڕێنوسی نووسینی هەندێک وشەوە بە هەڵە نووسراوە، لەوانە وشەی (ئاژاڵ)، کە ڕاستیەکەی (ئاژەڵ) زانیاری خوێندەوارانی ڕاستە زانیاری و خوێندەوارانی

هەولێر کتێب

زانیاری

سەرجەم قۆناغەکانی خوێندندا، دیارە ئەوەش بۆ ئەوە دەگێڕێنەوە، کە نووسەران و وەرگێڕانی ئەو بابەتانە زۆرینەیان هەڵگری بڕوانامەی (دکتۆر) و (دکتۆرا) و ئەنانەت (ماستەر)یشی ئیادایە، لەوانە (ئەلعەت نادر)ە، کە خاوەن بڕوانامەی ماستەرە لە یاسادا، وێڕای ئەوانە، کەسانی ئەندازیار و مامۆستا و شارەزا لە بواڕێکی ئایبەتیان ئیادایە، لە نموونەی ئەوانە (مستەفا مەجید)ە، کە شارەزاییەکی ئەواوی لە بواری یاسای زەویوزار و ئاپۆدا هەیە و لەو بارانەوە دەیان وتاری بە زمانی عەرەبی لە گۆڤارەکانی ئەو دەمەی عێراق و ئەنانەت دەروەشیدا بڵاوکردۆتەوە، ئەمەو سەرباری چەندین کتێبی لەو بوارانەدا داناوە، هەروەها کەسێکی وەک مامۆستا (کەمال جەلال غەریب)، کە لە ساڵانی شەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، لەچەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکدا، بابەتی زانست و زانیاری بڵاوکردۆتەوە، کە دوای لە کارکەوتنی ئەو گۆڤارەلە دەرچوونی فەرهەنگی زانیاری لە (3) بەرگدا لە ماوەی چەند ساڵێکدا بە چاپ گەیاند و دوای ئەوەش چەندین کتێبی لە و بوارەدا بڵاوکردەوە، لەوانە (فەرهەنگی زانیاری وێنەدار). نامەوێت زیاتر لەسەر ئەو چەند کەسایەتییە خاوەن قەڵەم بەبڕشتانە بدوێم، دەتوانین بڵێین، ئەم گۆڤارە کەلەبەرێکی لە بواری ڕۆژنامەوانی کوردی و کتێبخانەی کوردی پڕکردۆتەوە، کە بووە ڕێگاخۆشکارێک بۆ دوای خۆی، بۆ ئەوەی شارەزایانی بواری زانست و زانیاری بتوانن گۆڤاری لەو جۆرە و ئەنانەت فراوانتریش دەربکەن. هەروەها لایەنێکی ئەو گۆڤارە لەوەدا خۆی دەبینێتەوە، کە بۆ ئەو دەمانە کارێکی نوێبووە، ئەویش ئەوەیە، پاڵ هەندێک بابەتدا، ڕوونکردنەوەی بە شێوەی وێنە و هێڵکاری خستۆتە ڕوو، بۆ نموونە لە ژمارە (1) و لە لاپەڕە (117 و 118) دا، لە بابەتی (کۆمپیوتەر)دا، هێڵکاری شێوازی پێکهاتە و کارکردنی ئەو تامێرەی خستۆتە بەردیدەی خوێنەران.

هەرچەندە ئەم گۆڤارە وەرزی بووە، کە لە ساڵی یەکەمیدا (1971)، چوار ژمارەی لێ بڵاوکراوەتەوە، بەڵام لە ساڵی دووەمیدا (1972)، ئەنیا ژمارە (5) و لە ساڵی 1973دا ژمارە (6)ی لێ بڵاوکراوەتەوە، لە دواژمارەیدا ئاماژەی بەوە نەداوە، کە لە دەرچوواندنی دەوەستێت، بەڵکو لە لاپەڕە (107) دا، مامۆستایانی زانکۆی سلێمانی بڵاوکردۆتەوە و داوای ناردنی بابەتی لێکردووین بە مەبەستی پێشخستنی زانست و بڵاوکردنەوەی لە وڵاتەکەماندا.

بەو پێیەبێت، ئەنیا لە ساڵی یەکەمیدا بە ئەواوی چوار ژمارەی لێدەرکراوە، بەڵام لە ساڵی دووەمیدا و لە لاپەڕە (3)دا، دەستەی نووسەرانی گۆڤارەکە، ئاماژەیان بەوەداوە، نە دەبوایە لەکاتی خۆیدا، ئەم ژمارەیە دەربکرایە و بەهۆی ئەگەری چاپ و گەلێ ئەگەرەی دیکەشەوە کەوتە دوای وەرز، دیارە ئەم گۆڤارە ڕووبەڕووی کەمی دارایی بۆتەوە، بۆ پشڕاستی ئەم بۆچوونە، ئەوەتا لە لاپەڕە (93)ی هەمان ژمارەی ئەوساڵەدا، سوپاسێکی گەرم ئاڕاستەی کۆڕی زانیاری کورد دەکات، کە بڕی 200 دیناری بەخشیوەتە ئەم گۆڤارە. ئەم حاڵەتی کەموکوڕی دارایی ڕووبەڕووی چەند ڕۆژنامە و گۆڤارێکی ئەو دەمانە بۆتەوە، بۆیە لە پڕێکدا لە دەرچوون وەستاون، هەرچەندە لەو لاپەڕەیەدا، پەنجەش بۆ ئەوە ڕاکێشراوە، (هەرچەند ئەگەرەی زۆریشی بێتەڕێ)، پێویستە هەر دەربچێت، بەڵام دیارە ئەو ئەگەرانە چارەسەر نەکراون لە ساڵی سێیەمیشدا ئەنیا ژمارە (6)ی لێدەرکراوە. هەر چۆنێک بێت، ئەم گۆڤارە ئوانی خزمەتێک (ئەگەر کەمیش بووبێت)، لە زانست و زانیاری بە خوێنەرانی بکات و ببێتە ئەستێرەیەکی درەوشاوەی زانست و زانیاری لە ڕۆژنامەوانی کوردییدا.

م . کاروان محەمەد
ماستەر لە راگەیاندن و مامۆستای بەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی

دەرکەوتنی تەلەفزیۆن لە عێراقدا

دەرکەوتنی ئەلەفزیۆن لە عێرقدا بە هۆکارێکی گرنگی سەرهەڵدانی دراماى ئەلەفزیۆنی دادەنرێت. مێژووی دەرکەوتنی یەکەم کەناڵی ئەلەفزیۆنی عێراقی دەگەڕێنەوە بۆ ساڵی 1956 کە لە بەغدای پایتەخت دامەزراوە، عێراق یەکەم وڵاتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبییە کە ئیستگەی ئەلەفزیۆنی تێدا دامەزراوە. ساڵی 1976 پەخشی رەنگاوڕەنگی بەخۆوە گرتووە، هەروەها ساڵی 1967یش بۆ یەکەمجار ئەلەفزیۆنی کوردی لە کەرکووک کراوەتەوە، ئەمەش بە سەرەتای دامەزراندنی ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت، ئەگەرچی لەلایەن رژێمەوە بوو، بەڵام هەندێ خزمەتی پێشکەش بە هونەر و ئەدەب و فۆلکلۆر و دراماى کوردی کرد. ئەم ئەلەفزیۆنە ناکو روخاندنی رژێمی صەدام بەردەوام بوو. لە نێو ئەم ئەلەفزیۆنانەی عێراقدا چەندین ئامێری ئەکنیکی و کارمەندی هونەری بوونیان هەبووە و رۆڵیان لە بەرهەمهێنانی بەرنامەکانی ئەلەفزیۆندا هەبووە.

دامەزراندنی ئەم کەناڵە ئەلەفزیۆنیانە و دەرچوونی بەیاننامەی 11ی ئاداری ساڵی 1970 دەروازەیەکی نوێی وڵای خستە بەردەم رۆشنبیری و هونەرمەندی کوردەوە. کە بیر لە بەرهەمهێنانی دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی بکەنەوە، وانە بواری سیاسی و فەرهەنگی و ئەکنیکی لەو سەردەمەدا کەشێکی رەخساند بۆ هونەرمەندی کوردی کە پەرە بەکارە هونەرییەکانیان بدەن، کار لە بواری دراماى ئەلەفزیۆنیدا بکەن.

عێراق یەکەم وڵاتی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و عەرەبییە کە ئیستگەی تەلەفزیۆنی تێدا دامەزراوە. ساڵی 1976 پەخشی ڕەنگاوڕەنگی بەخۆوە گرتووە، هەروەها ساڵی 1967یش بۆ یەکەمجار تەلەفزیۆنی کوردی لە کەرکووک کراوەتەوە

یەکەم تۆمارکردن لە تەلەفزیۆندا

پاش دەرکەوتنی شەپۆلی نەکنەلۆژیای ئەلەفزیۆنی و دامەزراندنی ئیستگەی ئەلەفزیۆنی لە عێراقدا، دراماى کوردی هەر لە سەر ئەخنەی شانۆ نەمایەوە، بەڵکو خۆی ئرنجانە نێو ستۆدیۆکانی ئەلەفزیۆنی و ئەزموونێکی نوێ وەڵاکرا بۆ هونەرمەندی کورد و ئروسکایی و ئاسۆیەکی نوێ دەرکەوت. ئەو هونەرمەندانەی لە بواری شانۆدا کاریان دەکرد، بوونە درێژە پێدەری کارە دراميیە ئەلەفزیۆنییەکان و کارە شانۆییەکانیان دەبردە نێو ستۆدیۆ بۆ کاری تۆمارکردن.

ڕاگەیاندنی ڕێککەوتنی 11ی ئادار دەرووی گەورە کرایە و چالاکی هونەریش ئازاد و فراوان بوو. بۆ نەورۆزی ساڵی 1970 کۆمەڵێ هونەرمەندی شاری سلێمانی بانگهێشت کرا بوون بۆ شاری بەغداد بۆ ئەوەی چالاکی هونەری پێشکەش بکەن. ئەوە بوو لە شەوی 1970/3/21 لە هۆڵی (خولد) بەبۆنەی ئادار و نەورۆزەوە کۆمەڵێ چالاکی هونەری پێشکەش کرا. ئیپی نواندنی سلێمانی یەکێک بوو لەو ئیپانەی بەشداری ئەو ئاهەنگەیان کردبوو، بۆ بەیانییەکەی 1970/3/22 لە ئەلەفزیۆنی بەغدا دراماى (مشنەی ناو هەمانەکە کوشنمی) ئۆمارکرد. چیرۆکەکەی فۆلکلۆرە و ئامادەکردنی عومەر عەلی ئەمین و دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی (خالید موحاریب) بوو، نواندنی: عومەر عەلی ئەمین، قادر محەمەد، ئەحمەد ئەرەزان و عومەر چاوشینیش دەوری ژنیان بینی. ئەمە بۆیەکەمجار بوو لەبەردەم کامێرادا نواندن بکەن بۆ ئەلەفزیۆن. ئەم دراماىە بە یەکەم دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت کە لە ستۆدیۆی ئەلەفزیۆنی بەغدا ئۆمارکرا .هەر بۆیە ڕۆژی دوائر لە 1970/3/23 لە هەمان ستۆدیۆدا و لە ئامادەکردنی عومەر عەلی ئەمین دراماى (خوا لە سوڵتان مەحموود گەورەترە) و (دەوەن بە ئاشا) ئۆمارکرا لە دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی (حەمودی حارسی) و نواندنی حەسەن ئەنیا، دایکی ئاریان، گەزیزە، کەمال سابیر، عومەر عەلی، سەلاح بالا بەرز.. هتد ئەم ستی دراماىە لە مێژووی درامی ئەلەفزیۆنیدا بە سەرەتای دەستپێکی کاری بەهەمهێنانی دراماى ئەلەفزیۆنی دادەنرێت، کە لە ئەلەفزیۆنی بەغداد ئۆمارکراوە و پەخش کراوە.

دامەزراندنی ئیپی هاوڕێیانی گەزیزە لە ساڵی 1970 دا گرۆپێکی باشی دایە ئۆمارکردنی دراماى ئەلەفزیۆنی، بە ڕادەیەک لەو ماوە کەمەی کارکردنیاندا ئوانیان (9) دراماى ئەلەفزیۆنی ئۆمار بکەن. کە لە ستۆدیۆی دووی ئەلەفزیۆنی بەغداد بە کامێرای یۆمانیکی ڕەش و سپی ئۆمارکرا، چونکە لەو سەردەمە ئۆمارکردن ڕەش و سپی بوو، ئەم ئیپە زیاتر بڕەویان بە بابەتی کەلەپوور و فۆلکلۆری و لە ڕووی چالاکییەوە زیاتر بایەخیان بە دراماى ئەلەفزیۆنی دەدا. هەروەها لەو سەردەمەدا دراما لە ستۆدیۆدا بەیەک جاروبێ وەستان ئۆماردەکرا، وەک ئۆمارێکی شانۆیی بێ وەستان ئۆماردەکرا و ئەکنیکی زۆر سەرەتایی بووە. چالاکی ئۆمارکردنی دراماى ئەلەفزیۆنی لەلایەن هاوڕێیانی گەزیزەوە بەردەوام بوو لە 1970/6/10-9 لە ستۆدیۆی ژمارە دووی بەغدا دراماى ئەلەفزیۆنی (گەزی چی و جاوی چی) و (زیندانێکی قوول) یان ئۆمارکرد لە دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی (سەمیر سائیغ)، لە 1970/9/8ش لە ئەلەفزیۆنی بەغدا، لە دەرهێنانی (سەمیر سائیغ) دراماى (خەوەکەی مامەلی) ئۆمارکرا لە نووسینی عومەر عەلی ئەمین و نواندنی گەزیزە و کەمال سابیر و عومەر عەلی..هتد .

دەرکەوتنی زنجیرە دراماى ئەلەفزیۆنی

هەر بۆ یەکەمجار لە مێژووی دراماى ئەلەفزیۆنی کوردیدا، ئیپی هاوڕێیانی گەزیزە ساڵی 1971 لە ئەلەفزیۆنی بەغداد، یەکەم زنجیرە دراماى ئەلەفزیۆنیان بەناوی (چەم بێ چەقەڵ نابێت) لە دەرهێنانی (حوسێن نەسراوی) ئۆمارکرد. کە پێکهاتبوو لە شەش ئەڵقەی نیو کاتژمێری، لە نواندنی عومەر عەلی ئەمین، کەمال سابیر، گەزیزە، سەلام فەرەج، ...هتد بابەتی دراماکە، باس لەوە دەکات بەردەوام لەگەڵ بوونی خێردا، شەڕو شەڕانگێزی هەیە.

دراماى ئەلەفزیۆنی (فالچی)ی حەمە کەریم هەورامیش بە یەکێکی دیکە لە زنجیرە دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت، کە ساڵی 1971 لە دوای ئەوەی لە چەند شارێکی وەک هەولێر و مووسڵ و لەسەر شانۆ نوێنراوە. دوائر وەک زنجیرەیەک لە ئەلەفزیۆنی

کەرکووک نوێنیراوە، بەمەش بەیەکەم زینجرەی ئەلەفزیۆنی کوردی ئەژمار دەکرێت.

نۆمارکردنی ئەم دوو کارە ئەلەفزیۆنییە بە ئەزموونێکی نوێی دراماى کوردی دادەنرێت، بەڵام بۆ ساخکردنەوەی ئەوەی کامیان بە یەکەم زنجیرە دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت، دوو سەرچاوەی دیکەی کوردی ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە (چەم بێ چەقەڵ) نابێ بە یەکەم زنجیرە دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت، یەکەمیان مامۆستا عومەر عەلی ئەمین لە کتێبیی هونەر لە بیرەوەرییەکاندا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات. دووەمیان: د. سەلام فەرەج لە کارنامەی دکتۆراکەیدا، گەشەسەندنی دراماى کوردی، لەلاپەرە (68) دا ئاماژە بەوە دەکات دراماى ئەلەفزیۆنی (چەم بێ چەقەڵ نابێت) بە یەکەم زنجیرەی دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت، کە لە ستۆدیۆکانی بەغدا ساڵی 1971 نۆمارکراوە و خۆشی وەک ئەکتەر لەو کارە دراماییەدا بەشداری کردووە. پەخشکردنی ئەم دراما ئەلەفزیۆنیانە لای جەماوەر دەنگدانەوەیەکی باشی هەبووە و شێوەیەکی نوێش بوو لەکاری دراماى کوردیدا . ئەم دراماییانە بە شێوەیەکی گشتی باسی لە کێشە و گیرفت و دیاردە باوەکانی ناو کۆمەڵی کوردی کردووە و بەشێوەیەکی راستەگۆیانەش خراونەتە ڕوو، تا کار گەیشتۆتە ئەوەی زۆر لەو هونەرمەند و نووسەرانە ئووشی مەترسی بوونەتەوە، بۆ نموونە کاتێک دراماى (فاڵچی) بە زنجیرە لە ئەلەفزیۆن نیشان درا، جەماوەی هەژاند، ئەوانەی کە لە زەلکاوی فاڵچیدا مۆڵیان خواردبوو بزواندنی و گۆمەکەی لێ شڵەقاندن.. بۆیە چەند کۆنەپەرستێک نامەی کوشتن و هەڕەشەی مردنیان بۆ ناردوون.

دامەزراندنی کۆمەڵێ ئیپی هونەری و بەرەودان بە کاری دراماى ئەلەفزیۆنی

لە دواى ئەوەی چەند بەرهەمێکی ئەلەفزیۆنی لە ستۆدیۆکانی ئەلەفزیۆندا نۆمارکران و پەخشکران. ئیتر لێرەوە کاری نۆمارکردن و بەرهەمهێنانی دراماى ئەلەفزیۆنی والاکرا و کۆمەڵێ بەرهەمی ئەلەفزیۆنی دیکەی بە دوادا هات و دواتریش کۆمەڵێ ئیپی هونەری و هونەرمەند دەرکەوتن و کاریان لە بەرهەمهێنانی دراماى ئەلەفزیۆنیدا کرد:

1- کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی – مەڵبەندی گشتی – سلێمانی:

کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە 1969/12/31 دامەزراوە و یەکێکە لەو ئیپانەی رۆڵی هەبوو لەبەرهەمهێنانی دراماى ئەلەفزیۆنیدا. نەوزاد مەجید یەکێکە لەو هونەرمەندانەی ساڵی 1964 بەشی نواندن و دەرهێنانی ئەکادیمیای هونەرەجوانەکانی بەغدادی تەواوکردووە و لە سەرەتاى ساڵانی حەفتاکاندا دەستەی دامەزرێنەری کۆمەڵ بووە. چەند بەرهەمێکی ئەلەفزیۆنی دەرهێناوە، وەک دراماى (ئاوانێک لە ئاسمان) و (بەڕێوەبەری نوێ) و (بلیت و زاوا)، ساڵی 1973 لە ئیستگەی بەغداد نۆمارکراون، هونەرمەند مێژوویەکی درێژی لە نێو دراماى ئەلەفزیۆنیدا هەیە و ناتیسناش بەردەوامە و خزمەتێکی بێ وێنەی کردووە.

دراماى (هەڵەی دکتۆر) بەرهەمێکی دیکەی کۆمەڵە و ساڵی 1971 لە ئەلەفزیۆنی بەغداد نۆمارکراوە، لە دەرهێنانی حیکمەت زولنون دراماى ئەلەفزیۆنی (جەنابی موفەتیش) ی گۆگول ساڵی 1971 و (پیسکەی ئەڕپیر)ی مۆلێر لە 1972/8/25 لە ئەلەفزیۆنی بەغداد نۆمارکراوە لە دەرهێنانی حوسێن نەسراوی و نواندنی: ئەحمەد سالار، نەوزاد مەجید، حیکمەت هیندی. ئەم دراماىە زۆر بەشێوەیەکی جوانکارییانە کاری نواندنی تێدا بەرجەستەکراوە و شێوە کۆمێدیەکی هونەری جوانی لە خۆگرتووە.

(مرۆڤ و زەوی) لە 1967/1/28 و

هەواڵنامەی کێبڕکێ

(گریان) لە 1976/5/13 دا دوو دراماى ئەلەفزیۆنى دیکەى کۆمەڵە و لەلایەن هونەرمەند ئەها خەلیلەوە دەرهێنراوە و لە ئەلەفزیۆنى کەرکووک ئۆمارکراوە و بە دوو دراماى هونەرى سەرکەوتوو دادەنرێت، بە ئایبەتى گریان باس لە کێشەیەکى کۆمەڵایەتى دەکات، چارەڕەشى ئەو ئافرەتانە باس دەکات بەر لەوەى شوو بکەن سکیان پڕ دەبێ و ئەنجامیش نە یاسا و نە پزیشک چارەسەرى ئەنگ و چەڵەمەکەیان پێ ناکرێت.

دراماى ئەلەفزیۆنى (ژیان) ساڵى 1977 لە ئەلەفزیۆنى کەرکووک ئۆمارکراوە و بەرهەمێکى هونەرى دیکەى کۆمەڵە و لە ئامادەکردن و دەرهێنانى جەلیل زەنگەنەیە و دەرهێنانى ئەلەفزیۆنیش حیکمەت زولنون، وێنەگرتنى: کەنعان خەلیل و سەباح صدیق. مۆسیقاى ئەنوەر قەرەداغى، نواندنى شادان فوئاد، عەبدولى حەمە جوان، ئەها خەلیل، عبدولقادر مسئەفا و پشکۆ ناکام.. هند. بابەتى دراما کە باس لە چوونە دەرەوەى ئافرەتان و کارکردنى لە دەرەوەى ماڵدا و کێشەکانى نێوان خێزانى لەخۆگرتووە، ئەم دراماىە جگە لەوەى لە سێودیۆدا ئۆمارکراوە، بەڵام چەند دیمەنێکى لە دەرەوەى سێودیۆدا ئۆمارکراوە. دوائریش گۆرانى ئایێل و مۆزیکاى وێنەیى دراماکە شێوە سەرنجڕاکێشانێکى هونەرى هەیە و ئا ئێستاش چێژى و ئامەزرۆیى خۆى هەیە لاى وەرگر. بە ئایبەتى گۆرانییەکە بە دەنگى هونەرمەند (شەماڵ عەبەڕەشەوە) وتراوە.

هونەرمەند عومەر عەلى ئەمین ساڵى 1973 دەچێنە ئیپى کۆمەڵى هونەر وێژەى کوردییەوە و لەوێش دراماى (پژمین) دەنووسێ و لە 5 و 1973/2/6 لە سێودیۆى ژمارە (2)ى ئەلەفزیۆنى بەغداد ئۆمارى دەکات. دواى مانگێکیش بڵاو کرایەوە، جەماوەر ئەوەندە پەرۆشى بوو زۆربەى گفتوگۆکانیان لەبەر کردبوو.

سێودیۆى ئەلەفزیۆنى ژمارە (2) ى بەغداد یەکێکە لەو سێودیۆیانەى زۆربەى کارە دراما شانۆیى و ئەلەفزیۆنییەکانى ئێدا ئۆمارکراوە. ئەم سێودیۆیە هۆڵێکى گەورە و پان و پۆڕە و بنمیچێکى بەرزى هەیە، زیاتر لە (70-80) پرۆجکتۆرى ئێدایە. دەیان سەماعەى مایکرۆفۆنى و چەند کامێرایەکى گەورەى لەسەر سێپاى ڕەوڕەوەداری لە خۆگرتووە، لەسەروەش ژوورێکى جامخانە داری ئێدایە پێى دەڵێن ژوورى کۆنترۆڵ کە دەرهێنەرى ئەلەفزیۆنى ڕۆڵى خۆى هەبووە لە ئاراستەکردنى ئەکتەرەکان و بەپێى دیمەنەکانیش دیکۆر و ئیکسسوارى پێویستى بۆ دیارى دەکرا. واتە سەر لە نوێ کارى دەرهێنانى بۆ بەرجەستە دەکرایەوە و زۆربەى دەرهێنەرەکانیش، دەرهێنەرى ئەلەفزیۆنى بوون. کە ئەمەش لاى هونەرمەندى کورد ئەزموونێکى نوێ بووە و شارەزایى لەو بوارەدا نەبووە.

2- تیپى نواندنى سلێمانى:

ئیپى نواندنى سلێمانى ساڵى 1969 دامەزراوە و بەیەکەم ئیپى هونەرى دادەنرێت کە کارى دراماى ئەلەفزیۆنى بەرهەم هێناوە. لەم کاروانەشدا بەردەوام بووە لە ساڵانى حەفتاکانیشدا کۆمەڵێ بەرهەمى دیکە بەرهەمهێناوە. هونەرمەند غازى بامەڕنى لەسەرەتاى ساڵانى حەفتاکاندا لە ئیپى نواندنى سلێمانى کۆمەڵێ بەرهەمى دراماى ئەلەفزیۆنى ئۆمارکردووە. وەک (قەیسەرت لەبیرت نەچێ) و (دزى زۆرزان) ساڵى 1973 لە راهێنانى غازى بامەڕنى و دەرهێنانى ئەلەفزیۆنى حوسێن نەسراوى و لە ئەلەفزیۆنى بەغداد ئۆمارکراوە. (پیرى ئاخر شەڕ) ساڵى 1973 لە ڕاهێنانى سمکۆ عەزیز و دەرهێنانى حوسێن نەسراوى (ئەلەفزیۆنى بەغداد ئۆمارکراوە). ئیپى نواندنى سلێمانى بەردەوام بوو لە کارى بەرهەمهێنانى دراماى ئەلەفزیۆنى ساڵى 1975، دوو بەرهەمى دیکەى لە ئەلەفزیۆنى بەغداد ئۆمار کردووە، (فیلەکەى خاوەن شکۆ) لە راهێنانى غازى بامەڕنى و ئامادەکردنى کاوە ئەحمەد میرزا و نواندنى: عومەر عەلى ئەمین، عومەر دڵپاک، عەلى نورى، بورهان مەسرەف..

هند (شەمامە و خاڵ خاڵ) لە نووسینی عومەر عەلی ئەمین و نواندنی: عەلی نوری، سمکۆ عەزیز، سەلاح فەرەج، عومەر عەلی .. هند..

هونەرمەند کاوە ئەحمەد میرزا دەڵێت: زۆربەی ئەو دەقانەی بۆ ئەلەفزیۆن ئامادەکراوە، بە ئایپەئی ئەوانەی کە خۆم ئامادەم کردوون، هەمووی بە شێوازی درامای ئەلەفزیۆنی ئامادەکراوە، وەک درامای (لەچایخانەدا، بازرگانی شەڕ، هاوڕێ و نیو، من کێم، دزی زۆرزان، فیلەکەی خاوەن شکۆ) وانە بە ئایپەئی بۆ کاری ئەلەفزیۆن ئامادەکراوە، بەڵام هەندێک دەق بە ئایپەئی بۆ سەر شانۆ ئامادەکراوە و دوائر براوە بۆ ئەلەفزیۆن بۆ ئۆمارکردن. سەرەڕا کارە دراماییەکان شێوەیەکی شانۆیی هەبووە و کاری ئەکنیکی زۆر سادە بووە و لە ناو سئۆدیۆدا ئۆمارکراوە

ئەو بەرهەمانەی لەو سەردەمەدا نمایش دەکران، بەشێوەیەکی گشتی گوزارشتی لە کێشە کۆمەڵایەتی و رامیارییەکانی گەلی کوردی کردووە. بەهیچ شێوەیەک لە خزمەتی رژێمدا نەبوون، کائێکیش هونەرمەند خرابێتە ژێر پاڵەپەستۆ و سانسۆر سیاسەتی ئەو کەنالانەوە بەهیچ شێوەیەک قبوڵی نەکردووە. بۆ نموونە ساڵی 1976 کە بارودۆخی کوردستان ئووشی نوچدان و بێورەیی و شەوەزەنگ هاتبوو، کاک غازی هونەرمەند درکی بەوە کردبوو دەبێ هونەر لەم ڕۆژگارەدا ڕۆڵی هەستانەوە و بەگژداچوون ببینێ. کائێک ساڵی 1976 لە ناو سئۆدیۆکانی شاری گڕوگاڵپە دراماى (مانگرتنی)ی ئیپی نواندن گەیشتە کۆتایی هێنانی دواگرتەکانی. داواکاری کاربەدەستان لەسەر ئەوە وەستا، دەبێ دراماى مانگرتن کۆتاییەکەی بە پیاهەڵدانی ڕۆژێمدا بێت، بەڵام کاک غازی هەر لە نێو سئۆدیۆی کەرکووکدا لە پاش هەڕەشە و گوڕەشە، ئەمەی قبوڵ نەکرد و وازی لە بەرهەمەکەی دێنێ و دەگەڕێنەوە بۆ سلێمانی، ئەمەش گوزارشتی لە هەڵوێستی هونەر و هونەرمەندی کورد دەکات، کە هەمیشە لەبەرەی میللەتدا بوون و بەرهەمەکانیان گوزارشتی لە خواستی میللەتەکەی کردووە و هیچ سانسۆرێک ملی پێ کەچ نەکردووە.

3- تیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی:

ئیپی پێشڕەوی شانۆی کوردی ساڵی 1973 دامەزراوە لەگەڵ دامەزراندیدا بەکاری دراماى ئەلەفزیۆنی دەستپێکردووە. وەک (لانەوازان) و (چەخماخە) کە ساڵی 1973 لە سئۆدیۆکانی بەغدا ئۆمارکراوە و سەرجەم دیمەنەکانی لە ناو سئۆدیۆدا بەرجەستە کراوە بە دوو بەرهەمی شاکاری دراماى کوردی دادەنرێت، تا ئێستاش لای وەرگر نامەزرۆیی و جوانی خۆی لەدەست نەداوە. لەبەر ئەوەی دیمەنەکانی پڕە لە کاری نواندنی جوانکاری و شێوە کۆمیدییەکی سیاسی کۆمەڵایەتی لەخۆگرتووە. گوزارشت لە کێشە کۆمەڵایەتی سیاسییەکانی کورد دەکات. کۆمەڵی هونەرمەندی بە ئواناکاری نواندنیان ئێدا بەرجەستەکردووە وەکو: کەمال سابیر، ئازاد حمە بچکۆل، مستەفا ئەحمەد، ئازاد جەلال، دڵشاد مەریوانی، .. هند

هونەرمەند ئازاد حەمە بچکۆل دەڵێت: (کائێک دەچووین بۆ بەغداد بۆ ئۆمارکردنی دراما ئەلەفزیۆنییەکان، چەند شەوێکمان پێ دەچوو، بۆ ئەوەی کارە دراماییەکە ئۆمارببکەین، دەرهێنەر لە ژووری کۆنترۆڵ دادەنیشت و پەیوەندی بە کامێرامانەکانەوە هەبوو چەند کامێرایەک لە کاری وێنەگرتندا بەکاردەهێنرا و ئەو دیمەنەی بە دڵی دەرهێنەر نەبوایە، چەند جارێک دووبارەی دەکردەوە، دەرهێنەر لە کاری ئۆمارکردنی ئەلەفزیۆنیدا ڕۆڵی خۆی هەبوو...).

پاش دەرکەوتنی شەپۆلی تەکنەلۆژیای تەلەفزیۆنی و دامەزراندنی ئیستگەی تەلەفزیۆنی لە عێراقدا، دراماى کوردی هەر لە سەر تەختەی شانۆ نەمایەوە، بەڵکو خۆی ترنجانە نێو ستۆدیۆکانی تەلەفزیۆنی و ئەزموونێکی نوێ وەڵاکرا بۆ هونەرمەندی کورد و تروسکایی و ئاسۆیەکی نوێ دەرکەوت

هەروەها ئیپی پێشڕەو کۆمەڵی بەرهەمی ئەلەفزیۆنی دیکەی بەرهەمێناوە، وەک (پاڵنۆ) ساڵی 1976 و (مۆڵەت) ساڵی 1977 لە دەرهێنانی ئەحمەد سالار و لە ئەلەفزیۆنی بەغداد ئۆمارکراوە و کۆمەڵێ ئەکتەری بە ئوانای وەک کمال سابیر، ئازاد حەمە بچکۆل، ئەحمەد سالار، یاسین بەرزنجی، عوسمان چێوار. هند، ڕۆڵیان ئێدا بینیوە و شێوەیەکی هونەری جوانی هەبووە. بە ئایپەئی نواندنی مامۆستا ئەحمەد سالار

هەوڵنامەی چێژ

دامەزراندنی تیپی هاوڕێیانی گەزیزە لە ساڵی 1970 دا گرۆتینێکی باشی دایە تۆمارکردنی دراماى تەلەفزیۆنی، بە ڕادەیەك لەو ماوە کەمەی کارکردنیاندا توانیان (9) دراماى تەلەفزیۆنی تۆمار بکەن. کە لە ستۆدیۆی دووی تەلەفزیۆنی بەغداد بە کامێرای یۆماتیکی ڕەش و سپی تۆمارکرا

لە دراماى پاڵنۆدا سەرنجی بینەری کێش دەکرد بۆ ناو کارە دراماییەکە و ئەدای نواندنی جوانکارییانە بەرجەستە کردووە. هەروەها ئەکتەرەکانی دیکەشی بە هەمان شێوە کاریگەریی خۆیان هەبووە لە نێو کارە دراماییەکەدا.

4- کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی - کەرکووک:

لقی کەرکووکی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی لە سەرەتای ساڵانی حەفتاکاندا دامەزراوە و لە نێوان ساڵانی 1971-1973 چالاکی دراماى سەرکەوتوویان پێشکەش کردووە، وەک (مەرەزە، بەهاری دزراو)، کە بە دوو بەرهەمی سەرکەوتووی دراماى ئەلەفزیۆنی دادەنرێن و ڕۆڵی خۆی هەبووە لە خوڵقاندن و سەرهەڵدانی دراماى کوردیدا، بە دوو شاکاری بەرهەمی هونەرمەندانی شاری کەرکووکیش دادەنرێت و ناسراوە.

(بەهاری دزراو) ساڵی 1972 و (مەرەزە) ساڵی 1973، بەرهەم هێناوە و زۆر بە شێوەیەکی هونەرییانە و بەپێی ناسنی دەرکەوتنی دراماى ئەلەفزیۆنی ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە خوڵقاندنی دراماى ئەلەفزیۆنی کوردیدا، بە ئایبەتی لە ڕووی بیرۆکە و سیناریۆ و بەرجەستە کردنی دیمەنەکانەوە و جوانی نواندنی ئەکتەرەکان چێژی جوانکاری هەبووە.

(مەرەزە) لە چوار بەش پێکهاتووە چیرۆکی جەلیل زەنگەنە و دەرهێنانی سەلمان فایەق و عیماد بەهجەت و یاریدەدەری دەرهێنەر زوهێر عەبدولمسیح. (بەهاری دزراو) دەرهێنانی سەلمان فایەق کاکەیی، بابەتی دراماکە پڕە لە واتای سیاسی و کۆمەڵایەتی و گوزارشتی لە یاخیبوونی سیستمی دەرەبەگایەتی دەکات و پڕە لە کێشە و ملمانێ و بەشێوەیەکی هونەری جوان بەرجەستەکراوە. هەروەها ئەم دوو بەرهەمە چەند دیمەنێکی لە دەرەوەی ستۆدیۆدا تۆمارکراوە و دواتر گرێ دراوەتەوە بە دیمەنەکانی ناو ستۆدیۆوە و شێوە هونەرییەکی جوانی هەبووە.

دیارە ڕۆڵی هونەرمەندانی شاری کەرکووک وەک جەلیل زەنگەنە و عەلی کەریم و جیهاد دڵپاک و سەلمان فایەق لەم بەرهەمانەدا دیارە و ئوانیویانە بەکاری نواندن و لایەنە هونەرییەکانی دیکە تاسنی ئەو دوو بەرهەمە بەرزە رابگرن و مێژوویەک بۆ هونەری دراماى کوردی دروست بکەن. هونەرمەند جیهاد دڵپاک دەڵێت: دراماى ئەلەفزۆنی (مەرەزە) بەئایبەتی بۆ کاری تۆمارکردنی ئەلەفزیۆنی ئامادەکرابوو، بەڵام کارە دراماییەکانی پێشتر شانۆیی بوون، دوای نمایشکردنیان دەبران بۆ ستۆدیۆی ئەلەفزیۆن بۆ کاری تۆمارکردن. بۆیە (مەرەزە) بە یەکێ لەو کارە دراماییانە دادەنرێت بەئایبەتی سیناریۆی بۆ نووسراوە و ئامادە کراوە بۆ کاری ئەلەفزیۆنی .

5- کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی - هەولێر:

دامەزراندنی کۆمەڵەی هونەر و وێژەی کوردی - لقی هەولێر لە سلێمانی 1972 دا ڕۆڵی هەبوو لەبەرهەمهێنانی کۆمەڵێ دراماى ئەلەفزیۆنیدا. یەکەم بەرهەمی ئەم کۆمەڵەیە تۆمارکردنی دراماى (گوێزان) بوو لە 1972/11/5 لە دەرهێنانی حوسێن نەسراوی و ڕاهێنانی ئەلعەت سامان. دواتریش لە 1973/7/8 درامی (بۆرە پیاو) لە ڕاهێنانی سەباح عەبدولڕەحمان و دەرهێنانی ئاریق کەرەم. (هەڵەی دەرهێنەر)، بەرهەمێکی دیکەی کۆمەڵەیە و لە 1975/4/11 لە دەرهێنانی عیماد بەهجەت بۆ ئەلەفزیۆن تۆمارکراوە. (هونەر و ژیان) لە 1977/2/26 تۆمارکراوە و لە نووسینی مەهدی ئومێد و دەرهێنانی ئاریق فازیل. بەشێوەیەکی گشتی ئەم کارە دراماییانە بەرهەمی ئەلەفزیۆنین و لە شاری هەولێر لەلایەن کۆمەڵی هونەرمەندی ئەم شارەوە بەرهەم هێنراوە.

6- تیپی شانۆی زانکۆی سلێمانی:

ئیپی شانۆیی زانکۆی سلێمانی لە ناوەڕاستی ساڵانی حەفتاکان دامەزراوە و کۆمەڵێ بەرهەمی شانۆیی پێشکەش کردووە. کۆمەڵێ هونەرمەندی بەئوانای شاری سلێمانی ئێدابووە کە زۆربەیان کارمەند و خوێندکاری زانکۆ بوون. ساڵی 1977 یەکەم بەرهەمی ئەلەفزیۆنیان بە ناوی (لالۆ کەریم) بەرهەم هێناوە، چیرۆکی جەمال نەبەز، سیناریۆ و دەرهێنان ئەحمەد سالار و لە ئەلەفزیۆنی کەرکووک تۆمارکراوە. نواندنی: ئەحمەد سالار، عومەر عەلی، عومەر کەریم ئاغا،

حوسێن قەرەداغی، حاجی مەکی، .. هتد بە بەرهەمێکی هونەری سەرکەوتووی درامای ئەلەفزیۆنی کوردی و بە یەکێ لەو دراما هونەرییانە ئەژمار دەکرێت کە شوێنێکی لە نێو دراما هونەرییەکاندا هەیە.

7- **تیپی هونەری یەکێتی** نەقابەکانی کرێکارانی سلێمانی:

یەکێکە لەو ئیپانەی لەسەرەتای سالانی حەفتاکاندا دامەزراوە. کۆمەڵی بەرهەمی درامی ئەلەفزیۆنیان بەرهەم هێناوە. وەک دراماى (ئافرەت و ئاوان) 1972 دەرهێنانی حوسێن نەسراوی دراماى (ئەزبیح) و (کۆمپیالە) 1972 دەرهێنانی ئارق کەرەم. (سێ گولّی ژاکاو) 1973 دەرهێنانی ئارق کەرەم. زۆربەی ئەم کارانە لە نواندنی: مەکی عەبدوللا، عومەر چاوشین، عەباس ژاژلەیی، شێخ ئیسماعیل بەرزنجی بوون. بابەتی کارە دراماییەکانیش پەیوەست بوون بەکێشە کۆمەڵایەتییەکانەوە، ئەم ئیپە بەردەوام بوو لە کاری دراماى ئەلەفزیۆنیدا و زیاتر بە ئیپەکەی حاجی مەکی ناسراو بوو لەو ماوەدا سالّی 1974 دراماى (گرێ گرنە) لە دەرهێنانی جەمال محەمەد (وێنەکەم) 1976 دەرهێنانی محەمەد رەزا و (ژن بە ژن) 1976 دەرهێنانی ئارق کەرەم. لە سالانی هەشتەکانیشدا دوو دراماى ئەلەفزیۆنیان بەرهەم هێناوە بەناوی (شەوێک لە ژیانی خانزاد) 1982، نووسینی حەمە کەریم هەورامی (بوکی ژێر دەواری رەش) 1984 هەردوو بەرهەمەکە لە دەرهێنانی: عادل عەبدوللا نعێمی، هەر دوو بابەتەکەش چیرۆکێکی راستەقینەی کوردییە. یەکەمیان باس لە شەوێک لە شەوەکانی ژیانی میری سۆران دەکات. دووەمیان کێشەی نێوان ئەرخانییەکان و روخزاییەکان و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی نێوانیان دەکات. (بوکی ژێر دەواری رەش) هەموو دیمەنەکانی لە دەرەوەی ستۆدیۆدا ئۆمارکراوە لە ناوچەی شارەزوور و دێی دسکەرە و ئاوەکەڵە. بەڵام (شەوێک لە ژیانی خانزاد) هەندێ دیمەنی لە ستۆدیۆی دووی ئەلەفزیۆنی کەرکووک و هەندێ دیمەنی لە دەرەوەی ستۆدیۆدا ئۆمارکراوە .

8- **تیپی شانۆیی نەتەوەیی هەولێر:**

دامەزاندنی ئەم ئیپە دەگەڕێنەوە بۆ سالانی 1980، کە هەنگاوێکی راستەقینە بوو بۆ بنیاتنانی جوڵانەوەی دراماى کوردی لە شاری هەولێر. ئەم ئیپە لەسەرەتادا سەربە دەزگای گشتی سینەما و شانۆ بوون. دواتر هەردوو ئەندامانی ئیپی نواندنی هەولێر ئیپی شانۆیی رۆشنبیری بوون، بەم ئیپە و چەندین چالاکی هونەریان پێشکەشکرد وەک ئەم بەرهەمە دراما ئەلەفزیۆنیانەی خوارەوە:

- (هەبوو نەبوو) دەرهێنانی شانۆیی سەباح عەبدولرەحمان، دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی نبیل یوسف.
- (محەمەد و سێوێ) نووسینی زایەر عەبدوللا و سەعدون یونس، دەرهێنانی شانۆیی سەعدون یونس، دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی حیکمەت زەنون.
- (لاس و خەزال) دەرهێنانی شانۆیی سەباح عەبدولرەحمان، دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی ناسر حەسەن.
- (میوانی ناوەخت) نووسینی چەنۆ حەسەن، دەرهێنانی ئەلەفزیۆنی ناسر حەسەن.
- (ئاپۆ حەقی چییە) نووسینی چەنۆ حەسەن، دەرهێنانی زوهێر عەبدولمەسیح.
- (مۆرانە) زنجیرەی ئەلەفزیۆنی نووسینی چەنۆ حەسەن، دەرهێنانی عادل عەبدوللا.

ئەم دراماىانە لە سالانی هەشتاکاندا بەرهەم هێنراوە و کۆمەڵێ هونەرمەندی شاری هەولێر بەشداریان تێدا کردووە وەک : خەلیل یابە، وەلید مەعروف، زایەر عەبدوللا، سەعدون یونس، بەکر مەعروف، شلێر ئەحمەد، دڵپاک ئاهیر، سوهام حەسەن، فەرهاد شەریف.. هتد. کە بەرهەمەکان شێوەیەکی هونەری جوانی هەیە و ئا تێستاش هەندێ لەو بەرهەمانە لە یادەوەری وەرگردا ماونەتەوە بۆ نموونە وەک دراماى (هەبوو نەبوو)...

هەروەها بەگرنگی دەزانم ئەوە بیر

NEWROZ
هەولێر کتێبی

خۆمان نەبەینەوە، یەکەمین دراماى کوردی کە بەرەو سروشت چوو (وانە دەرەوەی ستودیۆ) بەر لە دراماى عێراقی و وڵاتە عەرەبییەکانی دیکە (لاس و غەزال) بوو، کە کامێرای سەرشان و سیستەمی (یۆمائیک) وێنەی گیرابوو .هەروەها یەکەمین زنجیرە کە لە دەرەوە وێنەی گیرابێت (ژاڵە) بوو .ئەمەش ئەزموونێکی پێش وەخت بوو لە چوونە ناو دراماى کوردی.

بەشێوەیەکی گشتی ئەم کارە دراماییانە بەشێوەیەکی سادە و ساکار ئۆمارکراون و لە ڕووی ئەکنیک و هونەرییەوە سەرەتایین و زۆربەی کارە دراماییەکان لەسەر شانۆوە گوێزراونەتەوە بۆ ناو ستودیۆکان بۆ کارى ئۆمارکردن، بەڵام هەندێکیشیان بە تایبەتی بۆ کارى دراماى ئەلەفزیۆنی خولقێنراوە و شێوەیەکی هونەرى ئێدابووە. ئەم کارە ئەلەفزیۆنیانە بە سەرەتاى سەرهەڵدانی دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێن و سەرجەم لایەنە هونەرییەکانی لە ئەلەفزیۆنی بەغداد و کەرکووک ئەنجام دراون. لە نێو ئەم دراماییانەشدا بەرهەم هەیە تا ئێستا بە زیندوویەتی ماوەتەوە و ڕەسەنایەتی خۆی لە دەست نەداوە. بە تایبەتی لە ڕووی ناوەرۆک و نواندنەوە تا ئێستاش گەورەیی تەو هونەرەی لەدەست نەداوە. بۆیە ئەم کارانە بە سەرەتاى مێژووى سەرهەڵدانی دراماى ئەلەفزیۆنی کوردی دادەنرێت. هەر لە لەوانی کارەکانی کۆمەڵ و نواندن و پێشڕەو ئیپەکانی دیکەی کوردستانی لەخۆگرتووە. وێڕاى ئەوەی لە ڕووی ئەکنیکی نووسینی سکرێپت و دەرهێنانەوە لاواز و داهێزبوون، وەلێ لە ڕووی ئێز و دیالۆگەوە تۆکمەن و بوونەتە مانەوە لە یادەوەرەی ئەماشاکەراندا. بەر چاوترینیان دوو شاکارى ئیپی پێشڕەو (چەخماخە و لانەوازان) لەگەڵ (بەهارى دزراو و مەرەزە) ى کەرکووک و (جەنابی موفەتیشی و پیسکەی ئەرپیر)ى کۆمەڵ و (نرخی ئازادی) ئیپی نواندنی سلێمانی.

هەروەها زۆر لە دراماکانی قۆناغی حەفتاکان تا ئێستاش چیژ و ئامەزرۆیی خۆی لە دەست نەداوە و لە یادەوەرى مرۆڤی کوردە ماونەتەوە. دراماى ئەلەفزیۆنییەکانی جاران تا ئەمرۆش لەویژدانی خەڵکدا هەر بە نەمرى ماونەتەوە، کێ هەیە (مەرەزە) و (ژاڵە) و (لالۆ کەریم) و (لانەوازان) و (خولە چەخماخە) و (هەبوو نەبوو) لە بیر بکات؟ لەبەر ئەوەی ئەو دەمە هونەمەرمەند بە عیشقەوە و خۆی بە بەرپرس دەزانی بەرانبەر ئەو ئەرکە پیرۆزەی لەسەر شانی بوو هونەرمەندان لە دراماى ئەلەفزیۆنیدا هەموو بۆ ئامانجێکی سەرەکی میللەتەکەی کارى دەکرد و ئاراستەیەکی فیکرى و جوانکارى لەسەر شان بوو. زۆربەی بابەتی دراماکان گوزارشتی لە بیرۆکەیەکی سیاسی، کۆمەڵایەتی میللەتی کوردی دەکرد و هەمیشە بەرهەمەکان لەگەڵ خواست و ئاوانی میللەتدا بووە.

گەشەکردنی دراماى تەلەفزیۆنی لە پێش ڕاپەڕیندا

لە ناوەڕاستی ساڵانی هەشتاکاندا کۆمەڵێ بەرهەمی دراماى ئەلەفزیۆنی بەرهەم هێنراون کە بەشێوەیەکی دیار و ئاشکرا ڕۆڵیان هەیە لەبەرەوپێشبردنی دراماى کوردیدا. بە تایبەتی لە ڕووی شێوە و ناوەرۆکی دراماى ئەلەفزیۆنییەوە پێشکەوتن و گەشەکردنی بەخۆوە بینیوە. لێرەوە دراماى ئەلەفزیۆنی بەشێوەیەکی دیار ڕووی لە زنجیرە دراماییی کردووە و شێوەیەکی هونەرى و ئەکادیمی لە خۆگرتووە. گەر بەرهەمەکانی ساڵانی حەفتاکان لە نێو ستودیۆدا ئۆمارکرابێت و بەشێوەیەکی سادە و ساکار بەرهەم هێنرابێت، ئەوە لێرەوە بەرهەمەکان لە سیستەمی ڕەش و سپی (یۆمائیک)ەوە بووە بە سیستمی (یۆمائیک سیگام)ی

ڕەنگاوڕەنگ شێوە. دراماکان هاتوونەتە دەرەوەی ستۆدیۆ و ڕاستەوخۆ لە شوێنی سروشتی ڕووداوەکانـدا دیمەنەکانی تۆمارکراون. ئەمە لە چەند بەرهەمێکی وەک (ژاڵە و گوڵاڵە)دا ڕەنگی داوەتەوە و گەشەکردنێکی هونەری لە خۆگرتووە. کاری سیناریۆ، نواندن، کامێرا، دەرهێنان و مۆزیکا زمانی جوانکاری ئێدا بووە و بەشێوەیەکی هونەرییانە یەکانگیرییەکی ئێدابووە و کاری لەوەرگر کردووە.

نموونەی گەشەکردنەکانی درامای ئەلەفزیۆنی لەم قۆناغەدا ئەوەندە نین لە ژماردن نەیەن، بەڵام هەرە دیارەکانیان دراماکانی (ژاڵە و گوڵاڵە)یە کە زۆرجار بە نموونە ناو دەهێنرێن .

نموونەی گەشەکردنەکان:

زنجیرەی (ژاڵـە) بەرهەمی ئیپی نـواندنـی سلێمانییە و سـاڵـی 1985 تۆمارکراوە لە هەشت ئەڵقە پێکهاتووە. چیرۆکی جەلیل زەنگەنە و سیناریۆی کاوە ئەحمەد میرزا و دەرهێنانی ناسر حـەسـەن. مـۆزیـکـا: سـەلاح ڕەئـوف. نواندنی: عەلی کەریم، جیهاد دڵپاک، کاوە ئەحمەد، سەلاح باڵا بەرز، سەلام فەرەج، بەکر ڕەشید، ئاڵا عومەر، عومەر دڵپاک.. هتد

درامـــای ئـەلـەفـزیـۆنـی (ژاڵـــە) بـەرهـەمـێـکـی هـۆنـــەری نـــاوازەی کوردییە، ڕەخنەگران وای دەبینن ژاڵە سەرکەوتووترین بەرهەمی ئەلفزیۆنی کوردییە کە تۆمارکرابێت تا ئێستا بە خاڵێکی وەرچەخاندی هونەری درامای کوردی دادەنرێت.

ژاڵە گواستنەوەی قۆناغێکی گەورەی درامای کوردی بوو، پێشتر دراما لەناو ستۆدیۆدا دەکرا، یەکەمجار بوو دراما لە دەرەوەی ستۆدیۆدا کاری ئێدا بکرێت، نەک هەر لە ئاستی درامـای کـوردی، بەڵکو لـە ئاستی درامـای عێراقیش و ناوچەکەدا هـەروابـوو. ئێمە پێش کۆمپانیاکانی سوریایش چووینە دەرەوەی ستۆدیۆ کارمان کرد، ئەوان لە دەوارێکی ڕەشدا لەناو ستۆدیۆدا کاریان دەکرد.

بەداخەوە دوای ئەو هەموو ساڵە، ئێمە هـەروەک خۆمانین و ئـەوان لە ئاستێکی زۆر پێشکەوتوو دان.

هەروەها ژاڵە لە ڕووی داڕشتنی ڕووداو و سیناریۆ و بەرجەستە کردنی کـاری دەرهێنانەوە شێوە هونەرێکی جوانکاری ئێدایە، ئایەتەندی خۆی هەیە، لە ڕووی هونەری و ئەکنیکی و ڕەنگاوڕەنگ و چۆنیەتی بەرجەستەکردنی دیمەنەکانییەوە سروشت و ڕووداو و کەسایەتییەکانی گوزارشت لە زەمەنێکی دیـاریـکـراو دەکـات. جوانکارییانە لەلایەن هونەرمەند ناسر حەسەنەوە بەرجەستەکراوە.

دراماـای ئەلەفزیۆنی (گـوڵاڵـە)ش نموونەیەکی دیکەی گەشەکردنی درامای کوردییە و ساڵی 1986 لەلایەن ئیپی کۆمەڵ و ئەلەفزیۆنی کەرکووکەوە بەرهەم هێنراوە. سیناریۆ و دەرهێنانی: سەعدون یونس، نواندنی: شەمال عەبەڕەش، دلێر مستەفا، فوئاد حەمەئەمین، شادان فوئاد، غەفور عەبدوڵڵا، قادر مستەفا، مۆسیقا: سەلاح ڕەئوف، کامێرا: ئارق مەهدی. ئەم درامایەش دیمەنەکانی لە دەرەوەی ستۆدیۆدا تۆمارکراوە و بریتییە لە (4) ئەلقە و باس لە ململانێی نێوان دوو وەستای کارامە دەکات کە هەردووکیان دەیانەوێت جوانترین کار ئەنجام بدەن لە پێناو بەدەستهێنانی ئاوائەکانیاندا. دیمەنەکانی بەشێوەیەکی هونەری جوانی بەرجەستەکراوە و هونەرییانە ململانێی نـێـوان کەسایەتییەکان خوڵقێنراوە. بیرۆکەیەکی جـوان سـەرایـای کـارە دراماکەی پێکهێناوە و سەرنجی بینەر کێش دەکات بۆ ناو ڕووداوەکان.

(کـــۆلارە) بـەرهـەمـێـکـی دیـکـەی ئەلەفزیۆنی کوردییە لە ساڵی 1988 ئەلەفزیۆنی کەرکووک (بەشی کوردی) بەرهەمی هێناوە. نووسینی حاجی مەکی عەبدوڵڵا، و دەرهێنانی سەعدون یونس،

ستۆدیۆی تەلەفزیۆنی ژمارە (2) ی بەغداد یەکێکە لەو ستۆدیۆیانەی زۆربەی کارە دراما شانۆیی و تەلەفزیۆنییەکانی تێدا تۆمارکراوە

جێگای سەرفرازی و شانازیە کە ئەمڕۆ نووسەر و ئەکتەر و دەرهێنەر بتوانن باس لە ئازار و نەخۆشییەکانی کۆمەڵ بکەن و چارەسەریشی بۆ بدۆزنەوە. ئەم درامایە لە نواندنی: حەمە عەلی خان، سەمیرە سەعدون، فەریدە، غازی غەفوور.. باسی کێشەی کۆمەڵایەتی کۆمەڵێ خێزانی کورد دەکات کە بەشێوەیەکی هونەرییانە بەرجەستەکراوە.

ئـەم بـەرهـەمـە هـەنـگـاوی زۆر زەحمەتی نابوو بۆ ئەوەی بڕوانە پاڵ کارە دراماییەکانی دیکەی کوردی وەک ژاڵە و گوڵاڵە.. وائە لەم قۆناغەدا هەوڵدان بۆ بەرەو پێشبردنی و گەشەکردنی درامای کوردی لە ئارادا بووە و هونەرمەندان لە هەوڵی بەرەو پێشبردنیدا بوون.

ئاستی گەشەکردن لەم بەرهەمانەدا لە ڕووی سیناریۆ و نواندن و دەرهێنان و کامێراوە زمانی جوانکاری لە خۆگرتووە. ئوانراوە جیاوازی هەبێت لەگەڵ دراما ئەلەفزیۆنییەکانی پێشتردا. بە ئایەتی لە ڕووی بەرجەستەکردنی لایەنە هونەریی و ئەکنیکیەوە

بۆیە دراماکانی ژاڵە و کۆلارە و گوڵاڵە

هەولێر

زنجیرەی (ژاڵە) بەرهەمی تیپی نواندنی سلێمانییە و ساڵی 1985 تۆمارکراوە لە هەشت ئەڵقە پێکهاتووە. چیرۆکی جەلیل زەنگەنە و سیناریۆی کاوە ئەحمەد میرزا و دەرهێنانی ناسر حەسەن

و .. هتد، نموونەی ئەو دراماییانەن بەشێوەیەکی گشتی دیمەنەکانیان لە دەرەوەی ستۆدیۆدا ئۆمارکراون و وەک پێویست سیناریۆی ئایبەتی بۆ نووسراوە. نواندنی ئەو جۆرە چالاکییەش لەلایەن کوردەوە سەرەتایەکی مژدە بەخشە بۆ گەشەسەندنی دراماى ئەلەفزیۆنی.

دراماى تەلەفزیۆنی کوردی لە کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستاندا

لە هەرێمی کوردستاندا کۆمەڵێک کەناڵی ئاسمانی هەیە، هەریەکەیان ئایبەتمەندی و ئامانج و بەرنامەی خۆی هەیە. تا ئێستا هیچ کەناڵێکی ئابیەت بە بواری دراماى ئەلەفزیۆنی لە هەرێمی کوردستاندا بەدی ناکرێن، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک کەناڵ هەن ڕۆڵی خۆیان هەبووە لە بەرهەمهێنان و پەخشکردنی دراما و زنجیرە دراماى ئەلەفزیۆنیدا. وانە لە پاڵ بەرنامەکانی دیکەی کەناڵەکەدا گرنگییان بە بواری داراماى ئەلەفزیۆنی داوە. ئەو کەناڵانەی بەرهەمی دراماى ئەلەفزیۆنیان هەیە بریتین لە کەناڵی (کوردستان ئی ڤی، کوردسات، زاگرۆس، نەورۆز...)، خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمی زنجیرە دراماییی ئەلەفزیۆنیشن. هەریەک لەو بەرهەمانەش ئاستی هونەری جیاوازە و لە کارێکەوە لە کەناڵێکەوە بۆ کەناڵێکی دیکە جیاوازی هەیە.

لێرەدا هەر کەناڵە و بەرهەمەکانیان بە شێوەی جیا دەخەینە ڕوو لەگەڵ ساڵی بەرهەمهێنان دراماکە.

1- کەناڵی ئاسمانی کوردستان تی ڤی:

کەناڵی ئاسمانی کوردستان ئی ڤی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە، یەکێکە لەو کەناڵانەی گرنگی بە بواری دراماى ئەلەفزیۆنی داوە و لە پاڵ بەرنامەکانی دیکەیدا کۆمەڵێ دراماى ئەلەفزیۆنی بەرهەمهێناوە کە بریتییە لەم زنجیرە دراماییانەی خوارەوە:

ناوی دراما	ساڵ
1. مەمی ئالان	2000
2. نمە خان	2000
3. ڕێچکە	2002
4. چارەنووس	2006
5. بێ سەرپەرشتان	2007
6. خەج و سیامەند	2007
7. گەمەی باڵندەکان	2010
8. فرمێسک	2010
9. نامەکانی ئەشرف	2010
10. ڕۆژگارە ئەربیەکان	2011
11. ڕەیحان	2011

2- کەناڵی ئاسمانی کوردسات:

کەناڵی ئاسمانی کوردسات کۆمەڵێ دراماى ئەلەفزیۆنی بەرهەمهێناوە. یەکێکە لەو کەناڵانەی لەم بوارەدا خزمەتی بە ڕەوتی هونەری دراماى ئەلەفزیۆنی کردووە و خاوەنی ئەرشیفێکی هونەرییە. هەروەها کوردسات هاوکاری لەگەڵ کەناڵی خاکدا هەیە و کۆمەڵێ بەرهەمی بەرهەمهێناوە و دوانزیش لە کەناڵی کوردستان پەخشکراوە و لە ئەرشیفی ئەم کەناڵەدا پارێزراوە. بەرهەمەکانی کوردسات بریتین لە:

ناوی دراما	ساڵ
1. خەمی چۆلەکەکان	2001
2. ڕەشەی پۆلیس	2002
3. حەسەنە فەنی	2003
4. جومعە	2004
5. گوڵە بێڕۆژەکان	2005
6. خانمی سپێدە	2005
7. گەڕان بە دوای سێبەرەکاندا	2006
8. گەردەلوول (1)	2006
9. ڕابوون	2006
10. نیشتمان	2007
11. ئاریا	2007
12. وەسێتنامە	2007
13. فەنتەڵۆس	2008
14. گەردەلوول (2)	2008
15. ژیلەمۆ	2008
16. خەمۆو خەم	2008
17. گەرمیان و کوێستان	2010
18. هەیئە	2010
19. ئاکامی نەهێنیەکان	2011

3- کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس

کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس لە بواری دراماى ئەلەفزیۆنیدا، ئەنیا خاوەنی چەند بەرهەمێکە بریتین لە:

ناوی دراما	ساڵ
1. گێلە پیاو	2007
2. بزر	2008

بزر بەرهەمی هاوبەشی کەناڵی ئاسمانی زاگرۆس و ئەوروپایە، لە دەرهێنانی دەرهێنەری ئۆکرانی (ئۆلێگ دراچ)ە.

4- کەناڵی ئاسمانی نەورۆز

کەناڵی ئاسمانی نەورۆزیش کە پێشتر ئەلەفزیۆنی هەرێم بووە لە بواری

بەرهەمهێنانی دراما‌ی ئەلەفزیۆنیدا، ڕۆڵی خۆی هەبووە. بەشێکی ئایبەئی هەیە بە ناوی دراماوە و خاوەنی کۆمەڵێ بەرهەمی دراما‌ی ئەلەفزیۆنییە وەک:

ناوی دراما	ساڵ
1. لە گوڵێک کاڵتر	2005
2. ئەلاری مەزنی	2005
3. شەوچەرەی ڕەمەزان	2005
4. کە خەم گوڵ دەگرێ	2006
5. ڕۆژێکی نوێ	2006
6. بیری ژمارە سێ	2006
7. خۆر	2006
8. ژوانێک بۆ خۆشەویستی	2007
9. ڕەحمەتی	2007
10. پرس	2008

هەروەها زنجیرە دراما‌ی (ئارەزوو) لە سیناریۆی عەباس عەبدولرەزاق و دەرهێنانی ئەرسەلان دەرۆیش، بەرهەمی ئێپی شانۆی سالار لە مانگی ڕەمەزانی 2008دا وەک ئەزموونێکی نوێ لە یەک کاتدا لە کۆمەڵێک کەناڵی ئاسمانی و ناوخۆیی وەک کوردسات و کوردستان و نەورۆز و خاک...هند پەخشکرا. ئەم بەرهەمەش دەچێنە بواری دراما‌ی کەناڵە ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان.

4-4 کەناڵە ئاسمانییەکان و نموونەی دراما تەلەفزیۆنییەکان

لەگەڵ دەرکەوتنی کەناڵە ئاسمانییەکاندا، قۆناغێکی دیکە دێنە نێو دراما ئەلەفزیۆنییەکانەوە کە قۆناغی گۆڕانە لە کەناڵی ناوخۆییەوە بۆ کەناڵی ئاسمانی و لێرەوە دراماکان پانتیی نمایشیان فراوانییەکی جوگرافیایی بەخۆوە دەبینێ.

لە دوای ساڵی دوو هەزارەوە لەگەڵ دامەزراندن و دروستبوونی سەئەلایئەکان. هەندێ لە گروپ و ئیپە هونەرییەکان کەوتنە کارکردن لە هەندێ کاری ئەلەفزیۆنی کە وەک زنجیرە پیشان دەدرا. گۆڕانکارییەکی لە شێوە و ڕەنگ و کڤالیتیە وێنەییەکاندا بەسەردا هاتۆ، بە ئایبەئی کە سیستەمی کامێرای دیجیتاڵی هاتە ئاراوە. پاشان مۆنتاژی کۆمپیوتەری هەندێ کارئاسانی بۆ ئەو بەرهەمانە دەکرد، لە ڕووی دەنگ و ڕەنگەوە باشترن، بەڵام لە شێوەی دەرهێنان و نواندندا هەمان دەردی دووبارە بوونەوە و لاسایی کردنەوەی کارەکانی پێش خۆیان بوون. وانە هیچ گۆڕانکارییەکی ئەو نۆ بەسەر نووسینی دەق و سناریۆ و دەرهێنان و نواندا نەهاتۆ. جگە لە چەند بەرهەمێک کە لە ڕووی هونەری و ئەکنیکییەوە بەرجەستە کراوە. ئەویش ناگەنە پەنجەکانی دەستێک.؟! بۆیە لەگەڵ دامەزراندنی ئەلەفزیۆنە ئاسمانییەکاندا، کۆمەڵێ دراما‌ی ئەلەفزیۆنی بەرهەم هاتۆ. کە زۆربەیان زنجیرە دراما‌ی بوون و بینەرێکی زۆر چاودێری ئەو کارانەیان دەکرد. بەڵام لەگەڵ ئەو کرانەوە گەورەیەی بە ڕووی دنیادا هەیە، ئاستی زۆرێک لە بەرهەمەکان نزمە و ئاستی ئەوەی نییە لەو کەناڵە ئاسمانییانەوە پەخش بکرێت. وانە لە ڕووی بەجیهانی کردنی زنجیرە دراما کوردییەکاندا وەک پێویست نەمان ئوانیوە لە ڕووی بە هونەرکردنی کارەکانەوە سەرکەوتوو بین، بە پێچەوانەشەوە هەندێک بەرهەم هەیە لە ڕووی هونەری و ئەکنیکەوە شێوە هونەرییەکی ئێدا بەدی دەکرێت. جێگای خۆیەتی کە ئاماژە بە هونەرمەندێکی وەک (ناسر حەسەن) بدەین، کە وەک دەرهێنەرێکی بە سەلیقە و داهێنەر لەو مەیدانەدا کاریکردووە و ناڕادەیەکی باش بەپێی ئوانا و شارەزایی لە بواری دەرهێناندا چەند کارێکی (دراما‌یی ئەلەفزیۆنی) بە ئەنجام گەیاندووە و زنجیرە ئەلەفزیۆنی (ژاڵە) و (مەمی ئالان) نموونەیەکی زیندووی ئەو بەرهەمانەیەتی.

زنجیرەی (مەمی ئالان)ی کەناڵی ئاسمانی کوردستان یەکێکە لەو بەرهەمانەی لەگەڵ دەرکەوتنی یەکەم کەناڵی ئاسمانی کوردیدا بەرهەم هاتۆ و شێوە هونەرییەکی جوانکاری ئێدا بەدی دەکرێت و دەکرێت بڵێین جیاوازە لەگەڵ دراماکانی دیکەدا. بۆیە جگە لە زنجیرە دراما‌ی (مەمی ئالان) گەر بڵێین کورد لەسەرانسەری ژیانی ئەلەفزیۆنیدا ئا ئێستا (زنجیرە دراما‌ی ئەلەفزیۆن)ی هەبێ!!! ئەنیا یەک زنجیرە دراما‌ی ئەلەفزیۆنیمان هەیە بە مانا ئەکادیمیەکەی ئەویش (مەمی ئالان)ە. ئا ئێستا هەرچیەکتان کردبێت هەر هەمووی بڕیتی بوون لە (مینی دراما‌ی کوردی!!!) گەر لەمەودواش هاتنە سەر ئەلەفزیۆن و لە میدیاکاندا قسەتان کرد دەبێ بڵێین کە کورد خاوەنی مینی درامایە و بەس، جگە لە مەمی ئالان.

مەمی ئالان بە یەکی لەو نموونە دراما‌یانە دادەنرێت کە دەرهێنەر ئوانیویەتی پەیامێکی هونەری بدانە وەرگر و کاردانەوەیەکی باشیش لای وەرگر بخولقێنێ. ئەمەش دەگەڕێنەوە بۆ ڕۆڵی ئوانای دەرهێنەر. بۆیە ناسر حەسەن لە (مەمی ئالان)دا بە شێوەیەکی هونەری بەرز و سەرنج ڕاکێش و ژیرانە فریەم و سینەری وەها نزۆپک و باڵای نیشانی ئێمەدا کە هیچ جیاوازیەکی نییە لەگەڵ دەرهێنەرێکی ڕۆژئاوایی و ئەوروپیایدا، کە بئوانێ بە داراییەکی کەم و ئوانایەکی ژیرانەوە بە بینەران بناسێنێ.

بەڵام ئەگەر بڕوانینە دراماکانی دەهێنەر حوسێن میسری، پڕە لە هەڵە و کەموکوڕی هونەری، کە پێشتر ئاماژەمان پێدا. لەگەڵ ئەوەی ئوانای مادی و ئەکنیکی کەناڵێکی ئاسمانی لەبەر دەستابووە و شارەزایی لەم بوارەدا نەبووە و نەیئوانیوە کارێکی هونەری بەرجەستە بکات. بۆ نموونە سیناریۆی درامای (جومعە) زۆر سادە بوو، زۆربەی کاتەکان کەسایەتییەکان مامەڵەیەکی ڕۆژانەیان لەگەڵ یەکتردا دەکرد،

هەواڵنامەی کتێب

گرفتی دراما تەلەفزیۆنی نەبوونی پسپۆرییە، نەزانینی بەکارهێنانی بنەما هونەرییەکانی دراما‌یە. دووبارە کردنەوەی پەیام و ناوەرۆکی بابەتەکانە

دوور لە بابەتی سیناریۆکە. زەقترین ڕەخنە کە ئاڕاستەی سیناڕۆکە بکرێت نەبوونی یان کەمی ڕووداوە، سیناریستێ نەیتوانیبوو بە خولقاندنی ڕووداو لەلایەن کەسایەتییەکانەوە دراماکە بەرەو پێش بەرێت. کێشە و گرفتی بەرهەمەکانی حوسێن میسری نەبوونی بنەمای هونەرییە لە کاری سیناریۆ و دەرهێناندا. نەیتوانیوە بە شێوەیەکی هونەرییانە بەرجەستەیان بکات. ئەمەش وای کردووە بینەر لە بینینی دراماکاندا ئووشی بێزاری بێت.

گەردەلوولی کەناڵی ئاسمانی کوردسات هەنگاوێکی مژدە بەخشبوو، بووە مایەی خۆشنوودی بینەری کورد، دڵخۆشییەکی ئرنجاندە نێو هەناوی ئەوانەی غەریبی دراما‌ی ئەلەفزیۆنیان دەکرد، گەردەلوول بە هەموو کەم و کۆڕیەکەوە، دادەنرێت بە جێگرەوە ئەو کەلەبەرەی کە هەیە، لەو دەلاقە بەرچاوەی ئەمڕۆی دراما‌ی کوردی بەرەکەنیان ئێکەوێت.

جەلیل زەنگەنە لەبەشی یەکەمی زنجیرەی گەردەلوولدا چالاکی پێشمەرگانە، کە ئەقە کردنە لە پارێزگای سلێمانی، دەکاتە بینای دراماکە. لە وێوە بینای دراما‌ی گەردەوول دەچنێ کە هەرچەندە بە پەرت و بڵاوی بەجیا جیا بەرزبوونەوەیەکی بێهێز بینای دراماکە دروست دەکات، بەڵام هێشتا زۆر لە بەشی دووەمی باشتر و هونەریتر ڕووداوەکان بەرەو لوتکە دەبا و تا ڕادەیەک چارەسەر بۆ گرێدانی ناو دراماکەی دەکات. لەبەشی یەکەمدا بینەر دەتوانێ دوای ڕووداوی سەرەکی بکەوێت. بەڵام لەبەشی دووەمدا کەموکوڕی هونەری بەدی دەکرێت و بەزۆر دراماکەی لە چەندین دیمەندا درێژ کردۆتەوە. ئەمەش کاریگەریی خراپی هەبووە بۆ سەر وەرگر. بۆیە یەکێک لە کێشە و گرفتەکانی ئەمڕۆی زنجیرە دراما‌ی کوردی، نەبوونی بەرجەستە کردنی زمانە هونەرییەکانی دراما‌ی ئەلەفزیۆنییە.

(گەڕان بە دوای سێبەرەکاندا) دراما‌یەکی دیکەی سەرکەوتووی کەناڵی ئاسمانی کوردساتە و یەکێکە لەو بەرهەمە هونەرییانەی بە شێوەیەکی هونەری کاری ئێدا کراوە. دەتوانم بێ منەت و دووڵی بڵێم کە ئەم مینی دراما‌یە ئیشکێکی ڕووناک بوو لەو مێژووە کورتەی دراما‌ی کوردیدا، کە بە هێواشی و نەرم و نیانی و لەسەر خۆ کاری زانستی ئێدا کرابوو چ لە دەرەوە و لە کوردستانیش خەڵکانێکی زۆری ئێکەڵاو لە ڕۆشنبیران و ئاسایی بە دڵیان بوو، گەر نمرە بۆ سەرکەوتنی ئەم بەرهەمە دابنێین پلەیەکی بەرزی بە دەست هێنا. ئەم بەرهەمە لە ڕووی کرداری بەرهەمهێنانی دراما‌ی ئەلەفزیۆنییەوە بە بەرهەمێکی هونەری سەرکەوتوو دادەنرێت. زمانە جوانکارییەکانی ئەلەفزیۆنی ئێدا بەرجەستە کراوە و شێوەیەکی هونەری بەخۆوە بینیوە و مایەی گەشەکردنی دراما‌ی ئەلەفزیۆنی کوردییە.

(بزر) زنجیرە دراما‌یەکی هاوبەشی کەناڵی زاگرۆس و ئەوروپایە. باس لە کێشە و گرفتی کۆچ و ژیانی پەنا هەندەیی کورد دەکات لە نێوان کولتووری کورد و ئەوروپادا. دەرهێنەر بەشێوەیەکی واقیعیانە ژیانی دەرەوەی پیشانداوە، کێشەی نێوان دوو کولتووری بە شێوەیەکی هونەرییانە بەرجەستە کردووە.

بەگشتی ئەمانە نموونەی دراما ئەلەفزیۆنییەکانی کەناڵە ئاسمانییەکان بوون، گرفتی دراما‌ی ئەلەفزیۆنی نەبوونی پسپۆرییە، نەزانینی بەکارهێنانی بنەما هونەرییەکانی دراما‌یە. دووبارە کردنەوەی پەیام و ناوەرۆکی بابەتەکانە، یان نەزانینی بەرجەستە کردنی ڕووداو و دیمەنەکانە، لە کاری دراما‌دا دەبێت هەردیمەنێک پەیام و ئەرکی خۆی هەبێت و پاڵ بە ڕووداو و کەسایەتییەکانەوە بنێ بۆ پێشەوە هەر ڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی دراما‌ی ئەلەفزیۆنی ئەرکی خۆی هەیە، دەبێت لەبەرجەستەکردندا کاریگەریی خۆی هەبێت.

دراما‌ش جۆرێکە لە هۆکارەکانی ڕاگەیاندنی زانیاری و بیروبۆچوونەکان دەبێ ئیژ و کورت بن و ئووشی بێزاری و شڵەژاندنمان نەکەن، ئەمەش بەهۆی دەرهێنەر و هونەرمەندی بە ئواناوە بەرجەستە دەکرێت. کارکردن لەم بوارەدا بۆ بەرهەمهێنانی ئەلەفزیۆنی، پێویستی بە کادری هونەری و پسپۆری هەیە، چونکە مامەڵە لەگەڵ نەوا و کارەبا و ئەلیکترۆن و کۆمپیوتەر و ئامێرەکاندا دەکات. کە وابوو لە دوای هەرشتێک لە دراما‌ی کوردی و گەشەپێدانی، دەڵێم شارەزایی و شارەزایی و شارەزایی.

بە درێژایی چەندین ساڵ ئەزموون لە بواری دراما‌ی ئەلەفزیۆنی کوردیدا، لەسەرجەم ئەم بەرهەمانەی کە بەرهەمهێناوە، ئەو کارانەی ئاستێکی هونەری هەیە لە پەنجەکانی دەستێک نێپەڕ ناکات!. ڕاستەوخۆ لەم بوارەدا کادری هونەری و پسپۆڕیمان نییە. بەڵام دەکرێت سوود لە مێژووی ئەزموونی

دراماى ئەلەفزیۆنى كوردى وەربگرین. بەم ئەزموونە درێژە دەبێت كۆمەڵێ ئەكتەرى بەردەم كامێرامان هەبێت. هونەرمەند هەیە بە ئاست و ئوانا و ڕۆشنبیرى و ئەزموونى خۆى ئوانیویەتى كارى هونەرى دراماى ئەلەفزیۆنى بەرهەم بهێنێ و جێى ڕەزامەندى بینەربێت و كارەكەشى ئاستێكى جوانى هەبێت. بە پێچەوانەشەوە دەرهێنەر هەیە لە دواى چەندین بەرهەمى ئەلەفزیۆنى نەیئوانیوە بەرهەمێكى هونەرى جوان بەرجەستە بكات.

گەر سیناریست و دەرهێنەر نەئوانن لە كارێكى دراماىدا بینەر كێشبكەنە نێو ڕووداوەكانەوە، ئەوا بەدڵنیاییەوە كەموكوڕى و لاوازى هونەرى لەو كارەدا هەیە. بینەرى ئەمڕۆ لەگەڵ دوێنێدا جیاوازى هەیە و بە ئاسانى نائوانرێت ڕازى بكرێت، لەبەر ئەوەى ئێستا سەردەمى ئەنتەرنێت و سەتەلایتە و كرانەوەیەكى گەورە بە ڕووى جیهاندا هەیە. بینەرى ئێستا خاوەنى چاوێكى ڕۆشنبیرى و جوانكارییە، بۆیە سەنجڕاكێشانى بینەر بە بابەتى جوان و خوڵقێنەر ئەنجام دەدرێت، نەك بەرهەمى لاواز ئاست نزم.

بۆیە پێویستە كەناڵە ئاسمانییە كوردییەكان ئێستێك بۆ دراما ئەلەفزیۆنییە ئاست نزمەكان دابنێن و هەوڵى بەرهەمهێنانى دراماى ئەلەفزیۆنى ئاست بەرز بدەن. بۆ ئەوەى ببنە نموونەى كارى درامى هونەرى كوردى.

ئێبینى : ئەم بابەتە بەشێكى نامەى نووسەرە، كە سەرەنای ساڵى 2012 لەیەكێك لەزانكۆكانى لوبنان پێشكەشكراوە.

سەرچاوەكان:

1. حەمە كەریم هەورامى، دراماى كوردى لەناو دراماى جیهانیدا، دەزگاى چاپ و بڵاوكردنەوەى ئاراس، چاپى یەكەم، هەولێر، 2001.

2. سەلام فەرەج، گەشەسەندنى دراماى كوردى لە (عێراق)دا 1975 – 1995، نامەى دكتۆرا، زانكۆى سەڵاحەددین، كۆلیجى ئادابـ2000 .

3. فایەق عومەر ئۆفیق، بیبلیۆگرافیاى شانۆنامەكانى سلێمانى و مێژووى ئیپە هونەرییەكانى 1957–1989، سلێمانى، 1989.

4. عومەر عەلى ئەمین، كامێراى چاوەكانم، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم، سلێمانى، 2009.

5. ئیسماعیل عەلى، یادى دە ساڵەى دامەزراندنى ئیپى شانۆیى نەتەوەیى هەولێر، ڕۆژنامەى (هاوكارى) ژمارە (1144)، 15/ 1/ 1990.

6. كەریم بایز، ئەرشیفى چالاكییەكانى كۆمەڵە 1972–1999، بڵاوكراوەى كۆمەڵەى هونەر و وێژەى كوردى– هەولێر ژمارە (3)، 1999.

7. ئاشنى عوسمان دانش، غازى بامەڕنى هونەرمەند و مرۆڤ، گۆڤارى (ئایندە)، ژمارە (19)، 2001.

8. نەهرۆ صالح دەلۆ، گەردەلوول لە نێوان خەیاڵ و واقیعدا، ئەدەب و هونەرى (كوردستانى نوێ)، ژمارە (583)، 2008/5/1.

9. موئەیەد محمود، پەنای دراماكانى ئێمە، گۆڤارى (ئایندە)، ژمارە (60)، 2005، ل 63.

10. یاسین حاجى قادر، دراماى گەردەلوول و چەردەیەك ئاسنەنگى هونەرى، گۆڤارى (ئایندە)، ژمارە (67)، 2006.

11. ڕزگار كەریم، مینى دراماى گەڕان بەدواى سێبەرەكاندا و چڕپەیەك– بەشى دووەم، ئەدەب و هونەرى (كوردستانى نوێ)، ژمارە (493)، 2006/7/6.

12. ڕزگار كەریم، ڕەشەى دراما و ئەم ڕەمەزانە!!!، گۆڤارى (ئایندە)، ژمارە (42)، 2003.



قۆناغەکانی رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان

قۆناغی دەستپێک - (کۆماری کوردستان)

شەریف فەلاح
نوسەر و رۆژنامەنوس

بۆخستنە بەرباسی رەوتی رۆژنامەگەریی هاوچەرخی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان، دەکرێ سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران 1979 بکەینە بنەمایەک و رەونەکە بە دوو قۆناغی بەر لە شۆڕش و دوای شۆڕش دابەش بکەین.

بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە گوڕترین و بەرچاوترین رەوت، ئەو سەردەم و ماوە کورتە بووە، کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەویش لە ناوچەی باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان لە ماکۆ و «خۆی»یەوە بگرە تا دەگاتە بە بەشێک لە شاری سەقزی لەخۆ گرت، کە بە گوڕ و تینێکی بەرفراوان و بە ئەندێشەیەکی نەتەوەیی و بە پشتیوانیی دەسەڵاتی سیاسیی کۆماری کوردستان و لەسەر دەستی چەندین ئەدیب، شاعیر و رۆشنبیری بە ناوانا وەکو: سەیفولقوزاتە، هەژار، هێمن، عەبدولڕەحمان زەبیحی، حەسەن قزڵجی، سەید کامیل ئیمامی(ئاواتە)، خاڵەمین، عەباس حەقیقی و هتد...چەندین گۆڤار و رۆژنامەیان وەکو کوردستان، هەڵاڵە، نیشتمان، گڕوگاڵی منداڵانیان چاپ و بڵاو کردەوە، بەڵام ئاستی وەشان و ئەو ناوچانەی کە ئەم کێبخانەی تێدا بڵاو دەکرایەوە لە شارەکانی باکووری رۆژهەڵاتی رۆژهەڵاتە ئینەپەڕی، کە هۆکارە دەرەکی و ناوخۆییەکانی ببوونە هۆی ڕەخساندنی.

هەر لەو ماوە کورتەدا پۆلێ چاپەمەنی و کتێبی کوردی هاتنە مەیدانی ڕۆشنبیری و زمان و ئەدەبی کوردی بووژایەوە. هەرچەند ئەو ئەوژمە ئەدەبی و ڕۆشنبیرییە نەگەیشتە شارەکانی پارێزگاکانی کوردستان، کرماشان و ئیلام، بەڵام ناڕاستەوخۆ کاریگەریی هەبووە، بە کپ کردنی ئەو هەلە لەلایەن دەسەڵاتی حکومەتی پەهلەوییەوە، ڕەوتەکەش ڕاوەستاوە و دامودەزگای حکومەتی پاشایەتی وەک ئاتاتۆرک لە تورکییە هەوڵی داو بۆ یەکدەست کردنی زمان و کولتووری نەتەوەکانی ئێران و ئواندنەوەیان لە یەک نەتەوەدا.

دیارە بە هێنانی ئەم ڕوانگەیە و کپ و بێدەنگ کردنی ڕەوتی ڕۆشنبیری و فەرهەنگی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، هەم گورزی گورچکبڕی لە پەیکەری فەرهەنگ و کولتووری ئێرانی دا و هەم دەیهەویست بەربەرەکانێ لەگەڵ بوونی هەستی نەتەوەیی گەلانی ئێراندا بکات.

قۆناغی شۆڕشی 1979ی زایینی:

بەڵام خرۆشی گەلانی تووڕەی ئێران، جووڵەی لەو ئەندێشەیە بڕی و ئیرادەی جەماوەر بەسەر سەرکوت و زەبرو زەنگدا سەرکەوت و کۆنایی بە دەسەڵاتی پەهلەوی و پیلانە دژە مرۆییەکانی هات.

بۆ ماوەیەک سەرلەنوێ هەلومەرج بە گوڕوتینێکی دیکەوە ڕۆژنامەگەریی کوردی لە وڵاتەکەماندا سەری هەڵدایەوە.

ئەگەرچی لەبەر کاریگەریی کات و هەلومەرجی تایبەتی ئەو سەردەمە، چاپەمەنییەکان زۆرتر سیاسی و کۆمەڵایەتی بوون، بەڵام خێرا سەریان هەڵدا و شانبەشانی ڕووداوکان گەشەیان کرد و هەرکام لە هێز و لایەنە سیاسییەکانی مەیدانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆ خۆیان خاوەنی چاپەمەنی و بڵاوکراوەی تایبەت بە خۆیان بوون.

هاوکات بەشێک لە هێز و لایەن و ڕێکخراوە سیاسییەکانی ناوچەکەکانی دیکەی ئێرانیش ئەو دەرفەتە لەبارەی کوردستانیان قۆستەوە و گۆڤار، بڵاو کراوە و نامیلکەکانی خۆیان لە کوردستان بە چاپ دەگەیاند و ڕەوانەی ناوچەکانی دیکەیان دەکرد.

ئەو ماوە کورتەش سەرلەنوێ کۆنایی پێ هێنرا و لەلایەک هەلومەرجی ئەستەم و ناسکی ساڵەکانی کۆنایی دەیەی هەفتاکان تا نێوەڕاستی دەیەی هەشتا و بڵێسەی ئاوری شەڕ زۆربەی دەرەتانەکانی ڕەواندەوە. وەڵامی داخوازییە سیاسی و نەتەوەییەکانی هێزە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێران و ئەو دەرفەتانەی کە بۆ وتووێژ لەگەڵ حکومەتی ناوەندە ڕەخسابوون، هەڵایسانی شەڕی لێکەوتەوە.

شەڕی حکومەتی ئیسلامیی ئێران لەگەڵ عێراق و چەند هۆکاری دیکەش بوونە هۆی ئەوەی هەتا کەشوهەوایەکی پڕ لە ترس و سەرکوت باڵ بەسەر ڕەوتی ڕۆشنبیری لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بکێشێ و کۆمەڵانی خەڵک لە سەرەتاییترین مافە مرۆییەکان، خوێندن و نووسین بە زمانی زگماکی قەدەغە بکرێن، گۆڤار و ڕۆژنامەو کتێب و ڕەوتی چاپ و وەشان پێشیان پێگیراو کەشوهەوایەکی نەژی لە سانسۆر و ئەمنیەتی لە کوردستان هاتە ئاراوە و ڕەوتی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی کوردی ئووشی قەیران و وەستان بوو.

هەرچەند لەم قۆناغەدا، جۆرێک لە ئەدەبی بەرگری و ڕابەرێنخوازانە بەرجەستەبوو و بە نهێنی و ناوبەناو لەملاو لەولا چاپ و بڵاو دەکرێنەوە. ڕۆژنامەنووسیی شاخ و حیزبی بە نهێنی چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام بە ئازادی ناگەنە دەستی خەڵک و قەدەغە دەکرێن.

بەڵام ساڵی ١٩٨٤ ساڵێک بوو، کە لە سەر هیمەتی پیرێکی ژیر و شاعیرێکی نەتەوەیی و جوانپەرست شقڵی ئەو بێدەنگییە شکێنراو مامۆستا «هێمن» بە شنەبای «سروە» ئاڵای فەرهەنگ و ئەدەبی ڕۆژهەڵاتی کوردستانی هەڵکرد و بەڕاستی ئێگەیشتبوو کە بنەمای بوونی هەر گەل و نەتەوەیەک فەرهەنگی ئەو گەلەیە، دەتا حازر نەدەبوو بۆ خزمەت بەم بواره و بووژانەوەی ڕۆژنامەگەریی کوردی هەرچی ئانە و ئوانجی دەوروبەرە

حەسەن قزڵجی

هەژار

حەقیقی

سەید کامیلی ئیمامی

هێمن

زەبیحی

هەوڵادەی کتێب

قبوولّی بکات و لە کارەکەی وازی دەهێنا.

پاش چەندین ساڵ هەوڵ و ئێکۆشانی کارە بەنرخەکەی هێمنی دڵسۆز و هاوەڵەکانی خزمەتێکی هەرە گرینگی بە ئەدەب و فەرهەنگ و رۆشنبیری کرد و هەر بە ئاقانەیی مایەوە زۆر شاعیر و نووسەرو رەخنەگرو چیرۆکنووسی لاو «سروە» بوو بە مامۆستایان و لە کەند و کۆسپ و هەڵەنەکان رزگاریانی کرد.

سروە پا ش ئەمەنێکی دوور و درێژ لە خزمەتْ بە رەوتی ئەدەبی و رۆژنامەگەریی ئەدەبیی کورد و بڕینی چەندین قۆناغ، لە گۆڕینی ناوەرۆک، شێواز و شوێنی کار، سەرەنجام پاش زیاتر لە 25 ساڵ ئێکۆشانی فەرهەنگی بە ئەواوەتی رووی لە لاوازی کرد و خوێنەر و نووسەرانی لێ ئەریک کەوتنەوە و ساڵی ٢٠١٠ دوای (281) ژمارە، لەلایەن ئیدارەی فەرهەنگ و ئیرشادی ئیسلامیی ئێرانەوە بەهۆی گرفتی مالّی بە یەکجاری داخرا و ئەو دەرەنانەش رەوییەوە.

لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتاکان لەگەڵ گوڕوتینێکی نوێ لەناو دونیای فەرهەنگ و رۆشنبیری و بە دامەزرانی ئەنجومەنە ئەدەبییەکان و کۆبونەوەی نووسەران و بیرمەندانی کورد سروە لە ئاقانەیی رزگاری بوو و دەسنەخوشکێکی بەناوی «ئاوێنە» هاتە مەیدانی رۆژنامەگەریی کوردی کە لەسەر دەستی نووسەران و دڵسۆزانی کوردی دانیشتووی ئاران و کورد فەیلییەکان شانبەشانی سروە گەشایەوە و بە ئاوردانەوە لە رەوتە ئەدەبی و فەرهەنگییەکان لە ئیلامەوە بگرە تا دەگاتە خۆی و ماکۆ رۆڵێکی چاکی نواند.

رۆژنامەگەری لەو کاتەدا ببوو بە گۆڕەپانێک بۆ ئاودانی پێنووس بەدەستان. نابێ لە یاد بکەین کە رەوتی سروەو ئاوێنە وەک رەوتێکی زیندوو، وەکوو سەردەم و قۆناغەکانی پێشوو ئووشی هەوراز و نشێوبوون. کە هەتا هاتووە ئاستی گۆڤارەکە دابەزیوە و کەم هێزتر بۆتەوە. بەڵام ئاوێنەش بنبڕ کرا، لە کاتێکدا کۆمەڵێکی بەرچاو لە ئەدیب و نووسەری جیدیی کورد لە ئیلام و کرماشان و کوردستان و ئازەربایجانی رۆژئاواوە ئێیدا دەیانووسی، پێشی پێگیرا و پەنجەرەکی دیکە بە رووی نووسین و داهێناندا داخرا.

رەوتی زەمان و بە بەهرە گەیشتنی هەوڵ و چالاکییە فەرهەنگییەکان و چالاکبوونی رەوتی رۆشنبیری و پێویستیی سەردەم بوونە هۆی سەوزبوونی نەمامێکی دیکەی فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی، بەڵام ئەمجارە ئەو نەمامە لە شارێکی خنجیلانە و فەرهەنگ دۆستی وەک مەریوان لە لێواری «زرێبار»و لە سینگی ئەفسانەی دەروێشەوە روا.

نەمامی زرێبار کەوتە پەل هاویشتن و باوەشی بۆ یادی سەدساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی گرتەوە.

ئەمجار گۆڤاری»زرێبار»دوای هەوڵ و ئەقەلای زۆر وەک یەکەم چاپەمەنیی خۆمالّی و سەربەخۆ لە رۆژهەڵاتی ئێران خۆی دەرخست کە ئێستاش لە شێوازێکی نوێ و ڕاقەییدا پاش بڕینی چەندین قۆناغی هەوراز و نشێوی وەک راگرتن، نەبوونی پشتیوانەی مالّی و .. هەر بەردەوامە.

کۆتایی دەیەی هەشتاکان و دەیەی نۆهەدەکان و قۆناغێکی گرینگ:

لە دەرەوەی زانکۆکانیش و لە مەیدانی رۆشنبیری و رۆژنامەگەریدا لە هەوڵ و چالاکی نەوەستان و لە شاری سنە ساڵی ١٩٩٦ حەوتوونامەی «ئاویەر»و پاشان حەوتوونامەی «سیروان» بەدوو زمانی کوردی و فارسی هاتنە مەیدانی رۆژنامەگەریی کوردی، هەرچەند بۆ ماوەیەک بوون بە سەکۆی باڵ و لایەنەکانی ناو دەسەڵاتی ئێران، بەڵام لە ئاستی خۆیاندا خزمەتی بەرچاویان بە بووژانەوەی رەوتی رۆشنبیری و فەرهەنگ و ئەدەبی کوردی کرد.

بەپێی هەلومەرج و هاوتەریب بوون لەگەڵ رەوتی بەجیهانی بوون و هاتنە ئارای شەپۆلی ئازەی رووناکبیری بۆ وەڵامدانەوە بە سەدان پرسیاری جیددیی بێ وەڵام، بەرز بوونەوەی ئاگایی و وشیاریی نەتەوەیی، سەرهەڵدانی چینی خوێندکار و بژاردەی کۆمەڵگا و چوونی کۆمەڵێکی بەرچاو لە لاوانی کورد بۆ زانکۆکان و هاتنە ئارای فەزایەکی ئازەی سیاسی لە کوردستان و ئێران،

بارودۆخێکی ڕەخساند و بەڕێوەبەران و هەڵسووڕێنەرانی ڕەوتی ڕۆشنبیری و ئەندامانی ئەنجومەنەکان، نووسەران، شاعیران، ڕەخنەگران، بیرمەندان، چالاکانی سیاسی، مەدەنی و خوێندکاری لە دەرەوەی زانکۆ و بەئایبەت لەنێو زانکۆکانی ئێران و لە هەر گۆشە و قوژبنێکی زانکۆکانی ئێران و کوردستان دەستیان دایە وەشان و بڵاوکردنەوەی گۆڤاری خوێندکاری و بە شێوەیەکی ئاکادیمی و ڕاڤەیی بابەت و مەسەلە نەتەوەیی و ڕۆشنبیری و ئەدەبییەکانیان شڕۆڤە دەکرد و چەندین گۆڤاری وەکوو: ڕوانگە، بەیان، نیشتمان، چیا، ئرووسکە، بروسکە، ڕۆژانۆ، ئامانج، کرمانج، چرۆ، ڕۆژانۆ، نویسا، پەیڤ، ئاڤگە، ئەڵخا، ڕەوت، ڕچە و هتد...یان بڵاو کردەوە.

لە درێژەی ئەم ڕەوتەدا لە شاری مەهاباد گۆڤاری «مەهاباد» پێی گرت و خۆی خزاندە ناو بازنەی چالاکیی ڕۆژنامەگەریی ئەدەبییەوە، ئەم گۆڤارە هەتا ئێستاش هەر بەردەوامە و بڵاو دەبێتەوە و یەکێک لەگۆڤارە زیندوو و چالاک و بەنرخەکانی ڕۆژهەڵاتی ئێرانە.

دەیەی دووهەزار و قۆناغی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان:

دوای خوێندنەوەیەکی نوێ و پێناسەیەکی سەردەمیانە لە ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، پاش داخرانی حەوتوونامەی «ئاوێەر» و هەموو گۆڤارە خوێندکارییەکان، شەپۆلێکی نازە و نوێخواز و ئەمڕۆیی لە ڕۆژنامەگەریی کوردی ڕەخنەگر و پرسیارخولقێن هاتە ئاراوە کە لە چوارچێوەی حەوتوونامەگەلێکی وەکو: ڕۆژهەڵات، ئاسۆ، «پیام مردم»، دیدگا، کەرەفنوو، دەنگ، خوێندکاری کورد، ئاشتی و چەندین ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران شەپۆلێکی بەرین لە ڕەوتی نازەی ڕۆژنامەگەریی هاوچەرخی کوردییان بنیات نا، کە پرس و نەوەرە گرینگەکانی ڕۆژ وەک: پرسی نەتەوەیی، ناسیۆنالیزم، بەجیهانیبوون، فیمینیزم، هاوواڵنی بوون مافی مرۆڤ و پرسە گرینگە کۆمەڵایەتییەکان و ئەو دیاردە و کەموکۆڕییانەی لە کۆمەڵگای کوردی دان خرانە ڕوو.

ئەم قۆناغە دەتوانین وەکو قۆناغی دەستپێک و بنیاننانی ڕۆژنامەگەریی مۆدێرنی کوردی لە ڕۆژهەڵات ناودێر بکەین، چونکە لەم قۆناغەدا ڕۆژنامەنووسی بە ئەزموون و خوێندەوار و شارەزا بە چەمک و ڕێبازە هاوچەرخەکانی، هەواڵ، ڕاپۆرت و وتارنووسین ئاشنا بوون. نوێژێک لە ڕۆژنامەنووسی ڕەخنەگر و پێکهاتە شکێن هاتنە مەیدان کە ئاراستە نووسینیان ئاراستەیەکی ڕەخنەگرانە و هاوکات نەتەوەیی بوو.

هەروەها ئالوگۆڕ و قەیرانەکانی ناو کۆمەڵگای کوردستان و ئێران و ڕەوتە نازەکانی ئەدەب وەک: شیعر، چیرۆک، ڕۆمان، شانۆ، سینەمای کوردی و ڕەخنەی ئەدەبییان بە شێوەیەکی زانستی دایە بەر شڕۆڤە و لێکۆڵینەوە.

قۆناغی ڕەوینەوەی دەرفەتەکان و داهاتووی نادیار:

سەرەتای دەیەی دووهەزار هەرچەند بە لەدایک بوونی بووژانەوەی ڕەوتی نوێی ڕۆژنامەگەریی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دێنە ئەژمار، بەڵام ئالوگۆڕە سیاسیی ناوخۆییەکانی ئێران و داخرانی کەشوهەوای سیاسی کاریگەرییان لەسەر دانا و بوونە هۆی ئەوەی کە ئەم قۆناغە کەم بخایەنێ.

ئەم ڕەوتەش وەکوو قۆناغەکانی پێشوو لەلایەن دەزگا ئەمنیەتی نیزامی و هەروەها دەزگای قەزایی حکوومەتی ئیسلامیی ئێرانەوە پاش هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نژاد پێشیان پێگیرا.

> بەرلە سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، بە گۆڕترین و بەرچاوترین ڕەوت، ئەو سەردەم و ماوە کورتە بووە، کە دەسەڵاتی کۆماری کوردستان ئەویش لە ناوچەی باکووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە ماکۆ و «خۆی» یەوە بگرە تا دەگات بە بەشێك لە شاری سەقزی لەخۆ گرت

حەفتەنامە و گۆڤار و نامیلکەکان داخران، دەستەی نووسەران و ڕۆژنامە نووسان دەستبەسەر و حوکمی زیندانیان بۆ بڕایەوە. ڕۆژنامەنووس و نووسەرانی کورد ئاوانی سیخوڕ، بەستراوە بە بێگانە و دژبەری ئاسایشی نەتەوەیی و ئاژاوەگێڕیان درایە پاڵ.

کەش و دۆخی ئائۆمێدی، زیندان دەستبەسەر کردن و ئەنانەت حوکمی ئیعدام بۆ ڕۆژنامەنووسانی کورد باڵی بەسەر ناوچە کورنشینەکاندا کێشا.

دوو کەس لە رۆژنامەنووسانی چالاک و جیدیی کورد بەناوەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەند و عەدنان حەسەنپوور کەلە ساڵی ٢٠٠٧ەوە بەهۆی چالاکیی رۆژنامەوانییەوە دەستبەسەر کراون، ئێستا بە پێشینەترین رۆژنامەنووسانی زیندانیی ئێران دێنە ئەژمار

لە ساڵی ٢٠٠٦ بــەرەو ئەملا زۆرێــک لە رۆژنــامــەنــووس، چالاکانی مەدەنی و سیاسی کە لە حەفتەنامە و گۆڤارە کوردییەکاندا چالاکییان دەکرد، دەستبەسەر و رەوانەی گرنگە و زیندانەکان کران. بە چەشنێک کە زیاتر لە 10 رۆژنامەنووسی کورد لە زیندانەکانی ئێراندا بوون و هەر جارە کە لەلایەن رێکخراوی هەواڵنێرانی بێسنوورەوە ئێران وەکــو گەورەترین زیندانی رۆژنامەنووسانی جیهان لە قەڵەم دەدرا و کوردستان لە ئاستی ئێراندا زیاترین پشکی زیندانیی رۆژنامەنووسی هەبووە.

دوو کەس لە رۆژنامەنووسانی چالاک و جیدیی کورد بەناوەکانی محەممەد سدیق کەبوودوەند و عەدنان حەسەنپوور کەلە ساڵی ٢٠٠٧دەوە بەهۆی چالاکیی رۆژنامەوانییەوە دەستبەسەر کــراون، ئیستا بە پێشینەترین رۆژنامەنووسانی زیندانیی ئێران دێنە ئەژمار و هەروا لە زیندان دان و بەپێی دواین زانیارییەکان محەممەد سدیق کەبوودوەند لە زۆرێک لە مافەکانی هەر زیندانییەکی سیاسی بێبەش بووە و هەتا ئێستا نەیانهێشتووە لە مافی مەرەخەسی کەڵک وەربگرێت و چاوی بە بنەماڵەکەی بکەوێت و هەتا ئێستا 5 ساڵ لە 11 ساڵ حوکمەکەی ئێپەڕاندووە.

«عەدنان حەسەنپوور»یش وەکوو یەکێکی تر لە رۆژنامەنووسانی زیندانیی کــورد لە زۆرێــک لە مافەکانی بێبەش کراوە و پاش هەڵوشاندنەوەی حوکمی ئیعدامیی، ماوەی زیندانەکەی کرا بە ٠٠ ساڵ.

لە ئەواوی ئەو رۆژنامە، حەفتەنامە و گــۆڤــارە مانگانامە و وەرزنامانەی کەلە دوو دەیــەی ٩٠ و ٢٠٠٠ دا لە ناوچە کوردنشینەکانی ئێران چاپ و بڵاو دەکرانەوە، ئەنیا حەفتەنامەی «سیروان» و گــۆڤــاری ئــەدەبــیــی و فەرهەنگیی «زرێبار» ماون و بەردەوامن.

لە مــاوەی دوو دەیــەی رابــردووەدا ئەو هەموو هەوراز و نشێو و کەند و کۆسپانەی کە هاتوونەتە بەردەم ئوێژی رۆژنامەنووس و چالاکانی بیاقی راگەیاندن لە رۆژهەڵاتی کوردستان، بەشی هەرە زۆریــان لــە پــارێــزگــای کــوردســتــان و بەتایبەت شاری سنە بوون، لەبەر ئەوەی کە زۆربەی ئەو حەفتەنامانەی کە چاپ و بڵاو کراونەتەوە، لەو شارە بوون.

هەرچەند لە پارێزگاکانی کرماشان و ئیلام ئێستا چەندین حەفتەنامە و گۆڤاری مانگانە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، بەڵام لە کۆی نزیک بە 40 بڵاو کراوە کە لەو دوو پارێزگایە دەردەچن، ئەنیا دوو لاپەڕە بۆ زمانی کوردی تەرخان کراوە بۆ زیاتر لە 3 میلیۆن حەشیمەتی هاوواڵتیی کوردی هەر دوو پارێزگاکە کە ئەویش تایبەتە بە شیعر و ئەدەب.

سەرەتای ساڵی ٢٠١١ لەلایەن لێژنەی چــاوەدێــری بــەســەر چاپەمەنییەکانی وڵاتی مۆڵەتی چاپی (10) بڵاو کراوەی جــۆراوجــۆری بۆ پارێزگای کوردستان پەسند کرد کە هەتا ئێستا بە فەرمی 3 دانە لەو بڵاوکۆکانە دەستیان بەکار بوون و ئەوانی دیکەیان هەر لە چوارچێوەی ناودا ماونەتەوە.

هــەرچــەنــد ئــێــســتــا لــە نــاوچــە کوردنشینەکانی ئێران حەفتەنامە و دوو حەفتەنامەکانی: «سیروان، دیار کوهەن، ندای گەڕووس، چرۆ، دیدگا، نیشتمان، سۆران، موبەشر، کرماشان، ندای ئازادی، نەوای کرماشان و . بەڵام دەرەتانەکان رەویــونــەتــەوە، قــەڵــەم بــەدەســەت و رۆژنامەنووسانی جیدیی کورد یان وڵاتیان بەجێ هێشتووە، یان گۆشەنشینی و دوورەپەرێزیان کردۆتە پیشە و کەش و دۆخی ئرس و ئۆقاندن زاڵە و ناتوانێدی و بێ هیوایی بە داهاتوو وەک ئاراستە و ڕاستەڕێی رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە قەڵەم دەدرێن. ئەو بلاوکراوانەش بێجەگەلە «سیروان» کە زمانحاڵی حکوومەتە زۆرەبەیان بە ناڕکوپێکی و لەوپەڕی کێشە و گرفتدا

چاپ و بڵاو دەبنەوە.

لە حاڵێکدا بەرەو یادی 115 ساڵەی رۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە، لە بارودۆخێکدا بەرەو پێشوازیی کاروانی نەوەکانی بەدرخان، پیرەمێرد، گیوی موکریانی، هەژار و هێمن و دەیان رۆژنامەنووس و قەڵەم بەدەستی مەیدانی رۆژنامەگەریی کوردی دەکەینەوە کە هیچکام لەو حەفتەنامە، نامیلکە و بڵاو کراوانەی کە ئەمڕۆ لە ناوچە کوردشینەکانی ئێران چاپ و بڵاو دەکرێنەوە، سەربەخۆ نین و لە ئەنجامدا چاوەڕوانیی ئەوە ناکرێت پرس و بابەتە بەرباسەکانی ئەمڕۆی کۆمەڵگی رۆژهەڵاتی ئێران وەک خۆیان شرۆڤە بکرێن و بۆ رای گشتی بگوازرێنەوە.

بەڵام هەلومەرجی ئێستای رۆژنامەنووسی لە رۆژهەڵاتْ بەرەو ئاریکی دەڕواتْ و ئاسۆیەکی نادیاری هەیە، هاوکاتە لەگەڵ سانسۆر، بێدەرەتانی و نەبوونی پشتیوانیی ماڵی و قەیرانی خوێنەر و دەیان گرفتی دیکەی وەک نەبوونی ناوەند و رێکخراوێکی داکۆکیکار لە مافە رەواکانی رۆژنامەنووس و راگەیاندنکارانی کورد لەو بەشەی کوردستان. لەلایەکی دیکەشەوە پەرتەوازەبوون، هەڵاڵنی نووسەر و رۆژنامەنووسە جیدییەکان بۆ هەندەران، کەشێکی بێ هیوایی خولقاندووە، هەرچەند بە گۆڕێنی سیماکانی دەسەڵاتْ لە ئێران و لەناو بەرەی بەناو ریفۆرمخواز لەناو کۆمەڵەی فەرهەنگی و رۆژنامەوانیدا هەندێ هیوا دەرسکێنن، بەڵام بنەما و جەوهەرکانی دەسەڵاتْ و ئاراستەی داڕێژراوی کاری فەرهەنگی و رۆژنامەوانی ئەو دەرەتان و دەرفەتانە دەڕەوێننەوە و رەوتی نائومێدی و بێ هیوایی هەر درێژەی دەبێتْ.

رۆژنامەنووسان، میدیاکار و چالاکانی بیاقی راگەیاندنی کوردی لە رۆژهەڵاتی ئێران لە ناوخۆ و ئەوانەش کە پەریوەی هەندەران و وڵاتانی دراوسێ بوون، بە گومانەوە دەڕوانن قۆناغی ئێستا و ئاسۆ و هیواکان کەمڕەنگ و بێ وزە دەبینن، چونکە رۆژنامەگەریی کوردی لە رۆژهەڵاتی ئێران ئێستا لە قۆناغی قەیران و ئاڵۆزی دایە و فەزایەکی ئرس، گومان و دڵەڕاوکێ بەسەریدا زاڵە و قەڵەمەکان دەستەمۆ کراون و بە ئاقارێکی نادیار و بێ شوناس و چارەنووس نادیاردا ڕێگا دەبڕێتْ. بەڵام کاروانی نووسین و داهێنان و پەنجەرە و رۆژنەکانی دەستخستنی زانیاری و بواری میدیا و ئەوانەی عاشقانە لەم بوارەدا کار دەکەن، کۆڵ نادەن و لە رەهەند و گۆشەنیگای دیکەوە هەوڵی گەیاندنی دەنگ و رەنگ و خولیاکانی کۆمەڵ دەدەن. کە ئەویش کەشوهەوای مەجازی و رۆژنامەوانیی ئەلکترۆنی و ماڵپەڕ، ئاژانس و سایتْ و وێبلاگنووسیی سیاسی و فەرهەنگییە کە ئەمڕۆ بە جۆرێک جێگا و شوێنی بە میدیای کاغەزی لەق کردووە و هەناڕادەیەکیش دەسەڵاتْ و ناوەندەکانی کۆنترۆڵ و چاوەدێری کەمتر پێی دەوێرن. ئێستا میدیاکار و رۆژنامەنووسان و نووسەرانی بواری راگەیاندن لە رۆژهەڵاتی کوردستان رووبان کردۆتە ئەم بواره و لێرەوە دەیانەوەی بوونی خۆیان بسەلمێن و هاواری کێشەکانی کۆمەڵگاکەیان بگەیەنن دنیای دەرەوە.

سەرچاوە:

1. گۆڤاری زرێبار، ژمارە 15 بەهاری 1385.
2. گۆڤاری سروە ژمارە (125).
3. حەفتەنامەی رۆژهەڵاتْ، ژمارە 44.
4. ڕوانگە گۆڤاری خوێندکاریی خوێندکارانی کوردی زانکۆی ئەورێز.

بەرەو ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ

کاراکردنی میدیای کوردی

عەبدولخالق ئیبراهیم
مامۆستای راگەیاندن - زانکۆی پۆلیتەکنیکی هەولێر

بۆ داڕشتن و گەڵاڵەکردنی ستراتیژیەتێکی نوێ بۆ کاراکردنی رۆڵی میدیای کوردی لە کرداری بونیادنانی واقیعی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی کۆمەڵگەی کوردیدا، پێویستە بەوەدەکات ئێرامان و خوێندنەوەیەکی نوێمان هەبێت بۆ ئەو گۆڕانە مەزن و ریشەییانەی بەسەر کۆمەڵگەی هێزیدا هاتووە. لەلایەکی دیکەشەوە، خوێندنەوەیەکی نوێ بکەین بۆ رەوشی کۆمەڵگەی کوردی و ئەو گۆڕان و بەرەوپێشچوونانەی لەکایە جیاوازەکاندا هاتۆتە ئارا، لەهەردوو ئاستەکەشدا میدیای کوردی کەموکوڕی بەرچاوی پێوە دیارە و وەک پێویست نەیتوانیوە مامەڵەیەکی واقیعی بابەتی و رۆژنامەوانیانە بکات بۆ ئاوئوێکردن و شیکردنەوەی قوڵ و هەمەلایەنەی دیاردە و هەڵوێستە و رووداو و گۆڕانکارییەکان، بۆ ئەوەش میدیا وەک کایەیەکی مەعریفی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کارا لە رۆڵی سەرەکی خۆی دوانەکەوێت، کە بریتییە لە دروستکردن و بەرەودان بە هۆشیاری و ئاگایی ئاک سەبارەت بەو پرس و رووداوە گرنگانەی لە دەوروبەریدا دەگوزەرێن و یارمەتیدانی بۆ مامەڵەکردنی دروست لە بەرامبەریاندا.

میدیای کوردی دەبێ فراوانتر و قوواڵتر بایەخ بە پرس و بابەتە جیهانییەکان بدات و کات و شوێنی زیاتری بۆ تەرخان بکات و تەنیا لە چەند هەواڵێکی خێرا و سەرپێی قەیسی نەکات، بەتایبەتی ئەو بابەتانەی کاریگەری و ڕەنگدانەوەیان دەبێت بەسەر جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵگەی کوردی بە پلەی یەکەم و عێراق و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە پلەی دووەم، هەمیشە بە چاوێلکەی سیاسی سەیری ئەو کرداری و هەڵسوڕینەرانی کراوە، ڕەنگە ئەو قسەیەش ڕاست بێت کە بەشێک لەوانەی ئەو کرداریان تەنجامداوە لایەنە بابەتییەکەیان تێکەڵ بە هەڵچوون و ئایدیا و باکگراوندە خودی و سیاسییەکانی خۆیان کردووە، هەر چۆنێک بێت ئەوەی لێرەدا پێویستە پێداگیری لەسەر بکرێ ئەوەیە کرداری ڕەخنەلەخۆگرتن (الانتقاد الذاتي) نەک هەر ناکرێ پاشەکشەی لێ بکرێت، بەڵکو دەبێت بکرێت بە کلتوور و سەرچاوە و هۆکارێکی پێشخستنی کۆمەڵگە و ئامرازێکی کارای بژارکردن و ڕزگارکردنی لەو بارودۆخ و کەس و هەڵوێستە نەرێنییانەی زیان بە بەرژەوەندی گشتی دەگەیەنن. ڕەخنەلەخۆگرتن وەک بەرهەمێکی کولتووری خۆرئاوایی، ڕوونتر لە میدیاکانی خۆرئاوا ڕەنگی داوەتەوە و زەمینەی ئەوەی ڕەخساندووە بۆ میدیا، کە وەک دەسەڵاتی چوارەم سەبارەت بە پرسە گرنگەکان ڕای گشتی هۆشیار بکاتەوە و دەسەڵاتە بەرپرسیارەکان بخاتە بەردەم بەرپرسیاریەتی یاسایی و دەستووری خۆیان و لەکاتی گونجاو و پێویستیشدا ئەرکی ڕاستکردنەوەی ڕێڕەوی هەڵوێست و بڕیارە هەڵەکان ببینێ، پیادەکردنی ڕێبازیانەی ڕەخنەگرتن لە خود لە ئەزموونی دیموکراسیانەی خۆرئاوا و میدیای خۆرئاواییدا، هۆکاریکی ڕاستەوخۆ و کاریگەری ئەو بەرەوپێشچوونەیە لەوێ هاتۆتەدی، کە دەشڵێین کرداری ڕەخنەگرتن لە خۆ، بەو مانایە کرداری مەنهەجی و ڕیکخراوە کە کایە و کارەکتەرە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە بەگشتی بەشداری تێدادەکەن لەلایەنەکانی دەسەڵات و بڕیاربەدەست و سەرکردەی پارتە سیاسییەکان و ناوەندە ئەکادیمییەکان و ئوێژینەوەی زانستی و ناوەندەکانی پێوانەکردنی ڕای گشتی و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەس و لایەنە ڕۆشنبیرییەکان و ڕۆژنامەنووسان بەگشتی.

هەرچی لێکۆڵینەوەی ڕەوشی هەنووکەیی کۆمەڵگەی کوردییە، ئەوا پێویستە بە چەندین لێکۆڵینەوەی زانستی و بابەتی دەکات، کە خۆشبەختانە بەردەوام ژمارەیەکی بەرچاوی لێکۆڵینەوە لە دووئویی کێبڕکێ لەلایەن ناوەندەکانی چاپ و بڵاوکردنەوە بڵاوکراوەنەوە و لەلایەن بەشێک لە ڕۆژنامە و دەزگا میدیاییەکانیشەوە هەوڵدراوە بە چاوێکی شیکاری و ڕەخنەیی و ئێبینیکردنەوە بارودۆخی ئێستای کۆمەڵگەی کوردی بخوێنێتەوە، لەگەڵ ئەوەش، هەستیاری قۆناغەکە لەلایەک و مۆڵەق بوونی پێگەی سیاسی کورد و پێویستی بەردەوام و زیانری دامەزراوە سیاسی و فەرمییەکان و ناکی کوردی بە زانیاری نوێ و ورد لەو بارەوە، ئەوە دەخوازێت میدیای کوردی ئاستی ئەو بایەخپێدانە بەرزتر بکاتەوە.

لەسەر ئاستی ناوەخۆماندا لە ماوەی چەند ساڵی کەمی ڕابردوو گۆڕانەکان لە بواری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگییەکاندا زۆر خێرا و کاریگەرن، گومانی تێدانییە ئەو گۆڕانانە هەمووی ئەرێنی نین و بەسوودی کۆمەڵگە و بەرژەوەندی گشتی ناشکێنەوە، لێرەوە ڕۆڵی میدیای کوردی دێتە پێشەوە لە ڕەخنەلەخۆگرتن یان ئەوەی دەکرێ ناوی بنێین «خود ڕەخنەیی».

بەداخەوە، ئەو بارودۆخە سیاسییەی لە کوردستاندا هاتۆتە ئاراوە، ململانێیەکی سیاسی نائەندروستی بەرهەمهێناوە کە ڕێگر بووە لەبەردەم لەباربوونیبوونی کرداری ڕەخنەگرتن لە خۆ و مامەڵەیەکی ڕەخنەگرانە لەگەڵ کۆی ئەو پرسانەی پەیوەستن بە کایە گرنگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگە. ڕووناکبیر و ڕۆشنبیرانی کۆمەڵگە، لەو نێوەندەشدا میدیا وەک پردی پەیوەندی بەیەکگەیاندنی ئەو لایەنانە و دروستکردنی فەزایەکی گونجاو بۆ گفتوگۆی بنیاتنەر ڕۆڵی خۆی دەبینی. لە پاڵ ئەوەش ئیشک خستنەسەر ئەو بابەتانەی بە شێوەیەک لە شێوەکان فەرامۆشکراون یان لایەنێک دەیەوێت پەردەپۆشی بکات، نەکرێنە بابەتێکی گفتوگۆی گشتی و بەئاشکرایی ڕەهەندەکانی شەنوکەو بکرێ.

بۆ نموونە، دوای جەنگی ڕزگارکردنی عێراق لە بەرێنانیا مشتومڕێکی زۆر دروست بوو لەهەمبەر ئەو هەڵەیەی حکومەتی بەریتانیا ئێیکەوت لە باوەڕکردنی بەو ڕاپۆرتە هەواڵگرییانەی باسیان لە خاوەندارییەتی عێراق دەکرد بۆ چەکی کۆمەڵکوژ، بە هەمان شێوە لێدوانیکی کۆندالیزا رایسی وەزیری دەرەوەی پێشوتری ئەمەریکا دەکرێ بە نموونەیەکی ڕەخنەگرتن لە خۆ بهێنینەوە کاتێک گوتی: «لە سترانیژدا هەڵەمان نەکرد» (مەبەستی لە بڕیاری داگیرکردنی عێراقە)، «بەڵام هەڵەمان لە ئەکتیک کرد» (مەبەستی لە دانانی سیناریۆیەکی ورد

میدیای کوردی دەبێ فراوانتر و قوواڵتر بایەخ بە پرس و بابەتە جیهانییەکان بدات و کات و شوێنی زیاتری بۆ تەرخان بکات و تەنیا لە چەند هەواڵێکی خێرا و سەرپێی قەتیس نەکات

بوو بۆ هەڵوێست و ڕەوشی عێراق دوای کۆنایەهاتنی جەنگی داگیرکردنی عێراق».

یەکەم: گۆڕانکاری لە نەخشەی سیاسی جیهان

ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و ئوانەوەی بلۆکی سۆسیالیستی و نەمان و ئاوابوونی سیستەمی دوو جەمسەری و جێگرتنەوەی بە سیستەمێکی نوێی جیهانی بەدەستی یەک جەمسەر و یەک زلهێزەوە، سەرەتای گۆڕانێکی گەورە بوو لە نەخشەی سیاسی جیهان و هێرشە ئیرۆریستییەکانی قاعیدە بۆ سەر ئەمەریکا و داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستان و دوای ئەوەش هاتنی بەهاری گەلان بە دروستبوونی چەندین دەوڵەتی نوێ وەک ئەیموری ڕۆژهەڵات و کۆسۆڤۆ و باشووری سوودان و بەرپابوونی شۆڕشی گەلانی عەرەبی لە ئونس و میسر و لیبیا و یەمەن و سوریا و سەرکەوتنی لەهەندێک لەو وڵاتانە، لەمانەش گرنگتر ئەو گۆڕان و بەرەوپێشچوونە مەزنانەن لەسەر ئاستی ناوەخۆیی و هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی سەبارەت بە پرسی کورد هاتۆنەتە ئارا لە زۆربەی پارچەکانی کوردستان و دەرکەوتنی ئاسۆیەکی گەش بۆ دەستخستنی زۆرێک لە خەون و خواستە نەتەوەییەکانمان.

هەموو ئەمانە دەمانخەنە بەردەم پێویستی بوونی سیستەم و ستراتیژیەتییەکی کوردی لە پێناو کاراکردنی ڕۆڵی میدیا لە سەرەڕێی بونیادنانی واقیعێکی نوێ، کە لە ئاستە خواست و چاوەڕوانییە نیشتمانی و نەتەوەییەکانماندا بێ، لە داڕشتنی هەر ستراتیژیەتێکدا دەبێت بە پلەی یەکەم ئەو گۆڕانانە لە بونیادی کۆمەڵگەی هێزی هاتۆتەدی لەبەرچاو بگرین، بەتایبەتی لە ڕەهەندە ژیاری و شارستانییەکەیەوە، گرنگترین ڕووڵەتی ئەو ڕەهەندەش خۆی لەو کرداری وەرچەرخانە دەبینیتەوە لە شێوازی کۆمەڵگەی پیشەسازی بۆ شێوازی کۆمەڵگەی زانیاری جیهانی و زەمینەخۆشکردن بۆ چوون بۆ قۆناغ و شێوازی دوای ئەوە کە شێوازی کۆمەڵگەی مەعریفەیە، ئەگەرچی ئەم قۆناغە بە سستی دەڕوات، بەڵام هەنگاوەکانی جێگیرن.

ڕووڵەتێکی دیکەی ئەم ڕەهەندە ژیارییە خۆی دەبینێتەوە لە دیاردەی جیهانگەرایی سیاسی و ئابووریەوە، سەرباری ئەوەی ئەو دیاردەیە دەرگای واڵاکرد بۆ دروستبوونی ململانێیەکی هەمەلایەنەی فەرهەنگی و کولتووری کە بەشێک لەو ململانێیە لە ڕێگەی میدیا و ئۆڕە هێزییەکانی میدیاوە بەرجەستەبوو.

زیادەڕۆیی ناکەین ئەگەر بڵێین مرۆڤایەتی لە ئێستادا و لە چوارچێوەی کرداریەکی ئاڵۆزی ئێکچرژاودا لەسەروبەندی گەڵاڵەبوونی کۆمەڵگەیەکی نوێی جیهانیدایە، لە ژێر کاریگەری ئەو شۆڕشە گەردوونییەی لە بواری پەیوەندیکردن و زانیاریدا هاتۆتە ئارا، ئەو شۆڕشە گەردوونییەی بەرهەمی کەڵەکەبوونی مێژوویی ئەو شۆڕشانەیە کە مرۆڤایەتی بەخۆوەی بینیوە، هەر لە شۆڕشی پیشەسازییەوە دەستپێدەکات، ئەو شۆڕشە بە شۆڕشی زانستی و ئەکتەلۆژی ناونراو زانست و داهێنانە زانستییەکان بوون بە هێزیکی سەرەکی و سەرچاوەیەکی بنەڕەتی بەرهەمهێنان، لە پاڵ سەرچاوەکانی وەک زەوی و سەرمایە و کارکردن، لەگەڵ شۆڕشی پیشەسازی وردە وردە سیمای وڵاتە پیشەسازییە پێشکەوتووەکان گۆڕانی بەسەرداهات، نەک هەر لە ژێرخانیدا، بەڵکو لە شێوە و شێوازی ژیان و جۆری بیرکردنەوە و ماهیەتی بەها و نەرینەکان و فۆرمی پیادە و سیستەمی سیاسی...هتد. لە شەستەکانی سەدەی بیستیشدا بەشێک لە زانایانی کۆمەڵناسی خۆرئاوا زاراوەیەکی نوێیان بەکارهێنا بۆ وەسفکردنی ئەو کۆمەڵگە نوێیەی لە هەناوی شۆڕشی پیشەسازی دروست ببوو، لە دیارترین ئەو زانایانەش دانیال بیل بوو کە زاراوەی «کۆمەڵگەی دوای پیشەسازی» بەکارهێنا، وەلێ بە ئێپەڕبوونی کات کەموکوڕی ئەو زاراوەیە دەرکەوت لەوەی ناتوانێ گوزارشت بکات لەو گۆڕانە چۆنایەتییانەی دروست بووە، لێرەوە زانایانی کۆمەڵناس زاراوەیەکی دیکەیان بەکارهێنا ئەویش «کۆمەڵگەی زانیاری» بوو، بەکارهێنانی ئەم زاراوەیەش لەو ڕوانگەیەوە بوو کاتێک سەرنجیان لەوەدا کە گرنگترین سیما و تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگە نوێیەکە بریتییە لە بەرهەمهێنانی زانیاری و ئالوگۆڕکردن و بڵاوکردنەوەیەتی لە ڕێگەی ئازە و پێشکەوتوو کە بریتی بوو لە کۆمپیوتەر، بەرەوپێشچوونی بەردەوامی نەوە یەک لە دوای یەکەکانی ئەو تامێرە تەلیکترۆنییە سەرسوڕهێنەرە بووە هەوێنی شۆڕشێکی مەزنی فیکری لە بواری بەرهەمهێنان و دابەشکردن و بەکارهێنانی مەعریفە مرۆییەکان، لە پاڵ ئەمیشدا داهێنانە مەزنەکانی

بـواری ئەکتەلۆژیای پەیوەندیکردن بەئایبەئی لە بواری مانگە دەستکردەکان و بەکارهێنانە فراوانەکانی لە پەخشی ئەلەفزیۆنی، هێندەی دیکە کاریگەری و دەرهاویشتەکانی ئەو شۆڕشەی مەزنتر کرد، ئیدی شتێک نەما بەناوی سنوور و جوگرافیا، وێنە و زانیارییەکان گەیشتنە هەموو وڵاتێک و دوورترین کون و قوژبنی ئەم هەسارەیە بە کۆمەڵگە و کولتوور و بەها و نەریتە جیاوازەکانیانەوە.

بە لەبەرچاوگرتنی ئەو کاریگەرییانەی پەیام و ناوەرۆکی میدیاکان هەیەتی لەسەر بەهاو دابونەریت و ئاراستە و کولتووری جیاوازەکان، درک بەوە دەکەین، کە ئێمە لەسەروبەندی فۆرمەڵبوونی کۆمەڵگەیەکی جیهانی نوێی بێ پێشینەین، کۆمەڵگەیەک لە ئێستادا گوزارشتی (دێتە بچووکەکەی) بۆ بەکاردێت، ئەو گوزارشتە ئاست و قەبارەی ئەو کاریگەرییەمان بۆ دەردەخـات، کە لە شۆڕشی زانیاری و ئەکتەلۆژیای پەیوەندیکردن دروست بووە.

لە سایەی ئەو پێشکەوتنە مەزنە، بواری مەعریفە و پەیوەندیکردنی نەنیوە و ڕاگوزەرکردنی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی لە کۆمەڵگەی پیشەسازییەوە بۆ کۆمەڵگەی زانیاری، کۆمەڵگەی زانیاری بە هەنگاوی هێواش، بەڵام بە جێگیری دروست دەبێت و دەمانخاتە بەردەم دیاردەیەک، کە دەکرێ ناوی بنێین (هۆشیاری گەردوونی)، ئەم هۆشیارییە گەردوونییە هەموو ئاست و جۆرەکانی دیکەی هۆشیاری ئێپەڕاندووە، لەنێویشیاندا هۆشیاری نیشتمانی بە هەموو دەرهاویشتە و ڕواڵەتە بەرجەستەکانییەوە لە هۆشیاری کۆمەڵایەتی و هۆشیاری چینایەتی و نەتەوەیی، لەدایکبوونی هـۆشـیاری گـەردوونـی و ئێپەڕاندنی ئاستەکانی دیکەی هۆشیاری بۆ خۆی گوزارشتە لە سەرهەڵدانی بەها مرۆییە گشتی و گەردوونییەکان، ئـەوەی لە ئێستاشدا بۆتە سوڕگەی ململانییەکان، بریتییە لە چۆنیەتی داڕشتنی ئەو بەها مرۆیی و گەردوونیانە و ئاراستەکردنی، شارەزایانی ئەو بواڕە وایدەبینن کە دەبێت لە ئایندەیەکی نزیکدا کۆدەنگییەکی هێزی لەسەر ئەم بەهایانە دروست ببێت.

لەبەربنەمای ئەم ڕاستییەی سەرەوەش دەکـرێ لە نهینی ئەو شەڕ و ململانێ دژوارە نێبگەین، کە ئێستا لە ئارادایە لەبارەی «سیستەمی نوێی جیهانی»، کە دوای هەرەسهێنانی سیستەمی جیهانی دوو جەمسەری، ویلایەتە یەکگرتووەکان دەیەوێ دەستی بەسەردا بگرێ لەڕێگەی ئـەو هـێـزە ئـابـووری و سـەربـازی و ئەکتەلۆژییە مـەزنـەی کـە هەیەتی، ئەگەرچی بەهۆی ئەو قەیرانە ئابووری و دارایی کوشندەی لەچەند ساڵی ڕابردوودا ئووشی بووە، هێزی ئابووری ئەمەریکا لە پاشەکشێدایە و ئرسیی داروخانی لێدەکرێ، هەروەک کێبەکەی پۆل کیندی بەناوی «هەڵکشان و داکشانی زلهێزەکان» ئێبینی ئەوەی کردووە، ئەم باسەی لەم کێبەشدا خراوەتەڕوو لە ئێستادا جێگەی مشتومڕێکی زۆری ناوەخۆیی ئەو وڵاتەیە.

خەریکە (کۆمەڵگەیەکی زانیاری گەردوونی) دروست بێت، ئەگەرچی هەموو لایەک لەبەرهەمهێنان و دەستخستن و بڵاوکردنەوە و سوودوەرگرتن لێی لەیەک ناسندا نین و دەرفەتەکانی بەرهەمهێنان و سوود لێوەرگرتنی بەیەکسانی بۆ هەمووان فەراهەم نەکراوە.

کۆمەڵگەی زانیاری گەردوونی

دواجین ئەو قۆناغانەیە، کە مێژووی مرۆڤایەتی پێیدا نێپەڕیوە. هەریەک لەو قۆناغانەش بە داهێنان و پێشکەوتنێکی ئەکتەلۆژی لەوانی دیکە جیادەکرێتەوە، کە زادەی پێویستییەکانی سەردەمی خۆی بـووە، بۆ نموونە: لە ڕابـردوودا کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی ئەکتەلۆژیای ڕاوکردنی داهێناوە، دواتر ئەکتەلۆژیای کشتوکاڵ، پاشان ئەکتەلۆژیای پیشەسازی و ئا گەیشتینە ئەکتەلۆژیای زانیاری.

دەکرێ بگووترێ ئایەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی زانیاری سەرچاوەی گرتووە لەو ئایەتمەندیانەی ئەکتەلۆژیای زانیاری هـەیـەتـی، کـە دەکـرێ لـە سـێ خاڵی سەرەکیدا کۆی بکەینەوە:

یەکەم: زانیارییەکان قابیلی بەکاربردن یان گۆڕانکاری یان هەڵوەشاندنەوە نییە، چونکە خەسڵەتی کەڵەکەبوونی هەیە و هاوواڵیان مافی بەکارهێنانی گشتی و هاوبەشی زانیارییەکانیان هەیە.

دووەم: بەهای زانیاری لەوەدایە کە گومان و نارۆشنی ناهێڵێت، یارمەتی مرۆڤایەتی دەدات بە شێوەیەکی کارا بڕیارەکانی خۆی بدات.

سییەم: نهێنی ئـەو کاریگەرییە کۆمەڵایەتییە قـۆڵـەی ئەکتەلۆژیای زانیاری دروستی کـردوە، لەوەدایە کە جەخت لەسەر کـاری هـزری و ئەقڵی دەکاتەوە. ئەکتەلۆژیای زانـیـاری کار لەسەر گەشەپێدانی کـارە ئەقلییەکان دەکات لە ڕێگەی داهێنانی مەعریفە و چارەسەرکردنی کێشەکان و فراوانکردنی ئەو دەرفەتانەی لەبەردەم مرۆڤ دان، هەروەها لە ڕێگەی گەشەپێدانی پرس و کایە کۆمەڵایەتییەکان.

سیماکانی کۆمەڵگەی زانیاری

بەشێک لـە شـارەزا و لێکۆڵەران چوارچێوەی کۆمەڵگەی زانیاری لەم چەند خاڵەدا دەخەنەڕوو:

1- سوود و قازانجی زانیاری (لە ڕێگەی بنیاتنانی ژێرخانی زانیاری، کە بە شێوەیەکی سەرەکی خۆی لە دابینکردنی کۆمپیوتەر دەبێتەوە بۆ بەکارهێنانی گشتی). بە جۆرێک چەندین ئۆڕی زانیاری فەراهەمکراوە و چەندین بانکی زانیاری لەبەردەستدان کە ئەمانە دەبن بە هێما و سومبوڵی ئەو کۆمەڵگە زانیارییەی باسی لێوە دەکەین.

2- پیشەسازی زانـیـاری بۆتە پێشەنگی پیشەسازییەکانی دیکە و دەسنیگرتووە بەسەر بونیادی پیشەسازی ئەو کۆمەڵگەیانە.

3- ئەکتەلۆژیای زانیاری سیستەمی

سیاسی ناچار دەکات زیاتر بە رووی دیموکراتیەت و بەشداری سیاسیدا بکرێتەوە.

4- بونیادی کۆمەڵایەتی پێکدێت لە کۆمەڵگە ناوخۆییە فرە ناوەندەکان کە بەشێوەیەکی خۆویستانە یەکتر ئەواو دەکەن.

5- بەرزترین ئاست و پلەی کۆمەڵگەکانی زانیاری خۆی لە قۆناغی داهێنانی مەعریفە دەبێتنیئەوە، لەمیانەی بەشدارییەکی کارای جەماوەر، کە ئامانجی کۆتایی بریتییە لە دروستبوونی ئەواوەتی کۆمەڵگەی زانیاری گەردوونی.

قەیرانە گەردوونییەی جیهانی سەرقاڵ کردووە لەوانەش دابەزین و پاشەکشەی داهات و بەروبوومە سروشتییەکان و پیسبوونی ژینگەی سروشتی و ئێکچوونی کەشوهەوای زەوی، زیادبوونی خێرای ژمارەی دانیشتوانی زەوی، ئەو جیاوازییە ئابووری و کۆمەڵایەتییە زۆرەی لە نێوان باکوور و باشووری زەویدا هەیە.

دووەم : گەشەکردنی ئۆرەکانی زانیاری گەردوونی لە رێگەی بەکارهێنانی ئەو کۆمپیوتەرانەی لەسەر ئاستی جیهانی بەیەکەوە بەستراونەتەوە، هەروەها مانگە دەستکردەکان یارمەتیدەرێکی کاریگەرن لەگەڵ هەموو ئەمانەشدا گەڵاڵە بوونی کۆمەڵگەی زانیاری گەردوونی کردارێکی هەروا ئاسان نییە و کۆمەڵێک بەربەست و مەیدانخوازی مەزن لەبەردەمیدایە، لە سەرووی هەموو ئەو بەربەستانەش ئەو جەنگەی ئێستا لە ئارادایە سەبارەت بە دیموکراسیەتی زانیاری، ئەمەش مەرجی سەرەکی و بنەڕەتییە لە کردارێکی لەم چەشنەدا لە پێناو خۆدوورگرتن لە هەرجۆرێک لە خۆسەپاندن و ئاکڕەوی.

دیموکراسیەتی زانیاریش چوار بنەمای



ڕەنگە ئەو وێنەیەی ئێستا دەیکێشین لە بارەی کۆمەڵگەی گەردوونی زیاتر لە خەون بچێت، بەڵام وردبوونەوە و ئێرامان لە واقیع، دەمانگەیەنێتە ئەو دەرەنجامەی کە لەو رووەوە مرۆڤایەتی قۆناغی خەونی ئێپەراندوە و کۆمەڵگەی گەردوونی زانیاری لە ئێستادا بووە بە چەمکێکی واقیعیانەی نیمچە بەرجەستە و دەبێتە دوا قۆناغیش لە قۆناغەکانی پێشکەوتنی کۆمەڵگەی زانیاری، لێرەشدا سێ بەڵگە دەخەینە ڕوو، کە ڕاستی ئەم بۆچوونە دەسەلمێنن :

یەکەم: گەردوونی بوون (GLOBALISM) دەبێتە ڕۆح و کرۆکی سەردەم لە کۆمەڵگەی زانیاری ئایندە، هۆکارەکەشی پەیوەستە بە کۆی ئەو لە باشترکردنی کرداری ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری و قووڵکردنەوەی ئێگەیشتن لەو گۆڕانکارییانەی ڕووەدەن، بەڕادەیەک کە بەرژەوەندییە نیشتمانییەکانی تایبەت بە وڵاتێک و ئەو ناکۆکی و جیاوازییانەی لە نێوان وڵاتاندا هەیە ئێپەڕێنێت.

سییەم : ئاستی بەرهەمهێنانی کاڵاکانی زانیاری ئاستی بەرهەمهێنانی کاڵا مادییەکان ئێپەردەکات، بە لەبەرچاوگرتنی ئێکرای بەها ئابوورییەکەی، بەمەش گۆڕانێکی گەورە بەسەر سیستەمی ئابووریدا دێنێت و لە سیستەمێکی کێبرکێ کردن، کە لەسەر بنەمای قازانج دروست بووە دەگۆڕێ بۆ سیستەمی هاوبەش، کە سیمایەکی دەستەجەمعی وەردەگرێت و هەموولا هاوبەشی تێدا دەکەن.

سەرەکی هەیە ئەوانیش :

یەکەم/ پاراستنی مافی ئایینەنمەندی ئاکەکان، بە مانای مافی مرۆڤییانەی ئاک لە پاراستنی ژیانی ئایینەی خۆی و دوور لە چاوی کەسانی دیکە.

دووەم/ مافی بەدەستهێنانی مەعریفە، بەوانای ئاک مافی هەیێت ئاگاداری هەموو ئاست و جۆرێکی زانیاریی حکومییەکان بێت، کە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەیە لەسەر چارەنووس و ئایندەی ژیانی.

سێیەم/ مافی بەکارهێنانی زانیاری، بەو مانایەی هەر ئاکێک مافی بەکارهێنانی ئۆرەکانی زانیاری هەیێت کە لە بەردەستدان، مافی سوود وەرگرتنی هەیێت لە بانکەکانی زانیاری بە نرخێکی هەرزان لە هەموو کات و لە هەموو

شوێنێکدا.

چوارەم/ بەشداریکردنی راسنەوخۆی ئاک لە بەڕێوەبردنی ژێرخانی میدیای گەردوونی، لە نێویشیاندا بەشداریکردن لە کرداری دروست بوونی بڕیار لەسەر هەموو ئاسنەکانی ناوخۆیی و حکومی و گەردوونی، ئەمەش لونکەی ئەو دیموکراسییەنە میدیایی و زانیاریەیە، کە لە کۆمەڵگەی زانیاریدا پێی دەگەین.

جگە لەمەش بەربەستێکی دیکە کە ڕووبەڕووی کۆمەڵگەی زانیاری گەردوونی دەبێتەوە بریتییە لە گەشەپێدانی ژیری گەردوونی، ژیری گەردوونیش بەمانای ئوانای خۆگونجاندنی ئاکەکان دێت لە ڕووبەڕووبوونەوە و مامەڵەکردن لەگەڵ ئەو بارودۆخە گەردوونییەی زۆر بە خێرا گۆڕانی بەسەردا دێت.

ژیری دەکرێ بەوە پێناسە بکرێ، کە ئوانای هەڵبژاردنی بڕیاری عەقڵانییە لە ڕەفتاری مرۆڤ بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان.

ژیری لە ئاسنی ئاکەکەسەوە دەست پێدەکات، دوائر گەشەدەکات و قووڵ دەبێتەوە بۆ ئاسنی بەکۆمەڵ، لەسەر ئاسنی بەکۆمەڵیش ژیری ئاکەکان بە هەماهەنگی و ئەواوکاری بەردەوام ڕوڵ دەبینن لە بەدیهێنانی ئامانجە گشتییەکان و بەرپاکردنی گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش پێی دەگوترێ ژیری کۆمەڵایەتی، پەرەسەندنی ئەو ژیرییە کۆمەڵایەتییەش بۆ خۆی زەمینە لەبارەدەکات بۆ دروست بوونی ژیری گەردوونی لە ڕێگەی گەڵاڵە بوون و ئاڵوگۆڕکردنی ئێگەیشتنێکی گەردوونیی بۆ چارەسەرکردنی کێشە گەردوونییەکان، هەروەک لەم هەوڵانەی دواییدا بەدەردەکەوێ بۆ دروست کردنی ئێروانینێکی گەردوونی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانی پیسبوونی ژینگەی زەوی و گۆڕانی کەشوهەوا.

ئەو نیگەرانییانەی لەسەر ئاسنی کۆمەڵگەکانی دونیا دروست بووە سەبارەت بە ئێکچوونی ژینگەی زەوی دەکرێ وەک نموونەیەکی زەقی ئەو هۆشارییە گەردوونییە باسی لێوە بکەین، دوای ئاکامە نەرێنییەکانی کۆمەڵگەی پیشەسازی و ئەو پیسبوونەی لە کەشوهەوای زەویدا بەدەرکەوتوە، ئێستا زۆرێک لە کۆمەڵگە و حکومەتەکان داوادەکەن لەسەر ئاسنی ناوخۆیی و هەروەها هێزیش یاسای پێویست دەربکرێ بۆ ڕێگرتن لەو دەرهاویشتە خراپانەی بواری بەرهەمهێنان و پیشەسازیدا، بەجۆرێک یاساکان کەرەسە و ئامرازەکانی بەرهەمهێنان بگۆڕن ئاوەکو لە خزمەتی مرۆڤ و ژینگەکەیدا بێت.

بۆیە کە باس لە دروست بوونی هۆشارییەکی گەردوونی دەکەین، سەرباری ئەوەی ڕەهەندە ئیۆرییەکەی بەسەردا زاڵە، بەڵام لەهەمان کاتدا ئامازە بەڕایەکانی لەسەر ئەرزی واقیع دەرکەوتووە، ڕەنگە پرسی ژینگە و گۆڕانی کەشوهەوا ئەنیا پرسێک نەبێت کە هۆشارییەکی گەردوونی لە ئاسنیدا دروست بووە، بەڵکو هەمان شت لە پرسی چەکە کۆمەڵکوژەکان و چەکی ئەنۆمی و ناووکی دەبینرێ.

بەرەو ستراتیژیەتێکی میدیایی نیشتمانی و نەتەوەیی

لەژێر ڕۆشنایی ئەوەی باسکرا، دەکرێ پیشنیازی چەند ستراتیژیەتێک بکەین، کە سەرباری جیاوازی چاوگە و ئاراستەی ناوەندە میدیایی و ڕۆژنامەوانییەکانمان لە هەرێمی کوردستان، ئەوانیش :

یەکەم/ دیاریکردنی نەخشەی سیاسی و ئایدۆلۆژی لە هەرێم و ئەو گۆڕانە جیۆ سیاسییانەی ناوچەکە کە پەیوەندیدارن بە کورد.

ناکرێ باس لە بوونی ستراتیژیەتێکی کارای میدیا و ڕۆڵی میدیا بکەین لە بنیاتنانی واقیعێکی نوێ بەبێ بوونی نەخشەیەکی مەعریفی ورد کە دەستنیشانی قەبارە و ئامادەیی ڕەوت و ئاراستە سیاسی و ئایدۆلۆژییەکان بکات، ئەوانەی

فراوانکردنی ئاستی ڕووماڵکردنی میدیای کوردی بۆ پرس و بابەتەکانی دەرەوەی هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان، ڕووماڵکردنی پرس و گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی وڵاتانی دراوسێی هەرێم و جۆری سیستەمی سیاسی و کەس و ڕەوتە حکومڕانەکان و تێشک خستنە سەر گرێبەست و ڕێکەوتنە سەربازی و ئابووری و سیاسییەکانیان بۆ هوشیاری تاکی کورد

بە شێوەیەک لە شێوەکان کاریگەرن لەسەر ژیان و کاری سیاسی لە هەرێمی کوردستان لە لایەک، لەو نەخشەیەدا پێگە و قورسایی سیاسی هەریەکەیان بە شێوەیەکی ڕێژەیی دیاری بکرێت، دیارە بایەخی بوونی نەخشەیەکی لەم جۆرە یارمەتیدەر دەبێت بۆ ئاشنا بوون بەو لایەنانەی کۆمەڵگەی کوردی کە پێویستیان

هەوڵنامەی کێبڕکێ

بە گۆڕانکارییە یان لە قۆناغی گۆڕان و نوێ بوونەوە دان.

بایەخێکی دیکەی ئەم نەخشە سیاسییە لەوەدایە لە هەر ڕووماڵ و کارێکی ڕۆژنامەوانیدا یارمەتیدەر دەبێت بۆ خۆ دوورگرتن لە گشتاندن و زانیاری و ژمارە و ئامار و شیکردنەوە و پێشبینی کردنی ناواقیعیانە، کە زۆر جار بە پاڵنەری سیاسی و پروپاگاندەیی بانگەشەی بۆ دەکرێ.

بۆ نموونە لەو نەخشەیەدا پێگە و قەبارەی ڕەونەق لیبراڵ و نەتەوەیی و ئیسلامی و چەپەکان بخرێنە ژێر لێکۆلینەوە و بە دواداچوونی بەردەوام، بۆ ئەوەی لەو گۆڕانکارییانە ئاگادار بین کە ڕەنگە ڕوویان دابێت لەسەر میزاجی شەقامی سیاسی کوردی یان لە ئایندە ڕووبدەن، بۆ نموونە میدیای ئێمە کەم قسە لەسەر ئەوە دەکات، ڕەونێکی سیاسی وەکو چەپەکان بۆ لە پاشەکشەن یان ئەو دەنگە بەرزەی سەلەفییەکان هەیانە لە کوردستان تا چەند گوزارشت دەکات لەوەی ئەوان لە گەشە و فراوان بوونداں، ناوچەی چالاکی و قورسایی جەماوەریان لە کوێدایە؟!

وەکو پێشڕیش جەخڵمان لەسەر کردووەنەوە هەوڵ و هەنگاوێکی میدیایی لەم جۆرە کاێک سەرکەوتوو دەبێت، کە بە شێوەیەکی هاوسەنگ و بابەتییانە ڕووماڵی ڕاستییەکان بکەین و ڕاستگۆیانە زانیارییەکان بگوازینەوە، بەم شێوەیە دەتوانین وێنەیەکی بابەتیانە سەبارەت بە کارلێکە سیاسییەکان لە هەرێم پیشان بدەین، جگە لەوەش ئەرکی ڕۆژنامەگەریی کوردییە لەم قۆناغەدا بەچاوێکی بابەتی و ڕەخنەییانە قسە لەسەر بنەمای فیکری و ئایدۆلۆژی ڕەونە سیاسیە کاریگەرەکانی کوردستان بکات بە ئایەت ئەو بنەما و ئایدۆلۆژی و فیکریانەی گوزارشت لەم سەردەمە ناکەن و دواکەوتوویی و چەقبەستوویی سیاسی بەرهەم دەهێنن و ڕێگرن لەبەردەم بەڕەو پێشچوون و کرانەوەی زیاتری کۆمەڵگەی کوردی.

دووەم/ خوێندنەوەیەکی دروست و زانستییانە بۆ (ڕابردوو، ئێستا و ئایندە)، بۆ ئەوەی مامەڵەیەکی دروست و خوێندنەوەیەکی زانستییانە بکەن بۆ هەرستی زەمەنەکە، پێویستە خۆمان بە دوورگرین لە چوونە ژێرباری ئایدۆلۆژیایەکی دیاریکراو و لە ڕێگەیەوە خوێندنەوە بۆ ڕابردوو بکەین یان بە پاشخانێکی سیاسی ڕوونەوە حوکم لەسەر قۆناغ و وێستگەکانی مێژوومان بدەین.

میدیا دەتوانێ ڕۆڵێکی گرنگ ببینێت لە زەمینە سازکردن و بانگەشەکردن، کە لێکۆڵینەوەیەکی زانستییانە بۆ ڕابردوومان بکەین، نابێ بە هیچ شێوەیەک سنوور لەبەردەم هەوڵی خوێندنەوەی ڕابردوو دابنرێت لەژێر هەر پاساو و بیانوویەک بێت، هەڵسەنگاندن بۆ شکست و سەرکەوتنەکانمان بکرێ بێ ئەوەی ئەو هەڵسەنگاندنە لە پێگە و ڕۆڵی کەس و لایەنێکی دیاریکراو کەم بکاتەوە. پێویستە میدیا پێشەنگ بێت بۆ گەڵاڵە کردنی ڕێبازێکی زانستی و ڕەخنەیی بۆ ئێستامان، ئەو خوێندنەوەیە دەبێت سیمایەکی ئەواوکاری هەبێت و ئێروانینێکی گشتگیریانە بکات بۆ ئێستای ئابووری، سیاسی، کۆمەڵایەتی و کولتووری کۆمەڵگەی کوردی، ڕێبازێک بێت لایەنە نەرێنییەکان دەستنیشان بکات و بە دیدێکی ڕەخنەگرانەوە شی بکاتەوە.

سێیەم/ هەروەک دەبێت لە نێو ناپۆرای گۆڕانە خێراکانی ناوچەکە و ولاتانی دەوروبەرماں بەردەوام لە هەوڵی پێشبینی کردنی سیناریۆکانی ئایندە، بە ئایەت ئەوەی پەیوەندی بە کورد و کوردستان هەیە، لە هەرچوار پارچە دابەشکراوەکەیدا، لە کوێی گۆڕانکارییەکاندایە و ئەو گۆڕانانە بەڕەو کوێمان دەبەن و چیمان لێ دەخوازن، هەروەک خوێندنەوەی قوواڵمان هەبێت بۆ ڕەهەندی ئابووری لە جیهان و کوردستان بەو سامانە سروشتییە دەوڵەمەندەی هەیەتی چۆن دەتوانێت لەو ڕووەوە ڕۆڵ ببینێت و لە هەمان کاتیشدا چۆن بتوانین سیاسەتێکی ئابووری ئەوتۆمان هەبێت کە پێگەی خواست و ئاراستە سیاسییەکانمان بەهێزتر بکات.

چوارەم/ فراوانکردنی ئاستی ڕووماڵکردنی میدیای کوردی بۆ پرس و بابەتەکانی دەڕەوەی هەرێم و پارچەکانی دیکەی کوردستان، ڕووماڵکردنی پرس و گۆڕانکارییەکانی ناوخۆی وڵاتانی دراوسێی هەرێم و جۆری سیستەمی سیاسی و کەس و ڕەوتە حکومڕانەکان و ئیشک خستنە سەر گرێبەست و ڕێکەوتنە سەربازی و ئابووری و سیاسییەکانیان بۆ هوشیاری ئاکی کورد و لەهەمان کاتیشدا بۆ ناوەندەکانی بڕیار بەدەست لەهەرێمدا گرنگ و پر بایەخن.

پێنجەم/ دابڕانی پارچەکانی کوردستان لەیەکتر و داگیرکردنی لەلایەن وڵاتانی دراوسێوە، چەندین بەربەستی جوگرافی و سیاسی و دەروونی و بگرە زمانەوانی و دیالێکتیکی دروست کردووە، ئەرکی ئێکشکاندنی ئەو بەربەستانە لەبەشێکی سەرەکیدا دەکەوێتە ئەستۆی میدیا لە ڕێگەی ناساندن و دروستکردن و بەهێزکردنی پەیوەندییە ویژدانی و کولتووری و کۆمەڵایەتییەکان لەنێوان شار و پارچەکانی کوردستانەوە.

شەشەم/ لە کوردستانیش هاوشێوەی زۆربەی وڵاتان، پرسە سیاسییەکان زاڵە بەسەر پەیام و ریزبەندی ئەولەویەتەکانی میدیا، وەلێ بابەتگەلێکی هەستیار هەن لەبەر هیچ پاساوێک ناکرێ فەرامۆش بکرێن، لەوانە هەڵکشانی خێرای کێشە کۆمەڵایەتییەکان و زیادبوونی ڕێژەی خۆکوشتن و ئوندوئیژی خێزانی، کێشە و کەموکوڕییەکانی کەرتی نەندروستی و پەروەردە و خوێندنی باڵا، بەدواداچوون و چاودێریکردنی کەرتی ئایەت و هەڵسەنگاندن بۆ کار و ڕۆڵیان لە ژیان و ئابووری کوردستاندا.

کرۆکی بەڕێوەبردنی میدیا

نووسینی: د. تاهیر رۆشندڵ ئەربیتانی
سەرۆکی بەشی (بەڕێوەبردنی میدیا) لە زانکۆی ئاران

ئەم بابەتە تایبەت بۆ گۆڤاری «رۆژنامەنووس» نووسراوە.

پوختەیەک

دامەزراوەکانی میدیا بەگوێرەی ئایبەئمەندییەکانی، وابەستە بە بەڕێوەبردنی جیاوازەوە. لەمڕووەوە (بەڕێوەبردنی میدیا) وەک بواریکی شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی نوێ هاتۆتە مەیدانەوە. ئەم وتارەش دەیەوێ لەڕێگەی خستنەڕووی دیدگا و تارامسەی جۆراوجۆری بواری بەڕێوەبردنی میدیا، باس لە کرۆکی مەسەلەکە بکات و ڕەهەندەکانیشی بخاتەڕوو.

بایەخی ئەم کارەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێت کە دوای لێپەڕبوونی چەندین ساڵ بەسەر شێوەیەڵەبوون و هاتنەئارای بەڕێوەبردنی میدیا وەک بواریکی زانستی و ئەکادیمی، هێشتا پێناسێکی ڕوون و دیاریکراوی نییە، بۆچوونی جیاوازیشی لەسەر هەیە. بۆ ئەم مەبەستە، لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین وێڕای خستنەڕووی دیدگا جۆراوجۆرەکان، پێناسێکی ئاماژەیەک گشتگیر و دیاریکراو بۆ ئەم چەمکە بخەینەڕوو.

سەرەکیترین دیدگا بەرهەمی ئەکادیمییانەی زانستی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی بنەمای بەڕێوەبردنی گشتییە لەنێو دامەزراوەیەکی میدیادا، لەم ڕوانگەیەوە بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی میدیا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دیکەدا نییە

پێشەکی:

گەشەی بەرچاوی ئامرازەکانی ماس میدیا لەم چەند دەیەی دوایی و زیادبوونی ڕۆڵە کۆمەڵایەنییەکەی، بۆتە مایەی ئەوەی لە ڕەهەندی جۆراوجۆرەوە شرۆڤە و ئاوتۆ بکرێن، یەکێک لە گرنگترین ئەم ڕەهەندانەش (بەڕێوەبردنی میدیا)یە.

ماس میدیاکان هەر لە سەرەتاوە وەک یەکێک لە ناوەندە کاریگەر و گرنگەکانی نێو کۆمەڵگا ڕۆڵی خۆی گێڕاوە، لە سەرجەم ڕەهەندەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووری، سیاسەت، کولتووریش.... کاریگەرییی جێهێشتووە. ئەم کاریگەرییانەش لەم دوو دەیەی ڕابردووەدا، گەیشتە ئاستێ کە سەرنجی بەڕێوەبەران و بەرپرسانی کاروباری کۆمەڵگاکانی بۆخۆی ڕاکێشاوە، سەرقاڵی دۆزینەوەی شێوازە کاریگەر و کاراکانی بەڕێوەبردن و ستراتیژدان بۆ ئەم دەزگا مەزنە.

لەم نێوانەدا وڵاتانی خۆرئاوا و بەتایبەت ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا کە هەمیشە سوودیان لە دەسەڵاتی بێ جێگرەوەی میدیاکانی خۆیان لەپێناو بەرەو پێشڤەچوونی پرۆژە و بەرنامە هەمەچەشنە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، کولتووری... وەرگرتووە، هەستیان بە بایەخی ئۆژێنەوە و شرۆڤەی سەرمایەگوزاری لەسەر گۆڕەزای (بەڕێوەبردنی میدیا) کردووە.

بەم شێوەیە مەسەلەی (بەڕێوەبردنی میدیا) لە دەیەی (90)ەوە هاتە نێو بواری زانستی و ئەکادیمییەوە. هەڵبەتە نابێ خۆمان لەم خاڵە ببوێرین کە کرداری پیشەییبوون لە سەرجەم زانستەکاندا لە ڕیزیاندا بەڕێوەبردنیش، لەم نێوانەدا کاریگەرییی خۆی هەبووە.

شرۆڤەی ئەزموونی ئۆژێنەوە لە بەڕێوەبردنی میدیادا، نیشاندەری ئەوەیە کە خاوەنی ئەدەبیاتێکی دەوڵەمەند و بەرفراوان نییە، بەڵکو لەسەربنەمای باسوخواسە ئێوررییەکانی بواڕە گرنگ و پراکتیکییەکانی بەڕێوەبردن و پەیوەندیکردن ڕەگی داکوتاوە. زۆرینەی ئەو باسانەی لە بواری بەڕێوەبردنی میدیادا خراونەتەڕوو، بە لەبەرچاوگرتنی سەرچاوەی ئەم بواڕە زانستییە و کرۆکی سیستەمی میدیای خۆرئاوا، خاوەنی تاراستەیەکی ئابووریایەیە. (فرهنگی و روشندل اربگانی، 1383).

لە وڵاتی ئێمەشدا (واتا ئیران) مەسەلەی ماس میدیا و گرنگییەکەی، هەمیشە لەبەردەم دیدی بەرپرسان و پسپۆڕانی وڵاتەکەماندا بووە، بایەخی باسوخواسی بەڕێوەبردنی میدیاش بەشێوەیەکی زانستی لە کۆتایی دەیەی حەفتادا هاتەئارا، لە سەرەتای دەیەی هەشتاش خوێندنی ئەکادیمی لەم بوارەدا کرایەوە، بەڵام دوای ئێپەڕینی ئەو ماوە زۆرەش، پێدەچێ وێڕای گرنگی بابەتەکە لەلای ڕای گشتی کۆمەڵگا و ئەنانەت نێو کۆڕی زانستیش، بایەخی ئەواوەتی پێنەدراوە و لێکدانەوەی جوداجوداشی بۆ دەکرێت.

لەم وتارەدا هەوڵ دەدەین وێڕای خستنەڕوو و شرۆڤەی دیدگا و تاڕاستە جیاوازەکان، ئەو چەمکە ڕوشن بکەینەوە. بۆ ئەم مەبەستەش هەشت دیدگای جیاواز ئاوتۆ دەکەین، دواجار شێوازێکی گشتگیر بۆ بەڕێوەبردنی میدیا دەخەینەڕوو.

دیدگای یەکەم: بەڕێوەبردنی میدیا وەک بەڕێوەبردنی گشتی دامەزراوەیەکی میدیایی

ئەم دیدگایە ڕەنگە باوترین و زاڵترین دیدگای نێو مەیدانی بەڕێوەبردنی میدیا بێت، لەسەر ئەو بنەمایە دامەزراوەکانی میدیاش هەروەک سەرجەم دامەزراوەکانی دیکەی کۆمەڵگا پێویستی بە پیادەکردنی بەڕێوەبردنێ هەیە لەپێناو گەیشتن بە کۆمەڵێک ئامانجی وەک گەشەسەندن، مانەوە، قازانج و... هتد. هەرشتێ دەربارەی بنەما و هونەر و ڕێوشوێنەکانی بەڕێوەبردن لە ئەدەبیاتی بەڕێوەبردندا هەبێ، بۆ گەیشتن بەو ئامانجانەش هەر ڕاستە.

وێڕای لایەنگرانی ئەم دیدگایە، بەڕێوەبردنی میدیا وانا جێبەجێکردنی ئەرک و فەرمانە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبردن کە بریتین لە (بەرنامەڕێژی، ئۆرگانیزەکردن، ڕێنمایی و کۆنترۆڵ) و هەروەها ئەرکە لاوەکییەکانی وەک (وەرگرتنی ڕاپۆرت، دابینکردنی سەرچاوە مرۆییەکان، بودجە و...هتد) لەنێو دامەزراوەیەکی میدیادا.

بەپێی ئەم دیدگایە، بەڕێوەبردنی میدیا وانا بەکارهێنانی سەرچاوە ماددی و مرۆییەکان بە باشترین شێواز ئەویش

لەڕێگەی سوودوەرگرتن لە ئەرک و فەرمانەکانی وەک بەرنامەڕێژی، ئۆرگانیزەکردن، ڕێنمایی و کۆنترۆڵ بەمەبەستی هێنانەدی ئامانجەکانی دامەزراوەیەکی میدیا.

ئینویلەر (1984ز)، پێی وایە بەڕێوەبردنی میدیا وانا داڕشتنی نەخشە، ڕێنمایی و گەشەپێدانی سیستەمەکانی میدیا.

پرینگڵ و ستار (Pringle & Star, 2006) لەو بڕوایەدان بەڕێوەبردنی میدیا بریتییە ئەرکەکانی (بەرنامەڕێژی، ئۆرگانیزەکردن، خستنەگەڕی سەرچاوەکان، ڕێنمایی و کۆنترۆڵ)، خەسڵەتەکانی بەڕێوەبەری میدیاش بریتین لە (نەکنیکی، مرۆیی و ئوانای ئێگەیشتن و پەیبردن).

کەوانە لێرەدا دەبینین سەرەکیترین دیدگا بەرهەمی ئەکادیمییانەی زانستی بەڕێوەبردن و پیادەکردنی بنەمای بەڕێوەبردنی گشتییە لەنێو دامەزراوەیەکی میدیادا، لەم ڕوانگەیەوە بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی میدیا جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ بەڕێوەبردنی دامەزراوەکانی دیکەدا نییە، ئەنانەت ئەو بەڕێوەبەرەی لە بواریکی دیکەدا سەرکەوتووە دەتوانێ لە بەڕێوەبردنی دامەزراوەیەکی میدیاشدا سەرکەوتن بەدەست بهێنێ.

دیدگای دووەم: بەڕێوەبردنی میدیا

ئەم دیدگایە لە ڕاستیدا دەربارەی شرۆڤەی بارودۆخی زاڵی نێو میدیا و خاوەندارێتییەکەیانە. لەسەر بنەمای ئەم ئاراستەیە، بەڕێوەبردنی میدیاکان خاڵی گرنگی بەیەککەیشتنی میدیاکانە لەگەڵ سیستەمی سیاسیدا (روشندل اربگانی، 1386). ئاشکرایە لە پۆلێنبەندی گشتیانەی دامەزراوەکانی میدیا لە جیهاندا، لەڕووی جۆری خاوەندارێتی و دۆخی یاساییەوە، بۆ سێ شێواز دابەش دەبن:

دەستەی یەکەم دامەزراوە میدیاییە حکومییەکانن کە گشت مۆڵەت و بودجەی خۆیان لە دەوڵەت وەردەگرن. لەسەر ئەم بنەمایەش، لە ڕوانگەی سیاسەتی کار و بەرنامەکەیەوە پابەندە بە دەوڵەت و حکومڕانییەوە، سەرقاڵی بەدیهێنانی خواست و مەبەستەکانی ئەوانیشە.

دەستەی دووەم دامەزراوە میدیاییە گشتی یان میللییەکانن کە وێڕای وەرگرتنی یارمەتی لە حکومەت و دەوڵەت، بەشێوەیەکی سەرەکی بودجەکەیان لە ناوەندە گشتییەکان و ئابوونەی خوێنەرانەوە دابین دەکەن. پەیوەندی دەوڵەت لەگەڵ ئەم چەشنە شێوازەدا، لە سنووری چاودێریدایە. یاساکان و بڕیارەکانی ئەم چەشنە دامەزراوانە، لەلایەن ناوەندەکانی وەک پارلەمان و وەزارەتەکانەوە دەردەکرێت.

دەستەی سێیەم، دامەزراوە میدیاییە ئایبەتمەندەکانن کە بە دامەزراوەی میدیای بازرگانیش ناودەبرێن. ئەم دامەزراوانە وێڕای پەیڕەوی لە بڕیارە گشتییەکانی کۆمەڵگا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ لەهەمبەر کارەکانی خۆیاندا بەرپرسیارن و بودجەکانیشیان نەنیا لەڕێگەی داهاتە ئایبەتییەکانەوە دابین دەبێت وەک: ئابوونە، ڕیکلامە بازرگانییەکان، فرۆشی بەرهەم و خزمەتگوزاریی و پشتگیرییە بازرگانییەکان. ئەم شێوازەیە، لە ڕووی یاساییەوە شوێنکەوتەی یاساکانی وڵاتەکەن بە ئایبەتی یاسای بازرگانی (باقی، 1379).

شیاوی باسە خاوەندارێتی میدیا لە شێوازی یەکەمدا سەربە حکومەتە، خاوەندارێتی شێوازی دووەم مۆڵکی گشت خەڵکە، خاوەندارێتی شێوازی سێیەمیش هی کەسایەتییە ڕاستەقینە یان یاساییەکان یا مۆڵکی کەرتی ئایبەتییە.

بەدڵنیاییەوە هەر کام لەم شێوازی خاوەندارێتیانە لە شێوازی بەڕێوەبردن، ڕێژە و چۆنییەتی وەڵامدانەوەی خەڵک، چۆنییەتی دانان یان هەڵبژاردنی بەڕێوەبەر، سنووری بنەما و بڕیارەکان، شێوازی بەڕێوەبردن و کۆنترۆڵ و کۆمەڵێ مەسەلەیتریش کاریگەرییان لەسەر بەڕێوەبردنەکەی هەیە.

لە ڕاستیدا لە دیدگای دووەمدا، بەڕێوەبردنی میدیا زاڵە بەسەر میدیادا، چۆنییەتی پەیوەندی سیستەمی سیاسی و دەوڵەت لەگەڵ میدیا بریتییە لەو کۆنترۆڵەی بەسەر میدیاکاندا دەسەپێنرێ.

پێویستە ئەوەش بڵێین کە ئەم پەیوەندییە بەپێی جۆری مۆڵکایەتی میدیاکان، جیاوازییەکی زۆریان لەگەڵ یەکتردا هەیە.

***دیدگای سێیەم: بەڕێوەبردنی پەیوەندی لەگەڵ میدیاکان**

ئەمڕۆ مەسەلەی گەڕان بەدوای وەرگردا، بایەخێکی ئایبەتی بۆ دامەزراوەکان هەیە. لەم پێناوەشدا، کۆمپانیا و دامەزراوەکان بودجەیەکی بەرچاو بۆ کاروباری پڕوپاگەندە و پەیوەندی گشتییەکانیان ئەرخان دەکەن، یەکێک لە ئامڕازە گرنگەکان کە لە ڕاستیدا بایەخدارترین ئامرازیشە بۆ ئەم مەبەستە، سوودوەرگرتنە لە ماس میدیا بەهێز و کاریگەرەکان لەنێو چین و ئوێژە جۆراوجۆرەکانی کۆمەڵگادا. لەم ڕوانگەیەوە ئێگەیشتنی سەرەکی بۆ بەڕێوەبردنی میدیا بریتییە لە چۆنییەتی مامەڵە و پەیوەندی دامەزراوەکان لەگەڵ میدیا جۆراوجۆرەکاندا، هەروەها بەکارهێنانیانە بە باشترین شێواز لەپێناو ئامانج و بەرژەوەندییەکانی دامەزراوەکەدا.

بەمانایەکی وردتر، بەڕێوەبردنی میدیا هونەری ئۆرگانیزەکردن و ڕێکخستنێکی باشتر و کاریگەرتری پەیوەندی نێوان دامەزراوەیەکە لەگەڵ ماس میدیاکان، بریتییە لە سوودوەرگرتن لە مەودای میدیایەک لەپێناو بەدیهێنانی ئامانج و سیاسەتەکانی دامەزراوەیەک (سید محسنی، 1381)

بەکورتی لە ڕوانگەی لایەنگرانی ئەم دیدگایە، بەڕێوەبردنی میدیا وانا زۆرترین و باشترین سوود لە دەسەڵات

و بڕسێی ماس میدیاکان وەربگرین لەپێناو ئامانج و مەبەستەکانی دامەزراوەیەکدا، بۆ نموونە بۆوانین بۆ پڕوپاگەندەکانمان سوود لە مەیدانی میدیا وەربگرین، یان لە دۆخی قەیران و ئەو هەلومەرجانەی کە دۆخی چۆنایەتی و مێنمانە و ناوبانگی دامەزراوەیەک لەکەدار دەبێت، بۆوانین لەڕێگەی مامەڵەیەکی کاریگەرانەی میدیا و سوودوەرگرتن لە هێزی گەیاندنی هەواڵ و زانیاری و پڕوپاگەندەکان، ئاسێی قەیرانەکە کەمتر بکەینەوە. ئەنانەت ئەو دۆخە بگۆڕین بۆ دەفەتێک لەپێناو دامەزراوەکەدا.

دیدگای چوارەم: ماتریسی بەڕێوەبردنی میدیا

لە دیدگای چوارەمی بەڕێوەبردنی میدیادا، ئەرکەکانی بەڕێوەبردن لەگەڵ ئەرکەکانی میدیادا ناوێنەی یەکترن، بەمەش شێوازی ماتریسی دەهێننەئارا کە پێی دەوترێ ماتریسی بەڕێوەبردن (روشندل، 1385).

ئەگەر ئەرکە بنەڕەتییەکانی بەڕێوەبردن بڕێی بێت لە (پلاندانان و بەرنامەڕێژی، ڕێکخستن، ڕێنمایی و کۆنترۆڵ)، ئەوا کارە بنەڕەتییەکانی ماس میدیا بڕێین لە (ئەرکی هەواڵ و زانیاری گەیاندن، فێرکاری، سەرگەرمی و کات بەسەربردن، ڕێنوێنی)، ئاوێنەکردنی چوار ئەرکە بنەڕەتییەکەی بەڕێوەبردن لەگەڵ ئەم چوار ئەرکەی میدیادا، هاوکێشەیەک پێکدێنن. هەروەک لە خشتەی ژمارە (1) دا خراوەتەڕوو.

ڕێنوێنی و هاندان

وێنەی ژمارە (1): ماتریسی بەڕێوەبردنی میدیا

بەپێی ئەم دیدگایە، بەڕێوەبەری میدیایەک سەرقاڵی دابینکردنی ئامانجەکانی دامەزراوەکەیەتی، ئامانجەکانی هەر دامەزراوەیەکیش ڕەنگدانەوەی لە ئەرکەکانیدا هەیە.

بەم چەشنە ئەگەر بەڕێوەبەری میدیایەک بتوانێ بە باشترین شێواز چوار ئەرکەکەی پیادە بکات کە بریتی بوون لە گەیاندنی زانیاری، فێرکاری، سەرگەرمی و کولتووریزەکردن ئەوا بەسەرکەوتووانە ئامانجەکانی خۆی هێناوەتەدی. بەمەبەستی جێبەجێکردنی ئەو ئەرکانەش بە باشترین شێواز، پێویستە گشت پێکهاتەی بەڕێوەبردن واتا (پلاندانان و بەرنامەڕێژی، ڕێکخستن، ڕێنمایی و کۆنترۆڵ) لەناو دامەزراوەکەدا پیادە بکرێت. بۆ نموونە بەرنامەڕێژی و کاری کۆنترۆڵ و چاودێریی بەرنامەکانی هەواڵ، پێویستە لە بەرنامەکانی کات بەسەربردن و سەرگەرمی جیاواز بێت. هەربۆیەشە بەرنامە فێرکارییەکانی میدیا، پێویستی بە بەرنامەڕێژیی و ئۆرگانیزەکردنێکی جیاواز هەیە بە بەراورد لەگەڵ بەرنامە فێرکاریی یان هاندان بۆ فێرکردن. ئەوەی لێرەدا جێگەی سەرنجە، دیدگای چوارەم تا ئەندازەیەک لە بەڕێوەبردنی کرۆکی میدیاوە نزیکترە.

*دیدگای پێنجەم: بەڕێوەبردنی میدیا گچکەکان (Micro Media)

کاتێک لە دونیای ئینتەرنێتدا گەڕانێک بۆ زاراوەی (بەڕێوەبردنی میدیا) یان دەستەواژەکانی پەیوەست بەو زاراوەیەوە دەکەین، دەبینین کە کۆمەڵێک بابەت و بەڵگەنامەی زۆر دەربارەی بەڕێوەبردنی میدیا گچکەکان هەیە. شیاوی باسە کە لەسەر بنەمای پۆڵێنبەندییەک، میدیاکان بۆ (میدیای گچکە- Ethnotronic) و (میدیای مەزن- Telematics) پۆڵێن دەکرێن. میدیا گچکەکان (Ethnotronic) کە پێویستیان بە ژێرخانی بەرفراوان نییە و پتر بەشێوەی ئاکەکەسی بەکاردەهێنرێن وەک (ڤیدیۆ، DVD) و هاوشێوەکانیان.

لە هەمانکاتدا میدیا مەزنەکان پێویستیان بە ژێرخانی ئەکنیکی، مرۆیی بەرفراوان هەیە وەک ڕۆژنامەکان، رادیۆ، ئەلەفزیۆن، ئینتەرنێت و....هتد.

لە ڕوانگەی لایەنگرانی ئەم دیدگایە، بەڕێوەبردنی میدیا بەمانای بەڕێوەبردنی میدیا گچکەکانە نەک میدیا مەزنەکان کە ژێرخانێکی بەرفراوان و گەورەیان هەیە.

ئەوەی لەم وتارەشدا جێگەی بایەخ پێدانە، بەڕێوەبردنی میدیایە نەک بە مانای میدیا گچکەکان، بەڵکو لەنێو میدیا مەزنەکانیشدا مەبەستمان لەو میدیایانەیە کە تایبەتمەندییەکانی ماس میدیایان نیدایە، میدیاکانی وەک (ئەلەفزۆن یان مۆبایل) بە ماس میدیا دانانرێن و ناچنە نێو سنووری باسەکەمان دەربارەی

خشتەی ژمارە (1)

کارەکانی میدیا	ئەرکەکانی بەڕێوەبردن	بەرنامەڕێژی	ڕێکخستن	ڕێنمایی	کۆنترۆڵ
هەواڵ و زانیاریگەیاندن					
فێرکاری					
سەرگەرمی و کات بەسەربردن					
ڕێنوێنی و هاندان					

وێنەی ژمارە (2)

بەڕێوەبردنی میدیا.

***دیدگای شەشەم: کردار حەوت قۆناغەییەکەی بەڕێوەبردنی میدیا**

هەندێ لە پسپۆڕان لەو بڕوایەدان بەڕێوەبردنی میدیا کردارێکە لە حەوت قۆناغ پێکهاتووە، بریتییە لە: داڕشتنی سیاسەت، بەرنامەڕێژی، بەرهەمهێنان/ دابینکردن، چاودێری، پەخش، ڕاپرسی و ڕاوەرگرتن.

لەسەر بنەمای ئەم دیدگایە، بەڕێوەبردنی میدیا شێوازێکی بازنەیی هەیە کە لە داڕشتنی سیاسەتی میدیاکەوە دەست پێدەکات، پاشان لەسەر بنەمای ئەو سیاسەتەی دادەڕێژرێ، کرداری بەرنامەڕێژی لەپێناو بەرهەمهێنان یان ئامادەکردنی بەرنامەدا ئەنجام دەدرێت، لە قۆناغی دواتردا بەرنامەکان لە سەرچاوەی ناوخۆیی یان دەرەکییەوە بەرهەم دەهێنرێن، پاشان دوای بەرهەمهێنانی بەرنامەکان بە زنجیرەیەک قۆناغی چاودێری و کۆنترۆڵدا ئێدەپەڕێت، دواتر بەرنامەکان ئامادەی پەخش دەکرێن. دوای پەخش کردنیشیان، ڕاپرسی دەربارەی بەرنامەکان لەناو بینەراندا ئەنجام دەدرێت، ئەنانەت هەڵسەنگاندنیشیان ئەنجام دەدرێت بە مەبەستی دەستنیشانکردنی ڕێژەی کاریگەرییی ئەو بەرنامانە و پلەی بەدیهێنانی ئامانجەکانیشیان. ئەم کردار بازنەییە لە وێنەی ژمارە (2)دا ڕوون کراوەتەوە.

لەلایەکی دیکەوە ئەم شێوازە پڕ بۆ میدیا حکومی و گشتییەکان گونجاوە. کرداری حەوت قۆناغیی بەڕێوەبردنی میدیا شێوازێکی بەردەوامی هەیە، بەو مانایەی دەرەنجامی قۆناغەکە بریتییە لە هەڵسەنگاندن و دەستنیشانکردنی سیاسەتەکانی میدیاکە و نرخاندنی بەرنامەکان.

***دیدگای حەوتەم: بەڕێوەبردنی مانادار و پڕناوەڕۆک**

ئەم دیدگایە جەخت لەسەر بەڕێوەبردنی ناوەڕۆکی نێو میدیا دەکاتەوە، بایەخیش بە شێوە و دامەزراوەی میدیاکان و بابەتی کار و ناوەڕۆکەکانیان دەدات.

لەم دیدگایەوە، بەڕێوەبردنی میدیا بریتییە لە بەکارهێنانی ئوانسەکانی هەڕەمی ناوەڕۆک و ماناکەی لەپێناو خولقاندنی کاریگەرییی لەسەر وەرگر، بەرزترین ئاستی کاریگەرییەکەشی ئەو ساتەیە کە وەرگر قەناعەتی بە پەیامەکە هەبێت و ئەنانەت ببێ بە گوێزەرەوەی پەیامەکانی میدیاکەش، وانا بەبێ ئەوەی چاوی لە پاداشت بێت پەیامەکانی میدیا بڵاوبکاتەوە و پڕوپاگەندەشی بۆ بکات.

ئەگەر ڕەگەزی (کاریگەریی) وەک گرنگترین ئامانج دابنێین لە کرداری دەستنیشانکردنی سەرکەوتووییی دامەزراوەیەکی میدیا، ئەوا بریتییە لە ڕێژەی بەدیهێنانی ئامانجەکانی ئەو دامەزراوەیە (Daft, 2005).

ئامانجەکانی هەر دامەزراوەیەکیش

> ئەمڕۆ مەسەلەی گەڕان بەدوای وەرگردا، بایەخێکی تایبەتی بۆ دامەزراوەکان هەیە. لەم پێناوەشدا، کۆمپانیا و دامەزراوەکان بودجەیەکی بەرچاو بۆ کاروباری پڕوپاگەندە و پەیوەندی گشتییەکانیان تەرخان دەکەن



وێنەی ژمارە (3): کرداری سێ قۆناغیی بەڕێوەبردنی پەیام

بۆ چەندین ئاست و دەسنە پۆلێنبەندی دەکرێت، بەجۆرێک کە دەتوانین لە هەمبەر هەر ئامانجێکی سەرەکیدا باس لە ئامانجێکی لاوەکیش بکەین.

سەبارەت بە هەر دامەزراوەیەکی میدیا، ئاشکرایە ئامانجی جۆراوجۆری لەنێو کۆمەڵگادا هەیە، بە ئێروانینێکی قووڵ لەو ئامانجانەش دەتوانن بڵێین مەزنترین ئامانجی ئەم چەشنە دامەزراوانە بریتییە لە خوڵقاندنی کاریگەریی لەسەر ڕای خەڵک، لەو ڕێگەیەشەوە هەوڵی گۆڕینی ڕەفتاری خەڵک بدرێت.

لە ڕاستیدا ڕاکێشانی سەرنجی وەرگر بەشێکە لە ئامانجە سەرەتاییەکانی میدیا، ئەویش بە مەبەستی ڕاکێشکردن و خوڵقاندنی کاریگەرییی لەسەر وەرگر، کرداری وەدیهێنانی دوائامانجی هەر دەزگایەکی میدیاش ئایەندەی مەگەر ئەو پەیامەی پێشکەش بە وەرگر دەکرێت، پڕ ناوەرۆک و دەوڵەمەند بێت.

بە مانایەکی دیکە باشتر، سەرجەم هەوڵ و بودجەی زەبەلاحی دەزگایەکی میدیایی بەهەدەر دەچێت، ئەگەر ناوەرۆکی میدیاکە نەتوانێ کاریگەرییی لەسەر وەرگر بخوڵقێنێت و ژینگەیەکی گونجاو بۆ کارلێککردنی لەگەڵ وەرگر نەڕەخسێنێ. (شمیت Schmid) لەو بڕوایەدایە میدیاکان بڕیاری لە مەیدانی کارلێککردن، بەڕێوەبردنی میدیاش لەسەر بنەمای بەڕێوەبردنی ئەو ژینگە کارلێکییە ڕاوەستاوە (Schmid, 2001)

کەوانە بەشێوەیەکی پوخت ئەوەی لە دیدگای حەوتەمدا جێگەی مەبەستە، بایەخدانە بە ناوەرۆکی میدیا و دەوڵەمەندکردنییەتی لەپێناو کاریگەرییەکی شیاو و چاوەڕوانکراو لەسەر وەرگرەکان.

*دیدگای هەشتەم: بەڕێوەبردنی میدیا، بەڕێوەبردنی سێ قۆناغەکەی پەیامە

ئەم دیدگایەش جەخت لەسەر ڕەگەزی (پەیام) وەک گرنگترین ڕەگەزی ناوەرۆکی میدیا دەکاتەوە، بەڵام بایەخ بە کرۆکی پەیام و ناواخنەکەی و شێوازی بەرهەمهێنان و دابەشکردنی پەیامیش دەدات. بە مانایەکی دیکە، لەم دیدگایەوە بەڕێوەبردنی میدیا وانا بەڕێوەبردنی سێ قۆناغییانەی پەیام کە بریتییە لە دەستنیشانکردن، بەرهەمهێنان و دابەشکردنی پەیام. (بنۆرە وێنەی ژمارە (3).

بە سەرنجدان لە وێنەی ژمارە (3)، لە هەنگاوی یەکەمدا ئەوەی جێگەی بایەخە دەستنیشانکردنی ئەو پەیامانەیە کە پێویستە بەرهەم بهێنرێن و پێشکەش بکرێن. بە مانایەکی دیکە، هەنگاوی یەکەم بریتییە لە داڕشتنی سیاسەت و بەڕێوەبردنی پەیام، وانا بەڕێوەبردنی میدیا دەبێ بەوپەڕی وردەکاری و بایەخدانەوە ئەنجام بدرێ.

لە هەنگاوی دووەمدا، شێوازی بەرهەمهێنانی پەیام و چوارچێوەکەی جێگەی بایەخە. ئەم قۆناغەش زۆر گرنگە، چونکە ئەگەر پەیامە جێ مەبەستەکە لە قۆناغی یەکەمدا بە شێوازێکی شیاو بەرهەم نەهێنرێ، هەرچەندە پەیامەکە دەوڵەمەند و پڕبایەخ بێت، لەوانەیە بەهاکەی خۆی لەدەست بداث.

دواهەنگاو بریتییە لە شێوازی دابەشین و پەخشکردنی پەیام. وانا پەیامەکە چۆن و لە چ کانێکدا و لەلایەن کێ ئاراستە دەکرێت.

لە دابەشکردنی پەیامدا، دەبێ مەسەلە ئایبەئییەکانی وەک کۆمەڵگا، هەلومەرجی کۆمەڵگا و گوتارە باوەکان و...لەبەرچاو بگرین.

سەرەنجام میکانیزمی (فیدباک) لە کرداری سێ قۆناغەکەی بەڕێوەبردنی پەیامدا، بریتین لە زانیاری سەبارەت بە پەیامەکانمان لە کۆمەڵگا. وەرگرانی پەیام (خوێنەر، گوێگر و بینەر) بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ پەیام وەردەگرن، ئەو فیدباکەی

جەماوەریش لەپێناو چاکسازی و نەهێشتنی کەموکوڕییەکانی قۆناغەکانی دەستنیشانکردن و بەرهەمهێنانی پەیام بەکاردەهێنرێنەوە.

*بەرەو شێوازێکی گشتگیر

لەسەربنەمای دیدگایەکی سیستەمانیکانە، دامەزراوەکانی میدیا بریتین لە سیستەمێکی کۆمەڵایەتی کە لەناو ژینگەدان. ژینگەش بریتییە لە گشت ئەو نۆخم و هۆکارانەی لە دەرەوەی دامەزراوەکەدان و کاریگەرییش لەسەر دامەزراوەکانی میدیا دادەنێن و هەم دەچنە ژێرباری کاریگەرییشەوە.

بێگومان ژینگەی دامەزراوەی میدیا، لە کۆمەڵێک چینی جۆراوجۆر پێکهاتووە، پێوەری جیاکردنەوەی ئەم چینانە بریتییە لە کاریگەرییی ئەو چینانە لەسەر سیستەم و دامەزراوە میدیاییەکە. بۆ نموونە (وەرگر) بەشێکە لەو ڕەگەزانەی کە کاریگەرییەکی بەرفراوانی لەسەر میدیاکان هەیە، بەڵێناییەوە کاریگەرییش لە میدیاکان وەردەگرێت.

سیستەمی فێرکاری کۆمەڵگاش کاریگەرییی لەسەر میدیاکان جێدەهێڵێ و کاریگەرییشی لێ وەردەگرێت، بەڵام وەرگر پتر لە لایەنەکانی دیکە مامەڵەیان لەنەک میدیادا هەیە بە بەراورد لەگەڵ سیستەمی پەروەردە و بەشەکانی دیکەی. کەوائە وەرگرەکان لەگەڵ سیستەمی پەروەردە یان سیستەمی ئەکنەلۆژیدا دەچنە چینێکی ناوخۆیی دیکە.

بیرمەندانی بواری بەڕێوەبردن لە پۆلێنبەندییەکدا، ژینگەی دامەزراوەکان بۆ هەردوو ژینگەی ناوخۆیی و ژینگەی دەرەکی دابەش دەکەن.

لەسەر ئەم بنەمایە، ژینگەی ناوخۆیی سیستەمەکە بریتییە لەو بەشە پێکهێنەر و هۆکارانەی لە ناوخۆی سیستەمەکەدان و کارلێک دەکەن وەک: کارمەندان، ئەکنەلۆژیای دامەزراوەکە، پێکهاتە و.... هتد. بەشێوەیەکی گشتی بنەماکانی سیستەمێکی کراوەی کۆمەڵایەتی بۆ نموونە دامەزراوەیەکی میدیایی بریتین لە: ئامانج، هێزی مرۆیی، پێکهاتە و ئەکنەلۆژیای سیستەم (Scott, 1992).

ژینگەی دەرەوە یان دەرەکیش هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بریتییە لەو پێکهاتە و ڕەگەزانەی لە دەرەوەی دامەزراوەکەوە مامەڵەی لەگەڵدا دەکەن، ئەم ژینگەیەش بەخۆی لە کۆمەڵێک چینی جۆراوجۆر پێکهاتووە، بەرفراوانترین ئەو چینانەش بریتییە لە ژینگە یان ئەو سیستەمە بایەخدارەی کە دامەزراوەکە و ڕەگەزە دەرەکییەکانی دامەزراوەکە کاری تیادا ئەنجام دەدەن.

لایەنەکانی ژینگەی بەهاکان بریتین لە (بیروباوەڕ، گریمانە بنەڕەتییەکان، بەها و داب‌ونەریتەکانی کۆمەڵگا). هەر دامەزراوەیەک بەبێ بایەخدان بەو مەسەلانە، ناتوانێ لە بەرەو پێشەوەچوون و بەدیهێنانی ئامانجەکانیدا سەرکەوتوو بێت.

بەڕێوەبردنی میدیا لە شێوازێکی گشتگیرانەدا، بەڕێوەبردنی گشت بەش و نۆخمەکانی ژینگەیە بە ناوخۆیی و

> ئینویلەر (1984ز)، پێی وایە بەڕێوەبردنی میدیا واتا داڕشتنی نەخشە، ڕێنمایی و گەشەپێدانی سیستەمەکانی میدیا.

دەرەکییەوە. ئەمەش لە وێنەی ژمارە (4) دا خستووەتەڕوو.

لەسەر بنەمای ئەم شێوازە، بەڕێوەبردنی میدیاش چاودێرە بەسەر ڕەهەندی ناوەرۆک و هەم ڕەهەندی شێوە و پێکهاتەی بەڕێوەبردنەوە.

هەروەک لە وێنەی (4)دا دەبینین، چینی ناوەوە یان ژینگەی ناوخۆیی

وێنەی ژمارە (4): شێوازی گشتی بەڕێوەبردنی میدیا



دامەزراوەیەکی میدیا لەسەر چوار بنەما ڕاوەستاوە کە بریتین لە: ئامانج، وەرگر و هێزی مرۆیی، پێکهاتە و ئەکنەلۆژیا. ئەم چوار بنەمایە کاریگەرییش لەسەر یەکتر دادەنێن. بەو مانایەی (ئامانج) دەبێتەمایەی دەستنیشانکردنی جۆری پێکهاتەی دامەزراوەکەش. شێوازی پێکهاتەکەش جۆری ئەکنەلۆژیا دیاری دەکات.

بەڕێوەبردنی میدیا نەک ئەنیا پێویستە لە داڕشتنی ئامانج و دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی دامەزراوەکەی خۆیدا بە وردی هەنگاو بنێ (وانا لە ڕەهەندی ناوەرۆکەوە)، بەڵکو دەبێ پێکهاتە و ئەکنەلۆژیا و هێزە مرۆییەکەشی بەشێوازێکی شیاو هەڵبژێرێ.

هەروەها لەسەر بنەمای شێوازی گشتگیرانەی بەڕێوەبردنی میدیا، بەڕێوەبەری میدیاکە لە یەکەمین چینی ژینگەکەیدا کۆمەڵێ هۆکاری وەک وەرگر، رکابەران، دابینکاران، ئامادەکارانی بەرنامەکان و.... لەبەرچاو بگرێت و مامەڵەی کاریگەرانەی ئەو هۆکارانە فەرامۆش ناکات.

لە چینی دوائەردا، سیستەمە ئابووری و کۆمەڵایەتی و سیاسییەکانی کۆمەڵگان کە کاریگەرییان لەسەر کاری بەڕێوەبەری میدیا هەیە، ئەوەی جێگەی بایەخیشە بەڕێوەبەر دەبێ لەڕێگەی بەشداریی ژینگەیی و مامەڵەکردن لەگەڵ بەڕێوەبەرانی ئەو سیستەمانەی ئاماژەمان بۆ کردن، لەناو کۆمەڵگادا بنوانێ بە ئاقاری بەرەوپێشبردنی ئامانجەکانی دامەزراوەکەی خۆیدا هەنگاو بنێ.

سەرەنجام هەروەک پێشتر وتمان، ژینگەی بەهادار یان هەمان سیستەمی بەهاداری کۆمەڵگا، گشتگیرترین ژینگەیە کە گشتی لایەنەکانی ژینگە و دامەزراوەی میدیا بەخۆی لەخۆدەگرێت. بەڕێوەبەری میدیا دەبێ لە چالاکییە بەرنامەسازییەکانی خۆیدا، بنەما کولتووری و بەها باوەکانی کۆمەڵگا لەبەرچاو بگرێت.

بەشێوەیەکی گشتی، دامەزراوەکانی میدیا ژینگەیەکی ئاڵۆز و گۆڕاو و ناسەقامگیرە. بەو مانایەی:

یەکەم: مامەڵە و پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک بەش و نوخمی جۆراوجۆردا هەیە.

دووەم: ئەم نوخمە ژینگەییانە بەخێرایی گۆڕانیان بەسەردا دێت و کەمترین ڕێژەی سەقامگیرییان نیدایە. بۆ نموونە ئەکنەلۆژیای میدیایی هەموو ڕۆژێ لە سائی گۆڕاندایە، سەرەنجام پێشبینی ڕەفتارەکانی هۆکارە ژینگەییەکانیش کارێکی دژوارە، دامەزراوەکانی میدیاش لە ژینگەیەکی ناسەقامگیردان.

ئیستاش بەگوێرەی ئەو دیدگا

سیستەمییەی لە چوارچێوەی شێوازێکی گشتگیرانەی بەڕێوەبردنی میدیادا ڕوونمان کردەوە، دەتوانین پێناسێ بۆ بەڕێوەبردنی میدیا بخەینەڕوو:

بەڕێوەبردنی میدیا وانا کرداری بەکارهێنانی گشت ئوانسنە مادەی، مرۆیی، ئەکنەلۆژییەکان بە باشترین شێواز لەپێناو بەرهەمهێنان و بەرهەمهێنانەوە و دابەشکردنی پەیامە ئامانجدارەکان لە چوارچێوەی سیستەمێکی بەهاداری پەسەند کراودا، ئەویش بە ئامانجی خولقاندنی کاریگەرییەکی شیاو لەسەر وەرگر (یان خەڵک) ئەنجام دەدرێت (روشندل، 1385).

*دەرەنجام

ئەوەی لەم وتارەدا جێگەی مەبەستمانە، دۆزینەوەی چەمکێکی ڕوون و دیاریکراوە بۆ بەڕێوەبردنی میدیا. لەپێناو دەستڕاگەیشتن بەم مەبەستەش، شرۆڤەی دیدگا جۆراوجۆرەکانمان دەربارەی مەسەلەکە خستەڕوو.

لێرەدا وەک کۆبەندییەک بۆ ئەم باسە، دەتوانین ئەوە بخەینەڕوو کە هیچ کام لەم دیدگایانە سەبارەت بە بەڕێوەبردنی میدیا دیدگایەکی کامڵ نییە، هەرکامیان لە ڕوانگەیەکی تایبەتەوە دەنۆڕێنە ئەو باسە. لەپێناو گەڕان بەدوای دۆزینەوەی شێوازێکی تائەندازەیەک گشتگیر کە سەرجەم دیدگاکان لەخۆبگرێت، شێوازی گشتگیرانەی بەڕێوەبردنی میدیاشمان تاوتوێ کرد. لەسەر ئەو بنەمایە، بەڕێوەبردنی میدیا لەلایەکەوە پەیوەندی بە باسی بەڕێوەبردنی گشتی و بنەما و تیۆرەکانی ئەو بوارەوە هەیە، لەلایەکی دیکەوە جەختە لەسەر بەڕێوەبردنی مانا و ناوەرۆک و پەیام دەکاتەوە.

تەو کەسانەی کە (بەڕێوەبردنی میدیا) بە بەشێک لە بەڕێوەبردنی گشتی دادەنێن بەبێ ئەوەی تایبەتمەندییەکانی دامەزراوەیەکی میدیا لەگەڵ دامەزراوەکانی دیکەدا لەبەرچاو بگرن، دووچاری جۆرە نزیک بینییەک دەربارەی ئەو بابەتە بوونەتەوە. دامەزراوەکانی میدیا بەگوێرەی تایبەتمەندییەکانیان، پێویستیان بە بەڕێوەبردنێکی جیاوازە، ئەوەی لە بەڕێوەبردنی میدیادا زۆر جێگەی بایەخە بریتییە لە بەڕێوەبردنی ئەو مانا و ناوەرۆکەی کە دەیەوێ پێشکەشی (وەرگرەکان)ی بکات.

هەروەها تاوتوێی هەندێ لە دیدگاکان، دەری دەخەن کە ئێگەیشتنێکی ناڕاست و سنووردارییان بۆ مەسەلەی بەڕێوەبردنی میدیا هەیە. سنووردارکردنی بەڕێوەبردنی میدیا بە (بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییەکان) ەوە و دابەزاندنی ئاستەکەشی بۆ (بەڕێوەبەرایەتی پەیوەندییە گشتییەکان) و ئەنانەت لەوەش نزمتر بۆ (بەڕێوەبەرایەتی پڕوپاگەندە) یان ئەگەر بە ئەنیا بایەخ بە بەڕێوەبردنی میدیا گچکەکان بدەین، ئەوا ئەم دیدگایانە هەڵەن کە دەربارەی بەڕێوەبردنی میدیا لە ئارادان.

بەکورتی بەڕێوەبردنی میدیا وەک پرۆژەی شرۆڤە و لێکۆڵینەوەی نوێ و بواریکی زانستی کە ئازە هاتۆتە نێو باسی ئەکادیمییەوە، پێویستی بە زانستێکی تیۆری زیاتر و گەشەپێدانی ئەدەبیاتی مەسەلەکەش هەیە تا بتوانین گشت ڕەهەندەکانی باشتر ڕوون بکەینەوە.

سەرچاوەکان

1- باقی، هرمز. «گڕی به ویژگی‌های مدیریت رسانه‌ای»، فصلنامه پژوهش و سنجش، شماره 23 و 24، 1379.

2- روشندل اربگانی، طاهر. «مفهوم شناسی مدیریت رسانه» ، فصلنامه رادیو وتلویزیون، شماره 3، 1385.

3- روشندل اربگانی، طاهر. «تحلیلی بر نظام‌های مدیریت رسانه»، فصلنامه رادیو وتلویزیون، شماره 4،1386.

4- فرهنگی، علی اکبر، روشندل اربگانی، طاهر. نگرشی بر بنیان‌های نظری مدیریت سازمان‌های رسانه‌ای، فصلنامه دانش مدیریت، شماره 66، 1383.

5- سید محسنی، شهاب. ارتباطات رسانه‌ای در روابط عمومی، انتشارات پارس سینا،1381.

6. Einwiller, S. "Adaptation of the Management Definition", Management – Gesammelte Beitraege, 1984.

7. Daft , R. L. Organization Theory and Design, West Publishing Company, 2005.

8. Pringle, M. F & Star , J. Electronic Media Management, Elsevier Publications, 2006.

9. Schmid, F Media Management, Working Paper Report, MCM Institute, University of St. Gallen, Switzerland, 2001.

10. Scott, R. Organizations Rational, Natural and Open Systems, third edition, Prentice – Hall, 1992.

هەولێر بۆ کتێب

دراما زنجیرەییەکان و بینەرانی ڕەگەزی مێ

نووسینی: د. نەزاکەت حسێن
دکتۆرا لە ڕێکلام - بەریتانیا

لە ئینگلیزیەوە: شاسوار کەمال مەحمود
ماستەر لە زمانی ئینگلیزی - هەولێر

لەبەرئەوەی ئەم لێکۆڵینەوەیە، گرنگی خستۆتە سەر زنجیرە دراماکان، بۆیە ئەم بەشەی لێکۆڵینەوەکە باسێکی گشتی دەربارەی زنجیرە دراما پێشکەش دەکات بەوەی زنجیرە دراما چی یە؟ هەروەها باسێکی گشتی ئەو زاراوانە دەکات کە لەگەڵ ئەم بەرهەمە بەکاردێن، لەگەڵ ڕوونکردنەوەی ئەوەی چۆن ئەم بەرهەمە وەک ژانرێکی ئەلەفزیۆنی گەشەی کردوە. لە لایەکی ترەوە ئەم بەشە باس لە پەیوەندی نێوان دراما ئەلەفزیۆنەکان و بینەرانی ڕەگەزی مێ و لێکچوونی بەکاربەران لەگەڵ کارەکتەرەکان و ڕۆڵی زنجیرە دراماکان لە گواستنەوەی کلتوردا دەکات.

mbc

زاراوەی زنجیرە دراما و گەشەکردنی

بۆچی ئەم بەرهەمە ئەلەفزیۆنیە کە سەرچاوەکەی دەگەڕێنەوە بۆ دراما رادیۆییە ئەمریکیەکانی (سالانی سیەکانی سەدەی رابردوو)، بژاردەیەکی سەرنجڕاکێش و گونجاوە بۆ سەیرکردن لەلایەن خەڵکانی خانە خوێوە؟ هەروەها بۆچی زنجیرە دراماکان زۆر باون؟ ئەم بەشە هەوڵ دەدات پێناسە جیاوازەکانی ئەم بەرهەمە بخاتە ڕوو بەشێوەیەکی ئێرونەسەل لەگەڵ چۆنیەتی گەشەکردنی هۆکارەکانی بەربڵاوبوونی.

بەرهەمی زنجیرە دراما (SOAP OPERA) لەسالانی سیەکانی سەدەی رابردووەدا لە ئەمریکا سەری هەڵدا. بە ئینگلیزی پێی دەوترێت SOAP OPERA (لەبەرئەوەی کۆمپانیاکانی دروستکردنی سابون= SOAP) سپۆنسەری ئەو بەرنامانەیان دەکرد. لەم بارەیەوە (CANTOR, PINGREE) دەڵێن:

« هەر لەسەرەتای سالانی سیەکانەوە، ئەوکاتەی زنجیرە دراماکان پێشکەش کران بۆ یەکەم جار، لە ڕێگای ئۆڕی رادیۆی نیشتمانیەوە، بەردەوام بوون لە گەشەکردن و راکێشانی بینەراندا، ئەنانەت لەماوەی جەنگی جیهانی دووەمدا و پاش سەرهەڵدانی ئەلەفزیۆنیش (P.11, 1938).

دراما زنجیرەییەکان، ئافرەتانیان کردبووە ئامانج، بە ئایینی ژنانی ماڵەوە، بۆ ئەوەی بتوانن خۆشی وەربگرن لەوکاتەی پیاوەکانیان لە دەرەوەن بەڵام بەبێ ئەوەی ئەم خۆشی وەرگرتنە ببێتە هۆی پچڕانی کاری ئاسایی ڕۆژانەیان.

وشەی (OPERA)ش لەو ڕاستیەوە هاتووە کە هاوشێوەی زنجیرەکان چیرۆکێک دەگێڕێنەوە. ئەوەی ئەم زنجیرانە دەکاتە شتێکی دانسقە ئەوەیە کە دەتوانن بەردەوام بن بۆ هەمیشە. بۆ نموونە زنجیرەی (GUDING LIGHT) بۆ ماوەی زیاتر لە 50 ساڵ لە ڕێگای رادیۆ و ئەلەفزیۆنەوە لە پەخشکردن بەردەوام بوو (GERAGHTY, 1991: ALLEN, 1985). زۆربەی ئەوانەی سەیری ئەلەفزیۆنە حکومیەکان دەکەن دەزانن زنجیرە دراماکان چین، بەڵام کاتێک داوایان لێ دەکەین پێناسەیەکی ئاشکرامان بۆ بکەن، ناتوانن ئەو کارە بکەن. گفتوگۆ دەربارەی ئەم بەرهەمە بەشێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ ڕووەدات لە نێوان گروپە جیاوازەکانی خاوەن بەرژەوەندی ئایینەت لەوانە بەرهەم هێنەران، پەخشکەران، ڕێکلام کەران، سەبرکەران، ڕەخنەگران، هەروەها کەسانی ئەکادیمیش.

زنجیرە دراماکان دوو جۆر گێڕانەوە لە خۆ دەگرن: یەکەمیان « زنجیرەی کراوە» کە نایدا خاڵی کۆتایی نێدا نیە، هەروەها « زنجیرەی داخراو» کە نایدا هەر چەندە پرۆسەکە درێژ بێت خاڵی کۆتایی هەیە (ALLEN-1985). بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەو دراماینە: زنجیرەیین و پێکهاتەکەیان دووبارەبوونەوەیە و گێڕانەوەکەشیان بەردەوامە. هەر ڕووداوێک بەشێوەیەکی زۆر یاخود کەم لە کۆمەڵێک ڕووداوی پێکەوە گرێدراو پێک دێت (1988 HIRSCHMAN-). لەگەڵ ئەمانەشدا سروشتی ناکۆتایی ئەم بەرهەمە، ئایینەتمەندی ناوازە دەبەخشێنە ئەم بەرهەمەو لەبەرهەمە ئەلەفزیۆنەکانی دیکەی جیاواز دەکاتەوە.

زاراوەی (SOAP OPERA)، بە ئایینەتی لەو شوێنانە بەکارهاتووە کە ئەو زنجیرە دراماییانە پەخش دەکران و بوو بوونە هۆی دروستکردنی گفتوگۆ و دیبەیت. بۆ نمونە ئەم زاراوەیە لە بەریتانیا زۆر بەربڵاوبوو دوای دروست بوونی گفتوگۆ لەسەر (CORONATION STREET) ئەم زاراوەیە بە شێوەیەکی زۆر لەلایەن (TERRY 1981-) بەکارهێنرا کاتێک زنجیرەی (CORONATION STREET) چێژێکی زۆری بەخشیە ئافرەتانی بینەر. لە ساڵانی نەوەنەکاندا ئەم زاراوەیە بە بەربڵاوی لەلایەن ڕۆژنامە و بەرهەمە ئەلەفزیۆنەکانی بەریتانیاوە بەکاردەهات لەگەڵ ئەوەشدا کارە فێمینستەکانی (ANG, MODLESKI) و ئەوانی دیکە بە شێوەیەکی ئەکادیمی دیبەتیان لەبارەوە دەکرد (GERAGHTY, 2005, P.6).

هەروەک (GERAGHTY-2005 ,) ئاماژەی بۆ دەکات، ئەم زاراوەیە بوو بە شتێکی هاوبەش لە ساڵانی نەوەنەکان لە بەریتانیا.ئەو زنجیرەیە دراماییانە هەر لە ڕۆژی سەرهەڵدانیانەوە بوونە شێوازێکی باوی بەرنامە ئەلەفزیۆنەکان، بەڵام

زنجیرە دراماکان دوو جۆر گێڕانەوە لە خۆ دەگرن: یەکەمیان « زنجیرەی کراوە» کە تیایدا خاڵی کۆتایی تێدا نیە، هەروەها « زنجیرەی داخراو» کە تیایدا هەر چەندە پرۆسەکە درێژ بێت خاڵی کۆتایی هەیە بە شێوەیەکی بنەڕەتی ئەو دراماییانە: زنجیرەیین و پێکهاتەکەیان دووبارەبوونەوەیە

بوونە بەرهەمێکی پلە یەک لە بەریتانیا دوای ئـــەوەی (CORONATION STREET) لەسەر شاشە پەخش کرا. ئەم گەشەکردنە ئەو راستیە نیشان دەدات کە ئەم بەرهەمە ئاراستەی بینەرانی دیکەش دەکرێت جگە لە ئافرەتان، کە لە سەرەتادا رووداوەکان بۆ ژنان بوون، کاتێک کۆمپانیاکانی سابوون سپۆنسەری ئەو بەرهەمانەیان دەکرد و ئامانجیان ئوێژی ژنان بوو.

(TERRY LOVELL 1981–) باس لـەو خۆشیە دەکـات کە ئوێژی ژنان بەدەستیان هێنا لە رێگای کارەکتەرە ژنەکانی ناو زنجیرەی (CORONATION STREET). لەو زنجیرەیەدا کارەکتەرە ژنەکان ئەوەندە بەهێزبوون ئوانایان هەبوو کاریگەری بخەنە سـەر ژنانی بینەر.

شێوەی ئەو زنجیرانە بیرۆکەی وای دروسـت کـردبـوو کە ژیـان بـەردەوام دەبێت لە دنیایەکی خەیاڵیدا، ئەنانەت ئـەگـەر بـیـنـەران نـەئـوانـن سـەیـری سەرجەم ئەڵقەکان بکەن.لەم بارەیەوە (HABSON) دەڵـێـت: «SOAP OPERA– بریتیە لە درامای ئەلەفزیۆنی یاخود رادیۆیی بە شێوەیەکی زنجیرەیی. بە گشتی هەفتەی 3جار پەخش دەکرێت بۆ ماوەی 52 هەفتە لە ساڵێکدا. کرۆکی زنجیرەکە لە کۆمەڵێک کارەکتەر و شوێن پێک دێـت و ئـەو قەناعەتە دروسـت دەکات کە ژیان لە دنیایەکی خەیاڵیدا بەردەوام دەبێت ئەنانەت ئەگەر بینەران هەمووی سەیر نەکەن. گێڕانەوەکان بە شێوەیەکی ئاسۆیی گەشە دەکـەن لە رێگای کۆمەڵێک هەڵبەز و دابەزی سـۆزداری و جوڵەییەوە. بریتیە لە شێوەیەکی بەردەوام لە دەرکەوتنەوەی رووداوی سەرەکی لە پێکهاتەی زاڵی گێڕانەوەکەدا. (P. 35 , 2003).

ئـەم بـەردەوامـیـە بـۆ ئـەوە بوو کە جیاوازی دروسـت بکات لە نێوان کەسایەتیەکانی شانۆ و سینەما لەگەڵ کارەکتەرەکانی زنجیرە دراماکـانـدا، هەروەها بۆ ئـەوەی جیاوازی هەبێت لەگەڵ ئەو زنجیرە ئەلەفزیۆنانەی کە ئەلەفزیۆنەکان پەخشیان دەکرد. هەروەک (GERAGHTY) ئاماژەی پێ دەکات زنجیرە دراماکان بوونە چەقی گفتوگۆکان لەبەرئەوەی نموونەیەکی دیاربوون لە جیاوازی بەرهەمی ئەلەفزیۆنی لەگەڵ بەرهەمە گێڕانەوە زاڵەکانی دیکەی میدیادا.

کـەمـی رووداو = ACTION، یەکێکی دیکەیە لە تایبەتمەندیەکانی زنجیرە دراماکان کە جیای دەکاتەوە لـە زنجیرەکانی دیـکـە. هـەریـەک لە (CANTOR, PINGREE) ئاماژە بەوە دەکەن کەمی رووداو یەکێکە لە تایبەتمەندیەکانی زنجیرە دراماکان و ئەوەی رووەدات لە رێگای گفتوگۆوە ئاماژەی پێ دەکرێت نەوەک لە رێگای رووداوەوە (P. 24 , 1983) دایەلۆگی نێوان بەنامەکەو بینەران، هەروەها ناسـراوی وێنە بینراوەکان کاریگەری دەخاتە سەر بینەران و وایان لێ دەکات هەستـ بە ناسراوی و پەیوەندی بکەن لەگەڵ کارەکتەرەکاندا. ئەمەش وا دەکات بینەران گرنگی بدەن بە رووداوەکـان و لە گۆشە نیگای کارەکتەرەکانەوە ئەفسیری رووداوەکـان بکەن بەتایبەتی ئـەو رووداوانـــەی هاوشێوەن لەگەڵ خۆیاندا یاخود لەگەڵ کەسانی دیکەدا.

(BUCKINGHAM 1987–) ئاماژەی بەو راستیە داوە کاتێک باس لە زنجیرە درامـای بەریتانی (EASTENDERS) دەکـات و پێی وایـە بینەران حوکمی ئەخلاقی و ئایدۆلۆژی دەدەن لە رێگای ئەو درامایەوە. هەروەها ئاماژە بەوە دەکـات بینەران دەئـوانـن ئەلەفزیۆن وەک ئامرازێک بەکاربهێنن بۆ دەربڕینی گۆشەنیگای ئایدۆلۆژی خۆیان هەروەها بۆ گەیاندنی دەنگیان سەبارەت بەویست و پێداویستیەکانیان.

کارەکتەری زنجیرە دراماکان لەوانەیە هاوشێوەی ئەندامانی کۆمەڵێک یاخود خێزانێک بن، هەروەها ئەو چیرۆکانە لـەوانـەیـە ئەعبیربێت لەکەسایەتی کەسانی گرووپێکی بچوک لە بینەران کە دیبەتی لەبارەوە دەکەن. زنجیرەکان وا دەکـەن دەرئەنجامەکان گرینگترین لە رووداوەکـان، لەبەرئەوەی زۆر ئاڵۆزی لە خۆیان دەگرن و دوورەکەونەوە لە کۆتایی هێنان.

(BERNARD) ئاماژە بەوە دەکات

بەو شێوەیەی زنجیرە دراماکان وێنە دەگیرین یارمەتیدەرن بۆ ئەوەی کارێک لەگەڵ بینەراندا بکەن بە شێوەیەکی راستەوخۆ. هەر ئەمەشە وادەکات بینەران لەگەڵ هەڵچوون و داکشانەکانی پەیوەندیەکان و رووداوە سۆزداریەکاندا ئێکەڵ بن. هەروەها (CANTOR, PINGREE) پێیان وایە زنجیرە ئەلەفزیۆنەکان پشت دەبەستن بە دایەلۆگ و هونەری وێنەگرتن بەشێوەیەک هەندێک کەسی ناوی دەبەن بە «رادیۆ لەگەڵ وێنەکاندا».

نابێت (مسلسل) لەگەڵ زنجیرە دراماکان وەک یەک ئەماشا بکەین. لە زنجیرەکاندا کارەکتەری سەرەکی و شێوەی سەرەکی وەک خۆی دەمێنێتەوە، بەڵام هەر ئەڵقەیەک (چیرۆکی سەرەکی) خۆی هەیە. بەڵام لە (مسلسل) دا یەک چیرۆک بوونی هەیەو ئەڵقە بەئەڵقە یەکتری ئەواو دەکەن.

سروشتی ناکۆنایی، هەستی نادیاری داهاتوو، کلیلی سەرەکین لە ئامادەکردنی پەیوەندی جیاواز بۆ بینەران، بە ئاشکرایش هیچ کۆنایی هاتنێکی ئایدۆلۆژی بۆ دەقەکان بوونی نابێت (GERAGHTY, 1981, P.12). ئەمە مانای ئەوەیە هەر چەندە زنجیرەکە درێژبێت، ئەوەندە زەحمەت دەبێت پێشبینی کۆنایی بکرێت، هەروەها لەبەرئەوەی وا ئامادە ناکرێن کە بەرەو کۆنایی بڕۆن، بینەران دەتوانن هەر کاتێک بیانەوێت پەیوەندی بە زنجیرە دراماکانەوە بکەن. لەم بارەیەوە (FLITTERMAN) دەڵێت (زنجیرە دراماکان، لەبەرئەوەی کۆنایان دیار نییە، خاوەنی ئامانجی فرەیی و کرانەوەن (P.217 , 1992).

ئەم بەرهەمە هەرچەندە لە سەرەتادا بۆ ئامانجی خۆشی بەخشین دانرا و پشتیوانی بازرگانی هەبوو،بەڵام بووە بەرهەمێکی بەربڵاو لە رۆژە سەرەتاییەکانی سەرهەڵدانی ئەلەفزیۆنی بازرگانییدا. هەروەک (CANTOR, PINGREE) باسی دەکەن « ئەم بەرهەمە بۆ ژنانی ناو ماڵ داهێنرا، بەڵام وەک ناوەندێک مایەوە بۆ ڕێکلام کردن و ئۆرەکانی بازرگانی هەوڵیاندا لە ڕێگایەوە بگەنە ئوێژەرێکی ئایبەت» (P. 11 , 1983). بەڵام زنجیرە دراماکانی ئێستا زۆر کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی ئابووری دەوروژێنن.

سەرهەڵدانی زنجیرە دراماکان لە میدیایی پەخشی جیهانی سێیەمدا دەگەڕێنەوە بۆ کاریگەری دراماى رادیۆکانی ئەمریکا لەسەر کوبا و ئەمریکای باشوور لە ساڵانی سیەکاندا. ئەو کورتە چیرۆکە دراماییانە ناونرابوون (رۆمانی رادیۆیی) و بوونە بەشێکی گرنگ لە پەخشینی هەوایی ئەمریکای لاتین لە ساڵانی چلەکانی سەدەی رابردوودا.

پەیوەندی نێوان ڕێکلام و ئامانجی بازرگانی لەگەڵ زنجیرە دراماکان مێژوویەکی درێژی هەیە. (1991-STERN) پێی وایە بازرگانی زۆربەی واتای خۆی لەم بەرهەمەوە وەرگرتووە. چونکە پەیوەندی مێژووی هەیە لە نێوان پیشەسازی پاککەرەوە و زنجیرە دراماکان و ڕێکلام کرندا.

ڕێکلام و زنجیرە دراماکان بۆ ماوەی زیاتر لە نیوسەدە پەیوەندیەکیان بەردەوام بوو، سەرەڕای ڕەخنە جۆربەجۆرەکان کەلەم بوار و پەیوەندیە دەگیران. زیاتر لەوەش (1991-STERN) باس لەوە دەکات مەیلی بەشداریکردنی بینەرانی شانۆ لە ژیانی کارەکتەرانی سەرشانۆ ئاماژەیە بەوەی هاوشێوەکردنێکی داهێنەرانە وەک وڵامێکە بۆ ڕێکلامی کاریگەر و باشەکان.

زنجیرە دراماکان وەک بەرهەمێکی تەلەفزیۆنی

ئەلەفزیۆن ناوەندێکی گرنگە کە لە ڕێگەیەوە کلتور ئاراستەی زۆر خەڵک دەکرێت، بە ئایبەتی ئەو خەڵکانەی ئوانای کەم یاخود هیچ ئوانایەکیان نیە هونەرەکانی دەرەوە ببینن بەهۆی نەبوونی ئاسانکاری، نزمی داهات، یاخود بەهۆی پەراوێزی کلتوری و کۆمەڵایەتیەوە. زنجیرە دراماکان گواستراوە بۆ سەر شاشەی بچوک لە ساڵانی پەنجاکاندا. گواستنەوەی ئەو زنجیرانە لە رادیۆوە بۆ ئەلەفزیۆن هانی خەڵکیدا بۆ کڕینی ئەلەفزیۆن لەماوەی

هەولێر کتێب

دوای جەنگی جیهانی دووەمدا. لەگەڵ ئەمانەشدا هەندێک لەو دراماییانە کە بۆ رادیۆ ئامادەکرابوون دووبارە سازکرانەوە بۆ بەکارهێنان لەسەر شاشەی ئەلەفزیۆن. (CANTOR, PINGREE- 1983)

باس لەوە دەکەن، ئەو کاتەی دواین زنجیرە لە ڕێگای رادیۆوە پەخش دەکرا لە ساڵی 1960 دا، ئەو کاتە سەرەتای دروستبوونی پرۆگرامی ئەلەفزیۆنی بوو و زۆر کەس پێیان وابوو ئەو زنجیرە دراماییانە کە لە رۆژدا پەخش دەکرێن لە ڕێگای رادیۆوە لەوانەیە لەسەر ئەلەفزیۆن سەرکەوتن بەدەست نەهێنێت.

هەروەها (ROGERS, ANTOLA) باس لەوە دەکەن بڵاوبوونەوەی ئەلەفزیۆن لە ئەمریکای لاتینی لەماوەی 1950- 1980 ڕێگای خۆش کرد بۆ سەرهەڵدانی رۆمانی ئەلەفزیۆنی لە شوێنی رۆمانی رادیۆیی. رۆمانی ئەلەفزیۆنی بەرهەمێکی بەربڵاوی ئەلەفزیۆنیە لە ئەمریکای لاتین و هاوشێوەی (زنجیرە دراماکانی ئەمریکایی) ن و بینەرێکی زۆری لە خۆی کۆکردۆتەوە و زۆر قازانجیشی بەدەست هێناوە لە سپۆنسەرەکانیدا. لە ئێستادا، بەرهەمە ئەلەفزیۆنەکان بوونەتە چەقێک بۆ دیبەتە بەربڵاوەکان دەربارەی ئەلەفزیۆن بۆ لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی هەر لەبەر ئەوەیە کە ئایبەتمەندیەکانی زنجیرە دراماکان بە فراوانی ئامادەن لەو دیبەتیانەدا.

لێکۆڵینەوەکان دەربارەی زنجیرە دراماکان جێگای بایەخن لە گفتوگۆکردنی بەرهەمەکان و گفتوگۆکرد دەربارەی ئەلەفزیۆن. هەروەها ئەو زنجیرانە بوونە هۆی ئەوەی ئەندامانی خێزان و هاوڕێیان لەدەوری یەکنری کۆببنەوە و سەیری پرۆگرامەکان بکەن، ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانی گفتوگۆکردن لەسەر بابەتی ئەڵقەکە لە کاتی پەخشکردن یاخود دوای پەخشکردن. بۆیە جێگای سەرسوڕمان نیە کە زنجیرە دراماکان ببنە جێگای بایەخی گفتوگۆی گشتی و لێکۆڵینەوەی ئەکادیمی، هەروەها جێگای سەرسوڕمان نیە کە باسی ئەو دراماییانە لەو دیبەیتانە بوونیان هەبێت.

لەسەرەتای پەیدابوونیدا، زنجیرە درامای ئەلەفزیۆنی سوودی لە کۆمەڵێک سەرچاوە وەرگرت لەوانە: رۆمانەکانی سەدەی هەژدە، بابەتە پێکەنیناویەکانی رۆژنامەکان، شانۆی میلۆدرامی ئەقلیدی هەروەها زنجیرە دراماکانی رادیۆیی. بۆیە زۆر بە دڵنیاییەوە دەتوانین بڵێین ئەو زنجیرە دراماییانەی سەرچاوەکانیان گرێ درابوون بەو رۆمانانەوە بە ئایبەتی رۆمانەکانی بوارەکانی چاکسازی کۆمەڵایەتی و گرفتەکانی ژنان و ریزبەندیکردنی ئەڵقەکان، بۆ نمونە رۆمانەکانی چارلس دیکنز کە ئەڵقەکانی وەک ئەوە وایە ریزبەندکرابن، ئەم شێوازەش رینمێکی ئایبەتی دەبەخشیە چیرۆکەکان و بەشێوەیەک ڕێک دەخران بۆ پاراستنی شێوەی گشتی چیرۆکەکان و بەرەوپێشەوە بۆ بەشەکانی دیکە.

بەردەوامی بەربڵاوی رۆمان و چیرۆکە کورتەکانی چارلس دیکنز بە شێوەیەک بوو کە هەرگیز کۆن نەدەبوون و هەروەها ئەحەدای بۆچوونی باوبوون بەرامبەر ئافرەتان لەو کاتەدا. هەندێک لە لێکۆڵەرەوان زاراوەی (رۆمانی ئەلەفزیۆنی) یان (رۆمانی نۆڤێلاکان)یان بەکاردەهێنا لە جیاتی زنجیرە دراما. بۆ نمونە (FERSARA–2008) باس لەوە دەکات کە مەحسوبیەتی سیاسی و پنەوی سترائیژی بازارکردن دەبوو ئەواوکاری هەبێت لەگەڵ بەرهەمی چۆنایەتی بەردەست. ئەو بەرهەمەش بریتی بوو لە نۆڤێلاکان. (FESRARA) زیاتر لەسەری دەڕوا و پێی وایە نۆڤێلایەکی باش لەلایەن 60- 80 ملیۆن بینەرەوە سەیری دەکرێت. هۆکاری سەرکەوتنی بێ سنوری ئەو نۆڤێلایانە لە بەرازیل لەماوەی سێ ساڵی رابردوودا دەگەڕێنەوە بۆ ئەوەی کە ئەو بەرنامانە لە شوێنی ناسراودا ئامادە دەکران بۆ ئەوەی بینەران بە ئاسانی پەیوەندی لەگەڵ چیرۆکەکان ببەستن.

ناوەڕۆک و گرفتەکانی ئەو نۆڤێلایانە بە گشتی بریتی بوون لە باسکردن لە ژیانی رۆژانەی هاوڵاتیانی بەرازیلی، هەروەها نۆڕەکانی پەخش دەیانویست بگەنە زۆربەی بینەران ئەویش لە ڕێگای بەکارهێنانی زمانی باوی گشتی و دووركەوتنەوە لە زمانی نمونەیی

چینی ناوەڕاست. (P.7 , 2008) خەڵکی سەیری ئەو زنجیرە دراماییانەیان دەکرد بۆ چێژ وەرگرتن و خۆشی وەرگرتن، هەروەها کارلێکیان لەگەڵ کەسایەتیەکان دەکرد و لە ئەنجامیشدا ئەمە کاریگەری هەبوو لەسەر ئێرەوانینیان بۆ ژیان و دروستکردنی هەڵسوکەوتیان. بۆ نمونە دەرکەوتنی زۆربەی ئەو بینەرانەی سەیری دراماى هیندی (HUM LOG) کردووە، پشتیان بە ئەلەفزیۆنی هیندی بەستووە بۆ پەروەردەکردن و خۆشی وەرگرتن (BROWN, CODY- 1991).

ئەلەفزیۆن کلتوری جیاواز و شێوازی ژیانی جیاواز دەگوزێنەوە بۆ ناوماڵەکانمان. وێنای بەهاو ئیدیای ترمان بۆ دەکات کە جیاوازە لەوانەی خۆمان. هەست و ئەزموونی جیاوازمان پێشکەش دەکات کە سەرلەنوێ رۆتین و کلتورمان دادەڕێژێتەوە. زنجیرە دراماکان وەک بەرهەمی زنجیرەی ئەلەفزیۆنی رۆڵێکی گەورە دەبینن لە گواستنەوەی کلتوردا. هەروەک (GILLESPIE) ئاماژەی پێ دەدات « زنجیرە دراما ئەلەفزیۆنەکان و بینەرانمان بەراوردکاری سەرنجراکێشی نێوان کلتورەکانمان نیشان دەدەن کە دەتوانین شیکاری پرسیارەکان بکەین دەربارەی هێزی میدیا و ئوناداركردنی بینەران» (2005 , P.151) بە لەبەرچاوگرتنی کاریگەری گەورەی زنجیرە دراماکان لەسەر ئاکەکان و کۆمەڵگا، شێوەکی ئاساییە باس لەوە بکرێت کە ئەلەفزیۆن وەک کاریگەرترین ئامرازی ماس میدیا لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە کلتوری ناوخۆدا.

(WILKINSON) و ئەوانی دی) پێیان وایە زنجیرە دراماکان بەناو کلتور و سنورە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکاندا ئێ دەپەڕن و نوێنەرایەتی شێوەیەکی نوێ لە میدیای گلۆباڵ دەکەن. ئایا ئەمە «باشە» یان «خراپ» ئەوە مەسەلەیەکە پەیوەندی بە گۆشەنیگای تایبەتەوە هەیە. لە گۆشەنیگای تەرێنی یەوە دەتوانین بڵێین ئەلەفزیۆن ئامرازێکە کە لە ڕێگاوە کۆمەڵگا گەشە دەکات بەرەو شارستانی بوون و زیاتر مرۆڤانە بوون. هەروەها لە گۆشە نیگای نەرێنی یەوە لەوانەیە ئەلەفزیۆن ببێتە هۆکار یان هاوبەش لە ململانێی هەستیاری کلتوریدا.

هەرچەندە زنجیرە دراماکان لەسەرەتادا بۆ ژنانی ماڵ و ژنانی چینی کارکەر بەرهەم هاتن و تێستاش لەناو سەرجەم چینە تابوری و تاستەکاندا و هەردوو ڕەگەز حەز بەو گێڕانەوانە دەکەن کە کۆتاییان نییە. بەڵام لە ڕاستیدا زنجیرە دراماکان بە شێوەیەکی زۆرتر لەلایەن ڕەگەزی (مێ)وە سەیر دەکرێن.

زنجیرە دراماکان و بینەرانی مێ

زۆژانە ملیۆنان کەس لەسەرتاسەری دنیادا سەیری ئەو زنجیرانە دەکەن کە حەزی پێ دەکەن بۆ ئەوەی هەموو شێنک دەربارەی کارەکتەرە پەسندەکراوەکانیان بزانن. لەو زنجیرانەدا ژیان وێناکراوە بەخۆشی. خۆشەویستی و تازایەتی. چیرۆکەکان ڕێز نیشان دەدەن بۆ کارە شایستەکان و هەروەها باس لە ڕووداوی ترسناک و نەمرێنی دەکەن. لەبەرئەوەی لەسەرەتادا ئەو دراماییانە بۆ ئوێژی ژنان بەرهەم هاتوون، زۆر لێکۆڵینەوە بوونیان هەیە باس لەوە دەکەن کە دراماکان مەبەستی سەرەکیان ئیشک خستنە سەر بابەتی ڕەگەزییە بۆ نموونە ڕێگاکانی نیشاندانی پیاوان لە کۆمەڵگادا، هەروەها بیرۆکەی نێربوون یاخود مێ بوون... هتد.

زۆربەی لێکۆڵەرەوان باس لەوە دەکەن کە بڵاوبوونەوە و ناوبانگ دەرکردنی زنجیرە دراماکان بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ئەو دراماییانە بەرهەمی (مێ) یانەن، بە بەڵگەی ئەوەی بەردەوام لەناو ژنان بەربڵاوبوون. (BUCKMAN 1989 -) باس لەوە دەکات زۆربەی ئوێژی بینەرانی زنجیرە دراماکان ژنانی گەنج بوون. هەروەها (BROWN-

> تەلەفزیۆن کلتوری جیاواز و شێوازی ژیانی جیاواز دەگوزێتەوە بۆ ناوماڵەکانمان. وێنای بەهاو ئیدیای ترمان بۆ دەکات کە جیاوازە لەوانەی خۆمان. هەست و ئەزموونی جیاوازمان پێشکەش دەکات کە سەرلەنوێ رۆتین و کلتورمان دادەڕێژێتەوە

1984) باس لەوە دەکات زنجیرە دراماکان زۆربەیان لەناوماڵ ڕووەدەن ئەو شوێنەی هێمایە بۆ ئاسودەیی و سەلامەتی ئافرەتان.

سەرەڕای ئەو بەڵگانەی باس لە فراوان بوونی بینەری زنجیرەدراماکان دەکەن بەوەی هەردوو ڕەگەز سەیری ئەم دراماییانەیان کردووە، بەڵام بەگشتی ئەو بەرهەمە وەک بەرهەمێکی ژنانە سەیردەکرێت. بەمەش هاوکارێکی باش بووە بۆ گەشەسەندنی لێکۆڵینەوەی ئەلەفزیۆنی فێمینیستانە و فراوان بوونی شرۆڤەکردنی ئەو بابەتانەی کە لەسەرەتادا جێگای گرنگی ئەم زنجیرە دراماییانە بوون.

کاتێکیش تەلەفزیۆن دەگاتە گوندەکان، خەڵکان زۆرتر سەیری بەرنامەکان دەکەن، بۆ نمونە پێشتر بەڕێژەی 40٪ سەیریان دەکرد بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی زیاتری تەلەفزیۆنی کەیبڵ ڕێژەکە بۆ 80٪ بەرزبۆتەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا

(ماریا ماک دۆنالد) باس لەوە دەکات ڕۆمانسیەئی فێمینیستی دەربارەی زنجیرە دراماکان هاوکارە بۆ پاراستنی جیاوازی ڕەگەزی کە پەیوەندی بە ئەفسانەی (مێ بوون)ەوە هەیە، ئەگەرنا، ئەمە کارێکی زەحمەت دەبوو. لە گۆشەنیگای بازرگانی و چیرۆکی ژنانەوە، (CANTOR, PINGREE- 1983) باس لەوە دەکەن کە زنجیرەدراماکان شێوەیەکی درامایی زنجیرەین بەمەبەستی خۆشی بەخشین. ئەو بەرهەمانە نوێنەرایەئی بەرهەمێکی ئەلەفویۆنی ئایبەت دەکەن کە خاوەنی چەند ئایبەئمەندیەکن: سێ دانە لەو ئایبەئمەندیانە ئەمانەن:

یەکەم: سپۆنسەر کردن: بەشێوەیەکی گشتی پەخشکردنی ئەم دراماییانە لەلایەن ئۆپەرەکانی بازرگانی و ڕیکلامەوە کۆنترۆڵکراون.

دووەم: ئێچووی بەرهەم هێنان نزمە بە بەراورد بەزنجیرەکانی دیکەی ئەلەفزیۆن.

سێ یەم: ناوەڕۆکەکەی پێکدێت لە جۆلەی هێواش و ڕووداوەکان فرە ڕووخسارن دەربارەی چیرۆکەکانی ژیان.

زاراوەی (درامای زنجیرەیی – SOAP OPERA) ئاماژەیە بۆ پێکهوە گرێدانی ریکلام و بەرنامەکان کە یەکەم زنجیرەی رادیۆی ئامادەکرا بۆ بەئامانجکردنی ئوێژی ژنان لە ساڵانی سیەکاندا. هەروەها ئەم بەرهەمە لەلایەن کۆمپانیاکانی دروسنکردنی بابەتی پاککەرەوە گەشەی پێدرا بۆ ڕاکێشانی ئوێژی ژنان. هەربۆیە لەرووی مێژووییەوە ئەم جۆرە زنجیرانە بەرهەمێکی ژنانەن.

زیائر لەمەش (BURNSDON) باس لەوە دەکات، هاوشێوەی هەر فلمێکی دیکە (بۆ نمونە GODARD)، بینەرانی ئەم جۆرە درامایە پێویستیان بە جۆرێک لەسەرمایەی کلتوری هەیە بۆئەوەی ئوانای ئێگەیشتنیان هەبێت و بتوانن ئاشنایەتی لەگەڵ ئاخاوتنە هونەری و زمانەوانی و سینەمایی و سیاسیەکان پەیدا بکەن. هەروەها ناوبراو ئەو ئوانایانە دەکاتە سێ جۆر:

یەکەم زانیاری گشتی. دووەم زانیاری ئایبەت بەزنجیرەکان. سێ یەم زانیاری کلتوری.

بۆ نمونە لە درامای (CROSSROADS)، ئێرپوانینی فێمینستی ئێ هەڵگیشراوە، بۆیە ژنانی بینەر ئەوانەی ئوانستە ئایدۆلۆژی و چوارچێوەی ئەخلاقیەکان دەزانن، دەتوانن یاساکانی ڕۆمانسی و خێزان و هاوسەرگیری بەکاربهێنن بۆئەوەی بتوانن لە ڕووداوەکان بگەن.

(BLUMENTAHAL- 1997) باس لەوە دەکات کە سەیرکردنی ئافرەتان بۆ ئەو جۆرە درامایانە بەکات بەفیڕۆدان وەسفکراوە لەلایەن هەریەک لە فێمینستەکان و نافێمینستەکانەوە. بەڵام ئەوە بۆچوونێکی جیاوازی هەیە و پێیوایە چۆنیەتی پیشاندانی ئافرەتان لەو درامایانەدا لە ڕاستیدا ئازادکردنی ئەوانە بۆ زاڵ بوون بەسەر ڕێگریە کۆمەڵایەتیەکان لەو بەدناوییەی ئوشی دەبن لەکاتی ئێربوونە ڕەگەزیەکانیاندا. هەروەها ئەو درامایانە باس لە مێ بوونی ئەوان دەکات و شوناسی ڕەگەزیان پێدەبەخشێت کە خاوەنی ڕۆمانسیەت و پەیوەندی عەقڵانی و دەست پێشخەری و قسەکردن و هەندێک کوالێتی سۆزداری دیکەن.

(STERN- 1992) وەسفی ئەو درامایانە دەکات بەوەی بەرهەمی ژنانە و باس لە جوانی مێ بوون دەکەن، ئەوەیش لە ڕێگای پێشکەشکردنی وێنەیەکی ئیجابی دەربارەی ژنان کە خاوەنی سەربەخۆی خۆیانن نەوەک پیشاندانی ژنانی چەوساوە. ئەنانەت هەندێک لە دراماکان خزمەتی کۆمەڵایەئیش پێشکەش دەکەن و پیاوان فێردەکەن چۆن مامەڵە لەگەڵ ژنان بکەن بە شێوەیەی کە ژنان حەزدەکەن. زیائر لەمەش ئەگەر گرفتی ناو ئەو درامایانە دووربێت لە ژیانی ڕۆژانەوە، ئەوا دەتوانێت هاوکاری ئاکەکان بکات لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی گرفتەکانیان بەپێی ئوانانی خۆیان.

چێژی پەیوەست بوون، ژنانی بینەر زیائر ڕادەکێشێت بۆ پەیوەست بوون بە ژیانی کە سایەئیەکانی ناو ئەو درامایانەوە. لەم بارەیەوە (BROWN- 1994) ئەوەی دۆزیەوە کە چێژی پەیوەست بوون بەو زنجیرە درامایانەوە دەرگا والا دەکات بۆ ئافرەتان بۆ بەدەست هێنانی شۆێنی گونجاو لە ناو کلتوری زاڵدا. هەروەها باس لەوە دەکات کە بیرۆکەی زاڵی

(مێ بوون) دەکرێت قۆڵ بکرێت، ڕەت بکرێنەوە یاخود گفتوگۆی لەبارەوە بکرێت لە پرۆسەی بەکاربردندا.

لیکۆڵینەوەی (GERAGHTY- 1991)، بە یەکێک لە لێکۆڵینەوە سەرەکیەکانی ئەم بوارە دادەنرێت و لە کارێکی بەراوردکارانەدا لە نێوان زنجیرەدراماکانی بەریتانیا و ئەمریکای باکور باس لە پەیوەندی نێوان ئەو بەرهەمە ئەلەفویۆنیە و ژنانی بینەر دەکات. ئەو باس لەوە دەکات کە لە بونیاد و پێکهاتەی چیرۆکی زۆربەی ئەو زنجیرە دراماییانە بۆ نمونە (DALLAS, DYNASTY, CORONATION STREET, EASTENDERS)، کەرت بوون هەیە لەنێوان ژنانی گشتی و ناک، هاندان و سۆز، کارکردن و خۆشی. ناوبراو باس لەوە دەکات ئەو کەرت بوونانە ئاماژەن بەکەرت بوونی کۆمەڵایەتی نێوان ژنان و پیاوان، هەروەها ئەو دراماییانە باس لەو سەرچاوانەی ململانێ دەکەن وەک سەرچاوەکانی خۆشی وەرگرتن. هەروەها GERAGHTY باس لەوە دەکات کە لە بنەڕەتدا ئافرەتان ئامانجی ئەو جۆرە دراماییانە بوون و لە دەرئەنجامدا ئەو ئۆپێرە بوونەتە مەبەستی سەرەکی کۆمپانیاکانی سپۆنسەر بەخش.

(ABERCROMBIE- 1996) باس لەوە دەکات کە جیهانی ئەو زنجیرە دراماییانە جیهانی ژنانە و بیرۆکەی سەرەکی باسکردنی ناوماڵ و هەروەها باسکردنە لە سۆز و بۆچوونی ئافرەتی بە هێز کە ئێگەیشتنێکی قوڵی هەیە بۆ هەستەکانی ناوماڵ و کێشەکانی ناوماڵ. بەشێوەیەکی سروشتی پیاوان قەدەغەکراون لە سەیرکردنی ئەو جۆرە پرۆگرامانە. هاوکات (PINGREE- 1983) هەمان بۆچوونی هەیە و پێیوایە ئەو دراماییانە باس لە کلتوری ژنان دەکەن و چیرۆکەکان چیرۆکی ژنانەن.

لەهەمان چوارچێوەدا (LIVINGSTONE- 1990) باس لەو دەکات کە چیرۆکەکانی ژنان هاوکاری ئەو دراماییانە بوون کە بەشێوەی زنجیرەین و بەردەوامن و کۆتاییەکانیان دیارنیە، هەر بۆیە پیاوان حەز بەو دراماییانە ناکەن، چونکە پیاوان حەزیان بە ئوندی دراما و کۆتایی ڕووداوەکان هەیە.

(RAMPOLDI- 1994) ئاماژە بەوەکات کە ژنان ئەماشەکەری بەردەوامی ئەو جۆرە دراماییانەن. لە ناو ژنانداً 26% بەشێوەیەکی بەردەوام سەیری ئەو دراماییانە دەکەن، بەڵام 7%ی پیاوان سەیریان دەکەن. بەهەمان شێوە ئەمەن یەکێکی دیکەیە لە پاڵنەرەکان. ئەوەی زانراوە گەنجان و بەئەمەنەکان زیاتر حەز بەسەیری ئەو دراماییانە دەکەن زیاتر لە کەسانی ئەمەن مام ناوەند. لە نێوان ئەمەنە جیاوازەکاندا، ئەمەنی 18- 24 بەڕێژەی 19% بە بەردەوامی سەیری ئەو دراماییانە دەکەن، بەڵام ئەمەنەکانی 30-49 بەڕێژەی 13%. ئەگەر فاکتەرەکانی ئەمەن و ڕەگەز لێک بدەین ئەو دەگەینە ئەوەی بڵێین کە ئۆپێرای گەورە کەسەیری ئەم دراماییانە دەکەن بریتیە لە ژنانی گەنج و بە ئەمەن.

لە نێوان ژنانی ئەمەن 18-29، بەڕێژەی 31% بە بەردەوامی سەیری ئەو دراماییانە دەکەن، هەروەها ژنانی ئەمەن سەروو پەنجا ساڵا بەڕێژەی 29%. ئەم دوو گروپە پێچەوانەی ژنانی ئەمەن 30-49 ساڵین کە ئەنها بەڕێژەی 21% سەیری ئەو دراماییانە دەکەن. یەکێکی دیکە لەو فاکتەرانەی سەرنجی ئافرەتان ڕادەکێشێت بۆ ئەوەی سەیری ئەو زنجیرە دراماییانە بکەن بریتیە لە بوونی (قسەکردنی زۆر = وانەوات). ئەم جۆرە ئایبەئمەندیە وا لە ئافرەتان دەکات هەست بەوەبکەن ئەو جۆرە دراماییانە شوێنێکی بەخشیوەتە ئەوان بۆ چێژوەرگرتن لە میانەی قسەکردنی زۆرەوە.

فاکتەری (قسەکردنی زۆر) لە ناو ئەو دراماییانەدا وامان لێ دەکات بچینە ناو ئەو دایەلۆگانەی لە ژیانی ڕۆژانەماندا دەکرێت و هەروەها کاریگەری دەخاتە سەر چۆنیەتی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ یەکتردا. قسەکردنی زۆر وامان لێ دەکات هەست بکەین سەر بەکۆمەڵێکین، کە هەمان زمانی هاوبەشمان هەیە. ئەم ئایبەئمەندیە کە لە زنجیرە دراماکاندا هەیە، لە بەرهەمەکانی

هەواڵنامەی کتێب

دیکەدا بوونی نیە. هەروەها ئەم دراماینە دەبێتە هۆی دروستبوونی گفتوگۆ لە نێوان هاوڕێیان دا و بوار دەڕەخسێنێت بۆ ئافرەتان تا باس لە چیرۆکەکانی خۆیان بکەن. خەڵکان ئەم دراماینە بەکاردەهێنن بۆ راگوێرینەوە و هەڵسەنگاندنی ژیانی خۆیان. هەروەها ئەو جۆرە گفتوگۆیانە لە نێوان هاوڕێیان، خێزانەکان، دراوسێکان دەبێتە هۆی بەرزبوونەوەی ئاستی هۆشیاری دەربارەی کێشە کۆمەڵایەتیەکان. چیرۆکی ئەو دراماینەی ئەنها لەلایەن بینەرانەوە گفتوگۆی لەسەر ناکرێت بەڵکو لەلایەن رۆژنامەکانیشەوە. شایەنی باسە خودی (قسەکردنی ژنان) لە ناو ئەو دراماینەدا فاکتەرێکی گرنگە. (BROWN –1994) باس لەو دەکات کە قسەکردنەکان زۆر خزمەتی جیاوازیان پێشکەش کردووە. لە ڕێگای ئەو قسەکردنانەوە، ئافرەتان ئوانیان کەسایەتی خۆیان بسەلمێنن و بگەڕێنەوە بۆ پێکهاتەی پێش بوونی چەوساندنەوە.

لە هەندێک کۆمەڵگادا، زنجیرە دراماکان بەشێکن لە ژیانی ژنان چونکە باس لە هەندێک دیاردە و چەمک دەکەن کە پەیوەندی بە ژیانی ئەو کۆمەڵگایانەوە هەیە. (BLUMENTAHAL) باس لەوە دەکات ئێمە دەچینە ناو چیرۆکەکان و کاریگەر دەبین بە هەستە بەهێزەکان. هەر بۆیە باسی ئەوانە دەکەین لەگەڵ کەسانی نزیک یاخود دوور لە ڕێگای قسەکردن لەسەر ژیانی کەسایەتیەکانی دراماکان. زیاتر لە مانەش زنجیرە دراماکان کۆمەڵێک بەهای ئایبەت پێشکەش دەکەن کە ئایبەتن بە پەیوەندیە کەسیەکان و بەرپرسیارێتی ژنان بۆ بەردەوام بوونی ئەو جۆرە پەیوەندیانە.

(BROWN– 1994) باس لەوە دەکات کە ئەو جۆرە دراماینە زۆر خۆشی و چێژ بە ژنان دەبەخشن، بۆیە سەیریان دەکەن. ئەو خۆشیانەش بریتین لە خۆشی هاوڕێیەتی، خۆشی دایکایەتی، چێژی کۆمەڵگا، چێژی کارکردن، هەروەها حەزو چێژی سێکس لە هەمان کاتدا.

ئەو جۆرە خۆشیانە لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بوونی هەیە. (BRUNSDON – 2000)، گەیشتۆتە هەمان دەرئەنجام لە ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە لە زنجیرە دراماى (CROSS ROADS) سەبارەت بە بەخشینی چێژ بە بینەرانی مێ و پیشاندانی زۆر رۆڵی جیاوازی ژنان لە کۆمەڵگادا وەک: هاوسەر، دایک، ژنی ماڵەوە،... زیاتر لەمانەش بڵاوکردنەوەی یەکسانی ڕەگەزی و ئوانداری ئافرەتان بەشێکی گرنگن لە ناوەڕۆکی بەرهەم هێنانی ئەو جۆرە دراماینە، بەئایبەتی لایەنگرانی دراماى گەشەکردووەکان. هەندێک لە شارەزایان پێیان وایە ئاستی یەکسانی ڕەگەزی نیشاندەرێکی بەهێز بۆ سەرکەوتویی و بەهێزی هەر کۆمەڵگایەک یەکسانی بەمانای: دەستەبەرکردنی هەل بۆ ئافرەتان بۆ بوونی ئابووری سەربەخۆ، ڕێگادان بە ئافرەتان بۆ هەبوونی دەنگ لە بڕیاردانا، هەروەها ئوانادارکردنی ئافرەتان لەرووی سیاسیەوە مەرجی پێشوەخت بۆ گواستنەوەی وڵات لە وڵاتێکی دواکەوتووەوە بۆ وڵاتێکی پێشکەوتوو. «هەربۆیە ئوانادارکردنی ژنان کاریگەری ئەرێنی دەکاتە سەر ئەواوی کۆمەڵگا» (BLUMENTHAL– 1997).

دابینکردنی خوێندن و بەشداری ئابووری ژنان بناغەن بۆ ئوانادارکردنی ژنان. بۆ نمونە نەبوونی هەلی ئابووری بۆ ژنان دەبێتە هۆی ئەوەی ژنان پشت بە مێردەکانیان ببەستن، ئەمەش ئافرەت لاوازدەکات ئەگەر شتێک بەسەر مێردەکەی یاخود هاوسەرەکەی هات. ئوانادارکردنی ژنان زۆر ڕووی هەیە لەوانە: ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسی. یەکێک لەو دراماینەی باس لە گونجانی خێزانی و یەکسانی مێ دەکات بریتیە لە دراماى (HUM LONG)ی هندی.

ئەلەفزیۆن و زنجیرە دراماکان کاریگەری گەورەیان هەبووە لە گۆڕینی هەڵوێستەکان بەرامبەر ژنان و هەروەها ڕۆڵیان هەبوو لە ئوانادارکردنی ژنان. لەم بارەیەوە (JENSEN, OSTER – 2007) لە لێکۆڵینەوەکەیاندا بە ناونیشانی (THE POWR OF TV: CABLE TELEVISION AND WOMENS STATUS IN INDIA) باس لەوە دەکەن، کە پەخشکردنی هەندێک بەرنامەی بەربڵاو کاریگەری هەبوو لە گۆڕینی هەڵوێستەکان بەرەو باشکردنی ژیانی ژنان. ناوبراوان لە لێکۆڵینەوەکەیاندا (2, 700) ئافرەتیان وەرگرتووە لە گوند و شوێنە جیاوازەکانی 4 ویلایەت وەک (بیهار، گوژا، هاریانا، ئامیل نادو) لەگەڵ (دلهی) پایتەخت لە نێوان ساڵانی –2001 2003. ئەوان باس لەوە دەکەن پەیوەندی خەڵکی بە ئەلەفزیۆنەوە زۆر گۆڕانی بەسەردا هاتووە، بۆ نمونە لە 180 گوند ئەنها 65 گوند خاوەنی ئەلەفزیۆنی کەیبڵ بوون لە ساڵی 2001دا، بەڵام ئەم ڕێژەیە بەرزبوونەوە بە خۆیەوە بینیوە و لە ساڵی 2003دا بۆتە 86 گوند.

کاتێکیش ئەلەفزیۆن دەگاتە گوندەکان، خەڵکان زۆرتر سەیری بەرنامەکان دەکەن، بۆ نمونە پێشتر بەڕێژەی 40% سەیریان دەکرد بەڵام لەگەڵ پەیدابوونی زیاتری ئەلەفزیۆنی کەیبڵ ڕێژەکە بۆ 80% بەرزبۆتەوە لە ماوەی هەفتەیەکدا. ئایا دەرئەنجامی ئەم شتە چی دەبێت؟ بەشێوەیەکی گشتی، هەڵوێستەکان گۆڕانکاری بەسەرداهاتە بەرامبەر باشکردنی ژیانی ژنان دوای گەیشتنی ئەلەفزیۆنی کەیبڵ. لەو شوێنانەش کە پێشتر خاوەنی کەیبڵ بوون ئەوا بێ گومان هەڵوێستیان بەرامبەر ژنان بەرەو ئەرێنی گۆڕابوو. نوسەرانی لێکۆڵینەوەکە گرنگیان خستبووە سەر (3) پێوەری یەکسانی ڕەگەزی:

یەکەم: سەربەخۆیی، ئایا ئافرەتان

ئوانای بڕیاردانیان هەیە بۆ هەبوونی منداڵ، شێ کڕین، لایەنی ئەندروسێی و ئەوکەسانەی سەردانیان دەکات.

دووەم: لێدانی هاوسەری: ئەو حاڵەتانە چین کە ئافرەتان بەلایانەوە لێدان قبوڵکراوە.

سێ یەم: ئایا ژنان حەزدەکەن (کوڕ یان کچ)یان ببێت. لەگەڵ گەیشتنی ئەلەفزیۆنی کەیبڵ خواستی ژنان بۆ هەبوونی منداڵی کوڕ بە (12خاڵ) دابەزیووە.

دەرئەنجامەکان ئەوە دەردەخەن کە بیروبۆچوونی ژنان دوای سەیرکردنی ئەلەفزیۆن گۆڕانی بەسەرداهاتووە و ئەو ژنانەی سەیری ئەو ئەو بەرنامانەیان کردووە کراوەتر بوون لە ژنانی دیکەی گوندنشین.

ئافرەتان و لێک چوون لەگەڵ کە سایەتیەکاندا

زنجیرە دراماکان جۆرە بەرهەمێکن کە وا لە بینەرانیان دەکەن خۆیان هاوشێوەی کەسایەتیەکانی ناو ئەو دراماییانە لێ بکەن و ئەو بەرنامانە بەکاربهێنن بۆ هاوکاریکردنیان لە پرۆسەی خودناسیدا. زنجیرە دراماکان هەر لەسەرەتاوە کاریگەری گەورەیان خستۆتە سەر بینەران بۆ ئەوەی خۆیان وەک کەسایەتیەکان لێ بکەن، ئەم پرۆسەیە پێی دەوترێت (بەشداریکردن) ، کەئیایدا کەسێک خۆی دەخاتە شوێنی کەسێک و هەمان هەستە و ئەزموون دەردەبڕێت (FISKE- 1982).

هاوسۆزی لەگەڵ کارەکتەرەکان یارمەتی بینەران دەدات کە گرفتەکانیان کەم ببێنەوە چونکە دەبینن خەڵکانی دیکەش گرفتیان هەیە. هەروەها یارمەتی لەو کارەکتەرانە وەردەگرن بۆ چارەسەرکردنی گرفتەکانیان کە هەمان گرفتیان هەیە لە ناو دراماکاندا. (Ferrara) باس لەوە دەکات نۆڤیلاکان (زنجیرەدراماکان) کاریگەری گەورەیان لەسەر ئاکەکانی بەرازیل جێ هێشتووە بەرادەیەک هەندێک لە خێزانەکان ناوی کارەکتەرەکان لە منداڵەکانیان دەنێن، هەروەها ئەو ئافرەتانەی هەمان ئەمەنی پاڵەوانەکانیان هەبووە زۆر کاریگەر بوون بە دراماکان.

هاوشێوەبوون لەگەڵ کەسایەتیەکانی ناو دراماکاندا لە شوێنێکی دیاریکراودا رووناداتە یاخود لەگەڵ کەسایەتی پەراوێزبووی خەیاڵیدا رووناداتە، بەمانایەکی دیکە لێکچوون لەگەڵ کەسایەتیەکاندا دروست دەبێتە لە سائی گشتی چیرۆکەکەدا.

بینەران دەلکێن بە شاشەی ئەلەفزیۆنەکانیانەوە، بەو هیوایەی بتوانن چارەسەر بۆ گرفتەکانیان بدۆزنەوە یاخود یارمەتیان بەدەست بگات کاتێک بیانەوێت بڕیاری گرنگ بدەن. بە ئێگەیشتنی (Livingstone- 1998) ئاسێی هاوسۆزی بینەران لەگەڵ کارەکتەرەکاندا، جیاوازی ئێگەیشتنی بینەران نیشان دەداتە دەربارەی چیرۆکی دراماکان.

زنجیرە ئەلەفزیۆنەکان یارمەتی بینەران دەدەن ببنە بەشێک لە کارلێکەرە کۆمەڵایەتیەکان. ئەمەش یارمەتی بینەران دەداتە هەڵی ئەوەیان هەبێت پەیوەندی ببەستن لەگەڵ رەگەزی بەرامبەر، هەروەها لەگەڵ کەسانی دیکە کە پلەیان لە خۆیان بەرزترە یاخود نزمترە. ئەم پرۆسەیە ریگا خۆش دەکات بۆ شیکردنەوەی کردار و دەرئەنجامەکان. هەروەها لەبەرئەوەی لێکچوونەکان ئرسی لە دەستدانی (شوناس)ی ئێدایە، ئەو کارلێکردنانە نمونەی نوێ بۆ بینەران دابین دەکەن بۆ ئەنجامدان کە ئێستا ئەزموونیان نەکردوون.

خاڵێکی دیکە لەوەی بینەران حەزدەکەن خۆیان هاوشێوەی کەسایەتیەکان لێ بکەن بریتیە لە شوناسی کەسی. بەڵگەکان ئەوە دەخەنە روو کە بینەران هەڵسوکەوتی هەندێک لە کارەکتەرەکان بەکاردەهێنن وەک بیانوو

ئایا ژنان حەزدەکەن (کوڕ یان کچ)یان ببێت. لەگەڵ گەیشتنی تەلەفزیۆنی کەیبڵ خواستی ژنان بۆ هەبوونی منداڵی کوڕ بە (12خاڵ) دابەزیووە

هێنانەوەیەک بۆ هەڵسوکەوتەکانیان لەهەمان بارودۆخدا.

ئافرەتان لێکچوون لەگەڵ ئەو کارەکتەرانە دەکەن کە بە شێوەیەک لە شێوەکان دەتوانن ژیانی خۆیانی لێوە ببین. ئەویش لەو راستیەوە سەرچاوەی گرتوە سروشتی ئافرەتان پێناسە دەکرێت لە رێگای پەیوەندیەکانەوە لەگەڵ ئەندامانی خێزانەکەی (هاوسەر، منداڵەکانی، دایک و باوک...) یان ئەوانی دی کە لەگەڵ خێزانەکەیدا کارلێک دەکەن ئافرەتان کارلێک لەگەڵ ئەو کارەکتەرانەی دراماکان دەکەن کە رۆڵی هاوسەر، دایک، یارمەتیدەر دەبینن.

Stacey- 1994 لە لێکۆڵینەوەیەکدا دەربارەی کاردانەوەی ئافرەتان بۆ کەسایەتیەکانی هۆلیودی ساڵانی چلەکان و پەنجاکان، ئێبینی چەند جۆرێکی جیاوازی لە لێکچوونەکان کردووە. ناوبراو لێکچوونەکانی بۆ چوار جۆر دابەش کردوە:

1-خۆدەرخستن.
2-خۆ هاوشێوەکردن.
3-لاسایکردنەوە.

بۆ ملیۆنان ئافرەتی ولاتی تازە پێگەیشتوو، سوودەکانی تەلەفزیۆن شتێکی بابەتین وەک لەوەی ئایدیای بن وەک هەندێک کەس بۆی دەچن. لە گۆشەنیگای هێزی میدیا و تواناداركردنی بینەراندا، پرۆسەی جیهانی تواناداركردنی ئافرەتان دەستی پێکردوە

4-کۆپی کردن.

گرنگی ئەو لێکۆڵینەوەیە لەوە دایە کە باس لە جۆرە جیاوازیەکانی لێکچوون دەکات لەلایەن بینەرانەوە، هەروەها ئەوە دەخاتە روو کە لەو پرۆسەیەدا، لێکچونی بینەران پراکتیکێکی چالاکە نەوەک ناچالاک. زیاتر لەوەش ئەوەمان پێدەڵێت بۆچی ئافرەتان بەردەوام لەگەڵ کەسایەتیە ئافرەتەکاندا لێکچوون دروست ناکەن، یان بۆچی بینەری چینی ناوەند حەزدەکات خۆی هاوشێوەی کەسایەتیەکی چینی باڵا بکات نەوەک کەسایەتییەکی چینی خۆی. بۆ نمونە ئافرەتان خۆیان هاوشێوەی پاڵەوانێکی پیاو دەکەن کە دەبێتە مایەی ئیلهام بەخشین بۆیان.

هەروەها (STERN- 1991) باس لە مەیلی بینەرانی شانۆ دەکات بەوەی بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ بەشداری لە ژیانی کارەکتەرەکانی سەرنەخنەی شانۆ دەکەن. ئەو پێی وایە لێکچوونی زیرەکانە بەرهەمی ریکلامی سەرنج راکێشە لە هەمانکاتدا. ئەمە مانای ئەوەیە کە بینەران ئەنها لێکچوون لەگەڵ ئەو کەسایەتیانە دروست ناکەن بەڵکو شوێن دەدەن بەو کارەکتەرانە لە ژیانی خۆیاندا، ئەویش لە رێگای پرۆسەیەکەوە کە بەشێوەیەک لە شێوەکان هۆگربوونێکی راستەقینەیە.

هۆگربوونی زۆر لەلایەن بینەرانەوە چاوەڕوانکراوە، بەرادەیەک نائوانن جیاوازی بکەن لە نێوان رۆڵ و کەسی رۆڵگێڕ، یاخود نائوانن جیاوازی بکەن لەگەڵ ئەکتەری راستەقینە لەگەڵ ئەو کەسایەتیانەی کە رۆڵی دەگێڕێت. هەربۆیە زۆربەی بینەران حەزدەکەن پەیوەندی بکەن بە کارەکتەرەکان، ئۆڕی ئەلەفزیۆنەکان، بەرهەمهێنەران، نوسەران، زۆربەی جار (ئیمەیڵ، دیاری، کارت) یان بۆ دەنێرن و یاخود ئەلەفونیان بۆ دەکەن.هەروەها بینەران پشتیوانی لە بەرهەمە پەیوەندیدارەکانی دیکە بە زنجیرە دراماکانەوە دەکەن بۆ نمونە گۆڤارەکان. ئەم حاڵەتە لەبەرهەمە ئەلەفزیۆنەکانی دیکەدا بوونی نیە.

هەر لە لێکۆڵینەوەکەی (STACEY- 1994)، لێکۆڵەر ئەوەی بۆ دەرکەوتووە کە بینەران لێکچوونی جیاواز دروست دەکەن بۆ ئەکتەرەکانی سالانی چلەکان و پەنجاکان. ئەو لێکچوونەش دابەش دەبن بۆ: دڵسۆزی، خۆشەویستی، هۆگربوون، بااڵبوون، ئموح وەرگرتن، هاندان (ئازایەتی) وەرگرتن.

(KILBORN- 1992) پێیوایە ئەو لێکچوونانە بەهێزدەبن و بینەران هەست دەکەن نزیکن لە کارەکتەرەکانەوە، کاتێک بینەران بە حاڵەتێکی ناڕەحەت یاخود گرفت ئامێزدا ئێدەپەڕن. هەروەها ناوبراو دەڵێت بینەران دەتوانن سوود لەو دراماییانە وەربگرن وەک چارەسەرێکی سۆزداری.

شیکردنەوەی کلتوری ژنان لەسەر ئاستی نوێنەرایەتی، کردن یەکێکە لە فاکتەرەکانی دیکە کە وا دەکات ژنان بینەری زنجیرە دراماکان بن و خۆیان هاوشێوەی کارەکتەرە ژنەکانی ناو دراماکان بکەن. کلتوری ژنان لێرەدا مەبەستە لێی ئەو چالاکیە پراکتیکیانە یاخود رەمزیانەیە کە ژنان ئەنجامی دەدەن. (BLUMENTAHAL)- 1997 باس لەوە دەکات لەسەر ئاستی پراکتیکی چالاکیەکان بریتین لە: کاری سەرپەرشتی کردن، کاری سکرتێری، کاری نمایش کردن. لەسەر ئاستی ناومااڵیش چالاکیەکان بریتین لە چالاکیەکانی: پشوو بەسەربردن، پارەدان، جل و بەرگ و خواردن و شت کڕین کڕین. لێکچوون لەگەڵ کارەکتەرەکان فاکتەرێکی سەرەکیە بۆ ئێگەیشتن لەوەی خەڵکان بەشێوەی جیاواز هۆگری چیرۆکەکانی ناو دراماکان دەبن.

لە ڕۆژگاری ئەمڕۆدا، لە زۆربەی کۆمەڵگاکاندا بەتایبەتی کۆمەڵگاکانی باشوری ئاسیا و وڵاتانی جیهانی سێ یەم، جێندەر جێگای مشتومڕی ناو بابەتە کۆمەاڵیەتیەکانە. ئەو کێشانە بریتین لە: حەز بۆ بوونی کوڕ، دووری جێندەری نێوان پیاوان و ژنان، ژن کوشتن، اغتصاب کردن، تەنگ پێ هەڵچنینی سێکسی لە شوێنی کار، هەروەها ئوندوئیژی ناومااڵ. بۆیە کاتێک زنجیرەدراماکان باس لەو کێشانە دەکەن، یارمەتی ژنان دەدەن لێکچوون لەگەڵ کەسایەتیەکان دروست بکەن و رۆڵیشیان هەیە لە بااڵبوونەوەی ئەو بەرهەمانەدا.

زنجیرە دراماکان دەرویەک بۆ ئاکەکان دابین دەکەن بۆئەوەی رزگاریان بێت لە کارو گرفتی ناو ژیانی رۆژانە. چواچێوەی گشتی ئەو دراماییانە هەستی ئاسوودەیی و بوون بە بەشێک لەو جیهانە دەدانە بینەران کە لەلایەن بەرهەمهێنەرانەوە

دروستکراوە. کەسایەتیەکان ڕێگایەک دەبەخشنە بینەران بۆئەوەی هۆگربوونی خۆیان دروست بکەن لەگەڵ کەسایەتیە خەیاڵیەکاندا. ئەو رووداوانەی بینەران کارلێکیان لەگەڵ دەکەن بریتین لە: یەکتر خۆش ویستن، هاوسەرگیری کردن، لێک جیابوونەوە (تەڵاق)، مردن، دیارنەمان، ئەمانە ئەو رووداوانەن کە زۆر دووبارە دەبنەوە لە زنجیرە دراماکاندا. بەشێوەیەکی گشتی لە زنجیرە دراماکاندا زۆر کەسایەتی هەن کە ڕۆڵ دەگێڕن بەڵام لەوانەیە لە هەر ئەلقەیەکدا جەخت لەسەر یەک دوو کەسایەتی بکرێنەوە، ئەنها ئەرکیز ناکرێنە سەر کارەکتەرێک و گرفتەکانی، ئەویش بۆئەوەی بینەران بێزار نەبن.

زنجیرە دراماکان و گواستنەوەی کلتور

ڕوناکبیران و لێکۆڵەرەوان کۆکن لەسەر کاریگەری زنجیرە دراماکان لەسەر ژیانی ئاکەکان و کۆمەڵگاکان. هەروەها باس لەو کاریگەریە دەکەن کە ئەو درامایانە هەیانە لەسەر ژیانی گشتی و ژیانی کارکردن چونکە میکانیزمی میانگیری دابین دەکەن لە نێوان میدیا و ژیانی ڕۆژانەدا.

(CANTOR, PINGREE - 1983)

پێیانوایە زنجیرە دراماکان فۆرمێکی بەربڵاوی کلتورن و هەروەها وەک کاڵایەکی بازرگانی گرنگن، وە ئەگەر بەراوردبکرێن بە دراما ئەلەفزیۆنەکانی دیکە، ئەمانە شتێکی دانسقەن.

لە هەمان کاتدا، ئەو زنجیرە دراماییانە دەتوانن ببنە هۆکاری گۆڕانی گەورەی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کلتوری، بۆ نمونە دووبارە پێناسەکردنەوەی ڕۆڵی جێندەری لە پەیوەندیە خێزانیەکاندا. شایەنی باسە پەیوەندیە خێزانیەکان و جیهانی ناوماڵ بابەتی سەرەکی زنجیرە دراماکان، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە هەندێک لەو زنجیرە دراماییانە باس لە بابەتی دیکەش دەکەن وەک بابەتەکانی: کارکردن، سیاسەت، ئاین، گرفتی ئینتی و بابەتەکانی سەردەم....

زنجیرە دراماکان کاریگەریان نابێت، ئەگەر بینەران بیرۆکەکانی ناو زنجیرەکان لە ناو ژیانی ڕۆژانەیاندا جێبەجێ نەکەن، لەبەرئەوەی زۆربەی زنجیرە دراماکان باسی خەڵکی و گرفتەکانی ڕۆژانەی خەڵکە. بۆ نموونە زنجیرە دراماى ئەمریکی (DALLAS) باس لە گرفتەکانی: کوشتن، ژن و مێردایەتی، گەندەڵی، نەخۆشی، اغتصاب، خواردنەوەی ئەلکحولی، نهێنیەکانی رابردوو... هتد دەکات و بینەران لەگەڵ رووداوەکاندا ئێکەڵ دەبن لە ڕێگەی پرۆسەیەکی خەیاڵیەوە. بەهەمان شێوەش لە دراماى (DYNASTY) بینەران ئێکەڵ دەبن لەگەڵ کۆمەڵێک لوغزی نادیار و بینەران هەست بە خۆشی دەکەن کاتێک سەرکەوتوو دەبن لە دۆزینەوەی ڕێگاچارەکاندا، ئەمەش هەستی متمانە بە خۆبوون لای بینەران زیاد دەکات.

ئەمە مانای ئەوەیە بینەران چێژوەردەگرن لە بیرۆکەکانی ناو دراماکان کە نزیکن لە ژیانی ڕۆژانە و بەردەوامیان هەیە چونکە ئەو دیمەنانە هاوشێوەی ژیانی ئەوانە. بینەر هەست بە گەرمی و هۆگربوون دەکەن و لە گۆشەنیگای کارەکتەرەکانەوە هەڵسوکەوتەکان ڕاڤە دەکەن چونکە لە ژیانی خۆیانەوە نزیکن. هەندێک جار کارێکی قورسە جیاوازی بکرێت لە نێوان ژیانی راستەقینە و ژیانی کارەکتەرەکان لە ناو دراماکاندا.

لەم بارەیەوە (LIVINGSTONE) ئەوە باس دەکات کە سروشتی ئاسانی ئەو نجیرە دراماییانە و باسکردنیان بۆ گرفتەکانی ڕۆژانە فاکتەرێکی بەهێزن بۆ بەربڵاوی ئەو دراماییانە. بۆ نموونە هەریەک لە زنجیرە دراماى (CORONATION STREET) و (HUM LOG) بەهۆی نزیکی رووداوەکانی چیرۆکەکانیانەوە لە بینەران سەرکەوتنێکی گەورەیان بەدەست هێنا. بەشێوەیەک ئەوەی لە ناو ئەو دراماییانەدا ڕووی دەدا لای بینەران وەک ڕاستی ئەماشا دەکرا، ئەمەش کاریگەری ئەرێنی خستە سەر بینەران و هاوکار بوون بۆ گۆڕینی ژیانی چەندان ئاکە کەس.

بەهەمان شێوەش نەک ئەنها بینەران دەبنە بەشێک لە دراماکان، بەڵکو کارەکتەرەکانیش دەبنە بەشێک لە ئەزموونی ژیانی بینەرانیان. زنجیرە دراماکان پشت دەبەستن بە خەیاڵی واقعی و دەبنە هۆی دۆزینەوە و پیشاندانی رووداوی ناوماڵ و کەسی و ڕۆژانە. ئەو دراماییانە کاریگەری لەسەر بینەران جێ دەهێڵن، چونکە بینەران ناسراوی لەگەڵ کارەکتەرەکان و ژیانیان پەیدادەکەن. لە ڕێگای کارەکتەرەکانەوە پێویستە لەسەر زنجیرە دراماکان پەیوەندی بە ئەزموونی بینەرانەوە بکەن، هەروەها پێویستە چیرۆکەکانی ناو دراماکان چیرۆکی ئاسایی بن. هەربۆیە هەستی ناسراوی دروست دەکەن لە ژیانی کەسایەتیەکاندا و کلتور چاودێری دەکرێت لەو دراماییانەدا و پەیوەندی دروست دەکرێت لەگەڵ بینەراندا و بینەران کلتوری نوێ ئەزموون دەکەن.ئەویش لە ڕێگای ڕەنگدانەوەی کلتوری بەرهەم هاتوو لە ژیانیاندا.

هەروەک (CANTOR, PINGREE) باسی دەکەن، ئامانجی سەرەکی گۆڕین لە زنجیرە دراماکاندا بریتیە لە گۆڕینی کلتور. هەرچەندە زنجیرە دراماکان هانی گۆڕانی کۆمەڵایەتی نادەن بەڵام ڕۆڵێکی گرنگ دەبینن لەو گۆڕانکاریانەدا ئەویش لە ڕێگای باسکردنی گرفتەکانی کۆمەڵگا، کە دەبنە هۆی گۆڕینی یەکەی خێزان لە ناو کۆمەڵگادا.

هەر لە سەرەتاوە زنجیرە دراماکان، زیاتر لە هەر بەرهەمێکی دیکەی ئەلەفزیۆنی ڕەنگدانەوەی ئەو بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئابووریە بوون کە ئیایاندا بەرهەم هێنراون، بۆ نمونە زنجیرە دراماى هندی (ATMAJAA) باس لە

هەڵبژاردنی ڕەگەزی دەکات. ئەم زنجیرە دراماییە لە ساڵی 2004دا بەرهەم هاتووە و لە 13 بەش پێک هاتووە و ئیایدا باس لە کێشەکانی کوشتنی ژنان، اغتصاب، هەراسانکردنی سێکسی لە شیوێنی کارکردن دەکات. ئەم زنجیرە دراماییە بە مەبەستی هۆشیار کردنەوە دەربارەی یەکسانی و ئوانادارکردنی ئافرەتان پەخش کرا و لە فیلمێک کە هەمان ناونیشانی هەیە وەرگێراوە.

زنجیرە دراماکان هاوکاری زۆر وڵاتیان کردووە بۆ پێشکەوتن، بۆیە پێویستە لە گرنگی ئامانجە کلتوریەکانی ئەو پڕۆگرامانە بگەین. بۆ نمونە: (CANTOR PINGREE ,) باس لەوە دەکەن گەشەکردنی کۆمەڵگای ئەمریکا، کە هاوکات بوو لەگەڵ سەرهەڵدانی زنجیرە دراماکان لە ڕێگای رادیۆی نیشتمانیەوە بە خۆڕایی بۆ ناوماڵەکان، گونجاو بوو بۆ سیاقی گشتی و روحی ئەو کاتەی کۆمەڵگا. هەربۆیە کۆمەڵگای ئەمریکی 1982 لە ساڵانی بیستەکاندا لە دایک بوو. بۆیە زنجیرە دراماکان زۆر لایەنیان هەیە کە خەڵکان گۆشە نیگای ئایبەئیان هەیە دەربارەی ژیانی ناوماڵ.زنجیرە درامای هیندی (HUM LOG) کاریگەری ئەرێنی خستە سەر بینەران سەبارەت بە شوێنی ئافرەت لە کۆمەڵگای هیندی دا بۆیە ئێستا دەبینین، ژمارەی ئەو ئافرەتە هیندیانەی ڕوودەکەنە بازاڕ بۆ کارکردن لە بەرزبوونەوەدایە. ئەنانەت ئافرەتان پەیوەندی بەو کارانەشەوە دەکەن کە بەشێوەیەکی نەقلیدی وەک کاری پیاوان سەیر دەکرێن بۆ نمونە: پەیوەندی کردن بەهێزەکانی پۆلیس، بەرگری، بوارەکانی بەڕێوەبردن، میدیا، هەروەها بوارەکانی ئەنجامدانی لێکۆڵینەوە.

بۆ ملیۆنان ئافرەتی وڵاتی نازە پێگەیشتوو، سوودەکانی لەلەفزیۆن شتێکی بابەتین وەک لەوەی ئایدیای بن وەک هەندێک کەس بۆی دەچن.لە گۆشەنیگای هێزی میدیا و ئوانادارکردنی بینەراندا،



پرۆسەی جیهانی ئوانادارکردنی ئافرەتان دەستی پێکردوە.

هـەروەک (ROGERS و ئەوانی دی) باسی دەکەن لە وڵاتی مەکسیک زنجیرە دراماکان لایەنگری و پەخشی ئەو پەیامانە دەکـەن کە دەبێتە هۆی باشکردنی ژیانی ئافرەتان، یەکسانی جێندەری لەگەڵ گونجانی خێزانی. لە ئیسپانیا وڵاتـی هندستان و مەکسیک زنجیرە دراماـی پێشکەوتوو بەرهەم دەهێنن. بـە بۆچوونی (ROGERS و ئەوانی دی) ئەو زنجیرە دراماییانە کۆمەڵێک بەهای پەروەردەی و ئەخلاقی واقعی دیاریکراو بڵاودەکەنەوە نەوەک ئەو شتانەی دراما ئەقلیدیە ئەمریکیەکان بەرهەمیان هێناون.

بە بۆچوونی (RUSHTON- 1982) بەرنامە و زنجیرە دراما ئەلەفزیۆنەکان باس لەو هەڵسوکەوت و چالاکیانە دەکەن کە لە گۆشەنیگای کۆمەڵایەتیەوە لەلایەن زۆربەی بینەرانەوە مایەی چێژوەرگرتنە. بۆ نمونە فیلمی (THE DAY AFTER) بەشێوەیەکی گەورە هەڵوێستی بینەرانی گۆڕیوە لەسەر قەدەغەکردنی چەکی ئەتۆمی.

زنجیرە دراماکان دەبنە هۆی گۆڕینی کلتوورە جیاوازەکان، بۆیە لەوانەیە هەموو کۆمەڵگاکان ببنە شێوەی کۆمەڵگای ئەمریکی کە لە زنجیرە دراماکاندا بوونی هەیە. هەربۆیە کۆمەڵگاکان هەندێک لایـەنـی رەسـەنـی خـۆیـان لـە دەسـت دەدەن. کەوائە ئەلەفزیۆن کاردەکاتە سەر کۆمەڵگا بە هەردوو شێوەی ئەرێنی و نەرێنی. هەربۆیە پێویستە لە داهاتوودا گرنگی زیاتر بدرێت بەو ناوەندانەی لەلایەن ئاک و خێزان و حکومەتەکانەوە ناوەندی هاوبەش و کۆنترۆڵکراون.

بـە بـۆچـوونـی (MORRIS, WAISBORD- 2001) مـۆدێـل و بەرهەم و سیستەمی گلۆبال، لە نمونەی ریکلام و زنجیرە دراماکان چونەتە ناو سیستەمی ئەلەفزیۆنی زۆربەی وڵاتانەوە.

بەشێوەیەکی گشتی زنجیرە دراماکان کاردەکەنە سەر کۆمەڵگاکان لە رێگای گۆڕینی هەڵسوکەوتی بینەرانەوە. گەنج و بە تەمەنەکان کاریگەر دەبن بە وێنە گوازراوەکان، هاوکات قبوڵیان دەکەن و وەک مۆدێلێک بۆ هەڵسوکەوتی خۆیان سەیریان دەکەن. بەڵگەی کاریگەری ئەو زنجیرە دراماییانەش ئەوەیە کە بینەران زمانی ناو ئەو دراماییانە بەکاردەهێنن لە گفتوگۆکانی ژیانی رۆژانەیاندا. هەروەها ئیستا ئاکەکان کاتێکی زیاتر بەسەر دەبەن لە سەیرکردنی ئەو دراماییانە و ئەمەش کاریگەری دەخاتە سەر بیرکردنەوەیان دەربارەی دنیا. هەندێک چالاکی دیکەی وەک خوێندنـەوە و وەرزش کـردن تەماون بە هۆی سەیرکردنی ئەو زنجیرە دراماییانەوە.

بە پێی لێکۆڵینەوەیەکی (ROGERS و ئـەوانـی دی - 1999) دوای پەخشکردنی زنجیرە دراماییەکی رادیۆی دەربـارەی نەخۆشی ئایدز- AIDS لە گوندێکی وڵاتی ئانزانیا، هاوڵاتیانی ئەو گونده بەڕێژەیەکی بەرچاو کۆندۆمیان بەکارهێناوە بە بـەراورد بە بەشەکانی دیـکـەی وڵاتـ. هـەروەهـا خەڵکانی ئەو گونده بە شێوەیەکی بەرفراوانتر رێگاکانی منداڵ نەبوونیان (منع الحمل) بەکارهێناوە، بە بەراورد بە بەشەکانی دیکەی وڵاتـ کە هیچ گۆڕانکاریەک لە هەڵسوکەوتیاندا رووی نەدا.

جاری واهەیە کاریگەری ئەو زنجیرە دراماییانە زۆر بەهێزە، بەڕادەیەک بینەر خـۆی دەخـاتـە شوێنی کارەکتەرەکان و هەمان هەستـ و سۆز و ئەزموونی کارەکتەرەکان ئەنجام دەدات. نمونەی ئـەم هۆگربوونە ئـونـدەش ئـەو کاتە دەردەکـەوێـتـ کە بینەران دەگرین بۆ پرسەی کارەکتەرەکانی ناودراماکان یان هەستـ بە خۆشی دەکەن بۆ ئاهەنگی هاوسەرگیری کارەکتەرەکان. بەهەمان شێوەش بۆ حاڵەتی لێک جیابوونەوە و منداڵ بوون.

تەلەفزیۆن ناوەندێکی گرنگە کە لە رێگەیەوە کلتور ئاراستەی زۆر خەڵك دەکرێت، بە تایبەتی ئەو خەڵکانەی توانای کەم یاخود هیچ توانایەکیان نیە هونەرەکانی دەرەوە ببینن بەهۆی نەبوونی ئاسانکاری، نزمی داهات، یاخود بەهۆی پەراوێزی کلتوری و کۆمەڵایەتیەوە

(BROWN- 1994) باس لـەوە دەکـاتـ کە ئافرەتانی گەنج و کچان پێشبینی ئـەوە دەکـەن کە ئاهەنگی هاوسەرگیریان وەک ئەوانەی ناودراماکان بێتـ و هەندێک جاریـش زۆر پێش وەختی پلانی ئەنجامدانی دادەنێتـ. (BROWN) پێیوایە دروستـ کردنی ئەم جۆرە خەیاڵە لای ئافرەتان دەربـارەی پرۆسەی هاوسەرگیری و ئاهەنگی بووک گواستنەوە لە خزمەتی سەرمایەداری

بەکاربردندایە و دەبێتە هۆی بەهێزکردنی پیشەسازی سەرمایەداری.

بە مانایەکی دیکە زنجیرە دراماکان رۆڵێکی کاریگەر و ئەرێنیان هەیە لەراکێشانی بینەراندا و ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕینی بیرکردنەوە و ئایدیای ئاکەکان و هەروەها دەبێتە هۆی گۆڕینی ئەو چوارچێوە کۆمەڵایەتیانەی ئەو بیروبۆچوون و ئایدیایانەی کاری ئێدەکەن. لەگەڵ ئەوەی زنجیرە دراماکان بەپلەی یەکەم هەوڵی ئەوە دەدەن بینە فرۆشیاری ئەو بەرهەمانەی پیشەسازی پەخش ریکلامی بۆ دەکات، هاوکات هەوڵ دەدەن بینە فرۆشیاری کلتوری نیشتمانی و سیستەمی ئایدۆلۆژی.

(BROWN- 1994) باس لەوە دەکات کە بەرهەمە خۆشی بەخشەکان، وەک زنجیرە دراماکان، لەسەر دوو ئاست هاوکاری پرۆسەی گۆڕان دەکەن. یەکەم: دووبارە بیرکردنەوە لە رۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگادا. دووەمیان: ئەو فاکتەرانەی دەبنە هۆی دروست بوونی ئەو دووبارە بیرکردنەوەیە. ئەو فاکتەرانەش بریتین لە: سنورەکان، زانیاری، هێز، بەرگری کردن لە بارودۆخی کلتوری، هەروەها ئێکشکاندنی نەرێنەکان.

(GERAGHTY- 1991) شیکردنەوەی بۆ رۆڵی کاریگەری کەسایەتیە ژنەکانی ناو زنجیرە دراماکان کردوە و پێیوایە رۆڵی یۆنۆپیای ئەو دراماییانە یارمەتی پرۆسەی گۆڕان دەدات هەروەها کاریگەری دەخاتە سەر هەڵوێست و هەڵسوکەوتەکان و لایەنگیریەکان. لەوەش زیاتر، ناوبراو باس لەو چێژ و بەهایانە دەکات کە ئەو دراماییانە دەیبەخشنە بینەرانی ئافرەت کە ئامانجی ناوەکی ئەو پرۆگرامانەن. بۆ نمونە زنجیرە درامای هیندی (HUM LOG) هێرش بوو بۆ سەر سیستەمی هاوسەرگیری و بۆچوونە ئەقلیدیە ڕێگرەکان دەربارەی ئافرەتان لە کۆمەڵگای هیندیدا. لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بەوە دەکەن ئەو درامایە رۆڵی هەبووە لە گۆڕینی بۆچوونی بینەران دەربارەی یەکسانی جێندەری.

بەکورتی دەتوانین ئەوە بڵێین کە زنجیرە دراماکان (یاخود دراما زنجیرەییەکان)، جۆرە بەرهەمێکن ئیایاندا کەسایەتی رەگەزی مێ زاڵە. زۆر فاکتەر هەن کەوا لە بینەران دەکەن هۆگر و دڵسۆزی ئەو درامایانە بن و ئەو فاکتەرانە بەکاردەهێنرێن وەک ئامرازێکی کلتوری بۆ دروستکردنی شوناسی خود. لەم بەشەی بەردەستتان باسمان لە چەند بابەتێک کرد لەوانە:

1- ئوانای خۆهاوشێوەکردن لەگەڵ چیرۆک و کەسایەتیەکاندا.

2- ناساندنی کلتوری بیانی بۆ بینەران و کاریگەری ئەو کلتورە بۆ سەر کۆمەڵگا، ئقالید و دنیا بینی بینەران.

زیاتر لەوەش، باسمان لەوەکرد کە ئامانجەکانی دراما زنجیرەییەکان جیاوازی هەیە بەپێی سەرچاوەی وڵاتی بەرهەم هێن. بۆ نمونە دراما ئەمریکیەکان باسی ناوەڕۆکی گشتی و سیاقی کەمتر دەکەن. دراما میسریەکان باس لە چوارچێوەی نەتەوەیی و ئەخلاقی دەکەن. لە هەمانکاتدا دراما ئەوروپیەکان باسی ململانێ کۆمەڵایەتیەکان دەکەن بە ئاوائی ئەوەی هەمووان بتوانن پێکەوە بژین.

سەرئەنجام دراما زنجیرەییەکان لە رادیۆوە بۆ ئەلەفزیۆن، لە ئامانجی بازرگانیەوە بۆ ئامانجی کۆمەڵایەتی رۆڵێکی گەورەیان بینیوە لە ئوانادارکردنی ئافرەتان بەتایبەتی لەو شوێنانەی ئوناسازکردنی ئافرەتان پێش مەرجی پێشکەوتنی ئەو وڵاتانەیە.

شایەنی باسە سروشتی ئوانادارکردنی ئافرەتان جیاوازی هەیە لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی دیکە، بۆ نمونە لە هندستان و وڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست (کە ئافرەتان ئەنیا بواریان هەیە کاری ناوماڵ بکەن و منداڵان بەخێوبکەن و چاودێری ماڵەوە بکەن) ئوانادارکردنی ئافرەتان بریتیە لە هێنانە دەرەوەیان لەو شوێنانەی کە بۆ چەند سەدەیەکە بەبیانوی نەریتەوە بواریان نەدراوە. مانای وایە گەشەیان پێ بدرێت بۆ هەبوونی مافی خوێندن، مافی هەڵبژاردنی میرد، چێژ وەرگرتن لە یەکسانی، بوونی هەل کار لە دەرەوەی ماڵ. هەروەها بواریان بدرێت کاری ڕەسمی و موچەی شایستە بەدەستبهێنن. بەڵام لە هەندێک وڵاتدا ئوانادارکردنی ئافرەتان مانای وایە رۆڵی کاریگەر و بەرچاویان هەبێت لە دروستکردنی کۆمەڵگایەکی باشتردا. ئوانایان هەبێت ژیانی خۆیان کۆنترۆڵ بکەن، ئوانایان هەبێت گۆڕانی کۆمەڵایەتی ئاراستە بکەن، هەروەها بتوانن سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابوری لەسەر ئاستی نیشتمانی و ئاستی جیهانی دروست بکەن.

بە هۆی پەخشکردنی ژمارەیەکی زۆر لە زنجیرەدراما ئورکیەکان و بەربڵاوی ئەو دراماییانە لە هەرێمی کوردستان و لە گۆشەنیگای حەزلێ بوونی ئافرەتانی کورد، ئەم لێکۆڵینەوەیە یەکێک لە بەناوبانگترین دراماکان هەڵدەبژێرێت بەناوی (نور-NOOR).

لێکۆڵینەوەکە هۆکارەکانی بەربڵاوبوونی ئەو درامایە لە ناو ئافرەتانی کورددا باس دەکات ، هەروەها باس لە کاریگەریەکانی ئەو درامایە دەکات لە گواستنەوەی کلتور و گەشە پێدانی گۆڕان و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی لە هەرێمی کوردستاندا.

هەندێکی تێبینی پێویست:

1. ئەم وەرگێڕانەی بەردەستتان بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیکی دکتۆرا، بۆیە سەرجەم زانیاری و سەرچاوەکان کە باسکراون ئایەتن بەو لێکۆڵینەوەیە.

2. لەهەندێک شوێندا لە ئێزی دکتۆراکەدا بەمەبەستی ئەکادیمی، بیرۆکەی دووبارە و وتەی خواستراو ئاماژەیان پێکراوە، بەڵام وەرگێڕ خۆی

لێ بەدوورگرنوون و لەناو وەرگێرانەکەدا ئێهەڵکێشی نووسینەکەی کـردوون. ئەویش لەبەر ئەوەی نووسینی ئەکادیمی لەگەڵ کارێکی رۆژنامەوانی جیاوازیان هەیە.

سەرچاوەکان:

- Al-Mrashi, I., Griffing, D. and Price, M. (2007) Toward an Understanding of Media Policy and Media System in Iraq: A Forward and Two Reports. Centre for Global Communication Studies. United States, University of Pennsylvania.

-Al-Marshi, I. (2007) The Dynamic of Iraq Media Ethno-Sectarian Violence Political Islam Public Advocacy and Globalization. Cardozo Arts and Entertainment, 25 (95), p. 95140-.

-Amin, H. (2001) Arab Women and Satellite Broadcasting. [Online]. Arab Media and Society: Transnational Broadcasting Studies. Available from: http:// www. tbsjournal. com/Archives/ Spring01/Amin. html (Accessed: 24 September 2009).

-Andary, D. (2007) International Broadcasting In Iraq. Inter Media Market Report: 26 January 2007.

-Atabey, M. (1991) Media Imperialism and Dependency Through the Transfer of Television Technology and Programmes. A Case Study of Television in Turkey (TRT). United Kingdom, Institute of Communication Studies, the University of Leeds.

-Baseline Studies (2005) Freedom of Expression and the Media in Singapore. London.

-Bourdieu, P. (1984) Distinction: A Social Critique of the Judgment of Taste. Great Britain, Routledge & Kegan Paul Ltd.

-Broadcasting Standards Authority (2006) Freedoms and Fetters: Broadcasting Standards in New Zealand. [Online]. Available at: http://www. bsa. govt. nz/assets/Research/ Freedoms-and-Fetters-BSA2006. pdf (Accessed: 31 July 2011).

-Carlsson, U. (2005) From NWICO to Global Governance of the Information Society. Media and Global Change Journal, 1 (2), p. 193214-.

- Cao, Q. (2005) Confucian Vision of the New World Order: Culturalist Discourse in the Mass Media in Contemporary China. Paper presented at China Media Centre, University of Westminster p. 98107-.

-Chan, J. M. (2005) Trans-Border Broadcasters and TV Regionalization in Greater China: Processes and Strategies. In: J. K. Chalaby (ed.) Transnational Television Worldwide: Towards a New. New York, I. B., p. 17395-.

- Chro, K. (2008) The Impact of International Satellite Television on Kurdish Women Viewers. Kurdistan Region: The Kurdistan Region, Sulaimani.

-D3 System Report (2010) Iraq Media Study National Audience Analysis. IREX Technical Report: 200643-01-.

-Elasmar, M. and Bennett, K. (2003) The Cultural Imperialism Paradigm Revisited: Origin and Evolution. In: M. G. Elasmar (ed.) The Impact of International Television A Paradigm Shift. United States, Lawrence Erlbaum Associates London, p. 157-.

-Eldridge, J. (1995) Glasgow Media Group Reader Volume 1. London, Routledge.

-Fossato, F. (2006) The Mass Media in Post-Soviet Russia. Paper Presented in Conference at the University of Surrey, 68-th April 2006.

-Guback, T. and Varis, T. (1982) Transnational Communication and Culture Industries. Reports and Papers on Mass Communication, UNESCO: 198256-01-.

- Ghadbian, N. (2001) Contesting the State Media Monopoly: Syria on Al-Jazziera Television. Middle East Review of International Affairs, 5 (2), p. 7588-.

-Hagood, A. (2010) Saudi Arabia and Iran: The Tale of Two Media [Online] Available from: http://www. arabmediasociety. com/? article=740 (Accessed: July 2010).

-Havens, T. (2006) Global Television Marketplace. United Kingdom, British Film Institute.

-Hiebert, R. E. (2003) Public Relations and Propaganda in Framing the Iraq War: A Preliminary Review. Public Relations Review, 29 (3), p. 243255-.

-Kumar, D. (2006) Media, War, and Propaganda: Strategies of Information Management During the 2003 Iraq War. Communication and Critical/Cultural Studies, 3 (1), p. 4869-.

-Lanuza, G. (2003) The

Proximity. Critical Studies in Mass Communication, 8 (1), p. 3959–.

–Strubhaar, J. (1999) Cultural Capital, Language, and Cultural Proximity in the Globalization of Television. Paper Presented at the Annual Meeting of Association for Education in Journalism and Mass Communication (AEJMC), New Orleans.

–Straubhaar, J. (2003) Choosing National TV: Cultural Capital, Language, and Cultural Proximity in Brazil. In: M. G. Elasmar (ed.) The Impact of International Television: A Paradigm Shift. United States, Lawrence Erlbaum Associates, p. 77110–.

–Straubhaar, J. (2007) World Television: From Global to Local. Los Angeles, Sage.

–Taylor, P. W. (1995) Co–productions. Content and Change: International Television in the Americas. Canadian Journal of Communication, 20 (2), p. 411416–.

– Thussu, D. J. (2005) From MacBride to Murdoch: The Marketisation of Global Communication. The Public, 12 (3), p. 4760–.

–Timmons, J. R. and Hite, A. (2000) From Modernization to Globalization: Perspective on Development and Social Change. United Kingdom, Blackwell.

–Wark, M. (1994) Virtual Geography: Living with Global Media Events. Bloomington, Indiana University Press.

–Sarbast, A. (2010) Again Channel 4 and Korak Satellite. Sarbast, 1 August 2010. Source: Sarbast.com [Online] Available from: http://www.sarbast.com/dreja/201001/08/korek–kan kanal4/ (Accessed: August 2010).

–Scott, C. V. (1995) Gender and Development: Rethinking Modernization and Dependency. Theory Boulder, Lynne Rienner.

–Semati, M. (2008) Media, Culture and Society in Iran: Living with Globalization and the Islamic State. United States, Routledge.

– Shaswari, A. (2008) The Impact of Satellite Television on Tawela Population. Kurdistan Region, (S. I).

–Shi, Y. (2008) The Rise of Chinas Media Supermarket: An Appraisal of Cultural Imperialism: Relevance to the Chinese TV Industry. International Journal of Communication, 2, p. 11991225–.

–Singhal, A. and Svenkerud, P. J. (1998) Television Programs: A Programming Alternative in Developing Countries. Media Asia, 25 (1), p. 1218–.

–Somavia, J. (1976) The Transnational Power Structure and International Information. Development Dialogue, 2, p. 1528–.

– Stanton, M. (2009) Multiculturalism and the Cultural Canon/Trope in Trans–Border Globalised Television. China Media Research, 5 (1), p. 4146–

–Straubhaar, J. (1991) Beyond Media Imperialism Asymmetrical Interdependence and Culture Mediaization of Filipino Youth Culture: A Review of Literature. Global Media Journal, 2 (3), p. 15507521–.

–Lewis, M. (2009) Renegotiating British Identity Through Comedy Television. Masters Thesis, University of Bowling Green.

–Leys, C. (1996) The Rise and Fall of Development Theory. Bloomington, Indiana University Press.

–Murdoch, R. (1993) Dawn of the Convergent, Interactive Era, Business Times. Singapore: Kent Ridge Digital Labs.

–Meyrowitz, M. (1985) No Sense of Place: The Impact of Electronic Media on Social Behaviour. Oxford, University Press.

– Noor Al–Deen, H. (2005) Changes and Challenges of the Iraqi Media. Global Media Journal, 4, p. 15507521–.

–Salamandra, C. (2005) Peer Review Article Television and the Ethnographic Endeavour: The Case of Syrian Drama. Transnational Broadcasting Studies. [Online] Available from: http://www.arabmediasociety.com/articles/downloads/20070312081604_TBS14_Christa_Salamandra.pdf (Accessed: July 2010).

– Salinas, R. and Paldan, L. (1979) Culture in the Process of Dependent Development: Theoretical Perspectives. In: K. Nordenstreng and H. I. Schiller (eds.) National Sovereignty and International Communications. Norwood, NJ, Ablex, p. 8298–.

د.سامان فەوزی عومەر
دکتۆرا لە یاساو ئەندامی پەرلەمانی عێراق

بەر لەوەی ڕاستەوخۆ قسە لەسەر ئەو ناوونیشانەی سەرەوە بکەم سەرنجی خوێنەر بۆ چیرۆکی فیلمێکی بیانی ڕادەکێشم، کە ناوەرۆکەکەی سەبارەت بەکاری ڕاگەیاندنە و ڕێخۆشکەری نووسینی ئەم بابەتەیە، ئەویش فیلمی (شارێکی شێتە)یە.

شارێکی شێت (mad city) ناوی فیلمێکی ئەمەریکییە و لەساڵی 1997 بەرهەم هێنراوە، کە لە نواندنی هەردوو ئەستێرەی هۆڵیود دۆستن هوفمان (dustin haffman) و جۆن ئرافۆلتا (john Travolta)یە و لە دەرهێنانی کۆستا- گارفاس (costa -garvas)ە.

ئەو کەناڵە میدیایانە بۆ زیاتر سەرنج ڕاکێشانی بینەر و دروستکردنی کاریگەری جۆراوجۆر لەسەریان هەندێك جار لە سنوورە ئاکارییەکان دەردەچن و میدیا تەنیا بەرەو لایەنە بازرگانییەکە دەبەن و بیریان دەچێ کە پەیامی میدیا پەیامێکی مرۆڤانەیە

لەسەرەتای فیلمەکەدا دۆستن هوفمان کە ڕۆژنامەنووسێکی بەناوبانگی مام ناوەندە، خۆی لە پەنایەکدا مەلاس داوە لەگەڵ کامێرامانێکی یاریدەدەری بۆ ئەوەی لە فرسەتێکدا لێدوان لە بەڕێوەبەری یەک لە بانکەکان وەربگرن کە کێشەیەکی گەندەڵی ئیا وروژێنراوە، بەڵام کە بەڕێوەبەرەکە ئامادە نییە لەو کاتەدا لێدوان بدات ڕۆژنامەنووسەکە ڕاپۆرتەکەی خۆی هەر ئامادە دەکات و ئیایدا ئاماژە بەوە دەکات کە بەگوێرەی زانیارییەکانیان پێدەچێ ئەو بەڕێوەبەرە لە کێشەی گەندەڵییەکە ئێوەگلابێت! بەڵام بەڕێوەبەری ئەو کەناڵە ئەلەفزیۆنییەی ڕۆژنامەنووسەکە کاری ئێدا دەکات ڕێگا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتەکە نادات و دەڵێت ڕۆژنامەنووس نابێت لەبری حاکم بڕیار بدات لەو جۆرە کێشانەدا.

داوائر بەڕێوەبەری کەناڵەکە، (هوفمان) ی ڕۆژنامەنووس ڕادەسپێرێ بۆ ڕوومالکردنی کێشەی کەمکردنەوەی کارمەند لە موزەخانەیەکی میژوویی سروشتی و لەگەڵ کچە کامێرامانێکی گەنج بەرەو شوێنەکە دەچن و قسە لە بەڕێوەبەری مۆزاخانەکە وەردەگرن، پێش دەرچوونیان لە موزەخانەکە و لەو کاتەی پەیامنێرەکە لە دەستۆرە، یەکێک لەو پاسەوانە دەرکراوانەی موزەخانەکە (جۆن ئرافۆڵتا) بە جانتایەکەوە خۆی دەکات بە ژووردا و داوا لە بەڕێوەبەری موزەخانەکە دەکات دەری نەکات و بێ موچەی نەکات. دوای ئووندبوونی گفتوگۆی نێوانیان دەرگای سەرەکی موزەخانەکە دادەخات و چەکێک لەناو جانتاکەی دەردەکات بەمەبەستی پاڵەپەستۆ خستنە سەر بەڕێوەبەرەکە بۆ گەڕانەوەی بۆ سەر کارەکەی. ڕێگا لە چوونە دەرەوەی ئەو منداڵانەش دەگرێت، کە لەگەڵ مامۆستاکەیان لەو ساتەدا لە موزەخانەکە دان. لەو کاتەدا ڕۆژنامەنووسەکە لە درزی دەرگای دەستۆرەکە گفتوگۆی نێوان چەکدار و بەڕێوەبەرەکە دەبینێت و بەئەلەفۆن پەیوەندی بە کامێرەمانەکە دەکات و دۆخەکەی ئێ دەگەیەنێت، کامێرەمانەکەش دەڵێت باشە هەر ئێستا پەیوەندی بە پۆلیس دەکەم! بەڵام ڕۆژنامەنووسەکە لێی ئووڕە دەبێت ودەڵێت نەخێر، پۆلیسی چی؟! بەڵکو پەیوەندی بکە بە کەناڵەکەمان با پەخشەکە ڕاستەوخۆ بکەن!

لەو کاتەی دیمەنی ڕووداوی ناو موزەخانەکە بە ڕاستەوخۆ پیشان دەدرێت و پەیامنێرەکەش قسە بۆ کەناڵەکەی دەکات، پەسەوانەکە بۆ زیاتر ئرساندنی بەڕێوەبەری موزەخانەکە کۆێرانە گوللەیەک بە ئەنیشتیدا دەنەقێنێت بێ ئاگا لەوەی بەر پاسەوانێکی ڕەش پێستی هاوڕێی دەکەوێت، لەو ساتەشدا کچە کامێرەمانەکە دەچێت بەهانایەوە و یارمەتی دەدات، کەچی دوائر پەیامنێرەکە سەرزەنشتی دەکات، لەوەی کە کاری ئەو وێنەگرتنە و نەدەبوایە بۆ یارمەتیدانی بریندارەکە کامێراکەی دابنایە و وێنەی برینداربوونی ئەو پاسەوانەی فەرامۆش بکردایە، کە بۆ کەناڵەکەیان زۆر گرنگ بوو!

(هوفمان) ئەگەر چی ڕۆژنامەنووسێکی ئازا و زیرەکە، بەڵام ئەوەندە ئیش لەسەر سەرنجڕاکێشانی خەڵکی و خۆدەرخستن دەکات، ئەوەندە بەچاوی مرۆڤانەوە سەیری ڕووداوەکە ناکات، بۆ درێژکردنەوەی پەخشی ڕووداوەکە ناهێڵێت کۆتایی بە کێشەکە بێ و پاسەوانە چەکدارەکە خۆی ڕادەستی پۆلیس بکات، ئەگەرچی دەیزانی دوای چەند خولەکێک لە دروست بوونی کێشە و دەمەقاڵییەکە کۆتایی پێ بهێنایە.

پێش ئەوەی ڕووداوەکە بە مردنی پاسەوانە بریندارە ڕەش پێستەکە و ئازادکردنی منداڵە بارمتەکان و بەڕێوەبەری موزەخانەکە بگات، هەمان ئەو کەناڵە لە ڕاپۆرتێکی پەیوەندار بەو کێشەیە ڕای خەڵکی وەردەگرێت لەسەر ڕووداوەکە و کەسێتی ئەو پاسەوانە دەرکراوە! هەندێ کەس بەبێ ئەوەی بیناسێ و پێشتر بینیبێتیان هەڵسەنگاندنی خۆیانی بۆ دەکەن، وەک ئەوەی پیاوێکی دەمارگیر و ئووڕەیە... و هەندێک جاریش بە ڕەگەزپەرستیش ناوزەدی دەکەن، چونکە پاسەوانە ڕەش پێستەکەی بریندار کردووە، کە دوائریش دەمرێت. لە پێش کۆتایدا پاسەوانەکە (جۆن ئرافۆڵتا) بە هۆی ئرسی زیندانی کردنی لە

هاوڵاتی

ئەنجامی کوژرانی هاوڕێ پاسەوانەکەی بە دەستی ئەو و بەهۆی زیانڕ بێ ئومێد بوونی لە چارەسەر کردنی کێشەکەی، کە گەڕانەوەبوو بۆ سەر ئەو کارەی لێی دەرکرابوو، بۆیە خۆی دەکوژێت.. لە کۆنایشدا کچە کامێرەمانەکە بە ڕۆڵی پەیامنێر دەچێتە بەردەم هوفمانی ڕۆژنامەنووس و لێی دەپرسێت ڕاتْ چییە لەو کۆنایە و لە خۆکوشتنی ئەو پاسەوانە! بەڵام هوفمان بە حەپەساوی سەیری زومی کامێراکە دەکاتْ، بۆیە کچە پەیامنێرەکە دووبارە پێی دەڵێتْ، ئکایە وەڵام بدەرەوە و ئێستا بابەتەکە گرنگترە و باشترە بۆ ئێمە! بەڵام هوفمان وەڵامی پرسیارەکە نادانەوە و هاوار دەکاتْ و دەڵێ: ئێمە کوشتمان!!!

ئەم فیلمە و چەندین فیلمی دیکەش کە لە ئەمەریکا و وڵاتانی دیکەی جیهان بەرهەم هێنراون، لە ئەنجامی ئەو گفتوگۆ و ڕای جیاوازانەیە کە لەسەر کاری میدیا و ئاکاری ڕۆژنامەنووسی دروستْ بوون، بەو پێیەی ساڵ دوای ساڵ پیشەی میدیایی زیانڕ پێش دەکەوێ و دەچێتە ناو وردەکاری بابەتْ و ڕووداوەکانەوە و لەگەڵیشیدا کێشەکانیش جۆراوجۆر و زیانڕ دەبن. سەبارەتْ بە کاریگەریی کەناڵە جیاوازەکانیش بەتایبەتی ئەلەفزیۆن لەسەر بیروبۆچوون و ڕەفتاری خەڵکی، ئەوا کەس گومانی لەو کاریگەرییە زۆرە نییە.

هەر بۆ نموونە ئەگەر بەر لە (50) ساڵ خێزانەکان و خەڵکی لە بەرانبەر یەک دادەنیشتن و دەخاونن، ئێستا ڕۆژانە ئەو خێزانانە زیانڕ لە (6) کاتژمێر بەرانبەر ئەلەفزیون دادەنیشن و گوێی لێ دەگرن و سەیری دەکەن تا ڕادەی فەرامۆشکردنی یەکتری بەهۆی زۆر سەرنج دانیان لەو کەناڵانە.

ئەوەی ئێمە لێرەدا قسەی لەسەر دەکەین ئەوەیە کە ئەو کەناڵە میدیایانە بۆ زیانڕ سەرنج ڕاکێشانی بینەر و دروستکردنی کاریگەری جۆراوجۆر لەسەریان هەندێک جار لە سنوورە ئاکارییەکان دەردەچن و میدیا ئەنیا بەرەو لایەنە بازرگانییەکە دەبەن و بیریان دەچێ کە پەیامی میدیا پەیامێکی مرۆڤانەیە، نابێ بکرێنە ئەنیا ئامرازێکی بازرگانی و پیشەسازی بۆ قازانجی دارایی و بەس، بەڵکو پێویستە هەمیشە و لەهەموو هەنگاو نووسین و ڕاپۆرتێکدا بەرژەوەندی گشتی بەر لە بەرژەوەندی ئایبەنی دابنرێتْ. دەنا ئەو جۆرە میدیاکارانە شایانی ئەو پایە و ڕێزە زۆر و ناتاساییەنین کە کۆمەڵگا پێیان دەداتْ و خەڵکیش چیتر ناچارنین بەردەوام لەهەر کاتێکدا بێتْ وەڵامی پرسیارەکانیان بدەنەوە، بەڵکو ئەو کاتە وەک هەر خاوەن کار و بازرگانێکی دیکە سەیریان دەکرێ کە ئامانجیان قازانج و دەسکەوتی ئایبەنییە.

ئەم فیلمە پیشانی دەداتْ کە میدیاکاران، هەندێک جار یان زۆر جار لە ئەرکی گواستنەوەی هەواڵ دەردەچن بۆ ئەرکی دروستْ کردنی هەواڵ لە کاتێکدا لەئەلف و بێی زانستی ڕاگەیاندنا هاتووە، کە لە ئەرکە سەرەکییەکانی ڕاگەیاندن بریتییە لە گواستنەوەی هەواڵ و پاشان ئەرکی بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچوون و زانیاری گشتی و ڕیکلام و گاڵتەوگەپ...هتد. بێگومان گواستنەوەی هەواڵ لەسەرەکیترین و گرنگترین و کۆنترین ئەرکەکانی میدیایە و ئەم ئەرکە میدیاکار جیادەکاتەوە لە هەندێک پیشە و کاری دیکەی نزیک و لێکچوو لەپیشەی میدیایی.

ماوەیەکە ئەم دەردە ناتاکارییە بەپیشەی ڕاستەقینەی ڕۆژنامەگەری گەیشتۆتە میدیاکانی هەرێمی کوردستان و هەندێک لە میدیاکان ئەوەندەی گرنگی بە دروستْ کردنی هەواڵی نازە دەدەن، نیو ئەوەندە گرنگی بە گواستنەوەی هەواڵەکە وەکو خۆی نادەن. بۆ نموونە دەیان مانشێتی سایتْ و ڕۆژنامە دیارەکانی خۆمانم لەلایە، کە

هەواڵنامەی کێشْ

« ڕۆژنامەی (هاوڵاتی) بەر لەچەند ساڵێك هەواڵی پەیوەندی سیخوڕی چەند کەسێکی بۆ بەرژەوەندی ڕژێمی بەعس بڵاوکردەوە، کە لەناو شەقامی ڕۆژنامەگەریی کوردیدا بە فایلدارەکان دەناسران و یەکێك لەو کەسانە لە ئاکامی بەرچاوکەوتنی ناوی خۆی لە ڕۆژنامەکەدا خۆی کوشت»

بۆچوونی سەرنووسەر و کراوە بە هەواڵ و بەگەورەترین فۆنتی لاپەڕەی یەکەم دانراوە، ئەنیا بە مەبەستی ورووژاندنی زیاتر و قەناعەتْ دروستْ کردن بە خوێنەر لەسەر ڕووداو یان بابەتێکی دیاری کراو، لەکاتێکدا ئەمە دووەم لە کاری ڕۆژنامەوانی پیشەیی و نابێ ڕاوبۆچوون ئێکەڵ بە هەواڵ بکرێ یان ڕاوبۆچوون بە هەواڵ بدرێتْ بە خوێنەر.

گفتوگۆی دوو هاوڕێی ڕۆژنامەوانی بەر لە (10) ساڵ پێش نووسینی ئەم بابەتەم لەبیرە کاتێک یەکێکیان بۆ ئەوەی دیکەی باسی دەکرد، کە ئەو ئێستا هەندێک جار لەسەر ڕێچکەیەکی نازەی میدیایی کاردەکاتْ، ئەویش ئەوەیە بەوتن و بڵاوکردنەوەی زانیاری ناڕاستْ لەسەر کەس و حیزب و دامودەزگاکان، ناچاریان دەکاتْ زانیاری ڕاستْ و زۆرتر بدرکێنن و دواتر وەک ئەرکێکی ڕۆژنامەوانی هەر خۆشی ڕەتدانەوە و وەڵامدانەوەکانیشیان بڵاودەکاتەوە !! ئەگەرچی ئێمە زۆر هەوڵمان دەدا، کە قەناعەتی پێ بکەین بۆچوونەکەی ڕاستْ نییە، بەڵام ئەو بەپاساوی جۆراوجۆر جەختی لەسەر بۆچوونەکەی دەکردەوە.

بەداخەوە ئەگەر جاران ڤایرۆسی ئەو دەردە نائاکارییە لەلای هەندێک لەسیاسەتمەدارەکان بوو بێتْ، بەوەی دەشێ ڕێگای ناڕاستْ و خوار و خێچ بۆ گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو بگرێتە بەر، کەچی ئێستا ئووشی دەیان میدیاکاری ئەم هەڕێمەی ئێمەش بووە بەبێ ئەوەی کەمترین قسە و ڕەخنەیان لەسەر بوروووژێنرێتْ.

لە ئێستادا شێوازی (سەرچاوەیەک کە نەیویستْ ناوی ئاشکرا بکرێتْ) لە دروستْ کردنی هەواڵدا لە هەڕێمی کوردوستاندا زۆر بەربڵاوە. ئەگەرچی ئەو بنەمایەی کە باس لەوە دەکاتْ دەشێ کەسێک بەبێ ئەوەی ناوی بهێنرێتْ، هەواڵێک بڵاوبکاتەوە یان بابەتێک بنووسێتْ بنەمایەکی ڕێگا پێدراوە بەمەبەستی زیاتر پێدانی ئازادی بە بڵاوکردنەوەی ڕاوبۆچوون و زانیارییەکان، چونکە کەسانێک هەن لەترسی لێپرسینەوەی کارگێڕی و سیاسی و سڵ لە درکاندنی هەندێک زانیاری دەکەنەوە، کە لە بڵاوبوونەوەیان بەرژەوەندی گشتی دێنە دی و ڕێگا لە گەندەڵی دەگرێتْ، بەڵام دەبێ بزانرێتْ ئەو بنەمایە مەبەستْ لێی چییە و بۆچی بەکار دەهێنرێتْ ئەنانەتْ لە وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتووەکانی دونیاشدا.

کەچی لە وڵاتی ئێمەدا جارێکی دیکە، ئەم بنەمایەش بەهەڵە و بۆ مەبەستێکی دیکەی ناڕەوا هەندێک جار بەکاردەهێنرێتْ، کە بڕیئیە لە دروستْ کردنی هەواڵ نەک گواستنەوەی. بە جۆرێک لە لای چاودێرانی بواری میدیای و مامۆستایانی زانستی ڕاگەیاندن بە چاوی گومانەوە سەیر دەکرێ، کە مەبەستْ لێی زیاتر بڵاوکردنەوەی پروپاگەندەیەک بێ لەبەرگی هەواڵدا. بۆ ئەشەنەسەندنی ئەم شێوازە بەدیوە خراپەکەی، ئەو کەسەی هەستْ بکاتْ ناوبانگی بەم جۆرە هەواڵە بەناهەق لەکەدار و ناشرین کراوە، پێویستە هانا بۆ دادگا بەرێتْ.

دوا دیمەنی فیلمەکە بە هاوارێکی ڕۆژنامەنووسەکە (دوستن هوفمان) کۆتایی دێتْ کە دەڵێتْ: ئێمە کوشتمان! دەیەوێ پێمان بڵێتْ ئەگەر میدیا بەباشی بەکار نەهێنرێتْ و بەرژەوەندییە باڵاکان لەبەرچاو نەگیرێتْ، دەشێ ببێنە ئامرازێک بۆ ئاوان کردن و بەناهەق ئازاردانی کەسانی دی، بێگومان ڕۆژانە ئەو خراپ بەکارهێنانی کەناڵەکانی میدیا بەئاسانی بەرچاو دەکەوێتْ لە وڵاتی خۆماندا.

ڕاستە کردنی هەر پیشەیەک مەترسی خۆی هەیە و بەبێ ویستْ، دەشێ جارەبەجار زیان بگەیەنێ و پێویستە لە ئاستێکی دیاری کراودا چاو لەو زیانەی بپۆشرێ، مادام ئامانجە سەرەکییەکەی بەرژەوەندی گشتی بووە. بۆ نموونە دەشێ پۆلیس بۆ دەستگیرکردنی ئاوانبارێک ئەقە بکاتْ و بریندارى بکاتْ، یان دادوەر لەکاتی حوکمداندا دەشێ هەڵە بکاتْ و زیان بەخاوەن کێشەیەک بگەیەنێ و کاری پزیشکی و زۆربەی کار و پیشەکانی دیکەش بەهەمان شێوە، بەڵام گرنگ ئەوەیە لەهەموو ئەو زیان گەیاندنانەدا مەبەستەکە بە دەستهێنانی سوودی ئایینەتْ نەبێتْ، بەڵکو بۆ سوود گەیاندن بێتْ بەکەسی بەرانبەر و کۆمەڵگا. دەنا کاتێک مەبەستەکە پێچەوانە

دەبێنەوە ئەو کاتە ئەو پۆلیس و دادوەر و پزیشکەش دەبنە ئاوانبارێکی ئاسایی و پێویستە لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێت.

بۆ نموونە کاتێک رۆژنامەی (هاوڵاتی) بەر لەچەند ساڵێک هەواڵی پەیوەندی سێخوڕی چەند کەسێکی بۆ بەرژەوەندی رژێمی بەعس بڵاوکردەوە، کە لەناو شەقامی رۆژنامەگەریی کوردیدا بە فایلدارەکان دەناسران و یەکێک لەو کەسانە لە ئاکامی بەرچاوکەوتنی ناوی خۆی لە رۆژنامەکەدا خۆی کوشت، لێرەدا ناتوانین رۆژنامەکە بە بکوژ ئەژمار بکەین، ئەگەر بێت و هەواڵەکە ڕاست بێ و مەبەست لە بڵاوکردنەوەی بەدیهێنانی سوودی کێش بێت، نەک سوود و بەرژەوەندی رۆژنامەکە و ناوبانگ دەرکردن و زیاتر فرۆشتن، یان هەر هیچ نەبێ نووسەری رۆژنامەکە دەبێ هیچ گومانێکی لە ڕاست و دروستی ئەو بەڵگەنامە و فایلانە نەبووبێت کە بڵاوی کردۆتەوە.

بەڵام ئەوەی بە ئاسانی لە میدیای کوردیدا زۆرجار هەستی پێ دەکرێ بێباکانە ڕووەت و پایەی کەسەکان بربندار دەکرێ بەهۆی بڵاوکردنەوەی هەواڵی ناڕاست و هەڵبەستراو لەسەریان، بەبێ کەمترین خۆماندووکردنی ئەو رۆژنامەنووسە، بۆ دڵنیا بوون لە ڕاست و دروستی هەواڵەکە، ئەوا ئەگەر ئەو میدیاکارە هەر خۆشی هەواڵەکەی دروست نەکردبێ! لەیاساشدا هەندێک هەڵەی گەورەی هەیە، دەچێتە خانەی ئاوانەوە، دەنا چۆن دەبێ رۆژنامەنووسی هەندێک هەواڵی سەیر و سەمەرەی ناو ئینتەرنێت و نۆرە کۆمەڵایەتییەکان کە هەندێک جار بڵاوکەری ڕاستەقینەی هەواڵەکە دیار نییە یان خۆی دەرناخات، بێت و جارێکی دیکە لە رۆژنامەیەکی کاغەزی یان کەناڵێکی ئەلەفزیۆنی بڵاوی بکاتەوە، کە هەر بە بڵاوبوونەوەی خەڵکانێکی زۆر باوەڕ بە ڕاستییەکەی دەهێنن و ناو و ناوبانگی ئەو کەسەیان بەناهەق لاسوک دەبێت.

هەندێک جار دەونرێت هۆکاری ئەو هەموو ناوزڕاندن و نووندوئێژی ڕاگەیاندنە، گەندەڵی حکومەت و دام و دەزگاکانییەتی، بەڵام ئەگەر گەندەڵی ئەو دیاردەیە بێت، کە ئێستا گەورەترین کێشەی بۆ هەرێمی کوردستان و گەڵێک وڵاتی دیکە دروست کردووە، بەجۆرێک هەندێک جار وەک مۆرانەیەک ناو دەبرێت، کە ناخی درەختی حوکمڕانی کوردی کلۆر کردبێ. ئەوا ڕۆژ بە ڕۆژ ناوزڕاندن لەحاڵەتەوە بەرەو دیاردە دەچێ و ناخی مرۆڤەکان دەکوژێ. کەچی لەبری بەرەنگاربوونەوەی پاساوی جۆراو جۆری بۆ دەهێنرێتەوە و کەمترین جارێش نووسەران هەوڵی سنووردار کردن و ناشرینکردنی دەدەن، خراپتر لەوەش هەندێک جار بەمەسەلەیەکی ئاسایی نیشان دەدرێ، کە پێویست ناکات بکەرەکەی هیچ لێپێچینەوەیەکی لەگەڵدا بکرێت.

ئەوەی جێگای پرسیارە ئەوەیە ئایا ناوزڕاندن نیشانەیەکی نەخۆشی گەندەڵییە یان نەخۆشییەکی جیاوازە نابێ هیچ پاساوێکی بۆ بهێنرێتەوە؟ ئایا ناوزڕاندنیش بۆتە کولتوورێک لە نێو کۆمەڵی کوردەواری یان نا، بنەماکەی میکافیلی (ئامانج ڕەوایەتی دەداتە ڕێگاکانی گەیشتن پێی) بەسەر ناوزڕاندن بۆ بەرگرتن لەگەندەڵی دەچەسپێت، کە هەندێک میدیاکار باوەڕی پێیەتی یان نا؟ ئایا ناوزڕاندن لە خودی سەرپێچیەکی یاسایی وەک سەرپێچیەکانی هاتوچۆ سەیربکەین، یان ئاوانێکە لە جۆری کەوتن و پێویستە نووندنر مامەڵەی لەگەڵدا بکەین، ئەگەر ئێمە مرۆڤ دۆستین و کار بۆ بەدیهێنانی کۆمەڵێکی مەدەنی دەکەین؟ ئەوەی جێگای سەرنجە ئەگەرچی لەدێرزەمانەوە هەر لەسەردەمی یاسای حامورابی کە میژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ پێش زایین، ئا دەگاتە یاساکانی سولون و دوانزە ئابلۆکەی ڕۆما، ناوزڕاندن و بوختان بۆ کردن بەکارێکی ناڕاسایی و نایاسایی دانراوە و بکەرەکەی سزادراوە. ئەگەرچی گشت ئایینەکانیش بەئوندی ڕێگری دەکەن لە سووکایەتی پێکردن و ناوزڕاندن و بەکارێکی حەرامیان داناوە، سەرەڕای ئەوەی یاسای گشت وڵاتە دیموکراسی و پێشکەوتوەکان بە ئوندی سزای بەناهەق ئۆمەت خستنە پاڵ و ڕوشاندنی ناوناوبانگی کەسەکان دەدات، کەچی لەلای هەندێک کەس لەوڵاتی ئێمەدا خەریکە ئەو باوەڕە دەچەسپێت کە لای وایە میدیاکار و ڕۆژنامەنووسان نابێ لەسەر کارەکەیان لێپرسینەوەی یاساییان لەگەڵدا بکرێ و سزا بدرێن. هەر دەستگیرکردن و لێپرسینەوەیەکی یاسایش لەگەڵیاندا بەسەرپێچی دژ بە میدیاکاران حیساب دەکرێ و دادوەر و سکاڵا کارەکەی دەدرێتە بەر نەشتەری ڕەخنە و قسە پێ گوتن. چەندین بەڵگەشم بۆ ئەم قسەیە هەیە، کە ڕووتریان ڕاپۆرتە شەش مانگییەکەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانە، کە زۆربەی دەستگیرکردنەکانی ڕۆژنامەنووسانی بەسەرپێچی دژ بە ڕۆژنامەنووسان ئەژمار کردوە، بەبێ جیاوازی کردن لە نێوان ئەو دەستگیرکردنانە کە بەگوێرەی یاسا ئەنجام دراون یان بەسەر پێچی یاسا ئەنجام دراون.

لەلایەکی دیکەشەوە جیاواز لەهەموو ئاوانێکی دیکە هەر زوو هەندێک ڕێکخراوی داکۆکی کردن لە ڕۆژنامەنووسان بەبێ هیچ لێکۆڵینەوەیەکی ئەوتۆ لە دۆسیەکە دەرکردنی بەیاننامە بۆ داکۆکی کردن لەو میدیاکارەی دەستگیرکراوە یان ئوشی لێپرسینەوەی یاسایی بووە! هەموو ئەوانەش وا دەکات سزادانی ڕۆژنامەنووسی کە لە هەرێمی کوردستاندا ئەنیا بەڕێگای دارایە (پێ بژاردن) ئەو ئامانجەی خۆی نەهێنێتە دی کە بڕیارە لەچاکسازی ئەو کەسە و ئرساندنی کەسانی دی لە دووبارەکردنەوەی. چونکە لەبری قێزەونکردنی ڕەفتارەکە و هەوڵدان بۆ دووبارەنەکردنەوەی، خۆی بەچاکە و کۆمەڵگاش بەچاوێکی ئاسایی و هەندێک جار ئازا و پاڵەوانیش سەیری دەکات. ئەمەش وادەکات وردە وردە ناوزڕاندن و بریندارکردنی ناو و ناوبانگی کەسەکان بەناهەق، لەحاڵەتەوە بگۆڕدرێت بۆ دیاردە.



چەمکی رۆژنامەنووسی

د. هەڤاڵ ئەبوبەکر
مامۆستای رۆژنامەگەریی لە زانکۆی سلێمانی

رۆژنامەنووسیی وەک هەر چەمک و زاراوەیەکی دیکەی ناو زانستە مرۆڤایەتییەکان، ئاکە لێکدانەوە و پێناسەیەکی دیاریکراوی نییە، بەڵکو بەچەندین جۆر ناسێنراوە و هەر بوارێکی مرۆڤایەتیی لە گۆشەنیگای خۆیەوە ئەم زاراوەیەی لێکداوەتەوە، بەڵام ئەمە ناکاتە ئەوەی کە پێکهاتە و ناوەرۆک و ئایینەمەندیی رۆژنامەنووسیی ونبکات، بەڵکو بایەخ و رۆڵی لە ناوخۆی و لە ناو زانستەکانی دیکەشدا زیاد دەکات.

لێکدانەوەکانی ئێمە لەم لێکۆڵینەوەیەدا لەو ڕوانگەیەوە سەرچاوە دەگرێت کە خودی ڕۆژنامەنووسییە، ڕۆژنامەنووسییەک کە لە هەناوی کایە ئەدەبییەکانەوە لەدایکبووە، بەجۆرێک کە ئا ئەمڕۆش نائوانرێت پشکی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریدا وەلاوەبنرێت. ڕۆژنامەنووسیی و دوانریش ڕۆژنامەگەریی ئاوێزانی ئەواوی بوارەکانی ژیان بوون و ئا ئەوەی بوونەتە کەسێک یان ئەندامێک لە ئەندامەکانی هەر خێزانێک و ئامادەییەکی دیاریان لە ژیانی ڕۆژانەماندا هەیە، ((ڕۆژنامەنووسیی دڵی کۆمەڵگا و هۆش و هەستەکانییەتی، ئەو ئاوێنەیەیە کە ئەو شتانەی لە دەوروبەرماندا دەگوزەرێن، پیشانمان دەدات، نەک هەر ئەوانە بەڵکو ئەوانەشی کە لە پشتی پەردەوە ڕوودەدەن و پێیان نازانین، ڕۆژنامەنووسیی دێت و بۆمان ئاشکرادەکات)).

ڕۆژنامەنووسیی لە لاتینیدا بە Journalism دێت، کە لە وشەی Journal هوە وەرگیراوە، ئەویش لە وشەی Jour ی فەرەنسییەوە وەرگیراوە کە بەمانای» ڕۆژ» دێت، Journal لە فەرەنسییدا بەمانی ڕۆژانە دێت. (فەرهەنگی ئۆکسفۆرد) زاراوەی (Press) بە واتای ڕۆژنامەنووسیی* بەکاردەبات و مەبەستی پێی شتێکە کە پەیوەندیی بە چاپ و بڵاوکردنەوە و زانیاریی و هەواڵەکانەوە هەبێت. لە زمانی عەرەبیدا زاراوەی (الصحافة)ی بۆ بەکاردێنن کە بە پیشەی ئەو کەسە دەزانرێت کە هەواڵەکان کۆدەکاتەوە و لە ڕۆژنامە یان گۆڤارێکدا بڵاویان دەکاتەوە، یەکەم کەسێک لە زمانی عەرەبییدا کە ئەم زاراوەیەی بەمانای ئیستای بەکارهێناوە «نجیب الحداد»ی دامەزرێنەری ڕۆژنامەی «لسان العرب» بووە لە ئەسکەندەریە لە میسر. بەگشتیی ئەم دوو زاراوەیە «جۆرنالیزم و پرێس» کە بەواتای ڕۆژنامەنووسیی دێن، بریتین لە زانست و هونەری دەرکردنی ڕۆژنامە* و گۆڤار و بواری نووسین و دارشتنی بابەت و هونەرە ڕۆژنامەنووسییەکان و هونەرەکانی وێنەکێشان و وێنەگرتن و هێڵکاریی و نەخشەسازی و چاپکردن و ڕیکلام بڵاوکردنەوە، کە کرداری دابەشکردن و فرۆشتنیشیان بەدوادادێت. جۆرنالیزم بە واتایەکی گشتگیرتر دێت و گوزارشتە لە ڕۆژنامەگەریی وەک زانست، پرێس سنووردارتر و زیاتر بۆ گوزارشتکردنە لە کرداری ڕۆژنامەگەریی، هەر ئەمەشە وایکردووە بە پێی زانستیی ڕۆژنامەگەریی نوێ جۆرنالیزم بەو زانستە بزانرێت، کە لە ئیۆر و کرداری ڕۆژنامەگەرییش دەکۆڵێتەوە کە ئەمەی دواییان دەچێتە خانەی (The press)ەوە، زاراوەی جۆرنالیزمیش لە کۆنایی سەدەی حەڤدەیەمەوە بەتەواوی لە زمانی ئینگلیزییشدا بەم واتایەی دەچەسپێت.

(شێخ محەمەدی خاڵ) دەنووسێت: ((ڕۆژنامەگەریی: خەریکبوون بە دەرکردنی ڕۆژنامەوە دەبەخشێ))، (د.کەمال مەزهەر)یش دەنووسێت: ((نووسەرانی کورد زاراوەی «ڕۆژنامەگەریی» بۆ «الصحافة» بەکاردێنن،... بەڵام قسەی چەند برادەرێکی شارەزا وای لێکردم «ڕۆژنامەنووسیی» بەکاربێنم، چونکە زیاتر لەگەڵ دەستوری زمانی کوردییدا دەگونجێ))، بەڵام ئێمە لێرەدا زاراوەکانی (ڕۆژنامەنووسیی، ڕۆژنامەگەریی، ڕۆژنامەوانیی) بەم جۆرانە دەناسێنین:

1. ڕۆژنامەنووس: هەر کەسێکە بۆ ڕۆژنامە بنووسێ، ئیدی مەرج نییە لە ناو ڕۆژنامەکەدا بێت و بەدوای کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا بچێت.

2. ڕۆژنامەگەر: هەر کەسێکە ئەکنیک لە ڕۆژنامەدا بەکاربێنێت بۆ کۆکردنەوە یان ئامارکردن، یان چاپکردن، یان نەخشەسازی، یان بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە.

3. ڕۆژنامەوان: هەر کەسێکە کە لە ڕۆژنامەیەکدا کاردەکات، یان بابەتەکانی بۆ ڕۆژنامە ئامادە دەکات و بەخۆی بەدوای کۆکردنەوە و ڕوومالکردنی زانیاییەکانەوە دەبێت و دەیانکاتە بابەتی ڕۆژنامەنووسیی، کەوائە لایەنی پیشەیی لە ڕۆژنامەنووسییدا دەگرێنەوە.

وائە: هەموو ڕۆژنامەوانێک ڕۆژنامەنووسە و ئەگەر ئەکنیکیشی بەکاربرد ئەوا ڕۆژنامەگەریشە، بەڵام

ڕۆژنامەوان: هەر کەسێکە کە لە ڕۆژنامەیەکدا کارەکات، یان بابەتەکانی بۆ ڕۆژنامە ئامادە دەکات و بەخۆی بەدوای کۆکردنەوە و ڕووماڵکردنی زانیاییەکانەوە دەبێت و دەیانکاتە بابەتی ڕۆژنامەنووسیی

مەرج نییە هەموو ڕۆژنامەنووس و ڕۆژنامەگەرێک ڕۆژنامەوان بن. کەوانە:

1. ڕۆژنامەنووسیی: هەموو ئەو هەنگاو و کردارانە کە بۆ نووسین یان ئامادەکردنی پەیامێکی میدیایی بەڕێوەدەچن و زیاتر وابەستەی پەیامێکی نووسراوە بۆ هەر کەناڵێکی میدیایی بە ڕۆژنامەشەوە. لەبەر ئەوەی لە ڕۆژنامەی چاپکراودا نووسین ڕەگەزی زاڵە، بۆیە ئەم زاراوەیە زیاتر بۆ ڕۆژنامەی چاپکراو بەکاربراوە، بەڵام بە نووسینی پەیامی ئێزگەیی یان ئەلەڤیزیۆنیی یان ئینتەرنێتییش هەر دەوترێت ڕۆژنامەنووسیی (وەک دەوترێت: ڕۆژنامەنووسیی چاپکراو، ڕۆژنامەنووسیی بیسڕاو، ڕۆژنامەنووسیی بینراو، ڕۆژنامەنووسیی بیسڕاو و بینراو، ڕۆژنامەنووسیی مەڵتی میدیایی) و لە مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردیشدا زیاتر ڕۆژنامەنووسیی بەکارهاتووە، چونکە ئەنیا کەناڵی ماسمیدیای کوردیی تا سەردەمانێکی زۆر ڕۆژنامەی چاپکراو بووە و هونەرە ڕۆژنامەنووسییەکانیش وەک شێوازی نووسین لە نووسیندا بەکاردێن نەک لە ڕۆژنامەگەریی و ڕۆژنامەوانییدا. لە ڕۆژنامەنووسییدا «ئوانسڵی کەسیی: ڕەگەزی زاڵ دەبێت.

2. ڕۆژنامەگەریی: کرداری ئەکنیککارییە بۆ ڕووماڵکردن و ئۆمارکردن و چاپ و بڵاوکردنەوەی ئەو پەیامە ڕۆژنامەنووسییەی ئامادە دەکرێت بۆ کەناڵێکی میدیایی بە ڕۆژنامەشەوە، زۆرجاریش لە بری زاراوەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنیش بەکاردێت، «ئوانسڵی ئەکنیکیی» ڕەگەزی زاڵ دەبێت ئیایدا.

3. ڕۆژنامەوانیی: کرداری گەڕان و کۆکردنەوەی ڕاستەوخۆیانەی ڕووداو و بابەتاکانە کە ڕۆژنامەوان لە ڕێی ئوانسڵی کەسیی ئەکنیکەوە ڕووماڵیان دەکات و دەیانکاتە بابەتی ڕۆژنامەنووسیی و دەیانگوێزێنەوە بۆ کەناڵێکی میدیایی بە ڕۆژنامەشەوە، «ئوانسڵی کەسیی لەگەڵ ئوانسڵی ئەکنیکیی»دا ڕەگەزی زاڵ دەبن ئیایدا.

لە فەرهەنگەکاندا «ڕۆژنامەنووسیی» بەچەند واتایەکی دیکەش دێت:

1. پیشەسازیی ڕۆژنامەنووسیی.
2. نووسینی ڕۆژنامەنووسیی:

ا. بابەتی ئامادەکراو بۆ بڵاوکردنەوە لە ڕۆژنامەدا.

ب. نووسینێک کە بەشێوەی پیشاندان ڕاستەوخۆ ڕووداوەکان بخاتە ڕوو.

پ. نووسینێک کە لای وەرگر جێی سەرج بێت.

3. ڕۆژنامە و گۆڤارەکان:

بەکارهێنانی ڕۆژنامەنووسیی وەک کردارێک بۆ بڵاوکردنەوەی زانیاریی، مێژووییەکی دێرینی هەیە، زۆرێک لە سەرچاوەکان ئەم مێژووە دەبەنەوە سەردەمی بابلییەکان، بەوەی لەو سەردەمەدا کەسێکیان دەستنیشان دەکرد بۆ ئۆمارکردنی گرنگترین ڕووداوەکانی ڕۆژ نا خەڵک لێیان ئاگاردابن، مێژوونووسی جوولەکە (فلایفۆس جۆزیف)، ئەوە دوپاث دەکاتەوە کە بابلییەکان مێژوونووسەکانی خۆیانیان ڕادەسپارد بەئۆمارکردنی ڕووداوەکان، ئەمەش لە چەرخی سێیەمی پێش زایینداا، دوانر چینییەکان دێن کە بە درێژایی 1500 ساڵ ڕۆژنامەیەکی ڕەسمییان بەناوی ئیمپراتۆریەتی خۆرەوە دەرکردووە، قۆڵنێریش دەڵێت: ((لە سەردەمانێکی زۆر کۆنەوە لە چین ڕۆژنامە و گۆڤار هەبوون))، یان دەوترێت ڕۆژنامەی «کین بان»ی چینییەکان لە ساڵی 911 پێش زایینداا یەکەم ڕۆژنامەی دنیا بووە و بە مانگانە دەرچووە، هەندێک ڕای دیکەش وا باس دەکەن کە یەکەم ڕۆژنامە لە دنیادا ڕۆژنامەی چینییەکان بووە، کە بەناوی «کینگ باو»ەوە لە پەکین لە چەرخی هەشتەمی زایینداا دەرچووە. سەرچاوەگەلێکی دیکەش باس لەوە دەکەن کە یەکەم ڕۆژنامەی دنیا ڕۆژنامەی «ئەکتادیۆرینا»ی ڕۆمەکان بووە، کە یۆلیۆس قەیسەر لە ساڵی 58ی پێش زایینداا دەری کردووە، ئەگەر بمانەوێت بۆ مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بگەڕێینەوە دەبێت بگەڕێینەوە بۆ سەرەتای مێژووی مرۆڤایەتیی، چونکە وەک دەوترێت: ((ڕۆژنامەنووسیی هێندەی دنیا کۆنە))، بەڵام ئەم مێژووە بە مێژووی کۆنی ڕۆژنامەنووسیی دادەنرێت و بە قۆناغی پێش چاپەمەنیی دەناسرێت، مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بە چەمکی ئێستای بۆ داهێنانی چاپەمەنیی لە ساڵی 1436ەوە لە لایەن (جۆهان جنسفلیش گۆتنەبەرگ)ەوە لە شاری مایەنزی ئەڵمانیا، دادەنرێت. سەرمایەداریی ڕۆڵی گرنگی لە گەشەسەندن و

بـڵاوبـوونـەوەیـدا رۆژنـامـەنـووسـیـی نـوێ هـەبـووە، هەندێک سـەرچـاوەی دیکەش پێیان وایـە رۆژنامەنووسیی نـوێ مێژووەکەی بۆ نیوەی یەکەمی سەدەی نۆزدەیەم دەگەڕێنەوە. لەگەڵ ئەو سەرچاوانەی باسی بابلییەکان یان میسرییەکان یان چینییەکان دەکەن، بەڵام دواجار رۆژنامەنووسیی بووەنە داهێنان و بەرهەمێکی خۆرئاوایی و ئانوانین بەردەوامبوون و پێشکەوتنی رۆژنامەکان بەکەم بایەخنر لە نووسینەوەی چەند بابەتێکی سادەی ئاشکرا و بەڵگەنامە نەکراو بزانین، (ئەمیل بواڤان) دەڵێت: ((بەڵگەنامەگەلێکی وا لە بەردەستدانین ئـەوە بسەلمێنن کە لە سەردەمانێکی زۆرەوە رۆژنـامـە و گـۆڤـار لـە چین هەبووبن))، چونکە بنەماکانی (شار، خوێندەواریی، بازرگانیی، پیشەسازیی) بە بناغەی لەدایکبوونی رۆژنامەنووسیی نـوێ دادەنـرێـن، (دانـیـڵ لیرنەر)یش دەڵـێـت: ((پـەیـوەنـدییـەکـی پـتـەو لە نـێـوان شارستانیبوون و خوێندن و رۆژنامەنووسییدا هەیە)). بەدوای قۆناغی چاپەمەنییدا، قۆناغی رۆژنامەنووسیی ئەلکترۆنیی و دوانـر رۆژنامەنووسیی دیجیتاڵیی دێـن، کـە لـە سـەردەمـی ئەمڕۆدا لە ڕێی ئینتەرنێتەوە بە دنیادا بڵاودەبنەوە.

رۆژنـامـەنـووسـیـیـش بـۆ هـونـەرە رۆژنامەنووسییەکان و هەریەک لە ئیۆری رۆژنامەنووسیی و ڕەخنەی رۆژنامەنووسیی و میژووی رۆژنامەنووسیی دابەشدەبێت، لەبەرئەوەی لێکۆڵینەوەکەی ئێمە لەسەر هونەرە رۆژنامەنووسییەکانە بۆیە ئەو سێ بوارەی دیکە لێرەدا ناخەینەڕوو.

بەگشتیی رۆژنامەنووسیی بەشێکە لـە کـرداری بـەکـۆگـەیـانـدن، کـرداری بەکۆگەیاندنیش بەشێکە لە کـرداری پەیوەندیکردن و رۆژنامەنووسییش بەرهەمێک بـەرهـەم دەهێنێت، کە دەبێـت بـە یەکێک لـە ئامرازەکانی ماس میدیا، کەواتە وەک ئەڵمانییەکان دەڵـێـن: ((رۆژنـامـەنـووسـیـی بریتییە لـە پـەیـوەنـدیـکـردنـی مـرۆڤ لەگەڵ یەکتر بەشێوەیەکی گشتیی و ئاشکرا بـەهـۆی جـۆرەکـانـی پەیوەندیکردنی زەینی (لەگەڵیان) یەکێکی میدیا بۆ بەرهەمهێنانی ئێگەیشتن دەربارەی شتی واقیعیانەی سەردەم و کۆمەڵ)) (بیار ئەلبێر) لۆێژەری فەرەنسایی لە کێبی رۆژنامەنووسییدا دەڵێت: ((رۆژنـامـەنـووسـیـی ئـاوێـزانـکـردنـی بەرهەمێکی پیشەسازیی و داهێنانێکی فیکرییە لە یەک کاندا))، (ئەدۆلف ئۆخس) یش دەڵێت: ((پیشەیەکی پەیڕەوبەندانەیە لە پێناوی بـەرژەوەنـدیـی گشتییدا))، لە فەرهەنگی ویکیپیدیاشدا هاتووە: رۆژنامەنووسیی کۆکردنەوە و شیکردنەوە و لێکۆڵینەوە و خستنەڕووی زانیارییەکانە دەربارەی ڕووداوە ئێستاییەکان و ئاراستە و دۆز و کەسەکان. (د. ئەدیب خەزوور) دەنووسێت: ((رۆژنامەنووسیی زانستیشە و هونەریشە، بۆیە وەک هەر زانستێک پێویستی بە لێکۆڵینەوە هەیە و وەک هەر هونەرێکیش پێویستی بە خواست و بەهرە و ئارەزوومەندیی هەیە))، لەلایەکی دیکەوە رۆژنامەنووسیی بەدیاردەیەکی زیندووی کۆمەڵایەتیی دادەنرێت و لە زۆر باریشدا وابەستەی ئەو کۆمەڵگایە دەبێت کە تیایدا دەردەچێت، بۆیە ناتوانرێت رۆژنامە لە کۆمەڵگا جیابکرێتەوە، یان دەوترێت ((رۆژنامەنووسیی بریتییە لە کرداری بڵاوکردنەوە لە ڕێگای ئامرازە چاپکراوەکانەوە))، کەواتە رۆژنامەنووسیی بەگشتیی ئەو کردارەیە کە تیایدا لە

لایەن کەسی ڕۆژنامەوانەوە ڕووداوەکان ڕوومالّدەکرێن و دواتر دادەڕێژرێن و پاش بژار و جوانکردن و ڕازاندنەوە ئاراستەی خوێنەران دەکرێن و بەگشتیی خۆی لە سێ هونەری دیاریکراودا دەبینێنەوە، کە بریتیین لە: (هونەری نووسین، هونەری دەرهێنان، هونەری بەڕێوەبردنی ڕۆژنامە)، بە ئێروانینێکی دیکە ڕۆژنامەنووسیی دیاردەیەکی ئابووریی کۆمەلّایەتییە لە کۆمەلّدا، هێزێکی سەرەکیشە بۆ پێکهێنانی ڕای گشتیی و لێک گەیشتنی مرۆیی، بۆیە پەیامی ڕۆژنامەنووسیی پەیامێکی گشتگیرانەی ئامانجدارانەیە بۆ کۆکردنەوەی زۆرترین خەلّک لە دەوری ئامانجە مرۆییە باڵاکانی کە لە ناوەڕۆکیاندا هەموو مرۆڤایەتیی بەشدارن، (نۆفلەر)یش دەنووسێت: ((زانین ئەو ئەوەڕەیە کە شەڕەکانی ئایندە و شۆڕشە کۆمەلّایەتییەکانی لە دەوردا دەخولێنەوە و بنەمای سەرەکیی دیاردەی جیهانگەریشە، ڕۆژنامەنووسییش بەشێکی گرنگ لەم کرداریەدا جێبەجێ دەکات، کە ئەویش دەستخستنی زانیارییە))، لە فەرهەنگی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییشدا هاتووە: ڕۆژنامەنووسیی بریتییە لەو هێزە کاریگەرەی کارایی خۆی لە هێزی ئەو وشانەوە وەردەگرێت، کە لە هۆش و دەروونی خەلّکدا دروستی دەکات، بۆیە ڕۆژنامەنووسیی پیشە و پەیامە، نەک ئەنیا بازرگانییەکی ڕووت. وشەی چاپکراو کە خۆی لە ڕۆژنامەدا دەبینێنەوە کرداری ڕۆژنامەنووسیی بەرهەمی دێنێت و لە بایەخدارترین بەکارهێنانەکانی وشەیە، زۆرترین کاریگەرییەک کە پێکدێت، ڕۆژنامەنووسیی و ئەو زمانەی کە بەکاردێت لە ڕۆژنامەنووسییدا دروستیدەکەن. ڕۆژنامەنووسیی ئەو هونەرەی پەخشانە کە لە پەخشانی کرداریی جیادەبێنەوە و دەشێت ناوی بنێین پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی، خاوەنی ئایەنمەندییەکە کە بەئاسانیی و ڕوونیی و ئاشکرایی واتاکان دەداث بەدەستەوە و هەموو ئاستەکانی کۆمەلّ دەنوانن لێی ئێبگەن، لەم بارەیەوە دەنڕێت: ڕۆژنامە لەگەلّ خەلّکدا دەدوێت، بۆیە بەزمانێک دەنووسرێت کە ئێگەیشتنی بابەتەکانی لای هەموو خەلّک ئاسان بێت، جەماوەرییوونی ڕ ۆژنامەگەریی وا لە کرداری ڕۆژنامەنووسیی دەکات کە بەزمانێک بنووسرێت کە لای جەماوەرەکەی ئاسان و وەرگیراو و واتادار بێت. لە ڕۆژنامەنووسییدا ئەرکە بنەڕەتییەکانی زمان وەک: ئەرکی کۆمەلّایەتیی (پەیوەندیی کۆمەلّایەتیی)، گوزارشتکردن (هەست و سۆز و ڕوانین و ئەزموون)، پەسندکردن (هەواڵ و گەیاندنی زانیاریی) جێبەجێ دەکرێن، ڕۆژنامەنووسیی چەقی کرداری میدیاییە، ئەو پەیامەشی لە ڕۆژنامەنووسیی دەکەوێنەوە و ئاراستەی خەلّک دەکرێت، کرۆکی کرداری ڕۆژنامەنووسییە، ((ڕۆژنامەنووسیی چالاکیی هۆشی مرۆیی ئاراستە دەکات))، بۆیە ئەگەر لە مێژووی ڕۆژنامەنووسیی بکۆلّینەوە دەنوانین ئاستەکانی گەشەی کۆمەلّایەتیی دیاری بکەین.

ڕۆژنامەنووسیی کردارێکە وشە دەکاتە بنەما و وێنەی چەسپاو و هێلّاو ڕەنگیش وەک ئامرازی یاریدەدەر بەکاردەبات بۆ پێکهێنانی پەیامەکەی کە ئەمەش لە ئاستی مادییدا پیشەسازییە، لە ڕووی نووسین و بلّاوکردنەوەشەوە هونەرە. بۆیە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی، وەک هەر پەخشانێکی ڕۆژنامەگەریی بریتییە لە پێکهێنانی پەیامێکی زمانیی (نووسراو) و گواستنەوەی بۆ وەرگرێکی (خوێنەر) و زامنکردنی پەیوەندیگرتن و ڕاگەیاندن بۆی، لە ڕێی یەکێک یان چەند هونەرێکی ڕۆژنامەنووسییەوە، (فلیپ گایار) ڕۆژنامەوانی فەرەنسایی لە کتێبەکەیدا بەناوی (نەکنیکی ڕۆژنامەنووسیی)دەوە، کۆمەلّێک بنەما بۆ پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی دادەنێت لەوانە:

1. ئامانجی سەرەکیی شێوازی ڕۆژنامەنووسیی زیاتر لە هەر شتێک دەیەوێت ئەو ئامانجە بپێکێت کە خوێندن و ئێگەیشتن بۆ خوێنەری ئاسایی، ئاسان بکات، کەوابە سادەنووسین ئایەنمەندییەکی دیاری پەخشانی ڕۆژنامەنووسییە.
2. بابەت و نووسراوەکان سەرنجڕاکێش و شیرین بکات و خوێنەر بکاتە شایەنێکی ناڕاستەوخۆی ڕووداوەکان.
3. نووسینی ڕۆژنامەنووسیی دەشێت تا ئەو جێگەیەی پێی دەکرێت خوێنەر ببانە ناخی ڕووداوەکەوە.
4. لە ڕۆژنامەنووسییدا دەشێت هەر بابەتێک بەشێوەیەکی ئایەتی بنووسرێت، یان بەهونەرێکی ئایەتیی ڕۆژنامەنووسیی دابڕێژرێت.
5. ڕاستیی نووسین، واتە ڕۆژنامەنووس چی بینیوە یان هەستی پێکردووە یان بیستویەتی وەکو خۆی پیشانی خوێنەری بدات.
6. زیندوێتیی شێواز، کە بەهۆی سادەیی و سووربوون و لێبڕان و شیکردنەوەوە لە نووسیندا بەرجەستە دەبێت.

پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی، یان ڕۆژنامەنووسیی وەک بەشێکی دیاری پەخشانی کرداریی کە لە ئاوێزانبوونی پەخشانی ئەدەبیی یان هونەریی و پەخشانی زانستییەوە دێنەکایەوە، زمانێکی بژارکراوی ڕۆژانەی خەلّکی لێ دەردەچێت کە دواجار خزمەنێکی گەورە بە بواری فەرهەنگ و دەولّەمەندکردنی زمانی نەنەوەیی هەر نەنەوەیەک دەکات و دەبێنە هۆیەک بۆ پێکەوەگرێدانی خەلّک بەیەکەوە، (د. نصرالدین العیاچی) دەلّێت: ((پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی ڕایەلّەیەکە لە نێوان پەخشانی ئەدەبیی و پەخشانی ئاسایی «زمانی ڕۆژانەی خەلّک» و پەخشانی زانستییدا))، بەجۆرێک کە بنوانێت ڕووداوێکی

دیاریکراو بەهەمان ئێگەیشتنەوە بۆ هەموو خەڵک بگوێزێنەوە، هەر ئەمەشە کە وادەکات ڕۆژنامەنووسیی هۆکاری بنەڕەتیی پێکهێنانی ڕای گشتیی بێت.

کەوانە پەخشانی ڕۆژنامەنووسیی وا دەخوازێت بەباشی خاڵبەندیی ئێدا ڕەچاوبکرێت و لە هەمان کاتدا بە خۆگونجاندن لەگەڵ پێشکەوتنەکانی زمان و زانستی ڕۆژدا، دەستەواژەی نوێ بەکاربهرێت. لەم جۆرە پەخشانەدا ناشیرینترین دیاردە و ڕووداو و کارەساتە و ئاوانەکان بە زمانێکی شیرین و جوان دەخرێنەڕوو، بەجۆرێک کە هەواڵی خراپبوونی ئاوەڕۆی شوێنێک لە ڕۆژنامەیەکدا بخوێنینەوە بێ ئەوەی چەشە و زەوقی خودیمان بشێوێنێت، ئەمەش وەک (مالکۆڵم ف. مالێنی) دەڵێت: ((پێویستی بە زیرەکیی و ئوانستی ڕێکخستن و ڕێکوپێککردنی درێژەی بابەتەکان و مەشقکردن و ڕاهێنان و...ئاد، هەیە)).

زمان گرنگترین ئامرازی ئاڵوگۆڕکردنی بیروڕا و سەرنج و زانیاریی و داتاکانە و هۆیەکە بۆ پێکگەیشتن و دوانر بەرجەستەکردنی بازنەی پەیوەندییەکانی کرداری پەیوەندیکردن.

لەڕێی زمانەوە دەتوانین گوزارشت لە خۆمان (وەک زات)، لەدەوروبەرمان (وەک شوێن)، لە سائەکانی ژیانمان (وەک کات) بکەین و ڕایەڵەیەکە کە من یان (ئێمە) بەئۆ و ئەو، من یان (ئێمە) بە ئێوە و ئەوانەوە دەبەستێنەوە و بناغەی پێکهاتنی کۆمەڵگاکان دادەمەزرێنێت، بەئایبەتیش ئەو جۆرە لە کۆمەڵگا کە لە ئەمڕۆدا بە (کۆمەڵگای زانینگەرایی) ناودەبرێت.

ئینجا ئەگەر (زمان) بۆ هەربوارێکی مرۆیی گرنگبێت، ئەوا بۆ ڕۆژنامەنووسیی گرنگترین هۆکاری کرداری بەکۆگەیاندن (Mass Communication) دەبێت، بەوەی کە لە ڕێی یەکێک لە کەناڵەکانی دەربڕینەوە (زمانی ئاخاوتن بێت یان زمانی نووسین) وێنای ئەواوی ئەو بزاوت و ڕووداوانەمان بۆ دەکات کە لە دوور و نزیکمانەوە ڕوودەدەن.

ئەرکی سەرەکیی ڕۆژنامەنووسیی گۆڕینی دیمەن و وێنەبینراوەکانە بە وشە و زاراوەکان و، چنین و ڕێکخستنی ئەو وشەو زاراوانەیشە لە فرێز و ڕستەی واتاداری وەهادا کە لە ئواناياندا هەبێت هەمان دیمەن و وێنەی بینراو (لای نێرەر - Sender) لە بیرو زەینی (وەرگر - Receiver) دا، دروست بکەنەوە، وەک لەم هێڵکارییەدا دەردەکەوێت:

ئەمە دەمانگەیەنێنە ئەوەی کە پەیامنێر یان نووسەری ڕۆژنامەوانیی دەبێت خاوەنی خەرمانێکی دەوڵەمەندی وشە و زاراوەکان بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو بزاوت و دیمەن و وێنانە ڕبگوێزێت و بگوازێنەوە و گوزارشتیان لێ بکات وەک ئەوەی کە هەن، نەک وەک ئەوەی خۆی دەیخوازێت.

(جەمیز ج. کیلپاتریک) لە بۆڵتنی کۆمەڵەی ئەمریکیی بۆ سەرنووسەری ڕۆژنامەکان، دەڵێت: ((ئەگەر مرۆڤ بیەوێت باش بنووسێت ئەوا پێویستە کەشکۆڵێکی فرەڕەهەند دروست بکات، وائە پێویستە کە وشەکان و فرێزەکان و وێنەکان، ڕەنگەکان، بۆنەکان، دەنگەکان و جوڵە و ڕایەڵ و چنراوەکان کۆبکاتەوە، پێویستە ئێروانینێکی ئێژی هەبێت لە ئاست شتە بیبەهاکاندا، وەک: ئایەیەکی فش، گڵۆپێکی سووتاو، قەیتانێکی پچڕاو، دەفنەری ئێبینییەکان، یان ئەو ساتانەی مرۆڤ ئیاياندا شپرزە دەبێت...، ئێمە هەموو پار و پارچەکان هەڵدەگرین، چونکە دەشێت ئەوە بزانین کە ڕۆژێک لە ڕۆژان بۆ بابەتێک سوودیان لێوەردەگرینەوە)).

پەیام لە کرداری ماسکۆمۆنیکەیشندا بەگشتیی و لە ڕۆژنامەنووسییدا بەئایبەتیی لەگەڵ ساکاریی و سادەیی دەربڕینەکاندا، سەختترین و قورستترین جۆری پەیامە نێردراوەکانە ، بەوەی

> ڕۆژنامەنووسیی کردارێکە وشە دەکاتە بنەما و وێنەی چەسپاو و هێڵاو ڕەنگیش وەک ئامرازی یاریدەدەر بەکاردەبات بۆ پێکهێنانی پەیامەکەی کە ئەمەش لە ئاستی ماددییدا پیشەسازییە

دەبێت لە ناوەڕۆکیدا هەڵگری یەک واتا بێت و لە شێوەدا شیاو و ڕازاوەبێت و نامەیەک بێت بۆ کەسانێکی نەناسراو بە جۆرێک وا لەو کەسانە بکات بە ئەوسەوە ئەو پەیامە وەربگرن، ئەنیا پەیامێک بۆ ژمارەیەکی زۆر (دیاریکراو) یان وەک ماسمیدیا (دیارنەکراو لە وەرگر) دەتێررێت و دەبێت کاریگەریی و پەیوەندیی و وابەستەیێنیی لە نێوان ئەم چەمسەرانەدا هەبێت:

- (نێرەر) وەک ئاک، یان کۆ (گرۆپ)..... (دیاریکراو).

-(پەیام)..... (دیارکراو).

-(وەرگر) دیاریکراو لە ڕووی قەبارەوە نەک پێکهاتەوە، یان لە زۆر باردا دیارینەکراو..... (دیارنەکراو بە ئایبەتی لە ماسمیدیادا(م.

ناردنی نامەیەک بۆ ئەنیا کەسێکی نەناسراو و دیارنەکراو لە ڕووی پێکهاتە زانیارییەکانی وەک (ناسنامە، نەمەن،

ڕەگـەز، نـەتـەوە، ئایین، مـەزهـەب، شوێنی نیشتەجێبوون، ئاستی خوێندن، ڕۆشنبیریی، دەرامەت و باری ئابووریی و...هتد)ەوە، کارێکی سەخت و دژوارە، بەتایبەتیی ئەو دیاردانەی کاتێک دەبێتە مایەی ئـەوەی نەزانرێت لە کەیدا و لە کوێدا و بەکوێدا و بەچیدا و چۆن و بە چ ئامرازێک (وتن، نامە، نامەی ئەلکترۆنیی، هەواڵناردن،...) پەیامەکەی بۆ ڕەوانە بکرێت و کاربکاتە سەر ئاست و جۆری کاریگەرییەکان، ئەوا ئەم کردارە لە ماسمیدیادا هێجگار سەختدەبێت، لەبەرئەوەی هەموو ئەم ڕاستییانە نادیار و نەزانراوەدەبن.

کـەواتـە ئـەو نامەیەی بۆ پەیامی ڕۆژنـامـەنـووسـیـی ئـامـادە دەکـرێـت دەخوازێت بابەتییانە بێت و بە زمانێکی ئاسان و ڕەوان و سادە و ساکار دابڕێژرێت، لێرەوە دێینە سەر ئایبەتمەندییەکانی ئەو زمانەی بۆ نووسینی مەبەستەکانی پەیامی ڕۆژنامەنووسیی دیاریدەکرێن و لە ئاستی گوزارشتکردنی کردارییدەکەوێتەوە، کە یەکێک لە سێ ئاستەکەی گوزارشتکردن پێکدەهێنێت، بـەڵام ئـەوەی بایەخی ڕۆژنامەنووسیی زیاتر دەکات ئەوەیە کە دوو ئاستەکەی دیکەش بەکاردەبات و مامەڵەی ڕاستەوخۆ و بزواوانەیان لەگەڵدا دەکات، چونکە نووسینی ڕۆژنامەنووسیی ئەنیا بریتی نییە لە پەیامێکی بەپەخشان نووسراوی بێتاوەڕۆک، بەڵکو وابەستەی زانینە قووڵەکان و ئەزموونە بەهادارەکانە و ئاشنایەتییە لـەگـەڵ زانستەکانی سایکۆلۆژیا و سیاسەت و ئابووریی و ڕۆشنبیریی و سۆسیۆلۆژیا و فەلسەفە و مێژوو جوگرافیا و ئەدەب و زمان و ڕەفتار و هونەر و زانستەپەتییەکانی دیکە و...تد، ئەم ئاستانەیش بریتین لە:

1. ئاستی چێژئامێزی هونەریی و جوانکاریی، کە لە ئەدەب و هونەردا بەکاردەبرێت، بیروڕا و سەرنجی کەسیی زاڵە بەسەر بیری سەرەکیی بابەتەکاندا، هونەرە ڕەوانبێژیی و جوانکارییەکان و گـواسـتـنـەوەی وێنە بـۆ واتـای دی بەکاردەبرێن و لایەنی سۆز و ئەندێشەی فراوان ڕۆڵی گەورەی ئیادەبینن.

2. ئـاسـتـی زانـسـتـیـی ئـیۆریی ڕووتکراوەیی کە لە زانست و لێکۆڵینەوە و بابەتە زانستییەکاندا بەکاردەهێنرێت، زاراوەکان هەڵگری واتایەکی دیاریکراون و (زانین و زانیاریی) و لۆژیک زاڵە بەسەر بابەتەکاندا و دوورن لەهەموو ئەندێشە و سۆزێک، بەپێی پێوەر و پەیڕەو و یاسا و ڕێسا و دەستوور کاردەکەن.

3. ئاستی کرداریی کۆمەڵایەتیی ئاسایی، کە لە ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەگەرییدا بەکاردەهێنرێت، ئێکەڵاوێکە لەنێوان لایەنی زانیی و بابەتییدا (زاتـ دەخرێتە ژێر ڕکێفی بابەتەوە) و بەپێی جۆری ژانر یان شێوازی بەکارهێنراو لە داڕشتنی بابەتەکەدا (ڕا و زانیاریی، یان بەجیا یان بەئێکەڵا) بەکاردەبات، لە زۆربەی بارەکاندا گوزارشت لە ڕووداو و شتەکان دەکات وەک ئەوەی کە هەن و زۆرترین خەڵک لە گوزارشتلێکردنەکانیان لێدەگەن، سۆز ئاوێزانی لۆژیکێکی کۆمەڵایەتیی دەکرێت و بە پێی ئیۆری ڕاگەیاندنی کـارپـێـکـراو یـان جـۆری ڕاگـەیـانـدن دەخرێنەگەڕ.

ئەگەر ئەوانرا ئەم سێ ئاستە لەیەکتر نزیک بکرێنەوە ئەوا هێمایەکی دیاری گەشەسەندنی ئەو کۆمەڵگایە دەبێت کە دەنوانێت ئا ئاستێکی دیار ئێگەیشتن ئاسان بکات، دووركـەوتـنـەوەی ئەم ئاستانەش لەیەکتر، ئاستەنگ لەبەردەم لێکدانەوە و ئێگەیشتنی گشتییدا دروست دەکات و هەریەکێک لەو بەرهەمانەی کە لە هەر ئاستێکیانەوە سەرچاوەدەگرن دەکـاتـە بابەتێک بـۆ دەستەبژێرێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵ نەک هەموویان، بۆیە میدیای نوێ دەخوازێت هێندەی بتوانێت کارئاسانیی لەم پێناوەدا بکات و لەیەکیان نزیک بکاتەوە تا پەیامی ماسمیدیا بتوانێت بگاتە هەموو کەسێک و هەموو شوێنێک.

هەر بابەتێک لای دەزگـای نێرەر بـەشـۆنـێـک دەنـووسـرێـت بـەڵام لای وەرگر مەرج نییە بەهەمان ئۆنی خۆی وەربگیرێت، چونکە لای وەرگر (شێوە یان شێوازی وەرگرتن هەیە) کە بەپێی سەرنج و ئێروانینی خۆی لێکیدەداتەوە (ئەگەر پەیامەکە وا ئامادەکرابێت کە لێکدانەوەیەک زیاتر هەڵبگرێت)، چەندە بتوانرێت دیمەن و واتای پەیامی نێرەر وەکـو خـۆی لای وەرگـر وەربگیرێت ئەوەندە پەیامەکە کاریگەرتر و کارائر دەبێت و کەناڵ دەتوانێت کاربکاتە سەر وەرگر، بە پێچەوانەوە ئەگەر ئەوە نەکرا کەناڵ ئەنیا دەبێتە سەرچاوەیەک بۆ زانیاریی وەرگیراو کە مەرج نییە هەمان بەها و هێز و کاریگەریی لای وەرگر هەبێت.

)قڵادیمیر سیمسۆنۆف(یش دەڵێت: ((ڕۆژنامەنووسیی خۆی لە خۆیدا بریتییە لە دیاردەیەکی ئاڵۆز و هەمەلایەن و چەند پەیوەندییەکی دەرەکیی و ناوەکیی پێکەوە گـرێـدراوە))، هـەر ئەمەشە وادەکـات لێکدانەوەیەکی دیاریکراو هەڵنەگرێت و فـرە ڕەهـەنـدانـەش لێکبدرێتەوە. ((ڕۆژنامەنووسیی کە دوائر ڕۆژنامەگەریی بەرهەم دەهێنێت، بەسەرخانێکی بایەخدارەدەزانرێت کە ئوانستی گوزارشتکردنی ڕاستەقینانەی لە ژێرخانی مرۆیی هەیە))، پەیوەندیی ئاکی ڕۆژنامەنووسیش بەکۆی خەڵکەوە، لەڕێی پەیامە ڕۆژنامەنووسییەکەیەوە بـەرجـەسـتـە دەبـێـت، بـۆیـە دەشێت پەیوەندیی ئۆرگانیی لە نێوان نێرەر و وەرگردا هەبێت بەجۆرێک کە ئەم دوو پۆڵە بتوانن پەیامی کردارگەلێکی وەها بەیەک ببەخشن، وەک (جۆرج دی گۆپن) دەڵێت: ((ئەگەر خوێنەر مەحکوم بێت بەوەی لە مەبەستەکانی نووسەر نێبگات، ئـەوا نـووسـەریـش مەحکومە بـەوەی پێداویستییەکانی خوێنەر بزانێت و لە خواستەکانی نێبگات((.

پێشێڵی ژیانی ئایبەت

لە دەزگاکانی راگەیاندندا

کارزان محەمەد
ماستەر لە یاسای رۆژنامەگەری- خوێندکاری دکتۆرا

(ژیانی ئایبەت) بەرجەستەترین مافی هاوواڵتیانە کە لە پرۆسەی کاری راگەیاندندا، پێویستە سنوورەکانی بە پارێزراوی بمێنێتەوە، هەرچەندە بەهۆی ئاڵۆزی دەستەواژەی (ژیانی ئایبەت) دەو پسپۆڕانی بواری راگەیاندن نەیانتوانیوە بە چەمکێکی یەکگرتوو پێناسەی بکەن.

ڕێزگرتن لە ئازادی مرۆڤ: سەرجەم یاساکانی هەرێمی کوردستان و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، ڕێزگرتن لە ئازادی مرۆڤ بنەمایەکی سەرەکییە

سەرەتای هاتنەئارای چەمکی (ژیانی ئایینەت) دەگەڕێنەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدە، کاتێک هەردوو یاساناسی ئەمریکی (سامۆئیل وارین) و (لویس براندیس) لە ئەنجامی دەرکەوتنی ڕۆژنامەی زەرد، کە بێپەروا کەوتبووە پێشێلسی ژیانی ئایینەتی هاووڵاتیان، نوێژینەوەیەکیان لە ساڵی (1890ز) بەناوی «مافی ژیانی ئایینەت» بڵاوکردەوە ، ئایدیا داوای پاراستنی مافی ژیانی ئایینەتیان لە یاساکانی ئەو سەردەمەدا خستەڕوو.

ئەمڕۆ دیدگای جۆراوجۆر بۆ پێناسەی چەمکی (ژیانی ئایینەت) هەن کە هەوڵی ناساندنی چوارچێوەی ژیانی ئایینەتیان داوە.

بە بڕوای (ئەدوارد بلۆشتاین)ی سەرۆکی زانکۆی نیوجرسی: «ژیانی ئایینەت بریتییە لە پارێزگاری و ڕێزگرتن لە مرۆڤ خۆی».

بۆچوونێکی دیکە پێی وایە هەموو هاووڵاتییەک مافی داکۆکی لەخۆکردنی هەیە تا بەبێ مۆڵەتی خۆی دەست لە کاروبار و ژیانی خۆی و ئەندامانی خێزانەکەی وەرنەدرێ، چ لەڕێگەی ڕاستەوخۆی فیزیکییەوە یا لەڕێگەی بڵاوبوونەوەی زانیارییەکانییەوە.

بەشێوەیەکی گشتی ئەو پێناسانەی بۆ چەمکی ژیانی ئایینەت دەکرێن، (6) مەسەلەی گرنگ دەخەنەڕوو:

1-مرۆڤ مافی ئەنیایی هەیە.

2- دەستوەردانی مرۆڤ لە ژیانی مرۆڤی دیکەدا سنووردار بکرێت، لەمپەریش بخرێنە بەردەم هەموو دەستێکی خراپەکار.

3-پاراستنی نهێنی هەندێکاروباری هاووڵاتیانی کۆمەڵگا.

4-بەرزەفڕکردنی زانیارییە کەسییەکان.

5-پشێوانی لە کەسایەتی و کەرامەتی مرۆڤ.

6-دابینکردنی مافی ڕاشکاوێتی بۆ مرۆڤ

بەکورتی لەم (6) بوارەی سەرەوەدا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە کە مرۆڤ مافی خۆیەتی بە ئەنیا بژی، نهێنی و زانیارییە ئایینەییەکانی بپارێزرێن، ڕێز لە کەسێتی و شەرەفی بگرن، چونکە بڵاوکردنەوەی ئەم جۆرە بابەتانە هیچ بەرژەوەندییەکی بۆ ژیانی گشتی نێدا نییە.

سنوورەکانی ژیانی تایبەت

ژیانی ئایینەت بەشێوەیەکی گشتی لە چوار بوارایە :

- ژیانی ئایینەتی زانیاریی (Information Privacy):

پاراستنی زانیارییە ئایینەییەکانی وەک:«باری دارایی، ئیمەیڵ و نامە... هند)ە، بەمەرجێ ئەم زانیارییانە پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە نەبێ، ئەم بوارە بە (پاراستنی زانیاریی)ش ناوزەد دەکرێت.

بۆ نموونە دەستوری ڕۆژنامەنووسیێک پاس لە سەرچاوەت و سامانی بەرپرسیێک لەکانی بەرپرسیارێتیدا بکات، بەڵام ئەمە بۆ هاووڵاتییەکی ساده کە هیچ گومانێکی یاسایی لە سەرچاوەی داهات و شێوازی بەکاربردنی داهاتەکەی نەکرێت، بەبێ مۆڵەتپێدانی خۆی، دەچێنە خانەی ژیانی ئایینەتەوە.

- ژیانی تایبەتی جەستەیی (Bodily Privacy):

پارێزگارییە لە جەستەی هاووڵاتیان لەکانی ناقیکردنەوە پزیشکی و جینییەکان و هاوشێوەکانیان.

زانیارییەکانی پەیوەست بە نەندروستی، باری دەروونی و جەستەیی دەچنە خانەی ژیانی ئایینەتەوە، بەمەرجێ پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە نەبێت.

بۆنموونە ناوەندە پزیشکییەکان کە هاووڵاتیان بۆ پشکنینی باری نەندروستی خۆیان سەردانی دەکەن، دەبێ دەرەنجامی پشکنین و زانیارییەکانی جەستەی هاووڵاتیان پارێزراو بمێنێتەوە، نەنیا لەو کاتانەدا نەبێ کە کەسێک لە پلەیەکی هەستیاری بەرپرسیارێتی بێت، نەخۆشییەکەی کار لە ڕەوتی کارەکەی بکات و ئامادەش نەبێ دەست لەکاربکێشێتەوە، لەم دۆخانەدا ڕۆژنامەنووسان دەشێ زانیاری لەبارەی نەخۆشییەکەوە بڵاوبکەنەوە چونکە میللەت مافی خۆیەتی کە سەرکردەیەکی نەخۆش و نانەندروستی نەوێت.

نموونەیەکی دیکە دەشێ هونەرمەندێک کە لە کۆنسێرتێکدا دەردەکەوێت وێنەی بڵاوبکرێنەوە، بەڵام ئەمە بۆ ژنێ کە لەنێو ماڵەکەی خۆیدایە، ناشێ زوومی بخرێنەسەر و بەبێ مۆڵەتی خۆی وێنەی لە ڕاگەیاندن بڵاوبکرێنەوە.

- ژیانی ئایینەتی پەیوەندیی (Communication Privacy):

بریتییە لە ئاسایشی پۆستە ئەلیکترۆنییەکان، ئەلەفۆن و شێوەکانی دیکەی پەیوەندی.

-(ژیانی ئایینەتی شوێن Place Privacy) :

پاراستنی مافی نەو شوێنەیە کە هاووڵاتیان ئایدا نیشنەجێن. بۆ نموونە زانیارییەکانی پەیوەست بە (باری خێزانی،

ناوونیشانی مـاڵ، هـەنـدێ شوێنەکانی کار....) لەخۆدەگرێت، بەمەرجێ پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە نەبێت.

لە زۆربەی شوێنەکانی کاردا پێویستە ژیانی تایبەت بپارێزرێت، بۆنموونە لە شوێنی کاردا بۆ ڕێگەگرتن لە ئاوان، دەشێ کامێرای چاودێری دابنرێت، بـەڵام نابێ سوودی نەرێنی لەم کامێرایە وەربگرین و زووم بکەینەسەر هەندێ مامەڵەی تایبەتی کـارمـەنـدان، وەک شوێنی خۆگۆڕینی کارمەندان و وێنەگرتنی (W.C) و...هتد.

بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بەم چەشنەی خـوارەوە (ژیـانـی تایبەت)ی مرۆڤەکانی نێو کۆمەڵگا پۆلێنبەند بکەین:

بەپێی ئەم هەرەمە، سەرۆک کۆمار کە لە لوتکەی دەسەڵاتی وڵاتدایە کەمترین ژیانی تایبەتی هەیە، لەبەر ئەو هۆکارەی کە هەر کار و ڕەفتار و گوتەیەکی، گەورەترین کاریگەری لەسەر وڵاتەکەدا هەیە.

دەشـێ هەڵەیەکی سـەرۆک، وڵاتێک بـەرەو سـەرگـەردانـی و وێـرانـی ببات. مەبەستیش لە سەرۆک بریتییە لە سەرۆکی هەرێم، سەرۆکی حکومەت، بەرپرسی دامـودەزگـا گرنگەکانی وەک ئاسایش و پۆلیس، وەزیرە گرنگەکانی داد و ناوخۆ و دارایی....هتد

بەرپرسە پلە ماموناوەندەکانی وەک (بەڕێوەبەری گشتی و بەرپرسانی دیکە...)، ژیانی تایبەتیان لە سەرۆکەکان زیاترە، بەڵام ئەوانیش پێویستە لەژێر کامێرای چاودێریی میدیاکاران و قەڵەمی ڕۆژنامەنووساندا بن، تا پێگە و پۆستەکانیان بۆ کاری تایبەت نەقۆزنەوە، یان لە کاتی کەمتەرخەمی و سەرپێچیدا بەزووبی بە پشتبەستن بە دیکۆمێنت و بەڵگە، زانیاری و بابەتی ڕەخنەگرانەیان لەسەر بڵاوبکرێنەوە.

هاووڵاتیانیش لە کۆتایی هەرەمەکەدان و زۆرینەی دانیشتوانی وڵات پێکدێنن، زۆرترین ژیانی تایبەتیان هەیە، چونکە کار و کردەوەکانیان بە بـەراورد لەگەڵ بەرپرسان، هێندە کاریگەر نییە و سەرپێچی هاووڵاتییەک بە سەرپێچی سـەرۆک یان بەرپرسێکی باڵا بـەراورد ناکرێت. لەکاتی خستنەڕووی سەرپێچی هاووڵاتیانیشدا، دەموچاوی وێنەکانیان داپۆشرێ و ناوەکانیان بە پیت بڵاوبکرێنەوە، تا سەرپێچی باوک یان دایکێک نەبێتەمایەی عەیب بۆ منداڵەکانیان.

ژیانی تایبەت کۆمەڵێک بواری ژیانی مرۆڤ دەگرێتەوە، گرنگترینیان بریتین لە:

1- ناو و خەسڵەتەکانی دیکەی ناسنامە.
2- ناوونیشان.
3- وێنە یان مافی وێنەیی.
4- بارودۆخی تەندروستی کەسەکە (جەستەیی، ڕۆحی و دەروونی).
5- ئاستی خوێندەواریی ئاکەکەس.
6- ئینتیمای چینایەتی و مەزهەبی.
7- بیروباوەڕ و بۆچوونە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان.
8- کاتی دەستبەتاڵی و چۆنییەتی گوزەراندنی تەو سانانە.
9- سـەرچـاوەو شێوازی دابینکردنی پێداویستییە دارایی و ژیارییەکان.
10- پەیوەندی خێزانی.
11- پێگەی خێزانی.
12- پەیوەندی دۆستایەتی.
13- ژیانی سۆزداری و خۆشەویستی.
14- شـێـوازی دروسـتـکـردنی منداڵان.
15- ژیـانـی ڕابـــردووی هـاووڵاتـیـان بەتایبەتی کە پەیوەستە بێ بە سزاوە.
16- کار و پیشەی هاووڵاتیان.
17- ئەندامانی جەستە و کۆئەندامی سێکسی.
18- خولیا و ئارەزوو.
19- شوێنی نیشتەجێبوونی هاووڵاتیان.
20- نامە و پەیوەندییە ئەلەفۆنی و نووسراوەکان و پۆستە و هاوشێوەکانیان
21- ژیانی خێزان.

پەیوەندی ژیانی تایبەت و یاسا

لە سەرجەم یاسا ڕۆژنامەگەرییەکانی وڵاتاندا، باسی ژیانی تایبەت بە سەرپێچی دادەنرێت و ناچێتە چوارچێوەی ئازادیی ڕادەربڕینەوە، چونکە جگە لە زیانگەیاندن بەکەسەکان، سـوودی بۆ بەرژەوەندیی گشتی نییە. لە هەمان کاتدا کۆمەڵێک هۆکاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و لەسەروو هەموویانەوە «پێشکەوتنی زانستی و ئەکنەلۆژیا، بەشداریان لە دروستکردنی قەیرانی پاراستنی ژیانی تایبەتدا کردووە، سـەرجـەمـیـان پشکیان لـە کۆتاهێنان بەتایبەتمەندییەکانی مرۆڤدا هەبووە».

لەسەر بنەمای ئەم ڕاستییە، یاسای

رۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان بۆ سانسۆرکردنی هەواڵ و بابەتی پەیوەست بە ژیانی ئایینەت لە راگەیاندندا، بڕگەیەکی ئایینەتی بۆ نەرخان کردووە و هەر چەشنە دەستوەردانێک لە ژیانی ئایینەت بە ئاوان دادەنێ.

لە بڕگەی (4)ی ماددەی (9)ی یاسای رۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) دا هاتووە: «هەر بابەتێک پەیوەندی بەنهێنییەکانی ژیانی ئایینەتی ئاکەوە هەبێ، هەرچەندە راستیش بێ، بەڵام بڵاوکردنەوەی ببێتە هۆی لەکەدارکردنی ئەوا قەدەغەیە».

دانانی سانسۆر لەسەر ئەو بابەتە رۆژنامەگەریانەی لەبارەی ژیانی ئایینەتەوەن، سێ جۆر ئێروانینی هێناوەتەئارا:

-لایەنگرانی پاراستنی (ژیانی ئایینەت) لەگەڵ ئەوەدان لە ڕێگەی سانسۆرەوە پارێزگاریی لەم مافە بکرێت و بەزاندنیشی بە ئاوان بزانرێ، چونکە باسی (ژیانی ئایینەت) جگە لەوەی دەبێتە بەرلەسککردنەوەی ئازادییەکانی مرۆڤ، هیچ جۆرە سوودێکی بۆ کۆمەڵگاش ئێدا نییە.

بەکورتی لایەنگرانی ئەم دیدگایە، لەو بڕوایەدان مادام باسی ژیانی ئایینەت هیچ سوود و بەرژەوەندییەکی گشتی ئێدا نییە، ئەوا پێویست بە خستنەڕووی ناکات.

- نەیارانی مافی ژیانی ئایینەت کە زیاتر لایەنگران و پەیڕەوکارانی ڕۆژنامەگەریی زەرد و وروژێنەرن (Newspaper Yellow)، لەو بڕوایەدان پاراستنی (ژیانی ئایینەت)، مرۆڤ دووچاری دووڕوویی دەکات، بەچەشنێک کە لە ژیانی ئایینەتدا کەسایەتییەک بن و لەژیانی گشتیشدا جۆرێکی دیکە. وانا بۆچی وا لەمرۆڤ بکەین لە ژیانی ئایینەتی خۆیدا جۆرێ بژی و لە ژیانی دەرەوەدا شێوازێکی دیکە بژی؟ ئەمە سەرەنای خولقاندنی هەستی دووڕوویە لە مرۆڤدا.

-بۆچوونی سێیەم لەو بڕوایەدایە کە پێویستە کەمترین ژیانی ئایینەت هەبێ، وانا بپارێزرێ، بەڵام هەرکاتێ قسە و ڕەفتار و ڕووداوێک پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە هەبوو، یا سوود و قازانجی گشتی ئێدابوو ئەوا دەشێ باس بکرێت، بۆ نموونە ژن و پیاوێک کە پەیوەندییەکی دڵسۆزانەیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، ئەگەرچی ژیانی ئایینەتە، بەڵام باس کردنی دەبێتە مایەی مۆدیلێکی جوان بۆ هاوسەرەکانی دیکە.

ئەم بۆچوونە پێیانوایە کە بنەمای سەرەکی یاسا و بنەما ئاکارییەکان، ڕێزگرتنە لە کەرامەتی مرۆیی.

بۆچوونێکی دیکە پێی وایە ژیانی ئایینەت لە راگەیاندندا، لەبەر دوو هۆکاری گرنگ شیاوی پارێزگارییە:

ا-مافی ژیانی ئایینەت وەک مافێکی مرۆیی: ئەم مافانەیە کە مرۆڤ ئەنیا لەپێناو مرۆڤایەتییەکەی خاوەنییەتی، ئەویش بە چاوپۆشی لە ڕەگەز و نەژاد و نەتەوە و ئایین و مەزهەبەکەی. ئامانج لەم مافەش، پارێزگارییە لە پێگە و ڕێزی مرۆڤ.

ب- مافی ژیانی ئایینەت وەک مافێکی یاسایی: بایەخی مافی ژیانی ئایینەت بە ئەندازەیەکە کە ئەمڕۆ لە زۆرینەی وڵاتاندا بەشێوەی یاسانەوخۆ و ناڕاستەوخۆ خستوویانەتە یاساکانیانەوە.

ژیانی تایبەت لە ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکاندا

پاراستنی ژیانی ئایینەت، لە زۆرینەی ڕێککەوتنامە نێودەوڵەتییەکان وەک مافێکی بنچینەیی مرۆیی، جەختی لەسەر کراوەتەوە.

جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ کە لە (10ی کانوونی یەکەمی 1948) لەلایەن ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکان (UN) پەسەند کرا، تا هەنووکە گرنگترین و بایەخدارترین جارنامەی جیهانییە کە ڕێزی مرۆڤی ئیادا بەرجەستەیە، بەتایبەت کە تازە جەنگی دووەمی جیهانی تەواو ببوو، زۆرینەی وڵاتە زلهێزەکان سەرقاڵی بونیادنانەوەی دەستور و یاساکانیان بوون.

لە ماددەی (3)ی ئەم جارنامەیەدا هاتووە:«هەر مرۆڤێ مافی ژیان، تازادیی و تاسایشی تاکەکەسی هەیە».

لە ماددەی (12)دا هاتووە:» نابێ لەخۆوە دەستوەربدرێتە ژیانی تایبەت، کاروباری خێزان، شوێنی نیشتەجێ بوون یان نامە گۆڕینەوەکانی هیچ کەسێک، یان پەلاماری شەرەف و ناوبرو و ناوبانگی کەسێ بدرێت. لەهەمبەر ئەم دەستوەردان و پەلامارداناندا هەموو کەسێک مافی پشتەوانەی یاسایی هەیە».

کۆنڤاشیۆنی نێودەوڵەتی مافە مەدەنی و سیاسییەکان کە لە (16)ی کانوونی یەکەمی (1966ز)دا پەسەند کراوە، لە ماددەی (17) دا جەخت لەسەر ئەم خاڵانە کراوەتەوە:

«- نابێ لەخۆوە و بەدەر بەیاسا دەست وەربدرێتە ژیانی تایبەتی، خێزانی، شوێنی نیشتەجێبوون و نووسراوەکانی هیچ کەسێک. هەروەها نابێ شەرەف و کەرامەتی بخرێتە بەردەم دەستدرێژیی نایاساییەوە.

-هەموو کەسێ مافی ئەوەی هەیە لەهەمبەر دەستدرێژی یان دەستوەردانداا، پشتیوانی یاسایی لێبکرێت». ئەم ماددەیە دووپاتکردنەوەی ماددەی 12ی جارنامەی جیهانی بۆ مافەکانی مرۆڤە.

*لەمپەرەکانی بەردەم پارێزگاری لە ژیانی تایبەت

گرنگترین گرفتەکانی بەردەم پاراستنی ژیانی ئایینەت لە راگەیاندندا بریتین لە:

1-سنووری ژیانی ئایینەت و ژیانی گشتی: جیاکردنەوەی سنووری ئەم دوو ژیانە لەناو یەک مرۆڤدا لەلای ڕۆژنامەنووس، کارێکی پێویستە. وانا مرۆڤ ئەگەرچی لە ناستێکی باڵای بەرپرسیارێتیشدا بێت، هەر ڕەفتار و قسە و بیرکردنەوەیەکی ئەگەر پەیوەندی بە ژیانی گشتی خەڵکەوە نەبوو، ئەوا دەچێتە چوارچێوەی ژیانی ئایینەتەوە. ئەوەی لە راگەیاندنی کوردیدا گرفتی بۆ پارێزگاری لە ژیانی ئایینەت خولقاندووە، ئێکەڵاوکردنی سنووری هەردوو ژیانی ئایینەت و گشتییە.

2- چەمکەکانی پەیوەست بە ژیانی ئایینەت بۆ نموونە وەک (ڕێز، شەرەف و ناوبرو، حەز و ئارەزوو...) نادیار و لاستیکین، ئەم چەمکانە لەلای کەسەکان

مانای جیاوازیان هەیە، ئەمەش گرفتی بۆ رۆژنامەنووسان و میدیاکاران خوڵقاندووە، هەندێکجار ئەم چەمکانە بەچەشنێ بەکاردەهێنن کە سنووری ژیانی تایبەت دەبەزێنن.

3-نادیاری سەرچاوەکانی زانیاری و هەواڵ: هاتنەئارای ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنی و پەیدابوونی سایت و پەیجە ئەلیکترۆنییەکان، کێشە و گرفتێکی زۆری بۆ ژیانی تایبەت خوڵقاندووە، چونکە بەشێ لەو سایت و پەیجانە خاوەنەکانیان نادیارن و بەئاسانی دەتوانن سنووری ژیانی تایبەت ببەزێنن. ئاسانکاریش بۆ یاساکانی ڕاگەیاندن خوڵقاندووە، چونکە ئاهەنوکە یاساکان خۆجێیین و ئینتەرنێتیش جیهانییە و زۆرجاریش ئەنجامدەرانی ئاوانە ئینتەرنێتییەکان نادیارن، یان بەناوی خوازراوەوە ئەنجام دەدرێن.

4-قەیرانی ئاکاری و یاسایی لای هەندێ لە ڕۆژنامەنووسان و دەزگاکانی ڕاگەیاندن کە بە ئانقەست بۆ شکاندنی کەسێک یان بۆ بەرزکردنەوەی ئیراژی بڵاوکراوەکانیان، پێشێلی ژیانی تایبەت دەکەن.

5- هۆکاری (کات و شوێن) گۆڕان بەسەر چەمکی تایبەتدا دەهێنن، بۆ نموونە لەڕووی هۆکاری (کات)ەوە، سەروەختێ نەناردنی کچان بۆ قوتابخانە لەلایەن دایک و باوک و دیاردەی گەورە بەگچکە بە کچان، پەیوەست بوو بە ژیانی تایبەتەوە. ئەمڕۆ ڕەخنەگرتن لەو نەرینە، نەک هەر پەیوەندی بە ژیانی تایبەتەوە نییە بەڵکو ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەنووسانیشە سەرزەنشتی ئەو ڕەفتارانە بکەن.

لەڕووی هۆکاری (شوێن)ەوە، دەشێ لەشی نیمچەڕووتی پیاوێک لە شوێنێکی گشتیدا نەچێنە بازنەی ژیانی تایبەت، بەڵام لەکاتی بەجێهێنانی مەراسیمی مەزهەبی کە واپێویست دەکات جلوبەرگێکی مەزهەبی لەبەربکات، ئەوا بازنەی ژیانی تایبەتە و شیاوی ڕەخنە لێگرتن نییە.

6- لە کولتووریکەوە بۆ کولتووریک و لە کەسێکەوە بۆ کەسێکە دیکە، گۆڕان بەسەر چەمکی تایبەتدا دێت.

***سزادانی پێشێلی ژیانی تایبەت**

نەشارەزایی یان کەمتەرخەمی ژمارەیەک لە ڕۆژنامەنووس لەسانی بڵاوکردنەوەی بابەت و وێنەدا، چەندین نموونەی پێشێلی ژیانی تایبەتیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردیدا لێکەوتۆتەوە، ئەمەش ڕووبەڕووی سزای یاساییان دەکاتەوە.

سزادانی ئەو کەس و دەزگا ڕاگەیاندنانەی ژیانی تایبەتی کەسێک دەبەزێنن، بەپێی یاسای ڕۆژنامەگەریی ژمارە (35)ی ساڵی (2007) ئەنیا غرامەیە (پێبژاردنە).

بە گوێرەی بڕگەی دووەمی ماددەی (9)ی هەمان یاسا، ڕۆژنامەنووس لەکاتی پێشێلکردنی ئەم بڕگەیەدا بە بڕی (1- 5) ملیۆن دینار غرامە و ڕۆژنامەکەش بەبڕی (5-20) ملیۆن دینار غرامە سزا دەدرێت، لەکاتی دووپارەکردنەوەی ئەم تاوانەدا، دەشێ دادگا تاسنی سزا داراییەکەی زیاتر بکات، بە مەرجێک لە دوو هێندەی پارەی سزاکە پتر نەبێ.

***نموونەی پێشێلی ژیانی تایبەت**

لە ماوەی ساڵانی ڕابردوو لە هەرێمی کوردستاندا، چەندین نووسراو یان وێنە و کلیپی دژ بە ژیانی تایبەت لە دەزگا ڕاگەیاندنەکان و ساینە ئینتەرنێتییەکاندا بڵاوکراونەتەوە، بەو هۆیەوە ژیان و و تابڕووی مرۆڤێک یان خێزانێک کەوتۆتە بەردەم مەترسییەوەو دیاردەی کوشتن و بریندارکردنی لێ کەوتۆتەوە. گرفتی کۆنترۆڵکردنی ژیانی تایبەت لەنێو دەزگا ڕاگەیاندنە مۆڵەتدارەکان لە هەرێمی کوردستاندا کەمترە، بەڵام لەناو ساینەکانی ئینتەرنێتدا لەبەرنەوەی (نێرەر) بەتەواوەتی دیار نییە، یان شوێنی نیشتەجێبوونیان لە دەرەوەی سنوورەکانی هەرێمی کوردستانە، شێوازی بەگژداچوونەوە و سزادانی ئەو کەس و لایەنانەی تاسنەم کردووە، کەوائە ئەگەر کەسێک بڕیاری دا بیێنە ڕۆژنامەنووس یان ویسنی بابەت یان وێنە و کلیپێک بڵاوبکاتەوە، بەڵەوەی لە یاسا بسڵەمێنەوە دەبێ ڕەچاوی باری ئەخلاقی

ڕۆژنامەنووسان لەکاتی وێنەگرتنی بۆنەیەکی گشتیشدا، نابێ زووم بخەنەسەر کەسێك یان ڕەفتارێکی تایبەتی، چونکە لەوانەیە بیێتەمایەی لەکەدارکردنی شەرەف و کەسێتییەکەی

هەوڵنامەی دێجێ

مرۆیی بکات و لە ئرسی ویژدان و کۆمەڵگای مرۆڤایەتی خۆی لێ دووربخاتەوە، چونکە بەدوور نازانرێ هەمان ڕەفتار بەرامبەر بە خۆیشی ئەنجام بدرێت.

لێرەدا ئاماژە بۆ نموونەیەکی پێشێلی ژیانی تایبەت دەکەین کە لە سەروەختی خۆیدا، مشتومڕی زۆری خوڵقاند.

بەڵاوبوونەوەی وێنەیەکی (ئیحسانیمەلا عەلی)ی کوڕی یەکێک لە سەرکردەکانیبزوتنەوەیئیسلامی لەگەڵ کچێکی نیمچەڕووندا لە ڕۆژنامەیئاوینەدا، ناوبراو بە تۆمەتی پێشێلی ژیانی تایبەت، سکاڵایەکییاسایی لەسەر ڕۆژنامەکە تۆمار کرد.

***خۆپارێزی لەم تاوانە**

گرنگترین کەموکوڕیی یاسای ڕۆژنامەگەریی هەرێمی کوردستان، دەستنیشان نەکردنی ئەو بوارانەیە کە دەچنە خانەی (ژیانی تایبەت) تا ڕۆژنامەنووسان بەرچاویان ڕوونتر ببێ.

لە کاری ڕۆژانەی ڕۆژنامەنووساندا، ئێکەڵاوییەک لەنێوان (ژیانی تایبەت) و (ژیانی گشتی)دا دێنەئارا، هەرئەمەش هۆکاری بڵاوکردنەوەی چەندین بابەتی بەئانقەست یان بێ ئانقەستە کە بۆتە مایەی پێشێلی ژیانی تایبەت لە ڕاگەیاندنی کوردیدا. لەهەمان کاتدا ناڕوونی یاساکەش، پاساو نییە بۆ پێشێلی ئەم مادده یاساییە.

ڕۆژنامەنووسان دەتوانن بە لەبەرچاوگرتنی ئەم خاڵانەی خوارەوە، خۆ لەو تاوانە بپارێزن:

-لەبیرکردنی ڕابردووی مرۆڤ: لایەنێکی ژیانی تایبەت، مەسەلەی لەبیرکردنی سەردەمە ڕابردووەکانی مرۆڤە بەتایبەت بەرلەوەی بگاتە تەمەنی (18) ساڵ. بەو مانایەی مرۆڤ بەرلەم تەمەنە، تەگەر تاوانێکی کرد و سزای شیاوی وەرگرت، ئەوا ناشێ ڕۆژنامەنووس جارێکی دیکە ئەو مێژووە کۆنە هەڵ بدانەوە، چونکە ئەو مرۆڤە سزای خۆی وەرگرتووە و ڕەنگە لە زیندانداپەندی وەرگرتبێ و بێتە ئەندامێکی سوودبەخشی کۆمەڵگا.

لەهەمان کاتدا ئەو مرۆڤانەی کە دوای تەمەنی (18) بە تاوانی تابڕووبەر و کوشتن سزا دەدرێن، تەگەر بەهەر هۆیەکی یاساییشەوە هاتنەوە ناو کۆمەڵگا، ئەوا تەنیا لەو سانایەی پەیوەستە بە بەرژەوەندی گشتی، دەشێ باس لە ژیانیان بکرێت، بۆ نموونە کاتێک کەسێکی تاوانبارکراو بەگەندەڵی و دزی و پیاوکوشتن و کاری تابڕووبەر، خۆیان بۆ پۆستە باڵا حکومییەکان بپاڵێون، دەشێ ژیانیان بۆ خەڵک باس بکرێت تا هۆشیار ببنەوە لەپێناو دەستنیشانی پاڵێوراوێکی باشتردا.

-مرۆڤەکان وەک خۆیان بناسن: مەسەلەیەکی دیکەی ژیانی تایبەت، لەکەدار نەکردنی مرۆڤێکە بەپاساوی پەیوەندی خێزانی و خزمایەتی و عەشیرەتگەرییەکەی. بۆ نموونە باسکردنی کەسێک بەوەی کە کوڕی فلان تاوانبارە یان خزمی فلان خیانەتکارە، بۆ ڕۆژنامەنووس ڕێگا پێدراو نییە و دەچێتە خانەی ژیانی تایبەتەوە، چونکە مرۆڤ بەپێی یاسا تەنیا بەرپرسیارێتی چاکە و خراپەی خۆی لەسەرشانە، ناشێ مرۆڤێکی بێتاوان بەهۆی خراپەی کەسانێکی دیکەوە دووچاری ناوزڕاندن ببێتەوە. بەکورتی با مرۆڤەکان وەک خۆیان بناسین.

-جیاکردنەوەی ژیانی تایبەت لە گشتی: پێویستە ڕۆژنامەنووسان ئەو هەقیقەتە بزانن کە هەر قسە و کار و ڕەفتاری مرۆڤێک تەگەر پەیوەندی بە خەڵک و ژیانی گشتییەوە نەبێ، تەوا دەچێتە چوارچێوەی ژیانی تایبەت. بۆنموونە بەرپرسێ لە ماڵەوە چ جۆرە جلوبەرگێک دەپۆشێ یان چۆن نان دەخوات و دەخەوێ، هیچ پەیوەندییەکی بە ژیانی گشتییەوە نییە و سوودیش ناگەیەنێ.

ڕۆژنامەنووسان لەکاتی وێنەگرتنی بۆنەیەکی گشتیشدا، نابێ زووم بخەنەسەر کەسێک یان ڕەفتارێکی تایبەتی، چونکە لەوانەیە ببێتەمایەی لەکەدارکردنی شەرەف و کەسێتییەکەی، بۆ نموونە لە ئاهەنگێکی گشتیدا هاوولاتییەک دەکەوێتە سەرزەوی یان شەربەتێک بەخۆیدا دەڕێژێ، ئەم ڕەفتارانە شیاوی باس نین.

-مرۆڤ مافی ژیانی هەیە: زۆرینەی مرۆڤ حەز بە ژیانێکی سروشتی و ئارام و بێدەنگ دەکات، ئەو سانایەی هەستبە زوومی کامێرا بکات، تەوا لەڕووی سایکۆلۆژییەوە هەستی ئارامییەکەی دەشێوێ، کەوانە شیاو نییە بۆ هیچ زوومێکی کامێرا کە بەبێ ئەوەی خێرو بەرژەوەندی گشتی تێدابێ، ئاسوودەیی مرۆڤ بشێوێنێ.

- هۆشیاری ئاکاری و یاسایی: لەپێناو خۆپارێزی لە پێشێلی ژیانی تایبەت، ڕۆژنامەنووسان و نووسەرانی ڕەخنەگر پێویستیان بە هۆشیاری یاسایی هەیە، چونکە نەزانین پاساو نییە بۆ ئەنجامدانی تاوان. لەڕووی ئاکاریشەوە، ناشێ هیچ دەزگایەکی ڕاگەیاندن لەپێناو زیادکردنی پەیامووەرگرەکانیدا، لەسەر حسابی یاسا و ژیانی تایبەت، پەنا بۆ کاری نائاسایی ببەن.

-ڕێزگرتن لە تازادی مرۆڤ: سەرجەم یاساکانی هەرێمی کوردستان و ئەنانەت لەسەر تاستی نێودەوڵەتیش، ڕێزگرتن لە تازادی مرۆڤ بنەمایەکی سەرەکییە.

بە کورتی دەتوانین بڵێین ڕۆژنامەنووس پێویستە تەو بنەما سەرەکییەی کاری ڕۆژنامەگەری بزانێت کە تازادییەکانی هەر تاکێک وابەستە بەلەبەرچاوگرتنی ماف و تازادییەکانی تەوینر، وانا سنووری تازادی لە خاڵی دەستپێکی مافی کەسێکیترا تەواو دەبێت.

-شێوازی کۆکردنەوەی زانیاریی لەسەر کەسێک، مانای ژیانی تایبەت لە ڕاگەیاندندا دەگۆڕێت، بۆنموونە تەگەر ڕۆژنامەنووس لەڕێگەی سەرچاوەی ناشەرعی و نایاسایی و بەشێوازی سیخوڕی زانیاری لەسەر کەسێک کۆبکاتەوە تەوا کارێکی نایاساییە، بەڵام تەگەر دۆسییەی زانیارییەکانی لەناو دادگا وەرگرت و پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە هەبوو تەوا ژیانی تایبەت نییە، بۆنموونە دۆسییەی گەندەڵی بەرپرسێک کە پرۆسەی دادگاییەکەی کۆتایی هاتووە، پەیوەندی بە ژیانی گشتییەوە هەیە و دەشێ بڵاوبکرێنەوە.

ڕێگەنەدان بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی

کامیل عومەر
- ماستەر لە ڕاگەیاندن و ماموستای زانکۆ

یەکەم: مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە پەیماننامە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا

لە چوارچێوەی مافی ئازادیی ڕادەربڕیندا، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، بووەتە جێی بایەخی ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییانەی لەپێناو دەستەبەرکردن و چەسپاندنی مافەکانی مرۆڤدا دروستبوون، هەروەک چۆن بەبێ ئازادی دەستکەوتنی زانیاری، ئازادیی ڕادەربڕین و مافو ئازادییەکانی دیکە، بایەخێکیان نامێنێتەوە. لەوپێودانگەیشەوە، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، یەکێکە لەو مافە بنەڕەتییانەی مرۆڤ، کە لە زۆر پەیماننامەو جارنامە جیهانی و نێودەوڵەتی و هەرێمایەتییەکاندا، بە مادەو بڕگەی تایبەت، یان لە چوارچێوەی یاساکانی ئازادیی ڕادەربڕین و ئازادیی ڕۆژنامەوانیدا ئاماژەی پێکراوە، هەروەها ڕێکخراوە حوکمی و ناحوکمیە نێودەوڵەتییەکانیش لە پەیماننامەو کۆنگرەو کۆبوونەوەو ڕاگەیەندراوە فەرمییەکانیاندا، جەختییان لەسەر دەستەبەرکردنی ئەو مافە لەلایەن دەوڵەتانەوە کردووەتەوە، جگە لەوەی هەندێک لەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە، بنەماو چوارچێوەی تایبەتییان بۆ مافی بەدەستهێنانی زانیاریی دیاریکردووەو لە ئێستایشدا، یاساکانی تایبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیارییان لەسەر بنیاد دەنرێت. لەو چوارچێوەیەیشدا ئەو پەیماننامەو جارنامە

لە ساڵی (2003ز) داو لە شاری جنێڤی سویسرا، کۆنگرەی (لووتکەی جیهانی بۆ کۆمەڵگەی زانیارییەکان) بە ئامادەبوونی نوێنەری (175) دەوڵەت بەڕێوەچوو، کە تیایدا (بنەماکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەی زانیارییەکان) ڕاگەیەنرا

نێودەوڵەتی و هەرێمی و ڕێکخراوەییانە دەخەینەڕوو:

1- 1: پەیماننامە نێودەوڵەتییەکان

بۆ یەکەمجار، ڕیشەی مافی بەدەستهێنانی زانیاری، لە بڕیاری ژمارە (59)ی ساڵی (1946ز)ی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە سەرچاوەی گرتووە، کە لە دەقەکەیدا هاتووە: «ئازادیی گەیشتن بە زانیارییەکان، مافێکی بنەڕەتیی مرۆڤەو پێوەرێکیشە، هەموو ئەو ئازادییانەی دیکەی پێ دەپێورێت، کە نەتەوەیەکگرتووەکان هەوڵی بنیاتنانیان دەدات و یەکێکە لەو ڕەگەزانەی ئازادیی ڕاگەیاندن، کە ناتوانین دەستبەردارى ببین، جگە لەوەی هەل بۆ ڕێگریکردن لە خراپ بەکارهێنان دەڕەخسێنێت و یەکێک لە ڕێسا بنەڕەتییەکانیشی پابەندبوونێکی ئاکارییە بە لێکۆڵینەوە لە ڕووداوەکان بەبێ لایەنگریو هاوکات بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانە، بەبێ مەبەستەکان.....».

کەوائە ئەم بڕیارەی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە یەکەم بەڵگەنامەی نێودەوڵەتیی دادەنرێت، کە باسی لە دەستبەبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردبێتو بە بنەمای هەموو ئازادییەکانی دیکەیشی دانابێت.

دواتر لە ساڵی (1948ز)دا، نەتەوەیەکگرتووەکان، جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤی دەرکرد، لە بڕگەی (2)ی بەندی (19)ی جارنامەکەداو لەچوارچێوەی مافی ئازادیی ڕادەربڕیندا، جەخت لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کراوەتەوە، کە ئێیدا هاتووە:«هەموو کەسێک مافی ئازادیی بیروڕاو گوزارشتکردنی هەیە، ئەم مافەیش ئازادیی پیادەکردنی بێ دەستێوەردانی وەرگرتنی بیروڕاو هەواڵو بۆچوونەکانو بڵاوکردنەوەیان لەڕێی هەر کەناڵێکەوە دەگرێتەوە، بەبێ پابەندبوون بە سنووری جوگرافییەوە».

بە بەراورد بە بڕیاری ژمارە (59)ی ساڵی (1946ز)، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە بەندی (19)ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا، ڕاشکاوانە نەهاتووەو لەچوارچێوەی مافی ئازادیی ڕاو ڕادەربڕیندا ئاماژەی پێکراوە، بەڵام لەناوەڕۆکدا جەختی لەسەر ئەو مافە کردووەتەوەو ئەنیا لەدەستخستنی زانیاریشدا کورتی نەکردووەتەوە، بەڵکو گواستنەوەو گەیاندنی بۆ ئەوانی دیکە دەگرێتەوە. جگە لەوەیش، ئەوەی بە ڕوونی لە مادەی (19)دا دەردەکەوێت، ئازادیی ڕادەربڕینی ئێدا هاتووە وەک مافێک لە مافەکانی مرۆڤ، هەروەها بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانە بەشێوەیەکی ئازادو بە جیاوازی ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو بەبێ وابەستەبوون بە سنووری جوگرافییەوە. ئەمەیش ئەوە دەگەیەنێت، کە هەموو ئاکێک مافی بەدەستهێنانی زانیاریو ئاڵوێرکردنی لەڕێی هەر ناوەندێکی ڕاگەیاندنەوە هەیە، ئاوەکو بە هەموو شوێنە جیاجیاکانی جیهان بگات. ئەنانەت ئەو ئازادییەشی ڕەخساندووە، کە زانیاریی بە چ ڕێگاو شێوازێک وەربگیرێتو لە هەر شوێنێکی دنیادا بێت، بەبێ ڕەچاوکردنی سنووری دەوڵەتان. سەرباری ئەوەی مادەی (19) بەشێکە لە جارنامەی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ و وەکو یاسایەکی نێودەوڵەتی کارپێکراو سەیردەکرێت، لە هەندێک دەوڵەتیشدا بەهایەکی دەستووری پێبەخشراوەو لەناو دەستوورەکانیاندا ئاماژەی پێکراوە.

پەیماننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە شارستانیو سیاسییەکانی ساڵی (1966ز)یش، کۆمەڵێک پابەندی یاساییو فەرمی بەسەر ئەو دەوڵەتانەدا دەسەپێنێت، کە پەسەندیان کردووە، یەکێک لەوانەیش، مافی دەستخستنی زانیارییەو لە بڕگەی دووەمی مادەی (19)یدا، هاتووە:«هەموو کەسێک مافی پەیڕەوکردنی ئازادیی ڕادەربڕینی هەیە، ئەم مافەیش، ئازادیی گەڕان بە دوای زانیارییەکانو بەدەستهێنانیانو بڵاوکردنەوەیان بۆ کەسانی دی دەگرێتەوە، بەبێ وابەستەبوون بە سنووردەوە، ئیتر بە شێوازی زارەکی، چاپکراو، یان لە هەر چوارچێوەیەکی هونەریدا بێت، یان هەر شێوازێکی دیکە، کە خۆی هەڵبدەبژێرێت».

ئێمینی ئەوە دەکرێت، ئەم مادەیەی پەیماننامەی نێودەوڵەتیی بۆ مافە شارستانیو سیاسییەکان، کنومت لەهەمان مادەی (19)ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ هەڵێنجێنراوە، وەک چۆن هەمان ژمارەی وەرگرتووە، بەڵام گشتگیرتر فراوانتر دەردەکەوێت. سەرباری ئەوەی مادەی دووەمی پەیماننامەکە، دەوڵەتانی بەشداری پابەندکردووە بە زامنکردنو

جێبەجێکردنی مافە بڕیارلێدراوەکانی پەیماننامەکە، لەکاتێکدا کە لە مادەی (19)ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤدا بەو شێوەیە پابەندکردنی نێدا نییە.

بۆ چاودێریکردنی«مافی ئازادی ڕادەربڕینو مافی بەدەستهێنانی زانیاری»یش، لە ساڵی (1993ز) دا، لیژنەی مافی مرۆڤ لە نەنەوەیەکگرتووەکان، نووسینگەی بڕیاردەری ئایبەئی سەبارەت بە ئازادیی ڕادەربڕین دامەزراندو لەڕێیەوە، ساڵانە ڕاپۆرتێک لەسەر باڕودۆخی ئازادیی ڕادەربڕین لە دەوڵەتاندا بڵاودەکاتەوە. لەو ڕووەیشەوە، لە ڕاپۆرتی ساڵانی (1995و 1997و 1998و2002ز)یدا، بە شێوەیەکی بەرفراوان باسی لەگرنگیو پێویستبوونی دەستەبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ خەڵک لەلایەن دەوڵەتانەوە کردووە.

لە ساڵانی (1999و 2004ز)یشدا، هەر سێ دەستەی ڕاسپێردراو بە ئازادیی ڕادەربڕینو ڕاگەیاندن (بڕیاردەری ئایبەئی نەنەوەیەکگرتووەکانی پەیوەندیدار بە ئازادیی ڕادەربڕین، نوێنەری ڕێکخراوی ئاسایش و هاوکاری ئەورووپای پەیوەندیدار بە ئازادیی هۆکارەکانی ڕاگەیاندن، بڕیاردەری ڕێکخراوی دەوڵەتە ئەمریکییەکانی ڕاسپێردراو بە ئازادیی ڕادەربڕین)، لە دوو ڕاگەیاندنی هاوبەشیاندا، جەختیان لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردۆتەوە، لەوانە: مادەی (10) لە بەشداریکردنی گشتیو دژایەتیکردنی گەندەڵیدا خستۆتەڕوو.

لە ساڵی (2003ز)داو لە شاری جنێڤی سویسرا، کۆنگرەی (لوونکەی جیهانی بۆ کۆمەڵگەی زانیارییەکان) بە ئامادەبوونی نوێنەری (175) دەوڵەت بەڕێوەچوو، کە ئایدا (بنەماکانی بنیاتنانی کۆمەڵگەی زانیارییەکان) ڕاگەیەنرا، کە لە (11) بنەما پێکهاتووە و لە بنەمایەکیاندا کە ئایبەت کرابوو بە ڕاگەیاندن، جەخت لەسەر ئازادی ڕۆژنامەوانیو ئازادی زانیاریو سەربەخۆیی فرەییو ڕەنگاوڕەنگی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن کراوەئەوە، هەروەها جەت لەسەر ئازادی گەیشتن بە زانیارییەکانو وەرگرتنیاو بڵاوکردنەوەیان کراوەئەوە.

1ـ 2: پەیماننامە هەرێمایەتییەکان

کۆمەڵێک ڕێککەوتننامەو پەیماننامەی هەرێمیی لەسەر ئاسئی ئەورووپاو ئەمەریکاو ئەفەریقاو ناوچەکانی دیکە هەن، کە جەختیان لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردۆتەوە، لەوانە: مادەی (10) لە ڕێککەوتننامەی ئەوروپی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە لە ساڵی (1950ز)داو لەلایەن ئەنجومەنی ئەوروپی (COE)، کە ڕێکخراوێکی حوکمی نێودەوڵەتییەو لە 43 دەوڵەتی ئەندام پێکهاتووە، بڕیاری لێدراوە، دوائریش لە ساڵی (1981ز) دا، وەزیرانی دەرەوەی ئەنجومەنەکە کۆبوونەوە و ڕاسپاردەیەکیان دەرکرد، کە پەیوەستە بە بەدەستهێنانی ئەو زانیارییانەی لەلای دەسەڵاتە گشتییەکاندا پارێزراون. لە ڕاگەیەندراوی «کۆنگرەی چوارەمی وەزیرانی ئەورووپی»یشدا، کە لە کانوونی یەکەمی(1994ز)دا، بڵاویانکردەوە، جەخت لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کراوەئەوە. جارێکی دی، لە 21ی شوبائی2002 وەزیرانی ئەوروپی ڕاسپاردەیەکیان سەبارەت بە مافی بەدەستهێنانی بەڵگەنامە فەرمییەکان دەرکرد. هەروەها مادەی (13)ی ڕێککەوتننامەی ئەمەریکی بۆ مافەکانی مرۆڤ، کە لە «سان خۆسێ»ی کۆستەریکا لە ڕۆژی 22ی ئشرینی دووەمی ساڵی 1969ز، بڕیاری لێدراوەو مادەی (9)ی ڕێککەوتننامەی



هەولێر بۆ کتێب

ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤ و گەلەکان، کە لە کۆنگرەی لووکەی ئەفریقیداو لەحوزەیرانی (1981ز)دا لە کینیا بڕیاری لێدراوەو لە ساڵی(1986ز)ەوە خراوەتە بواری جێبەجێکردنەوە، جەختیان لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردۆتەوە. لەساڵی (2002ز)یشدا، لیژنەی ئەفریقی بۆ مافەکانی مرۆڤی سەر بە یەکێتی ئەفریقا کە لە (17- 23)ی نیسانی یەکەمی 2002ز، لە گامبیا بڕیاری لێدراوە، ڕاگەیاندنی بنەماکانی پەیوەست بە ئازادیی ڕادەربڕینی لە ئەفریقا پەسەندکرد، کە ئێیدا بە ڕوونی و لە چەند مادەو برگەیەکدا، دانی بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا ناوە. هەروەها بەڵگەنامەی دەوڵەتانی کۆمۆنوێلس، کە لە پێنج بنەما پێکهاتووە و لە ساڵی (1999ز)داو لەلایەن وەزیرانی دادی (53) دەوڵەتی ئەندامەوە پەسەندکراوە، جەختْ لەوە دەکەنەوە، کە دەوڵەتانی ئەندام کار بۆ جێبەجێکردنی ئەو مافەو ئاشکراکردنی زانیارییەکان بکەن لەپێناو بەرژەوەندی گشتیدا.

1- 3: بەڵگەنامەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە حکومییەکان

چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی حکومی، پەرەیان بە سترائیژ و بەرنامەکانیان دا بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی جەماوەرو حوکمەتەکان بەتایبەتْ لەبارەی گرنگی مافی بەدەستهێنانی زانیارییەوە، لە نموونەی ئەو ڕێکخراوانەیش: (ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ پەروەردەو زانستْو ڕۆشنبیری یونسکۆ (UNESCO)، پرۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان UNDP، بانکی نێودەوڵەتی).

ڕێکخراوی یونسکۆ لە ساڵی (1948ز)دا، ڕاگەیاندنێکی بڵاوکردەوە و ئیایدا جەختی لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردۆتەوەو لەیەکێک لە بنەماکانیدا هاتووە:»دەستەبەرکردنی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ جەماوەر لەڕێگای ناوەندە جۆراوجۆرەکانی ڕاگەیاندنەوە». هەروەها لە یەکێک لە ڕاسپاردەکانی (لیژنەی ماکبراید دا، کە لە ساڵی (1977ز)داو لەلایەن (یونسکۆ)ەوە بۆ لێکۆڵینەوە لە کێشەکانی (مافی پەیوەندیکردن) لە ڕوانگەی مافی مرۆڤەوە پێکهێنرا، جەختی لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردۆتەوە. هەروەها لە برگەی دووەمی مادەی دووەمی ڕاگەیەندراوی کۆنایی «کۆنگرەی گشتیی ڕێکخراوی یونسکۆ»دا، کە لە (28)ی ئشرینی دووەمی ساڵی (1978ز)دا بەڕێوەچوو، بە ڕوونی باسی لە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردووە. لە ساڵی (1992ز) یشدا، بانکی نێودەوڵەتی، ڕاگەیاندنی (ڕیۆ دی جانیرۆ)ی سەبارەتْ بە ژینگەو گەشەپێدان ڕاگەیاندو لە مادەی (10) یدا، داوای لە دەوڵەتان کردووە، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ هەموو هاووڵاتییەک و هەلی بەشداریپێکردنی خەڵک لە پڕۆسەی بڕیارِدا بڕەخسێنن. هەروەها ڕێکخراوی پڕۆگرامی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ گەشەپێدان (UNDP)، کە دامەزراوەیەکی پێشەنگە لەبواری گەشەپێدانی دەستخستنی زانیارییەکانداو لەساڵی (1997ز) دا، سیاسەتی ئاشکراکردنی زانیاریی گشتییەکانی گرتەبەر، بەو پێیەی کە کارێکی بنەڕەتیە بۆ گەشەپێدانی مرۆیی. لەو چوارچێوەیەشدا، ئەم دامەزراوەیە پێیوایە، جێبەجێکردنی مافی ئازادیی ڕادەربڕینو مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، مەرجی سەرەکییە بۆ دەستەبەرکردنی بەشداریکردنی بنەڕەتی لە کۆمەڵگایەکی دیموکراسی کراوەدا.

1- 4: بەڵگەنامەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییە ناحکومیەکان

چەند ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی ناحکومی هەیە، وەک (مادەی 19)و (دەستپێشخەریی دادپەروەریی کۆمەڵگای کراوە- Open Society Justice Initiative)و «ناوەندی کارتەر»و «ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی»، لە کاروانی بەرگریدان لە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، هەروەها بوونەتە بزوتنەوەیەکی نوێی جیهانی بۆ پشتگیریکردنو بەشداریکردن لە داڕشتنی یاسای ئایەتْ بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە وڵاتانی تازە گەشەکردووداً.

لەساڵی (2000ز)دا، ڕێکخراوی (مادەی 19)، بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بڵاوکردەوە، کە لە نۆ بنەما پێکهاتووەو بوونەتە پێوەری نێودەوڵەتی بۆ داڕشتنی یاسای ئایەتْ بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی. ئەو بنەمایانەش پێکهاتوون لە: ئاشکراکردنی ڕەهای زانیارییەکان، پابەندبوون بە بڵاوکردنەوە، بانگەشەکردن بۆ حوکمەتی کراوە، چوارچێوەو هەڵاوێردەکان، ڕێوشوێنەکانی گەیشتن بە زانیارییەکان، خەرجیو نێچوونەکان، کۆبوونەوە کراوەکان، ئەولەوییەتْ بۆ ئاشکراکردنە، پاراستنی سەرچاوەکانی هەواڵو زانیاریی.

لە ساڵی (2008ز)دا، «ناوەندی کارتەر» کە ناوەندی کارتەر ڕێکخراوێکی ناحوکمی قازانج نەویستەو لە ساڵی (1982ز)دا لەلایەن «جێمی کارتەر»ی سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکاو (ڕۆزالین سمیس کارتەری»ی هاوسەرییەوە دامەزرێنراوەو پشتیوانی لە پەرەپێدانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و گەشەپێدانی تابووری دەکاتْ. کۆبوونەوەیەکی بەرفراوانی بۆ ڕێکخراوە نێودەوڵەتیە ناحوکمییەکان ڕێکخستووەو لە ڕاگەیەندراوێکدا بەناوی «ڕاگەیاندنی ئەنڵانتا پلانی کار لەپێناو گەشەپێدانی گەیشتن بە زانیارییەکاندا» کە لە ساڵی (2008ز)داو لە ئەنڵانتای ویلایەتی جۆرجیا لەلایەن زیاتر لە 125 نوێنەری حوکمەتەکانو ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای

مەدەنی‌و ناوەندەکانی ڕاگەیاندنو کەرتی تایبەتو ئەکادیمییەکانەوە بڕیاری لێدراوە، جەختی لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردەوە.

سەندیکا و کۆمەڵە ڕۆژنامەوانییە جیهانی و هەرێمیەکانیش، لە چەندین کۆبوونەوە و کۆنگرەی جیهانیدا، جەختییان لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەوانان کردۆتەوە. لەو چوارچێوەیەشدا، ساڵی 1971ز، نوێنەری شەش یەکێتی ڕۆژنامەوانیی ئەورووپی، لە (میونشن)ی پایتەختی هەرێمی باڤاریا لە ئەڵمانیا کۆبوونەوەو ڕێیدا«جاری ئەرکو مافەکانی ڕۆژنامەوانان»یان ڕاگەیاند، کە لە ناوەرۆکەکەیدا، داوای دەستبەرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی‌و گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاریی، کراوە. لەساڵی (1973ز)یشدا، چوار کۆمەڵەی ڕۆژنامەوانیی فەرەنسی لە وڵاتی چین، دەستووری «مافی زانین»یان ڕاگەیاند، کە چەند بنەمایەکی بۆ زەمینەسازیی بێ کێشەو بێ ڕێگری لە گەیشتنی ڕۆژنامەوانان بە سەرچاوەکانی زانیاریی، لەخۆگرتبوو.

لە ساڵی (1994ز)یشدا، یەکێتی ڕۆژنامەوانانی ئەمەریکی، کە ڕێکخراوێکی نا حکومیی هەرێمییە، کۆنگرەیەکی نێودەوڵەتی لە مەکسیکۆ سیتی، دەربارەی ئازادی قسەکردن ڕێکخستووەو ڕێیدا (ڕاگەیاندنی چاپولتیپک) پەسەندکرا، کە گوزارشتە لە کۆمەڵێک بنەمای پەیوەست بە ئازادیی ڕادەربڕینو لە دوو مادەشیدا جەختی لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەوانان کردۆتەوە».

لە خستنەڕووی هەموو ئەو بەڵگەنامەو بڕیارە نێودەوڵەتییو هەرێمایەتیانەدا، ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، وەک یەکێک لە مافە سەرەکییەکانی مرۆڤ، جێی بایەخی ڕێکخراوی (نەتەوە یەکگرتووەکان) بووە، ئەمەیش لەو سۆنگەوە، کە هۆکارێکی بنەڕەتیی زامنکردنی مافو ئازادییەکانی دیکەی مرۆڤە. دامەزراوەکانی سەر بە ڕێکخراوەکەیش، جەختیان لەسەر ئەو مافە کردۆتەوەو کاریان بۆ بەرەوپێشبردنی کردووە. دوابەدوای ئەوانیش، زۆربەی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییو هەرێمایەتیەکان لە کۆبوونەوە و کۆنگرەکانیاندا، جەختیان لەسەر ئەو مافە کردۆتەوە. وەک چۆن ڕێکخراوە ناحوکمیو سەندیکا ڕۆژنامەوانییەکانیش، بڕیارنامەو بەڵگەنامەی ئایبەتییان بۆ چەسپاندنی ئەو مافە دەرکردووەو بڵاوکردۆتەوە.

دووەم: مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە دەستوورو یاسای وڵاتاندا

لە دەستوورو یاسای زۆر وڵاتی جیهاندا، مادەو بڕگەی تایبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ هاووڵاتیانو ڕۆژنامەوانان جێگیرکراوەو لە نموونەی دیاری ئەو دەوڵەتانەی ئەورووپایش، کە لە دەستووریانداو ئەم مافە جێگیرکراوەو چەسپێنراوە، مادەی (268) لەدەستووری پرتوگال لە ساڵی 1976ز، مادەی (20) لە دەستووری ئیسپانیا لە ساڵی 1978ز، مادەی (25) لە دەستووری بەلجیکا لەساڵی 1993ز، مادەی (12) لە دەستووری فنلەندا لە ساڵی 2000ز، مادەی (5) لە دەستووری ئەڵمانیا.....هتد.

لە ساڵی (1990ز)دا بەدواوە، زۆربەی ئەو دەوڵەتانەی بەرەو دیموکراسی هەنگاو دەنێن، بەشێوەیەکی ڕوونو ڕاشکاو مادەو بڕگەی ئایبەت بەم مافە لە دەستووریاندا دەبینرێت. لە نموونەی ئەوانەیش: مادەی (41) لە دەستووری بولگاریا، مادەی (44) لە دەستووری ئەستۆنیا، هەنگاریا لە مادەی (1/61)، لیتوانیا لە مادەی (5/25)، مەلاوی لە مادەی (37)، مەلدۆڤیا لە مادەی (34)، فلیپین لەمادەی (7/3)، پۆڵەندە

> ئەگەرچی، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، بووەتە مافێکی یاسایی‌و دانپیانراو، بەتایبەت لە دوای جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە لەساڵی (1948ز)دا، بەڵام میژووی چەسپاندنی ئەم مافە لە فۆرمێکی یاساییدا، بۆ یەکەمجار بۆ دەوڵەتی سوید دەگەڕێتەوە، کە لە ساڵی (1776ز) داو لەچوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەگەریدا، دانی بەو مافەدا ناوە

لە دەستووری عیراقی ساڵی (2005)یشدا، هەرچەندە دەقی ئاشکراو تایبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی تێدا نابینرێت، بەڵام لە هەندێك لە مادەکانیدا ئاماژە بە مافی ئازادیی ڕادەربڕینو ئازادیی ڕۆژنامەوانیی کراوە

لە مادەی (61)، ڕۆمانیا لە مادەی (31)، ڕووسیای یەکگرتوو لە مادەی (24/2)، باشووری ئەفەریقا لە مادەی (32)، ئایلاند لە مادەی (58). هەروەها لە دەستووری چەند دەوڵەتێکی دیکەی جیهانیشدا ئەم مافە جێگیرکراوە.

لەهەندێک دەوڵەتی دیکەیشدا، دادگای باڵای ئەو دەوڵەتانە لەڕێی ڕاڤەکردنی گەرەنتییە دەستوورییەکانی ناوبەت بە ئازادیی بیروڕاوە، بڕیاریان لەسەر مافی بەدەستهێنانی زانیاریی داوە، ئەمەیش وەک مافێک، کە دەستوور دەستەبەری بەدیهێنانی بکات، بە نموونە: بڕیاری دادگای باڵای ژاپۆن لەساڵی 1969ز، بەگوێرەی مادەی (21)ی دەستوور، بڕیاری دادگای باڵای هندستان لە ساڵی 1982ز بە گوێرەی مادەی (19) ی دەستوور، هەروەها دادگای کۆریای باشوور لە ساڵانی (1989و1991ز) بە گوێرەی مادەی (21)ی دەستوور.

سەرباری ئەوانەیش، لەژێر ڕۆشنایی دەستوورەکانیاندا، زیاتر لە 90 دەوڵەتو هەرێمی فیدراڵی لەناوچە جیا جیاکانی جیهاندا یاسای ناوبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیارییان پەسەندکردووە، کە زۆرترینیان لە (20) ساڵی ڕابردوودا بوون.

ئەوەی ئێبینی دەکرێت، هەندێک لەو دەوڵەتانەی جیهان، کە خاوەن سیستەمی دیموکراسین، لە ڕووی کاتەوە دواکەوتوون لە دانانی یاسای ناوبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، لە نموونەی بەریتانیا کە لەساڵی (2000ز)دا، یاسایەکی پەسەنکردو لە ساڵی (2005ز) دا، کەوتۆتە بواری جێبەجێکردنەوە، هەروەها ئەڵمانیا لە ساڵی (ز2005)و سویسرا لەساڵی (ز2004)دا، ئەو یاسایەیان پەسەندکردووە، لەکاتێکدا زۆر لە وڵاتانی تازە گەشەسەندوو، یان وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەر لە ساڵی (2000)ەوە، یاسای ناوبەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریان پەسەندکردووە، بەڵام ئەمە لەو ڕاستییە کەم ناکاتەوە، کە بە حوکمی دیموکراسیی سیستەمەکانیانو پەیڕەوکردنی شەفافییەتەوە، ئەو مافە بۆ هاوواڵتیانو ڕۆژنامەوانان دەستبەرکراوەو کەمترین ڕێگریو تاستەنگیان هەبووە. سەرباری ئەوەی ئۆپۆزسیۆن ڕۆڵی خۆی دەبینێت لە چاودێریکردنی کارەکانی حوکمەتو ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنیو شاردراوەکانو ئاگادارکردنەوەی ڕای گشتی لەگەندەڵییەکان، بەڵام لە زۆربەی ئەو وڵاتە تازەگەشەسەندووانەی سیستەمی دیموکراسیان تێدا نەچەسپیووە، ئۆپۆزسیۆن ناتوانێت ڕۆڵی خۆی ببینێت بەهۆی ئەو تاستەنگو ڕێگرییانەوە، کە حزبە فەرمانڕەواکان بۆی دروست دەکەن.

ئەوەی جێی سەرنجە، لە هەموو دەوڵەتانی عەرەبیدا، ئەنیا تیوردن، یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاریی هەیەو هەندێک لە دەوڵەتانی دیکەی عەرەبیش، لە ئامادەکاریدان بۆ پەسەندکردنی ئەو یاسایە.

لە چەندین دەوڵەتی دیکەی جیهانیشدا، پرۆژە یاسای ناوبەت بەو مافە بۆ پەسەندکردنی ئامادەکراونو پێشنیارکراون، وەک هەندێک لە دەوڵەتانی کیشوەری ئەفریقیا (گانا، کینیا، مەراکیش، نێجیریا، سیرالیۆن، ئەنزانیا، زامبیا)، هەروەها دەوڵەتانی دیکەی عەرەبی، وەک (یەمەن، بەحرەین،و.....هتد).

ئەگەرچی، مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، بووەتە مافێکی یاسایی‌و دانپیانراو، بەناوبەت لە دوای جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤەوە لەساڵی (1948ز)دا، بەڵام مێژووی چەسپاندنی ئەم مافە لە فۆرمێکی یاساییدا، بۆ یەکەمجار بۆ دەوڵەتی سوید دەگەڕێنەوە، کە لە ساڵی (1776ز)داو لەچوارچێوەی یاسای ڕۆژنامەگەریدا، دانی بەو مافەدا ناوەو لە مادەی یەکەمی بڕگەی دووەمی یاساکەدا، هاتووە: «مافی هەموو هاووڵاتیەکی سوییدیە، بەڵگەنامە فەرمییەکانی دەست بکەوێت». بەوپێیەیش، سوید یەکەم دەوڵەتی جیهانە، کە یاسایەکی دەرکردبێتو تیایدا مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ هاووڵانیانی دەستەبەرکردبێت، ئەمەیش لەوکاتەدا هەنگاوێکی گرنگ بووە بە ناڕاستەی بە یاساییکردنی ئەو مافە. دوای ئەویش کۆڵۆمبیا، مێژوویەکی دوورو درێژی لە دانانی ئەو یاسایانەدا هەیە، کە ئازادی بەدەستهێنانی زانیارییەکان لەخۆدەگرن، لەو ڕووەشەوە لە ساڵی(1888ز)دا، ئەو یاسا سیاسی‌و نیشتمانیو ڕێکخراوەییانەی بۆ هاووڵانیانی دەستەبەرکرد، ئاوەکو بتوانن داوای ئەو بەڵگەنامانە بکەن، کە لەلای دامەزراوە حکومییەکانو لە ئەرشیفدا پارێزراون. دوابەدوای ئەو

مێژووەیش، فنلەندە لەساڵی (1951)دا، یاسای ئایبەث بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی پەسەند کردووە.

لە وڵایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکایش، مێژووی بە یاساییکردنی ئەم مافە، زۆر کۆن نییەو بۆ پاش دووەمین جەنگی جیهان دەگەڕێنەوە. ئەویش کاتێک دەرکەوت، کە «کینث کۆپر»ی بەڕێوەبەری ئاژانسی «ئاسۆشێئەدپرێس»ی ئەمەریکی ڕەخنەی لەسانسۆری حوکمیی و ئەو بەربەستانە گرت، کە دەبنە ئاستەنگ لەبەردەم بڵاوبوونەوەی ئازادانەی ئەو زانیارییانەی لەبارەی جیهانەوە هەن، هەروەها قسەی لەبارەی «مافی خەڵکی لە زانین»دا، کرد، کە یەکەمین هەموارکردنی دەستووری ئەمەریکیە ئەو مافە بداتو بە ئازادییەوە ڕادەربڕدرێتو بڵاوبکرێنەوە. ئەوەبوو لە ئەمووزی (1966ز)دا، سەرۆک «لیندۆن جۆنسۆن» سەرۆکی ئەوکاتەی ئەمەریکا، لەژێر پاڵەپەستۆی کۆنگریسدا یاسای ئازادیی زانیارییەکان (FOIA)ی پەسەندکردو لەساڵی (1967ز)ەوە کەوتە بواری جێبەجێکردنەوە. دواتریش لە ساڵەکانی (1974و 1986ز)دا، چاککاری ئێداکراو هەموارکرا. سەرباری ئەوانەیش، دوو یاسای دیکەی هاوشێوە لە ئەمەریکا هەن، کە ئەوانیش (یاسای ئاگاداربوون)و یاسای (کۆبوونەوە کراوەکان)ن، کە وایانکردووە چاودێریکردنی کارو چالاکییەکانی دەوڵەت ئاسان بێت.

دوای ئەوانیش، لەساڵانی (1978–1990ز)دا، لەلایەن ژمارەیەک لە دەوڵەتە دیموکراسییە ڕۆژئاواییەکانەوە، یاسای ئایبەث بەم مافە دەرکرا، وەک (فەرەنسا، هۆڵەندا، ئوستورالیا، کەنەدا، دانیمارک، یۆنان، نەمسا، ئینالیا)، پاشانیش لە ساڵانی (1992–2006ز)، (27) دەوڵەث لە ئەوروپای ناوەڕاستو خۆرهەڵاتو دەوڵەتانی پاشماوەی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، یاسای ئایبەث بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریان دەرکرد. دواتریش ئاوەکو ساڵی 2011ز، چەند دەوڵەتێکی دیکەی ناوچە جیا جیاکانی جیهان، یاسای ئایبەث بەو مافەیان دەرکرد، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە، لە هەموو ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، تەنیا دوو دەوڵەث یاسای ئایبەث بەو مافەیان هەیە، کە ئەوانیش ئیسرائیل لەساڵی (1998ز)و ئوردن لەساڵی2007. هەرچەندە لە میسر، یاسای ئایبەث بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بوونی نییە، بەڵام لە مادەی (210)ی دەستووری ساڵی (1971)دا، کە لە ساڵی (1980)دا هەموارکراوەتەوە، دان بەو مافەدا نراوەو ئایدا هاتووە:«مافی بەدەستهێنانی هەواڵو زانیاریی بۆ ڕۆژنامەوانان بەگوێرەی ئەو هەلومەرجەی یاسا دیاری دەکات،.....»، بەڵام ئەوەی جێی سەرنجە لە دەستووری میسردا، بە دیاریکراوی ناوی ڕۆژنامەوان هاتووەو نەگوتراوە هاوڵاتیان. هەر لەبەر ڕۆشنایی ئەم مادە دەستوورییەدا، یاسای ڕێکخستنی ڕۆژنامەوانیی میسری ژمارە 96ی ساڵی 1996 پەسەندکراوەو لە مادەکانی (8، 9، 10، 11)یدا، جەخت لەسەر ئەو مافە دەکاتەوە، هەروەک چۆن بڕیاریداوە، بە لابردنی ئەو کۆتوبەندانەیشی، کە کۆسپن لەبەردەم دەستخستنی زانیاریدا.

سووربوونی دەوڵەتان لەسەر بڕیاردانو چەسپاندنی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، لە یاساکانی «کاری ڕۆژنامەگەریی و مافی بەدەستهێنانی زانیاریی»دا، ئاماژەیەکە بۆ گرنگیو کاریگەریی ئەو مافە بۆ هاوڵاتیان بە گشتیو ڕۆژنامەوانان بەتایبەتی.

سێیەم: مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لە دەستوور و یاساکانی عیراق و هەرێمی کوردستاندا

ئەگەرچی دەوڵەتی عیراق دەوڵەتی عیراق پەیماننامەی نێودەوڵەتیی مافە

International Press Institute

I.P.I

مەدەنی‌و سیاسییەکانی ی1966ی بەپێی یاسای ژمارە (193)ی ساڵی1970ز پەسەندکردووە و بەشێوەیەکی فەرمیش لە ساڵی (1971ز)دا، پابەندبوونی خۆی بەو پەیماننامەوە ڕاگەیاندووە کە ئێیدا مافی بەدەستهێنانی زانیاری، بە مافێکی بنەڕەتی دادەنێت، بەڵام ئەو مافە بە ڕوونی و ڕاشکاوی لە دەقە یاسایی‌و دەستوورییەکانی حوکمەتی عیراقیدا، لە پێش ساڵی (2003ز)دا نابینرێت، ئەنانەت لە یاساکانی پەیوەست بە چاپەمەنی‌و ڕۆژنامەوانیشدا، نەک ئەو مافە نەهاتووە، بەڵکو بە پێچەوانەوە قەدەغەی لەسەر داناوە، بۆ نموونە ئەنیا لە بەندی شانزەیەمی یاسای چاپەمەنیی عیراقیی ژمارە (206)ی ساڵی (1968ز) داو، لە هەردوو مادەی (16و17)یدا، 19 قەدەغەکراودا هاتوون، کە نابێت ڕۆژنامەوانان ئوخنیان بکەون و بڵاویان بکەنەوە.

لە دەستووری عیراقی ساڵی (2005)یشدا، هەرچەندە دەقی ئاشکراو ئایەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی ئێدا نابینرێت، بەڵام لە هەندێک لە مادەکانیدا ئاماژە بە مافی ئازادیی ڕادەربڕین‌و ئازادیی ڕۆژنامەوانیی کراوە، کە دەکرێت ئاماژە بن بۆ دەستبەرکردنی ئەو مافە، بەئایەت لە مادەی (38)داو لە سێ بڕگەی جیاوازدا، جەخت لەسەر ئازادیی ڕادەربڕین کراوەو ئێیدا هاتووە:»دەوڵەت ئەوانەی خوارەوە دەستەبەردەکات، بەشێوەیەک پێچەوانەی سیستەم و ئادابی گشتی نەبێت. یەکەم: ئازادیی ڕادەربڕین بەهەموو شێوەو شێوازێک. دووەم: ئازادیی ڕۆژنامەوانیی‌و چاپکردن‌و ئاگادارکرنەوە بۆ ڕاگەیاندن‌و بڵاوکردنەوە. سێیەم: ئازادیی کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی ئاشتیانە، کە بەپێی یاسا ڕێک دەخرێت».

بەپێی ئەم مادەیەی دەستووری عیراق، هاوواڵتیان‌و ڕۆژنامەوانان دەتوانن پیادەی مافی خۆیان لە بەدەستهێنانی زانیاریدا بکەن، بەڵام لەبەرئەوەی ڕاستەوخۆ، وەک مافێکی سەربەخۆ نەهاتووەو دانپێدانەنراوە، دامەزراوەکانی دەستەڵات‌و بەرپرسەکانیان، دەتوانن زانیاریی نەدەن‌و ڕێگری لە هەر کەسێک بکەن، داوای زانیاریی بکات، کە دەکرا یاسادانەری عیراقی، وەک زۆر لە دەستوورەکانی وڵاتانی دنیا، لەدەستووردا بە ڕوونی ئاماژەی بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری بکردایە، ئاوەکو بە یاسای ئایەت ڕێک بخرایە. سەرباری ئەوەیش، بوونی چەمکە ناڕۆشنەکانی وەک «سیستەمی گشتی‌و ئادابی گشتی» لە مادەکەدا، کە ڕوون نەکراونەتەوە و پێناسە نەکراون، دەبێتە ئاستەنگ لەبەردەم پیادەکردنی ئەو مافەی هاووڵاتیانی عیراق. هەروەها فەرمانی ژمارە (55) ی دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان لەعیراق کە لە 28ی کانوونی دووەمی ساڵی (2004ز)دا دەرچووە و پەیوەستە بە کۆمسیۆنی دەستپاکی گشتی (مفوضية النزاهة العامة)، لە بڕگەی (3)ی بەشی (7)یدا، جەخت لەسەر ئەوە کراوەتەوە، کە کۆمسیۆن هەل بۆ جەماوەر بڕەخسێنێت، بە مەبەستی ئاگادارکردنەوەی لە زانیارییەکان‌و پشکنینیان‌و بەڕپرسانیش پابەند بکات، بەرژەوەندییە دارایییەکانیان ئاشکرا بکەن. هەر لە هەمان ساڵداو دوای هەڵوەشاندنەوەی وەزارەتی ڕاگەیاندنی عیراق، دەسەڵاتی کاتیی هاوپەیمانان، فەرمانی ژمارە (65)ی ئایەتە بە یاسای (دەستەی ڕاگەیاندن‌و گەیاندن)ی دەرکرد، کە لە پێشەکیەکەو13بەشی سەرەکی پێکهاتووەو لە چەند بەش‌و بڕگەیەکیدا، جەخت لە سەر ئازادی ڕادەربڕین‌و گەیشتن بە زانیاریی کراوەتەوە. دواتریش، هەمان دەسەڵات فەرمانی ژمارە (66)ی ئایەت بە یاسای ئۆڕی ڕاگەیاندنی عیراقی دەرکردو ئێیدا جەختی لە ئاسانکاری بۆ گەیشتنی جەماوەری عیراقی بە زانیاریی کردۆتەوە. هەروەها لە ساڵی (2009ز) دا، دەستەی ڕاگەیاندن‌و گەیاندنی عیراق، لەسەر بنەمای مادەی (19)ی جارنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ، لیستی ڕێساو سیستەمی پەخشی ڕاگەیاندنی دەرکردو

ئێیدا، جەخت لەسەر ئازادیی گەیشتن بە زانیاریی کراوەنەوە.

لە ساڵی (2011ز)یشدا، ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق، یاسای ژمارە (21) ی «مافەکانی ڕۆژنامەوانان»ی دەرکرد، کە ئێیدا ئاماژە بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی بۆ ڕۆژنامەوانان کراوەو لەبڕگەی یەکەمی مادەی (4)ی ئەو یاسایەدا هاتووە:»ڕۆژنامەوان مافی بەدەستهێنانی ئەو زانیاریی و هەواڵو داناو ئامارانەیان هەیە، کە قەدەغەکراو نین و مافی بڵاوکردنەوەیان هەیە لە سنووری یاسادا». هەر لە مادەی (6) ی هەمان یاساداو لە بڕگەی یەکەمیدا، هاتووە:»ڕۆژنامەوان مافی خوێندنەوە و بینینی ئەو ڕاپۆرت و زانیاریی و بەڵگەنامە فەرمییانەیان هەیە، کە ئاشکراکردنیان زیان بە بەرژەوەندیی گشتی ناگەیەنێت و لەگەڵ بەندەکانی ئەم یاسایەدا پێچەوانە نابێت، ئەرکی سەرشانی لایەنی پەیوەندیدارپشە ڕێگای خوێندنەوەو سوود لێبینینی پێبدات». لەبڕگەی دووەمیشدا هاتووە:»ڕۆژنامەوان مافی ئامادەبوونی لە کۆنگرەو دانیشتن و کۆبوونەوە گشتییەکانی هەیە لەپێناو سەرخستنی کاری ڕۆژنامەوانیدا». هەروەها لە مادەی سێیەمی یاساکەدا، دامەزراوەکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و لایەنە پەیوەندیدارەکانی دیکەی بە جێبەجێکردنی سەرجەم مادەو بڕگەکانی یاساکەو ئاسانکاریکردن بۆ ڕۆژنامەوانان پابەندکردووە. ئەگەرچی یاساکە سزای بۆ ئەوانەی زانیاریی بە ڕۆژنامەوان نادەن، دیاری نەکردووە، بەڵام ئاڕادەیەک ئاسانکاری بۆ ڕۆژنامەوان کردووە، بۆ ئەوەی بگاتە زانیاریی و سەرچاوەکانی زانیاریی، سەرباری ئەوەی دەستەواژەی ناڕوون و پێناسە نەکراوی، وەک «لەسنووری یاسادا»ی تێدا هەیە، کە جۆرێک لە سنوورداکرنی بەدەستهێنانی زانیاریی، لەلایەن ڕۆژنامەوانەوە ئێدا دەبینرێت.

لە هەرێمی کوردستانیشدا، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عیراق، ئاماژە بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کراوە و لە بڕگەی یانزەیەمی مادەی (19)دا هاتووە «مافی بەدەستهێنانی زانیاریی، بە یاسایەک دەستەبەربکرێت». ئەگەرچی لەساڵی (2009)ەوە، پەرلەمانی کوردستان، پرۆژەی دەستووری هەرێمی بۆ ڕاپرسی گشتی پەسەندکردووەو هێشتا ڕاپرسی لەسەر نەکراوە، بەڵام جێگیرکردنی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی لەو دەستوورەدا، پاڵپشتییەکی گەورەیە بۆ بە یاساییکردنو ڕێکخستنی ئەو مافە لەهەرێمی کوردستاندا.

لە یاسای چاپەمەنی ژمارە (10)ی ساڵی (1993ز)ی هەرێمی کوردستانیشدا، باس لە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی نەکراوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە، لە مادەی نۆهەمی یاساکەدا، باس لە قەدەغەکراوەکان کراوە و ئێیدا هاتووە:»بڵاوکردنەوەی ئەو بابەتانە قەدەغەن، کە هانی تاوانکاری و کاری تیرۆریستی دەدەنو ڕێوشوێنی بۆ خۆشدەکەنو ئینو ئوانای بۆ دابیندەکەن، یان جنێوو تانوت لێدانو ناوزڕاندنی کەسانیان تێدا بێت، یان دەستدرێژییان بۆ سەر حورمەتی تایبەتو مەزهەبەکانو داب و نەریت و سیستەمی گشتی تێدابێت». لەمادەی چواردەیەمی هەمان یاسادا، سەربەستی کارکردنی داوەتە کەناڵە بیانییەکان، بەبێ ئەوەی باس لە کەناڵە ناوخۆییەکان بکات، کە ئەمەیش گرفت لەبەردەم مافی گەیشتن بەسەرچاوەکانی زانیاریی دروست دەکات، بەتایبەت لەکاتی شەڕی ناوخۆ و لە سەردەمی نەشەڕ نە ئاشتیدا. وەزارەتی ڕۆشنبیری حوکمەتی هەرێمی کوردستانیش، لە ساڵی (1995ز) دا، ڕێنمایی ژمارەی (3)و لە ساڵی (2002ز)یشدا، ڕێنمایی ژمارە (1)ی بۆ جێبەجێکردنی یاسای چاپەمەنی ژمارە (10)ی ساڵی 1993ز، دەرکردووە، بەڵام لە هیچ کام لەو دوو ڕێنماییەدا، باس

لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007ی ڕۆژنامەگەریی کوردستاندا، ئاماژە بە مافی ڕۆژنامەوان لە وەرگرتنی زانیاریی و بەشداریکردنی لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا کراوە، وەک لە بڕگەی دووەمی مادەی دووەمدا، هاتووە: «ڕۆژنامەگەر، بۆی هەیە ئەو زانیارییانە وەربگرێت، کە گرنگ بن بۆ هاووڵاتیان و پەیوەندیدارن

هەواڵنامەی کێبڕکێ

دەسەڵات نەدراوە بە دادوەر کە لەکاتی پێویستدا داوای ئەو زانیارییانە بکات، کە بەپێی یاساکەو لە بڕگەی دووەمی مادەی چواردەیەمدا بە نهێنی هاتوون و ڕەنگە بەرژەوەندی گشتی ئاشکراکردنیان پێویست بکات

لە مافی دەستخستنی زانیاریی نەکراوە.

لە یاسای ژمارە (4)ی ساڵی (1998ز)ی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشدا، ئاماژە بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری کراوە، لەچوارچێوەی ئامانجەکانی یاساکەدا، هاتووە:«ڕێز لە سەربەستی ڕۆژنامەنووسیو بەرگریکردن، لە مافەکانی ڕۆژنامەنووسانو زامنکردنی پارێزگاریکردنی پێویست بۆ ئەنجامدانی کارەکانیان بکرێتو ئاسانکاری ئەرکی ڕۆژنامەنووسان، بۆ بەدەستهێنانی هەواڵو زانیارییەکان بکرێت». بەڵام لە مادەی بیستەمی هەمان یاسادا، (9) قەدەغەکراو بۆ ڕۆژنامەوان دیاریکراوە. بەوپێیەیش، لەم یاسایەدا، هێندەی قەدەغەکراو بۆ ڕۆژنامەوان دیاریکراوە، ئەوەندە باس لەدەستبەرکردنی مافەکانی نەکراون.

لە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007ی ڕۆژنامەگەریی کوردستانیشدا، ئاماژە بە مافی ڕۆژنامەوان لە وەرگرتنی زانیاریو بەشداریکردنی لە کۆبوونەوە گشتییەکاندا کراوە، وەک لە بڕگەی دووەمی مادەی دووەمدا، هاتووە: «ڕۆژنامەگەر، بۆی هەیە ئەو زانیارییانە وەربگرێت، کە گرنگ بن بۆ هاووڵاتیان و پەیوەندیدارن، بە بەرژەوەندی گشتی لەسەرچاوەی جیاواز، ئەگەر پەیوەندی بە ئاسایشی هەرێمەوە نەبێت». هەروەها لە بڕگەی چوارەمی مادەی هەشتەمیدا هاتووە:»ڕۆژنامەگەر، مافی ئامادەبوونی لە کۆنگرەو چالاکییە گشتییەکانی دیکەدا هەیە».

ئەگەرچی ئەم یاسایە، تا ئێستا نەنیا یاسایە، لە هەرێمی کوردستاندا دەرچووبێت و ئاماژەی بە مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردبێت، بەڵام ئوێژەر بەپێویستی دەزانێت چەند سەرنجو تێبینیەک لەبارەی یاساکەوە بخاتەڕوو، وەک:

یەکەم: یاساکە، مافی دەستخستنی زانیاریی، بە مافێکی بنەڕەتیی ڕۆژنامەوانان نەزانیووەو دەڵێت: «ڕۆژنامەگەر بۆی هەیە ئەو زانیارییانە وەربگرێت.....»، لەکاتێکدا بنەمای یەکەم لە (بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی) کە ڕێکخراوی نیودەوڵەتی مادەی (19) دەریکردووە، جەخت لەسەر ئاشکراکردنی زانیاریی، لەلایەن دامەزراوە گشتییەکانەوە دەکاتەوەو بە مافی هەر ئاکتێکی کۆمەڵگەی دەزانێت بەدەست بهێنێت. سەرباری ئەوەی لە یاسای «مافەکانی ڕۆژنامەوانان»ی عیراقدا، هاتووە: «مافی ڕۆژنامەوانە، زانیاریی بەدەستبهێنێت...». ئەوەی لە یاسای ڕۆژنامەگەریی کوردستاندا هاتووە، بە بەراورد لەگەڵ یاساکەی عیراقدا، زانیاریی وەرگرتنی وەک بەخشینێک زانیووە، نەک وەک مافێکی بنەڕەتی.

دووەم: یاساکە هیچ ئاسانکاریی و ڕێوشوێنێکی بۆ پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەوانان دیاری نەکردووە، لەکاتێکدا لە بنەمای پێنجەمی (بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاری)دا هاتووە: «پێویستە داوا لە هەموو دەستە گشتییەکان بکرێت، پەیڕەوی ناوخۆی کراوە بۆ خۆیان دابڕێژنو بە مەبەستی دەستەبەرکردنی مافی هاووڵاتی لە بەدەستهێنانی زانیاریدا بەکاربهێنن، هەروەها پێویستە کەسێکی بەرپرس بۆ بەدەمەوەچونی ئەو داواکارییانە دیاری بکرێت». وەک چۆن لە یاسای ژمارە (96)ی ساڵی (1996)ی ڕێکخستنی کاروباری ڕۆژنامەوانیی میسردا هاتووەو ئیایدا وەزارەتو دەستە گشتییەکان پابەندکراون، بە کردنەوەی نووسینگەی ئایبەت بۆ پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەوانان و ئاسانکاری کردن بۆیان.

سێیەم: یاساکە، نە سزای بۆ ئەوانەی زانیاریی نادەن بە ڕۆژنامەوان دیایکردووە، نە داوای لێکردوون ڕونکردنەوەی باوەڕپێکەر لەسەر پێنەدانی زانیاری بدەنە ڕۆژنامەوانان، وەک چۆن لە بنەمای یەکەم لە «بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاری»دا، هاتووە:»کاتێک دەستە گشتییەکان ڕێگری لە گەیشتنی جەماوەر بە زانیارییەکان دەکەن، دەبێت بەرپرسیارێتی ئەوە هەڵبگرنو پاساو بۆ ڕەتکردنەوەکانیان بهێننەوە».

چوارەم: یاساکە، دامەزراوە فەرمییەکانی دەوڵەتی پابەند نەکردووە، بە بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانو پێدانی زانیاریی بە ڕۆژنامەوانان، لەکاتێکدا بنەمای دووەمی (بنەماکانی مافی

هەواڵنامەی جێب

بەدەستهێنانی زانیاریی)دا، دەستە گشتییەکانی بە بڵاوکردنەوەی زانیارییە سەرەکییەکان بۆ جەماوەر پابەندکردووە، بەبێ ئەوەی داوایان لێبکرێت بە ئاپەت ئەو زانیارییو بەڵگەنامانەی بۆ جەماوەر گرنگن.

لە یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2013 (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان- عیراق)یشدا، کە لە 22 مادە پێکهاتووە، چەندین لایەنی ئەرێنیو نەرێنی تێدا دەبینرێت و لێرەدا دەیانخەینەڕوو.

یەکەم: لایەنە باشو ئەرێنییەکانی:

لەیاساکەدا، چەند لایەنێکی ئەرێنیو هاوتەریب بەو بنەماو پرینسیپانەی مافی بەدەستهێنانی زانیاری تێدایە، کە نۆ بنەمانو لەلایەن رێکخراوی نێودەوڵەتی ماددەی (19)ەوە دانراوەو تێستا بۆتە پێوەری نێودەوڵەتی لە داڕشتنی یاساکانی ئاپەت بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری. لێرەدا هەندێک لە لایەنە باشەکانی دەخەینەڕوو:

1- هەموو کەسێک مافی زانینی هەیە، وەک لە ماددەی چوارەمی یاساکەدا هاتووە. لێرەدا ئێبینی ئەوە دەکەین کە نەوتراوە «هاوواڵنی»، بەم پێیەش هەر کەسێک کە هاووڵاتی هەرێمیش نەبێت مافی داواکردنی زانیاری هەیە، جگە لەوەی داواکردنی زانیاری ئەنیا مرۆڤ ناگرێتەوە، بەڵکو کەسی مەعنەویش کە مەبەستێ هەر رێکخراو و کۆمپانیا و دامەزراوەیەک دەگرێنەوە.

2- دیاریکردنی رێوشوێنی پێدانی زانیاری: لەم یاسایەداو وەک لە بنەمای پێنجەمی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا هاتووەو هاوشێوەی یاسای رێکخستنی رۆژنامەگەریی میسری لەساڵی 1996و یاسای بەدەستهێنانی زانیاری چەند وڵاتێکی دیکە، رێوشوێنی پێدانی زانیاری دیاریکردووە بە دیاریکردنی فەرمانبەرێک لە هەر دامەزراوەیەکی گشتیو ناپەتی بۆ پێدانی زانیاری، وەک لە بڕگەی یەکەمی ماددەی حەوتەمی یاساکەدا هاتووە.

3- بڵاوکردنەوەی زانیاری: یاساکە، بڵاوکردنەوەی زانیارییە بنەڕەتییەکانی دامەزراوە گشتیو ناپەتییەکانی لەڕێی رێبەری ساڵانەو پێگەی ئەلکترۆنییەوە کردۆتە ئەرک لەسەر ئەو دامەزراوانە، وەک لە ماددەی شەشەمی یاساکەدا بە روونی هاتووەو لەبنەمای دووەمی مافی بەدەستهێنانی زانیاریشدا ئاماژەی پێکراوە. بەم پێیەش ئەگەر دامەزراوەکان شەفاف بن لەبڵاوکردنەوەی زانیارییەکانیان، ئەوا پێویستێ بە پێشکەشکردنی داواکاری ناکات.

4- مافی سکاڵا نۆمارکردن: بەپێی ئەم یاسایە، لەکاتێکدا ئەگەر دامەزراوەی گشتیو ناپەتی بە هەر پاساوێک زانیاری پێویستی نەدا بە پێشکەشکاری داواکاری، ئەوا مافی هەیە لە دادگاو دەسەڵاتە باڵاکان سکاڵا نۆماربکاتو مافی ئانەلێدانی بڕیاری دادگاشی هەیە، وەک لە بڕگەی یەکەمو دووەمی ماددەی حەڤدەیەمی یاساکەدا هاتووە.

5- سزادان: لە گرنگترین لایەنی ئەم یاسایە، کە سزای غەرامەیە بۆ ئەوانەی زانیاری نادەنو دەیشارنەوە یان ئەوانەی کۆسپ دەخەنە بەردەم چاودێریکردنی جێبەجێکردنی یاساکەو ئەوانەشی کە بەڵگەنامەکان لەناو دەبەن، وەک لە ماددەی هەژدەیەمی یاساکەدا هاتووە.

چاودێریکردنی جێبەجێکردنی

یاساکە: لەهەموو ئەوانە گرنگتر، دەستنیشانکردنی دەستەیەکە بۆ چاودێریکردن و بەدواداچوونی جێبەجێکردنی یاساکە، کە مەبەستی لێی دەستەی سەربەخۆی مافەکانی مرۆڤە لە هەرێمی کوردستان، وەک لە ماددەی سێیەمی یاساکەدا ئەرکو دەسەڵاتەکانی ئەو دەستەیە دیاریکراوە (ئەگەر وەک خۆی ئەو ئەرکە جێبەجێ بکات).

6- پاراستنی سەرچاوەکانی زانیاری: پاراستنی سەرچاوەکانی زانیاری، وانە پاراستنی ئەو کەسانەی کە لە دامەزراوە گشتیو ناپەتەکاندا ئەو زانیارییانە دەدرکێنن کە بۆ بەرژەوەندی گشتی گرنگن و دەبنەهۆی ئاشکراکردنی گەندەڵیو سەرپێچی، وەک لە ماددەی شانزەیەمی ئەم یاسایەدا هاتووە «نابێت هیچ سزایەک بخرێتە سەر هەر فەرمانبەرێک کەوا زانیاری دەربارەی سەرپێچی یان پێشێلکردنی ئەنجامدراو دژ بە یاسا، ئاشکرا دەکات»، هەرچەندە ئەمە زۆر ڕوون نییە و دەکرا دەستەواژەکانی «سەرپێچی و پێشێلکردنی ئەنجامدراو» ڕوون بکرانایەتەوە، وەک چۆن لە بنەمای نۆهەمی بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا هاتووە. بەداخەوە هەردوو ڕۆژنامەوان (کارزان کەریم و نیاز عەزیز) کە هاوکاث فەرمانبەر بوون لەسەر درکاندنی زانیاری لەبارەی سەرپێچیو گەندەڵییەوە سزادران.

دووەم: لایەنی خراپو نەرێنییەکانی یاساکە:

هەڵبەث ئەم یاسایە خاڵی نییە لە کەموکوڕییو لایەنی نەرێنی، کە ناکرێ ئاماژەیان پێنەکرێتو ڕوون نەکرێنەوە، ئا هەندێک لە یاسادانەرو پەرلەمانتارو ڕۆژنامەوانان بزانن، یاساکە ئەو یاسا بێ خەوشە نیە، کە بانگەشەی بۆ دەکەن. لێرەدا ئاماژە بەو لایەنانە دەکەین:

1- واڵانەکردنی دەرگای کۆبوونەوەکان: لەم یاسایەدا ئەوەی کە دەبوو بیکاتە ئەرک بەسەر دامەزراوەکاندا، واڵاکردنی دەرگای کۆبوونەوەیە بەڕووی هاووڵاتیانو ڕۆژنامەوانەندا بەنایبەث ئەو کۆبوونەوانەی کە گرنگو پەیوەندیدارن بە بەرژەوەندی گشتییەوە، وەک لە بنەمای حەوتەمی بنەماو بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا هاتووە، بەڵام بە هیچ شێوەیەک ئاماژەی پێنەکراوە و ناشکرێ چاوەڕێی شتێکی لەو جۆرە لەم یاسایە بکەین، لەکاتێکدا پەرلەمانتێک کە دانەری ئەم یاسایەیە خۆی دەرگای کۆبوونەوەکانی بەڕووی ڕۆژنامەوانداندا داخستووە.

2- ئەوەی زۆر جێی ڕەخنەیە لەم یاسایەدا، ماددەو بڕگەیەکی ناپەتی تێدا نییە بۆ پوچەڵکردنەوەی بڕگەو ماددەی یاساکانی دیکە دژ و ناکۆکن بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری لەوانەش وەک:

- یاسای سزادانی عیراقی هەموارکراوی ژمارە (111)ی ساڵی 1969. - یاسای ڕێککاری فەرمانبەرانی دەوڵەتو کەرتی گشتیی ژمارە (14)ی ساڵی 1991ی هەموارکراو.

- یاسای ژمارە (3)ی ساڵی 2006 یاسای بەرەنگاربونەوەی نۆقاندن تیرۆر لە هەرێمی کوردستان. کە ئەم یاسایانە چەند ماددەو بڕگەیەکیان تێدایە ڕێگرو کۆسپن لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیاریدا.

3- لە چەند شوێنێکی یاساکەدا، پاساوی نەبوون و لەبەردەست نەبوونی زانیاری دەبینرێت، کە ئەوە پاساوێکی ئاسانو لاسێکییە و هەر دامەزراوەیەک نەیەوێت زانیاری بداث دەتوانێت ئەو پاساوە بەکاربهێنێت. لەکاتێکدا داواکار دەزانێ چ زانیارییەکی دەوێتو لە چ دامەزراوەو وەزارەتێکی داوا دەکات.

4- ئەوەی لەم یاسایەدا هەستیارەو جێی هەڵوەستە لەسەرکردنە، ماددەی چواردەیەمی یاساکەیە، کە

زانیارییە هەڵاوێردەکان (اسثناءات) دەگرێنەوە، وائە ئەو زانیارییانەی کە ئاشکرانەکرێن، لەبەرئەوەی هەندێکیان نارووننو هەڵگری زیانر لە لێکدانەوەیەکن و دەکرێ بکرێنە پاساو بۆ پێنەدانی زانیاری، بەڵایەث لە سیستەمێکدا کە یاسا نێیدا سەروەر نییە و نا ئێستاش ئاسایشو بەرگری و پەیوەندییە هەرێمایەتییەکانمان حزبین نەک دەوڵەتی. لە بنەمای چوارەمی بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا، بەوردی ئاماژە بە چۆنێتی شیکردنەوەی هەڵاوێردەکان و ئامانجە یاساییەکانی پاساو بۆ هێنانەوەیان دەکاث، کە بەپێویستی دەزانێث هەڵاوێردەکان زۆر بە وردی بخرێنەڕوو لەپێناو دوورکەوتنەوە لەو ماددانەی زیانی ئەواوەتی بە بەرژەوەندییە رەواکان دەگەیەنن.

5- لەیاساکەدا ئاماژە بەوە کراوە کە ئەو زانیارییانەی هەڵاوێردکراون، لەپاش (20) ساڵ ئاشکرا دەکرێن، لەکاتێکدا زانیاریو بەڵگەنامەکان لەلای دەستەیەکی ئایەث هەڵناگیرێن تا بەشێوەیەکی زانستیو یاسایی ئەرشیف بکرێنو ئاستی نهێنییان پۆلێن بکرێن و جیابکرێنەوەو بزانرێث ئەو زانیارییە چەند ساڵی بەسەردا ئێپەڕیووە، کە ئەمەش پێویستی بە یاسایەک بۆ پاراستنی زانیاریو بەڵگەنامە هەیە. سەرباری ئەوەش (20) ساڵ زۆر زۆرە بۆ ئاشکراکردنی زانیارییە نهێنی و هەڵاوێردکراوەکان، لەکاتێکدا بەپێی دەستووری عیراق دۆسییە سەرەکی و گرنگەکان لەلای حکومەتی ناوەندە نەک هەرێمی کوردستان، جگەلەوەی ئەو ماوە زۆرە دەبێنە لەمپەر لەبەردەم ئاشکراکردنی هەر دۆسییەیەکی گەندەڵی لەو بوارە نهێنییانەی لە یاساکەدا ئاماژەیان پێکراوە.

6- لە یاساکەدا دەستەڵاث نەدراوە بە دادوەر کە لەکاتی پێویستدا داوای ئەو زانیارییانە بکاث، کە بەپێی یاساکەو لە بڕگەی دووەمی ماددەی چواردەیەمدا بە نهێنی هاتوون و رەنگە بەرژەوەندی گشتی ئاشکراکردنیان پێویست بکاث.

7- لەناو یاساکەدا چەند جارێک ناوی «دادگای بەرایی ئایبەتمەند» هاتووە، لەکاتێکدا لە کوردستاندا دادگایەکی ئایبەتمەند بە مافی ئازادی رادەربڕینو رۆژنامەوانیی نییە و نا ئێستا دیاریش نییە کەی دروست دەکرێث، ئینر سکاڵا لەکوێ بکرێث، ئەگەر داواکاریی بۆ زانیاری رەتکرایەوە.

8- لە ماددەی پانزەیەمی یاساکەدا، ئاماژە بەوە کراوە کە ئێچوونی دەستکەوتنی زانیاری لەئەستۆی داواکارە، بەڵام نە رێژەی ئێچوونەکە دیاریکراوە، نە ئاماژە بەوەکراوە کە ئایێ ئێچوونەکە ئەوەندە زۆر بێث، لە ئوانای داواکاری زانیاریدا نەبێث کە ببێتەهۆی رێگری لەبەدەستهێنانی زانیاری، لەکاتێکدا ئەوە لە یاسای زۆر دەوڵەتاندا سنووردار کراوە. هەروەک لە بنەمای شەشەمی بنەماکانی مافی بەدەستهێنانی زانیاریدا هاتووە.

9- لەیاساکەدا هیچ ئایەتمەندییەک بە رۆژنامەوان بۆ پێدانی زانیاری نەدراوەو ماوەی وەڵامدانەوەی داواکاری زانیاری لە (10-15) رۆژدا دیاریکردووە، کە ئەو ماوەیە خۆی لە خۆیدا زۆرە، بەڵایەث بۆ رۆژنامەوان کە بۆ وەرگرتنی هەندێ زانیاری لەسەر رووداوە هەنووکەییەکان ناتوانێ (10) رۆژ چاوەڕێ بکاث، لەکاتێکدا یاساکە دەسەڵاتی بە دامەزراوە گشتیو ئایبەتییەکان داوە لەو ماوەیەدا بەویستی خۆی وەڵام بداتەوە.

سەرباری هەموو ئەو سەرنج و ئێبینییانە لەسەر یاساکە هەن، گرنگ ئەوەیە ئەم یاسایە بچێتە بواری جێبەجێکردنەوە، لەبەرئەوەی فەراهەمکردنی ئەم مافە، رۆڵ دەبینێث لە بنیاتنانی کۆمەڵگەیەکی ئازادو هۆشیار لەلایەکو حکومڕانییەکی شەفافو دیموکراسی لەلایەکی دیکەوە، وەک چۆن لە هۆی پێویستی دەرچوواندنی یاسەکەشدا هاتووە (لەپێناو چەسپاندنی شەفافیەث و رێکخستنی پێشکەشکردنی زانیاریی دروست و مافی هاوواڵانی لە دەستکەوتنیان، ئەم یاسایە دەرچوێنرا). سەرەڕای ئەوەش، رێکخراوی نێودەوڵەتی ماددەی (19)، مافی زانینی بە ئۆکسجینی دیموکراسی وەسف کردووە. خۆ ئەگەر دەسەڵاتە گشتیو ئایبەتییەکانی ئەم وڵاتە ویستی پێدانی زانیاریان نەبێث (وەکچۆن لە رابردوودا نەیانبووە)، ئەوا پێشکەوتوترین یاساش بخەرە بەر دەستیان جێبەجێی ناکەن. جێبەجێکردنی ئەم یاسایەش، بەر لە هەموو شتێک پێویستی بە هۆشیارکردنەوەی خەڵک هەیە لەم مافەیو چۆنێتی پیادەکردنی کە ئەمەش ئەرکی دەزگاکانی راگەیاندنە، هەروا دەبێث لەلایەن دەستەی مافی مرۆڤو پەرلەمانو سەندیکاو رێکخراوەکانی رۆژنامەوانانو رێکخراوەکانی دیکەی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە بە وردی چاودێری جێبەجێکردنی یاساکە بکەن.

ئێبنیی ئەوە دەکرێث، یاسادانەری هەرێم بە بەراورد لەگەڵ یاسادانەری عیراقی، زووتر هەستی بە گرنگی مافی بەدەستهێنانی زانیاریی کردووەو بە دەقی ئاشکرا و ڕوون، لە پرۆژە دەستوور و یاساکانی کاری ڕۆژنامەوانیدا دانی بەو مافەدا ناوە. لەئێستاشدا یاسای ئایبەث بە مافی بەدەستهێنانی زانیاری دەرکردووە، بەوەیش هەرێمی کوردستانی عیراق لە دوای دەوڵەتانی ئیسرائیلو ئوردن، دەبێتە سێیەم دەسەڵاتی حوکمڕان لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، کە خاوەنی ئەو یاسایە بێث.

هەوڵنامەی کتێب

سەرچاوەکان:

1- جامعه منيسوتا، حقوق الإنسان: مجموعة صكوك دولية، المجلد الاول، (نيويورک: الامم المتحدة، 1993م).

2- محمود شريف بسيونى، الوثائق الدولية المعنية بحقوق الانسان، (قاهرة: دار الشروق، 2003م).

3-سعدى محمد الخطيب، العوائق امام حرية الصحافة في العالم العربي: دراسة تحليلية للعوائق القانونية والسياسية والاجتماعية والاقتصادية والدولية، (لبنان- بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية، 2008م).

4- فايز الشخاتره، ورقة حق الحصول على المعلومات، (عمان: مركز الوطنى لحقوق الانسان، 2007م).

5- سعيد السلمى، اليوم العالمي لحقوق الانسان دفاعا عن الحق فى الوصول للمعلومات فى البلدان العربية، (المغرب: الشبكة العربية لحرية المعلومات، 2009م).

6- محمد فتحي عبدالهادي، مجتمع المعلومات بين النظرية والتطبيق، (القاهرة: دار المصرية اللبنانية، 2007).

7- ئوبى مندال، حرية المعلومات- مسح قانوني مقارن (بدون موقع الطبع: يونسكو، 2003م).

8- عماد بشير، الاخلاق والاعلام، (بغداد- اربيل- بيروت: دراسات عراقية- سلسلة 23، 2009م).

9- حسين شفيق، حقوق الانسان فى المجال الاعلامى، (قاهرة: دار فكر و فن للطباعة والنشر، 2010م).

10- داڤيد بانيسار، حرية الاعلام والوصول الى القوانين المسجلة للحكومة حول العالم، (بيروت- لبنان: المعهد الديموقراطى الوطنى للشؤن الدولية، 2004م).

11- بسمة حسن، دراسة عن قانون ضمان حق الوصول الى المعلومات، (الاردن: مركز حماية وحرية الصحفيين، بدون تاريخ)، دراسة منشورة.

12- حسن عماد مكاوى، اخلاقيات العمل الاعلامي، دراسة مقارنة، ط4(القاهرة: الدار المصرية اللبنانية، 2006م).

13- ريجارد. اى. بمسئيد، حق فى الاطلاع، ئرجمة: عبدالرزاق عبدالله، (هەولير: مجلة گولان العربي، العدد 66 نشرينى الثانى 2001م).

14- محمد عبدالحميد، جرائم الصحافة والنشر وفقا للاحدث القوانين، (لبنان: بلا دار النشر، 2000م)،

15- عثمان ياسين علي، قوانين الصحافة والنشر في اقليم كوردستان و العراق و الدول العربية، (اربيل: منشورات مكتب نبأين، 2011م).

16- صباح صادق جعفر الإنباري، دستور جمهورية 2005: ملحق به الإصلاح السياسي للمرحلة القادمة رقم 44 لسنة 2008، (بغداد: مكتبة القانونية، 2010).

17- وسيم حسام الدين الاحمد، التنظيم القانوني للصحافة العربية، (لبنان- بيروت: منشورات الحلبي الحقوقية، 2011م).

18- مهند علي ئهامي و سؤدد فواد الالوسي، النظام الاعلامي العربي، (عمان- الاردن: دار الآسامه للنشر والتوزيع، 2012م).

19- طارق حرب، الاعلام العراقي في التشريع ومجلس الطعن والاحكام القضائية، (لندن: دار الحكمة للنشر والتوزيع، 2011م).

20- لائحة قواعد ونظم البث الاعلامي، (عيراق- بغداد: هيئة الاعلام و الاتصالات، 2009م).

21- ژان پۆڵ مارئۆز، هەقئه بزانى، وەرگێڕان: شێرزاد حەسەن، چ2 (هەولێر: دەزگای ئاراس بۆ چاپو بڵاوکردنەوە،2007ز).

22- صلاح عزيزو موحسين ئەديب، رێبەری کردەیی بۆ رۆژنامەنووسان، (سلێمانی: لەبڵاوکراوەکانی ڕێکخراوی ئاسک،2002ز).

23- کۆنگرەی لونکەی جیهانی بۆ کۆمەڵگەی زانیارییەکان بڕوانە: http://www.un.org/arabic/conferences/wsis

که له (15--1 2013)دا وەرگیراوە.

24- المادة 19، حق الجمهور فى المعرفة- مبادىء في التشريعات المتعلقة بحرية الإطلاع، . بڕوانە:
http://www.article19.org/data/26--04-12/files/medialibrary/1797REPORT-rtk-AR.pdf لە (13-4-2012ز)دا وەرگیراوە.

25- احمد النويهى، قوانين الحصول على المعلومات: نظرة عامه والاهداف الدستوريه، بڕوانە: alnwaihi.maktoobblog.com لە (21-4-2012)دا وەرگیراوە.

26- رحيم حسن عكيلى، حق الاطلاع على المعلومات، بڕوانە:
http://www.iraqja.iq/view.1304/ لە (22--1 2012ز)دا وەرگیراوە.

27- حريه نشريع المعلومات، بڕوانە: http://en.wikipedia.org/wiki/Freedom_of_information_legislation لە (15-7-2012ز)دا وەرگیراوە.

28- قانون حقوق الصحفيين، رقم (21) لسنه 2011م، بڕوانە: پێگەی ئەلکترۆنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراق: http://www.parliament.iq/ لە (25--3 2012ز)دا وەرگیراوە. بڕوانە پاکشۆی (7).

29- الوقائع العراقيه، العدد (3981)، الصادر بتاريخ 2004م.

30- پەرلەمانی کوردستان- عیراق، پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان- عیراق، (هەولێر: پەرلەمانی کوردستان، 2009)، ل14.

31- یاسای چاپەمەنیی ژمارە (10)ی ساڵی 1993.

32- رێنماییەکانی ژمارە (3)ی ساڵی 1995و ژمارە (1)ی ساڵی (2002ز)ی وەزارەتی ڕۆشنبیری.

33- یاسای ژمارە (35)ی ساڵی 2007ی رۆژنامەگەری لە کوردستان.

34- یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2013 (یاسای مافی بەدەستهێنانی زانیاری لە هەرێمی کوردستان- عیراق.

شۆڕشی زانیاری و سەردەمی تەقینەوەی زانیارییەکان

د.بەهادین ئەحمەد
مامۆستای ڕاگەیاندن لە سکولی زانستە رامیارییەکان/ زانکۆی سلێمانی

*دەروازە:

لەسەردەمی ئەمڕۆدا، زانیاری بە یەکێک لە بنەما و کۆڵەکەکانی ژیان و ژیاری هەر نەتەوە و کۆمەڵگەیەک دادەنرێت. هیچ نەتەوە و دەوڵەت و کۆمەڵگەیەک نائوانێت بە بێ زانیاری لەگەڵ ڕەوڕەوەی شارستانییەت و پێشکەوتنی جیهاندا بڕواێ و خۆی نوێ بکاتەوە و کاروبارەکانی ناوخۆ و دەرەوەی ڕێک بخاێ و بە گیانێکی سەردەم و هاوچەرخانە کار و چالاکییەکانی ئەنجام بداێ و نەخشەی سەرکەوتوو دابڕێژێت و بڕیاری گونجاو بداێ و چارەسەری کێشە و گرفتەکانی ڕۆژانەی بکاێ.

ئەنانەت ئاک و کەسێتیش لەڕۆژگاری ئەمڕۆدا نائوانێت بەبێ زانینی زانیاری نوێ، ژیانی خۆی بەسەر ببات و لە واقیعی کۆمەڵگە و ڕووداو و گۆڕانکارییەکان دابببڕێت، بەشێوەیەک پێداویستی زانیاری بۆ ئاک و کۆمەڵ، وەکو پێداویستی خواردن و خواردنەوە و ئۆکسجینی لێ هاتووە! هەروەک زانینی هەواڵ و زانیاریش یەکێکە لەمافە سەرەتاییەکانی مرۆڤ لەکۆمەڵگەی هاوچەرخ و مەدەنی و سیستەمی دیموکراتیدا و ئاستی زانیاری و ڕۆشنبیری ئاک لەکۆمەڵی مەدەنیدا ڕادەی هوشیاری کۆمەڵگەکە و ئازادی و کرانەوەی سیستەمی سیاسی ئەو حکومەت و وڵاتەش دەردەخات.

زانیاری لەچاخی نوێ و کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی زیندوو و چالاک دەنوێنێت لەژیانی تاک و کۆمەڵدا و کاراکتەرێکی کارا و دیارە و ناکرێت بایەخی پێ نەدرێت و پشتگوێ بخرێت

لەمڕۆدا زانیاری پانتاییەکی گەورەی لەکۆمەڵگەی زانیاری (Information Society)دا داگیرکردووە و بە بناغەی و ژێرخانی ئابووری، کۆمەڵایەتی و سیاسی کۆمەڵ و کۆمەڵگە جیاواز و فرە چەشنەکان دادەنرێت و ڕۆڵی سەرەکی دەگێڕێت لەسەر هەڵوێست و ڕەفتاری کۆمەڵگە و دەوڵەتان و کرداری دروستکردن و دەرکردنی بڕیار (Decision Making Processing).

بێگومان شتێکی بەڵگەنەویست و حاشا هەڵنەگرە ئەکتەلۆژیاش لەسەردەمی نوێ و هاوچەرخدا ڕۆڵێکی پێشەنگ و کارای هەیە لەپێشخستن و گەشەپێدانی کۆمەڵگەی زانیاری دا و دۆزینەوە و پەرەپێدانی هەریەکە لە مانگە دەستکردەکان و کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و سیستەمی زانیاری و پەخش و بڵاوکردنەوەی، کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی خستە دۆخ و قۆناغێکی نوێوە، کە بە قۆناغ و سەردەمی زانیاری (Information Century) ناوزەد بکرێت و، جیهان لەبەرەنجامی پێشکەوتنی زانیاری و تەکنەلۆژیادا وەکو گوندێکی بچووک و گەردوونی (Global Village) بگرە شاشەیەکی تەلکترۆنی بچووکی لێ هاتووە و سەرجەم کۆسپ و بەربەستە جوگرافی و نەتەوەیی و سیاسییەکانی ئێکشکاندووە و هاوواڵتی گەردوونی (Global Citizen)ی بەرهەمهێناوە ! بەشێوەیەک بە چرکەساتێ مرۆڤ هەواڵ و زانیاری نوێی دەستدەکەوێت و ئاگاداری سەرجەم گۆڕانکاری و ڕووداو و پێشهاتەکانە و، ئەمەش لەبەرەنجامی هەژموونی دیاردەی بەجیهانیبوونی ڕاگەیاندن (Media Globalization) و تەقینەوەی زانیارییەکان (Information Explosion) دایە؟!

***پێناسەی چەمک و زاراوەکان:**

- زانیاری (المعلومات) (Information): بریتییە لەو داتا (Data بیانات)انەی، کە بەکار دەهێنرێن بەمەبەستی چارەسەرکردنی گرفتێک یان دەرکردنی بڕیارێک یان گەیشتن بە ئامانجێکی دیاریکراو.
- بەشێوەیەک زانیاری بنەمای زانین (مەعریفە Knowledge)ە، کە پێکدێت لەکۆمەڵێک لە مانا و بیروباوەڕ و چەمک و یاسا و ڕێسا و ئێڕوانینی مرۆڤ.
- زانستی زانیاری (علم المعلومات او المعلوماتیە) (Science Information):

بریتییە لەزانستێکی تایبەت بە چۆنێتی ڕێکخستن و ئەمبار و ئەرشیفکردن و بەکارهێنانی زانیارییەکان بەباشترین و ئاسانترین و خێراترین ڕێگە و شێواز بۆ بوار و مەبەستە جۆراوجۆرەکان.

- کۆمەڵگەی زانیاری (المجتمع المعلوماتی):

بریتییە لەو کۆمەڵگەیەیەی، کە ئێیدا چارەسەری زانیارییەکان دەکرێت و ئەندام و کەرەستەی خاوی ئەنیا زانیارییە و بەس و دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی زانین (مەعریفە)ی نوێ. ئەمەش بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵگانەی دیکەوە، کە زانیاری ئێیاندا کۆن دەبێت و لەناودەچێت، بەڵام لێرەدا زانیاری نوێ بەرهەم دێت.

- **گرنگ و بایەخی زانیاری:**

زانیاری لەچاخی نوێ و کۆمەڵگەی هاوچەرخدا ڕۆڵێکی زیندوو و چالاک دەنوێنێت لەژیانی تاک و کۆمەڵدا و کاراکتەرێکی کارا و دیارە و ناکرێت بایەخی پێ نەدرێت و پشتگوێ بخرێت، چونکە کەرەستەی خاوی ئۆژێنەوە زانستییەکان و ئەوەری سەرەکی دەرکردنی بڕیارەکانە بەشێوەی ڕاست و دروست. بێگومان ئەو کەس و لایەنەی ببێتە خاوەنی زانیاری ڕاست و پەخشکردنی بەجەماوەردا، دەبێتە مایەی پەیداکردنی هێز و متمانە و پاڵپشتی جەماوەری بەئایبەتی دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان، کە لەهەموان زیاتر پێویستییان بەزانیاری نوێ و ورد و ڕاست و دروست هەیە و پێویستە بەزمانی ئامار و ژمارە بدوێن لەگەڵ جەماوەردا نەک بەزمانی خەملاندن و لێکدانەوە؟!

- **جۆرەکانی زانیاری:**

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت، جۆرەکانی زانیاری بۆ سێ بەش پۆلێن بکەین، کە ئەوانیش بریتین لەمانە:

1- زانیاری پەرەپێدان (المعلومات الانمائیة) (Developmental Information): بریتییە لەو جۆرە زانیارییانەی، کە بەکاردەهێنرێت

لەبواری پەرەپێدانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و بەرزکردنەوەی ئاستی هوشیاری ئاکەکانی کۆمەڵگەدا.

2-زانیاریی پەروەردەی (المعلومات التعليمية) (Educational Information):

بریتییە لەو زانیارییانەی، کە بەکاردەهێنرێت لەبواری پەروەردە و فێرکردن دا و لەلایەن مامۆستایان و ناوەندەکانی پەروەردە و فێرکردنەوە لەشێوەی بەرنامەی خوێندن و دەرسگوتاردا پێشکەش بەخوێندکاران دەکرێت.

3-زانیاریی بەرهەمهێنان (المعلومات الانجازية) (Achievement Information): بریتییە لەو زانیارییانەی، کە بەکاردەهێنرێت بۆ بەرهەمهێنان و ئەنجامدانی کار و پرۆژەیەکی دیاریکراو.

کێشە و گرفتی زانیاری:

بێگومان گەشەکردنی زانست و زانیاری و زۆربوونی قەبارەیان و فرەبوونی کەناڵ و هۆیەکانی پەیوەندییکردن و پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاری، بۆئە هۆی کەڵەکەبوون و ئەقینەوەی زانیارییەکان لەرۆژگاری ئەمڕۆماندا و ئەم دیاردەیە چەندین ناو و زاراوەی بەدوای خۆیدا هێناوە وەکو ئەقینەوەی بەرهەمی هزری (literature Explosion) و ئەقینەوەی زانیاری (Information Explosion).

لەم ڕووەوە لە سەرەکیترین گرفتی ئەقینەوەی زانیارییەکان بریتیین لە:

1-گەشەکردن و زیادکردنی بێ ئەندازەی قەبارەی زانست و بەرهەمی هزری.

2-هەمەچەشنەی بەرهەمەکان و زانیارییەکان.

3-هەمەجۆری سەرچاوەی بەدەستهێنان و کەناڵەکانی پەخش و بڵاوکردنەوەیان.

خەسڵەت و دیمەنی کۆمەڵگەی زانیارییەکان:

لەگرنگترین خەسڵەت و دیمەنە دیار و بەرچاوەکانی کۆمەڵگەی زانیارییەکان بریتیین لە:

1-ئەقینەوەی زانیارییەکان.

2-زیادبوونی بایەخی زانیاری.

3-داهێنانی ئەکنەلۆژیا و بەرنامەی نوێ بۆ چارەسەرکردنی زانیارییە هەمەجۆرەکان.

4-گەشەکردنی دامەزراوە و ڕێکخراوەکانی ئایبەت بەکارکردن لەسەر زانیاری.

5-فرەبوونی دەسنە و گرووپەکانی مامەڵەکار لەگەڵ زانیارییەکاندا.

6-زۆربوونی زانیاری ئەلیکترۆنی و ناکاغەزی و چاپنەکراو لەسەرئاسەری کۆمەڵگە و وڵاتانی جیهاندا.

پێوەرەکانی کۆمەڵگەی زانیارییەکان:

بەپاڵپشت و پشتبەستن بەو ئوێژینەوانەی، کە بەئایبەتی لەسەر کۆمەڵگەی زانیارییەکان لەلایەن ئوێژەرە ژاپۆنی و ئەمریکی و ئەوروپاییەکانەوە کراون، زانا (ولیام مارئین) پێنج پێوەری بۆ کۆمەڵگەی زانیارییەکان دەستنیشان کردووە، کە بریتیین لەمانەی لای خوارەوە:

1-پێوەری ئەکنەلۆژی: بێگومان ئەکنەلۆژیای زانیاری بەسەرچاوەی هێزی ئەکنەلۆژی و پەخش و بڵاوکردنەوەی زانیاری هەمەجۆر لەسەرجەم جومگە و بابەت و بوارەکانی زانست و ژیار و ژیاندا دادەنرێت.

2-پێوەری کۆمەڵایەتی: لەمڕۆدا زانیاری ڕۆڵێکی گەورە و بەرچاوی هەیە لەبواری بەرزکردنەوەی ئاستی وشیاری و بژێوی ئاک دا و هەروەها پێدانی زانیاری هەمەجۆر لەسەر پەرەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئاوێنەبوونی گەل و نەتەوەکان و ناشنابوونیان بەدابونەریتی کۆمەڵایەتی یەکتر.

3-پێوەری ئابووری: زانیاری لەبواری گەشەپێدانی ئابووری ڕۆڵێکی گرنگ و پڕبایەخی هەیە، ئەویش لەڕێگەی پێدانی زانیاری هەمەجۆر بە خزمەتگوزاری و کاڵا و شمەکە ئابووری و بازرگانییەکان بە کڕیار و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکانی کارگە و کۆمپانیاکان لەسەرئاسەری جیهاندا لەڕێگەی سەئەلایت و ئۆڕی نێودەوڵەتی ئینتەرنێتەوە و کەناڵ و

هەولێر بۆ کتێب

ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتان دامەزراوە و سیستەمی تایبەت بەکۆکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری حکومییان هەیە کار بەسیستەمی ئەلکترۆنی ئەکەن و، شێوازێکی نوێی حکومەت و دەوڵەتداری پەیڕەو دەکەن

شێوازەکانی دیکەی بردەنەوە.

4-پێوەری رامیاری: لەسەردەمی ئێستادا بەهۆی گەشەکردنی چەمکی ئازادی و مافی زانیین و دەسکەوتنی زانیارییەوە و فرەی سەرچاوەی زانیاری و کەناڵەکانییەوە و هەروەها فرەلایەنی و بەشداری سیاسییەوە، زانیاریش پۆڵێکی سەرەکی و گرنگ دەگێڕێت لەسەر پێکهێنانی رای گشتی و بەشداری کارای جەماوەر لەپرس و بابەتە سیاسییەکان و هەڵبژاردن و کرداری دروستکردن و دەرکردنی بڕیاری سیاسیدا.

5-پێوەری ڕۆشنبیری: مەبەست لەم پێوەرە، دانانە بە بەهای ڕۆشنبیری زانیارییدا وەکو: (ڕێزگرتن لەماف و مولدارێتی بیر و بەرهەمی ڕۆشنبیری، ڕێزگرتن لەدابونەریت و کولتووری نەتەوەیی، ڕاستی ڕاگەیاندنەکان و پەیوەستبیان بەبەنەمای ڕاستگۆییەوە، ڕێزگرتن لەمافی بیرکردنەوە و ئازادی ڕادەربڕین).

- **ڕەهەندەکانی کۆمەڵگەی زانیارییەکان:**

لەگرنگترین و سەرەکیترین ئەو ئایەتەمەندییانەش بریتیین لەمانەی خوارەوە:

یەکەم / ڕەهەندە ئەکنەلۆژییەکان:

1-ژێرخانی زانیاری نیشتمانی (National Information) NII): بریتییە لەژێرخان و بنەچەی سیستەمی زانیاریی نیشتمانی کۆمەڵگەی زانیاری.

2-زانیاری ناسی (المعلوماتية) (Information Science): بریتییە لەو زانستەی، کە چۆنێتی ڕێکخستن و پۆلێن و بەکارهێنانی زانیاری دەکۆڵێتەوە و چۆنێتی چارەسەرکردنی کەرەستەی خاوی زانیاری و چارەسەرکردنی بەشێوەیەکی سیستەمایکی و زانستی و بەکارهێنانی لەبوارە جۆربەجۆرە زانستییەکاندا.

3- گریمانی (الافتراضية) (Virtually): ئێروانین لەکۆمەڵگەی زانیاری وەکو کۆمەڵگەیەکی خەیاڵی، کە بەشێوەیەک بنوانێت باشترین زانیاری بەخێرائیرین و کورترین ڕێگا پێشکەش بە بەکارهێنەرانی بکات.

4-ژمارەیی بوون (الرقمنة) (Digitalization): داهێنان و بەکارهێنانی سیستەمی ژمارەیی و ئەکنەلۆژیای هاوچەرخ، بووە هۆی بڵاوبوونەوەی دیاردەی ژمارەیی لەجیهاندا و پەیدابوونی کامێرای ژمارەیی، موزیکی ژمارەیی، پەیوەندییکردن و پەیوەندیی ژمارەیی و ئەنانەت ئیمزای ئەلکترۆنی.

5- ئەکنەلۆژیا و بەکارهێنانی ئەکنەلۆژیای زانیاری (Information) (IT Technology) لەسەرجەم بوارەکانی زانست و ژیاندا.

6-بۆشایی گەردوونی (Cyber Space): هەرچەندە لەبنەڕەتدا چەمکی کۆمەڵگەی زانیاری پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە هەردوو زانستی کۆمەڵناسی و ئابووریيەوە هەیە، بەڵام ئەم پەیوەندییەش بەدەر نییە لەزانستی جوگرافیا و گەردوون (Space) و بەکارهێنانی بۆشایی گەردوونی بۆ ناردن و پەخش و بڵاوکردنەوەی شەپۆلەکانی زانیاری و پاشان وەرگرتنەوەیان و کەمکردنەوەی مەودای کاٹ و شوێنی جوگرافی و کاریگەریی ئەنانەت لەسەر فەلەکناسی و سیستەمی گەردوونی.

7-پەیوەندییکردن و پەیوەندی ئەلکترۆنی (Electronic Communication & electronic relationship): بەکارهێنانی مۆبایل و ئینتەرنێت و مانگە دەستکردەکان بۆ ئەنجامدانی کرداری پەیوەندییکردن و گرێدان و پەرەپێدانی پەیوەندی و پەیوەندیی گشتی لەنێوان ناکەکان و کۆمەڵ و کۆمەڵگە و گەل و وڵات و حکومەتەکانی جیهاندا.

ئەمەش بەسوود وەرگرتن لەئامراز و خزمەتگوزارییەکانی وەکو پۆستی ئەلکترۆنی (Electronic Mail) و چاٹ (Chat) و کۆنفرانسی ڤیدیۆی و...هتد.

دووەم/ ڕەهەندە ئابووریيەکان:

1-ئابووری ئەلکترۆنی (E-economic) و بازاڕکردنی ئەلکترۆنی (E-Marketing): مەبەست لێی بەکارهێنانی ئەکنەلۆژیای نوێی وەکو ئینتەرنێتە لەبواری سەرمایەگوزاری ئابووری و ریکلام و بازاڕکردن و فرۆشتن و ساغکردنەوەی کاڵا و بەرهەمە بازرگانییەکاندا بەشێوەی ئەلکترۆنی.

2-پیشەی ئەلکترۆنی (Cyber Jobs): سوود وەرگرتن لەئەکنەلۆژیا بۆ پەرەپێدان و پێشخستنی بواری پیشەیەکی دیاریکراوی وەکو بواری ئابووری و بەکارهێنانی شێوازی نوێی ئەلکترۆنی لەبری شێوازی کۆن و کلاسیکی.

سێیەم/ ڕەهەندە سیاسی و ئاسایشییەکان:

1-بێ سنووری و نەمانی سنووری سیاسی (اللاحدود) (No boundaries):

لەبەرەنجامی هەژموونی کۆمەڵگەی زانیاری و دیاردەی بەجیهانیبوون (Globalization) دا، سەرجەم کۆسپ و بەربەستە سیاسی و جوگرافییەکان ئێکشکاون و زاراوەی سنوور بۆتە بڵقی سەرئاو، لێرەوە مرۆڤ ئامادەگی و حزووری لەهەموو وڵاتێ و سووچ و قوژبنێکی دنیا هەیە بەشێوەی ئەلکترۆنی و لەسایەی بەکارهێنانی ئەکنەلۆژیای سەردەمدا.

2-حکومەتی ئەلکترۆنی (Electronic Government):

لەڕۆژگاری ئێستادا ژمارەیەکی زۆر لەوڵاتان دامەزراوە و سیستەمی ئایبەت بەکۆکردنەوە و ئاڵوگۆڕکردنی زانیاری حکومییان هەیە لەسەر ئاستی نیشتمانی و کار بەسیستەمی ئەلکترۆنی ئەکەن و، شێوازێکی نوێی حکومەت و دەوڵەتداری پەیڕەو دەکەن، کە حکومەتی ئەلکترۆنییە و، بێگومان ئەم سیستەم و شێوازە نوێیەش ڕێگرێکی باشە لەدیاردەی ساختەکاری و کەمکردنەوەی ڕۆژنین و خێرا ڕایکردنی کاروباری هاووڵاتیان و داموددەزگا حکومییەکان و ئەنجامدانی کار و چالاکییەکان لەئاستێکی باڵادا و شێوازێکی ڕێکوپێک و سەرکەوتوو و هاوچەرخانە.

3-ئاسایشی زانیاری (الامن المعلوماتی):

بەهۆی گرنگی زانیاری و زۆربوونی بایەخ و کەڵکی لەلایەن حکومەت و دامەزراوەکانەوە، لەهەمان کاتدا زانیاری بۆتە ئامرازی خزمەتگوزاری و خزمەتکردن بەسیستەمی سیاسی و ئاسایش و ئامانجی ناحەز و دژەکان و هەوڵدانیان بۆ دزینی زانیارییەکان و دوائر بەکارهێنانیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان و هەوڵدان بۆ هەڵنەکاندنی ژێرخانی زانیاری دامەزراوە سەربازی و هەواڵگرییەکانەوە لەڕێگەی دزەکانی ئینتەرنێت (قراصنة الانترنیت) و ناردنی ڤایرۆسی ئەلکترۆنییەوە (Electronic Virus) بەمەبەستی سڕینەوە و نێکدانی فایل و بەڵگەنامە و دۆسییەی زانیارییە ئەلکترۆنییەکان.

4-تیرۆری سیاسی ئەلکترۆنی: (Electronic Political Terror):

مەبەست لێی بەکارهێنانی ئەکنەلۆژیای ئەلکترۆنی و ئۆڕی ئینتەرنێتە لەلایەن باند و گروپە ئیرۆرستییەکانەوە بۆ بڵاوکردنەوەی هەواڵ و کار و چالاکییە ئیرۆرستییەکانیانەوە و نمایشکردنی هێز و هەژموونی سیاسیان و ئرساندن و ئۆقاندنی خەڵک و داموددەزگا سەربازی و ئاسایشییەکان و ڕاگەیاندنی جەنگی دەروونی و فریودانی خەڵکی بەئایبەتی ئوێژی کەنجان بۆ پەیوەندی پێوەکردن و کاریگەری لەسەر دروستکردنیان بۆ گۆڕینی بیر و ڕەفتاریان و چوونە نێو ڕیزەکانیانەوە.

چوارەم / ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان:

1-گۆڕینی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی (Social Change) و کێشەی کۆمەڵایەتی: بێگومان هەروەکو ئەکنەلۆژیا سیستەمی بازرگانی و پەروەردە و ڕاگەیاندن و هەموو ئەوانەی گۆڕیوە و هەموویانی کردووە بە ئەلکترۆنی وەکو بازرگانی ئەلکترۆنی، پەروەردەی ئەلکترۆنی و خوێندن لەدوورەوە (التعلیم عن بعد) و ڕاگەیاندنی ئەلکترۆنی (Electronic Media). بەهەمان شێوازیش کاریگەری بەرچاوی هەیە لەسەر گۆڕینی دابونەریتی کۆمەڵایەتی و بەها ڕەوشتی و کۆمەڵایەتییەکان و ڕەفتار و پۆشاک و مۆدێلی خۆڕازاندنەوە و، سەرهەڵدانی ئوند وئێژی کۆمەڵایەتی و خێزانی و... هتد. لەم ڕووەوە چەندین زاراوەی نوێ هاتۆتە کایەوە وەکو سێکسی گەردوونی (Cyber Sex) و لاقەکردنی گەردوونی (الاغتصاب الکونی) (Cyber Rape) و هەڕەشەی کۆمەڵایەتی (التهدید الاجتماعی) و...هتد.

2- گرێدانی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەدووری و بەشێوەی ئەلکترۆنی (Electronic social relation):

لەمڕۆدا هەموو ئاکیک دەتوانێت بەشێوەی ئەلکترۆنی و بەچەندین شێوازی جیاواز لەڕێگەی بەکارهێنانی خزمەتگوزارییەکانی ئینتەرنێتەوە وەکو ئیمەیل و چات و سکایپ و ڤیدیۆ کۆنفرانس و ماڵپەڕ و پەڕە ئەلکترۆنییە کۆمەڵایەتییەکانی وەکو فەیس بووک (Face book) و یو ئیوب (You Tube)،پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی لەگەڵ بەرامبەردا ئەنجام بدات و ئاڵوگۆڕی زانیاری و بیروڕا لەگەڵ یەکتردا بکەن.

سەرچاوەکان:

1- د.حسن عماد مکاوی، تکنولوجیا الإتصال الحدیثة في عصرا لمعلومات، مطبعة دار المصریة اللبنانیة، الطبعة الثالثة، القاهرة، 2003.

2- جعفر حسن جاسم الطائي، التطبیقات الإجتماعیة لتکنولوجیا المعلومات، مطبعة دار المناهج، عمان، 2006.

3- د.ذیاب البداینة، الأمن وحرب المعلومات، مطبعة دار الشروق، عمان، 2006.

4- د.حسن رضا النجار، علم المعلومات، المنهج الدراسي للمرحلة الثالثة للطلاب کلیة الإعلام / جامعة بغداد، ملزمة.

5- اعمال ندوة الإختراق الإعلامي للوطن العربي، (القاهرة، 23-24/ تشرین الثاني/ 1996)، الطبعة الثانیة، (بدون اشارة الی اسم المطبعة ومکان الطبع)، 1999.

هەواڵنامەی دێبێت



سەرەتایەک لە بارەی راگەیاندنی تایبەتمەند و تیشکێک بۆ سەر راگەیاندنی ژنان

ئەرسەلان ڕەحمان

کایەکانی نوێژینەوەی میدیایی لە هەرێمی کوردستان و لە ناو کورددا بە گشتی پێویستییان بە لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونی زیاتر و شەنوکەوێکی زانستییانەی ئەوتۆ هەیە، کە بۆ داهاتوو ڕێگەڕۆشنکەرەوە بن و دەرفەتی ئەوە بۆ خوێنەوار و فێرخوازان بڕەخسێنن ئا هەم لە ئێستا زۆرتر بزانن و هەم شوێنپێی داهاتوویی ئەزموون و کایەکە لە ژیانی گشتیدا ببینن. ئەوانیش دەسنەوامی بکەن بۆ ڕۆشنکردنەوەی زیاتری ڕێگەی داهاتوو، بەو شێوەیە دەکرێت بگوترێت کارێکمان کردووە لە خزمەتی ئەزموونی ئێستا و داهاتوودا.

یەکێک لەو کایانەی میدیا، کە میدیای کوردی وێڕای ئەزموونکردنی بە کرچ و کاڵی و خۆپێوەهەڵواسینی ئەنگەژاوانەی، شێکی ئەونۆی لە هەمبەر نازانێت و هەڕەمەکییانە و بە بێ ئەوەی ڕێچکە زانستییەکەی دۆزیبێتەوە لەسەر بنەمای لاساییکردنەوەی بێ دەربەستانە کاری پێدەکات، هەروەها لەسەر بنەماگەلی زانستییانە کارەکەی نابات پێشێ؛ مەسەلەی ڕاگەیاندنی ئایەنمەندە. لەویش هەروائر بڕۆین مەسەلەی میدیای ژنان و پرسی ژنە لە نێوەڕۆکی میدیای ئایەنمەند و گشێدا.

ناسینی ڕاگەیاندنی ئایەنمەند و خستنەڕووی ڕەگەز، بنەما و شیکاری چەمکەکەی دەروازەیەکی گرنگە، بۆ ئەوەی لەوێوە بڕوانینە پرسی میدیای ژن و ڕەنگدانەوەی دۆزەکەیان لە نێو کایەی میدیای کوردیدا.

هەڵبەت ئەم بابەتەی بەردەست سەروخواری مەسەلە ئێڕییەکەی میدیای ئایەنمەند و ژنانی کردووە و نەپڕژاوەتە سەر بواری کردەیی، چونکە لە ڕووی کردەییەوە ئەو بوارانە وەک هەویری ئاوکێش پێویستیان بە سەرەو و ژێری، کاری مەیدانی و بەدواداچوونی وردتری زانستییانە هەیە، بۆ ئەوەی وێنایەکی زانستییانەی پرسەکە بکێشرێت. وەلێ بەداخەوە دەبێ ئەو ڕاستییەش بڵێین، کە ژنان بەر لە ڕەگەزی بەرامبەریان لە ئاست ئەو پرسە بەهادارەی خۆیان بێدەنگن و کارێکی ئەونۆیان نەخستووەتە بەردەستان، بەو پێیەی ئەوان دەتوانن باشتر ئەو کارە بکەن.

بە سرنجدان لە مێژووی هۆگەلی ڕاگەیاندن، دەکرێت بگوترێت: مرۆڤایەتی لە هەموو ڕووەکانەوە ڕووی لە پێشکەوتن و وردبوونەوەی زیاترە، ڕۆژ لە دوای ڕۆژیش مرۆڤ دەرفەتی کەمتر دەبێت و سەرقاڵی، هەمە لایەنی ئایەنمەندییەکان، ئاڵۆزبوونی کێشەکان، فراوانبوونی هۆکار و جۆری کێشەکان بوونەتە هۆیەک بۆ ئەوەی ڕاگەیاندنی گشتی نەتوانێت وەکو پێویست لە ئاستی خواستی ئەوانی تر و دەستە و کۆمەڵەی نێو کۆمەڵگەدا بێت. هەروەها پێویستیی و حەزی وەرگرتنییانی پێ پڕ ناکرێتەوە، ئەمە وایکردووە ڕۆژ لە دوای ڕۆژ بایەخی ڕاگەیاندنی ئایەنمەند ڕووی لە هەڵکشانی زێدە بێت.

بەگوێرەی خشتەی کارەکە، ئێمە سەرەتا هەوڵدەدەین سەرەتایەکی ئێۆری لە بارەی میدیای ئایەنمەند بخەینەڕوو، دواتر دێینە سەر باسی میدیای ژنان بەو پێودانگەی میدیای ژنان لکێکەو لە داری میدیای ئایەنمەند بووەتەوە.

ئەوەری یەکەم: ڕاگەیاندنی ئایەنمەند

ناساندنی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند:

لە نێو سەرچاوە زانستییەکانی ئایەت بە باسی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە پێناسەگەلێکی کورت و هەندێکجار درێژ لە بارەی ئەم چەمکەوە خراونەتەڕوو. دەکرێت لێرە بە ئاماژەدان بە چەند ناساندنێکیان ئێگەیشتنێکی گشتیمان بۆ چەمکەکە لەلا دروست ببێت.

«ڕۆژنامەوانییەکی ئایەنمەندە بە یەک بوار لە بوارەکانی جێ بایەخی وەرگران».(١) وانە پێچەوانەی ڕاگەیاندنی گشتی، ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە کار لەسەر لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان و مەعریفەی مرۆیی دەکات. کەوانە دەتوانین بڵێین: «ڕاگەیاندنی ئایەنمەند مەبەست لێیی هەموو ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی بینراو، بیستراو، خوێندراوە، کە لە بنەڕەتەوە بایەخ بە لایەنێک لە لایەنەکانی مەعریفەی مرۆیی بدەن و بگەنە جەماوەرێکی دیاریکراو، کە کۆمەڵە خەسڵەتێکی هاوبەش لەنێوانیاندا هەبێت»(٢).

جیایی ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە لەگەڵ گشتییدا لە دوو لایەنەوەیە، لە لایەک وەرگری دیاریکراو و لەلایەکیش

> «لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێرەی تەلەفزیۆنیشدا لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو پرسە هاتە ئاراوە، کە پێویستە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان خۆیان پێش بخەن و بە تەرخانکردنی لاپەڕە و پاشکۆی تایبەت و گۆشەی تایبەت وەڵامی هەرچی زۆرتری خواستی وەرگران بدەنەوە»

هەوڵدەدەین کێبڕکێ

بە گوێرەی ڕاپۆرتی ڕێکخراوی یونسکۆ لە بارەی گەشەکردنی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، ئەم جۆرە لە ڕاگەیاندن بە دوو شێوە لە ڕۆژنامەوانی چاپکراودا دەردەکەوێت، کە ئەوانیش: یەکەم: ئەو چاپکراوانەی تایبەتمەندی گشتیین و ئامانجیان گەیاندنی پەیامە بە جەماوەرێکی بەرفراوان و دووەمیشیان ئەو چاپکراوانەیە کە تایبەتمەندن و ئامانجیان گەیاندنی پەیامە بە جەماوەرێکی دیاریکراو

پەیامێکی دیاریکرا و هەڵبژاردنی بواردێکی دیاریکراوە. «جۆرێکی ئایینە لە ڕۆژنامەوانی، جۆرایەتییەکەی بەندە بە سروشتی ئەو پەیام و ناوەڕۆکەی هەیەتی و لە لایەکی دیکەوە بەندە بە خواست و ویستی وەرگرەکانی»(٣). بەو مانایەی، مەبەستمان لێی وردکردنەوەی ڕاگەیاندنی گشتییە لە ڕووی جۆر و ناوەڕۆکەوە.

کەوانە «ڕاگەیاندنی ئایینەتمەند، ئەو ڕاگەیاندنەیە، کە پەیام و ناوەڕۆکی ئاراستەی ئوێژێکی دیاریکراو لە جەماوەری بەرفراوان دەکات، لە سەر بنەمای خواست و ویست و پێداویستی جەماوەرە دیاریکراوەکەی، کار دەکات. لە هەوڵی ئەوەدایە بە باشترین شێوە ئامانجەکانی لە ڕووی ڕۆشنبیری، پێگەیاندن، خۆشی و کات بەسەر بردن، گەیاندنی زانیاری و هەواڵ، ئاراستەکردن و ڕێنوێنی بەدیبهێنێت»(٤). بەو مانایەی هەم پەیامەکە دیارکراوە و هەمیش جەماوەری بە ئامانجگیراو دیاریکراوە و ئەرکەکانیشی هاوشێوەی ئەرکە بنەڕەتییەکانی ڕاگەیاندنە بە شێوە گشتییەکەی و لە پاڵ ئەوانیشدا چەند ئەرکێکی ئایینەتمەندی هەیە، دوائر ئاماژەیان پێدەکەین.

هۆی سەرهەڵدان و گەشەکردنی:

سەرەتای کاروانی ڕۆژنامەوانی، کە بە چاپەمەنی و هەواڵنامە دەستی پێکرد، وەک وەڵامدەرەوەی قۆناغ و هەلومەرجی ژیانی شارستانی و پێشکەوتنی ئامرازگەلی پەیوەندی و زێدەڕۆیوونی بایەخی ئاراستەکردنی هۆشەکییانەی جەماوەر و وەرگران بە گشتی، هەنگاو بە هەنگاو، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گۆڕانی هەمەلایەنەی بەخۆوە بینی. گۆڕانێک، کە نەتەنیا ئامراز و ماکینەی ڕاگەیاندن، بگرە ناوەڕۆک، جۆری پەیام و زمانی پەیامیشی گرتەوە. ئەو گۆڕانکارییانە بە پێودانگی هەلومەرجە مێژوویییەکانی خۆیان گۆڕانکاری مەزن و ئاماژەی پێشکەوتنی ژیان لە لایەک و وەڵامدەرەوەی خواستی قۆناغی مێژووی کۆمەڵگەکان بوون.

لە نێو کایەی ڕاگەیاندندا، هەریەک لە داهێنانی ئامێر و پەرەسەندنی ڕەوتی گەشەکردنی ئامرازەکان و هاتنەئارای بیردۆزە و ئیۆری نوێی گەشەی میدیایی وەڵامدەرەوەی قۆناغی مێژووی گەشەی ژیاری نەتەوە و وڵاتان بوونە. ناگونجێت هەڵاوێری مێژووی ئەو گەشەسەندنە لە مێژووی کۆمەڵگەکان و پێداویستییەکانی قۆناغی ژیانی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ڕۆشنبیری، هونەریی،... بکەین.

هەر بۆیە دەبینین، «چەمکی ڕاگەیاندنی ئایینەتمەند بە گوێرەی سروشتی دیاردە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانی کۆمەڵگە پەیوەندییەکی بەنیی لەگەڵ ئایینەتمەندێتی مەعریفی کۆمەڵگە هەیە، بەو پێودانگەی، کە ئایینەتمەندێتی بە شێوەیەکی بەردەوام داواکراوە و ئەنیا خەسڵەتی ڕاگەیاندن نییە، بەڵکو یەکێکە لە خەسڵەتەکانی پێشکەوتنی ژیاری مرۆڤایەتی»(٥).

ڕاگەیاندنی ئایینەتمەند بە بەراورد لەگەڵ ڕاگەیاندنی گشتی و مێژووی دێرینی ڕاگەیاندن؛ بە هەر سێ شێوەی خوێندراو، بیستراو، بینراو؛ ڕاگەیاندنێکی نوێیە و سەرهەڵدانی پەیوەستە بە ئێنوێنی وەرگران بۆ وردەکاری و ناوەڕۆکی هەمەلایەنەی پەیام. «لەگەڵ دەرکەوتنی ئەستێرەی ئەلەفزیۆنیشدا لە دەیەی پەنجاکانی سەدەی ڕابردوو، ئەو پرسە هاتە ئاراوە، کە پێویستە ڕۆژنامە و چاپەمەنییەکان خۆیان پێش بخەن و بە ئەرخانکردنی لاپەڕە و پاشکۆی ئایینەت و گۆشەی ئایینەت وەڵامی هەرچی زۆرتری خواستی وەرگران بدەنەوە. ئا لەوێوە گەشە بەو ڕەوتە درا، ئا ڕادەی دەرکردنی گۆڤار و بڵاوکراوەی ئایینەتمەند»(٦).

دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە، هۆکارەکانی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی

ئایەتەمەند بخەینەڕوو، کە هەریەک لە «فاروق ابو زید و لیلی عبدالمجید» لە کتێبەکەیاندا بە ناوی «الصحافة المتخصصة» بە خاڵ باسیان کردووە:

یەکەم: ڕاگەیاندنی ئایەتەمەند، ئاماژەیەک، یان دەرکەوتەیەک بوو، لە ئەنجامی دابەشبوونی کۆمەڵایەتییانەی کار هاتە کایەوە. بێگومان دابەشکردنی کۆمەڵایەتییانەی کار و گۆڕانی هەلومەرجی کۆمەڵایەتی، فراوانبوونی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ، پەیوەستە بە پێشکەوتنی شارستانییەت و ڕەوشی ژیانی کۆمەڵگە و پەرە گرتنی پەیوەندییەکان و ڕەنگدانەوەی لەسەر ژیانی مادی و ڕوحی کۆمەڵگە.

دووەم: فراوانبوونی بوارەکانی زانیاری و هۆشیاری کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بە گشتی: ئەم فراوانبوونە ناڕادەیەکی زۆر بەسڕاوەتەوە بە ڕۆژنامەوانی و بزاوتی ڕاگەیاندن لە کۆمەڵگەدا. دەرکەوتنی ڕۆژنامەوانی لە خۆرئاوادا وابەستەی ئابووری و سیاسەت بوو. لە سەرەتادا ئەنیا بایەخی بەو دوو بوارە دەدا، دواتر لە ئەنجامی فراوانبوونی چوارچێوەی خوێندن، ڕۆشنبیری، پێشکەوتنی دابەشکاریی کۆمەڵایەتییانەی کار، دەرکەوتنی ڕادیۆ و ئەلەفزیۆن و پێشکەوتنی بەردەوامی ئەو ئامرازانەی ڕاگەیاندن، تا ئەو ڕادەیە ڕاگەیاندن بووە سەرچاوەی مەعریفە بۆ بوارەکانی دیکەی ژیان وەک: وەرزش، زانست، ژینگە، تەکنۆلۆژیا، ئەندروستی، باری کۆمەڵایەتی، ئابووری، ڕۆشنبیری...هتد، ئیدی ڕاگەیاندنی گشتی لە ئوانستیدا نەما ڕۆشنایی زیاتر و قوڵتر لە بارەی ئەو بابەتانەوە بخاتەڕوو، ئەنیا ڕواڵەتیانە مەسەلەکانی دەخستەڕوو.

سێیەم: فراوانبوونی ئەو چوارچێوە جوگرافییەی، کە ڕووماڵی ڕاگەیاندنی پێدەگەیشت: قەتیسبوونی سەرەتا لە چوارچێوەیەکی جوگرافی بەرتەنگدا و دواتر بەزاندنی سنوورەکان و تا دەگاتە بە فراوانبوونی و دەستڕاگەیشتنی بە هەموو سووچێکی ئەم جیهانە.

چوارەم: ڕووداوەکان، دیاردەکان، گۆڕانکارییەکان، سادەیی و ساکاری یەکەمجارییان لەدەستدا، بە هۆی فاکتەرە بابەتی و خودییە جۆراوجۆرەکانەوە زۆر ئاڵۆز بوون، ڕاگەیاندنی گشتی لە ئوانایدا نەبوو چارەسەری گونجاو دەستنیشان بکات، وەڵامی خواستی وەرگر بدانەوە، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی؛ زەرووەتی سەرهەڵدانی ڕاگەیاندنی ئایەتەمەند، بێتە کایەوە.

پێنجەم: بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و فراوانبوونی بوارەکانی مەعریفە: بۆ نموونە ئەگەر ڕاگەیاندنی گشتی

سەرەتا بەسترابێتەوە بە مێژووی دەرکەوتنی چینی ناوەند بە تایبەتی دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی پیشەسازیی لە ئەورووپا، ئەوا ڕاگەیاندنی تایبەتمەند، پەیوەستە بە فراوانبوونی قەوارە و پێگەی چینی ناوەند و بڵاوبوونەوەی خوێندەواری و پەرەسەندنی هەندێک بابەتی جێی بایەخ لە لای ئەو ئوێژە و هەمەجۆر بوونی بایەخ و ئاست و دەرکەوتنی پسپۆڕی جۆراو جۆر لە ناو ئەو ئوێژەدا.

شەشەم: ڕۆشنبیری و کاریگەریی ڕۆشنبیریی ڕووی لە گەشە کرد و ئەو ڕۆشنبیرییەی، کە خوێندەواری بووبووە کۆڵەگەی هاتنە ئارای؛ ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گەشەی دەکرد. بایەخی زێدەتر دەبوو. لێرەدا ڕاگەیاندنی گشتی دەستەوەستان بوو لە وەڵامدانەوەی پێداویستییەکانی ئەو ڕۆشنبیرییە و ئواناى قوڵبوونەوە و وردبوونەوەی زیاتری لە کێشە ڕۆشنبیرییە هاوچەرخەکان نەبوو، نەیدەتوانی هاوتای گەشە و فراوانبوون و قوڵبوونەوەی ڕۆشنبیری ڕێگە نەی بکات.

حەوتەم: زیادبوونی گرنگی ڕاگەیاندن بۆ ئوێژە ڕۆشنبیر و خوێندەوارەکان بەجۆرێک، ڕاگەیاندنی گشتی لە ئوانایدا نەما بە شێوەیەکی فراوان پێداویستی ئەو ئوێژانە دابین بکات، هەرچەند هەوڵی دا لە ڕێگەی ئەرخانکردنی لاپەڕەی تایبەت لە ڕۆژنامە و کردنەوەی دۆسییەی تایبەت لە گۆڤارەکان و ئەرخانکردنی بەرنامەی تایبەت لە ڕادیۆی و ئەلەفزیۆنەکاندا بۆ پڕکردنەوەی خواستی ئەو ئوێژە ڕوولەفراوانبوونانەی کۆمەڵگە، بەڵام دادی نەدا و ئەمەش ڕێگەی خۆشکرد بۆ دەرکەوتنی شێوازێکی دیکە لە ڕاگەیاندن کە ئەویش ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بوو.

هەشتەم: فراوانبوون و پێشکەوتنی بوارەکانی ژیان و چالاکییە ڕۆشنبیری، مرۆیی، کۆمەڵایەتی و زانستییەکان بە ئامانجی دەستەبەرکردنی ژیانێکی کامڵتر و باشتر. لە قۆناغێکدا ڕاگەیاندنی گشتی هەوڵیدا لە ڕووی بابەت، هەواڵ و زانیاری سەرەتاییەوە ڕوومالّی ئەو بوارانە بکات. سەرەتا ڕۆژنامەکان لاپەڕەی تایبەتییان بۆ ڕوومالّی ئەو بابەتانە تەرخان دەکرد، بەڵام دواتر هاوڕێ لەگەڵ پێشکەوتنەکاندا گۆڤار و بڵاوکراوەی تایبەت بەو بوارانە بڵاوبوونەوە.

نۆیەم: لە ڕۆژگاری ئەمڕۆماندا بە گشتی ڕۆڵی میدیا لە ژیانی ئاک و کۆمەڵدا زیادیکردووە. ئەو هێزانەی لە پشت میدیاوە کار دەکەن ئامانجییان ئەوەیە زۆرترین کاریگەریی لەسەر ئوێژەکانی کۆمەڵ، ژیانی تایبەتی و گشتی ئاک و کۆمەڵ دروست بکەن. ئەو هێزانە گرنگی و بایەخی میدیایی تایبەتمەندییان بۆ دەرکەوت؛ بۆیە لەو ڕێگەیەوە لە هەوڵی ئەوەدان بە کوالێتییەکی باشتر و بە شێوەیەکی ورد و هەمەلایەن ئامانجەکانییان بەدەست بهێنن(٧).

وێڕای ئەم هۆکارانە هۆکارگەلێکی دیکەش هەبوون کە پاڵیان بە ڕەوتە میژووییەکەی ڕاگەیاندنی گشتییەوە نا بۆ ئەوەی بپرژێنە سەر تایبەتمەندێتی لە دەستنیشانکردنی پەیام و جەماوەری بە ئامانجگیراوا لەوانە: دەرکەوتنی ڕۆژنامە میللییەکان، دامەزراندنی ئاژانسەکانی هەواڵ، هاتنەئارایی ڕۆژنامەوانی کەمینە ئایینی و نەتەوەییەکان، بەشداری

ژنان لە میدیا و هاتنیان بۆ ناو ئەو کایەیە، زیادبوونی ژمارەی دانیشتووان، دەرکەوتنی زنجیرە رۆژنامەوانییەکان بە تایبەتی لە ئەمریکا(٨). هەروەها ململانێی فیکری و ئایدۆلۆژی و سیاسی نێوان بەرە جیاوازەکانیش هۆکارێکی دیکەی یارمەتیدەر بوو لە گەشەی ئەم جۆرە راگەیاندنە(٩). کرانەوەی زیاتر و ئازادی چاپەمەنیش رێگەخۆشکەرێکی دیکە بوو، بەو پێیەی «پێشکەوتن و گەشەی کۆمەڵگە هاوچەرخەکان لەسەر سێ بنەمای دادوەری سەربەخۆ، رۆژنامەوانی ئازاد و سەربەخۆ، کۆمەڵگەی مەدەنی چالاک و بەهێز بەندە»(١٠).

جۆرەکانی راگەیاندنی تایبەتمەند:

هەرچەندە لە سەرەتادا راگەیاندنی تایبەتمەندمان لە راگەیاندنی گشتی جیاکردەوە، لێرەشەوە پێویستە ئەو بڵێین، کە راگەیاندنی تایبەتمەندیش لە نێو خۆیدا چەند جۆرێکی هەیە و راستتر بڵێین بە سروشتی ئامرازەکانی راگەیاندن لە دوو تا سێ شێوە خۆی دەنوێنێت.

بە گوێرەی راپۆرتی رێکخراوی یونسکۆ لە بارەی گەشەکردنی راگەیاندنی تایبەتمەند، ئەم جۆرە لە راگەیاندن بە دوو شێوە لە رۆژنامەوانی چاپکراودا دەردەکەوێت، کە ئەوانیش: یەکەم: ئەو چاپکراوانەی تایبەتمەندی گشتیین و ئامانجیان گەیاندنی پەیامە بە جەماوەرێکی بەرفراوان و دووەمیشیان ئەو چاپکراوانەیە کە تایبەتمەندن و ئامانجیان گەیاندنی پەیامە بە جەماوەرێکی دیاریکراو. بە گوێرەی راپۆرتەکەی یونسکۆ لەم ساڵانەی دواییدا شێوەی یەکەم نووشی ئاستەنگ بووە و زێدەتر ئەو چاپکراوانەی خودان بایەخی تایبەتین و رووبان لە جەماوەری دیاریکراوە گەشەیان سەندووە(١١).

لەسەر بنەمای ئەو راستییە دەکرێت دوو جۆری سەرەکی لە چاپکراوی تایبەتمەند هەژمار بکەین، ئەوانیش:

یەکەم: ئەو چاپکراوانەی بابەتێکی دیاریکراو ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو دەکەن، وەک چاپکراوەکانی ژنان، ئەندازیاران، پزیشکان، منداڵان..

دووەم: ئەو چاپکراوانەی بابەتێکی دیاریکراو ئاراستەی جەماوەرێکی گشتی دەکەن، وەک چاپکراوە وەرزشی و هونەری و رۆشنبیرییەکان و ...هتد(١٢).

ئەمە بۆ چاپکراو، دەکرێت رادیۆی تایبەت بە بوارێک هەبێت، یان بەرنامەی رادیۆیی تایبەت بە بوارێک، تایبەت بە جەماوەرێکی دیاریکراو هەبێت. بە وێنەی ئەو بەرنامە رادیۆیانەی پەیامێکی ئەندروسنی، یان وەرزشی، یان کۆمەڵایەتی و ..هتد ئاراستەی ئوێژێکی دیاریکراو دەکەن.

بۆ ئەلەفزیۆنیش وەک ئامرازێکی راگەیاندنی بینراو هەمان شتە و دەگونجێت کەناڵێکی تایبەت بە بوارێک هەبێت و پەیامەگەی ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو بکات.

لە میدیای ئەلیکترۆنیشدا هەمان رێچکە گیراوەتە بەر و مانپەرە ئەلیکترۆنییەکان تا دێت زیاتر روو لە تایبەتمەندێتی دەکەن، بەتایبەتی بە هۆی ئەو ئاسانکارییەی لە جیاکردنەوەی بەستەرەکان و دیاریکردنی بەشەکان بۆ بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە بەردەستدایە. بە جۆرێک هەندێک مانپەڕ وێڕای گشتی بوونەکەیان، چەندین بەستەری تایبەتییان بە لایەنێک لە لایەنەکانی ژیان، یان پێکهاتەیەکی کۆمەڵگە، یان ئەمەنێکی دیاریکراو، یان پیشەیەکی دیاریکراو هەیە و لە رێگەی ئەو بەستەرە تایبەتییانەوە جەماوەری دیاریکراو دەستیان بە پەیامەکان رادەگات.

لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە، کە راگەیاندنی تایبەتمەند دەکرێت گشتی بێت، بەو مانایەی لە رێگەی کەناڵێکی تایبەتییەوە پەیامێکی تایبەتی ئاراستەی جەماوەرێکی بەرفراوان بکات. وەک چاپ و بڵاوکردنەوەی گۆڤارێکی ئەندروسنی، کە هەموو پزیشکەکان و پەرستاران و شارەزایانی بواری ئەندروسنی سوودی

> لە رۆژگاری ئەمڕۆماندا بە گشتی رۆڵی میدیا لە ژیانی تاک و کۆمەڵدا زیادیکردووە. ئەو هێزانەی لە پشت میدیاوە کار دەکەن ئامانجییان ئەوەیە زۆرترین کاریگەریی لەسەر تووێژەکانی کۆمەڵ، ژیانی تایبەتی و گشتی تاک و کۆمەڵ دروست بکەن. ئەو هێزانە گرنگی و بایەخی میدیایی تایبەتمەندییان بۆ دەرکەوت

هەولێر

لیوەربگرن.

یان دەکرێت ڕاگەیاندنی ئایەنامەند ئایەنامەندتر بێت و پەیامێکی دیاریکراو لە ڕێگەی کەناڵێکی دیاریکراو ئاراستەی جەماوەرێکی دیاریکراو بکات. وەک ئەو گۆڤارانەی لە بواری ئەندروسئی دەردەچن، بەڵام پەیامەکەیان ئایەت بە پرسی نەخۆشییەکانی چاو و دوایەمین پێشکەوتنی زانستی ئەو بوارەیە، لێرەدا ئەنیا پزیشکەکانی پسپۆڕی چاو سوودی لێوەردەگرن و پەیامەکە بۆ ئەوانە نەک بۆ هەموو پزیشکێک.

ڕاگەیاندنی تایبەتمەند بە هەردوو شێوەکەی دەکرێت لەم چەند خاڵەی خوارەوە پۆلێن بکرێن:

1 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای ئەمەن، منداڵ، گەنج، بەساڵاچوو، لێرەدا باشترین و گونجاوترین ئامراز بۆ گەیاندنی پەیامێکی ئایەنی بەو ئوێژانەی ئەمەن دەستنیشان دەکرێت و کارەکە پێویستی بە وردەکاری و شارەزایی و پسپۆڕێنی هەیە.

2 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای پیشە: مامۆستا، فێرخواز، ئەندازیار، پزیشکان، پەرستاران، هونەرمەندان، وەرزشکاران، فەرمانبەران،.. هتد. بە شێوەیەکی گشتی بۆ ئەو ئوێژانە زیاتر پاشکۆی ئایەت لە ڕۆژنامەکان یان گۆڤاری خولی ئایەت چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

3- پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای زانست: بە گوێرەی ئایەنامەندێنی زانستەکان، وەک پزیشکی، فیزیا، کیمیا، زمانناسی، دەروونزانی، یاسا، ڕۆژنامەوانی پەیام دەگەیەنرێت. ئەو پەیامەی مەبەستە بگەیەندرێت لەبەر ئەوەی جەماوەرەکە دیاریکراوە، پەیامەکە هەمەلایەن و ڕوانگەقوڵە و ئەنانەت ئەو زمانەی بەکاردەهێنرێت بۆ گەیاندنی پەیام زمانێکی باڵایە و زیاتر بۆ گەیاندنی پەیام گۆڤاری خولی مانگانە، یان وەزری، یان ساڵانە چاپ و بڵاو دەکرێنەوە.

4 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای ناوچەیی و جوگرافی: بە وێنەی ئەو چاپکراوانەی پەیامەکەیان بۆ ستووری جوگرافی گوندێک، شارۆچکەیەک، شارێک، هەرێمێک، یان وڵاتێکە و نێیاندا پەیامێکی دیاریکراو ئاراستەی جەماوەرێکی فراوان دەکرێت.

5 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای ڕەگەزی: ئەو جۆرە ڕاگەیاندنە دەگرێنەوە، کە پەیامەکەی ئاراستەی ڕەگەزێکی دیاریکراو لە وەرگر دەکات، چاپکراوەکان و میدیای ژنان بە گشتی دەکرێت بخرێنە ئەم چوارچێوەیەوە.

6 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و فیکری: ئەو جۆرە میدیایانە دەگرێنەوە، کە پەیامە دیاریکراوەکەی خۆیان ئاراستەی هەڵگرانی پەیڕەوانی ئایدۆلۆژیا و فیکرەیەکی دیاریکراو دەکەن، وەک میدیا ئایدۆلۆژییەکانی ئیسلامی و چەپەکان.

7 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای نەنەوەیی: ئەم جۆرە ڕاگەیاندنە زیاتر لەو وڵاتانەدا هەیە، کە پێکهاتەی نەنەوەیی جیاجیایان تێدا هەن، بە نموونە ئەو گۆڤار و چاپکراوانەی بۆ پێکهاتەیەکی دیاریکراو چاپ و پەخش دەکرێن.

8 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای ئاستی خوێندن: ئەو بەرنامە ڕادیۆی، ئەلەفزیۆنی، ماڵپەڕە ئەلیکترۆنی، گۆڤار و ڕۆژنامانەی بۆ ئاستێکی دیاریکراوی خوێندن چاپ و پەخش و بڵاودەکرێنەوە وەک گۆڤاری ئایەت بە فێرخوازانی سەرەتایی، ناوەندی، ئامادەیی، زانکۆ..

9 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای ئابووری: وەک چاپکراوە ڕێکلامییەکان بە هەردوو شێوەی ڕێکلامی بازرگانی و خزمەتگوزاری.

10 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای بوارەکانی ژیان: وەک ئابووری، سیاسەتی ناوخۆی و دەرەکی، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی، نەوت، کشتووکاڵی، وەبەرهێنانی ناوخۆی و بیانی..

11 - پۆلێنبەندی لەسەر بنەمای یاد و بۆنە جیاجیاکان: بۆنموونە ئەو چاپکراو و بڵاوکراوە و بەرنامە ئایەنانەی لە بۆنەکاندا پەخش و بڵاو کرێنەوە، لێرە لە هەرێمی کوردستاندا زۆر جار لە یادی کارەساتێک یان ڕۆژێکی دیاریکراو لە مێژووی خەڵکی کوردستاندا چاپکراوی ئایەتی دەبینین، وەک ئەو بڵاوکراوانەی بە شێوەیەکی خولی ساڵانە لە یادی ئەنفال و کیمیابارانکردنی هەڵەبجە دەکەونە بەرچاو. لەو ڕۆژەدا لایەنی نێرەر پەیامێکی دیاریکراوی هەیە و دەیەوێت بیگەیەنێت بە جەماوەر.

پێویستییەکانی ڕاگەیاندنی تایبەتمەند:

لەبەر هەستیاری ڕاگەیاندنی ئایەنامەند و جیاوازبوونی پەیام و جەماوەرەکەی لە ڕاگەیاندنی گشتی ئەم کایەیی بواری ڕاگەیاندن پێویستی ئایەتی هەیە و ناکرێت سەرپێیانە کاری لەسەر بکرێت، بەڵکو هەتا وردی و دیقەت و ڕێچکەی زانستی لە هەمبەر بگیرێنە بەر باشتر بە ئامانج دەگات و بگرە زیاتر و زووتر ئامانج دەپێکێت و پەیامەکە وەکو خۆی دەگات و کاریگەری بەجێدەهێڵێت. کەوانە ئەو پێویستییانە چین:

1 - داڕشتنی پەیام: ئەو پەیامە کامەیە، کە نێرەر دەیەوێت بیگەیەنێت، پێویستە پەیامەکە لە ڕستەیەکدا کورت و پوخت دابڕێژرێنەوە. تا پەیام ڕوونتر بێت، ئامانج زووتر وەدی دێت.

2 - دەستنیشانکردنی جەماوەر: ئەو جەماوەرە کێیە کە بە ئامانجگیراوە و پەیامەکەی ئاراستە دەکرێت، چ ڕەگەزێکە، چ ئەمەنێکە، سەر بە چ پیشە و گروپێکی کۆمەڵایەتی و هەڵگری چ ناسنامە، بڕوانامە و ئاستێکی خوێندنە.

3 - دەستنیشانکردنی ئامرازی

راگەیاندن: کامە یەک لە ئامرازەکانی راگەیاندن ئوانسئی ئەوەی هەیە ئەو پەیامە بگەیەنێتە ئەو جەماوەری بە ئامانجگیراوە.

4 - راگەیاندنی ئایبەئمەند هەرەمەکییانە نییە و پێویستی بە پلانێکی وردی زانستییانە هەیە: ئەو پلانە دەکرێت دابەشکاری بکرێت بۆ هەرسێ جۆری مەودا کورت و ماماوەندی و پلانی درێژخایەن.

5 - راگەیاندنی ئایبەئمەند پێویستی بە کادیری ئایبەئمەند هەیە: زۆر جار ئەمە کێشەی گەورەی بەردەم سەرکەوتنی راگەیاندنی ئایبەئمەندە، چونکە ئەو کەسانەی رۆڵی کارەکتەری بەرێوبردنی راگەیاندنەکە دەگێڕن خۆیان هیچ ئایبەئمەندییەکیان نییە، ئەمە وایکردووە، راگەیاندنەکە بە لاڕێدا بەرن و وەک پێویست نەتوانن پەیامەکە دابڕێژنەوە و ئاراستەی وەرگری بکەن. لە هەنگاوی دواتردا باس لە خەسڵەتی ئەو رۆژنامەوانانە دەکەین، کە لە بواری راگەیاندنی ئایبەئمەنددا کار دەکەن.

6 - راگەیاندنی ئایبەئمەند پێویستی بە پێشکەوتن و سەرچاوەی نازەی رۆژنامەوانی هەیە: لەبەر ئەوەی کایەی میدیا بە گشتی کایەکی هەستیارە و رۆژ لە دوای رۆژ لێکۆڵینەوەی نوێ و ئێوری زانستی نوێ دێنە گۆڕێ پێویستە هەڵسووڕاوانی راگەیاندنی ئایبەئمەند لەو بوارە غافڵگیر نەبن و بەردەوام بەدوای زانیاری نازە لە بوارەکەی خۆیاندا بگەڕێن.

7 - راگەیاندنی ئایبەئمەند پێویستی بە زمانێکی گونجاو هەیە، بۆ ئەوەی بتوانێت بە ئاسانی بگاتە وەرگرانی. دەکرێت زمانی گۆڤارێکی زانستی ئایبەت بە فیزیای گەردوونی زمانی باڵا و ئەواو زانستی بێت، چونکە خوێنەرانی وەها گۆڤارێک پسپۆڕێتیان لە بواری زانستی فیزیای گەردوونی هەیە، بەڵام گۆڤارێکی زانستی ئایبەت بە فیزیا بۆ فێرخوازانی بەشی فیزیای زانکۆ پێویستە بە زمانێکە بڵاوبکرێنەوە، کە لە ئاستی ئێگەیشتنی ئەو فێرخوازانەدا بێت.

8 - راگەیاندنی ئایبەئمەند پێویستی بە هەماهەنگی و پەیوەندی بەردەوام هەیە لەگەڵ پسپۆڕانی ئەو بوارە ئایبەئمەندەی هەڵیژێردراوە و کاری لەسەر دەکرێت بۆئەوەی ئەو پسپۆڕانە لە بارەی نازەکردنەوەی پەیام و ئێوریزەکردنی هەنگاوەکانی گەیاندنی پەیام هاوکار بن(١٣).

پێکهێنەرەکان، یان ستوونەکانی راگەیاندنی تایبەتمەند

لە بارەی پێکهێنەرەکانی راگەیاندنی ئایبەئمەندەوە لە کێبێکەی «فاروق ابو زید و لیلی عبدالمجید»، بە ناوونیشانی «الصحافة المتخصصة»، بە وردی باسی هەر سێ پێکهێنەری سەرەکی راگەیاندنی ئایبەئمەند کراوە کە بریتین لە «بواریێکی ئایبەت، بابەتێکی دیاریکراو، رووداوێکی نایبەت» و لێرەدا بە گوشراوی بە سوودوەرگرتن لەو سەرچاوەیە زانیارییەکان دەگوازینەوە.

یەکەم: بواریێکی تایبەت:

ژیانی کۆمەڵگە وەک کەشنییەکی فرە ڕەنگ و فرە بواری جۆراوجۆرە، ژیانی هەر کۆمەڵێک هاو واتا و ڕەنگدانەوەی خەسڵەتەکانی بوارە جۆراوجۆرەکانی ژیانە. بوارەکانی ژیان هەمەجۆرن. هەمەجۆرییان وابەستەی هەمەجۆری چالاکییە مرۆییە جیاوازەکانن. چالاکی ئابووریانەی مرۆ، بنەمای بوونی بواری ئابووری دەرەخسێنێت. چالاکی سیاسییانەی مرۆ، بنەمای بوونی بواری سیاسی دەرەخسێنێت و بۆ هەموو لایەنەکانی دیکەی ژیانیش هەمان ڕێسا ڕاستە.

هەرێەک لەو بوارانە لەسەر بنەمای



هەواڵنامەی کێبێ

هەرچی سەبارەت بە میدیای ژنانە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ بگوترێت: لە دوای راپەڕینی ئاداری 1991، بەهۆی پاڵنەرە خۆیی و بابەتییەکانی تایبەت بە پرسی ژن لێرە و لەوێ رۆژنامە حزبییەکان گۆشەی تایبەت و لاپەڕەی تایبەتیان بۆ کاروباری ژنان تەرخان کرد

هێندێک پێودانگ، ئایبەتمەندێتی خۆی وەردەگرێت و گرنگترین ئەو پێودانگانەش ئەمانەن:

ڕێگاکانی دەستنیشانکردنی سروشت و پێودانگی خەسڵەتی هەر بوارێک:

1 - سروشت و جۆری ئەو یاسایانەی کاریان پێدەکرێت و ژیانیان لەو بوارەدا ڕێکخستووە.

2 - سروشت و جۆری ئەو هێزانەی کاردەکەن و بزوێنەری ژیانن لەو بوارەدا.

3 - پلەی پێشکەوتنی وەدەستهاتوو لەو بوارەدا.

4 - سەنگ و پێگەی ئەو بوارە لە ژیانی ئاک و کۆمەڵدا.

5 - جۆری ئەو کەسایەتییانەی لەو بوارەدا چالاکن.

6 - میکانیزمی گرنتەبەری بڕیار و دروستکردنی بڕیار لەو بوارەدا.

7 - ئێروانین و هەڵسەنگاندنی کۆمەڵگە بۆ ئەو بوارە.

8 - قەوارەی ئەو ئۆژە کۆمەڵایەتییەی کە ئەو بوارە دەیگرێتەوە.

9 - جۆر و سروشتی ئەو پێویستییانەی لەو بوارەدا هەوڵی بەدیهێنانیان دەدرێت.

بوونی ئەو پێوەدانگانەو لە بەرچاوگرتنییان سروشتی هەریەک لە بوارەکانی ژیان دیار دەکات، پێویستە لێکۆڵینەوەی زانستی و بەرنامە بۆدارێژراو لە بارەی ئەو بوارانە و لەسەر بنەمای زانستی مامەڵەی لەگەڵدابکرێت و بزانین چۆن مامەڵەی لەگەڵ دەکەین، چۆن چارەسەری کێشەکانی دەکەین، ئاراستەی هەنگاوەکانی داهاتوو چۆن دیاریدەکەین. لەو رووەوە پێویستە راگەیاندنی ئایبەتمەند چالاکییەکی داهێنەرانەی هەبێت و لەسەر بنەمای کارلێکردنی داهێنەرانە لەگەڵ واقیعی بابەتی لە بواری دیاریکراو کار بکات.

لەو چوارچێوەیەشدا راگەیاندنی تایبەتمەند سێ ئەرکی سەرەکی هەیە:

ئەرکەکانی راگەیاندنی ئایبەتمەند

ا - بەدەستهێنانی ئێروانینی گشتی بۆ ژیانی کۆمەڵگە، ئەمە دەبێتە دەرچەی ستراتیژی راگەیاندنی گشتی، پێویستە راگەیاندنی ئایبەتمەندیش هەبێت و بیکاتە بنەمایەک بۆ سیاسەت و بەرنامە و پلانی راگەیاندنی خۆی و لەو بوارانە جێبەجێی بکات.

ب - بە قوڵی درککردن بە ئایبەتمەندییەکانی هەر بوارێک لە بوارەکانی ژیانی گشتی و وشیاری قوڵ لە بارەی خەسڵەت و ئایبەتمەندییەکانی هەریەک لەو بوارانە و ڕێزگرتنی ئەو ئیعتبارانەی کە جڵەوی سروشتی ژیانی کۆمەڵگەیان بەدەستەوەیە.

ج - پێککەیشتنی بە ڕێگەیەکی داهێنەرانە، بە جۆرێک لەگەڵ سروشتی ئایبەتمەندی بوارەکە بگونجێت، کە کاری لەسەر دەکات.

لێرەدا پێویستە بۆ جێبەجێکردنی ئەو سێ ئەرکە راگەیاندنی ئایبەتمەند خۆی لە گرفت و کێشەکان بپارێزێت و نەچێتە باری داڕووخان و پەراوێز بوونەوە.

ئەمەش لەم ڕێگایانەی خوارەوە دەکرێت:

1 - پێشکەشکردنی چارەسەری نەندروست بۆ کێشەکانی هەڵقوڵاو لە نێوان گشتی و لاوەکیی و ئایبەتمەند و گشتی.

2 - نەمانەوە لە بازنەی گشتی و هەمووەکی و خوو نەگرتن بە دروشم و بێتوانایی لە گەیشتن بە واقیعی بەرهەست و مامەڵە لەگەڵ کردنیی، ئەگەر ئەوە ڕوویدا، ئەوا ڕاگەیاندنی ئایبەتمەند دەبێتە ڕاگەیاندنی گشتی و مونڵەق و دروشمەکان باڵی بەسەردا دەکێشن.

3 - ڕوونەچوون و زیادە وردنەکردنەوەی شتەکان لەسەر حسابی ئێروانینی گشتی بۆ مەسەلەکان خۆیان و شێواندنی وێنەی گشتی بابەتەکان، بە هۆی ئەوەی ڕاگەیاندنی ئایبەتمەند وێنا گشتییەکە فەرامۆش بکات و لە بازنەی وردەکارییەکاندا بخولێتەوە، چونکە ئەمە وێڕای کات کوشتن دەبێتە هۆی بە هەدەر دانی ئوانا و دارایی، پەیامی ڕاگەیاندنەکەش دەشێوێنێن، ڕەنگە کێشەی دیکەش بخولقێنێت.

4 - دوورکەوتنەوە لە شێوازی چەقبەستووی ڕاگەیاندنی بوارەکانی دیکە، سەپاندنی ئایبەتمەندی شێوازی گونجاو بۆ ئەو بوارەی کاری تێدا دەکەین. هەڵبژاردنی شێوازی پێشکەوتوو، کە بتوانێت وەڵامی گۆڕانکارییەکانی ئەو بوارانە بداتەوە.

ئەو ئیعتبارانەی کە لە بارەی هەر بواریکەوە خستمانەڕوو زۆر گرنگە لەبەرچاو بگیرێن لەوانە:

1 - دەستنیشانکردنی ستراتیژیکی گەنجاوی راگەیاندن.

2 - دەستنیشانکردنی سیاسەت و پلان و بەرنامەی راگەیاندنی گونجاو.

3 - دەستنیشانکردنی قەبارە و جۆر و ئاستی ئەو دەزگا راگەیاندنەی، کە پێویستە.

4 - دەستنیشانکردنی جۆر و سروشتی کادیری راگەیاندن.

5 - دەستنیشانکردنی جۆر و چۆنیەتی ئەو بابەتی راگەیاندنەی دەخرێنەڕوو و ڕێگاکانی کۆکردنەوەی زانیاری و ئاست و شێوازی خستنەڕووی بۆ وەرگر.

6 - دەستنیشانکردنی جەماوەری بە ئامانجگیراو.

7 - دەستنیشانکردنی ڕێگا و میکانیزمەکانی قەناعەتپێکردن و کاریگەری دروستکردن لەسەر جەماوەر.

دووەم — بابەتێکی تایبەت:

ئایەتمەندییەکانی بوار کە لەسەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد و خەسڵەتەکانی ئەو بواڕە، بابەت یان ئەوەری سەرەکی کاری میدیا دەسەپێنێت. مەبەستە لە بابەت چیرۆکە، باسێک، پرسێک، دیاردەیەک، ڕووداوێک.. کە ناوەڕۆکی پەیامەکەی هەڵگرتووە دەگرێنەوە. خەسڵەتەکانی بواری سیاسیی جیایە لە خەسڵەتەکانی بواری زانستی، بۆ نموونە لە بواری سیاسیدا هەریەک لە ئایەتمەندییەکانی هەستیاری، خێرایی، گۆڕانی بەردەوام، بەرپرسیارێتی، مەترسی، پێچ و پەنا، نەرمی، جۆری بابەتەکە، سروشتی سەرچاوەکان، .. ئوانایی خوێندنەوە و شرۆڤە و لێکدانەوەی بیروڕا جیاجیاکان، سروشتی کەسایەتیە کاراکان جیاوازی هەیە لەگەڵ بواڕێکی زانستی، کە خەسڵەتی چەسپاوی ڕێژەی، وردی، جۆرێتی، سەرچاوە، جەماوەر، سروشتی پێوانەکانی هەڵسەنگاندن... هتد جیای هەیە.

بنەما و پێکهێنەرەکانی بابەتی دیاریکراو:

1 - سروشتی بابەتەکە: مادییە، دەروونییە، مەعنەویی، روحییە، خودییە، گشتییە، یان ئایەتییە، جەماوەری فراوانە یان کەم، جەماوەری ئایەتمەندە یان ناسایی؟

2 - سەرچاوەی بابەت: لایەنی ڕەسمییە، ئەهلییە، ناکە، دەزگایەکە، سەرچاوەیی ناوخۆیی یان دەرەکییە؟

3 - ئەو پێوەرانەی بەکار دێن بۆ دیارکردنی بابەت: ئایا پێوەری خۆیین، یان بابەتین، پلەی گرنگیان چییە، پلەی پێککەوتنییان، ئاستی بایەخپێدانیان، گەورەیی، کاریگەریی، ئەنجامی چاوەڕوانکراو؟

5 - ئەو پێوەرانەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی بابەتەکە و شێوازی بڵاوبوونەوەی دەستنیشان دەکات.

6 ئامانج چییە لە چارەکردنی ئەو بابەتە، جەماوەری بە ئامانجگیراو، هەڵوێست و کاردانەوەی ئەو جەماوەرە چییە؟

7 - ڕێگەی چارەسەریی بە کارهاتوو و گونجاو، بۆ سروشتی ئەو بابەتە و ئامراز و ئامانجەکان چین؟

8 - شێوازی خستنەڕووی گونجاو.

9 - جۆری ئەو پەیوەندییەی بەکار دێت لە چارەسەرکردنی بابەتەکە: پەیوەندیی کەسییە، دەزگای جەماوەرییە، بە کۆمەڵە.. هتد؟

10 - جۆری ئەو ئامرازەی بەکار دێت: ڕۆژنامەی ناوخۆیی، مەرکەزیی، ڕادیۆ، ئەلەڤزیۆن؟

11 - جۆری ئەو هونەرە ڕۆژنامەوانییەی گونجاوە بۆ ئەو بابەتە (هەواڵ، ڕاپۆرت، ڕیپۆرتاژ، بەدواداچوون، وتار، گفتوگۆ).

بۆ خستنەڕووی چارەسەرێکی گونجاو بۆ بابەتەکان پێویستە ڕەچاوی ئەم پێوەرانە بکرێت:

1 - بوونی ستراتیژ و سیاسەت و بەرنامە و پلانی ڕاگەیاندنی گونجاو و هاوڕێک لەگەڵ ئاراستە و بۆچوونی ئەو هێزە کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابوورییەی خاوەندارێتی دەزگای ڕاگەیاندنەکە دەکات.

-2 ئێگەیشتنی لە واقیعی بابەتەکە، لێکۆڵینەوەی ورد، دیارکردنی ئەو هێزانەی کاریگەرییان لەسەری هەیە، ئاراستەی گۆڕانکاری و خواستەکان.

-3 ڕوانگەو ئێڕوانینی گونجاو بۆ چارەسەری بابەتەکە و لەبەرچاو گرتنی هەردوو پێوەری پێشوو.

بە جێبەجێکردنی ئەو خاڵانەی سەرەوەش هەندێ ڕاستی دەردەکەون، لەوانە:

1 - جیاوازی بەرنامە و سیاسەتی ڕاگەیاندن بەگوێرەی جیاوازی بەرژەوەندی ئەو هێزانەی میدیای ئایەتمەند بەڕێوە دەبەن.

2 - جیاوازی لە ئێگەیشتنی واقیعی بابەتەکە، ئەمەش بە هۆی جیاوازیی ئێڕوانینی ئەوهێزانەوە دروست دەبێت.

3 - جیاوازیی لە بەکارهێنانیی پێوەرەکان بۆ دیارکردنی بابەتەکان.

سێیەم : ڕووداو :

ڕووداو خەسڵەت و ئایەتمەندیی لەو چوارچێوە گشتییەوە وەردەگرێت کە لێی بەرهەمهاتووە، یان لەو بوارانەی کە پەیوەستە پێیەوە. سەرەڕای جیایی لە بواڕەکانی سەرهەڵدانی ڕووداو، دەکرێت ئاماژە بۆ ئەم چەند خەسڵەتەی ڕووداو بکەین:

خەسڵەتەکانی ڕووداو

1 - ڕووداو ڕەنگدانەوە و کاردانەوەی گۆڕانێکە کە لە چوارچێوەی گشتی بەردەوام و نەگۆڕدا ڕووەداث و وەک خاڵێک یان سائێک وایە لەو

چوارچێوەیەدا.

2 - بابەتی رووداو، بەشێکی و قۆڵ و سنووردارە، لە رووداودا جێگەیەک بۆ گشتی و ڕەها نییە.

3 - سروشتی رووداو سائیبە و رووداو مێژوویی و چرکە ساتە.

4 - ژیانی رووداو کورتە، رووداو هەرچەند گەورەش بێت، بەڵام سائیکە و دواتر رووداوی دیکە لەدایک دەبن.

مەرجەعییەتی راگەیاندنی تایبەتمەند لە مامەڵەکردنی لەگەڵ رووداو

راگەیاندنی تایبەتمەند لەسەر بنەمای میزاج و خواستی خۆیی و بە هەڕەمەکییانە کار ناکات، بەڵکو هێندێک پێوەری هەیە کە ئەمانەن:

1 - هێزی خۆیی رووداوەکە: گەورەیی رووداوەکە، کاریگەریی، کەسایەتییەکانی، ئۆژی کۆمەڵایەتی پەیوەست بە رووداوەکە، سەرچاوەکان، لە رووی راگەیاندنەوە هەموو رووداوێک نابێتە هەواڵ، هەواڵ گێڕانەوەی رووداوەکانە، ئەو رووداوانەی بەها و بنەما و پێکهێنەری هەواڵییان هەیە.

2 - هەڵوێستی بڵاوکار و دەزگای راگەیاندنەکە لە بارەی رووداوەکەوە.

ئەو هێزە ئابووری، سیاسیی، کۆمەڵایەتییانەی میدیا بەڕێوەدەبەن لە سۆنگەی بۆچوون و ئێروانینی خۆیانەوە دەڕوانێتە رووداو و کاریگەرییەکانیی.

3-ئەو چوار چێوە گشتییەی رووداوەکانی ئێدا هاتووەتە کایەوە، ناکرێت رووداوە لە ژینگە و ئایەتمەندیی و رابردوو، ئێستا، داهاتووی خۆی جیابکەینەوە، راگەیاندنی ئایەتمەند، بە گوێرەی سیاسەتی ئایەتمەندی رووداوەکە سەیری رووداوەکە دەکات، چارەسەری بۆ دەدۆزێتەوە.

4- جەماوەری پەیوەست بەرووداوەکەوە: جەماوەر ڕەگەزێکی پڕۆسەی راگەیاندنە، راگەیاندنی ئایەتمەندکار لەسەر سروشت و بایەخ و هەڵوێست و ئاراستەی جەماوەر دەکات، سوورە لەسەر ئەوەی رووماڵی رووداوەکە بە جورێک بکات، کە وەڵامی داخوازی جەماوەر بدانەوە.

5-کەسایەتی و جۆری ئامرازی راگەیاندن و ئەو ئێرۆانین و ستراتیژەی دەزگاکە هەیەتی. دەزگاکانی راگەیاندن لە رووی کەسایەتی و ئێرۆانینەوە جیاوازن و هەریەکەیان پەیڕەوی لە قوتابخانەیەک دەکات، و بواری کاریان جیاوازە و ئەنانەت هەریەکیان جەماوەری ئایەتی خۆی هەیە، کەسایەتی و جۆری ئامرازەکە، کاریگەریی گەورەیان لەسەر چالاکی راگەیاندن و رووماڵی رووداوەکان هەیە.

راگەیاندنی ئایەتمەندی چۆن کار لەسەر رووداو دەکات؟

بەگوێرەی پلانێک کە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەگرێتەخۆ راگەیاندنی ئایەتمەند لە رووی راگەیاندنەوە کار لەسەر رووداو دەکات:

1-دەستنیشان کردنی بەهاکانی ئەو رووداوە و هەڵسەنگاندنی رووداوەکە لە رووی راگەیاندنەوە. بەهاکانی هەواڵ (جدییەت، نزیکی، گەورەیی، کاریگەریی، بایەخ، کەسایەتیی، مرۆیی، ..هتد).

2-کۆکردنەوەی دانا و زانیاری و ژمارە، وانە هەوڵدان بۆ پێکهێنانی بنەمای مەعریفی لای وەرگر و هاوکاریکردنی بۆ ئێگەیشتن بۆ رووداوەکە.

3-ڕێکخستنی ڕەگەز هەواڵییەکان: هەڵوەشاندنەوە و شیکردنەوەی رووداوەکە بۆ ڕەگەز پێکهێنەرەکانی و زانینی ڕۆڵ بایەخی هەریەک لە و ڕەگەزانە و ڕێکخستنەوەی ڕەگەزەکان بە گوێرەی بایەخ و گرنگییان.

4-خستنەڕووی رووداوەکە لە رووی راگەیاندنەوە بە شێوەیەک کە بە دروستی بگاتە وەرگر و کاریگەریی لەسەر دروست بکات.

5-هەڵبژاردنی ئامرازی راگەیاندنی گونجاو(١٤).

کێن ئەوانەی لە بواری راگەیاندنی ئایەتمەند کار دەکەن و خەسڵەتەکانیان چین:

وەک ئاماژەمان پێکرد، بواری ئایەتمەندێتی لە راگەیاندندا بە کەسانی بواریکی هەستیار و ورد و زانستییە و پێویستی بە کادیر و ڕۆژنامەوانی ئێگەیشتوو و پێگەیشتوو هەیە کاری ئێدا بکەن.

بە گشتی دەکرێت بڵێین سێ جۆر لە راگەیاندنکار هەن و لەو بوارەدا کاردەکەن ئەوانیش:

یەکەم: ئەو جۆرە ڕۆژنامەوانانەی لە ڕێگەی کۆلیژ و بەشە ئەکادیمییەکانی راگەیاندنەوە هاتوونەتە ناو کایەی میدیا و کار دەکەن، ئەمانە پێویستییان بە شارەزابوونی هەمەلایەن هەیە لەو بوارە ئایەتەی هەڵیانبژاردووە و کاری ئێدا دەکەن و ئەگەر بتوانن شارەزای چەمک و یاسا و ڕێسا و بنەما زانستییەکانی ئەو بوار بن کە کاری ئێدا دەکەن سەرکەوتوو دەبن، بۆنموونە دەرچوویەکی بەشی راگەیاندن گەر بیەوێت لە بواری میدیای ژنان کار بکات لانیکەم پێویستی بەوە هەیە شارەزای ئەو یاسایانە بێت کە ئەو پرسەیان ڕێکخستووە، چالاکەکانی ئەو پرسە بناسێت، ڕەهەندە مێژووی و ئاینی و ئابووری و زانستییەکانی پرسی ژن و قوتابخانە فیکری و کۆمەڵایەتییەکانی ئەو بوارە بناسێت، ئینجا دەتوانێت کاری داهێنەرانە لە بوارەکە بکات.

دووەم: ئەو راگەیاندکارانەی پسپۆڕێتیان لە بواریکی زانستی دیاریکراو هەیە و بەهۆی خولیایان بۆ کاری میدیا هاتوونەتە ناو بوارەکەوە، ئەمانە ئەگەر خولی ڕاهێنانی ڕۆژنامەوانی ببینن و توانای خۆیان پێشبخەن لە رووی کاری ڕۆژنامەوانی و هونەرەکانی نووسینەوە و بتوانن لە بواری پسپۆڕێتییەکەی خۆیان کاری ڕۆژنامەوانی بکەن سەرکەوتوترن

لە رۆژنامەوانی دیکە، چونکە لانیکەم زانیارییەکی ئەکادیمییانەی هەمەلایەنیان لە پسپۆرێتییەکەی خۆیان هەیە و فێری هونەری کاری رۆژنامەوانیش بوون و دەتوانن چالاکانە کار بکەن. بۆ نموونە دەرچووەکی بەشی کۆمەڵناسی و دەروونزانی و یاسا دەتوانن لە بواری میدیای ژنان خۆیان بدۆزنەوە بەو مەرجەی شارەزایی لە بواری زانست و پیشەی رۆژنامەگەری بەدەستبهێنن.

سێیەم: ئەو میدیاکارانەی بە هەڵکەوت و بە ناچاری و لەبەر پێویستی بژێوی ژیان نووشی کارکردن لە بواری راگەیاندنی ئایەنمەند بوونە، ئەمانە هەرچەند خاوەن ئەزموونیش بن لە بواری کارکردن نانوانرێت دەستەبەری سەرکەوتنیان بکرێت، چونکە رەنگە ئەوان بە ئەزموونێکی هەڵەدا گوزەریان کردبێت و ئەو ئەزموونە هەڵەیەی خۆیان لێ بە راست گەڕابێت و بە هۆی دووپاتکردنەوەی هەڵەکانییانەوە مل بۆ هیچ راستکردنەوەیەک نادەن.

«لە راگەیاندنی ئایەنمەنددا رۆژنامەوان دەبێت چەندین خولی فێرکاری و راهێنانی ببینیێت و لە بوارەکەی خۆی رۆشنبیر بێت و هەوڵی بەرزکردنەوەی ئاستی زانستی خۆی بدات، چونکە رۆژنامەوانی ئایەنمەند هاوشێوەی لێکۆڵەری زانستییەوە بۆیە نابێت لە زانست و زانستخوازی بەردەوام دوابکەوێت»(١٥).

خەسڵەتەکانی رۆژنامەوانی سەرکەوتووی بواری راگەیاندنی تایبەتمەند:

1 - پێویستە رۆژنامەوان خاوەنی رۆشنبیرییەکی فراوان بێت لەو بوارەی کاری تێدا دەکات.

2 - پێویستە وێرای زمانی دایکی، زمانێکی دیکەی بیانی بزانێت.

3 - گرنگە ئەو رۆژنامەوانە خولی راهێنانی ئایەنت بە کارکردنی لەو بواره ببینیێت.

4 - خۆبەکەمگری پیشەییانەی هەبێت و هەمیشە لە هەوڵی فێربوونی زانیاری نوێدا بێت.

5 - پێویستە شارەزایی زمانی ئایەنی بوارەکە و زمانی رۆژنامەوانی بێت بۆ ئەوەی بتوانێت ئەو پەیامەی لەبەر دەستییەنی بە زمانێکی شایستە بە وەرگرانی ئاراستەی بکات.

6 - بەکارهێنانی شێوازی رووکاری لە پێشکەشکردنی پەیامەکەی.(١٦)

7- پێویستە رۆژنامەوان لە ڕێگەی کەسایەتییە کۆمەڵایەتی و رۆشنبیرییەکەیەوە پەیوەندییەکی نەندروست لەگەڵ ئەو سەرچاوە ڕەسمی و نارەسمیانەدا هەبێت کە سوودی پێدەگەینن و لێیانەوە زانیاری ڕاست و دروستی دەست دەکەوێت.

8 - پێویستە رۆژنامەوان کەسایەتییەکی نەمانەپارێز و پیشەییانەی ئەوتۆی هەبێت، کە نەکەوێنە ژێر کاریگەریی بەرژەوەندییە ئایەنەکانی خۆی و زیان لە ناوبانگی دەزگاکەی و پیشەکەی نەدات.

9 - پێویستە رۆژنامەوان پابەندی ئکاری پیشەییانە و زانستییانەی کارەکەی بێت و هەمیشە کار بۆ ئەوە بکات کە هەڵەی بەسەردا نێپەڕ نەبێت و لە حاڵی رووداوی نەخوازراویش ئامادەی بڵاوکردنەوەی پۆزش و داوای لێبووردن لە خوێنەرانی بێت.

تەوەری دووەم: راگەیاندنی ژنان

راگەیاندنی ئایەنمەند بە پرسی ژن مێژوویەکی دێرینی هەیە و هاوشان لەگەڵ دەرکەوتنی رۆژنامەوانی ئایەنمەندا ئەم جۆرە راگەیاندنەش وێرای کەمێک دواکەوتنی هاتە ئاراوە. مەبەست لە راگەیاندنی ژن، «ئەو جۆرە راگەیاندنەیە کە بەشێکە لە راگەیاندنی ئایەنمەند و هەڵگری پەیام و خواستی ئەو رۆژنامەوانانەیە کە بایەخ بە پرسی



هەولێری کتێب

ژن و خێزان و منداڵ دەدەن و خەمی ژنانیان لەبەرچاوگرتووە»(١٧).

بە سەرنجدان و وردبوونەوە لە پێناسەکانی راگەیاندنی ئایبەتمەند، دەتوانین بڵێین: راگەیاندنی ژنان، جۆرێکە لە جۆرەکانی راگەیاندنی ئایبەتمەند و لەسەر بنەمای دابەشکاری رەگەزیی و لە پێناو خستنەڕووی واقیعی ژن، داواکاری مافەکانی، هێنانەدی یەکسانی و گواستنەوەی دۆخی ژن لە ژێردەستییەوە بۆ سەربەستی هاتووەتە ئاراوە و لە ڕێگەی ئامرازی دیاریکراوی راگەیاندنەوە پەیامەکەی ئاراستەی جەماوەری دیاریکراو، کە ژنانی ئازادیخواز و پیاوانی یەکسانیخوازن دەکات.

ئێگەیشتن و وردبوونەوە و لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی مێژوویی راگەیاندنی ژنان بۆ ئێستا و داهاتووی کایەی مەعریفی کۆمەڵگەکان گرنگی خۆی هەیە چونکە، لە ڕێگەی ئەو لێکۆڵینەوانەوە دەتوانین ئێگەیشتن هەمەلایەن بۆ لێکۆڵینەوە لە ڕەوتی گەشەسەندنی بزوتنەوەی ژنان و ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر پێگە و ڕۆڵ و داواکارییەکانیاندا هاتووە بزانین(١٨). لە بارەی دەرکەوتنییەوە، بە ئایبەتی لە ڕووی چاپەمەنییەوە، دەرکەوتنی ئەم جۆرە راگەیاندنە لە دوو شێوەدا خۆی نواند.

شێوەکانی دەرکەوتنی راگەیاندنی ژنان

یەکەم: ئەو لاپەڕانەی ئەرخان کرابوو بە ژنان لە ڕۆژنامە و گۆڤارە گشتییەکاندا.

دووەم: دەرکەوتنی ڕۆژنامە و گۆڤاری سەربەخۆ و ئایبەت بە ژنان بە شێوەیەکی خولەکی جا چ هەفتانە، نیومانگی، مانگانە یان وەرزی بوایە(١٩).

شێوەی یەکەمی ئەم جۆرە راگەیاندنە مێژوویەکی دێرینتری هەیە، بەڵام شێوەی دووەمی دەرکەوتنی راگەیاندنی ژنان مێژووەکەی دەگەڕێنەوە بۆ کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم و سەرەتای سەدەی بیستەمی لەدایکبوون. شۆڕشی سەرهەڵدانیشی ئەوروپا و خۆرئاوا بوو بە گشتی، بە کۆتایهاتنی شەڕی دووەمی جیهانی 1939 - 1945، هاوڕێ لەگەڵ هەڵکشانی ڕەوتی فێمینستی لە ئەوروپا و پەرەسەندنی بیری فێمینیستی لە وڵاتانی جیهاندا ژمارەی ئەو گۆڤار و چاپکراوە ئایبەتییانەی باسیان لە پرسی ژن و مافەکانی دەکرد ڕووی لە هەڵکشانێکی بەرچاو کرد(٢٠).

لە میانەی قۆناغەکانی سەرهەڵدان و گەشەکردنی میدیای ژنان، ئەو گۆڤارانەی ئایبەت بە ژنان بوون، وەڵامدەرەوەی خواست و داواکاری کۆمەڵگە بوون و تامانجیان گەیاندنی ئەو پەیامە بوو، کە ژنان هۆشیار ببنەوە و تاشتای مافە و داواکارییەکانیان بن و داوای داڕشتنەوەی یاساکان بکەن لە پێناو مسۆگەرکردنی مافی ژنان ئێیاندا(٢١).

هەرچەند وڵاتانی عەرەبی لەدوای ئەوروپاوە بوون، بەڵام دەرکەوتنی گۆڤارێکی ژنان لە وڵاتی میسر وێڕای دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێ بوو لە ژیانی ژنانی میسری و عەرەبی بە گشتی، سەرەتایەکی گرنگ بوو بۆ سەرخستنی داواکاری ژنان. هەربۆیە گۆڤارەکەی «هند نوفل» کە بەناوی «المجلة» لە ساڵی 1892 لە ئەسکەندەریە دەری کرد پێشەنگە و لەدوای ئەویش «جرجی نقولاباز» لە 1909 لە لوبنان گۆڤارێکی بەناوی «الحسناء» دەکرد و لە ریزبەندی ستییەمدا ساڵی 1910 لە سوریا «ماری عبده عجمي» گۆڤاری «العروس»ی دەرکرد و لە عێراقیش لە 5ی ئۆکتۆبەری 1923 «بولینا حسون» یەکەم گۆڤاری ئایبەت بە ژنانی بەناوی «لیلی» دەرکرد(٢٢).

یەکێک لە گرفتەکانی بەردەم ئەو جۆرە راگەیاندنەی ژنان، وێڕای هەلومەرجە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینییەکەی کۆمەڵگەی عەرەبی لە ناوەڕۆکی پەیامەکەشدا گرفتی ئێنەگەیشتن لە خواست و پەیامی ژنان هەبوو، بە درێژایی سەدەی رابردوو لێرە و لەوێ گۆڤاری ئایبەت بە ژنان بڵاوکراونەتەوە، بەڵام زۆرێکی ئەو گۆڤارانە لە خزمەتی پرسی ژندا نەبوون، بەڵکو تا ئەندازەیەکی زۆر خەریکی لاساییکردنەوەی ئەدەبیاتی پیاوسالاری و پلەدوویی ژنان و بەکاڵاکردنی ژن و بچووکردنەوەی ڕۆڵیان بوون. بەو ڕادەیەی «پەیامەکەیان ئاراستەی چینێکی دیاریکراوی ژنان کە ئەوانیش ژنانی خۆشگوزەرانی کۆشکەکان بوو دەکرا و بەهۆی هەژاریی و بێدەرامەتی و نەخوێندەوارییەوە زۆرینەی ڕەهای ژنانی کۆمەڵگە عەرەبییەکان نەیاندەتوانی سوودیان لێوەربگرن و ئەو گۆڤارانە بووبوونە ناوەندێک بۆ کۆپیکردنی وێنای ژنی ڕۆژئاوایی و ژنیان هۆگری جوانکاری نێومااڵ و کەرستەی رازاندنەوە و ئارایشت دەکرد و ئاوڕی جدییان لە پرسەکانی کۆمەڵایەتی، بەشداری سیاسی و ڕۆڵی ژن لە کۆمەڵگە نەدەدایەوە«(٢٣).

بە سەرنجدان لە سەرچاوە عەرەبییەکانی ئایبەت بە راگەیاندنی ژنان ئێبینی دەکرێت زۆرێک لەو سەرچاوانە پۆلێنبەندی راگەیاندنی ژنانیان بە دیوە بەکاربەری و ئێگەیشتنە پیاوانەییەکەیان لە بەرامبەر ژندا کردووە، نەک بە دیوی خواست و داواکارییەکانی ژنان و پرسی ماف و یەکسانییان، بۆ نموونە، قەڵەمێکی دیار و بەناو و دەنگی دنیای ڕۆژنامەوانی عەرەبی «دکتۆر فاروق ئەبوزەید» لە کتێبەکەیدا پۆلێنبەندییەکی بۆ ڕوومااڵی ڕۆژنامەوانی کاروباری ژنان کردووە بەم شێوەیە:

1 - کاروباری ئارایشت و جوانکاری.

2 - کاروباری مۆدە و نمایشی جلوبەرگ و شۆخ و شەنگی.

3 - کاروباری چیشتلێنان و چێشتخانە.

4 - کاروباری دیکۆرسازی و

رازاندنەوەی ناوماڵ.

5 - کاروباری هاوسەرگیری و پەیوەندی ژن و پیاو.

6 - کاروباری ژنانی کارکەر(٢٤).

بە پێودانگی هەزری پرسی ژن، ئەم پۆلێنکارییە جارێکی دیکە بەرهەمهێنانەوەی هزری پیاوسالاری و سەردەستەیی پیاوانە بەسەر کاروبارە گرنگ و کاریگەرەکانی ژیان و دووبارە خزاندنەوەی ژنە لە قوژبنی چوارچێوی ماڵ، هەربۆیە ناکرێت بەم جۆرە ڕۆژنامەوانییە بگوترێت ڕۆژنامەوانی ژنان، چونکە نە ئارایشت و نە مۆدە و نە دیکۆرسازی و نە چێشتلێنان مالکراوی سەر ژنان نین و پێویستە ڕاگەیاندنی ژنان کار بکات بۆ بنەبڕکردنی ئەو ئێگەیشتنە هەڵە و باوەی کە لە بارەیانەوە هەیە و هەموو شتێکی ئایبەت بە ماڵ و بەکاڵاکردنی جەستەیان وەک خواستی ئەوان پیشان دەدات، بەڵکو دەبێت ئەو ڕاگەیاندنە کار بۆ ئەوە بکات دووبارە دابەشکاری کۆمەڵایەتییانەی کار بکرێنەوە و ژن و پیاو بە یەکسانی و لەسەر بنەمای یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی ئەرکی ناوماڵ و دەرەوەی ماڵیان بەسەردا دابەش بکرێت.

لە کۆی گشتی ئەو چاپکراوانەی ژنانی وڵاتانی عەرەبی بۆ نموونە، ئێبینی ئەوە کراوە، چاپەمەنییەکان لە هەوڵی بەرهەمهێنانی چەند وێنایەکن، کە زۆربەیان ناشایستەن بە ڕۆڵ و پێگەی ژن، ئەوانیش:

وێنای ژن لە چاپەمەنییە عەرەبییەکاندا

یەکەم: وێنای ژنێکی دواکەوتووی وابەستە بە نەریت و کولتووری دواکەوتووانەی کۆمەڵایەتییەوە.

دووەم: وێنای ژنێکی نیمچە ئازاد لە هەندێک بەند و باوی کۆمەڵایەتی و کولتووری دواکەوتووانە.

سێیەم: وێنای ژنێکی بەکاربەری شێوە خۆڕئاواییانە، کە لە هەناویدا بە سووک ڕوانین و بە دوژمن زانینی پیاوی هەڵگرتووە و پیاوان وەک نەیاری سەرسەختی ژن دەناسێنێت.

چوارەم: وێنای ژنێکی هۆشمەند و ئێگەیشتوو لە پرسەکانی و خەمخۆری مافەکانی ژنان، بەڵام هەوڵدان بۆ شکاندنی وێنای ئەو ژنە و کارکردن بۆ پیشاندانی ئەو وێنایەی کە ژنی سەرکەوتوو لە دەرەوەی ماڵ، لە ناو ماڵ شکستخواردووە و دایکێکی بێ کەڵک و بێ فەرە(٢٥).

هاوکات لەگەڵ ئەوەشدا بە گوێرەی ئەنجامی ئەو ڕاپرسییەی ئۆێژەرێکی عێراقی لە 2008دا ئەنجامیداوە، دەکەوتووە، ڕێژەی خوێنەرانی گۆڤار و چاپکراوەکانی ئایبەت بە ژنان لە عێراقدا لە ئاستێکی شایستەدا نییە. بە گوێرەی ڕاپرسییەکە، ٩٦%ی بەشداران خوێنەری چاپکراوە ئایبەتمەندەکانن، لەو ڕێژەیەش 70% یان خوێنەری چاپکراوە وەرزشییەکان و 12% خوێنەری چاپکراوە ئاینییەکان، 10%یان خوێنەری چاپکراوەکانی ژن، 3% چاپکراوە ئەدەبی و 2% چاپکراوە هونەرییەکان و 2% چاپکراوە زانستییەکان و 1%یش خوێنەری چاپکراوەکانی ئایبەت بە گەنجان(٢٦).

ڕاگەیاندنی ژنان لە هەرێمی کوردستان

هەرچی سەبارەت بە میدیای ژنانە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ بگوترێت: لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991، بەهۆی پاڵنەرە خۆیی و بابەتییەکانی ئایبەت بە پرسی ژن لێرە و لەوێ ڕۆژنامە حزبییەکان گۆشەی ئایبەت و لاپەڕەی ئایبەتیان بۆ کاروباری ژنان تەرخان کرد.

> هەرچی سەبارەت بە میدیای ژنانە لە هەرێمی کوردستان، دەکرێ بگوترێت: لە دوای ڕاپەڕینی ئاداری 1991، بەهۆی پاڵنەرە خۆیی و بابەتییەکانی ئایبەت بە پرسی ژن لێرە و لەوێ ڕۆژنامە حزبییەکان گۆشەی ئایبەت و لاپەڕەی ئایبەتیان بۆ کاروباری ژنان تەرخان کرد

کورت. هەریەک لەوان وێڕای ناسنامە فیکری و ئایدۆلۆژی و حزبییەکەی وەک دەنگەهەڵبڕی ڕەسمی ئۆرگانەکانیان کەوتنە پەخش و بڵاوکردنەوە.

لە ڕادیۆ حزبییەکانیش بەرنامەی ئایبەت بە بڵاوکردنەوەی پەیام و هەواڵی ڕێکخراوەکانیان هاتنە ئاراوە. لەگەڵ گەشەسەندنی ڕەوتی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، بڵاوکراوەی ئایبەتی هاتنە ئاراوە و بە هەنگاونان بۆ جیهانی ڕاگەیاندنی ئەلیکترۆنیش ژمارەیەک ماڵپەڕی ئایبەت بە پرسی ژن دەسنیان

بە وەشان کرد.

کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی، بەئایینەی گشتییەکانیان تا ئێستا نەگەیشتوونەتە ئەو ئاستەی لەبەر بنەمای هەزری و پڕۆژەی یەکسانیخوازییەوە کار لەسەر پرسی ژن بکەن. بەشێک لەوانە مەبەستیان لە وروژاندنی بابەتە کۆمەڵایەتییەکانی ئایینەت بە ژنان و ئوندونێژییەکانی دژی ژن ئەنیا سەرنجڕاکێشانی خوێنەران و ڕەواجپێدانی بڵاوکراوەکانیانە، چونکە بە هەزرێکی ژنانەوە ناڕوانن پرسی ژن و دواجار ڕاگەیاندنکارەکانیان ڕۆڵەی گۆشکراوی هەزری پیاوسالارانەی باوی کۆمەڵگەن و تا ئێستا زۆرێکیان نەیانتوانیوە لەو ئەوقەی بەندوباوی کولتووری کۆمەڵایەتی پیاوسالارانە ڕزگار بن.

هەرچەندە هەندێک لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی کوردی، بەشی ئایینەت، لاپەڕەی ئایینەت، بەرنامەی ئایینەت، هەندێک جار پاشکۆی ئایینەیان بۆ ژنان بە گشتی ئەرخان کردووە، بەڵام لە ڕوانگە کلاسیکییەکەی ڕاگەیاندنی ئایینەت بە ژنانەوە کاری لەسەر دەکەن. لە هەوڵی کاوێژکردنەوە و وەرگێڕان و کۆپی پەیسکردنی ئەو هەواڵ و بابەتانەن، کە هەندێکجار ژن وەک ئاوانبار و هەندێکجاریش وەک کاڵایەکی هەرزانفرۆشکراو پیشاندەدەن و لە باشترین حاڵەتیشدا کاروباری جوانکاری، ئارایشت، ناومااڵ، دیکۆرسازی، بورجەکان و خوێندنەوەی دەست، چێشتخانە و خواردن سازکرن بە بەشێک لە خزمەتی ژنان دەناسێنن. وەک لە سەرەتاوە ئاماژەمان پێکرد، ئەو بابەتگەلە هیچ پەیوەندییەکیان بە خزمەتی ژنانەوە نییە و بگرە بەردەوامی ئەو هزر و هەوڵە نەرێنیانەیە، کە دەدرێن بۆ کەم بایەخ کردنی پرسی ژن و ڕۆڵی لە نێو کایەکانی کۆمەڵگەدا.

فەرامۆشکردنی دەنگی ژن و هەڵوێستی ژنان لەمەڕ کایە گرنگ و هەستیارەکانی کۆمەڵگە و خستنەڕووی ئەنیا ڕوانگەی پیاوان جۆرێک لە ناهەوسەنگی هێناوەتە کایەوە، زیانمەندی یەکەمی ئەو ناهاوسەنگییەش ژنان و دۆزەکەیانە. ئەنانەت لەناو دەزگا میدیاییەکانیشدا ژنان پەراوێزخراوترینن و جگە لە ڕۆڵی لاوەکیانەی وەک کاروباری پرسگە و پەیوەندیگرتن و هەندێکجار پەیامنێری هیچ ڕۆڵێکی بەرپرسیارێتیانە بە ژنان ناسپێرن و لە لایەکی دیکەوە هەندێک ڕۆڵی نمایشکارانەی وەک بێژەری و پێشکەشکردنی بەرنامەی خۆشی و کاتبەسەربردنیان پێ دەسپێردرێت.

لە بارەی ڕاگەیاندنی ئایینەتی ژنانی کوردیشەوە پێویستە دان بەو ڕاستییەدا بنێین، کە هەندێک دەزگاو ڕێکخراوەی ژنان توانیان هەنگاوی گرنگ لەو ڕووەوە هەڵبێتن و بە کردەوە پرسی میدیای ئایینەتمەندی ژنان بەرنە پێشەوە، لەوانە دەکرێت ئاماژە بە گۆڤاری

(وارفین) بکرێت، که دواجار بەهۆی نەبوونی ئیمکانیەتی مادییەوە و بڕینی بودجەکەی لە لایەن حکومەتەوە، وەستا و نەیتوانی بەردەوام بێت. سەرەڕای کەموکوڕتییەکانی ئەو گۆڤارەش لە ڕووی داڕشتنەوەی پەیام و دەستنیشانکردنی خوێنەرانی بە تامانجگیراو و زمان و ئەدەبیاتی ناپەت بە ژنان، بەڵام هێشتا دەکرێت بە هەوڵێکی جێ بایەخ بۆی بڕوانرێت.

بەگشتی پرسی ڕاگەیاندنی ناپەتەمەندی ژنانی کورد بواریکی گرنگە و لێکۆڵینەوە و بەدواداچوون و هەڵسەنگاندنی زانستییانە بۆ ئەو کایەیە پێویستی بە کاری زیاتر و وردەکاری زۆرتر هەیە و دەکرێت لە باسێکی سەربەخۆدا درێژە بەم باسە بدەین.

پێویستە ئەو ڕاستییەش لەبەرچاو بگرین، کە پرسی پەراوێزخستنی ژن و بچووککردنەوەی ڕۆڵی لە کۆمەڵگەدا پرسێکی جیهانییە و لە تێستادا ژنان لە ناوەندە میدیاییەکانی جیهاندا سەرقاڵی مشتومڕی زانستییانەن بۆ ڕاستکردنەوەی ناڕاستەی کاری میدیایی و لەبەرچاوگرتنی ڕوانگە و لێکەیشتنی ژنانە لە بواڕەکانی ژیانی گشتی و ناپەتی کۆمەڵگەکاندا.

بۆ ئەو مەبەستەش ژنان داوا دەکەن ڕاگەیاندنکاران بە چاوی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتییەوە ڕووماڵی ڕووداوەکان بکەن و لە کۆی گشتی ڕووماڵی ڕووداوەکاندا کاریگەریی ڕووداو لەسەر ژن و لێکەیشتنی ژن لە ڕووداو و بۆچوون و هەڵوێست و لێفکرینی لە ڕووداو فەرامۆش نەکەن. چونکە «ڕوانین لە هاوێنەی جۆری کۆمەڵایەتییەوە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕۆژنامەوانان ڕاپۆرتەکانیان لە ڕوانگەی ژنانەوە بگەیەننە جیهان و لەو ڕێگەیەوە ئەزموونی ژن و بایەخ و ڕوانگە و بۆچوونیان لە ڕووماڵی ڕووداوەکاندا ڕەنگدەدانەوە، ئەمەش هۆیەکە بۆ ئەوەی ژنان چیرۆکی خۆیان بە دەنگی خۆیان بگەیەنن و ئەو ڕاستییەش ڕوون دەبێتەوە، کە ئا چەند ئەو ڕووداوانە کاریگەرییان لەسەر ژنان و پیاوان بەجێهێشتووە»(٢٧). بە گوێرەی ئەنجامەکانی ڕاپۆرتی پرۆژەی چاودێریکردنی ڕاگەیاندنی جیهانی 2010، پیاوان پشکی شێریان لە ڕووماڵی ڕووداوەکان بەرکەوتووە و ژنان و ئوێژە کۆمەڵایەتی و ڕەگەزییەکانی دیکە هێشتا لە پەراوێزدا ماونەتەوە(٢٨).

لەو چوارچێوەیەدا و لە پێناو بەرزکردنەوەی ئاستی بەشداری ژنان لە کایەی ڕاگەیاندن و پێشخستنی ڕاگەیاندنی ناپەتەمەندی ژنان و دووبارە داڕشتنەوەی پەیکەری ئیداری و پیشەیی کەناڵە میدیاییەکان بە جۆرێک، کە ژنان نێیاندا ببنە شەریکی ڕاستەقینە دەکرێت چەند پێشنیاز و ڕاسپاردەیەک بخەینەڕوو:

پێشنیاز و ڕاسپاردە

1 - پێداگری لەسەر گەیشتنی ژن بە ناوەندەکانی بڕیار لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و بەشداریکردنی ژنان لە داڕشتنی کارنامە و ستراتیژی کاری کەناڵەکان.

2 - داڕشتنی ستراتیژی کاری ڕاگەیاندن بۆ ڕاگەیاندنی ناپەتەمەندی ژنان و دەستنیشانکردنی ئامانج و هەڵسەنگاندنی وردی قۆناغی کاری ڕێکخراوەکانی ژنان.

3 - دەستەبەرکردن و دۆزینەوەی میکانیزمی پەیوەندی نێوان میدیاکارانی ڕاگەیاندنی ناپەتەمەندی ژنان لەگەڵ ناوەندەکانی نوێژینەوە کۆمەڵایەتییەکان و شارەزایانی بواری زانستە کۆمەڵایەتییەکان.

4 - پشتیوانیکردن لە قەڵەمی ژنان و پێگەیاندنی کادیری ژن بۆ ئەوەی بتوانن لە ڕوانگەیەکی ژنانەوە ڕووماڵی ڕووداوەکان بکەن و ڕۆڵی ژن و کاریگەریی ڕووداو لەسەر ژن فەرامۆش نەکەن.

5 - پشتیوانیکردن لە پرۆژە و کاری ڕێکخراوەکانی ژنان بە ناپەتی لە بواری ڕاگەیاندنی ناپەتەمەندا.(٢٩)

بنەماکانی ستراتیژیەتی ڕاگەیاندنی ڕێکخراوەکانی ژنان

لە سەر بنەمای ئەو نێگەیشتنەی بۆ کاری میدیایی ژنان،خستمانەڕوو؛ دەکرێت لێرەدا لە کۆی چەند خاڵێکدا باس لە دانانی ستراتیژێکی کاری میدیایی بۆ ژنان و ڕێکخراوەکانیان بکەین:

یەکەم: ئێروانیین بۆ کێشەی ژنان لەو سۆنگەیەوە، کە بەشێکە لە کێشەکانی کۆمەڵگە و لێی جیا نابێتەوە. بەشداریپێکردنی ژنان ناوەکو لە هەموو ئاستەکانی ژیانی کۆمەڵگە بەشداری بکەن و جەختکردنەوە لەسەر ئەو بیرۆکەیەی، کە ژیانی کۆمەڵگە بە بێ بەشداری کارایی ژنان و هاوبەشی ژن لەگەڵ پیاو تەسنەمە بەدی بێت.

دووەم: گۆڕینی ئەو کەش و بارودۆخە فیکری و نەریتییەی کە لە بارەی ڕۆڵی ژنەوە هەیە لە نێو کۆمەڵگەدا و ڕاستکردنەوەی ئەو چەمکانەی، کە پێچەوانەی خواستی ژنان داڕێژراون و لەسەر ئەو بنەمایانە دامەزراون، کە ژن نەنیا بۆ کاری نێو ماڵ و نەوە خستنەوە خوڵقێندراوە و پیاویش بۆ کارکردن و داهێنان خوڵقێندراوە.

سێیەم: گۆڕینی ئەو باوەڕە نەقلیدیانەی، کە لای ژنان خۆیان باون و ژنانی دەستەپاچە و کۆڵەوار کردووە و گۆڕین و ڕاستکردنەوەی ئەو ڕەوشە و پیشاندان و خستنەڕووی ئەو نموونانەی کە باس لە سەرکەوتنی ژنان لە کایە جۆراو جۆرەکانی ژیان دەکەن بۆ ئەوەی هەرچی زیاتر ژنان منمانەیان بە توانا و لێهاتوویی خۆیان هەبێت. هەروەها جەختکردنەوە لەسەر ڕۆڵی ژنان لە کایە گشتییەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا.

چوارەم: زاڵبوون بەسەر ئەو جیاوازییەی، کە لە نێوان ئەو پەیامەی

ڕاگەیاندن لە بارەی ژنەوە پێشکەشی دەکات و واقیعی حاڵی ژنان و نەهێشتنی بۆشاییەکان و هەوڵدان بۆ ئەوەی ژنان لە ڕووی واقیعییەوە بێنە نێو پرۆسە و کایەکانی ژیانەوە و بەشداری کارا بکەن و ئەنیا لە ڕووی ڕاگەیاندنەوە بەو ئاراستەیەدا کار نەکرێت، بەڵکو لەڕووی واقیعیشەوە پەرە بەو پرۆسەیە بدرێت.

پێنجەم: کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بە جۆرێک ڕۆڵی خۆیان ببینن، کە ئەنیا لە بازنەی خۆشی و کات بەسەر بردن نەخولێنەوە و ڕاگەیاندنی ژنان بە شێوەیەکی جدی و کارا کار بکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریی، مەعریفی و زانستی ژنان و لەو ڕووەوە پەرە بە ئواناکانییان بدات.

شەشەم: بایەخدان بە دروستکردنی کادیری ڕاگەیاندنکاری ئایینەت لەو ڕووەوە و بەرزکردنەوەی ئاستی ئەو کادیرانەی لە بوارەکە کار دەکەن و هەوڵدان بۆ پێگەیاندنی کادیری نوێی دیکە و هەوڵدان بۆ پاکژکردنەوەی بابەتەکانی ڕاگەیاندن و پەیام و ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن بە جۆرێک کە بە هیچ شێوەیەک بابەتێک پەیامێک ئاراستە نەکرێت، کە پێچەوانەی مافە بنەڕەتییەکانی ژنان بێت. نەهێشتنی ئەو بیرۆکەیەی، پێی وایە پیاوان سەرووتری ژنانن، ئەمەش لە ڕێگەی پشت بەستن بە ستراتیژییەکی هەمەلایەن دەبێت.

حەوتەم: کارکردن بۆ پێگەیاندنی ژنان و بەرزکردنەوەی ئاستیان و گەیاندنیان بە پۆستە ئیداریی و تەکنیکییەکان و پێدانی ڕۆڵی بڕیاردان لە ناوەندەکانی بڕیاردا.

هەشتەم: پێویستە کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی گشتی و ئایینەتەند بە ئایینەتی کار بکەن بۆ ئەوەی هەر چەشنە جیاکارییەک و ئوندوئیژییەک لە نێو پەیامەکانیاندا نەهێڵن و کار بکەن بۆ داڕشتنەوەی شێوازی دواندن و موخاتەبەکردنی ژنان لە هەموو ئاستەکاندا و ڕاستکردنەوەی ئاراستە چەوتەکان لەو ڕووەوە.

نۆیەم: پێویستە هەماهەنگی لە نێوان کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و ڕێکخراوەکانی ژنان هەبێت لە بارەی شێوە و ناوەڕۆکی ئەو پەیامی ئاراستەی ژنانی دەکەن، بە جۆرێک بێت، کە یەکیان وێنای نەرێنی پیشان بدات و ئەوی دیکەیان ئەرێنی.

دەیەم: دەستنیشانکردنی ئەو ئامرازەی ڕاگەیاندنەی، کە زۆر گونجا و شیاوە بۆ ئاراستەکردنی پەیامەکە و گەیاندنی بە شێوەیەکی کارا و دروست بە وەرگر.

پەیمانێکی ئاکارییانە پێویستی قۆناغەکەیە

وەک دەستپێشخەرییەک بۆ بەردەم کەناڵەکانی میدیای گشتی و ئایینەتەند و کۆنایەتنان بەو ڕەوشە جیاکارییەی لە پەیامی میدیاییدا لە هەمبەر ژنان لە ئارادایە لە ئێستادا پێویستە دەکات هەم دەزگاکانی ڕاگەیاندن و هەم ژنانی ڕۆژنامەوان بیر لەوە بکەنەوە، کە ببنە خاوەنی پەیماننامەیەکی ئاکارییانەی ئایینەت بە پیشەکەیان و وەک یەکەم گەلاڵەی وەها پەیمانێک، لێرەدا ڕەشنووسی دەخەینە بەرچاو، بە هیوای ئەوەی ژنان بەگشتی و لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی مێینە لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بەئایینەتی و کەناڵەکانی میدیا بە دەمییەوە بێن و پڕۆژەکە دەوڵەمەند بکەن و بیخەنە ڕۆژەڤی کارو بەرنامەیانەوە.

دەقی گەلاڵەی پێنشازکراوی پەیمانی شەرەف ئایینەت بە پاراستنی مافی ژن و کۆنایەتنان بە هەڵاواردن و هێنانەدی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لەناو میدیای کوردیدا:

یەکەم: کارکردن بە شێوەیەکی زانستییانە و پیشەییانە لە پێناو دەرخستنی ڕاستییەکان و ڕوومالکردنی بابەتییانەی کێشەکانی پەیوەست بە ژن و پیاو بە بێ جیاکاری و نەشێواندنی کەیسەکانی ژنان و بەدواداچوونی ورد بۆ دەرخستنی کاریگەرییەکانی ڕووداوە سیاسی، ئابووری، کۆمەڵایەتی، فەرهەنگی.. لەسەر ژنان.

دووەم: لە ڕووماڵکردنی ڕووداوەکاندا گوستنەوەی دەنگی ژن و لەبەرچاوگرتنی یەکسانی ڕەگەزی لە گواستنەوەی بۆچوون و زانیارییەکان.

سێیەم: بایەخدان بە دۆزی ژن لە ناوخۆ و دەرەوەی وڵاٹ و ڕووماڵکردنی هەواڵەکانی ئوندوئیژی بەو پەڕی وردەکارییەوە و لەبەرچاوگرتنی ڕێوشوێنە ئاکاری و یاساییەکانی بڵاوکردنەوە.

چوارەم: بایەخدان بە هێنانە پێشەوەی ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیان و ڕووماڵکردنی ڕووداو و کێشە و باس و خواستەکانیان.

پێنجەم: ڕێگەخۆشکردن بۆ گەیشتنی ژن بە پلە ئیداریی جیاوازەکانی ناو دەزگاکانی ڕاگەیاندن و پەراوێزنەخستنی ئوانای ژن لەناو دامەزراوەکانی میدیادا و هێنانەدی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەتی لە سنافی کار و دەستەی بەڕێوبەرایەتی دامەزراوەکاندا.

شەشەم: ڕێگە گرتن لە هەر جۆرە سووکایەتی و بەکەم سەیرکردنێک کە لە ناو میدیادا ڕووبەڕووی ژنان دەبێنەوە و قەدەغەکردنی ئاوانی گێچەڵکردن بە ژنان لەناو دامەزراوەکانی میدیا و گرتنە بەری ڕێککاری یاسایی لە هەمبەر وەها کارێکدا.

حەوتەم: یەکسانی لە موچە و بەخشینی ئیمتیاز بە ژن و پیاو لەناو دامەزراوەی ڕاگەیاندندا.

هەشتەم: پێشخستنی ئوانای ژن و دەرخستنی ڕۆڵ و کاریگەرییان لە بوارەکانی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی و ئابووری و فەرهەنگی و سیاسییدا.

نۆیەم: گێرانەوەی ڕۆڵ بۆ ژنان لە هەموو بوارەکانی ژیان و پیشاندانی بایەخی ژن لە کایە جیاوازەکاندا و کۆنایەتنان بەو شێوازەی، کە ژنان ئەنیا بۆ کاری ناو ماڵ و چێشتخانە و نمایشی

جلوبەرگ پیشان دەدات.

دەیەم: پێشخستنی چەمکی یەکسانی جۆری کۆمەڵایەنی و کار کردن بۆ چەسپاندنی لە کۆمەڵگە و بڵاوکردنەوەی وشیاری لە بارەیەوە.

یانزەیەم: کارکردن بۆ سڕینەوەی ئەو وشە و زارەوەگەلەی کە لە هەناوی کۆمەڵگەی باوکسالارییەوە بەسەر ژناندا بڕاون و ڕێگە گرتن لە بڵاوکردنەوەی هەر جۆرە بابەتێکی ڕۆژنامەوانی کە سووکایەتی بەرامبەر بە ژن نیدا بێت.

پەراوێز:

- عبداللطیف، صلاح، الصحافة المتخصصة، الطبعة الاولى، (الاسكندرية، مكتبة و مطبعة الاشعاع الفنية، 2002، ص 8).

٢- الجاف، اميرة عبدالله، دراسة نظرية في مفهوم الاعلام المتخصص و امكانية تعزيزه في اقليم كوردستان العراق، pdf، على موقع kawanakurd.

٣ - سعد، عبدالرحمان، المستقبل للصحافة المتخصصة، جريدة الاهرام، www. ahram. org. eg.

٤ - ڕەحمان، ئەرسەلان، ڕاگەیاندنی ئایبەتمەند، کۆدەرسگوناڕەکانی قۆناغی دووەمی گرووپی ڕۆژنامەوانی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی ئەکنیکی هەولێر بۆ ساڵی 2011 - 2012.

٥ - النجار، د.سليم، ازدهار الصحافة المتخصصة.

٦ - البكور، باسم، المجلات المتخصصة.. وسيلة الصحافة الورقية للنجاة،

٧ - ابو زيد، فاروق، و ليلى عبدالمجيد، ، الصحافة المتخصصة، مطبعة الاسكندرية، 2011.

٨ - الناجي، الا شعبان، الصحافة الاسلامية، بحث الجامعي، الجامعة الاسلامية، غزة، كلية الاداب، قسم الاعلام، الصحافة و الاعلام، بحث المنشور في الانترنيت. بشكل doc..

٩ - الاسعد، نادين، الصحافة نشاة و تطورا، بحث من متطلبات درجةالدكتوراه في الصحافة و الاعلام، انترناشونال كاونسل - لبنان.

١٠ - الكيلانى، خالد، دور الاعلام في دعم المجتمع المدنى، اشكاليات العلاقة بين الاعلام و منظمات المجتمع المدني (الصحافة القومية و الخاصة و الحزبية)، 2008، بحث منشور في الانترنيت على موقع التالى: www. ahewar. org-asp? i=1876

١١ - ابو زيد، دكتور فاروق، الصحافة المتخصصة، الطبعة الاولى، 1986م، عالم الكتب، ص 4.

١٢ - هەمان سەرچاوە، ل 5.

١٣ - الجاف، اميرة عبدالله، دراسة نظرية.. ص8.

١٤ - ابو زيد، فاروق،و ليلى عبدالمجيد، الصحافة المتخصصة، مطبعة الاسكندرية، 2011، ئەم باسە بە شێوەی دەسگوناڕ پێشکەش بە فێرخوازانی گروپی ڕۆژنامەی بەشی ڕاگەیاندنی پەیمانگەی ئەکنیکی هەولێر کراوە بۆ ساڵی خوێندنی 2011 - 2012.

١٥ - شفيق، دكتور حسنين، صناعة الصحفي، من الصحفي المبتدئ الى الصحفي الشامل، دار فكر و فن للطباعة و النشر و التوزيع، 2001، 237.

١٦ - السراج، د. شكرية كوكز، الصحافة المتخصصةفي العراق بعد احداث 9-4-2003، ئقوم الصحفيين العراقيين لادائها، بحث نشرته كلية الاعلام، جامعة بغداد، ادار 2008.

١٧ - العذاب، امير، الصحافة النسائية.. الواقع و لمامول، موقع النور (سوريا).

١٨ - سعيد، منى، ئاريخ الصحافة النسائية في العراق، موقع المجلة.

١٩ - ابو زيد، فاروق، الصحافة المتخصصة، الطبعة الاولى، 1986، عالم الكتب، ص 100.

٢٠ - هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

٢١ - ابراهيم، دكتور اسماعيل، الصحافة النسائية في الوطن العربى، الدار الدولية للنشر و التوزيع، القاهرة، الطبعة الاولى، 1996، ص7.

٢٢ - هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەڕە.

٢٣ - ناصر، بشرى، الصحافة النسائية، اي خطاب و لمن يوجه، الحوار المتمدن، عدد 1058، 25-12-2004.

٢٤ - ابو زيد، فاروق، الصحافة المتخصصة، ص 107.

٢٥ - النور، اسبوعية سياسية ثقافية يصدرها الحزب الشيوعى السورى الموحد،الصحافة النسائية.. كي لا نغدو فريسة سائغة لنيار استهلاكي مادي. موقع الاكترونى: http://www. an-nour. com

٢٦ - السراج، د.شكرية كوكز، الصحافة المتخصصة في العراق.. بحث منشور فى الانترنيت.

٢٧ - مورينيه،باميلا، و مانشاريا، سارة، القضايا الفكرية، مجموعة مصادر التعلم عم الصحافة اخلاقيات النوع و سياسة الاعلام، الكتاب الاول، ص 9.

٢٨ - هەمان سەرچاوە، ل 10.

٢٩ - العذاب، امير، الصحافة النسائية.. الواقع و لمامول، http:// www. startimes. com/? t=32814031.

سەرچاوەکان:

1 - ابو زيد، فاروق و ليلى عبدالمجيد، الصحافة المتخصصة، مطبعة الاسكندرية، 2011.

هەولێر کتێب

2 - ابـو زيـد، دكـتـور فـاروق، الصحافة المتخصصة، الطبعة الاولى، عالم الكتب، القاهرة، 1986.

3 - ابراهيم، دكتور اسماعيل، الصحافة النسائية في الوطن العربى، الدار الدولية للنشر و التوزيع، القاهرة، الطبعة الاولى، 1996.

4 - البـكـور، بـاسـم، المجلات المتخصصة.. وسيلة الصحافة الورقية للنجاة، جريدة الحياة، http://alhayat.com/Details/517571.

5 - الجاف، اميرة عبدالله، دراسة نظرية في مفهوم الاعـلام المتخصص و امكانية تعزيزه في اقليم كوردستان العراق، pdf، على موقع kawanakurd.com/...ooNX8ands1))/.../Detail.aspx?id.

6 - الكيلانى، خالد، دور الاعلام في دعم المجتمع المدنى، اشكاليات العلاقة بين الاعلام و منظمات المجتمع المدني (الصحافة القومية و الخاصة و الحزبية)، 2008،: www.ahewar.org-asp?i=1876

7 - مـورينـيـه،بـاميـلا و سـارة مانشاريا، القضايا الفكرية، مجموعة مصادر التعلم عم الصحافة اخلاقيات النوع و سياسة الاعلام، الكتاب الاول، http://whomakesthenews.org/.

8 - الناجي، الا شعبان، الصحافة الاسلامية، بحث الجامعي، الجامعة الاسلامية، غـزة، كلية الاداب، قسم الاعلام، الصحافة و الاعلام،له ئينەرنێت بـه شـێـوەی .doc، لـەم بەسنەرە بلاوكراوەتەوە. site.iugaza.edu.ps/Alaa.doc/02tissa/files/2010.

9 - نـاصـر، بـشـرى، الصحافة النسائية، اي خطاب و لمن يوجه، الحوار المتمدن، عدد 1058، 25-12-2004. http://www.ahewar.org/debat/show.art.asp?aid=28690

10 - النجار، د.سليم، ازدهـار الصحافة المتخصصة، موقع الاكترونى http://www.14october.com/news.aspx?newsno=137547.

11 - الـنـور، اسبوعية سياسية ثقافية يصدرها الحزب الشيوعى السورى الموحد،الصحافة النسائية.. كي لا نغدو فريسة سائغة لثيار استهلاكي مادي. موقع الاكترونى. http://www.an-nour.com

12 - السراج، د. شكرية كوكز، الصحافة المتخصصة في العراق بعد احـداث 9-4-2003، تقوم الصحفيين العراقيين لادائها، بحث نشرته كلية الاعلام، جامعة بغداد، ازار 2008.

13 - سعيد، منى، تاريخ الصحافة النسائية في العراق، موقع المجلة. http://magazine.imn.iq/articles/view.14995/.

14 - سعد، عبدالرحمان، المستقبل للصحافة المتخصصة، جريدة الاهرام، www.ahram.org.eg..

15 - الاسعد، نادين، الصحافة نشاة و تطورا، بحث من متطلبات درجةالدكتوراه في الصحافة و الاعلام، انترناشونال كاونسل - لبنان.

16 - عبداللطيف، صلاح، الصحافة المتخصصة، الطبعة الاولى، الاسكندرية، مكتبة و مطبعة الاشعاع الفنية، 2002.

17- الـعـذاب، امـيـر، الصحافة النسائية.. الواقع و لمامول، http://www.startimes.com/?t=32814031.

18 - شفيق، دكتور حسنين، صناعة الصحفي، من الصحفي المبتدئ الى الصحفي الشامل، دار فكر و فن للطباعة و النشر و التوزيع، 2001.

19 - رەحـمـان، ئـەرسـەلان ، راگـەيـانـدنـى ئـايـبـەتـمـەنـد، كۆدەرسگوناردكانى قۆناغى دووەمى گروپى رۆژنامەوانى بەشى راگەياندنى پەيمانگەى ئەكنيكى هـەولێـر بۆ ساڵى 2011 - 2012. http://www.rozhnamawany.com/

هەناسە حسێن
ماستەر لە ریکلام

پێشەکی

ریکلام، کرداری وەبەرهێنانی ریکلام، پەیوەندی بەگەشەی ئابووریيەوە، بەشێوازێک بووەتە جێی باس و گرفتی ئوێژینەوەکانی ئەمڕۆی ناو دنیای پیشەسازی و پێشکەوتنی ئەکنەلۆژیا.. هەرچەندە ریکلام لەمێژەوە و لەسەردەمی میسرییە کۆنەکان و هەڵکۆڵینەوە بوونی هەبووە، بەڵام لەگەڵ هاتنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و سەردەمە جیاوازەکان و پێشکەوتنی ئەکنەلۆژیادا، شێوازی جیاجیای بەخۆوە بینیوە بەڵام وەک ئوێژینەوە یەک گرنگی بەم بوارە دابێت، دەگەڕێنەوە بۆ سەدەی بیستەم. لەدوای ئەوەی هۆکارەکانی گواستنەوەی شنومەک و بەرهەمەکان، بەهۆی هێڵی ئاسمانی و شەمەندەفەرەوە فراوان بوو، بەهۆی ئەمەشەوە کارگە و کۆمپانیاکان بەرهەمەکانیان بەوڵاتاندا بڵاوکرنەوە، بەهۆی ئەم هەنگاوەش ئەوەندەی دیکە کرداری ریکلامکردن فراوان بوو، پەیوەندی بە گەشەی ئابووریيەوە بووە جێی باس و ئوێژینەوە.

جگە لەمە بواری پەوەیندنیش بەهۆی ئامێری ئێلیگرافەوە لەوکاتەدا گەشەیەکی زیاتری بەخۆیەوە بینی، ئەمەش ئەوەندەی دیکە هاوکاری بڵاوبوونەوەی زیاتربوونی ڕێگاکانی ریکلامکردنی دا.

ریکلام بریتییە لە «شێوازێك لەشێوازەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان دوولایەنی نێرەرو وەرگر بەوپێیەی نێرەر دەیەوێت پەیامەکەی، پەیامێکی سیاسی – بازرگانی – ئایینی- کۆمەلایەتی – تەندروستی... هتد بێت بگەیەنێت بە بەرامبەر

جیهانی ئابووری ئەمڕۆدا، ریکلام بـووەتـە نیشانەیەکی دیـاری جیهانی مۆدێرنەی ئابووری، بەوپێنەی بەکاربەر پەیامەکانی ریکلامی لەرێگا جیاوازەکانەوە پێدەگاتْ، چ رێگای میدیای نەریتی بێتْ (Traditional) وەک رۆژنـامـە/ رادیۆ/ ئەلەفزیۆن/ سینەما... هتد)، یان میدیای نانەریتی وەکو سایتە ئینتەرنێتە ریکلامیەکان و بازاڕکردنی ڕاستەوخۆ- ئیمەیڵ- پۆستی مالّان و - ئەلەفۆن--- هتد).

لەڕاستیدا بەدرێژای مێژوو زانستی ریکلام زانستێکی پەتی نەبووە، وەک هەندێک لەزانستەکانی دیکە، بەڵکو ئـەوەی ئـەمـڕۆ لـەزانـسـتْ لـەکـرداری دروستکردنی ریکلامدا بەکاردێتْ، بریتییە لە ئەزمون و ئاقیکردنەوەکانی پێش خۆی و کەڵەکەبووی ئەو زانستْ و رەگەزە سەرکەوتووانەی کە لەریکلامەکانی پێشدا بەکارهاتوون و کاریگەربوون. هەرچەندە لەم ئۆڕێنەوەدا لایەنە زانستییەکەی باس ناکرێتْ، بەڵکو باس لەپەیوەندی نـێـوان ریـکـلام و گـەشـەی ئـابـووری و کاریگەریی لەسەر گەشەی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵاتْ دەکـرێـتْ GDP(Gross. Domestic production)، هەرچەندە هەندێک سنووردارییو دیاریکراوی بۆ ئەم ئۆڕێنەوەیە هەیە، بۆیە بەشێوەیەکی مـەیـدانـی نـەتـوانـراوە کـار بـۆ ئـەم ئۆڕێنەوەیە بکرێتْ، بەڵکو بەشێوەیەکی ئۆڕی هەندێک ئـەوەر باس دەکرێتْ، ئـەم لێکۆڵینەوەیە پێکهاتووە لە دوو بەش ئەمەش پێکهاتووە لە چوار ئەوەر ، ئەوەرەی یەکەم بریتییە لەپێناسەی ریکلام لەڕوانگەی ئابووریناسانەوە، ئـەوەرەی دووەم بریتییەلە ریکلام و گەشەی ئابووری و گەشەی بـەرهـەم هێنانی ناوخۆیی وڵاتْ، ئـەوەرەی سێیەم بریتییەلە ڕای ئابووریناسان لەسەر کاریگەریی ئەرێنی و نەرێنی ریکلام لەسەر گەشەی ئابووری، ئەوەرەی چوارەم بریتییەلەرۆڵی میدیایی و پەیوەندی بە گەشەی ئابووری و ئاستی بەرهەم هێنانی وڵاتەوە.

بـەشـی دووەم پێکهاتووە لەسێ ئەوەرە، ئەوەرەی یەکەم بەهای ریکلام لـەکـرداری ئابووری و خزمەتکردن بە بەکاربەران، ئەوەرەی دووەم بریتییە لە میکانیزمەکانی کاریگەریی ئەرێنیی ریکلام لەسەر گەشەی ئابووری وڵاتْ، ئەوەرەی سێیەم بریتییە لە کاریگەریی ڕاستەوخۆی ریکلام لەسەر کرداری فرۆشتن یارمەتیدانی کارگەکان (مارکەکان) بۆ بەشداریکردنی بازاڕی هاوبەش.

چەمک وپێناسەی ریکلام :

بەشێوەیەکی گشتی ریکلام بریتییە لە «شێوازێک لەشێوازەکانی پەیوەندیکردن لەنێوان دوولایەنی نێرەرو وەرگر بەوپێیەی نێرەر دەیەوێتْ پەیامەکەی، پەیامێکی سیاسی - بازرگانی - ئایینی- کۆمەڵایەتی - ئەندروستی... هتد بێتْ بگەیەنێتْ بە بـەرامـبـەر، بەشێوازێک قەناعەتی وەرگرتنی پەیامەکەی لەلا دروستْ بکاتْ، بێگومان لەریکلامی بازرگانییدا مەبەستْ ساغکردنەوەی کاڵایەو کڕیار بەکاربەر بۆ کاڵاکان پەیدا دەکاتْ. "

(Ashley, 1980. p. 23)

هەندێک لەو پێناسانەی کە لەڕووی ئابووری و کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری بۆ ریکلام کراوە بریتین لە:

Kyle « ریکلام نیشانەیەکی دیاری نیشانەی ژیانی ئابووریە، کە دەگاتە بەکاربەر لەرێگەی ئەلەفزیۆن / رۆژنامە/ گـۆڤـار/ پۆستْ / کۆمپیونەر... هتد، سـەبـارەتْ بەخەرجییەکانی ریکلامیش

نابێنە جێی سەرسوڕمان کە بوئرێت خەرجییەکانی ریکلام قەبارەیەکی یەکجار گەورەی دەبێت» (Kyle. 2008, p. 1).

هەروەها دەڵێت « ریکلام قەناعەت پێکەرە وانە ئامانج لێی قەناعەتپێکردنی بەرامبەرە، کە ئەمە ئەو بۆچوونەیە کە گوزارشتی ئابووریناسانی قۆرخکردووە لەنیوەی یەکەمی سەدەی 20 دا» (p. 12, 2008).

یان»ریکلام ئەو شێوازە پەیوەندیکردنە، کە دەبێنە هۆی دروستکردنی مەیل و لایەنگیریی بۆ بازارێک،

دواجاریش دەبێنە هۆی وەڵامدانەوەی بەکاربەرو گەرانەوەی قازانج».(Kaldor et. al. 2000, p. 4)

Maximilein نوێژەر لە بواری ریکلام و ئابووری لەبارەی (ئامانج) دەڵێت ئامانج « لەریکلام بریتییە لەوەی کاڵاکان وا لێ بکات وەبەرهێنانێکی کاریگەرییان هەبێت " (p. 31, 2004).

Callahan دەڵێت «جگە لەریکلام باشترین ئامراز دەبێت چی بێت بۆ خاوەن بازارو کۆمپانیاکان، کانێک بیانەوێ گەشەی ئابووریان خێرا بکەن».(P. 32 , 1986)

هەرچەندە کاریگەریی ریکلام زۆر لەپسپۆران بەشێوازێکی نادیار وەسفی دەکەن وەک « ریکلام گرنگترین ئامرازی وەبەرهێنانی نادیارە (دەرکی پێناکرێت) کە کۆمپانیاکان لەهەوڵی زیادکردنی بودجەدا بۆ ئەو کردارە» (Peter, 2008, p. 1)

لەکۆی ئەم پێناسانەش دەگەیەنە ئەوەی کە ریکلام ئەو ئامرازە پەیوەندییە قەناعەت پێکەرەیە کە ئەمڕۆ بووەتە نیشانەیەکی دیاری ژیانی ئابووری و کۆمپانیا و کارگە و خاوەنکارەکان، بڕێکی زۆری بۆ خەرج دەکەن، ئاکو گەشەی بەرهەمهێنان و ئابووریان بەرزبکەنەوە ئەو بڕە ئێچوونەش لەشوێنێکەوە بۆ شوێنێکی دیکە جیاوازە، بەڵام لەئەمڕۆی ژیانی ئابووریدا بڕی خەیاڵیانە دەوترێت. بۆ نموونە بەپێی ڕاپۆرتێک (سەردەمی ریکلام) کە Kyle. 2008 بڵاویکردوەتەوە دەڵێت «لە 2003 لەوڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا کارگەیەکی دروستکردنی ئۆتۆمبیل بڕی 3045 ملیار دۆلاری خەرج کردووە بۆ ریکلامکردن، لەپێناو زیادکردنی فرۆشتنی ئۆتۆمبیلەکانی (kyle, 2008. p2) هەروەها لەهەمان ڕاپۆرتدا هاتووە «لەساڵی 2003دا کارگەیەکی دروستکردنی مادەی پاکژکەرەوە بڕی 3. 32 ملیار دۆلاری خەرجکردووە بۆ ریکلامکردن بۆ مادە پاکژکەرەوەکانی «.(Kyle, 2008, p. 2)

Peter لەبارەی ئێچوونی ریکلام کە لەدەرئەنجامی ئەو ئوێژینەوەی کە لەسەر 20 وڵاتی (G countries 20) گەورەی ئابووری ئەنجامی دا، بەبڕی 2% کۆی بەرهەمی ناوخۆی وڵاتە مەزندەی کرد، بەڵام دەڵێت ئەم بڕە کەمە بە بەراورد بەکۆی داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاتان، بەڵام ریکلام هەمیشە لەوە زیاتر بۆی خەرج دەکرێنە وەبەردێنێت (p. 4, 2008).

کاریگەریی ریکلام لەسەر کرداری گەشەی ئابووری

Peter (2008) پێی وایە کە ئابووریناسان ڕای جیاوازیان هەیە لەسەر کاریگەریی ئەرێنی، یان نێگەتیڤی ریکلام لەسەر گەشەی ئابووری ئەوانەی، کە باوەڕیان وایە ریکلام کاریگەریی ئەرێنیی هەیە لەسەر بەرهەم لەبەر ئەوەی:

1- دەبێنە هۆی دروستکردنی پێشبڕکێ لەبازاڕدا، ئەمەش کاریگەریی دەبێتە لەسەر کارگەکان بۆ زیاتر و باشتر بەرهەم هێنان، دواجاریش فرۆش زیاد دەکات.

2- دەبێنە هۆی بڵاوبوونەوەی زانیاری لەسەر کاڵاکان بۆ کڕیاران و ناساندنی کاڵای زیاتر بەکڕیار، دواجار داواکار زۆر دەبێت لەسەر کاڵاو بەرهەمەکان.

3- بەهۆی ئەوەی فرۆش زیاد دەبێت، خوازیار بۆ کاڵاکان زیاد دەبێت، بەرهەم زیاتر ساغ دەبێنەوە، بەمەش بڕی ئێچوونی دروستکردنی بەرهەم کەم دەبێنەوە.

4- بەکاربەرو کڕیار زیاتر دەبێت.

5- داهێنانکاری لەجۆرێتی و چەندێتی بەرهەم زۆر دەبێت، بەهۆی ئەو زانیاریانەی دەدرێت بەکڕیاران و ئەو پێشبڕکێیەی لەبازاڕ دروست بووە.

لەبەرمبەر ئەمانەدا پسپۆڕانی دیکەی ئابووری ریکلام بەکاریگەریی ئەرێنی دانانێت لەبەر ئەوەی:

1- ریکلام دەبێنە هۆی زیادبوونی نرخ وانە بازاڕەکان پارەی ئێچوونی ریکلامەکە زیاد دەکەن بۆ نرخەکە، بەمەش نرخ لای کڕیار زیاد دەبێت.

2- قۆرخکردن: خاوەن کارگە بەناوبانگەکان کە دەتوانن ریکلامی زۆرو بەردەوام بکەن، دەتوانن پارێزگاری لەمانەوەی شوێنەکانیان بکەن و زیاتر دەست بگرن بەسەر بازاڕدا بەمەش قۆرخکردن دروست دەبێت.

3- زۆرجار دەبێنە هۆی بڵاوبوونەوەی بەرهەمهێنانی بەرهەمی ساختەو خراپ.

زۆڵی میدیاو پەیوەندی بەگەشەی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتەوە

لەگەڵ سەرهەڵدانی داهێنانی هەر ئامرازو جۆرێکی میدیا لەرۆژنامەوە بیگرە تا ئەمڕۆ، ئەوەی پێی دەوترێت میدیای نوێ یان سۆشیاڵ میدیا، کاریگەرییان هەبووە لەسەر ریکلام و بوونەتە ئامرازێکی گرنگ بۆ ریکلامکردن تا گەیشتوونەتە ئاستەی کە ریکلامکردن لەرێگەی ئامرازو جۆرەکانی میدیاوە ئابووریناسان و پسپۆڕانی بواری ریکلام و راگەیاندن دابەشیان کردووە بۆ میدیای نەریتی (Traditional) وەکو رۆژنامەو رادیۆو تەلەفزیۆن سینەما.... هتد) و میدیای نانەریتی (non-Traditional) کە ئێنتەرنێت و میدیای نوێ و سۆشیال میدیاکان و بازاڕکردنی ڕاستەوخۆ و

هەوڵنامەی کتێب

پۆستی ماڵان و چەندین شێوازی دیکەی ریکلام کردن دەگرێنەوە لەرێگای میدیای نوێیەکانەوە- نا وای لێهاتووە ئێستا بەراورد دەکرێت لەنێوان کاریگەریی ئەم دوو جۆرە میدیایەداو- هەندێک پێیان وایە هاتنی میدیای نوێ بەئایندە کە بەسەرهەڵدانی ئینتەرنێت دەستی پێکرد لەڕۆڵ و کاریگەریی میدیای نەریتی کەم بوونەوە/ لەبەرامبەریشدا هەندێک پێیانوایە کە ئەلەفزیۆن و رادیۆ هێشتا لەئامرازە گرنگ و کاریگەرەکانن بۆ ریکلامکردن. هەروەک هەندێک جار پسپۆڕانی بواری ریکلام و ڕاگەیاندن لەبەهاکانی ریکلام شادەماری کەناڵەکانی ڕاگەیاندن دادەنێت، وەک لەدوائردا لەبەهای ریکلامدا باسی لێوە دەکرێت.

بەگوێرەی ئۆژێنەوەیەک کە peter (2008, p. 3) لەسەر 20 وڵاتی زلهێزی ئابووری (G 20 countries) ئەنجامی داوە، لەماوەی 10 ساڵدا بۆی دەرکەوتووە، ریکلام 15% بۆ 20% بەشداریکردووە لەگەشەی ئابووری و زیادکردنی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵاتێ، وەک لەم خشتەیەدا دەری دەخات، کە ئەو وڵاتانەی پێش بەشداری ریکلامی میدیا لەئاستی خواروەدا بووە بە بەشداری میدیا چەندە چوونەتە ئاستی سەروە:

هەر بۆیە peter پێیوایە ریکلام بەشداری زیاتر دەکات لەپێشخستنی گەشەی ئابووری وڵاتێ و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵاتێ، زیاتر لە کرێکاران و فەرمانبەران (p5. 2008)

چونکە بەپێی ئەو ماوەیەی کە 10 ساڵ بووە peter ئۆژێنەوەکەی لەسەر ئەو وڵاتانە ئەنجام داوە، بۆی دەرکەوتوە کە « ریکلامکردن و کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری، بەخێراییەکی یەکجار زۆر گەشەی کردووە بەهۆی خێرایی گەشەیی میدیای دیجیتاڵەوە، بەڵام ژمارەی فەرمانبەران و کرێکاران وەک خۆیان ماونەتەوە(peter 2008, p. 5) هەروەها دەڵێت « سەرهەڵدانی میدیای دیجیتاڵی هۆکارێکی دیکە بوو بۆ گەشەی ئابووری بەهۆی رووکردنە زۆری بازاڕو کۆمپانیاکان بۆ ریکلامکردن لەم جۆرە میدیایەدا، هەرچەندە ئێچوونی ریکلام لەم میدیایەدا گرانترە لەمیدیای نەریتی(peter 2008. p. 4) بەپێی ئۆژێنەوەکەی peter کە بۆ ماوەی 10 ساڵ بۆ وڵاتە زلهێزە ئابووریەکە کردی، بەشداری میدیای دیجیتاڵی و زیادکردنی بودجە بۆ بەشداری ریکلام لەمیدیای دیجیتاڵدا و کاریگەریی لەسەر گەشەی ئابووری و ئاستی بەرهەمهێنانی وڵاتێ کە بەم شێوەیە دەخاتەڕوو:-

ئەم دوو هێڵکارییە جیاوازی ئەو کاریگەرییە دەخاتەروو، کە کاتیک بودجە زیاتر ئەرخان دەکرێت بۆ ریکلام لە میدیای دیجیتاڵیدا، ئاستی وەبەرهینان بەرز دەبێتەوە بۆ لە ٩% %٢٧

هەروەها ئۆژێنەوە گەشتووەتە، بەو دەرئەنجامەی کە ریکلام لەمیدیای دیجیتاڵدا لەچەند رووبەکەوە خزمەت بەگەشەی ئابووری دەکات لەوانە « گەشەی داهات، بەشداری بازاڕ، دەسکەوتنی قازانج»

Peter 2008. p. 6

maximeline 2004- ئۆژێنەوەیەکی لەسەر چەند وڵاتێکی پیشەسازی بەناوبانگ کرد، بەئایبەتی لەسەر ئەمەریکاو فەرەنسا، لەگەڵ ئەمەشدا بەراوردی ئێچوون و کاریگەریی ریکلام لەمیدیای نەریتی و نانەریتیدا کردبوو وەک لەم خشتەیەدا خراوەتەروو

هەروەها لەم خشتەیەی خوارەوەدا دەردەخات، کە بەهاوبەشی میدیای نانەریتی لەماوەی ساڵانی ئۆێژینەوەکەیدا بەراوردی میدیای نەریتی و لەڕووی ئاسنی دابەزینی میدیای نەریتی، بەهائنی میدیای نا نەریتی لەنێوان ساڵانی 1992–2002 لەو وڵاتانەی کە ئۆێژینەوەیەکەی Maximelien لەخۆی گرتبوون:

هەروەها پەیوەندی بەرەوپێشچوونی گەشەی ئابووری و ئاسنی بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵات (GDP) GROSS Domestic) production - ئاسنی ئێچوونی ریکلام بەرامبەر بەکۆی گشتی بەرهەمهێنانی وڵات لەساڵی (2000–1991).

بەپێی ئەم داتانایە بە بەرزکردنەوەی ئێکڕای خەرجکردن بۆ ریکلام، ئاسنی بەرهەم هێنانی ناوخۆیش زیادی کردوە.

ئەو بۆشاییانەی کە ریکلام لەمیدیاکاندا داگیری دەکات لەلایەن پێوەرانی بواری ریکلام و ئابووریەوە بەهۆکارێکی گەشەی ئابووری دادەنرێت، لەم بارەوە Ashley ئاماژە بەوە دەکات کە « قەبارەی وەبەرهێنانی ریکلام لەئابووریدا پشت بەژمارەیەک هۆکار دەبەستێت، لەوانە هۆکاری خووی کولتووری (culture habit) وانە ئەوەی ئاسنی چالاکییەکانی ناو ئەو کۆمپانیایە لەهەمان کاتدا چەندێنی ئەو بۆشاییانەی کە ریکلام ڕاگەیاندنداداگیری دەکات لە. « (P. 23 , 1980)

وەک لەم خشتەیەی خوارەوەدا کە ئەو پەیوەندییە بەهێزەی نێوان ئەوکاتژمێرانەی کە لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن ریکلام دەکرێت بەرامبەر ڕێژەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی وڵات (GPD %)

خشتەی ژمارە (٣) بەراوردی ڕێکلام لەمیدیای نەریتی و نانەریتیدا

میدیای نانەریتی	میدیای نەریتی	وڵات
٪٥٨	٪٤٢	ئەمریکا
٪٦٨	٪٣٢	ئەڵمانیا
٪٥٦	٪٤٤	بەریتانیا
٪٦٥	٪٣٥	فەرەنسا
٪٦٥	٪٣٥	سوید
٪٥٣	٪٤٧	ئیتالیا
٪٥٠	٪٤٤	سوید
٪٥٠	٪٥٠	ئیسپانیا
٪٢٧	٪٧٣	ئیتالیا
		یابان

بەپێی خشتەخشتەی ژمارە ((5، ئاسنی زیادبوونی بەرهەم، پەیوەندی بەکاتژێرەکانی ریکلامکردن لە میدیادا هەیە.

کاتێک کۆمپانیایەک، یان کارگەیەک دەیەوێت فرۆش و ئاسنی بەرهەمهێنانی زیاد بێت، هەوڵدەدات خەرجییەکی زیاتر بۆ ریکلام تەرخان بکات، ئاکو لەمیدیادا بۆشاییەکی زیاتر داگیر بکات، یان ریکلامکردن لەناو ئەو پرۆگرامانەی کە بینەرێکی فراوانیان هەیە. ئەمە لەهەندێ لەوڵاتە پیشەسازییە بەناوبانگەکاندا وای لێهاتووە کە فشارێکی زۆر لەسەر کەناڵەکانی ڕاگەیاندن هەیە لە پێناو ریکلامکردن تا وای لێهاتووە ئاکو ئەمڕۆ دیاریکردنێکیان کردووە بۆ ریکلامی بازاڕ لەکۆمپانیاکان، لەو بۆشاییانەی کە پێیان دەدەن، بەتایبەتی لەتەلەفزیۆن کە هەرچەندە لەمیدیای نەریتدا

خشتەی ژمارە (٥) پەیوەندی کاتژمێرەکانی ریکلامکردن بەرامبەر ڕێژەی وەبەرهێنان

٪ GDP ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵات	کاتژێرەکانی ریکلامکردن لە میدیادا	وڵات
١,٥	٣٠٠	وڵاتە یەکگرتوەکان
١,٢	١٤٠	ئوستورالیا
١,١	١٠٠	بەریتانیا
٠,٨	٦٠	نیوزلەندا
٠,٧	٥٠	سوید
٠,٧	٤٠	ئیتالیا
٠,٩	٥٥	ئەڵمانیا
٠,٧	٥٤	ئیسپانیا
٠,٧	٤٠	دانیمارک

هەواڵنامەی ڕێنیسانس

خشتەی ژمارە (٥) دابەزینی ئاستی ریکلام لەمیدیای نەریتی و بەرزبوونەوەی ئاستەکەی لەمیدیای نانەریتیدا.

	میدیای نەریتی		میدیای نانەریتی	
وڵات	**١٩٩٩**	**٢٠٠٢**	**١٩٩٢**	**٢٠٠٢**
وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا	**٪٦٨**	**٪٤٢**	**٪٣٩**	**٪٥٨**
ئەڵمانیا	**٪٤٠**	**٪٣٢**	**٪٦٠**	**٪٦٨**
بەریتانیا	**٪٥٢**	**٪٤٤**	**٪٤٨**	**٪٥٦**
فەرەنسا	**٪٣٨**	**٪٣٥**	**٪٦٢**	**٪٦٥**
ئیسانیا	**٪٥٤**	**٪٤٢**	**٪٤٦**	**٪٥٣**
ئیتالیا	**٪٥٥**	**٪٥٠**	**٪٤٥**	**٪٥٠**
یابان	**٧٥٪**	**٧٣٪**	**٪٢٥**	**٪٢٧**

پۆلێندەکرێت، بەڵام کاریگەرییەکی گەورەی هەیە لەکرداری ریکلامکردندا.

-بەهای ریکلام لەکرداری ئابووریدا و خزمەتکردنی بە بەکاربەران The value of advertising

لەئەمرۆیدا ریکلام رۆڵێکی زۆر دەبینێت کۆمەڵگەدا، هەر لەپێدانی زانیاری لەسەر بەرهەم و کاڵا نوێیەکان لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی و سوودی بەرهەمەکان و دابینکردن مافی هەڵبژاردن بۆ بەکاربەر لەچەندێتی و چۆنیەتی بەرهەمەکاندا. هەندێک لەئابووریناسان و پسپۆڕانی بواری ریکلام بەهای ریکلام لەچەند رووبەکەوە دەبینن بۆ کرداری ئابووری و خزمەتکردن بە بەکاربەر لەوانە: (ئینەرنێت 15-2013/7/)

1- دەبێتە هۆی زیادکردنی بەها بۆ بەکاربەر (increase value for consumer) بەهۆی یارمەتیدانی کۆمپانیاکان بۆ جیاوازیکردن لەنێوان یەکداو جیاوازیکردنی بەرهەمەکانیان بە بەرهەمهێنانی بەرهەمی کوالێتی بەرزو دروستکردنی پێشبڕکێ و کەم کردنەوەی نرخ.

2- **ریکلام لەبازاڕدا بواری هەڵبژاردە فراوان دەکات بۆ بەکاربەران لەنێوان بەرهەم کاڵاکاندا Advertising promotes consumer choice** - لەم بوارەشدا کۆمپانیاکان هەوڵی زیاتر بەرهەمی جۆراوجۆر دەدەن جیاواز لەنام و پێداویستیدا.

3- **ریکلام دەبێتە هۆی بەهێزکردنی گەشەی ئابووری Advertising powers economic growth**

ریکلام بەهۆی یارمەتیدانی کۆمپانیاکان لەپێناو سەرکەوتن رۆڵی سەرەکی دەبینێت لەگەشەی ئابووری و بەڵگەی سەلمێنراو هەیە لەپەیوەندی بەهێزی راستەوانەی نێوان گەشەی کۆی بەرهەمهێنانی ناوخۆی وڵاتێ وەبەرهێنانی ریکلام وەک لەخشتەکانی پێشوودا لەپەیوەندی ریکلام و پەیوەندی بەزیادبوونی بەرهەمەوە روونمان کردەوە.

4- **ریکلام دەبێتە هۆی دروستکردنی هەلی کار Advertising create jobs**

بەهۆی ئەو کاریگەرییە ئەرێنییەی کەریکلام لەسەر گەشەی ئابووری، دەبێتە هۆی دەستخستنی کارو دامەزراندنی فەرمانبەر، جگە لەوەی فراوان بوونی و گەشەی ئابووری هەلی کار زیاتر دەرەخسێنێت. کرداری وەبەرهێنانی ریکلام، خۆی بۆ خۆی پیشەسازییەکی گرنگە، چونکە هەزاران کارمەند لەبواری ریکلامدا کاردەکەن لەو وڵاتانەی وەبەرهەمهێنانی ریکلام بەهۆی گەشەی ئابوورییەوە فراوانە.

خشتەی ژمارە (٦) پەیوەندی ریکلام بەگەشەی ئابوری و ئاستی بەرهەم هێنانی ناوخۆی وڵات



5-ریکلام شادەماری کەناڵەکانی ڕاگەیاندنە

Advertising is the lifeblood of the media

لەبەشی ڕۆڵی میدیادا باسمان لەکاریگەریی و پەیوەندی ڕاستەوخۆی بڕو کاڵ و بۆشایی ریکلام لەمیدیاکاندا لەسەر گەشەی ئابووری و ئاسێی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵاڵ کرد.

بەپێی ئەم بەهایە داهاتی ریکلام دەبێتە سەرچاوەیەکی گرنگی داهاڵ بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن. یارمەتی بەرهەمهێنانی پرۆگرامی جۆراوجۆری زیاتر دەداڵ، هەروەها یارمەتی فراوان بوونی و کرانەوەی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی زیاتر دەداڵ. بەنموونە گەر رۆژنامەیەک داهاتی ریکلامی نەبێڵ دەبێڵ، نرخ زیاد بکاڵ، ناکو سەرچاوەی داراییەکەی چارەسەر بکاڵ.

جۆرەکانی دیکەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن و هەر لەمیدیای نەریتی و نانەریتیەوە بیگرە گەر داهاتی ریکلامی نەبێڵ یان دەبێڵ سپۆنسەرێکی هەبێڵ ئیتر حزب/ حکومەڵ/ ڕێکخراوە، یان ئاتوانێڵ بەردەوامی بەکارەکانی بداڵ.

Maxemeline ئاماژەی بەوە داوە کە لەوڵاتانی Anglo. Saxon) (2004 (, p. 28

لە 25% خەرجی رۆژنامەکان لەلایەن رۆژنامەکانەوە خەرج دەکرێڵ لە 75% داهاتی ریکلام. ئەلەفزیۆنە بازرگانییە ناکەیبڵەکان و رادیۆکان 100% پێشنگیری داراییان ریکلامکردنە.

لەفەرەنسا 35% کەناڵە گشتییەکانی ئەلەفزیۆنەکان لەلایەن ریکلامکردنەوەیە. نەک ئەنیا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن، بەڵکو هەندێ چالاکی کولتووری و وەزرشی سپۆنسەرەکانیان ریکلامە بەنموونە. یارییە ئۆلۆمپیەکان و کاسی جیهانی لەو چالاکییە گەورانەی وەرزشن کە بە پشنگیری دارایی ریکلام و سپۆنسەری دەچن بەڕێوە.

6- ریکلام دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کۆمەڵگەیەکی باشتر

Adevrtising for better society

لەڕێگەی خزمەتگوزارییەکانی کۆمەڵگەوە، ڕێگایەکی باشە بۆ پێشخسنی کۆمەڵگە- بۆ نموونە دەتوانێڵ بجەنگێڵ دژی تۆندئیژیەکان و ناشایسنەکانی کۆمەڵگەو هۆشیاری بداڵ لەسەر نەخۆشییەکانی وەک شێرپەنجە - کەمکردنەوەی ڕووداوەکانی هاتوچۆ بەپێدانی سوودی پێشبینی خۆبەسنەوەی لەکانی ریکلام بۆ کردنیدا.

-میکانیزمەکانی کاریگەریی ئەڕێنیی ریکلام لەسەر گەشەی ئابووری وڵات

(2004 Maximeline)- کۆمەڵێک میکانیزمی دەسنیشان کردووە، کە بەهۆیەوە کاریگەریی ئەڕێنیی وەبەرهێنانی ریکلام لەسەر گەشەی ئابووری و ئاسێی داهاتی بەرهەمی ناوخۆیی وڵاڵ دروست دەبێڵ کە بریتین لە:

1- ریکلام پارێزگاری دەکاڵ لەمانەوە و گەشەسەندنی بەکاربەرانی بەرهەم و کاڵاکان

Stimulates growth consumption

2- خێراکردن و بەهێزکردنی کرداری داهێنانکاری لەبەرهەمدا

Accelerates the spread of innovation

3- هاندان بۆ پێشبڕکێی بازاڕ

Promotes competition

4- کرداری دینامیکی کە لەکەرتی پروپاگەندەدا ریشەی داکوتاو، ڕۆڵی خۆی، ناوەندی گەشەکردنی بەرهەمی کرداریی ئێکرایی بەهێز دەکاڵ

The dynamism inherent in the advertising sector in turn boosts the average gross Domestic production .(G b p) growth rate

میکانیزمی یەکەم:

پارێزگاریکردن لەمانەوەو گەشەی زیادبوونی بەکاربەر maxemelien لەنوێژینەوەکەیدا گەشنە ئەو ئەنجامەی، کە چەندە ئاسێی ریکلامکردن زیادبێڵ مەیل و ئارەزوی بەکاربەر بۆ کاڵاکان کردن زۆرتر دەبێڵ بەپێی ئەم خشنە (7):

میکانیزمی دووەم:

ریکلامکردن دەبێنە هۆی داهێنانکاری لەبەرهەمدا

Advertising speeds up the spread of information

Change et al. دەڵێڵ « بۆ ئابووریناسان داهێنانکاری لەبەرهەمدا، ئامرازێکی جەوهەری دایناميکی ئابوورییە، ریکلامکلادن بە یارمەتیدەر و پاڵپەسنۆ دروسنکەر بۆ ئەو حاڵەتانە دادەنرێڵ «(p2. 2009) هەروەها پێیوایە کە هەر سێکنەرێکی بازرگانی بیەوێڵ داهێنانکاری لەبەرهەم هێناندا زیاد بکاڵ، زیاتر پێویسنی بەکرداری ریکلامکردنە و هەر سێکنەرێکی بازرگانی پارەی بۆ ریکلامکردن خەرج کرد، دەبێنە هۆی زیادکردنی کرداری بەشداریکردن و داهێنانکاری.

میکانیزمی سێیەم: ریکلامکردن دەبێنە هۆی پێشکەوتن لەگەشەسەندندا

Advertising promotes competitions

Hooley گەیشنوەنە ئەو دەرئەنجامەی کە «بە بوونی داهێنانکاری ئابووریناسان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پێشبڕکێ دەبێنە هۆی گەشەی ئابووری.»

Maxemeline دەڵێڵ « پێشبڕکێ ئەو میکانزمەیە لەو سێکنەرانەدا کە ڕێژەی وەبەرهێنانی ریکلام لەبەرزیدایە و کۆمپانیاو بازاڕەکان لەکێبەرکێدان- بەئاسنێکی گەشەکردن و زیندووی دەناسرێنەوە»

p. 12, 2004)

(Peter (2008 ئاماژە بەوە دەکاڵ، کە کۆمەڵێ هۆکار هەن دەبنە هۆی

هەواڵنامەی کێبڕکێ

خشتەی (٧) پەیوەندی نێوان بەکاربەرو پرۆسەی ریکلامکردن لەماوەی (١٩٩١-٢٠٠٠) لەم چەند ولاتە پیشەسازیەدا.

مەیلی بەکاربەر	ئاستی ریکلامکردن داهاتی بەرهەم٪ (GDP)	ولات
٧٠	١,٤	ولاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا
٦٥	/	شانشینی بەریتانیا
٦٠	١,٢	نوستورالیا
٦٠	٠,٩	ئیسپانیا
٥٠	٠,٥	نیوزلەندا
٥٣	٠,٦	فنلەندا
٥٠	٠,٥	ژاپۆن
٥٨	٠,٧	دانیمارك
٥٢	٠,٦	ئەڵمانیا
٥٢	٠,٦	سوید
٥٤	٠,٧	فەرەنسا

بە پێی ئەم خشتەیە چەندە ئاستی ریکلام کردن بەرزبێت، ژمارەی بەکاربەر بەرزتر دەبێتەوە.

گەشەی ئابووری و بەرزکردنەوەی ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی وڵاتـ و پێشبڕکێ بەیەکێک لەهۆکارە گرنگەکان دادەنرێت (Maxemeline, 2004 p. 25) لەئوێژینەوەکەیدا لەسەر چەند وڵاتێکی پیشەسازی پشکەوتوو ریکلامکردن بەسێ قۆناغ کاردەکاتە سەر دروستبوونی پێشبڕکێی بازاڕ بۆ بەرهەمەکان لەوانە:

1- ریکلام لەهەر کۆمپانیایەکدا لەئاستی بەرزیدا بووبێت ئاستی پێشبڕکێ لەو کۆمپانیایەدا لەبەرزیدا بووە، بەڵکو زۆربەی ئەو کۆمپانیانەی maxemeline ئوێژینەوەکەی لەسەر ئەنجام داون، نەک ئاستی پێشبڕکێ بەرزبۆوە، بەڵکو ئاستی قۆرخکردنی بازاڕیان بەپێی ئاستی وەبەرهێنانی ریکلام زیادی کردووە، بەردەوام ریکلام پێشبرکێ و قۆرخکردنی بەرەو پێشەوە بردووە.

2- ریکلامکردن کرداری پێشبرکێ بەرەو دواوە ئاباتAdvertising Dose note hold Back competition

لەو بازارانەدا کە وەبەرهێنانی ریکلام ئاستەکەی بەرزترە، بەشداریکردنی بازاڕ چەند بارە بەرزە.

3- لەو کۆمپانیانەی کە پێگەیان لەبازاڕدا لەدابەزین یان جێگیریدایە و گەشەی نییە، ئاستی پێشبرکێیان لاوازە، ئاستی ریکلامکردن دوو ئەوەندە لاوازترە لەشوێنانی .

4- ریکلامکردن فاکتەرێکی بەهێزە و دەبێت لەکاتی بێ بازاڕیدا، بەپێی ئەم خاڵە ریکلامکردن لەکاتی بێ بازاڕیدا پارێزگاری لەکرداری پێشبرکێکردن و هێشتنەوەی پێگەی لەبازاڕدا دەکات. بەپێی ئوێژینەوەیەک کە لەساڵی 2003 لەلایەن (Boston consulting Group) لەئەڵمانیا ئەنجام دراوە دەرکەوتوو 75% ئەو سێکتەرانەی ئوێژینەوەکەیان ئیدا کراوە، بەزیادکردنی ریکلام لەکاتی بێ بازاڕیدا ئوانیویانە بگەنە زیادبوونی بەشداری بازاڕو ماناوەیان لەپێشبرکێی بازاڕدا.

کەوانە بەپێی ئەم خاڵانە بەرزکردنەوەی ئاستی ریکلام، پارێزگاری لەگەشەی ئابووری و پێشبڕکێ دەکات لەکاتی چەقبەستنی بازاڕیشدا ئەنانەت هەروەک Lee دەڵێت « ئەو کۆمپانیایانەی هەوڵدەدەن بگەنە بەشداری بازاڕی هاوبەش و کێبەرکێ - بە بەرزکردنەوەی کرداری وەبەرهێنانی ریکلام، دەتوانن ئەمە بەدەستبێنن، ئەمەش دەبێتە هۆی هاندانیان بۆ بەرهەمهێنانی بەرهەمی کوالێتی بەرزو بەمەش دەبێتە هۆی گەشەی ئابووری لەجیهاندا . (2002 (p. 22, .هەرچەندە رای جیاوازیش هەیە لەسەر ئەوەی کە مەرج نییە هەموو کاتێک ریکلامکردن و زۆری رێژەی ریکلامکردن ئەرێنی بێت، بەئایبەتی هەندێ لەپسپۆران بەنموونە Kyle (2008, p. 3) پێیوایە کە ریکلام سێ رەگەزی ئیدایە، کە رەنگە خزمەت بەشێوەیەکی راستگۆیانە بە بەکاربەر نەکەن لەوانە:-

ا-ریکلام ئوانای قەناعەت پێکردنی هەیە (Persuasive) دەڵێت بەهۆی ئەوەی ئوانای قەناعەت پێکردنی هەیە وا دەکات لەبەکاربەر بەباشی لەو کالایانە بکات و رەنگە بەئەواوەئیش وانەبێت.

ب-ریکلام زانیاریدەرە (information) و ئەمە بۆچوونی زۆری شەستەکانە، کە لەژێر دەسەڵاتی قوتابخانەی چیکاگۆ بەپێی ئەم ئیۆرەیە دەڵێت زۆربەی بازاڕەکان لەرێگەی ریکلامکردنەوە زانیاری دەدەن بە بەکاربەر، بەڵام کەمجار زانیاری راست و ئەواو لەسەر کوالێتی بەرهەمەکەو نرخەکەی دەدرێت.

ج- ریکلام کرداریەکی ئەواوکارییە (Complementary) بەپێی ئەم ئیۆرە ریکلام بەکاربەر رادەکێشێت و بەردەوام بەخستنە پێش چاوی بەرهەمی نوێتر مەیل و ئارەزووی جێگیر دەکات بۆ کارگەیەک ،یان بەرهەم و کالایەک، ئەمەش وا دەکات بەردەوام ئارەزووی

لەبەرهەمەکانی بێت و بەردەوام دەیکاتە بەکاربەر بۆ بەرهەمەکانی ئەو شوێنەی کە مەیلی بۆی هەیە، واتە دەبێتە بەکاربەرێکی سڕکراوی بێ ئاگا، هەروەک Kaldore etal پێیوایە کە ریکلام دەبێتە هۆی دروستکردنی مەیلداری بۆ کارگەیەک و بەردەوام لینکێک دروست دەکات لەنێوان بەکاربەرو بەرهەم و کاڵاکانی ئەو کارگەیەدا.

میکانیزمی چوارەم: لەسێ میکانیزمی پێشوودا گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە وەبەرهێنانی ریکلام کاریگەریی ئەرێنیی هەیە لەسەر کرداری بەکاربەر- داهێنان- پێشبڕکێ. لەم میکانیزمەدا باس لە فراوانکردنی مەوداو ئاستی بەرهەمهێنانی ناوخۆیی دەکات بەهۆی ئاستی ریکلامەوە هەروەکو Ashley (1980) et. al ئەم فراوانکردنە لەم سێ ڕووەوە باس دەکات:

1- زۆرکردنی هەمەچەشنی بەرهەمهێنان

2- زۆرکردن و فراوانکردنی هەڵی دەستکەوتنی کار بووە هۆی فراوان بوونی سێکتەرەکانی بازرگانی.

3- زیادبوونی بەهاو کواڵیتی بەرهەم، بەهۆی هەوڵی کۆمپانیاکان بۆ مانەوەی پێگەیان لەبازاڕی هاوبەش و پێشبڕکێدا.

(Maxemeline (2004/p. 27

ئاماژەی بەو کاریگەرییە کردووە لەسەر گەشەکردنی ئاستی بەرهەمهێنان بەپێی ئەم خشتەیە کە لەسەر چەند سێکتەرێکی بازرگانی، کە گرنگترینیان بە وەبەرهێنانی ریکلام دابوو لەساڵی 1996-2001

لەلایەکی دیکەی ئۆژێنەوەکەیدا Maxemoline لەسەر ئەو وڵاتە پیشەسازییە گەورانەی، کە ئەنجامی دابوو لەماوەی 10 ساڵدا چوار پێوەری بۆ سەلما، لەهەر وڵاتێکدا هەبێت نیشانەی ئەوەیە کە ریکلام کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گەشەی ئابووری کردووە لەوانە:

1- Consumption (بەکاربردن):

- بڕیئیە لەو سێکتەرەی کە ئاستی وەبەرهێنانی ریکلام بەرزەو هەروەها ئەو حاڵەتەیە کە بەکاربەر گەشە دەکات و لەبەرزبوونەوەدایە لەقەبارەو ژمارەدا.

2-Innovation (داهێنانکردن) ئەو سێکتەرەیە کە وەبەرهێنان لەسەر ئاستی ئێکراو لەریکلام و لەبەرهەم هێناندا و قەبارەی بەکاربەر زیادی کردوە- کرداریەکی بەهێزی داهێنانکاری لەبەرهەهێناندا هەیە.

4- Competition -پێشبڕکێ- ئەو سێکتەرەیە کە ڕێژەی وەبەرهێنانی ریکلام لەبەرزدایە- کۆمپانیاو بازاڕەکان لەئاستێکی بەرزی پێشبڕکێدان لەبەرهەمهێنان و داهێنانکاری و بەشداریکردنی بازاڕ.

5- کاریگەریی دەسەڵاتی کەرتەکان Sectoral leverage effect مەبەستە لەو سێکتەرەیە کەوا کانێک گەشەی ئابووری لەسەر ڕێچکەیەکی ئاستی خۆی دەڕواتە واتە (گەشەکردنێکی بەردەوام و دوور لەچەقبەستن دایە.. ریکلام چەند بارە زیاد بکرێت پاسەوخۆی گەشەی ئابووری زیاد دەکات.

- کاریگەریی ریکلام لەسەر کرداری فرۆشتن ناوبانگی کارگەو بازاڕەکان بەشداریکردن لەبازاڕی هاوبەشدا
- مشتومرێک هەیە لەنێوان ئابووریناسان لەسەر کاریگەریی پاسەوخۆ ریکلام لەسەر کرداری فرۆشتن و ناوبانگی ئایندەی بازاڕ Kyle دەڵێت « بەڵگەیەکی زۆر نیشانیان داوە کە ریکلام کاریگەریی پاسەوخۆی لەسەر کارگەکان هەیە بۆ زیادکردنی کرداری فرۆشتنی ئێستاو داهاتوویان و دروستکردنی مەیلداری بۆ کاڵاو کارگەکان و یارمەتیدانی هێشتنەوەی پێگەیان لەبازاڕدا «. (p. 23. 2005).

لەتوێژینەوەیەکی دیکەدا Kyle دوو پرسیار دەوروژێنێت لەسەر کاریگەریی ریکلام لەسەر کرداری فرۆشتن ئەویش:-

یەکەم ئایا پەیوەندییەکی ئەرێنی لەنێوان ریکلامکردن و کاریگەریی لەسەر فرۆشتنی ئێستاو داهاتووی ئەو کاڵایانەی ریکلامیان بۆ دەکرێت، بۆ وەڵامی ئەمە وتەی (Braith waite. 1928) هێناوە کە دەڵێت «ریکلامکردن کاریگەریی درێژخایەنی هەیە، لەسەر ناوبانگی بازاڕو کارگەکان.» (Kyle. (2005, p. 27

دووەم: ئایا ریکلامکردن کاریگەریی دەکاتە سەر داواکاری بەکاربەری زیاتر بۆ کاڵاکان، یان بەپێچەوانەوە بۆ وەڵامی ئەمەش Kyle وتەی marshall 1980-1919 هێناوە کە دەڵێت « ریکلامکردن دەبێتە هۆی دووبارەو چەند بارەی دروستکردنەوەی کاڵاو دابەشکردنی لە بازاڕدا بەهۆی داواکاری زیاتری بەکاربەران».

((Kyle, 2005, p. 27

لەڕووی دروستکردنی مەیلداری و بەشداریکردنی لەبازاڕی هاوبەشدا، ئایا ریکلامکردن پاسەوخۆ دەتوانێت ئەو کاریگەرییە دروست بکات؟

خشتەی ژمارە (٨) بواری گەشەدان بە بەرهەم و خزمەت بە بەکاربەر بەهۆی پرۆسەی ریکلامکردنەوە

جۆراوجۆری لەکاردا	جۆراوجۆری لەزیادبوونی بەها	جۆراوجۆری لەبەرهەمهێناندا	چالاکی
٢٠٪	٤١٪	٢٨٪	چالاکی ریکلام لەسەر ئاستێکی فراوان
٣٦٪	٣٠٪	٣٠٪	چالاکی ریکلام لەسەر ئاستێکی تەسک
٩٪	٢٧٪	٢٧٪	چالاکیەکانی تری پرۆسەی ئابوری بەشێوەیەکی گشتی

هەوالنامەی کتێب

Telser پێیوایە « بەپێی ئەو بۆچوونەی کە ریکلام ڕەگەزی قەناعەتْ پێکردنی ئێدایە، دەبێتە هۆی دروستکردنی مەیلداری و لایەنگیریی بۆ کارگەکان و داواکاری بەرهەم زۆر دەبێتْ و نەرمیی لەبەرهەمهێناندا نامێنێتْ» (p. 28. 1964)

Lambin دەڵێتْ « دوای ئوێژینەوەیەک لەسەر چەند بازارێک لەرێک وەستانی بەکاربەرێکانی، بۆی دەرکەوتْ کە زۆر جار نرخ و کوالێتی کاڵاش، هۆکارە بۆ وەستانی بەکاربەرو پچڕانی پەیوەندی لەگەڵ کارگەیەک وانە ئەنیا ریکلام نییە چەقبەستن دروستْ دەکاتْ»(p. 38, 1976).

لەهەمان کاتدا دەڵێتْ «ریکلامکردن دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی چەقبەستن»Reekies, 1974 p. 138)). دوای چەند ئاقیکردنەوەیەک لەسەر چەند کارگەیەکی گەشنە ئەو ئەنجامەی کە لە « زیادکردنی چڕی ریکلامکردن دەبێتە هۆی زیادکردنی بەشداریپێکردنی ئەو کارگەو کاڵایە لە بازاڕی هاوبەشدا « (p. 48. 1974) لەلایەکی دیکەوە Gort دەڵێتْ « جیاوازی بەرهەم و کاڵا ئەو بەشداریە لەبازاڕدا بەهێز دەکاتْ»(p. 22. 1963.)

Boulding et. al. لەراپۆرتێکدا کە دەرئەنجامی ئوێژینەوە لەسەر چەند بازارێک باس دەکاتْ دەڵێتْ « ریکلام ئیستای کۆمپانیا و کارگەکان دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وەستان و چەقبەستن بەکاربەری لەداهاتوودا» .(p. 32, 1994) لەبەرامبەر ئەمەشدا هەندێک لەپسپۆڕان دژی ئەوەن کە هەمیشە چڕو زۆرکردنی ریکلام کاریگەریی ئەرێنی هەبێتْ هەروەک سimon دەڵێتْ « کۆمەڵێک ئوێژینەوە سەلماندوویانە کەریکلامی ناکاریگەر یا زۆریش بێتْ دەبێتە هۆی کەمکردنەوەی وەڵام داهاتْ» (p. 21, 1970)).

پوختە: لە ئەنجامی ئەم لێکۆڵینەوەیە دەگەینە ئەوەی کە:

1- وەبەرهێنانی ریکلام پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە بەرزکردنەوەی ئێکڕای وەبەرهێنانی بەرهەمی ناوخۆی وڵاتْ و کەشەی ئابووریەوە

2- ریکلامکردن لەرێگەی ڕاگەیاندنەوە، جگە لەوەی شادەماری کەناڵەکان ڕاگەیاندن سەرچاوەیەکی دارایی باشە بۆیان، بڕو ڕێژەی ریکلام و جۆری کەناڵەکە بەهەمان شێوە پەیوەندی بە گەشەی وەبەرهێنانی ناوخۆیی وڵاتْ و گەشەی ئابووریەوە هەیە وانە ئاکو بڕی ریکلام و ئەو بۆشاییەی دیاری دەکاتْ لەمیدیاکاندا زیاتر بێتْ - ئاستی وەبەرهێنانی بەرهەم و گەشەی ئابووری وڵاتْ بەرز دەبێتەوە، بێگومان لێرە واباسی لەریکلامی زانستی و سەرکەنوو کاریگەرە.

3- ریکلامکردن بەچەندین ڕێگە دەبێتە هۆی بەرزکردنەوەی گەشەی ئابووری و بەرهەم - ئەویش بەرێگەی - دروستکردنی پێشبڕکێ- زیادکردنی بەکاربەر- یارمەتیدانی کارگەو کۆمپانیاکان بۆ بەشداریکردنی بازاڕی هاوبەش.

4- هاتنی میدیای نانەرێتی و دیجیتاڵ، گەشەیەکی زیاتری دا بەریکلامکردن و گەشەی ئابووری بەهۆی

فراوانکردنی کەناڵەکانی ریکلامکردن و ڕەخساندنی شێوازی جۆرجۆر بۆ ریکلامکردن.

5- ریکلامکردن چەندین بەهای دیکەی جگە لەبواری ئابووری- لەڕووی خزمەتکردن بەباشترکردنی کۆمەڵگەکان لەچەندین ڕووەوە (کۆمەڵایەتی - ئەندروستی --- هتد)، جگە لەوەش سەرچاوەیەکی سەرەکی سپۆنسەری یاری و وەرزش و چالاکییە کولتوورییەکانی دیکەی وڵاتە.

پێشنیار

1- پێشنیار دەکەم ئوێژینەوەی زۆر لەسەر گەشەی ئابووری و پەیوەندی بەریکلامەوە لەهەرێمی کوردستاندا بکرێت.

2- ئەنجامدانی ئوێژینەوە لەسەر کرداری ریکلامکردن - بەوەی ئایا ریکلام کاریگەریی هەیە و زانستیانە دروست دەکرێت؟

3- لەڕووی ناوەڕۆک و کاتی ئەرخانکراو بۆ پەخشکردنی ریکلام ڕێکخستنێکی باش بۆ کرداری ریکلامکردن بەیاساو ڕێنمایی بکرێت چ بۆ کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و کۆمپانیاکان و ریکلام و بازاڕەکان..

سەرچاوەکان:

1-Maximilien, N. (2004). ADVERTISING AND ECONOMIC GROWTH. French Association of Advertisers

2-Jones, J. P. (1985). Is total advertising going up or down? International Journal of Advertising, 4(1), 47-64.

3-Robert, G. (2008). Economic Growth and Advertising Expenditures in Different Media in Different Countries. Journal of Media Economics, 21:28-52, 2008

4- Chang, B.-H., & Chan-Olmsted, S. M. (2005). Relative constancy of advertising spending. A crossnational examination of advertising expenditures and their determinants. Gazette, 67(4), 339-357.

5- Ashley, R., Granger, C. W. J., & Schmalensee, R. (1980). Advertising and aggregate consumption: An analysis of causality. Econometrica, 48(5), 1149-1167

.

6- Callahan, F. X. (1986). Advertising and economic development. International Journal of Advertising, 5(3), 215-224.

7- Hooley, G. J., & Lynch, J. E. (1985). How UK advertisers set budgets. International Journal of Advertising, 4(3), 223-231.

8- Boston Consulting Group, a leading advisor on business. (2012). http://officialblog.yelp.com/201303/yelp_survey_findings.html

9- Lee, C.-Y. (2002). Advertising, its determinants, and market structure. Review of Industrial Organization, 21(1), 89-101.

10-Peter, D. (2008). Advertising as an economic-growth engine:The new ower of media in the digital age. MA Thesis .

11- Kyle, B. 2001. The Economics of Advertising, Introduction. Columbia University. New York.

12-igou, A. C. (1924). Economic Welfare. Macmilla. London

13- Kaldor, N. and R. Silverman (1948), A Statistical Analysis of Advertising Expenditure and of the Revenue of the Press, Cambridge, England: University Press.

13- Telser, L. G. (1964), "Advertising and Competition," Journal of Political Economy, 72, 53762-.

14- Lambin, J. J. (1976), Advertising, Competition and Market Conduct in Oligopoly Over Time, Amsterdam: North Holland Publishing, Co..

15- Reekie, W. D. (1974), "Advertising and Market Share Mobility," Scottish Journal of Political Economy, 21, 14358-.

16- Boulding, W., Lee, O-K., and R. Staelin (1994), "Marketing the Mix: Do Advertising, Promotions and Sales Force Activities Lead to Differentiation?," Journal of Marketing Research, 31, 159172-.

17- Simon, J. (1970), Issues in the Economics of Advertising, Urbana: University of Illinois Press.

18-The value of Advertising. http://www.valueofadvertising.org/benefits-consumers.php. on 12-07-2013

19-Businessday/negeria.comStimulating competition. on 11-07-2013ر



رۆژنامە زەردەکان

خەسڵەت و هۆکارەکانی پەیدابوون

بەختیار عەبدوڵڵا

مێژووی رۆژنامەی زەرد (Yellow Journalism) ئەمەنەکەی دەگەڕێنەوە بۆ دەرچوونی رۆژنامەی (نیویۆرک سەن New York Sun) لەساڵی (1883)، ئەم رۆژنامەیە ئایبەت بوو بە بڵاوکردنەوەی هەواڵ و بەدواداچوون و وتار لەسەر رووداوە رۆژانەییەکان و بڵاوکردنەوەی لایەنە شاراوەکانی سیستەمی حکومەت و ژیانی کەسایەتییە بەناوبانگەکان، ئامانجیشی ئەوە بوو کە لەڕێگەی ئەم جۆرە بابەتە سەرنجڕاکێشانەوە، ئیراژی رۆژنامەکە بەرز بکاتەوە و قازانجیش لەداهاتەکەی بکات.

بەهۆی حەزو ئارەزووی زۆرینەی خوێنەرانەوە کەحەز دەکەن ژیانی ئایەت و نهێنی کەسایەتییە گەورەکان بزانن، ئەم جۆرە رۆژنامانە کە بەرۆژنامەی زەرد ناسراون، لەزۆرینەی وڵاتانی جیهاندا پەرەیان سەندە، بە جۆرێک کە کەم وڵاتی ئەورووپا هەیە، خاوەنی کۆمەڵێک رۆژنامە و گۆڤاری زەرد نەبێت، یان ئەنانەت هەندێ‌ک رۆژنامە و گۆڤارە بەناوبانگەکان بۆ پەیداکردنی زۆرترین ژمارەی خوێنەر، پەنایان بردۆتەبەر ئەم جۆرە رێگایە، هەر بۆیەشە زۆرجار ئەخلاق و یاسای رۆژنامەنووسیان پێشێل کردووە و رووبەرووی دادگا بوونەتەوە.

***پەیداکردنی بازار**

ئەم بڵاوکراوانەی لەسەر ئەو جۆرە شێوازە کار دەکەن، گرنگترین پاڵنەریان بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکان، بریتییە لەپەیداکردنی زۆرترین بازاڕو ئۆمارکردنی بەرزترین فرۆشی بڵاوکراوەکەیان بەخوێنەران. لەڕوانگەی ئەم بەرنامەیەوە، بەشێوەیەکی گشتی بڵاوکراوە زەردەکان لەسەر ئاستی جیۆگرافی کار دەکەن، بۆنموونە رۆژنامەیەکی وەک (The sun) کەبەزەرد ناسراوە، زۆرترین بایەخ بەکەسایەتییەکانی بەریتانیا دەدات بۆ نموونە وەک دیڤید بێکهامی یاریزان و ڤیکتۆریای هاوسەری، شازادە میرچالز، نهێنییەکانی کۆژرانی شازادە دایانا، شێوازی ژیانی بەرپرسە باڵاکانی بەریتانیا و خستنەڕووی گەندەڵی و بەرتیلخواردن لەناو وڵاتەکەدا. لەهەمان کاتدا رۆژنامە زەردەکان لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، حەز دەکەن ژیانی نهێنی سەرۆکەکانی پێشووی ئەمریکا بەتایبەت جۆرج بوش و بوشی باوک، بیل کلینتۆن و پەیوەندییەکانی لەگەڵ مۆنیکا لوینسکی یان هۆکارە نهێنییەکانی سەرکەوتنی باراک ئۆباما بۆ سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاریی لەسەر ئۆپەرەکانی گەندەڵی، قاچاخچێتی، مادە سڕکەرەکان و خراپی بەرهەمی کۆمپانیاکانی بەرهەمێنان دەچنە چوارچێوەی کارکردنی رۆژنامەو بڵاوکراوە زەردەکانی ئەمریکاوە. وانا بڵاوکراوە زەردەکان زۆرترین بایەخ بەناوخۆی وڵاتەکەیان و کەمترین بایەخ بەدەرەوەی شوێنی خۆیان دەدەن.

رێگایەکی دیکەی ئەم جۆرە رۆژنامە و بڵاوکراوە زەردانە بۆ سەرنجڕاکێشانی خوێنەران و خەڵک، ئەنجامدانی ڕاپرسی ئینتەرنێتی و ئەلەفۆنییە لەناو خەڵکدا، تا بزانن چ مەسەلەیەک و کام کەسایەتی لەلای خەڵک گرنگن، پاشان لەسەر بنەمای ئەو گرنگی و بایەخ پێدانەی خەڵک، هەوڵ دەدەن زانیاری و هەواڵ و بەدواداچوون دەربارەی مەسەلە و کەسایەتییە سەرنجڕاکێشەکان ئامادە بکەن و بڵاوی بکەنەوە.

ئەمڕۆش کە خیانەتی هاوسەرێتی و سێکسی ناشەرعی لە ئەورووپا بەشێوەیەکی بەرچاو دەبینرێت، بڵاوکراوە زەردەکان سوودیان لەم دیاردەیەش وەرگرتووەو ئەوەرەیەکی سەرەکیان بۆ کردۆتەوە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بەهیچ شێوەیەک ئەم جۆرە رۆژنامە و بڵاوکراوانە، بایەخ بەبواری لێکۆڵینەوەو دیدو بۆچوون نادەن، بەڵکو ئەنیا هەواڵ و ریپۆرتاژە دەربارەی رووداوە رۆژانەییەکان یان لەبارەی نهێنییەکانی رووداوێکی کۆنەوەیە.

لێرەدا دەتوانین بڵێین کە بەهیچ شێوەیەک ئەم جۆرە رۆژنامە و بڵاوکراوانە، بایەخ بەبواری لێکۆڵینەوەو دیدو بۆچوون نادەن، بەڵکو ئەنیا هەواڵ و ریپۆرتاژە دەربارەی رووداوە رۆژانەییەکان یان لەبارەی نهێنییەکانی رووداوێکی کۆنەوەیە

***جۆری خوێنەران**

بەشێوەیەکی گشتی ئەو کچ و کوڕە هەرزەکار و گەنجانەی کە نازە هائوونەتە نێو دنیای خوێندنەوەوە، یان ژنانی ماڵدار و کەم خوێندەوارەکان بایەخی ئەواو بەم جۆرە بڵاوکراوانە دەدەن و ئەنانەت دەکرێ بڵێین بەکڕیاری سەرەکی هەژمار دەکرێن. سەرجەم ئەو مرۆڤانەی کە حەزی بەدواداگەڕانی نهێنییەکان و کەموکوڕی خەڵک و دەسەڵاندارانیان نێدایە، ئەوا کڕیاری ئەم جۆرە بڵاوکراوانەن. لەهەمان کاتدا خوێنەرەکانی، خوێنەری هەمیشەیی نین.

گەورەترین کێشە لەستراتیژی ئەو بڵاوکراوانەدا، بریتییە لەو کێشە و گرفتە یاساییانەی کە دێنەئارا، چونکە بەپێی یاسای رۆژنامەنووسی و راگەیاندنی زۆرینەی وڵاتانی جیهان، هەندێمەسەلەی وەک دەستوەردان لەژیانی تایبەت و درکاندنی ئەو نهێنییانەی کە زیان لەئاسایشی کۆمەڵگا و دەوڵەت دەگەیەنن، قەدەغەیە و سزای بۆ دەستنیشان کراوە.

هەر بۆیەشە زۆرترین سکاڵا لەسەر کێشەی ڕێز نەگرتن لەژیانی تایبەت و نێکشکاندنی هێڵە سنوورەکانی دەوڵەت، لەسەر ئەو بڵاوکراوە زەردانە نۆمار دەکرێت.

***خەسڵەتەکان**

ناسینەوەی بڵاوکراوە زەردەکان لەناو دنیای چاپەمەنی جیهانیدا، ئەرکێکی گران نییە و بەئاسانی دەئوانرێلەڕێگەی مانشێت، ناوەرۆکی هەواڵ و بابەت و جۆری وێنەکانییەوە دەستنیشانی بکەیت و لەچەشنەکانی دیکەی رۆژنامەنووسیی جیای بکەیتەوە.

هەرچەندە هەرکام لەو بڵاوکراوە زەردانە خاوەنی خاسییەتی خۆیەتی و بایەخیش بەچەند بواریکی سەرنجڕاکێش دەدەن، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی کۆمەڵێک ڕووخساری هاوبەشیان لەگەڵ یەکتردا هەیە، کە گرنگترینیان بریتین لە:

-مانشێتی گەورە و سەرنجڕاکێش بۆ بابەتەکان دادەنێن، بەتایبەتی لەهەواڵەکانی لاپەڕەیەکدا مانشێتی گەورە دادەنرێت، زۆرجاریش مانشێتەکە لەگەڵ ڕووداوەکانی ناو هەواڵ یان بابەتەکە ناگونجێت.

-ئەو وێنانەی بڵاوی دەکاتەوە، زۆرترینیان تایبەتن بەژیانی تایبەتی کەسایەتییەکان، یان وێنەکان دیمەنێکی ریزپەڕ و نەگونجاویان تێدایە.

-بابەتەکانی دووتوێی لاپەڕەکان، هەموویان باس لەتاشکرابوونی دیاردەیەک یان تاگادارکردنەوەی خوێنەران لەمەترسییەکی گەورە دەکەن.

دواجار دەتوانین بڵێین کە تامانجی گەورەی پشت بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی زەرد، بریتییە لەپەیداکردنی ناوبانگ و ناوزڕاندنی کەسایەتی و دامەزراوەکان، ئەمەش هیچ کاتێ ناتوانێ خزمەتێکی گشتییانە پێشکەش بکات، بەڵکو ئەنانەت دەبنە نەنگی و هەموو کاتێکیش لەپێناو زیادکردنی فرۆش و بەزرکردنەوەی ژمارەی خوێنەران، تامادەن پەنا بۆ هەموو تاراستە و مامەڵەیەک ببەن کەدڵنیابن زیان بەخۆیان و خێزانەکانیشیان ناگات.

محەمەد تەقی ڕوغنی‌ها

لە فارسییەوە: مەجید سالّح

ماسته‌ر لە ڕاگەیاندن، مامۆستای پۆلەتکنیکی سلێمانی

پێشەکی

بە هۆی ئەو چوارچێوە و کلّێشانەی کە هەیەتی، «هەواڵ» ناتوانێت وەڵامی هەموو پرسیار و داخوازییەکانی خەڵک بدانەوە و گۆشە جیاجیاکانی بە درێژی ڕووداوێک بخاتەڕوو. هەندێک جار ڕووداوێک ڕووەداث یان ڕەوتێک سەرهەڵدەداث پێویستث دەکاث بە درێژی وەسف بکرێث و لە دیدگا جیاجیاکانەوە بدرێنە بەر ڕەخنە و ڕاڤە و شیکار بۆ ئەوەی بۆ پەیامەرگرەکان هیچ لایەنێکی شاراوە نەمێنێث.

هەواڵنامەی کتێب

ڕیپۆرتەر دەبێت کەسێکی «چاوکراوە» بێت و بە ویستێکی بەهێزەوە بەدوای هۆکارەکانی سەرهەڵدانی رووداوەکاندا بگەڕێت و خاوەنی ئیرادە و حەزی بەدواداچوونی تێدا بێت، تایبەتمەندی دیکەی ڕیپۆرتەر بریتییە لەوەی تیژبین بێت و توانای هەڵسەنگاندنی شتەکانی هەبێت

بەشێوەیەکی گشتی ئەو ئەرکە لە ئەستۆی ڕاپۆرتە هەواڵدایە و لە ڕێگەی هەڵکۆڵینی چینی سەرەوەی رووداوەکان، پەیام وەرگران دەبانە ناخی رووداوەکانەوە و گۆشە نارێک و شاراوەکانیان بۆ ئاشکرا و ڕووناک دەکاتەوە و ڕاستییەکان بەرجەستە دەکات.

لەو حاڵەتانەی کە رووداوێک پێویستی بە باس و زانینی زیاتر هەیە یان پێویست دەکات لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە و بەدواداچوونەوە پەیام وەرگر لە وردەکارییەکان ئاگادار بکرێنەوە، ڕیپۆرتەرەکان پەنا بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ دەبەن و لەو ڕێگەیەوە پەراوێزی کاریگەری بەرفراوانتر دەکەن. لەبەر ئەو تایبەتمەندییانەی کە ڕاپۆرتە هەواڵ هەیەتی، دەتوانێت پەیوەندییەکی قوواڵ لەگەڵ خوێنەر و بیسەر و بینەردا دروست بکات و کاریگەرییەکەشی زیاتر دەمێنێتەوە، بەربڵاوترە. پەیامنێران لە ڕێگەی کەڵکوەرگرتن لە ڕاپۆرتە هەواڵ، جگە لە خستنەڕووی بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسی و کولتووری و هونەری و وەرزشییەکان، ڕەوت و ڕەهەندەکانی دیکەش دادەپۆشن.

پێناسە

پێناسەیەکی زۆر کراوە بۆ ڕاپۆرت و لە بابەتەکانی تایبەت بە میدیاکاندا، ڕاپۆرت بەوە پێناسەکراوە، کە دەربڕینێکی وەسفی و وێنەیی رووداوێک یان بابەتێکە. لە پێناسەیەکی چڕتردا ڕاپۆرت بریتییە لە ئێکەڵەیەک لە هەواڵ و بەدواداچوون کە بەشێوەیەکی هونەریانە دیمەن و بابەت و رووداوەکان باسکراون.

لەسەر ئەو بنەمایە لە ڕاپۆرتێکدا، وێنەسازی لە واقیعەکان و ئەوەی ڕیپۆرتەر بە چاوی خۆی دەیبینێ پێویستە بە نموونەی ئاشکرا باسکرا بێت یان هەڵگری دەرئەنجامی لێکۆڵینەوەیەکی قوواڵ بێت.

هەندێکجار ڕاپۆرتەکەکان بەرگی چیرۆک لە خۆ دەگرن و ڕیپۆرتەر وەک حکایەتخوان دەستە دەکات بە گێڕانەوەی رووداوەکان. لە هەندێک ڕاپۆرتدا نووسەر، دەست دەکات بە ڕافەکردنی رووداوەکان، ئوێژی یەکەمی هەواڵەکە هەڵدەکۆڵێت بۆ ئەوەی پەیامەرگرەکان بە ڕێگەی بەکارهێنانی هەواڵ، وەسف، دیمانە و لێکۆڵینەوەکان.

تایبەتمەندییەکانی ڕیپۆرتەر

ڕیپۆرتەر دەبێت کەسێکی «چاوکراوە» بێت و بە ویستێکی بەهێزەوە بەدوای هۆکارەکانی سەرهەڵدانی رووداوەکاندا بگەڕێت و خاوەنی ئیرادە و حەزی بەدواداچوونی تێدا بێت، تایبەتمەندی دیکەی ڕیپۆرتەر بریتییە لەوەی تیژبین بێت و توانای هەڵسەنگاندنی شتەکانی هەبێت. هەندێکجار وتەیەکی سادە یان رووداوێک، کە بە ڕواڵەت ئاسایی دەردەکەوێت، دەبنە سەرەداوێک بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی سەرنجڕاکێش و دڵگیر.

«خیرایی لە گەیاندن» بە یەکێک لە سیفەتەکانی ڕیپۆرتەری سەرکەوتوو دێنە ژمارەدن. ئەو سیفەتە دەبێنە هۆی گەشەسەندنی توانای دۆزینەوە و دەرکەکردن بە بابەتە گرنگەکان و کاریگەریی زۆریشی هەیە بۆ سەر کۆکردنەوەی زانیاری و خستنەڕووی پرسیاری ورد و ڕیزبەندکردنی لۆژیکیانەی بابەتەکان. «توانای دروستکردنی پەیوەندی» لەگەڵ گروپە جیاجیاکانی خەڵک یەکێکی دیکەیە لە پێداویستییە گرنگەکانی کاری ڕیپۆرتەری. توانای چوونە ناو خەڵک و دروستکردنی پەیوەندی پتەو و داهێنەرانە لەگەڵیاندا، سەرچاوەیەکی گرنگە بۆ ئەو زانیارییانەی کە ڕیپۆرتەر بەدواید دەگەڕێت و ئەو تایبەتمەندییە سەرەکیترین کەرەستەی ڕیپۆرتەرییە، چونکە لە هەر

هەنگاوێکدا کە هەڵی دەنێت، پێویستی بە دروستکردنی پەیوەندییەکی نزیک لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا هەیە، نەبوونی ئەو پەیوەندییانە، ئوانای ئامادەکردنی راپۆرتی رۆژنامەوانیت لێ زەوت دەکات. «ئارامگرتن و دڵفراوانی» بە سیفەتێکی دیکەی ریپۆرتەری پیشەیی لە قەڵەم دەدرێت، بە ئایبەتی لە راپۆرتەکانی بەدواداچوونداکە بۆ دەسکەوتنی زانیاری پێویست بە کاتی زۆر دەکات.

کەسایەتی ریپۆرتەر پێویستە «خاوەنی کەسایەتییەکی بزۆز و پشوو درێژ» بێت و ئوانای بەدواداچوونی رووداوەکانی هەبێت، ئەوانەی حەزیان لەوەیە لە پشت میزەکانیانەوە دانیشن و حەزیان لە کارێکە کە جوڵەی نەوێت، بۆ وئارنووسی باشن، بەڵام هەرگیز نابنە ریپۆرتەری سەرکەوتوو.

جگە لەو ئایبەتمەندییانە، بۆ ئەوەی ئواناکانی زیاتر بێت پێویستە ریپۆرتەر ئایبەتمەندی دیکەی پیشەییەکانی رۆژنامەوانی فێر بێت. بۆنموونە دەبێت شارەزایی ئەواوی لە بنەمەکانی هەواڵ و ئوانای نووسینەوەی هەواڵ و ئەنجامدانی دیمانەی هەبێت، هەروەها لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە ئوانای نووسینی هەبێت و زانیارییە گشتییەکانی بەرفراوان بێت.

بۆ ئامادەکردنی راپۆرت، پێویستە بەوە دەکات شارەزایی لە نووسیندا هەبێت، بۆ ئەوەی بابەتەکە کاریگەر بێت و خوێنەری هەبێت. ریپۆرتەر دەبێت بتوانێت بە ئاسانی دەستەواژە و رستەکان بەکاربهێنێت و لە دەقی راپۆرتەکەیدا جێگەیان بکاتەوە. ئا دەکرێت دەقی راپۆرتەکە کورت بێت باشترە، ریپۆرتەر پێویستە بە کەمترین وشە زۆرترین زانیاری بگوازێتەوە بۆ پەیامەرگر. یەکێکی دیکە لە پێداویستییەکانی ریپۆرتەری سەرکەوتوو ئەوەیە، ئوانای بەکارهێنانی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێتی هەبێت. کەڵک وەرگرتن لە ئۆری جیهانی زانیاری و بەکارهێنانی سایتەکانی ئینتەرنێت، بایەخێکی زۆری هەیە بۆ وەرگرتنی زانیاری و بەئاگابوون لە گۆڕانکارییەکانی دونیادا، ریپۆرتەرەکان دەبێت بتوانن لە کەمترین کاتدا ئەو زانیارییانەی کە پێویستیان پێیەتی لە ئینتەرنێت دەربهێنن.

لە پاڵ ئەو ئوانا و شارەزاییانە، زانینی زمانێکی بێگانە بە ئایبەتی ئینگلیزی پێویستییەکی گرنگی ریپۆرتەرەکانە.

بنەماکانی راپۆرت

بۆ ئەوەی راپۆرتێک دەوڵەمەند بێت و کاریگەریی لەسەر پەیامەرگرەکانی دابنێت، دەبێت چوار ئایبەتمەندی تیدا بێت:

1. وەسفکردن و گێڕانەوەی رووداوەکە وەکو خۆی.

راپۆرت بریتییە لە خستنەڕووی راستییەکان و گێڕانەوەی رووداوەکان و گەیاندنی زانیارییەکان، ریپۆرتەر دەبێت ئەوەی دەیبینێت و دەیبیستێت و هەستی پێدەکات بۆ پەیامەرگرەکانی بگوازێتەوە. دەبێت ریپۆرتەرەکان لە جیاتی چاو و گوێی پەیامەرگرەکان ببینن و بگێڕنەوە. ریپۆرتەری باش جگە لەوەی بە شێوەیەکی هونەرمەندانە رووداوەکان دەگێڕێتەوە، پێویستە هۆکار و چۆنیەتی رووداوەکە باس بکات. ئەوەی نەوتراوە بدۆزێتەوە و لە روانگەی جیاوازەوە لێکۆڵینەوە و ڕاڤەی رووداوەکە بکات. لە راپۆرتەکاندا دەبێت بۆچوون و ئاراستە جیاجیاکان بخرێنە روو، پێویستە پەیامەرگرەکان لە هەموو کون و کەلەبەرەکانی رووداوەکە بە ئاگابن.

2. خۆپاراستن لە بڕیاری پێشوەخت

گرنگیدان بە راستییەکان و دوورکەوتنەوە لە بڕیاردانی پێشوەخت بنەمایەکی سەرەکییە و دەبێت ریپۆرتەر لەبەرچاوی بگرێت. نابێت بۆچوون، ویست و ئارەزوو، هەست و سۆزەکانی ریپۆرتەر ببنە هۆی دوورکەوتنەوە لە راستییەکان.

هەر راپۆرتێک ئەگەر بۆچوون و بڕیاری پێشوەختی تێدا بوو، ئەوا پەیامەرگرەکان هەست دەکەن ریپۆرتەرەکە دەیەوێت بیروبۆچوونەکانی خۆی بگەینێنە بەرامبەر، ئەوەش دەبێتە هۆی لە دەست دانی کاریگەری و لاوازبوونی راپۆرتەکە.

دوورکەوتنەوە لە بڕیاردانی پێشوەخت لە لایەن ریپۆرتەرەکانەوە مانای ئەوە نییە راپۆرتێکی بێ ئامانج و دەرئەنجام دروست بکرێت، بەڵکو ریپۆرتەری بە ئوانا ئەو ریپۆرتەرەیە رێگە بداث راپۆرتەکە هەنگاو بە هەنگاو بە شێوەیەکی سروشتی بچێنە پێشەوە و راستی و دروستی بابەتەکە و ئەوەی رووبداوە بۆ پەیامەرگرەکان شی بکاتەوە. بڕیاردانی پێشوەخت بریتییە لەوەی ریپۆرتەر بیەوێت لە سەر بنچینەی حەز و ئارەزووەکانی خۆی بڕوانێتە بابەتەکە و راستییەکان بکاتە قوربانی سەلیقەی ئایبەتی خۆی.

3. ناسینی پەیامەرگرەکان

پێویستە ریپۆرتەر پەیامەرگرەکانی خۆی بناسێت و بزانێت بۆ کێ دەنووسێت. ئەو راپۆرتەی بۆ رۆژنامەیەکی ناوخۆیی دەنووسرێت جیاوازە لەو راپۆرتەی بۆ رۆژنامەیەکی سەرتاسەری دەنووسرێت. هەروەها ئەو راپۆرتەی کە بۆ رۆژنامەیەکی ئایبەتمەند ئامادە دەکرێت و خوێنەرەکانی کۆمەڵە کەسێکی پسپۆرن لە زۆر رووەوە جیاوازە.

لەو چوارچێوەشدا پێویستە قوونبوونەوە و هەڵبژاردنی بابەت و شێوەی زمانی نووسین و دەربڕینی

گونجاو لە پێناوی دروستکردنی پەیوەندییەکی پتەو لەگەڵ خوێنەران، لەبەرچاو بگیرێت. ئاشنابوون بە ئایبەتمەندی و سەلیقەی خوێنەران یارمەتی ڕیپۆرتەر دەدات بۆ ئەوەی نووسینەکەی زیاتر بخوێنرێتەوە.

ئەگەر زانیاریت لەسەر خواست و حەزی پەیام وەرگرانت نەبێت، لەوانەیە بەدوای هەندێک بابەتدا بچیت کە بەلای خەڵکەوە گرنگ نەبێت، ئەنانەت ئەگەر بابەتێکی گونجاویشت دۆزیەوە، بەڵام ئەگەر خوێنەرانت نەناسی بە شێوەیەک بیخەینەڕوو کە لەگەڵ سەلیقە و حەز و ئارەزووی ئەواندا جووت نەبێت.

4. ڕەتکردنەوەی ڕیپۆرتەری تەوەری

ئەگەر سەرئاپای بابەتەکە بریتی بێت لە بۆچوونە ئایبەییەکانی ڕیپۆرتەر، ناکرێت ئەوە بە ڕاپۆرت لە قەڵەم بدرێت و پەیام وەرگرانیش بە چاوی ڕاپۆرتەوە ئەماشای ناکەن، بابەتێکی لەو جۆرە دەکرێت وەک وتارێک حسابی بۆ بکرێت، بەڵام هەرگیز ڕاپۆرتێکی ئەواو نییە.

پەیام وەرگر ئەو کاتە حەزی لە خوێندنەوەی ڕاپۆرتێک دەبێت و ناوەڕۆکەکەی پەسەند دەکات کە هەست بکات هەموو ئێڕوانینە جیاجیاکانی بابەتەکە خراونەتەڕوو. وەک ڕیپۆرتەرێکی پیشەیی دەبێت هەوڵ بدەی بۆچوونە جیاوازەکان لە پاڵ یەکتردا دابنێت و بینەر و خوێنەر و گوێگرەکانت بەرەو ئاراستەی دیاریکراو ببەیت، بەڵام گەر ئەنیا خۆت ئاقە قسەکەر بیت و قسەی یەکەم و کۆتایی لە ڕاپۆرتەکەدا هی خۆت بوو، بە هیچ شێوەیەک ئەوەی ئامادەت کردوە ڕاپۆرت نییە. ڕاپۆرتێکی ئەواو، بە شێوەیەکی یەکسان بۆچوونە جیاوازەکانی خەڵک و پسپۆران و شارەزا و بەرپرسان لەخۆدەگرێت.

جۆرەکانی ڕاپۆرت

کۆمەڵە پۆلێنێک بۆ جۆرەکانی ڕاپۆرت پێشنیاز کراوە، بەڵام لەبیرتان نەچێت بە هۆی لێکچوونی جۆرەکانی ڕاپۆرت، ئانوانرێت هەموو جۆرە جیاجیاکانی ڕاپۆرت لێکنر جیا بکرێنەوە، بژارکردن و هەڵاوێردەکردنی هەموو جۆرەکانی ڕاپۆرت ئا ڕادەیەک کارێکی نەکردەنییە.

ڕاپۆرتە هەواڵێک دەتوانێت سوود لە ڕەگەزی وەسفکردن وەربگرێت، بە هەمان شێوە لە زۆربەی ڕاپۆرتە وەسفییەکاندا ناکرێت ڕەگەزی هەواڵ لەبەرچاو نەگیرێت، لە ڕاپۆرتەکانی بەدواداچوونیشدا هەردوو ڕەگەزی

هەواڵ و وەسفکردن بەکاردێن.

لە ڕیزبەندییەکدا دەکرێت ڕاپۆرتەکان دابەش بکەین بۆ «ڕاپۆرتە هەواڵی»، «ڕاپۆرتی بەدواداچوون»و «ڕاپۆرتی ڕاڤەیی و وەسفی».

- **ڕاپۆرتە هەواڵی**

بە گشتی ڕاپۆرتە هەواڵی بریتییە لەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر رووداوەکانی وەک گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتییەکانی ڕۆژ، یان رووداوە کولتووری و ئابووری و سیاسی و کارەسانە سروشتییەکان ئامادە دەکرێت. ڕیپۆرتەر بەسوودوەرگرتن لە کۆمەڵە هەواڵێک لە سەر رووداوێک و کۆکردنەوەی سەرچاوەی جۆراوجۆر و ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ کەسانی پەیوەندیدار بە رووداوەکە، وەک خەڵک و بەرپرس و شارەزایان، ڕاپۆرتێک ئامادە دەکات.

ڕاپۆرتە هەواڵی، پاش سەرهەڵدانی رووداوێک بە مەبەستی خستنەڕووی چۆنێتی رووداوەکە و کاریگەرییەکانی و ئەو هۆکارانەی لە پشتی ئەو رووداوەوە بوون، ئامادە دەکرێت. بە شێوەیەکی پێوانەیی لە 15 بۆ 30 پەرگراف پێک دێت.

ڕەگەزی کات یەکێکە لە گرنگترین ئایەتمەندییەکانی ڕاپۆرتە هەواڵ و بە شێوەیەکی گشتی ڕاپۆرتە هەواڵ باس لە کاتێکی نزیک دەکات و ئازەییان پێوە دیارە. هەر لەبەر ئەوە پێویستە لە ئامادەکردنی ڕاپۆرتەهەواڵدا پەلەبکرێت لە کۆکردنەوەی زانیاری و نۆمارکردنیدا.

لە ڕاپۆرتە هەواڵدا، ڕیپۆرتەر بەدوای وەڵام بۆ ئەو پرسیارانەی کە بەلای کۆمەڵگاوە گرنگن سەبارەت بەو رووداوەی ئازە ڕووياندەوە، دەگەڕێ. ئەو رووداوەی کە پێشتر هەواڵەکەی بڵاوکراوەتەوە و خەڵک دەیانەوێت زانیاری زیاتری لەبارەیەوە بزانرێت.

میدیاکان بە مەبەستی دۆزینەوە و خواستەکانی پەیامەوەرگرەکان و پێشکەشکردنی زانیاری زیاتر لە گۆشەنیگای جیاجیاوە لەسەر رووداوێک، لە ڕێگەی ئامادەکردنی ڕاپۆرتەهەواڵێکەوە داخوازییەکانی خەڵک جێبەجێ دەکەن.

بێگومان ڕیپۆرتەرەکان بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵێک پێویستە زانیاری وردیان لەسەر رووداوەکە هەبێت و بتوانن لایەنە جیاجیاکانی بخەنە بەردەست پەیام وەرگران.

- **«ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوە»**

بابەتی جیاجیای وەک رووداوەکانی ڕۆژ، یان پێشهاتەکان لەخۆدەگرێت. ئامانج لە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی بریتییە لە شۆڕبوونەوە بە لایەنە جیاوازەکانی رووداوێک و ئێڕوانینێکی قوواڵە بە ڕەهەندە جۆراورجۆرەکانی. لەم جۆرە ڕاپۆرتەدا، بە پشت بەستن بە بەڵگە و دەرهاویشتە زانستی و ئێزەکانی پسپۆری ڕەهەند و لایەنەکانی بابەتەکە بۆ پەیامەوەرگرەکان ڕوون دەکرێتەوە. ڕیپۆرتەر دەبێت بە سوودوەرگرتن لە سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی هەواڵ و زانیارییەکانی دیکە، سەرنوێژی هەواڵەکە ئێپەڕێنێت و گوشە ئاریک و شاراوەکانی بابەتەکە ڕوونا بکاتەوە. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی هەندێکجار بابەتی ئاڵۆز و ئابەت بە کەسایەتی هەڵدەبژێرێت و ڕیپۆرتەر هەوڵدەدات مەبەستەکان و هۆکارەکانی رووداوێک یان پێشهاتێک بدۆزێتەوە و لەو پێناوەدا سوود لە لێکۆڵینەوەی کتێبخانە گشتییەکان و ئێڕوانینی پسپۆران و ڕاپرسی و شیکردنەوە ئامارییەکان وەردەگرێت.

ڕیپۆرتەران دەتوانن لە ڕێگەی هەڵبژاردنی بابەتێکی گرنگ و ئامادەکردنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی گشتگیردا، ئەو بابەتە بکەن بە بابەتی ڕۆژ و جێگەی سەرنجی ڕای گشتی. شیکارکردنی زانستیانە و لۆژیکیانەی کێشەکان و پەردەلادان لەسەر رووداوە شاراوەکان و وروژاندنی هەستی مەترسی و هەڕەشەکانی ئەو رووداوە، دەتوانێت کۆمەڵگا بخاتە ژێرکاریگەریی خۆیەوە.

> ڕاپۆرتی شیکاری پێک دێت لە کۆمەڵە هەواڵ و زانیاری و بۆچوونێک سەبارەت بە رووداوێک، ئەو ڕاپۆرتە بە مەبەستێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ بۆچوونی ڕیپۆرتەرەکەدا دەخرێنەڕوو

دەبێت ئاگاداری ئەوەبن لە داڕشتنی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیدا، هەندێک ڕەگەزی وەک سەرنجڕاکێشی و دڵگیریی گرنگییەکی زۆریان هەیە و بۆئەوەی ڕاپۆرتەکە زۆرترین خوێنەری هەبێت، پێویستە کەڵک لە ڕەگەزی وەسف و گێڕانەوەیی هونەرییانە وەربگیرێت بۆ ئەوەی لەپاڵ قوواڵی لە لێکۆڵینەوەکەدا، دڵگیر و سەرنجڕاکێش بێت.

لە ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیدا، خستنەڕووی دەرئەنجامێکی ڕوون و ورد، نەک هەر گرنگە، بەڵکو بەشێکی گرنگی کاری ڕیپۆرتەرییە. هەوڵبدە بابەتەکە بە شێوەیەک ڕێکبخەیت کە کۆبەندییەکی وردی بابەتەکە و وێنەیەکی گشتگیر بخاتە بەردەستی خوێنەران.

لە هەندێك ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەییدا، کەڵك وەرگرتن لە ڕاپرسی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ خستنەڕووی ڕای گشتی بە شێوەیەکی زانستی، قوڵایی و بەڵگەنامەیی بە ڕاپۆرتەکە دەبەخشێ

ڕاپـۆرتـی لێکۆڵینەوەیی ئـەوکـاتـە کاریگەریی زۆری هەیە، کە لە ڕێگەی ژمارە و ئامار و زانیاری بەڵگەدارەوە پەیامەوەرگر بگەیەنێتە دەرئەنجامێکی ڕوون و ئاشکرا.

- **«ڕاپۆرتی وەسفی»**

ئـەو ڕاپـۆرتـەیـە کە وەسفکردنی ڕووداوێـک یان ئاراستەیەک بەسەریدا زاڵە. لەم جۆرە ڕاپۆرتەدا ڕیپۆرتەر لە ڕێگەی خستنەڕووی وێنەیەکی گشتی ڕووداوەکـــە و شیکردنەوەی ئـەوەی بینیویەتی و بیستویەتی و هەستی پێکردوە، خۆیەتی هەنگاو بەهەنگاو لـەگـەڵ خـۆیـدا دەبـاتـە کەشوهەوای ڕووداوەکـــەوە. بـــەزۆری ڕاپـۆرتـی شیکاری و وەسفی، باس لە ڕووداوە سروشتییەکان و کـارەسـات و بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەکات، ڕیپۆرتەر لە چەند گۆشەنیگایەکی خۆیەوە هەموو ئەو شتانەی کە بینیویەتی بۆ خوێنەران دەگێڕێتەوە.

هـەنـدێـک لـە ڕاپـۆرتـەکـان بە ئـەواوی بـە مەبەستی وەسفکردنی دیاردەیەک تامادەدەکرێن و ڕیپۆرتەر لەسەرئاپای ڕاپۆرتەکەدا دەست دەکات بە شیکردنەوە و وەسفکردنی ئەو دیـاردەیـە، بـەڵام دەبێت لە بیرمان نەچێت وەسـفـکـردن لـە جۆرەکانی دیکەی ڕاپـۆرتـدا بەکاردەهێنرێت و زۆربەی ڕاپۆرتە هەواڵەکان و ڕاپۆرتە لێکۆڵینەوەکان بە وەسفکردنیان ئێدا بەکاردێت.

لە ڕاپۆرتە وەسفیەکاندا، ڕیپۆرتەر هەموو ئەوانەی بینیویەتی بۆ خوێنەران شی دەکاتەوە. زمانی ڕاپۆرتی وەسفی، هەست و سۆز بااڵدەستە ئێدا، پێش ئەوەی بە لایەنەکانی ڕووداوەکەدا شۆڕ بێتەوە، بە کەڵک وەرگرتن لە ڕەگەزی خەیاڵ باسی دیمەنەکان دەکات. لەم جۆرە ڕاپۆرتانەدا، ڕادەی ئوانای نووسین لای ڕیپۆرتەر، ڕۆڵێکی کاریگەر دەبینێ لە بەرهەمهێنانی بابەتێکی سەرنجڕاکێش.

- **«ڕاپۆرتی شیکاری»**

ڕاپـۆرتـی شیکاری پێک دێـت لە کۆمەڵە هەواڵ و زانیاری و بۆچوونێک سەبارەت بە ڕووداوێـک، ئەو ڕاپۆرتە بە مەبەستێکی دیاریکراو هەڵدەبژێرێت و لەگەڵ بۆچوونی ڕیپۆرتەرەکەدا دەخرێـنـەڕوو. ئامانجی ڕیپۆرتەر لە ڕاپـۆرتـە شیکارییەکاندا بریتییە لە گۆشەنیگا جیاجیاکانی بابەتێک، بۆ گەیشتن بەو ئامانجەش، لەسەرچاوە جـیـاوازەکـانـەوە دەسـت دەکـات بە کۆکـردنـەوەی هەموو ئـەو هـەواڵ و زانیارییانەی کە لەسەر ڕووداوەکە هەن و بە شێوەیەک دەیخاتەڕوو کە بتوانێت پەیامەکەی بگەیەنێتە خوێنەران. ئامانج لە تامادەکردنی ڕاپۆرتی شیکاری بریتییە لە ئاشکراکردنی لایەنە جیاوازەکانی بابەتێکی سـیـاسـی، کـۆمـەڵایـەتـی، کولتووری و....و هەموو زانیاریەک کە یارمەتی بابەتەکە بدات کۆدەکرێتەوە و لە دارشتنی کۆتایدا سوودی لێدەبینرێت.

لە ڕاپۆرتە شیکارییەکاندا لە پاڵ خستنەڕووی زانیاری، ڕیپۆرتەر لە ڕێگەی کۆکردنەوەی زانیاری و هـەواڵ و لە ڕێگەی گێڕانەوەی پێشینەی ڕووداوەکەوە ئێڕوانینی خۆی دەگوازێتەوە بۆ خوێنەر. ڕاپـۆرتـی شیکاری زیاتر بە بیانووی ڕووداوێک یان بڵاوبوونەوەی هەواڵێک دەنووسرێت. هەرکە ڕووداوێکی نوێ دەقەومێت، ڕیپۆرتەر دەتوانێت چاوێک بـەڕابـردوودا بخشێنێتەوە و لە پاڵ ئەوەی ئەمڕۆ ڕوویـداوە ڕووداوەکانی ڕابـردووش بگێڕێتەوە و پەیامەکەی خۆی لە دووتوێی ڕاپۆرتەکەیدا بخاتە بەرچاوی پەیامەوەرگرەکانی. لە ڕاپۆرتە شیکارییەکاندا لـە پـاڵ گـێـڕانـەوەی ڕووداوەکـــە و پێشینە و گۆشە جیاجیاکانی، گەر پێویستی کرد سوود لە چەند چاوپێکەوتنێک لەگەڵ کەسانی پسپۆر و شارەزا ببینێت.

- **«ڕاپۆرتی بابەتی»:**

جگە لـە ڕاپـۆرتـە هـەواڵـەکـان، شیکاری و وەسفی و لیکۆڵینەوەکان، کە سەبارەت بە ڕووداوێـک دەنووسرێن، هەندێک ڕاپـۆرتـی دیکە هـەن، کە بابەتەکانیان ئایبەتن و هەواڵیان نێدا نییە و هەندێک کێشەی کۆمەڵایەتی، سیاسی یان کولتووری دەبنە سەرچاوە بۆ بابەتی ڕاپۆرتەکە. دەکرێت بەو جۆرە ڕاپۆرتانە بڵێن «ڕاپـۆرتـی بابەتی»، بۆ نموونە ڕاپۆرت لەسەر شوێنێک یان کەسێک یان کارێک یان ڕاپۆرت لەسەر سەفەرێک.

لەو ڕاپۆرتانەدا، نووسەر دەست دەکـات بە شیکردنەوە و گێڕانەوەی لایـەنـە جـیـاجـیـاکـانـی بـابـەتـەکـە و هـەوڵـدەدات ئێڕوانینێکی ڕوون و گشتگیر لە سەر بابەتی ڕاپۆرتەکە بخاتە بەردەستی خوێنەر.

لەو ڕاپۆرتانەی لە سەر شوێنێک

ئامادەدەکرێن، وێنەیەکی گشتگیر سەبارەت بە ئایبەتمەندییە جوگرافی و میژووییەکانی ئەو ناوچەیە دەخرێنەڕوو. ڕیپۆرتەر ئەوەی بە چاوی خۆی بینیویەتی لە شێوەی وەسف و شیکردنەوەدا دەگەیێنێتە پەیامووەرگرەکان، وێنەیەکی بەرجەستە لە سەر ئەو شوێنە لە هزری خۆیدا دەکێشێ.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە سەر کەسایەتییەکان ئامادەدەکرێن، ئایبەتمەندییە کەسییەکان و هەڵسوکەوتی کەسەکە باس دەکرێت. ئەو ڕاپۆرتانەی کە لەسەر کەسایەتییەکان ئامادەدەکرێن، مەرج نییە هەر ئایبەت بن بە سیاسەتمەداران و ئەستێرەکانی هونەر و وەرزشکاری، بەڵکو دەکرێت ڕاپۆرت لەسەر ژیانی کەسێکی ئاسایش بنووسرێت.

ئەو ڕاپۆرتانەی لە سەر کارێک ئامادە دەکرێن باس لە سەختی یان خۆشی یان ئالۆزی یان گیروگرفتەکانی کارەکە دەکات و وێنەیەکی تازە و ڕوون لە سەر ئەو کارە دەخاتە بەر دەستی پەیام وەرگران.

بە شێوەیەکی گشتی «ڕاپۆرتە بابەتییەکان»، ئەو هەلە بۆ ڕیپۆرتەرەکان دەڕەخسێنێت ئاوەکو لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئەو بابەتەی کە بە دڵی خۆیەتی، لایەنە جیاجیاکانی لە گوشەنیگای جیاجیاوە بۆ خوێنەران شیبکاتەوە. شێوەی دارشتنی ڕاپۆرتی بابەتی نزیکە لە هەمان شێوەی دارشتنی ڕاپۆرتی شیکاری و وەسفی و ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی و هەندێک جار لێکەڵەیەکە لە وەسفی و لێکۆڵینەوەیی.

قۆناغەکانی ئامادەکردنی ڕاپۆرت

ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵ و لێکۆڵینەوە و وەسفی شیکاری و بابەتی جیاوازیان لەگەڵ یەکتردا هەیە. بەڵام هەموویان بە چەند قۆناغێکی هاوبەشدا ئێدەپەڕن، ئەو قۆناغانەش بریتین لە:

- **کۆکردنەوەی زانیاری**

پاش هەڵبژاردنی بابەت، یەکەم هەنگاو کە دەبێت بنرێت بریتییە لە کۆکردنەوەی زانیاری. بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوەکان پێویستە بۆ وەرگرتنی زانیاری ڕێگەی جیاجیا بگیرێنەبەر. سوود وەرگرتن لە ئەرشیفی کەسی یان ئەو کەناڵەی کاری تێدا دەکەی، سوود وەرگرتن لە بانکی زانیاری و سەردانی کردنی کتێبخانەی گشتی، لەو هەنگاوە سەرەتایانەن کە دەبێت بگیرێنەبەر. هەڵبەت ڕادەی سوود وەرگرتن لە هەریەک لەو سەرچاوانە و گونجانیان لەگەڵ جۆری ڕاپۆرتەکە و ئەو بوارەی کە بۆت دەڕەخسێت، جیاوازە. بۆ نموونە لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتە هەواڵدا سوود وەرگرتن لە ئەرشیفی کەسی و ئەرشیفی کەناڵەکە و بانکی زانیاری سوودەکانیان زیاترە، ئەو زانیارییانەی لە کتێبخانە گشتییەکاندا دەست دەکەون زیاتر بۆ ڕاپۆرتی شیکاری بەسوودن.

کاتێک بە ئەرشیفەکاندا دەچێتەوە، ئەو هەواڵ و ڕووداوانەی کە مەبەستە بخوێنەوە و ئەوەی سەرنجت ڕادەکێشێ و دەزانیت بەکەڵکە کۆپی بکە. ئەو کارە یارمەتیت دەدات ئاوەکو لە کاتی نووسینەوەی ڕاپۆرتەکەدا، بتوانیت پێشینەی ڕووداوەکە بگێڕیتەوە و لە هەمان کاتیشدا لە کاتی ئامادەکردنی پرسیاری دیمانەکان و دانانی چوارچێوەی ڕاپۆرتەکەت سوودیان لێ ببینی. ئەگەر وێنە یان فیلمێکت لە سەر ڕووداوەکە دەست کەوت هەوڵبدە بیانبینی. لەگەڵ ئەو ڕۆژنامەنووس و سەرنووسەرانەی ئاگایان لە ڕووداوەکە هەیە گفتوگۆ بکەو هەوڵبدە بۆچوونەکانیان بزانیت.

ئەگەر هاوکارەکانت زانیاریان سەبارەت بە بابەتی ڕاپۆرتەکەت هەیە، هەوڵبدە سوود لە بۆچوونەکانیان وەربگریت. ئەو زانیارییانە یارمەتی ڕیپۆرتەر دەدات ئاوەکو بە چاوێکی کراوەتر بڕوانێتە هەموو لایەنەکانی بابەتەکەی وچوارچێوەیەکی لەلا بەرجەستە بێت.

ڕیپۆرتەر دەبێت بە شیکردنەوەی ڕووداوەکە و پاش کۆکردنەوەی زانیاریی سەرەتاییەکان، مەسەلە

پەیوەندیدارەکانی ڕاپۆرتەکەی پۆڵێن بکات و چوارچێوەیەکی گشتی لای خۆی وێنا بکات.

لە پۆڵێن بەندیەکی بابەتەکانی ڕاپـۆرتـە هـەواڵێـکـدا، دەکـرێـت سێ جۆر مەسەلە لەبەرچاو بگرین: «ئەو ڕووداوەی کە قەوماوە»، ئەو ڕووداوەی لە قەوماندایە» و «ئەو ڕووداوەی کە ڕەنگە بقەومێت».

بۆ ئامادەکردنی ڕاپۆرتێکی شیکاری، یان وەسفی یان لێکۆڵینەوەیش دەکرێت هاوتەریب لەگەڵ بابەتەکەدا پۆڵێنێک لە مێشکی خۆندا دروسـت بکەیت و زانیاری بۆ کۆکەیتەوە و دیمانەی بۆ ئەنجام بدەیت.

ئامادەبوون لە شوێنی ڕووداو

لە زۆربـەی ڕاپۆرتە هەواڵەکاندا، هەروەها لە ڕاپۆرتە وەسفی و هەندێک لە ڕاپۆرتە بابەتییەکاندا، ئامادەبوون لە شوێنی ڕووداوەکـەدا کارێکی زۆر پێویستە.

- یەکەمین شـت کـە دەبێت لەکاتی گەیشتن بە شوێنی ڕووداوەکە لەبەرچاو بگیرێت دۆزینەوەی شوێنێکی گونجاوە بۆ بینینی دیمەنەکان. بینین سەرەکیترین و گرنگترین ڕەگـەزی ئامادەکردنی ڕاپـۆرتـە و باشترین و گونجاوترین زانیاریش دەخاتە بەردەستی پەیامەرگرەکان.

چاوکراوەیی و وردبینی ڕیپۆرتەر لەکاتی ڕووداوەکـەدا ڕۆڵێکی گەورە دەبینێ لە جوانکاری و کاریگەری ڕاپۆرتەکە و نابێت ڕیپۆرتەر بچووکترین شتێک کە بینیویەتی پشتگوێ بخات. بینین سەرچاوەیەکە بە هیچ شێوەیەک لە ئەرشیف و بانکی زانیارییەکان دەست ناکەوێت.

- خاڵی دووەم کە نابێت لە کاتی ئامادەبوون لە شوێنی ڕووداوەکەدا لەبیر بکرێت، گفتوگۆکردنە لەگەڵ شایەتحاڵ و ئامادەبووانی ڕووداوەکە. هەرچەندە ئەوە شوێنی بینینی ڕیپۆرتەر خۆی ناگرێتەوە، بەڵام دەتوانێت ببێتە سەرچاوەیەکی گرنگ بۆ تەواوکردنی ڕاپۆرتەکە و دیدوبۆچوونی جیاوازیش بخاتەڕوو، هەروەها زانیاری بەکەڵک و گرنگیش بخاتە بەردەستی ڕیپۆرتەر.

- سێیەمین خـاڵ لـە کاتی ئـامـادەبـوون لە شوێنی ڕووداوەکـە، بریتییە لەوەی سەرنجی خۆت بدەیتە پـەراوێـزی ڕووداوەکـە. لە پـاڵ هەر ڕووداوێکی سەرەکیدا چەند ڕووداوێکی پەراوێزخراو ڕووددەدەن، کە کاریگەرییان هەیە بۆ سەر ڕاپۆرتەکە و دەکرێت وەک بابەتێکی سەرنجڕاکێش تەماشا بکرێت.

دیمانە

دیمانە و خستنەڕووی بۆچوون و ئێڕوانینە جیاجیاکان بە بنەمایەکی سەرەکی زۆربەی ڕاپۆرتەکان لە قەڵەم دەدرێـت. چاوپێکەوتن لەگەڵ خەڵک و سوود وەرگرتن لە ئێڕوانینەکانیان، یارمەتی ئـەوە دەدات ڕاپۆرتەکە پڕ زانیاریتر بێت و تەنویعی تێدا بێت.

پەیامەوەرگرانی ڕاپۆرتەکان، زیاتر حەزیان لەو ڕاپۆرتانە هەیە کە لەگەڵ بۆچوونەکانی خۆیاندا یەکدەگرنەوە و درێژە بە بەدواداچوونەکانیان دەدەن. ئەو مەسەلەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی ڕیپۆرتەر هەوڵبدات سەرنجی زۆرترین خەڵک بۆ لای خۆی ڕاکێشێت و لەپاڵ دڵنیاکردنەوەیان کە ڕاپۆرتەکە بێلایەنانە ئامادەکراوە، پەیام و مەبەستەکانی خۆی دەگەیەنێتە پەیامەوەرگرەکانی.

لـەکـاتـی دیـمـانـەکـردن لـەگـەڵ خەڵکدا ئاگاداری ئەوەبن کە ئەوانەی چاوپێکەوتنیان لەگەڵداکراوە، پەیوەندیان بە بابەتی ڕاپۆرتەکەوە هەیە. ژمارەی چاوپێکەوتن و وتـە وەرگـرتـنـەکـان بـەرادەیـەک بێ، کە لەگەڵ قەبارەی ڕاپۆرتەکەدا بگونجێت. دەبێت ئاگاداری ئەوەبیت پرسیارەکان سادە و ڕوون و ئاسان بن.

لەوانەیە بەشێک لە دیمانەکە لە ڕاپۆرتەکەدا بەکاربهێنیت و وەک بەشێک لە زانیاری بۆ خۆت کەڵک لە بەشەکانی دیکە وەرگریت. جگە لە خەڵک، دەبێت دیمانە لەگەڵ پسپۆر و شارەزایانیشدا بکەیت و کەڵک لە بۆچوونەکانیان ببینی.

بۆ ئامادەکردنی ژمارەیەکی زۆری ڕاپۆرت بە ئایبەتی ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی، پێویستە ڕیپۆرتەر بۆچوونی پسپۆران بزانێت. ئەو ڕاپۆرتەی بۆچوونی کەسانی پسپۆری تێدا بێت زۆر دەوڵەمەندتر لە ڕاپۆرتەکانی دیکە. لە کاتی دیمانە لەگەڵ پسپۆران، هەوڵبدە بۆچوونی جیاواز وەربگریت، چونکە ئەو کارە دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاپۆرتەکە سەرنجڕاکێشتر بێت، خستنەڕووی بۆچوون و ئاراستەی جیاواز خاڵێکی بەهێزە بۆ سەرکەوتووبی ڕاپۆرتەکان.

پـاش کـۆکـردنـەوەی زانـیـاری لە سـەرچـاوەی جیاجیا و ئەنجامدانی دیمانە لەگەڵ خەڵک و کەسانی پسپۆر، پێویستە ڕیپۆرتەر لەگەڵ ئەو کەسانەشدا کە بەڕپرسیارێنیان هەیە لە مەسەلەکەدا چاوپێکەوتن بکات و بۆچوونەکانیان بزانێت. بۆ نموونە لە کاتی ئامادەکردنی ڕاپۆرت سەبارەت بە هێڵی ئۆتۆبوسی (پـاس) نـاو شـار، پێویستە دەکـات چاوپێکەوتن لەگەڵ هەریەک لە بەرپرسی هێڵەکانی ناو شار و سەرۆکی شارەوانی و ئەندامانی ئەنجومەنی شاردا بکرێت و بۆچوونەکانیان لەو بارەوە بخرێنەڕوو.

لـەو چاوپێکەوتنانەی کە لەگەڵ خەڵک و پسپۆر و شارەزا و بەرپرساندا دەکـرێـت، بۆ دەستکەوتنی زانیاری جـیـاواز و زۆر، ڕیـپـۆرتـەر دەبێت تـاگـارداری وردەکارییە زانستییەکانی دیمانە و ئاڵۆزییەکانی بێت و بەسەر کەموکوڕییەکاندا زاڵ بێت، بتوانێت ئەو کەسانەی ئاقەتی چاوپێکەوتنیان نییە بهێنێتە قسە و بۆچوونەکانیان لێدەربهێنێت.

شێوازی ئاماری:

لە هەندێک راپۆرتی لێکۆڵینەوەییدا، کەڵک وەرگرتن لە راپرسی و لێکۆڵینەوەی مەیدانی بۆ خستنەڕووی رای گشتی بە شێوەیەکی زانستی، قوڵایی و بەڵگەنامەیی بە راپۆرتەکە دەبەخشێ. شیکارکردنی ئامارە بەدەست هاتووەکان و لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان، ئێرۆانینێکی ڕوونتر لەبەردەم پەیام وەرگران دەکاتەوە و یارمەتی ڕیپۆرتەرەکانیش دەدات بە بەڵگەوە بۆچوونەکانی بخاتە بەردەست خوێنەرانی.

لە لێکۆڵینەوە پێوانەیەکانی ئایەت بە رووداو و بابەتە هەواڵیەکاندا، جگە لە وەی کە دەبێت لێکۆڵینەوەکە گونجاو بێت لەگەڵ بنەمایەکی زانستی لێکۆڵینەوەییدا، پێویستە لە پێشدا هۆکاری کاتیش وەک گۆڕاوێکی سەرەکی لەبەرچاو بگرین، چونکە زۆرجار بە ئێپەڕبوونی کات، ڕای گشتی دەگۆڕێت. لە راپۆرتەهەواڵەکاندا بە هۆی سنووردارببوونی کات، بەکارهێنانی راپرسی و لێکۆڵینەوەی پێوانەیی کارێکی گونجاو نییە، بەڵام دەکرێت سوود لە دەرئەنجامی ئەو لێکۆڵینانەوەی کە کەسانی دیکە ئەنجامیان داوە و لەگەڵ بابەتەکەدا دەگونجێت ببینرێت.

تەواوکردنی زانیارییەکان:

لە ماوەی ئامادەکرنی راپۆرتەکەدا چەند خاڵێکی گرنگ دێنە پێشەوە، یان لەوانەیە ڕیپۆرتەر لە مێشکیدا هەندێک پرسیار و بابەتی نوێی لا دروست بێت و پێویست بکات بۆ دۆزینەوەی وەڵام بۆیان، دیسانەوە سەردانی سەرچاوەی نوێ بکاتەوە. هەربۆیە پێویستە ڕیپۆرتەر پاش کۆکردنەوەی زانیارییەکان، پێداچوونەوەیەک بە هەموو زانیارییەکاندا بکاتەوە بۆ ئەوەی بزانێت ئاخۆ هیچ شتێک نییە کە لەبیر کرابێت. لەوانەیە لە کاتی پێداچونەوە بە گفتوگۆ و زانیارییەکان هەندێک شتت بەرچاو بکەوێت کە پێویست بکات لەگەڵ خەڵکانی دیکەدا دیمانە بکەیت و بۆچوونی کەسانی پسپۆر و شارەزای بۆ وەربگریت یان سەردانی بانکی زانیاری و سەرچاوەکانی دیکە بکەیت بۆ ئەوەی لێکۆڵینەوەکەت بۆشایی ئێنەکەوێت. ئەو خاڵە یارمەتی ئۆ دەدات بۆ ئەوەی ئەگەر خاڵێکی شاراوەوە و نادیار هەبوو، لەو ڕێگەوە چارەسەری بکەیت و هیچ دووڵی و ناڕوونییەک لای پەیامەوەرگرەکان نەهێڵێتەوە.

تۆمارکردنی تێبینییەکان

ئەو خاڵەی کە پێویستە هەر لە یەکەم قۆناغی ئامادەکردنی راپۆرتەوە تا دوا قۆناغی لەبەرچاو بگیرێت، تۆمارکردنی تێبینییەکانە لەسەر ئەو رووداوە بیستراو و بیستراوانەی کە لە راپۆرتەکەدا بەکارهاتوون، تێبینییەکانی خۆت لەسەر هەموو ئەوانەی کە دەیبینی یان دەیبیستی یان بە شێوەیەک لە شێوەکان لە راپۆرتەکەدا بەکاردێت، تۆمار بکە.

هەندێکجار ڕیپۆرتەر لە کاتی ئامادەکردنی راپۆرتێکدا هەندێک بابەتی بەرچاو دەکەوێت و دەکەوێتە ژێر کاریگەرییەکەیەوە و لەوانەیە ئەوانەی پێشتر بیستوویەتی یان بینیوویەتی لە بیر بمانەوە. بۆیە تۆمارکردنی تێبینییەکان بایەخێکی زۆری هەیە. باشیەکی دیکەی تۆمارکردنی تێبینییەکان ئەوەیە، ڕیپۆرتەر پاش ڕێکخستنی و پێداچوونەوە بە یاداشتەکانیدا ئەو بابەتانەی کە لە بیری چوون یان نەنوسیونەتەوە، دەکەوێنەوە یاد و راپۆرتەکەی پێ نەواو دەکات. ئەنانەت لە کاتی تۆمارکردنی دیمانەکانیشدا، باشتر وایە لە دەفنەرێکدا خاڵە بەهێزەکانی چاوپێکەوتنەکە بنووسیتەوە بۆ ئەوەی لە کاتی پۆلێنکردنی بابەتەکاندا سوود لە کورتکراوەکەی ببینی و کاتی خۆت

ڕاپۆرت هاوتەریبی چیرۆک و هەواڵ دەجولێتەوە، نووسینی بابەتی لەم چەشنە کە زۆر جار لە چیرۆک دەچێت، بەستراوەتەوە بە رادەی توانای نووسین لای ڕیپۆرتەر. خوێندنەوەی دەقی جۆراوجۆر، دەبێتە هۆی ئەوەی پەراوێزی وشەسازی و دەربڕینی گونجاو لای ڕیپۆرتەرەکان زیاتر بێت

بە ئەفریغ کردنی کاسێتەکەوە خەرج نەکەی.

شێوەی داڕشتن

ئەوەی ئاوەکو ئێستا ئەنجامت داوە، بڕیتی بووە لە کۆکردنەوەی بابەت لە سەرچاوەی جیاجیا. پاش کۆکردنەوەی زانیارییە پێویستەکان، دەبێت دەست بکەیت بە داڕشتنی دەقەکە. زۆر لە پەیامنێرە ئازەکارەکان لەم قۆناغە دەترسن و ئەنانەت ڕیپۆرتەرە بە ئەزموونەکانیش بە دڵەڕاوکێ و وردەکارییەکی زۆرەوە دەست دەکەن بەم قۆناغە.

ئەو خاڵەی کە پێویستە لەسەرەتای ئەم باسەدا جەختی لەسەر بکرێتەوە، گرنگی دانە بە خوێندنەوە و نووسین. پەیامنێران دەبێت بە بەردەوامی جگە لە خوێندنەوەی هەواڵ و دیمانە ڕاپۆرتی جۆراوجۆر، چیرۆک و ڕۆمان و دەقی دیکەی ئەدەبیش بخانە ڕیزی بەرنامەی کاری خۆیەوە.

ڕاپـۆرت هاوئەڕیبی چـیـرۆک و هەواڵ دەجوڵێنەوە، نووسینی بابەتی لەم چەشنە کە زۆر جار لە چیرۆک دەچێت، بەستراوەتەوە بە ڕادەی ئوانای نووسین لای ڕیپۆرتەر. خوێندنەوەی دەقی جۆراوجۆر، دەبێتە هۆی ئەوەی پەراوێزی وشەسازی و دەربڕینی گونجاو لای ڕیپۆرتەرەکان زیاتر بێت و بە ئاسانی ئەوەی لا مێشکیدایە بە کۆمەڵە وشە و ڕستە و دەستەواژەیەکی جوان، دەیخانە سەر کاغەز. ڕاهینان لە سەر نووسین، مەرجێکی سەرەکییە بۆ بوون بە ڕیپۆرتەر. ئەگەر لەسەرەتای کارەکەدا نووسینەکانت بە لاواز دەزانیت، مەئۆقن و خۆت بە لاواز مەزانە، چونکە بە ڕاهێنانی زۆرتر و خوێندەوەی فراوانتر، وردە وردە ئـەو کێشەیە چارەسەر دەبێت و ڕۆژێک دەتوانیت بگەیتە ئەو ئاستەی کە خۆت لات پەسەند دەبێت و پەیاموەرگرەکانیش لێی ڕازی دەبن.

بۆ نووسینی ڕاپۆرت باشتر وایە ئەم قۆناغانە پەیڕەو بکەیت:

1. ڕیزبەندکردنی بابەتەکان بە پێی گرنگیان:

یەکەم هەنگاو دەبێت گرنگترین ئەو بەشانەی کە پێویستن بۆ نووسینەوەیان لە ڕاپۆرتەکەدا دەست نیشان بکەیت و لە بابەتەکانی دیکەی جیاکەیتەوە. ئەو کارە دەبێتەوە هۆی سەرگەردان نەبوونت لە ناو خەرمانی ئەو هەموو زانیارییانەی کە لەسەر بابەتەکە کۆت کردوونەتەوە. لە کاتی ئامادەکردن و کۆکردنەوەی زانیارییەکاندا دەکرێت بابەت و زانیارییەکان پۆلێن بکرێن ئاکو لە کاتی پێویستیدا بە ئاسانی لێکیان جیابکەیتەوە. لە ڕێگەی دانانی کۆد یان ژمارە بۆ هەر زانیاریەک دەتوانیت بابەتە گرنگەکان لێک جیابکرینەوە. بە شێوەیەک بابەتەکان ڕیزبەند بکە بۆ ئەوەی لە نووسینەوەی دەقی کۆتایی ڕاپۆرتەکەدا یەکەی بابەت و پەیوەندی لە نێوان بەشەکان و گونجانیان لەگەڵ یەکتریدا لەچێی خۆی بێت و ڕەوتی گشتی بابەتەکە ئێکنەچێت.

2. هەڵبژاردنی شێوازی دەربڕین:

پێش ئـەوەی دەسـت بە نووسین بکەیت، ئـەو شێوازە نووسینەی کە لـەگـەڵ بـابـەتـەکـەدا دەگـونـجـێـت و لەگەڵ سەلیقە و زەوقـی خوێنەراندا یەک دەگرێتەوە دەسـت نیشان بکە. ڕیپۆرتەر بە پشت بەستن بە ئەزموون و جۆری ئەو ڕاپۆرتەی ئامادەی دەکات، زمانی پێویست و شێوازی دەربڕینی گونجاو هەڵدەبژێرێت بۆ ڕاپۆرتەکەی. ڕیپۆرتەرە بەئەزموونەکان ئاشنایان لەگەڵ شێوازە جۆراوجۆرەکاندا هەیە و دەتوانن بۆ دەربڕینی بۆچوونەکانیان سـوود لـە چەندین قاڵب وەرگـرن. ڕیپۆرتەرەکان بە پێی ئەو شارەزاییەی کە لەسەر خوێنەرەکانیان هەیانە، بۆ هەر ڕاپۆرتێک زمان و شێوازێکی گونجاو لەگەڵ ناوەڕۆک و خوێنەری بابەتەکەدا هەڵدەبژێرن. گەر ڕاپۆرتەکە لە شێوازێکی ڕەوان و جـوان و سەرنجڕاکێشدا بخرێتەڕوو، خوێنەری زۆرتر بۆ خۆی پەیدا دەکات و کاریگەرییەکەشی زیاتر دەبێت و پەیامەکەش بە جوانی دەگاتە لای پەیاموەرگرەکان.

داهێنان و نوێخوازی، خۆدوورگرتن لە رستە و وشەی سواو و کلّیشەیی، بەکارهێنانی وشەی جوان، پیویستیان بە خوێندنەوەی بەردەوام هەیە.

3. هەڵبژاردنی ناوونیشانێکی سەرنجڕاکێش:

ناوونیشانی ڕاپۆرت خاڵی یەکەمی بەیەک گەیشتن و دروستکردنی پەیوەندییە لە نێوان خوێنەر و بابەتەکە. ئەو دەسپێکە پێویستە کاریگەری هەبێت لەسەر ئەوەی خوێنەر ڕاکێشێت بۆ خوێندنەوە و ڕۆچوون بە درێژەی بابەتەکە. خوێنەرانی چاپەمەنییەکان هەموو جۆرە بابەتێک ناخوێننەوە، بەڵکو هەندێک هەواڵ و ڕاپۆرت و بابەت هەڵدەبژێرن. ناوونیشان ئەو خاڵەیە کە دەتوانێت خوێنەران کەمەندکێش بکات بۆ خوێندنەوەی ئەواوی بابەتەکە.

مەرج نییە ناوونیشانی ڕاپۆرت، بە هەمان شێوەی ناوونیشانی هەواڵ بڕیتی بێت لە ناوەڕۆکی هەواڵەکە لە رستەیەکدا، بەڵکو دەتوانێت شیکردنەوەیەکی کورتی ڕاپۆرتەکە بێت. لە هەواڵەکاندا، پێویستە ناوونیشان گونجاو بێت لەگەڵ لیدەکە و هەڵگری پەیامێکی ڕوون و تاشکرا لەسەر ناوەڕۆکی بابەتەکەوە بخاتەڕوو. بەڵام لە ناوونیشانی ڕاپۆرتدا پێویست بە ڕەچاوکردنی ئەو ڕێسایە ناکات. ئەنیا ئاگاداری ئەوە بن ناوونیشانەکان سەرنجڕاکێش و قابیلی ئێگەیشتن بن. بۆ نموونە دەکرێت ناوونیشانی ڕاپۆرت بڕیتی بێت لە قسەیەکی نەستەق یان پەندێک یان وشەیەک بێت.

4. هەڵبژاردنی لیدی گونجاو:

(لید) بەشێکی سەرەکی و گرنگی ڕاپۆرتەکان پێک دەهێنێت و هانی خوێنەر دەدات دەقی ڕاپۆرتەکە بخوێنێتەوە. هەڵبژاردنی لیدی ڕاپۆرت بەستراوەتەوە بە جۆری ڕاپۆرتەکە و سەلیقە و ئەزموون و شارەزایی ڕیپۆرتەرەکانەوە. ڕیپۆرتەری سەرکەوتوو بە کەمترین وشە زۆرترین ناوەڕۆک دەگەیەنێت، دەبێت بە چاوپێخشانێک لە ناوەڕۆکی لیدەکە ئێبگەین، لە هەواڵەکاندا (لید) کورتەیەکی ناوەڕۆکی هەواڵەکەیە و سەرەکیترین ڕەگەزەکانی هەواڵی ئێدایە، بەڵام لە ڕاپۆرتەکاندا مەرج نییە هەمان یاسا پەیڕەو بکرێت، بەڵام دەبێت ئەو ئایەتەندییەی ئێدا بێت لە یەکەم نیگادا خوێنەر بۆ ناوەڕۆکی بابەتەکە ڕابکێشێت.

لیدی ڕاپۆرت دەتوانێت ڕستەیەکی وەسفی ئێکەڵ بە وێنەیەک لە ڕووداوەکە بێت، یان دەکرێت بە وتەی یەکێک لە چاوپێکەوتنەکان دەست پێبکات. ئەنانەت دەکرێت بە چەند پرسیار و وەڵامێک دەست پێبکات و لە بناغەوە جیاواز بێت لەگەڵ لیدی هەواڵەکاندا.

5. تۆمارکردنی دەق:

بۆ ئەوەی دەقی ڕاپۆرتێک سەرنجڕاکێش و جوان بێت و زانیاری و چەمکەکان بە سادەیی بگەیێنە پەیامەرگرەکان پێویستە ئەم چەند خاڵە لەبەرچاو بگرین:

پاراستنی یەکەی بابەتەکە

یەکێک لە سادەترین ئایەتەندییەکانی هەر دەقێک، بڕیتییە لە پاراستنی یەکەی بابەتەکە و لەبەرچاوگرتنی پەیوەندی چەندایەتی و چۆنایەتی ڕاپۆرتەکە لە ڕووی قەبارەی بابەتەکە و خستنەڕووی وردەکارییەکان و چۆنێتی کەڵک وەرگرتن لە زانیاریی کۆکراوەکانی دیکە.

لە هەموو ڕاپۆرتێکدا ڕەچاوکردنی «ئەوەری سەرەکی» و «پاراستنی یەکەی بابەت» بە خاڵی بنەڕەتی لە قەڵەم دەدرێت و پێویستە ڕیپۆرتەرەکان لەبەرچاوی بگرن. بەبەردەوامی ئەوەتان لەبیر نەچێت کە بۆ کێ دەنووسیت و پەیامەوەرگرەکانت بە گشتی چ کەسانێکن. لە کاتی نووسینەوەی ڕاپۆرتەکەدا ئامانجە سەرەکییەکانی خۆت لەگەڵ خۆتدا دووبارەکەرەوە بۆ ئەوەی لە ڕێگە سەرەکییەکە لانەدەی. ئاراستەکردنی خوێنەر بە شێوەیەکی پلەبەندی بۆ لای دەرئەنجامی ڕاپۆرتەکە و ڕێکخستنی زانیارییەکان و پەیامەکانی بە شێوەیەک کە هەنگاوبە هەنگاو خوێنەر بۆ لای خۆی ڕابکێشێت، ئەو خاڵانەن کە دەبێت لەبەرچاو بگیرێن.

ئەگەر بابەتەکان بە ڕێکوپێکی و لەسەر بناغەیەکی ڕەوان ئاراستە نەکرێن، یان دەبێتە هۆی ئەوەی خوێنەران سەریان لێ بشێوێت، یان ڕادەی کاریگەرییەکەی کەم دەبێتەوە. ڕەچاو نەکردنی هاوسەنگی لە ڕاپۆرتەکاندا، دەبێتە هۆی ئەوەی ڕاپۆرتەکە بێزارکەر بێت و سەرباری ئەوەی لەوانەیە ببێتە هۆی ئەوەی خوێنەران واز لە خوێندنەوەی بهێنن، لەوانەشە بەهۆی درێژبوونی بابەتەکەوە چاوپۆشی لە هەندێک لە بابەتە گرنگەکانیش بکەن.

وێنەسازی

یەکێک لەو ڕەگەزانەی کە ڕاپۆرت لە هەواڵ جیادەکاتەوە، سوودوەرگرتنە لە دروستکردنی وێنەی ڕووداوەکە لە ڕێگەی وشەوە لای پەیامەوەرگرەکان. وێنەسازی، پەیامەوەرگرەکان لەگەڵ ڕیپۆرتەرەکەدا دەکێشێنە ناو قووڵایی ڕووداوەکەوە. ڕادەی وێنەسازی بەستراوەتەوە بە قەبارە و جۆری ئەو ڕاپۆرتەی ئامادەدەکرێت. دەقی ڕاپۆرت هاوتەریبە لەگەڵ چیرۆک و هەواڵ. ئەمە بەو مانایە دێت کە بابەتەکە جگە لەوەی باس لە هەواڵێکی ڕاستەقینە دەکات، لە هەمانکاتدا وێنەی چیرۆکیشی تێدایە.

کورت و سادەنووسین

بۆ نووسینی ڕاپۆرت وشەی سادە و ڕەوان و ڕوون بەکار بهێنن.

هەواڵنامەی ئێب

بەکارهێنانی وشەی ئاڵۆز و نەبیستراو و دەستەواژەی بێگانە، کاریگەری خراپی بۆ سەر ڕاپۆرتەکە دەبێت. ئەو نووسینە زوو لە دڵ دەچەسپێت کە بە سادەیی و ڕەوانی نووسرابێت. ناوەڕۆکی ڕاپۆرتەکە بە زمانێکی سادە و بێ گرێ بنووسە بۆ ئەوەی خوێنەران بە ئاسانی لە مەبەستەکەت ئێبگەن. بە کورتی، بەو جۆرە بۆ ئەوان بنووسە کە حەز دەکەی ئەوان بۆ ئۆی بنووسن و بە خێرایی بیخوێنێنەوە.

لە نووسینی ڕاپۆرتدا، جگە لە سادەنووسین دەبێت ئاگات لە کورت نووسینیش هەبێت. ڕیپۆرتەرە پیشەییەکان هەوڵدەدەن بە کەمترین وشە و ڕستە مەبەستەکانی خۆیان بگەیەننە بەرامبەرەکانیان. کورت نووسین دوو ڕووی هەیە:

یەکەم: نووسینی ڕستە و پەرەگرافی کورت.

دووەم: کورت نووسین لە کۆی گشتی ڕاپۆرتەکەدا و دوورکەوتنەوە لە بەکارهێنانی وشەی زیادە و هاوماناو.

ئەو ڕستە درێژانەی کە لە چەند پەرەگرافێک پێک دێن، جگە لە ناشیرنکردنی دەقەکە، خوێنەرەکان ماندوو دەکات و هەندێک جاریش ئێگەیشتن لە ماناکەی ئاڵۆز دەکات.

لایەنێکی دیکەی کورت نووسین بریتییە لە دوورکەوتنەوە لە دەقی دوورودرێژ. هەوڵ بدە تا پێت دەکرێت و تا ئەو ڕادەیەی کە نابێنە هۆی ئێکچوونی ڕاپۆرتەکە، کورت بنووسە. پەیامێک دووجار بە شێوەی جیاجیا مەنووسەوە و باس لە شتێک مەکە کە هیچ پەیوەندی بە بابەتەکەوە نییە، چونکە دەبێنە هۆی درێژبوونی دەقەکە و لە جواننییەکەی کەم دەکاتەوە.

ڕەچاوکردنی ڕێزمان

ئەرکی هەموو نووسەر و لە ناویشیاندا ڕۆژنامەنووسان و ڕیپۆرتەرەکانە، زمانی کوردی بپارێزن و ڕەچاوی ڕێزمانەکەی بکەن. بۆیە پێویستە ڕۆژنامەنووس لە ڕێگەی پەیڕەوکردنی هەموو ڕێسا ڕێزمانییەکانی کوردییەوە ڕۆڵی خۆی لە گەشەپێدان و پاراستنی زمانەکەدا بگێڕێت کە بەشێکی سەرەکییە لە کولتووری ئێمەی کورد. نووسینی دەقی بێ هەڵە و کەموکوڕی لەو پێناوەدا کاریگەری زۆری هەیە.

پێداچوونەوە و چاککردنی ناوەڕۆک

پاش یەکەم داڕشتن زۆر پێویستە بە ناوەڕۆک و دەقی ڕاپۆرتەکەدا بچینەوە. پاش نووسینەوەی ڕاپۆرتەکە لە ڕێگەی پێداچوونەوەیەکی وردی نووسینەکە ئەوشتانەی کە لە بیرت چووە بۆ بابەتەکە زیاد بکە و ئەو شتانەی کە بەلاتەوە زیادەن بیانسڕەوە.

لە کاتی خوێندنەوەی ڕاپۆرتەکە لە خۆت بپرسە، ئایا ڕاپۆرتەکە زانیاری پێویست دەدات بە پەیامەرگرەکان؟ ئایا بابەتەکە پێویستی بە شەرحی زیاتر هەیە؟ ئایا بابەتەکە درێژ نییە؟ ئایا ناوەڕۆکی بابەتەکە مەنتقی نێدایە؟ هەروەها بەو چاوەوە ڕاپۆرتەکەت بخوێنەوە تاوەکو بزانیت ڕادەی کاریگەری لەسەر خوێنەر چەندە، بۆ ئەوەی دڵنیا بیت لەوەی بابەتەکەت بە ڕوونی گەیاندوەتە پەیامەرگرەکان و بەشەکانی ڕاپۆرتەکە بە شێوەیەکی مەنتقی پێکەوە گرێدراون.

سەرچاوە:

-کتاب محمد ئقی روغنی



نوسینی: تاژان دڵشاد- ماستەر لە راگەیاندن
لە ئینگلیزییەوە: عەبدولکەریم عوزێری

پێشەکی:

لەم بەشەی ئەم ماسنەرنامەیەدا، میدیای کۆمەڵایەتی دەخەینە بەر باس و کاری شرۆڤە، هەندێک پێناسەی ئەم میدیایە شیدەکەینەوە بە مەبەستی ئێگەیشتن لە واتاکانی.

لە سەرەتادا ئیشک دەخەینەسەر «ئینتەرنێت» و بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عیراق و کوردستانداو هەژماری دەکەین.

بەڵام لە بڕگەکانی داهاتودا، جۆرەکانی میدیای کۆمەڵایەتی باس دەکەین و چاوێک بە مێژوی ئەم میدیایەدا دەخشێنین و بەشی کۆتایی ئەم فەسڵەش تەرخانەکەین بۆ لێکۆڵینەوە لەسەر فەیسبوک «facebook» و مەودای بەکارهێنانی لە کوردستانداو رەوەندی کورد «واتە Diaspora» لەم ئاڕاستەیەدا شیدەکەینەوە.

بەپێی بۆچونی ئینتەرنێتی نێودەوڵەتی ، لە وڵاتی عیراقدا، کوردی زمانی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە کە لە ئینتەرنێتدا بەکاردێت (ئەم باسە لە ساڵی 2012 دا خراوەتەڕو)

بێگومان ئینتەرنێت بوونە هۆکاری گەشەکردنی پەیوەندییەکانی ئاکەکەس، کۆمەڵگەکان و کۆمەڵ بەگشتی، بیرۆکەی ئینتەرنێت گۆڕانکاری بەسەر بەیەکبەستنەوەی خەڵکیدا هێنا لەسەر ئاستی هەمو جیهاندا، گەڵێک کەس داکۆکی لەسەر ئەوە دەکەن کە «بە پەیدابونی ئینتەرنێت سەردەمێکی مێژویی گرنگ لە بواری ئاڵوگۆڕی کەلتوریدا هاتەئاراوە، هاوکات کۆمەڵێک زاراوەی چەواشەکاریش لەناو کۆمەڵگەدا بەکاردەهێنرێن، ئەمەش لە ئاکامی ئەو گۆڕانکارییە ئازەیەدایە کە لە ئازەگەرییەوە خولقاوە» .

دوابەدوای هاتنە ناوەوەی ئەمەریکییەکان لە ساڵی 2003 دا خزمەتگوزاریی ئینتەرنێت ئەشەنەی کرد، پێشڕیش لە هەرێمی کوردستان و ناوچەکانی ئری عیراقدا، لە سەردەمی حوکمی سەدام حسێن دا بونی هەبو وەلێ سنوردار بوە، هەتاوەکو ئەمڕۆش ئینتەرنێت لەبەردەستی هەمو کەسێکدا لەم وڵاتەدا نییە، هۆکارەکانیشی دەگەڕێنەوە بۆ لاوازیی ئەکنیکی و کێشەکانی ژێرخانی ئابوری .

بەپێچەوانەوە، لە ماوەی هەمان سانەوەخنی سەدام حسێن دا، عیراق دەوڵەمەند بو لەجۆرە جیاوازەکانی دیکەی میدیادا، وڵاتێ خاوەنی 60 وێستگەی رادیۆ، 200 خانەی چاپەمەنی و 30 کەناڵی ئەلەفزیۆنی بو، کەناڵە ئەلەفزیۆنییەکان بە زمانی عەرەبی و سریانی و ئورکمانی و کوردی پەخشدەکران، کوردییەکان هەردو شێوەزاری سۆرانی و کرمانجیان بەکاردەهێنا، لەلایەن دو خاوەنداری ئایبەئەوە سانسۆر دەکران، ئەم میدیایانە زۆر کەڵکبەخش بون، سودی ئەم میدیایانە لەوەدا بو کە لە خزمەتی پروپاگەندەی سانسۆرەکانیاندا بون .

بەپێی بۆچونی ئینتەرنێتی نێودەوڵەتی ، لە وڵاتی عیراقدا، کوردی زمانی ڕەسمیی هەرێمی کوردستانە کە لە ئینتەرنێتدا بەکاردێت (ئەم باسە لە ساڵی 2012 دا خراوەتەڕو)، بەهەرحاڵ، بەر لە ساڵی 2003 وانا لە سەردەمی ڕژێمی سەدام دا، ئینتەرنێت بونی هەبو، بەڵام سنوردار بو لەژێر چاودێریی ئوندی بەرپرسانی ڕژێمدا بو. هەرچۆنێک بێت، ئەوەی ئینتەرنێتی بەکاربهێنایە، بە هەرزان دەسنیدەکەوت .

بەپێی کۆمسیۆنی بەروپێدانی نیشتمانی national investiment commission (لە زانیارییەکدا کە لە ساڵی 2009 بڵاویکردوەتەوە) بازاڕی ئینتەرنێت لە گەشەکردنێکی دراماتیکیدا بو، بەڵام کێشەی کوالێتی و خێرایی هەبو، وانا لاوازیی جۆرو خاوی کاریکردە سەر خزمەتگوزاریی گەیاندنەوە .

لە سەروبەندی جەنگەکانی یەکەم و دوەمی کەنداودا وێرانکاری بواری ئینتەرنێتیشی گرتەوە، ئەم بوارە گرنگە کەوتەژێر کاریگەریی گەمارۆی ئابوریی نێودەوڵەتییەوە کە بەسەر ئەم وڵاتەدا سەپێنرا، ئەم دارمانە بۆ چەند ساڵێک بەردەوام بو، کاریگەریی نەرێنی لەسەر ئینتەرنێت بەجێهێشت .

جێگەی خۆیەتی ئاماژە بەوە بکەین کە ئینتەرنێت چ خزمەتێکی گەیاند بە پەنابەرانی کوردو عیراقی لە دەرەوەی وڵاتدا، چونکە بەوهۆیەوە ئوانیان پەیوەندیی چڕوپڕ لەگەڵ کەسوکارییاندا لە ناوەوەی وڵاتێ ببەستن و «چاتchat» لەگەڵ خزم و هاوڕێکانیاندا ئەنجامبدەن لەهەر وڵاتێکی دیکە بن، بەمەش باری کۆمەڵایەتیی خۆیان لەگەڵ یەکتردا پتەوتر کردوە .

سودێکی ئری ئینتەرنێت لەوەدایە، کە ئا چ ڕادەیەک ئینتەرنێت خزمەتی ئەکادیمییەکان دەکات بۆ گەڕان بە شوێن بابەت و وێنەکانیاندا، ئەمڕۆ ئینتەرنێت ڕۆڵی کێبخانەی دەوڵەمەند دەبینێت، لەکاتێکدا لە عیراقدا کە کێبخانەکان لەڕوی دابینکردنی کێب و سەرچاوەکانەوەو لەمیانەی ڕێکخستنی کێبەکاندا نەگەیشتونەتە ئاستێکی بەرز .

هەر لەهەمانکاتیشدا ئینتەرنێت پەناگەیەکی ئایمەت بو بە پاراستنی بەڵگەنامەو دیکۆمێنت و وێنەو گرتەی ڤیدیۆیی، وانا ئەرشیڤێک لە ئینتەرنێتدا هەڵدەگریت و لە فەوزای بێ سەلیقەیی و لێنەزانینی خەڵک دەپارێزیت و کەلەپوری وڵاتێ لە فەوتاندن ڕزگاردەکات .

دیس سینیرجی Des Senergy لەئاستی خۆیەوە وای دەخاتەڕو کە لە ساڵی 2000 دا لەپاش ئەوەی ئینتەرنێت بەڕوی هاوڵاتیاندا کرایەوە، ژمارەی بەشداربوان لە 12, 500 کەسەوە بەرزبوەوە بۆ 325, 000 بەشداربو، بەمەش ئەنها 1.1% بو، ئەمەش نزمترین ڕێژە لەناو وڵاتانی هاوشێوەدا .

لۆرنس کاونتی ئوهایو وایدەبینێت، کە هۆکاری ئەم ڕێژە نزمە دەگەڕێنەوە بۆ کەمیی ژمارەی خاوەن کۆمپیوتەر لە نێوان دانیشتوانی وڵاتدا کە لە 15% ئێناپەڕێت، وێڕای ئەمانەش نەبون یان کەمیی ئەزوی کارەبا کاریکردوەتە سەر

بەکارهێنانی کۆمپیوتەر، ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە، کارەباو کۆمپیوتەرو ئینتەرنێت قۆرخ کرابو بۆ دەزگا حکومییەکان (2003)، ئەمە لەکاتێکدایە کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە ماوەی 5 ساڵدا گەیشتوونە 2, 27 ملیار کەس (واتا لە ساڵی 2007 بۆ 2012)، ئەمەش دوقاتە لە ژمارەی ساڵانی پێشتر زیاترە، کە جاران ئەنها ملیارو نیوێک کەس ئینتەرنێتی بەکاردەهێنا.

ئێمە دەزانین کە نۆری ئینتەرنێت لە زیادبوندایە، ئەم زیادبونەش لەخۆیدا چاوەڕێکراوە بەپێی هێڵی بەیانی لە هەڵکشاندایە.

بەهەرحاڵ، لە ساڵی 2010 ژمارەی بەکارهێنەران بازیداوە بۆ دو ملیار کەس، واتا لەو ساڵەدا 226 ملیۆن بەکارهێنەری تازە هاتونەتە سەر خەت، جێی سەرنجە کە لە سێ بەش، دو بەشی ئەم خەڵکە تازەیە سەر بە وڵاتانی جیهانی سێیەمن (بڕوانە ڕاپۆرتی BBC لەهەمان ساڵدا)، لەم حاڵەتەداو بەپێی هەمان ڕاپۆرتی BBC ژمارەی بەکارهێنەرانی وڵاتە پێشکەوتوەکان هێشتا لە سەرو وڵاتەکانی جیهانی سێهەمدان.

یەکێک لەو فاکتەرانەی کە بونە هۆی تەشەنەکردنی بەکارهێنانی ئینتەرنێت، دامەزراندنی سایتی www بو کە کورتکراوەی (world wide web)ـە واتە (جاڵجاڵۆکەتۆڕی جیهانی)، کە ئەم سایتە پێشەنگی تۆڕەکانی ترە، (بڕوانە تەخشەی دایاگرامی ئەم بەشە)، کە ڕاستییەکی حاشا هەڵنەگرە کە مرۆڤ بە سروشتی حەز لە گۆڕانکاری دەکات، ئەو حەزەی مرۆڤ تەوەندە بەهێزە کە گوێ نادانە ئەو گۆڕانکارییە خێرایەی کە لە جیهانی دەوروبەردا روودەدات.

هەروەک لە دایاگرامە ڕەنگاوڕەنگەکەدا دەردەکەوێت زیادکردنی بەکارهێن لە ساڵی 2007 ـەوە 1, 1 وانە یەک و لە دەیا یەک ملیار زیادیکردوە.

گرنگە ئاماژە بەوە بدەین کە ڕێژەی سەدیی زیادکردن وەک لە دایاگرامەکەدا دەرکەوتوە، لە ماوەی پێنج ساڵدا هاتوەتەڕاوە.



بەپێی زانیاری وێبسایتی pingdom ی ساڵی 2012، هەروەک لە هێڵکارییەکەی سەرەوەدا پیشاندراوە، لە پێنج ساڵی هەژمارکراودا وڵاتانی ئەفەریقا لە 34 ملیۆن بەکارهێنەرەوە هەڵکشاوە بۆ 140 ملیۆن، وانا بەڕێژەی 317 لە سەدا زیادیکردووە و ئاسیا لە 418 ملیۆنەوە گەیشتوەتە زیاتر لە یەک ملیار، وانا بە ڕێژەی 143 لە سەدا زیادیکردووە.

کەچی لە ئەورووپادا لە 322 ملیۆنەوە بەرزبوەوە بۆ 501 ملیۆن، وانا تەنها بەڕێژەی 56 لە سەدا هەڵکشانی بەخۆوەبینیوە، لە نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا لە 20 ملیۆنەوە گۆڕاوە بۆ 77 ملیۆن، ئەم ڕێژە سەدیەش دەکاتە 294%.

لە لایەکی تریشەوە لە ئەمەریکای باکور لە 233 ملیۆنەوە بەرزبوەوە بۆ 273 ملیۆن، وانا تەنها لە سەدا 17 زیادیکردووە، لە ئەمەریکای لاتینی (کە وڵاتانی ناوەڕاست و باشور دەگرێتەخۆ) لە 110 ملیۆنەوە گەیشتوەتە 236 ملیۆن و بە ڕێژەی 114% هەڵکشانی بەخۆوە بینیوە، لە کۆتاییدا وڵاتانی «ئۆشیانا» کە «ئوستڕالیا» دەگرێتەخۆ لە 19 ملیۆنەوە بازیداوە بۆ 24 ملیۆن بە واقعی 27%.

مایەی سەرنجڕاکێشانە کە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت لە عیراقدا هۆگری ژیانی «online» بون لە هێڵی ڕاستەقینەی ژیانی ئرادیسۆنی لایانداوە، لەم وڵاتەدا ئینتەرنێت بوە بە سەکۆی کەیف و سەفا لە نێوان هاوڕێکان و گروپی خەڵکدا، لەهەمانکاتیشدا وەک سەرچاوەکانی هەواڵ ئینتەرنێت بەکاردەهێنرێت.

وێڕای ئەم بەکارهێنانەش، عیراقییەکان سودی دیکەی لێوەردەگرن، ئینتەرنێتیان کردوە بە گۆڕەپانی گفتوگۆو لێکۆڵینەوە، لەوێدا ڕاوبۆچونەکانیان دەگۆڕنەوەو هاوکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لە بواری جۆراوجۆردا دەکەن، ئەمەش لەڕاستیدا میدیای کۆمەڵایەتی بەرجەستە دەکات.

ئینتەرنێت لە خۆیدا بوارێکی خزمەتگوزاریيە، شێوازەکانی فرەڕەنگن و بەگشتی زیاتر لە جاران دەبێنە سەکۆی چالاکیی هاوبەش، لەهەمان سۆنگەشەوە ئینتەرنێت دەنوانێت پانتاییەکی بەرفراوانی لێکنێگەیشتن و پەیوەندیکردن بڕەخسێنێت.

میدیای کۆمەڵایەتی: کورتە سەرنجێک

سایتەکانی میدیای کۆمەڵایەتی ناسراو بە social media sites بەکورتی پێیاندەوترێت «sms» کە خۆیان دەدۆزنەوە لە facebook, my space, twitter, youtube, linkedln and google دا، بونەتە وێستگەکانی سەرنجڕاکێشانی بەکارهێنەران و ڕۆژانە ملیۆنان کەس لە ئاستی کرداریی ژیانی ڕۆژانەیاندا سەردانی دەکەن، بە شێوەیەک کە لە 10 ساڵ کەمتردا میدیای کۆمەڵایەتی بە شێوەیەکی بەرچاو بە هەنگاوی لەسەرخۆ جێگەی خۆی لەناو فەزاکانی تری میدیادا کردوەتەوە.

لە سەرەتای ئەم هەزارەیەی نێستادا the current millennium چەندین ئۆڕی کارو خزمەتگوزاریی میدیای کۆمەڵایەتی لە ئاستی خۆجێی (local) و نیشتمانی و لە بواری ئایینیشدا کەوتونەتە بەردەستِ کۆمەڵانی خەڵک، وانا شەعبییەتیان زیادیکردوە، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە نەرێنی نێدا نیە، بەڵام جەماوەریان لە پەرەسەندندایە.

لە ماوەی ئەم ساڵانەی پێکهاتن و کامڵبونیدا، سەرفکردن لەسەر میدیا زیادیکردوەو لەگەڵ خۆیدا لە گەلێک شوێنی جیهاندا بەکاردێت.

شایەنی بەبیرهێنانەوەیە کە لە مانگی دیسەمبەری ساڵی 2008 دا facebook, twitter, myspace بەزۆری بەکارهێنراون، بەرزبونەوەی ڕێژەی بەکارهێنان بە ڕادەی 82% بوە لە شانشینی یەکگرتو (UK)، ویلایەتە یەکگرتوەکان (US)، ئوستڕالیا، بەرازیل، ژاپۆن، سویسرا، ئەڵمانیا، فرەنسا، ئیسپانیاو ئیتاڵیا، ئەم ڕێژەیە لەلایەن سایتی NIELSEMONLINE 2009, 2010 بڵاوکراوەتەوە، ئەم زیادبونەش دەگەڕێنەوە بۆ پەرەسەندنی پەیوەندیکردن لە نێوان بەکارهێنەراندا لە پانتایی هەمو جیهاندا.

ئێستا خەڵکی دەتوانن هاودەمی ئازە پەیدابکەن و پەیوەندییە کۆنەکانیشیان بپارێزن، هەر لەهەمانکاتیشدا بەشداربوان دەتوانن لەسەر گەلێک بابەت دواندن ئەنجامبدەن و ڕاوبۆچونی خۆیان ئاڵوگۆڕ بکەن.

بەپێی بۆچونی CASTELLS ئۆڕەکان (یان نێتۆرکەکان network) مۆرفولۆجییەکی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەکانماندا پێکدێنن، لە ئاکامی پەرەسەندنی نێتوۆرکەکانیشدا ئۆپەراسیۆن و دەرهاویشتەکان باشتردەکەن لە پرۆسەکانی بەرهەمهێنان و دەستەبەرکردنی ئەزمون و ئاڵوگۆڕی کەلتوری لایەنە جیاوازەکاندا.

لەم سەردەمەدا، لە بواری میدیای کۆمەڵایەتیدا هەردو فەیسبوک و یوتیوب لەوانی تر زۆرتر بەکاردەهێنرێن.

لەم بەشەی ئەم ماستەرنامەیەدا دێینەسەر پێناسەکردن و خستنەڕوی مێژوی میدیای کۆمەڵایەتی، لەهەمانکاتیشدا ئیشک دەخەینەسەر جۆرەکانی social media.

میدیای کۆمەڵایەتی: ئەو ڕێگە نازەیەیە کە بەکارهێنەر بەهۆیەوە دەتوانێت پەیوەندیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسانی تردا دروستبکات.

Boyd & Ellison لە ئاستی خۆیانەوە سایتی ئۆڕی کۆمەڵایەتی بە خزمەتگوزاری لەسەر بنەمای web وەسفدەکەن، کە بەهۆیەوە ئاکەکەسەکان دەتوانن پرۆفایلێکی جەماوەری، یان نیمچەجەماوەری دابڕێژن لە سیستمێکی دیاریکراودا، دەتوانن لیستێک بە ناوی ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت پەیوەندیی

بەردەوامیان لەگەڵدا سازبدەن و بەردەوام بن، لە ڕوی سروشت و کەلتوورییەوە دەشێت پەیوەندییەکان لە سایتێکەوە بۆ سایتێکی تر جیاواز واژو بکەن .

لە ڕاستیدا ئێمە هەردو زاراوەی میدیاو نۆڕ «social media site» و «social networking site» بەکاردەهێنین، چونکە دەبێت بزانین چ مانایەک دەبەخشن لەکاتی وەسفکردنی ئەم «دیاردەیەدا»، لەهەمانکاتیشدا social networking site لە گەیاندنی جەماوەریشدا دەردەکەوێت، ئەم دو زاراوەیەش بە زۆری بەکاردێن لەسەر بنەمای «interchengeably» یان ئالوگۆڕکاریدا، ئەمەش لەخۆیدا کۆکراوەی چەناڵەکانی پەیوەندییەسنتی ئۆن لاین – online کۆی کەناڵەکانی پەیوەندیکردن بەخشنن بۆ داخڵکردنی زانیاری سەر بە کۆمەڵگە community–based input، کاردانەوەی هاوبەش interaction، بەشداربون لە دەقەکاندا content– sharing و هاوکاریکردن collabration، وێب سایتەکان پراکتیزەکردنیان بەخشنن بۆ فۆروم forum، micro blogging، هەروا نۆڕی کۆمەڵایەتی social bookmarking social networking، لەگەڵ ئەمانەشدا ویکییەکان «wikis» کەونونەتە نێوان جۆرە هەمەڕەنگەکانی میدیای کۆمەڵایەتیدا.

وێڕای ئەمانەش، میدیای کۆمەڵایەتی بە شێوەی جیاوازتر لە باسەکانی ڕابردودا وەسفکراوە، لەبەرئەوە وەسفێکی گشتگیر بۆ میدیا دەسنیشان نەکراوە، بەڵام هەرچۆنێک بێت، باشوایە هەندێک ڕاوبۆچون بخەینەڕو، لەوانە:

Kaplan & Heinlein کە لە 2009 دا ونویانە کە پێکهاتوە لە پراکتیزەکردنی ئینتەرنێت کە لەسەر بنەمای ئایدۆلۆژی و تەکنەلۆژیایە دەزگای web 20 بونیادنراوە بە شێوەیەک کە ڕێگە خۆشدەکات بۆ ئالوگۆڕکردن لە نێوان بەکارهێنەرەکاندا.

وەلێ ronjones وای بۆ دەچێت کە «لە جەوهەردا، میدیای کۆمەڵایەتی جۆرێکی پۆلێنکراوی میدیای ئۆن لاینە online کە ئێیدا خەڵکان بەشداری دەکەن و دەدوێن، لە چەند ڕوبەکەوە بەشداری دەکەن و بە online بەشە گرنگەکانی کێبەکان دەسنیشان دەکەن»، وانا online bookmarking .

businessDictionaly. لەپاڵ ئەمانەشدا com کە فەرهەنگی کارو بزنسە دێنەسەر لێکدانەوەی وائای میدیای کۆمەڵایەتی و دەڵێت: «پراکتیزەکاری ئینتەرنێتی سەرەتایی و ئەلەفۆنی مۆبایل ئامێری دیکەیە بۆ بەشداریکردنی خەڵکی لە بەدەستهێنانی زانیاریدا» . (بڕوانە ئەم فەرهەنگە لە ساڵی 2011 دا)

میدیای ئەلیکترۆنی هەلی ڕەخساندوە بۆ ئەوەی خەڵکی بە ئازادی و بە ئاسانی بەمۆدێلێکی خێرا ڕای خۆیان دەربڕن، بڕوانە pizano2010، ئەم میدیایە لەهەمانکاتیشدا کاریگەریی نەرێنی کردوەتەسەر کەلتوری گەلان، بۆ نمونە: فەیسبوک و تویتەر گۆڕانکاریان هێنا بەسەر شێوازی پەیوەندیی نێوان خەڵکی و بەئاگاهانیان لە یەکتری.

ولیام بلۆگ لە ساڵی 2011 مشتومڕی لەسەر ئەوە کردوە، گوایە کاریگەریی میدیای کۆمەڵایەتی «پابەندە بە باوەڕو بیروبۆچونی خۆتەوە»، بەڵام کەسانی تر هەن کە بەلایانەوە میدیای کۆمەڵایەتی «کات بەفیڕۆدانە»، بەهەرحاڵ، ڕاوبۆچونی تر هەن، کە دەڵێن ئەم میدیایە دەرفەتێک دەسنەبەر دەکات بۆ دامەزراندنی هاوڕێیەتی نازەو بەردەوامیدان بە پەیوەندیی نێوان ئەندامانی خێزان کە بەهەر هۆکارێکەوە بێت نانوانیت چاوپێکەوتنیان لەگەڵ ئەنجامبدەین، یان بە ڕادەی ئاسایی بیانبینیت.

لەم دو سۆنگەیەوە josh rose دەڵێت: میدیای کۆمەڵایەتی لەیەک کاتدا نزیکمان دەکاتەوەو دوریشمان دەخاتەوە .

بە بۆچونەکانی Ellison and boyd، سایتەکانی میدیای کۆمەڵایەتی پەیوەندیی جیاواز کاردەکەن، لەسەر یەک بوار کارناکات، بوارەکانی جیاجیان، زۆربەی ئەم سایتانە دەبنە پاڵپشتی ئەو گفتوگۆیانە کە ئەنجامدەدرێن لەلایەن ئەو نۆڕانەی کە پێشتر بونیان هەبوە.

کەچی سایتی تر هەن دەبنە هۆی «پێکەوەبەسنی نالەبار» کە بەهۆی هەندێک چالاکی و ڕوئیای سیاسییەوە، یان بەهۆی بەرژەوەندیی هاوبەشەوە ئەم پەیوەندییە دەخولقێنن، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە هەندێک سایت خەڵکی لە خۆیان دوردەخەنەوە، هەندێکی نریش بەپێچەوانەوە خەڵک لە خۆیان نزیکدەکەنەوە، خۆنزیککردنەوەش لەسەر چەند بنەمایەک دەڕەخسێت، لەوانە: زمانی هاوبەش، ڕەگەز، جێندەر، ئایین، یان پێناسەی نەتەوایەتی.

جۆرایەتیی سایتیش هەیە لە میانەی نواناکانیاندا لە گوزەراندنی زانیاریی نازەدا، لە دابینکردنی ئامێرو کاڵای پەیوەندیکردندا، لەوانە: ئامێری مۆبایل و

> ویڕای ئەم بەکارهێنانەش، عیراقییەکان سودی دیکەی لێوەردەگرن، ئینتەرنێتیان کردوە بە گۆڕەپانی گفتوگۆو لێکۆڵینەوە، لەوێدا ڕاوبۆچونەکانیان دەگۆڕنەوەو هاوکاری لە بەدەستهێنانی زانیاری لە بواری جۆراوجۆردا دەکەن

یەکەمین داهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی ڕێکەوتی ساڵی 1997 دەکات بە ناوی sixdegree.com ـەوە بو کە تێیدا ڕێگەیان بە بەکارهێنەران دا پرۆفایلی خۆیان دابمەزرێنن و ویستی هاودەمەکانی خۆیان دیاری بکەن

ئامێری blogging و ڤیدیۆ بە مەبەستی هاوبەشی بە وێنە.

بەهەرحاڵ، سایتەکانی ئۆڕی کۆمەڵایەتی گەلێک خەسڵەتی ئەکنیکیی بەرفراوانی خستوەتە بەردەم بەکارهێنەران، لەوانە:

دەرخستنی زانیاری لە شوێنێکی بەرچاو لە وێب سایتەکەدا (لە ماڵپەرەکەدا)، یان پرۆفایلەکانیان لە شوێنێکی تایبەت بە هاوڕێکانیان دەردەکەوێت لەجۆرە لاپەڕەیەکدا کە کەسانێکی تر بۆیان هەبێت بچنە ناوەوە.

گرنگە بزانین کە لە کاتی کارکردن لەگەڵ sms دا، هەر کەسە دەبێت فۆرمێک پڕبکاتەوە کە کۆمەڵێک پرسیاری خاسیەتنامێزی تێدایە، لەوانە: ناو، نەمەن، تایبن، شوێنگە، حەزو تارەزو، زمان و تاستی ڕۆشنبیری، ناوەکو کۆتایی تەوانە هەمو دەچنە فایلی بەکارهێنەرانەوە.

هەندێک سایتیش هەن، کە داوا لە بەکارهێنەر دەکات کە وێنەی خودی خۆی بخاتە ناوەوە، هەندێک سایتیش هەن کە یارمەتیی بەکارهێنەر دەدەن بۆ تەوەی لە چەند ڕوویەکەوە پرۆفایلەکانیان پوخت و مۆدێرن بکەن، سایتی دیکەش هەن کە پرۆفایلی بەکارهێنەران دەخەنە قاڵبێکی تایبەتی ئۆکمەوە، لەوانە: فەیسبوک.

دەرخستنی پرۆفایل، یان پیشاندانی لە هەندێک سایتدا جیاوازن، وەک نمونەیەک لە ماڵپەری myspace دا پرسیاری تەوە لە بەکارهێنەر دەکات- لەکاتی ناردنی وێنەدا - تایا دەتەوێت وێنەکانت بە ڕەهایی بڵاوبکرێنەوە؟ یان تایبەت بن بە هاوڕێیان، وانا friends only؟، بەڵام فەیسبوک کایەیەکی جیاواز دەخاتەڕو، تێیدا هاودەم و هاوڕێکانی سەر بەهەمان ئۆڕ دەتوانن بڕوانن پرۆفایلی یەکتری بە مەرجێک خاوەن فایلەکە بڕیاری تەوەی نەدابێت کە بینینی فایلەکە هەر بۆ خۆی بێت و ڕێگە بە کەسی دیکە نەدرێت سەیری بکات.

(بۆید و ئیڵسۆن) دەڵێن: ئۆڕەکانی سایتە کۆمەڵایەتییەکان smss یان social network sites بەو پێکهاتەیە خۆیان لە یەکتری جیادەکەنەوە کە تا چ ڕادەیەک ڕێگە بە دیتنی ناوەڕۆکەکەیان دەدەن، بەهەرحاڵ، لە LinkedIn بەکارهێنەران بڕە پارەیەکیان داوە بۆ تەوەی بەوپێیە بزانرێت بۆیان هەبێت چی بینین یان نەبینین.

بەگشتی میدیای کۆمەڵایەتی ڕێگەی پێکەوەبەستن و پەیوەندیکردنی لەگەڵ بـــرادەری ئـــازەو کـــۆن و تەندامانی خێزاندا گۆڕی، بەمشێوەیە کۆمەڵگەشی گۆڕی، وێڕای تەمانەش بو بە گۆڕەپانی لەیەکنزیککردنەوەی کەلتورو ناسینی زمانی دایک لە نێوان بەکارهێنەراندا لە هەمو قوژبنێکی وڵاتانی تەم جیهانەدا.

مێـژو و چـەشـنـەکـانـی میدیای کۆمەڵایەتی:

لەم بەشەی ماسنەرنامەکەدا هەوڵی ئـــەوە دەدەیـــن چـەنـد جـۆرێـکـی تەم میدیایە بخەینەڕو، لێکۆڵینەوەش لەسەر تەنجامدەدەین و زۆخسارێکی مێژویی ئـەم سایتانە پێشکەشدەکەین، دوائـر ئیشک دەخەینەسەر تەو گۆڕانکارییانەو تەشەنەکردنەی کە بەسەریاندا هاتوە.

سکس دیگری six degree

یەکەمین داهێنانی میدیای کۆمەڵایەتی ڕێکەوتی ساڵی 1997 دەکات بە ناوی sixdegree.com ـــەوە بـو کـە تێیدا ڕێگەیان بە بەکارهێنەران دا پرۆفایلی خۆیان دابمەزرێنن و ویستی هاودەمەکانی خۆیان دیاری بکەن، تەم وردەکارییانە لە ساڵی 1998 دا کەونەگەڕو دەکرێت ناوی هاوڕێکان بخرێنە لیستێکەوەو لیستی ناوەکان هەڵبدرێنەوە وانا سەیربکرێن.

پێشتر گەلێک لە وێـب سایتەکان لیستی هاوڕێ و گروپی دروستدەکرد، بەڵام نەیاندەخستە بەرچاو، لەوانە: ICA و AIM کە پشتیوانی لیستی براددرایەتی دەکەن، سایتی classmate.com ڕێگەی بە خوێندکارانی تامادەیی و کۆلێژەکان دا کە پەیوەندی ببەستن لەگەڵ یەکتردا، بەڵام ئۆڕەکان نەیانتوانی پرۆفایل لەم سایتەدا دروستبکەن. Sixdegree یەکەم ئۆڕی کۆمەڵایەتی بو کە تەم فۆرمەی هەبێت.

Sixdegree وا ڕیکلامی بۆ خۆی دەکـرد، کە تامێرەکە بۆ یاریدەدانی بەکارهێنەران تاوەکو نامە یان مەسج بۆ یەکتر بنێرن و پەیوەندی ببەستن، تەم سایتە وەک تەوەی ملیۆنان بەکارهێنەری لەخۆکۆکردەوە، بـەڵام بەردەوامبونی بەخۆیەوە نەدی، نەشیتوانی پەرەبستێنێت و بـزنـسـی سـەقـامـگـیـر بـۆ خـۆی بڕەخستێنێت، لەبەرتەوە لە ساڵی 2000 دا تەم خزمەتگوزارییە گەیشتە کۆتایی لە تاوڕدانەوەیەک بەرەو دواوە، دۆزەرەوەی تەم سایتە هۆکاری سەرنەکەوتنی بۆ تەوە گەڕاندەوە، کە لەپێش سەردەمی خۆیدا هاتەکایەوە.

Friendster فرێندستەر:

دوای نەمانی سایتی پێشو، سایتێکی نر لە ساڵی 2002 دا لە وڵایەتە یەکگرتوەکان دامەزرێندراو ناویان لێنا Friendster، ئەم سایتە سودی لە بیرو تیۆرانینی سایتی sixdegree.com وەرگرتبو کە بۆ خۆی لەناوچوبو.

ئەم سایتە بە ئێپەڕبون لە بازنەی هاوڕێیایەتیدا، وانا لە میانەی خەڵک بەسڵن بە یەکتریەوە گەیشتە ئەو بیرۆکەیەی خەڵکانێکی زۆر لە کۆمەڵی ڕێکوپێکدا بە online پێکەوە ببەسترێن.

بەمشێوەیە ئەم سایتە تازەیە لەماوە یەک ساڵ لە دامەزراندنی سێ ملیۆن کەس کە بەشداربو نۆماربکات، حەزی گەورەی خەڵکیشی بزواند بۆ وەبەرهێنان، جیاوازیی سایتی Friendster لەو نەخشەیەدا بو کە داڕێژرابو بۆ یاریدەدانی هاوڕێیان لە دروستکردنی هاوڕێیەتیدا .

Linkedln لینکدین:

بەپێی زانیاریەک 2007 goble داویەتی، تۆڕی کۆمەڵایەتی کە دوابەدوای تەوانی دیکە هاتن، Linkedln بو کە لە ساڵی 2003 دا دامەزرێندرا، ئەم وێبە بو بە یەکێک لە بەناوبانگترین تۆڕی کۆمەڵایەتی و ئوانی 175 ملیۆن ئەندام لە لاپەڕەکانیدا کۆبکاتەوە کە بە زۆری بزنسمانن، لەپاڵ ئەمانیشدا گەنجان و هاوپۆلەکان و هاوڕێکان بون.

لە سەرەتادا (لینکدین) ڕێگەی بە بەکارهێنەرانی دا لە پرۆفایلی خۆیان بنێرن (لە شێوەی ڕەوشی ژیان C.V)، و بەشداربوانیش لە ڕێگەی ناردنی مەسج یان نامە پەیوەندی پێکەوەببەسڵن، ناوەکو وایلێهات کە ئەم سایتە ببێت بە کاڵایەکی گرنگ کە دەبێت بەکاربهێنرێن بۆ کارمەندان لە بەهێزکردنی پەیوەندییەکانیان و بۆ کارپێکردن و بڕەودان بە کارەکانی ئیسڵایان و دۆزینەوەی هەل و شوێنکاری دیکە لە داهاتودا .

ئەم سایتە بە گریمانەیەک کاردەکات کە دەبێت بەکارهێنەران ئەوانی دیکە بناسن بۆ ئەوەی کۆنتاکت لەگەڵ یەک بکەن، ئیدی وردە وردە ئەم سایتە گەلێک خەسڵەتی دیکەی بەدەستهێنا، لەوانە: بەشداربوان وەک گروپ خۆیان دامەزراندو سەکۆی پرسیارو وەڵامیان ڕەخساند، لەهەمانکاتیشدا بەکارهێنەران لە account بەئاگاین. ئەم سایتە بو بە گۆڕەپانی دۆزینەوەی هەلی کارو دۆزینەوەی کرێکارو کارمەندان.

My space مای سپەیس:

My space میدیایەکی کۆمەڵایەتی دیکەیە، کە بەتایبەت لەناو گەنجاندا بەکاردێت، جەماوەری ئەم سایتە لەگەیشتونەتە ئاستی فەیسبوک، ئەم سایتە بەتایبەتی لەلایەن هەوادارانی باندی indie-rock وە بڕەوی پێدەدرێت، ئەمەش دوابەدوای ئەوە هات کە دەرگای friendster بە ڕوياندا داخرا، چونکە نەیانتوانی پابەندی مەرجەکانی پرۆفایلی ئەم سایتە بن .

ئۆژینەوەیەکی ئازەی سەر بە ئۆڕەکان دەریخستوە، کە مای سپەیس و یوتیوب خاوەنی گەورەترین جەماوەری teanager ەکانن و شوێنێکی ناسراوە بۆ باندەکانی مۆسیقا، لەوێدا ماڵپەر واژو دەکەن .

دامەزراندنی مای سپەیس لە مانگی هەشتی ساڵی 2003 دا، لەلایەن برادگرینسیان (دوانر - ceo of e universe)، ئۆم ئەندرسۆن، کریس دیۆلف و جۆش بێرمان کاری بۆ کرا . دەنگوباسی ئەوەی کە کۆمپانیای (corp, s willingness) 580 ملیۆن دۆلار بداث بە مای سپەیس، بو بە جێگەی مشتومڕ .

مای سپەیس بانگەشەی ئەو گەنجانەی کرد کە ئەندامی فرێندستەر نین کە پەیوەندی بە سایتەکەیانەوە بکەن، کاردانەوەی باشی لێکەوتەوە بەتایبەتی لەلایەن هەوادارەکانی باندە موزیکییەکانەوە، ئەو باندانەی کە بەلایانەوە پەسەند بو لێرەدا گەنجەکان هانی هاوڕێکانیان دا کە پەیوەندیکردن لە ڕێگەی گۆرانیوونتەوە.

مای سپەیس لەجیاتی ئەوەی ئەمەن منداڵەکان ڕەتبکاتەوە، سیاسەتی خۆی گۆڕی لە ئاستی ئەمەندا . لەدوای ئەم گۆڕانکارییە، زۆرینەی ئەمەنی بەشداربوان کەوتە نێوان 16 بۆ 24 ساڵ.

Youtube یوتیوب:

لە ساڵی 2005 دا میدیایەکی دیکەی کۆمەڵایەتی بە ڕەسمی جارێ بۆ دراو بو بە یەکێک لە خاوەن گەورەترین جەماوەر لە میانەی بەکارهێنانیدا، شەعبیەتی ئەم سایتە دوابەدوای فەیسبوک و مای سپەیس دێت.

یوتیوب لەخۆیدا بەشداربونە لە وێنەو فیلمی ڤیدیۆییدا، لە ڤیدیۆییەکەدا بە ژمارەیەکی زۆر لە بەکارهێنەرانی ئینتەرنێت ڕوی ئێدەکەن ئاوەکو youtube وای لێهاتۆ کە خۆی بە نمونەیەکی نایابی «worlds online video community» کۆمەڵگەی جیهانی چونە سەر خەتی ڤیدیۆ بناسێنێت .

پلانی youtube بە شێوەیەک بو کە: «لەمپەڕە هونەرییەکان لەسەر بەشداربونی ڕەهای video online هەڵگری فیلمەکان بخرێنە بەردەم بینەران، بەکارهێنەرانیش ڕێگەی خەزنکردن و ئەماشا کردن و بڵاوکردنەوەیان پێبدرێت بەبێ ئەوەی پێویستیان بە ئاستێکی بەرزی ئەکتەڵۆژیا بێت لە میانەی standard browser software .

یوتیوب بە سایتێکی بێبەرامبەر هەژمارەدەکرێت، چونکە ڕێگە بە بەشداربوانی دەداث کە ڕۆژانە ئەماشای ڤیدیۆ بکەن، فیلم دابەزێنن، وە دەتوانن لێبینی و هەڵسەنگاندنی خۆیان لەسەر ڤیدیۆکان نۆمار بکەن، youtube سێیەمە لە ئاستی جەماوەریدا، هەروا هاتوەتە ناو لیستی (top sites 2013) بۆ زانیاری لەمبارەیەوە مانگانە زیاتر لە چوار ملیار

سەعاتْ فیلم و ڤیدیۆ لەسەر ئەم سایتە کۆمەڵایەتییە ئەماشادەکرێتْ.

لە ئاستی هەمو جیهاندا، 72 کانژمێر ڤیدیۆ دەکرێتە youtube ـەوەو لە هەمو خولەکێکداو بەسەر 53 وڵاتدا بەکاردێن و بە 61 زمان دادەبەزن، ئەم زانیارییە بەپێی ئاماری ئەم دەزگایە خۆی هاتوە وانا (youtube statisties 2013) هاتوە، ئەنها لە ساڵی 2010 دا 700 ملیار playbach نیشاندراوە.

Facebook فەیسبوک:

فەیسبوک بەناوبانگترین میدیای کۆمەڵایەتییە، لە ساڵی 2004ـەوە لەلایەن خوێندکارانی هارڤاردەوە دامەزرێندرا، لە ماوەی 4 ساڵدا، وانا لە ساڵی 2008 دا بو بە جەماوەرترین میدیای کۆمەڵایەتی، سایتی my space ئێپەڕاندو بەردەوامیشە لەم سەرکەوتنەدا.

ژمارەی بەکارهێنەرانی فەیسبوک ئێستا لە سەرو یەک ملیارەوە بەسەر هەمو وڵاتانی جیهاندا دابەشبون، دواتر گفتوگۆی چڕوپڕ لەبارەی ئەم سایتە کۆمەڵایەتییە (facebook) دەکەین.

Twitter تویتەر:

سایتی ئوینەر لە ساڵی 2006 دا دامەزرێندرا وەک نوێری دابینکردنی زانیاری لە کاتی خۆیدا، وانا real time information network کەوتەکارو ئوانی دوا زانیاری و لە کاتی دەستکەوتنیدا بگەیەنێتْ، لێرەشدا بەشداربو دەتوانێتْ زانیارییەک وەربگرێتْ کە مەبەستیەتی... پەیوەندیکردن بە ئوینەرەوە کورتخایەنە، زانیارییەکە بە 140 پیتْ (کارەکتەر) دەداتْ بە بەشداربوان.

بەکارهێنەرانی دەتوانن لە رێگەی tweets -وە پەیوەندی بە یەکترییەوە بکەن و پێکەوەبەستنی میدیایی پەیدابکەن، بەشداربوانی twitter دەتوانن هاوبەش بن بە نوێترین زانیاری لە رێگەی بەشداربوانی ترەوە، دەزگا ناسراوەکانی میدیایی وەکو newsweek (کە گۆڤارێکی هەفتانەی بەناوبانگی ئەمەریکییە) و کەناڵی وەک جەزیرەو کەستێیە ناسراوەکان بەشداریدەکەن لە گەیاندنی زانیاریدا.

Twitter دەکرێتْ وەک بەکارهێنەری hashtegs پۆلێن بکرێتْ هەشتْ لە خۆیدا گروپی ناردنی بابەتْ و وێنەمان بۆ یەکتری.

ئوینەر لە ساڵێکدا ئوانی لە 2ok (بیستْ هەزارەوە) سێ قاتْ زیادبکاتْ و بگاتە 6ok، ئەمەش لە ئاکامی بەستنی کۆنفرانسێکەوە بو.

Twitter ئوانی گەشەبداتْ بە مۆدی cult-like وانا شوێنکەوتنی کەستێیە گرنگە ناسراوەکان، بۆ ئەم مەبەستەش هەندێک کەستێیی بەناوبانگ وەکو (ashton kutched, demi moore, soleil moon frye, MC hammez, oprah, marth stewalte) و گەلێک کەستێیی دیکە بون بە پێشەنگ.

لە سەرو ئەمانەشەوە خەڵکانێک هەن کە کار بۆ ئەم سایتە دەکەن بە twitter clients ناسراون، کارەکەشیان بریتییە لە گەیاندنی زانیاری بە هاوبەشان لە کاتی خۆیداو گەیاندنی خزمەتگوزاری و ئیدارەدانی بەکارهێنەران، ئەمانە وێنەو گرنەی ڤیدیۆیی راستەوخۆ لە رێگەی twitterـەوە بڵاودەکەنەوەو دەیانگەیەننە کەسانی مەبەستْ.

ئەمرۆ خەڵکی دەتوانن میدیای جۆراوجۆر بەکاربهێنن و وێنەی خودی خۆیان بنێرن و سود لە ڤیدیۆ و ئودیۆ وەربگرن، لە رێگەی میدیای کۆمەڵایەتیشەوە لێکۆڵینەوە دەربارەی ژیانی رۆژانەی خۆیان ئەنجامبدەن، بەشداربوان لە رێگەی ناردنی وێنەو گرنەی ڤیدیۆییەوە، یان هەر شتێکی دیکەوە بەشداری گفتوگۆ بکەن لەگەڵ ئەم کەسانەی دەیانەوێتْ.

ئەم چالاکییانە بە شێوەیەکی ئازادو بێ بەربەستْ دەڕەخسێتْ و ئازادی بوەنە خەسڵەتێکی سەرەکیی میدیای کۆمەڵایەتی، لێرەدا وتارێک دێنەئاراوە کە دەڵێتْ: (دروستە، بەڵام رەنگە من بە شێوەیەکی جیاواز بجوڵێمەوە، بە ئینگلیزی بەرامبەر بەم رستەیە: ok, just may be I move in diffent place).

Facebook on over view فەیسبوک بە کورتی:

فەیسبوک کەناڵێکە کە خەڵکانێکی جیاواز دەبەستێتْ بەیەکەوەو لە ئاستی پانتایی هەمو جیهاندا رێگە بە بەکارهێنەران دەدرێتْ پەیوەندی بە یەکترییەوە ببەستن، لە دەنگوباس ئاگادارین، بزانن چی روودەداتْ و دەتوانن بە ئاسانی زانیاری لەگەڵ یەکتردا ئاڵوگۆڕ بکەن.

ئەمرۆ فەیسبوک ناسراوترین سایتەو خاوەنی گەورەترین شەعبیەتە، بەشداربونی گەیشتوەتە 400 ملیۆن کەس بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە خودی فەیسبوک «facebook2010»

ئەو خوێندکارە، کە لە زانکۆی هارڤارد ئۆڕی فەیسبوکی دۆزیەوە مارک زوکەربێرگ mark zuckerberg ـە، ئەم خوێندکارە بە یارمەتی دو خوێندکاری دیکە کە لە بەشی ناوخۆیی بەیەکەوە بون، لە ساڵی 2004 دا ئەم ئۆڕە گرنگە دامەزرێنێتْ و بە سێ ساڵ دوای ئەوە (لە 2007 دا) بیستْ و یەک ملیۆن بەکارهێنەر بەشداریان ئێدا کرد، رۆژانەش زیاتر لە ملیارو نیوێک لاپەڕەی فەیسبوک ئەماشادەکرێتْ ، سٹاندردی کانی سەیرکردن بو موعەدەلی بەشداربوان 20 خولەکە لە رۆژێکدا، لانی کەم، لە سێ بەش دو بەشی بەکارهێنەران زیاتر لە جارێک رۆژانە دەچنە ناو فەیسبوکەوە.

ئەم ئۆڕە کۆمەڵایەتییە زۆر ئایەنە بۆ زانینی دەنگوباس، چۆنێتیی رووداوەکان و پاراستنی ئایەنەندییەکان و گەلێک شتی تر.

فەیسبوک بوە بە خاوەنی ئایەنەندییەک گە بەهۆیەوە بەشداربوان

دەتوانن هاوڕێ بدۆزنەوە، مەسج بۆ یەکتری بنێرن، پرۆفایلەکانیان سەردەمیانە بکەن و ئازەیان بکەنەوەو هەمیشە ئاگایان لە یەکتر بێت.

بەکارهێنەرانی فەیسبوک دەتوانن گروپ دروستبکەن و لێیدا ببن بە ئەندام و پەیوەندییەکانیان بەرفراوان بکەن لە هاوڕێکانیان زیاتر بەئاگا بن و بەرەو بە حەزو ئارەزوەکانی خەڵکانێکی زیاتر بدەن، لە بارەی ئەم بابەتەوە بڕوانە هەردو وتاری: (quan - hasse and young 2010 and BBC 2012).

ئەمە لەلایەک، لەلایەکی تریشەوە باش وایە وەسفی ellie & yent بخەینەڕو کە دەڵێن «دیوار» گرنگترین خەسڵەتی فەیسبوک کە لەگەڵ پاراستنی ئایبەنمەندیدا باری زانیاری بەشداربوان بخرێنە ناسنی سەردەمەوە وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە کە بیر لە چی دەکەینەوە یان what, s on your mind ? ئەم پرۆسەیەش بە بەراورد لەگەڵ خەڵکانی ترا بە ئاسانی ئەنجامدەدرێت، ئەم چالاکییانە هەمو راسنەوخۆ لەکاتی ویسنراودا read-time دەکرێن، بۆ پاراستنی کات دەکرێت پرسیارو وردبوونەوە زۆر بە کورتی بکرێن و لەپاڵ دەنگوباسی هاوڕێکاندا لە گروپ و کۆمەڵگا بەئاگا بێن، لەنێو ئەم چالاکییانەدا رەنگە هێڵی دەنگوباس ناردن news feed لە هەمویان بایەخدارتر بێت، چونکە هەمو ئەندامان لە ماڵی ناکەکەسێک بەئاگا دێن.

بێگومان حاڵەتی بەشداربویەک، چەند بوارێک دەگرێنەوە کە بەشداربوە خوازراوەکان، یان هاوڕێکان لێیان بەئاگا دەبن، هەر ئەوەندەی فەیسبوکێ کردەوە لەوە بەئاگا دێیت کە هاوڕێکانت لەوانەی بەشداربوی ئەم سایتەن چی وێنەو دەنگوباسیان خستوەتەڕو یان چ نامەیەکی ئایبەتیان بۆ نۆ ناردوە کە ئەنها بۆ خۆتە، ئۆش دەتوانیت وێنەی نازە بخەیتە پرۆفایلەکەتەوەو ئێبینی لەسەر راوبۆچونی هاوڕێکانت بە ئایبەتی و عامەی خەڵک بەگشتی بکەیت ئەگەر هانو هاوڕێیەک یان هەر کەسێکی تر وێنەیەک یان ئێبینییەکی بڵاوکردەوە، نۆ دەتوانیت بە ئەرێنی و بە نەرێنی لەسەری بنوسیت یان زۆر بە ئاسانی کلیک لەسەر like or unlike بکەین، لە کۆتاییدا سایتەکە پشانت دەدات چەند کەس سەیری وێنەو ئێبینییەکانی کردوەو رای خۆیان لەسەر دەربڕیوە.

لە میانەی ئایبەنمەندییەکی ترا، لە کاتی بەستنی رەفیقایەتی نازەدا، پرسیارێک دێنەپێشەوەو دەڵێت ئایا پێشتر ئەم کەسەت ناسیوە؟ ئەگەر وەڵامەکەی (بەڵێ) بو ئەوە بۆت هەیە هاوڕێیەتی لەگەڵ ببەستیت.

هەر لە سەرەتاوە تامانجی zuckerberg ئەوە بو کە پانتاییەکی فراوانتر بۆ خولقاندنی پەیوەندیی نێوان خەڵکی برەخسێنێت، زوکەربێرگ لەم پرۆسەدا هاوبیری burners-lee بو بۆ ئەم فراوانکارییە بخەینەڕو:

«کرانەوە دەرفەتێکی زۆرترو باشتر بۆ کۆمەڵگەو دەزگاکانی دەرەخستێنێت لە گەڵێک بواری وەکو میدیا، ئابوری و پەیوەندیی نێوان خەڵکی لە بەینی خۆیاندا لەگەڵ حکومەتداو لەگەڵ بەرپرسەکاندا، لەم کرانەوەیەدا راسنگۆیی و شەفافیەت بە ئاسنێکی بەرز رەچاودەکرێت، بەم کارانەش ئاسنی ئایدۆلۆژیای بەرهەمهێنەر دەگوزەرێت، چونکە هاوڵاتیان بە ئازادییەوە دەتوانن بەشداری لە پرۆسەی کرانەوەدا بکەن».

ئەمانە لەلایەک، لەلایەکی دیکەوە ئەم کرانەوەیە لە سنوری خۆجێگەیی ئێدەپەڕێت بۆ ئاسنی نێودەوڵەتی لە گەڵێک بواردا بە ئایبەتی گۆڕینەوەی راوبۆچون و دڵنیابون لە دۆزینەوەی ئاڕاستەی دروستدا .

زوکەربێرگ باوەڕی وایە کە کرانەوەو شەفافیەت رێگەچارەیە بۆ داڕشتنی زەمینەی جیهانێکی باشتر، قسە لەسەر ئەوەش دەکات کە شەفافیەت قەزایەکی

> فەیسبوک کەناڵێکە کە خەڵکانێکی جیاواز دەبەستێت بەیەکەوەو لە ئاستی پانتایی هەمو جیهاندا رێگە بە بەکارهێنەران دەدرێت پەیوەندی بە یەکترییەوە ببەستن

فراوانتر دەبەخشێت بە نەتەوەکان بۆ ئەوەی خۆیان باشتر بناسێنن و پەیوەندی نێوانیان بەهێز بکەن.

شایەنی باسە ئەنها دوای چەند هەفتەیەک لە دامەزراندنی فەیسبوک، نیوەی خوێندکارانی زانکۆی هارڤاردی ئەمەریکی لاپەڕەی خۆیان لەم سایتە کۆمەڵایەتیەدا کردەوەو دوابەدوای ئەمانیش گەلێک خوێندکاری کۆلێژو زانکۆکانی دیکە هەمان پەیوەندییان لەگەڵ سایتەکە بەست .

هاڵر haller لەئاسنی خۆیەوە لە ساڵی 2010 دا دەڵێت: فەیسبوک بوەتە دیاردەیەکی بەرچاو کە لەیەک ساینداً زۆرترین خوێندکارانی زانکۆکانی کۆکردەوەو بەهۆیەوە دەتوانین فراوانترین پەیوەندی لە نێوانیاندا بنیات بنێت. دوابەدوای خوێندکاران، کەسانی ئەمەن 40 ساڵ و بەرەو ژورتر پەیوەندیی کۆمەڵایەتی خۆیان بەهۆی سایتەکەوە

بەست.

یەکێک لە هێما نایابەکانی فەیسبوک ئەوەیە کە خاوەنی کەموکوڕییە ئایینەئەکان دەئوانن پێکەوە کاربکەن و وەکو گروپ کاربکەن، بەشداری گەلێک چالاکیی هاوبەش وەک چالاکیی سیاسی بکەن. هەر لەم سۆنگەیەوە 22 هەزار کۆمەڵەی جیاجیا خۆیان خستوەتەسەر سایتی فەیسبوک .

بێگومان ئەم ژمارەیە ئێستا گەلێک هەڵکشاوە، هەر لە ساڵی 2006 دا 2 هەزار لەم گروپانە ئەنها لە ویلایەتە یەکگرتوەکان بون، کە زۆربەیان سەر بە زانکۆکان بون.

بەمانە فەیسبوک پلەی حەوتەمی هێنا لە هەمو جیهاندا لە چونە سەر وێبی (www:world wide web) ئەوە لەو زانیاریانەوە هاتوە کە «Cassidy 2006» داویەتی، بە کۆتاییهاتنی ساڵی 2006 ژمارەی بەکارهێنانی فەیسبوک 2006 لە 21 ملیۆن تێپەڕیکرد، ئەم ژمارەیە لە هەڵکشاندا بو تا وایلێهاتە لە مانگی هەشتی 2008 دا سایتەکە بو بە خاوەنی گەورەترین جەماوەر لەسەر روی زەوی.

وەک zackerberg لەم سایتەدا زانیاریی باوەڕپێکراوی داوە، ژمارەی ئۆمارکەران بە شێوەیەکی دراماتیکی لە هەڵکشاندایە: لە مانگی نیسانی 2009 دا ژمارەکە خۆیدا لە 200 ملیۆن، لەگەڵ ئەمەشدا وڵاتانی بەشداربو، وە زمانی جۆراوجۆر زیادیانکرد، لە ساڵی 2012 دا لە یەک ملیار بەشداربو زیاتربو، ئەم ئامارە لە bbcـەوە وەرگیراوەو باس لەوەشدەکات کە 600 ملیۆن کەس بەهۆی ئەلەفۆنی مۆبایلەوە لە ڕێگەی «log in» پەیوەندیان بە فەیسبوکەوە کردوە.

لە سەرەتای دەستپێکی سایتە کۆمەڵایەتییەکاندا کۆمەڵێک سایتی ناسراو و ئۆکمە هەبون، وەکو friendster, myspace, orkut، بەڵام فەیسبوک هەمویانی خست بە لاداو بە خێرایی پەرەیسەندو زۆرترین بەشداربوی لەخۆی کۆکردەوە، ئەوەندە هەوادارانی زۆربو ئەوەندەش سایتەکە لەڕوی هونەرییەوە بەهێزتر بو، تا وایلێهاتە بو بە (دیفاکتۆ)ی سایتی کۆمەڵایەتی.

راستییەکەی، ملیۆنان خەڵک لەم جیهانەدا فەیسبوک بەلایانەوە باشترین ئۆڕی کۆمەڵایەتییەو وەک ئینتەرنێتیش بەکاریدەهێنن ، بەهەرحاڵ، رای دژواریش هەیە، چونکە بەڵای خەڵکانێکەوە فەیسبوک دژ بە ڕەوشی کۆمەڵایەتی راستەقینە دەوەستێت، چونکە چاٹ یان گفتوگۆو دەمەتەقێ راستەوخۆ نییەو دورە لە مانای کۆمەڵایەتی، کەسانی تر هەن کە دەڵێن: شتێک هەیە بە ناوی فەیسبوکەوە کە زۆرترین کێشەی کۆمەڵایەتی هاوردەو هەنارەدە دەکات، ڕێژەی ئەڵاقدان بەرزدەکاتەوەو دەبێتە هۆی داوێن پیسیی ژن و مێردو بڵاوبونەوەی کاری خراپەکاری لە کۆمەڵگەدا .

Facebook in Kurdistan

فەیسبوک لە کوردستاندا:

خەڵکی کوردستان و خەڵکانی وڵاتانی دیکە هۆگری ئەم ئۆڕە کۆمەڵایەتییە بون، لە ناوخۆی وڵاتدا پەیوەندیی فەیسبوکی لەگەڵ خزم و هاوڕێیاندا دەبەستن و لە وڵاتانی دەرەوەشدا پەیوەندییەکان بەرفراوان دەکەن و ناسیاو زیاد دەکەن، گەلێک لە خەڵکانی کوردستان خزم و کەسوکاریان لە هەندەران دەژین، ئەوانیش بەهۆی فەیسبوکەوە بەبێ بەرامبەر لە بارودۆخی یەکتری بەئاگا دەبن، (وەکو پێشتر باسمان کرد ڕێژەیەکی بەرچاوی کورد بوەتە پەنابەر) بەڕاستی فەیسبوک بە ئاسانی لە یەکتری نزیککردوەتەوەو بە ئاسانی هاوڕێکانیان بەسەردەکەنەوە.

لە سۆنگەیەکی دیکەی زۆر گرنگەوە، کورد بە شێوەی ئاکەکەس و گروپ و کۆمەڵگە دەئوانن کەلتوری خۆیان بپارێزن و لەسەر لاپەڕەکانی فەیسبوک بە خەڵک و میللەتانی دیکەی بناسێنن، بەشداربوی کورد دەئوانێت جلوبەرگ و خۆراکی دابنێ و پێناسەی زمانی کوردی و چەندین باری کۆمەڵایەتی و دابونەریت لە بینەرانی فەیسبوک بناسێنن.

لەڕوی ئامارەوە لە عیراقدا 3, 288, 580 کەس سایتی فەیسبوک بەکاردەهێنن، وە ئەنها لە ماوەی 6 مانگدا نزیکەی یەک ملیۆن کەسی دیکە سەردانی فەیسبوکیان کردوەو ناوی خۆیان ئۆمارکردوە.

لەم بوارەدا (بەهۆی زانیاری MAU ـەوە عیراق بو بە پەنجاهەمین دەوڵەت لە جیهاندا کە فەیسبوکی ئێدا بەکاردێن، (بڕوانە social bakers 2013) ، ئامارەکانی ئەم دەزگایەش وایان پیشانداوە کە ڕێژەی ئەو عیاقیانەی کە دەچنەسەر ئەم سایتە 11.8% هەمو دانیشتوانی وئەکە دەکات، وەلێ بەکارهێنانی ئینتەرنێت بە ڕێژەی 415.34% زیادە، گرنگە ئەوەش بزانین کە ئەم داتایانە کوردستانیش دەگرێتەوە، چونکە کوردستان هێشتا وەک وڵاتی سەربەخۆ ئاماری ئایبەتی بۆ نەکراوەو لەگەڵ عیراقدا هەژماردەکرێت.

ئەگەر بمانەوێت بە نزیکەیی بزانین ژمارەی بەکارهێنەرانی کورد چەندە دەکرێت ژمارەکە لەسەر پێنجدا دابەشبکرێن و بەمشێوەیە دەگاتە 657.716 کەس کە ئەم ئۆڕە بەکاردەهێنن.

ئاشکرایە کە ڕێژەی دانیشتوانی کورد لە عیراقدا دەگاتە 15-20% کۆی دانیشتوانی عیراق، لەم ڕەوشەوە رادیۆی BBC دەڵێت: 80% ی عیراقیەکان بە زمانی عەرەبی و نزیکەی 20ی بە کوردی دەدوێن.

بەڵای دەزگای social baker - وە عیراق لەناو وڵاتانی دراوسێدا بە ئاستێکی بەرز فەیسبوک بەکاردەهێنێت، هەروا MAUیش وای نیشاندەداٹ کە عیراقییەکان 0.03% یان فەیسبوکی جیهان بەکاردەهێنن، بەمشێوەیەش عیراق دەکەوێتە پێش ئەمەریکای باشورەوە، ماو ئەم ئامارەی لە ساڵی 2013 دا ئەنجامداوە.

ڕێژەی بەشداربوانی فەیسبوک لە عیراق بەپێی ئەمەن:



ڕێژەی بەشداربوانی فەیسبوک لە عیراق بە پێی ڕەگەز:



ئەم دو نەخشەیەی سەرەوە دیمۆگرافیای دابەشبونی ڕەوشی بەکارهێنانی نۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوک پیشاندەدات لە هەمو عیراقدا، کە قسە لەسەر ڕێژە بێت ئەوە کوردستانیش بەهەمان ڕەوشدا دەڕوات.

ئاماری نەخشەی وێنەی دوەم وای نیشاندەکات کە زۆربەی ئەو کەسانەی دەچنەسەر فەیسبوک لە ئەمەنی 18 بۆ 25 ساڵن و ژمارەیان دەگاتە 1, 360, 740 کەس، دوەم ڕێژەی بەرز دەکەوێتە نێوان 25 بۆ 34 ساڵ.

بەڵام وێنەی سێیەم نەخشەیەکە کە بەشداربوان لەسەر ئاستی جێندەر دابەشدەکات لە سەرانسەری عیراقدا، بەوپێیە بێت 74% بەکارهێنەران ڕەگەزی نێرن و 26% بەکارهێنەری ڕەگەزی مێینەن، بەهەمانشێوەش ئەم ڕێژەیەش بەسەر کوردستاندا دەچەسپێت، واتا لە کوردستان پیاوان سێ جار زیاتر لە ئافرەتان بەشداری فەیسبوک دەکەن.

دەزگای (شەکو - ماکو) دێنە سەر خەت و دەڵێت: نۆڕی کۆمەڵایەتی facebook لە هەمو سایتەکانی دیکە زۆرتر بەکاردەهێنرێت، ڕێژەکەی دەگاتە 80% بە بەراورد لەگەڵ ئەوانی دیکەدا . (بڕوانە بڵاوکراوەی ideas zoll کە لە نەخشەی چواردا دەبینرێت.

هەمان نەخشە ئەوەش دەستنیشاندەکات کە هەردو سایتی ئوینەرو لینکەدین، هەردو وەک یەک 10%یان بەردەکەوێت.

ڕێژەی بەکارهێنانی سایتە کۆمەڵایەتییەکان کە هەرسێ نۆڕی facebook, twitter, linkdln:



لەلایەکی دیکەوە، بۆ ئەوەی بزانین بەکارهێنانی فەیسبوک لە ولاتانی ئر چۆنن، ئامارەکانی 2013 کە لە بریتانیا کراون دەریخستوە کە لەوێ 33 ملیۆن کەس فەیسبوک بەکاردەهێنن، لە ماوەی ساڵی رابردوشدا 2012 بۆ 2013 (سێ) ملیۆن بەکارهێنەر زیادیکردوە، فەیسبوک لە جاران بەگورتر دەچێنە ناو ماڵانەوە، بەڵام ئەم زیادبونە ئەوە ناگەیەنێت کە بە ڕێژەش بەکارهێنانی فەیسبوک لە زیادبوندایە، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێنەوە کە ژمارەیەکی یەکجار زۆر لە ساڵانی رابردودا لە نۆڕی کۆمەڵایەتیی فەیسبوکدا بەشداریانکرد.

هەروا بەکارهێنەرانی فەیسبوک بە بەراورد لەگەڵ ویلایەتە یەکگرتوەکاندا کەمە، چونکە ئامارەکان وای نیشاندەدەن کەمتر لە 50% ی بەشداربوانی ئەم نۆڕە لە ساڵەکانی سەرەتادا بەشداریان لە نۆڕەکەدا کردوە، بە واتا نزیکەی 53% بەکارهێنەران دوائر چونە سەر ئەم هێڵی کۆمەڵایەتییە.

ئەم ئامارانە لەلایەن دەزگای (rose) لە ساڵی 2013 دا ئاشکرا کراون و ئەم ڕێژەیە بە شێوەیەکی جێگیربو مایەوە.

ڕێژەی ئەمەنی بەکارهێنەران دەکەوێنە نێوان 25 بۆ 34 ساڵ، 26% ی بەشداربوان دەکەونە نێوان ئەم ساڵانەی ئەمەنەوە، وەلێ ئەوانەی ئەمەنیان دەکەوێنە نێوان 18 بۆ 24 ساڵەوە کە ئەنها ڕێژەی 23% پێکدەهێنن، سەرو ئەمەنی 35 ساڵی کەمبونەوەی بەخۆوە بینیوە (35-44) ساڵ، ڕێژەکەی 18% یە، بەڵام ڕێژەی بەکاربەرانی مێینەو نێرینە وەک یەک یەکسان وەستاون.

پەراوێزو سەرچاوەکان:

Slevin, J (2000). The Internet and Society. Cambridge, Polity Press.

BBC Monitoring, (October, 2009). Media Environment Guide Iraq. Caversham, UK.

Internet world state (2011), The internet users in the world. [Online] Available at: http://www.internetworldstats.com/stats.htm [Accessed on 2.3.2013].

National Investment Commission, (2009, November). Telecommunications/ Investment Overview of Iraq. Baghdad: National Investment Commission.

Slevin, J (2000). The Internet and Society. Cambridge, Polity Press.

Laurence County Ohio. (2003, April 16). Internet. Retrieved February 11, 2012, Available at:fromhttp://www.lawrencecountyohio.org/pdf/iraq.pdf [Accessed on 10.3.2013].

Pingdom, (2012) World Internet Population has doubled in the last 5 years. [Online], Available at:http://royal.pingdom.com/2012/04/world-internet-population-has-doubled-in-the-last-5-years/ [Accessed on 10.4.2013]

BBC, (10th October 2012) What is Facebook? [Online], Available at: http://www.bbc.co.uk/webwise/guides/about-facebook [Accessed on, 2.3.2013]

Pingdom, (2012) World Internet Population has doubled in the last 5 years. [Online], Available at:http://royal.pingdom.com/2012/04/world-internet-population-has-doubled-in-the-last-5-years/ [Accessed on 10.4.2013]

Drury, Glen 2008. Social Media: Should marketers engage and how can it be done effectively", Journal of Direct, Data and Digital Marketing Practice. (9). 274277-

Drury, Glen 2008. Social Media: Should marketers engage and how can it be done effectively", Journal of Direct, Data and Digital Marketing Practice. (9). 274277-

Nielsen online (2009) Global Face and networked places: A Nielsen report on social networking's new global footprint. [Online], Available at:http://www.nielsen.com/content/dam/corporate/us/en/reports-downloads/2009-Reports/Global-Faces-and-Networked-Places-A-Nielsen-Report-on-Social-Networkings-New-Global-Footprint.pdf [accessed on 18 April 2013]

Castells, Manuel, (1996). The Rise of the Network Society. Oxford: Blackwells.

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Bacon.

Mjos. Ole J. (2012). Music, social media and global mobility: MySpace, Facebook, Youtube. Routledge

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Wasko, J., & Erickson, M. (2009) The political economy of YouTube. In P. Snickars & P. Vonderau (Eds.), The YouTube Reader. (p. 373), Stockholm, National Library of Sweden.

Burgess, J., & Green, J. (2009) YouTube: Online Video and Participatory Culture. Cambridge, UK, Polity.

Top Sites, (2013) YouTube.com. [Online], Available at:http://www.alexa.com/topsites [Accessed on 10.3.2013].

YouTube Statistics, (2013) YouTube Statistics. [Online], Available at:http://www.youtube.com/t/press_statistics. [Accessed on 10. 3. 2013].

Levinson, Paul. (2009) New new media. Boston, Allyn and Bacon.

Web designer adopt (2009). The History and Evolution of Social Media. [Online] Availabile at: http://www.webdesignerdepot.com/200910/the-history-and-evolution-of-social-media/

Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Kelsey, Todd (2010) Social networking spaces: from Facebook to Twitter and everything in between. Technical Reviewer, Constantin A. New York, Apress.

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Mjos. Ole J. (2012). Music, social media and global mobility: MySpace, Facebook, Youtube. Routledge.

Levinson, Paul. (2009) New new media. Boston, Allyn and

Kaplan, Andeas M. and Haenlein, Michael (2010) Users of the world, unite! The challengesand opportunities of Social Media. Business Horizons 53. 5968-.

Business Dictionary, (2011) Social Media. [Online], Available at:http://www.businessdictionary.com/definition/social-media.html, [Accessed on 10.4.2013].

Pizano, G. (2010) "How Much Has Social Media Changed Society?" [Online]. Available at:http://www.shoutmeloud.com/how-much-has-social-media-changed-society.html [Accessed on 10.4.2013].

Rose, J. (2011) "How Social Media is Having a Positive Impact On Our Culture". [Online], Available at:http://mashable.com/20112302/social-media-culture/ [Accessed on March 15, 2013].

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated Communication, 13(1), article 11. Availabe at: http://jcmc.indiana.edu/vol13/issue1/boyd.ellison.html [Accessed on 11.4.2013].

Sundén, J. (2003). Material Virtualities. New York: Peter Lang.

Boyd, d. m., & Ellison, N. B. (2007) Social network sites: Definition, history, and scholarship. [Online], Journal of Computer-Mediated

from socialbakers: http://www.socialbakers.com/facebook-statistics/iraq [Accessed on, 3.3.2013].

Social baker, (2012, February 16). Facebook Statistic. Retrieved February 16, 2012, from socialbakers: http://www.socialbakers.com/facebook-statistics/iraq [Accessed on, 3.3.2013].

Ideas Synergy, (2011). Iraq Insights and Trends. Retrieved February 10, 2012, from Ideas Synergy: http://www.ideas-synergy.net/synergy-incubations/iraq-insights/iraq-insights-trends-issues/trends/ [Accessed on, 20.3.2013]

Rose, K. (2013) UK Social Media Statistics for 2013. [online], Available at: http://www.rosemcgrory.co.uk/20130801/uk-social-media-statistics-for-2013/ [Accessed on, 20.4.2013].

Haller, B. (2010) Representing Disability in an Ableist World: Essays on Mass Media. Louisville, Louisville Avocado Press.

Smith, J. (2006). Updated lists of all companies and regions on Facebook. [Online],

Cassidy, J. (2006, May 15). Me Media. The New Yorker.

Naughton, John (2013) Even Google won't be around forever, let alone Facebook: In the world of internet technology a company can go from zero to hero in a very short time. The Guardian, [online], Available at: http://www.guardian.co.uk/technology/2013/mar/03/google-facebook-nothing-lasts-for-ever? INTCMP=ILCNETTXT3487 [Accessed on 20.2.2013].

Harwood, Jonathan (2009). Facebook causes one in five divorces, says law firm. Lat Updated, Tue 22 Dec 2009, [online], The Week with First Post, Available at: http://www.theweek.co.uk/technology/17671/facebook-causes-one-five-divorces-says-law-firm≠ ixzz2SJ3mxlDu . [Accessed on 15.4.2013]

Social baker, (2012, February 16). Facebook Statistic. Retrieved February 16, 2012, from socialbakers: http://www.socialbakers.com/facebook-statistics/iraq [Accessed on, 3.3.2013].

Social baker, (2012, February 16). Facebook Statistic. Retrieved February 16, 2012, [Accessed on 4.4. 2013]

Barefoot, D., Szabo, J., (2010) Friends with benefits: a social media marketing handbook. San Francisco, Calif, No Starch Press.

Ellison, N. B. (2007). The Benefits of Facebook "Friends:" Social Capital and College Students' Use of Online Social Network Sites. Journal of Computer-Mediated Communication, Volume 12, Issue 4, pages 1143-1168, July 2007, Available at: http://onlinelibrary.wiley.com/doi/10.1111/j.10836101.2007.00367-.x/full≠ b38 [Accessed on, 5.4.2013]

Cassidy, J. (2006, May 15). Me Media. The New Yorker, 50-59

Hasse, A, Young, A. (2010) Uses and Gratifications of Social Media: A Comparison of Facebook and Instant Massaging. Bulletin of since Technology & society, SAGE.

Vogelstein, Fred (2009) "The Wired Interview: Facebook's Mark Zuckerberg." Wired Magazine, [Online], Available at: http://www.wired.com/business/200906/mark-zuckerberg-speaks/ [Accessed on 20 April 2013].

Solove, Daniel (2007). The New Facebook Ads — Starring You: Another Privacy Debacle? - [online] Available at: http://www.concurringopinions.com/archives/200711/the_new_faceboo.html≠ sthash.24wLUpw3.dpuf [] Accessed on 11.3.2013

سەرنجێکی پێویست:

ئەم بابەتە لە بنەڕەتدا بەشی دوەمی ماستەرنامەیەکە لە بواری راگەیاندندا بە ناونیشانی (سۆشیال میدیاو رۆڵی لە پاراستنی کەلتورو زمانی کوردیدا)، کە (ناژان دڵشاد کەریم) پێشکەشی بەشی میدیای سکوڵی ئارتی زانکۆی برادفۆرد-بریتانیای کردوە.

سیستەمی بەخشینی مۆڵەت
بە دەزگا ڕاگەیاندنەکان

ئامادەکردنی: ڕەند

سیستەمی مۆڵەتْ بەخشین بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە هەر وڵاتێکی دونیادا، لەژێر کاریگەری کۆمەڵێ هۆکاری یاسایی، سیاسی، ئابووری و نەکنەلۆژیدایە. هەر کەس و لایەنێکی مەعنەوی کە دەیەوێ ڕۆژنامە یان گۆڤارێک بڵاوبکاتەوە، ناچارە بەگوێرەی سیستەم و هەلومەرجی وڵاتەکەی خۆی، مۆڵەتی کارکردن وەربگرێتْ. لەهەمان کاتدا سیستەمی خاوەندارێتی دەزگا ڕاگەیاندنەکەش، ڕۆڵێکی کاریگەر لە پێکهاتە و شێوازی کاری ئەو دەزگا ڕاگەیاندنەدا دەگێڕێتْ. جۆری خاوەندارێتی خەسڵەتێکی گرنگ و چارەنووسسازە لە بەڕێوەبردنی هەر جۆرە دامەزراوەیەکی ڕاگەیاندن، بەشێوەیەکی گشتیش دوو جۆر خاوەندارێتی هەیە:

سیستەمی مۆڵەت بریتییە لە ڕێگادانی دەسەڵات بە کەسێك یا چەند کەسێکی دیاریکراو بۆ چاپی ڕۆژنامە یان چاپەمەنییەکی خولەکی یان ڕەتکردنەوەی

گروپی یەکەم: حکومییەکان (Governmental) کە گشت داهات و پشتیوانییەک لە دەوڵەت و حکومەتەوە وەردەگرن و لەدیدی سیاسەتی کار، ستراتیژ و ناوەرۆکی بەرنامەکانیانەوە، وابەستەی حکومەت و دەوڵەتن. خواست و مەبەستەکانی حکومەت و دەوڵەتن دابین دەکەن، ئەرکەکەشیان هەر حکومەت دەستنیشانی دەکات.

گروپی دووەم: دامەزراوە ئایینەتی و بازرگانییەکان (Private and Commercial) وێڕای پەیڕەوێتیان لە بڕیارە گشتییەکان، راستەوخۆ لە بەرامبەر میکانیزمی کاری خۆیاندا بەرپرسیارن و بودجەکەیان تەنیا لە شوێنی داهاتە ئایینییەکانەوە (هاوبەشێتی خوێنەران، ریکلامە بازرگانییەکان و پشتگیریی بازرگانی و فرۆشی بەرهەمەکانیان) دابین دەکرێت، هەلومەرجە یاساییەکەیان شوێنکەوتەی یاسا و بڕیارە بازرگانییەکانە.

***شێوازەکانی وەرگرتنی مۆڵەت**

سیستەمی مۆڵەت بریتییە لە ڕێگادانی دەسەڵات بە کەسێک یا چەند کەسێکی دیاریکراو بۆ چاپی ڕۆژنامە یان چاپەمەنییەکی خولەکی یان ڕەتکردنەوەی

بەپێی پۆلێنبەندی کۆمیسیۆنی نێودەوڵەتی یونسکۆ ، شێوازە باوەکانی وەرگرتنی مۆڵەت لە وڵاتە جۆراوجۆرەکاندا، بریتییە لە (5) شێواز :

-1 شێوازی «ئازادی ڕەها»

ئەم سیستەمە لە وڵاتانی وەک ئەمریکا و سوید پیادە دەکرێت، بڵاوکردنەوەی ڕۆژنامە و گۆڤار پێویستی بە هیچ جۆرە جارنامە، نۆماری ناو یان بەدەستهێنانی مۆڵەت نییە.

لەم وڵاتانەدا، چاپەمەنییەکان بە بڵاوکردنەوەی ناسنامەی ئەواوەتی و ڕاست و دروستی خۆیانەوە پابەندن، بەڵایەنی کەمەوە ئەم ناسنامەیە دەبێ ئەم زانیارییانەی لەخۆگرتبێ:

-سەرنووسەر.

-ناوونیشانی نووسینگەی بڵاوکراوەکە.

-شوێنی چاپ.

هەر چەشنە سەرپێچی و لادانێ لە زانیارییەکانی ناو ناسنامەی بڵاوکراوەکە، لێپێچینەوەی یاسایی لەگەڵدایە.

۲- شێوازی «جارنامە و ئاگاداری»

جارنامە و ئاگاداری بریتییە لە ئاگادارکردنەوەیەکی نووسراو کە کەسێک پێشکەشی لایەنە پەیوەندیدارە یاساییەکانی دەکات و ئایدا ئاگاداری دەکاتەوە کە دەیەوێ ڕۆژنامەیەک یان چاپەمەنییەکی خولەکی بڵاوبکاتەوە .

ئەم سیستەمە بۆ یەکەمین جار لەڕێگەی یاسای چاپەمەنی (19ی ئەمموزی 1881)ی فەرەنساوە پیادە کرا، بەپێی ئەم یاسایە کە دواتر بە (جارنامەی ئازادیی چاپەمەنی) ناسرا، هەر «بڵاوکراوەیەکی خولەکی» بەرلە بڵاوبوونەوەی یەکەمین ژمارە، پێویستە جارنامەیەک بڵاوبکاتەوە کە ئەم زانیارییانەی لەخۆگرتبێ:

-ناوی بڵاوکراوەکە.

-شێوازی بڵاوبوونەوەی.

-ناو و شوێنی ئۆفیسی بڵاوکراوەکە.

-ناو و شوێنی چاپخانەکەی.

پاشان جارنامەیەک بەم زانیارییانەوە بە ئیمزای بەرپرسانی بڵاوکراوەکە بۆ سەرۆکایەتی کۆمار دەنێردرێت، دوای وەرگرتنی پەسەندنامە، دەست بە بڵاوبوونەوە دەکەن.

لەم شێوازی مۆڵەبەخشینەدا، لە قۆناغی دوای بڵاوکردنەوەدا هەرجۆرە بەدواداچوونێک بۆ ئەو بابەت و وێنانە ئەنجام دەدرێت کە سنوورەکانی یاسا دەبەزێنن، وانا سانسۆر ناڕاستەوخۆیە و دەبێ دەزگا ڕاگەیاندنەکان بەربەستی یاسایی بۆ خۆیان دابنێن تا نەکەونە داوی ئاوانەوە.

سانسۆری دوای بڵاوکردنەوە کە بە سانسۆری سزادانیش ناودەبرێت، «بەپێی بڕیاری دادگا و لەسەربنەمای یاسا ئەنجام دەدرێت، بەگشتی لە سیستەمە دیموکراسییەکاندا ئەنجام دەدرێت» .

بەبڕوای د. حەسەن عەماد مەکاوی سانسۆری دوای بڵاوکردنەوە دوو جۆرە:

-سانسۆری دوای بڵاوکردنەوە و بەرلە دابەشکردن: ڕێگا بە دابەشکردنی ئەو ڕۆژنامەیە نادرێ کە بابەتێکی نەخوازراوی لەخۆگرتووە و نابێ بگاتە دەست خوێنەر، ئەوەش لەڕێگای دەستبەسەرداگرتنی ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە چاپخانەکەدا و قەدەغەکردنی بڵاوکردنەوەیەتی.

-سانسۆری دوای دابەشکردن: سەرجەم ژمارەکانی ڕۆژنامەکە لە بازاڕدا کۆدەکرێتەوە و دەستیان بەسەردا دەگیرێ کە ئەویش لەڕێگای بڕیاری کارگێڕیی یان دادوەرییەوە دەبێت .

لە هەرێمی کوردستانیش بەپێی یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007ز) بەکەمێ جیاوازییەوە کار بەم سیستەمە

دەکرێت، لە بڕگەی یەکەمی ماددەی دووەمدا هاتووە: رۆژنامەگەری ئازادە و هیچ سانسۆرێکی لەسەرنییە و ئازادیی دەربڕین و بڵاوکردنەوە بۆ هەموو هاووڵاتیان دەستەبەرە، لە چوارچێوەی ڕێزگرتنی ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی تاکەکان و تایبەتمەندیی ژیانیان بەپێی یاساو پابەند بوون بە تاکاری رۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان (ساڵی 1954 هەمواركراو).

لەم بڕگەیەدا جەخت لەسەر نەبوونی هیچ جۆرە سانسۆرێک دەکاتەوە، لەهەمان کاتدا ئاماژە بۆ چوارچێوە دەکات، مەبەستیش لەو چوارچێوەیە پاراستنی کۆمەڵێک بنەمایە کە هەروەک ئاماژەی بۆ کردووە بریتین لە:

-ڕێزگرتن لە ماف و ئازادییە تایبەتییەکانی تاکەکان.

-تایبەتمەندێتی ژیانی تاکەکان

- پابەند بوون بە تاکاری رۆژنامەگەری بەپێی بەڵێننامەی فیدراسیۆنی نێودەوڵەتیی رۆژنامەنووسان (ساڵی 1954 هەمواركراو).

ئاماژەکردن بۆ نەبوونی هیچ جۆرە سانسۆرێک لەسەر رۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستاندا ئەنانەت لە سانە ناتاساییەکانیشدا، زیان بە ئاسایشی گشتی دەگەیەنێت، چونکە هەندێدۆخی وەک شەڕ و ئەگەری ڕوودانی مەترسی گەورەدا، واپێویست دەکات لەپێناو بەئاراستەدابردنی ڕەوتی رۆژنامەگەری بە ئاقاری قازانجی گشتی، دانانی سانسۆرێکی کاتی بۆ هەندێمەسەلە بەکارێکی گرنگ دادەنرێت.

۳- شێوازی «ئۆمارکردنی ناو»

ئەم شێوازە بۆیەکەمین جار بەپشتبەستن بە (یاسای ئۆماری ناوی بڵاوکراوە هەواڵییەکان) لە ساڵی (1881ز) لە بەریتانیا خرایە بواری جێبەجێکردنەوە.

ئەم سیستەمە کە تا ئێستاش بەرکارە، بڵاوکراوەکان بۆ وەرگرتنی مۆڵەتێ پێویستە بەرلە بڵاوبوونەوە، لە ئۆفیسی ئۆماری کۆمپانیاکان (Registrar) ئەم زانیارییانەی خوارەوە ئۆمار بکەن:

-ناوی بڵاوکراوەکە.

-ناوی خاوەن ئیمتیاز و بەڕێوەبەر.

-ئۆماری ناوی بڵاوکراوەکە (بەپێی بڕگەی پێنجەمی ماددەی سێیەمی یاسای

رۆژنامەگەریش: «نابێ لە هەرێمدا دوو رۆژنامە بەیەک ناو دەربچن».

٤- شێوازی «نێکەڵاو».

لە هەندێ وڵاتدا، وێڕای بڵاوکردنەوەی (جارنامە) لەلایەن ئەو کەس و لایەنانەی دەیانەوێ رۆژنامە یان گۆڤارێک بڵاوبکەنەوە، دەبێ ناویش نۆمار بکەن.

لەم شێوازەدا ئەم زانیارییانە بە دادگای ناوچەکە ڕادەگەیەنرێت:

-ناوبەئەندامێتیەکانی بڵاوکراوەکە (رۆژانە، هەفتانە...) یان ڕێڕەوەکەی (سیاسی، کۆمەڵایەتی).

-ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر.

دادگا دوای لێکۆڵینەوە لەو داخوازییە، بەپێی بڕیاری دادگا مۆڵەتی بڵاوکراوەکە نۆمار دەکرێت.

پێویستە بەڵگەنامەکان لەڕووی یاساییەوە بێ کەموکوڕی بن.

ئینجا یەکێکە لەو وڵاتانەی پەیڕەوی لەم شێوازە دەکات.

٥- شێوازی «مۆڵەتی پێشوەخت».

لەم سیستەمەدا بڵاوکراوەکان ناچارن پێشوەختانە مۆڵەت بۆ رۆژنامە یان گۆڤارەکانیان وەربگرن، سانسۆرێکی پێشوەختیش بەسەر بابەتی نێو بڵاوکراوەکاندا دەسەپێنرێ.

سانسۆری پێشوەخت یان بەرلە بڵاوکردنەوە، بە مانای بوونی چاودێرێکە کە لەناو دامەزراوە رۆژنامەنووسییەکەیە و لە چوارچێوەی وەزارەتەکانی ناوخۆ، بەرگری، رۆشنبیری یان راگەیاندندا کارەکانی ڕایی دەکات، سەرجەم بابەتەکانی رۆژنامەکە بەرلەوەی بڵاوببنەوە، دەیانخوێنێتەوە و هەڵیاندەسەنگێنێ، ئەگەر نەشیاو بن بۆ بڵاوکردنەوە، هەندێ‌جار گە یان بەشێک لەو بابەتە لابباتە، تا ڕێگە بە بڵاوبوونەوەی بدات.

تا بەرلە ڕاپەڕینی گەلی کورد لە (1991ز) لە هەرێمی کوردستان و رووخانی رژێمی بەعسیش لە (9ی نیسانی 2003) لە ناوەڕاست و باشووری عیراق، یاسای مۆڵەتبەخشین و بڵاوکردنەوە لە عیراقدا پشتی بە سیستەمی مۆڵەتوەرگرتنی پێشوەخت بەستبوو، هەر کەس و لایەنێک بەرلەوەی بڵاوکراوەیەک دەربکات، ئەوا بەپێی یاسای چاپەمەنی ژمارە (206)ی ساڵی (1968) دەبوایە داخوازییەک بە زانیاریی ئەواوەوە بخاتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار.

لەم سیستەمەدا ئەو کەس و لایەنانەی دەیانوێست مۆڵەت وەربگرن، سەرەتا داخوازییەکیان ڕادەستی لایەنی فەرمی دەکرد کە زیاتر وەزارەتەکانی ناوخۆ و رۆشنبیری و راگەیاندن بوو، زانیارییەکانیش بریتی بوون لە:

-ناوی بڵاوکراوەکە.

-وادەی بڵاوبوونەوە (رۆژانە، هەفتانە).

-جۆر و چەشنی بڵاوکراوەکە (رۆژنامە، گۆڤار).

-ناوی خاوەن ئیمتیاز و سەرنووسەر.

-ناوی چاپخانە و شوێنی بڵاوبوونەوە.

-سەرچاوەی داهات.

دوای وەرگرتنی مۆڵەت، بڵاوکراوەکە لەژێرسایەی راستەوخۆی سانسۆردا دەمایەوە، وانا بابەت و وێنەکان بەرلەبڵاوبوونەوەیان بە چەندین فلتەردا تێدەپەڕن، دوای بڵاوکردنەوەش هەرکاتێک هێڵە سوورەکانی یاسای بەزاند، ئەو سات لایەنی پەیوەندیدار حکومەت یان لایەنێک یان تاکەکەسێک،سکاڵای یاسایی لەسەر رۆژنامەکە نۆمار دەکات. بەدواداچوونەکەش «لەڕێگەی تاگادارکردنەوەی رۆژنامەکە، یان دەستبەسەرداگرتنی ژمارەکانی، راگرتنی رۆژنامەکە بۆ ماوەیەکی دیاریکراو یا هەڵوەشاندنەوەی مۆڵەتەکەی بەشێوەیەکی کۆتایی دەبێت».

لەم سیستەمەدا، لایەنی فەرمی دەتوانێ بەهۆی هەندێ پاساو، بەخشینی مۆڵەت ڕەت بکاتەوە. سەرجەم وڵاتە دیکتاتۆرییەکانی وەک (میسر، سعودیە، قەتەر، تەردەن، سوریا...) و (عیراق)ی سەردەمی بەرلە ڕووخانی رژێمی بەعس، کاریان بە (مۆڵەتی پێشوەخت) دەکرد کە یەکێکە لە تایبەتمەندییەکانی سیستەمی دیکتاتۆری و تۆتالیتاری.

***قۆناغەکانی وەرگرتنی مۆڵەت لە هەرێمی کوردستاندا**

لە هەرێمی کوردستان هەروەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد، بەپشتبەستن بە یاسای ژمارە (35)ی ساڵی (2007ز)ی رۆژنامەگەری، کار بە (مۆڵەتی پاشوەخت) دەکرێت کە شێوازێکی دیموکراسیانەیە.

هەر کەس و لایەنێک بخوازێ بڵاوکراوە (رۆژنامە یان گۆڤار) بڵاوبکاتەوە، لەپێناو وەرگرتنی مۆڵەت دەبێ ئەم هەنگاوانەی خوارەوە ئەنجام بدات:

١- خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی ڕاگەیاندنێک لە دوو رۆژنامەی رۆژانەی هەرێم بڵاوبکاتەوە، لەم ڕاگەیاندنەدا ئەم زانیارییانەی لەخۆگرتبێت:

-ناو و نازناو و ڕەگەزنامە و شوێنی نیشتەجێبوونی خاوەن ئیمتیاز، یان دامەزرێنەر.

-ناوی ئەواوەتی و ڕاستەقینەی سەرنووسەر، بەمەرجێ ڕۆژنامەنووس بێ و زمانی رۆژنامەکە بە خوێندنەوەو نووسین بزانێ.

-ناوی بڵاوکراوەکە (بەو مەرجەی ناوەکەی هاوشێوەی ناوی هیچ رۆژنامە و گۆڤارێک نەبێت، چونکە بەپێی یاسا نابێ لە هەرێمدا دوو بڵاوکراوە بەیەک ناو دەربچن(.

بۆنموونە یەکێک لەو گیروگرفتانەی لەسەر لێکچوونی ناوی رۆژنامە لە هەرێمی کوردستان ڕووی دا، گرفتی دوای دوولەتبوونی حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان بوو، هەردوولا خۆیان بە خاوەنی ناوی رۆژنامەی (ئالای ئازادی) دەزانی، سەندیکای رۆژنامەنووسان سەرەتا مۆڵەتی ژمارە (120)ی دا بە بالی جیابۆوەی ئەو حیزبە و مۆڵەتی ژمارە (121)ی دا بە حیزبی زەحمەتکێشانی کوردستان (بالی قادر عەزیز)، دوای ئۆمارکردنی سکاڵا لەسەر ئەو مەسەلەیە، دواجار دادگا ناوی (ئالای ئازادی) بە فەرمی دا بە بالی جیابۆوە.

- زمانی بڵاوکراوەکە (بۆ نموونە ئەگەر بە زمانی کوردی و عەرەبیی پێویستە ئاماژە بۆ هەردووکیان بکرێت(.

- وادەی بڵاوبوونەوە (رۆژانە، هەفتانە).

٢- هەرکەس و لایەنێک ناڕەزایی هەبوو، ئەوا دەتوانێ لەماوەی (30) رۆژ لە مێژووی بڵاوبوونەوەی ڕاگەیاندنەکەوە، لەلای (دادگای نێهەڵچوونەوە)، ناڕەزایی ئۆمار بکات، ئەگەر هیچ کەس و لایەنێک لەو ماوەیەدا ناڕەزایی ئۆمار نەکرد، ئەوا دەرکردنی رۆژنامەکە بەپێی یاسا پەسەندە .

3- دوای نێپەڕبوونی (30) رۆژ بەسەر ئاگادارینامە یان جارنامەکەدا، ئەگەر هیچ جۆرە سکاڵایەکی یاسایی لەسەر ئەو جارنامەیە ئۆمار نەکرا، ئەوا «پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکەی، بەیاننامەی دامەزراندن پێشکەش و لە سەندیکای رۆژنامەنووسان ئۆماری بکات، لەگەڵ بەدەرخستنی سەرچاوەی ئەو لایەنەی دارایەکەی بۆ دابین دەکات و سەندیکاش وەزارەتی ڕۆشنبیری لێ ئاگادار بکاتەوە» .

4-پێویستە خاوەن ئیمتیاز یان دامەزرێنەرەکە لە شوێنێکی دیاری رۆژنامەکە بەشێوەیەکی ڕوون ناوی خۆی و (سەرنووسەر) و (شوێن) و (مێژووی دەرچوونی رۆژنامە) و ناوی ئەو چاپخانەیە بڵاوبکاتەوە کە لێی چاپ دەکرێت، ڕاگەیاندنێک لە هەر گۆڕانکارییەک، یان هەموارکردنێک لەسەر ناوەرۆکی بەیانی دامەزراندن ڕووبدات لە ماوەی (30) سی رۆژ لە رێکەوتی گۆڕانکارییەکە، یان هەموارکردنەکەدا بڵاوبکاتەوە .

5-دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی، دەتوانرێت دەست بە چاپ و پەخشی بڵاوکراوەکە بکرێت.

بە پشتبەستن بە ماددەی پێنجەمی ئەم یاسایە، ئەگەر خاوەن ئیمتیاز کە خاوەنی سەرەکی دەزگا ڕاگەیاندنەکەیە، دەتوانێ واز لە ئیمتیازەکەی بهێنێ یان بیفرۆشێ، بەمەرجێ «پێش (30) سی رۆژ لە مێژووی دیاریکراو لە وازهێنانەکەی ئاگادارییەک لە رۆژنامەیەکی رۆژانەدا بڵاوبکاتەوە».

لە هەرێمی کوردستاندا وێڕای ئازادییەکی زۆر لە بەخشینی مۆڵەتدا، هەندێک جار ئاماژەش بۆ خۆپارێزی لە مۆڵەتدا دەکرێت، بۆ نموونە دوای دەرچوونی گۆڤاری (ئیسرائیل- کورد) کە ئایەنە بە لێکۆڵینەوەو شرۆڤەکردنی لە پەیوەندییەکانی هەردوولا، چەند لایەنێکی ناوخۆ و دەرەوە ڕەخنەیان لە هۆکارەکانی پشت دەرچوونی ئەم گۆڤارە گرت، بەڵام (فەرهاد عەونی)ی نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستانی پێشوو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە ئەگەر بەخشینی مۆڵەتەکە زیانی بە ئاسایشی نەتەوەیمان بگەیاندایە، ئەوا مۆڵەتەمان بە بڵاوکردنەوەی نەدەدا .

***مەرجەکانی وەرگرتنی مۆڵەت**

لەپێناو ڕێکخستنەوە و ئۆگانیزەکردنی ڕێوشوێنی مۆڵەتبەخشین بەو کەس و لایەنانەی مۆڵەت وەردەگرن، یاسای رۆژنامەگەری ژمارە (35)ی ساڵی (2007ز) لە هەرێمی کوردستاندا، مەرجێکی گرنگی داناوە کە ئەویش (ئەهلییەتی یاسایی)یە.

لەم یاسایەدا هاتووە:» ئەو کەسەی کە نیازی دەرکردنی رۆژنامەی هەیە، دەبێ لە ڕووی یاساییەوە شایستەیی (ئەهلییەت)ی ئەواوی هەبێت» .

مەبەستیش لە ئەهلییەتی یاسایی بریتییە لە:

- 18 ساڵی ئەواو کردبێت.
- ئەقڵ و ژیری ئەواو بێت.
-هاوڵاتی عیراقی بێت.

هەروەها (نووسین و خوێندنەوە) بە زمانی رۆژنامەکە بزانێ، ئەگەر هیچ لایەنێ ناڕەزایی نەبوو، ئەوا زانیارییەکان لە سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئۆمار دەکرێت، پاشان دەتوانرێت دەست بە بڵاوکردنەوەی رۆژنامەکە یان گۆڤارەکە بکرێت.

هەوڵنامەی کێبڕکێ



ڕۆڵی میدیا
لە هۆشیارکردنەوەی تاک و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

صادق حەمەغریب حەمەصاڵح
مامۆستای بەشی ڕاگەیاندن، لە کۆلێژی ئەدەبیاتی زانکۆی سەلاحەددین

پێناسە و چەمکی گەندەڵی

نزیکەی 300 ساڵ پێش زایین، لە شارستانیەتی هیندیا، لە سەر پلێنێک نووسراوە «سەخت و دژوارە لە سەر مرۆڤ، کاتێک زمانی درێژ دەکات بۆ هەنگوین یان زەهر چێژی نەکات، هاوکات سەختیشە لە سەری کاتێک دەستی بۆ ماڵ و سامانی حکومەت درێژ دەکات چێژی نەکات ئەگەر زۆر کەمیش بێت».

گەندەڵی ڕیشەیەکی کۆنی هەیە، مەلیکە ئەلیزابیث (1558–1603) بڵاوبوونەوەی گەندەڵی و دزی و ڕەشوە و بەرتیل و بەهەدەردانی سامانی لە فەرمانگە فەرمییەکاندا کردە پاساوی زیاد نەکردنی مووچەی فەرمانبەران. یان لویسی چواردەهەمی فەرەنسا باوەڕی وابوو کە هەموو مرۆڤێک لە ناخی خۆیدا ئامادەیی هەیە بۆ ڕەشوە وەرگرتن و ئەنجامدانی گەندەڵی، ئەو هەستەی مەلیکی فەرەنسا هۆکاری سەرەکی بڵاوبوونەوە و گەشەسەندنی گەندەڵی بوو لە فەرەنسا.

گەندەڵی و نائامادەگی ڕووتی و پاکی (الشفافية والنزاهة)، دیاردەیەکی قورسە ڕووگەیە، چەندین ڕەهەندی وەک، سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی لە خۆدەگرێت، دیاردەیەکی بەردەوام و جوڵاوە، لە هەموو کۆمەڵگەکان و وڵاتانی جیهاندا بوونی هەیە بە پلە و ڕێژەی جیاواز.

گەندەڵی لەڕووی ئابووریەوە دەبێتەهۆی کورتهێنانی بووجەی گشتی وڵات، ساڵانە بلیونان دۆلار خەسارەت و زەرەر بە وڵاتان دەگەیەنێت، دەبێتە هۆی هەڵاوسانی ئابووری و بارگرانی و سەختی بژێوی ژاک، هەروەها دەبێتە کۆسپ لەبەردەم گەشەپێدانی ئابووری و کەم کردنەوەی هەڵی کاری ناوخۆیی و دەرەکی و بەهەدەردانی سەروەت و سامانی گشتی و زیادبوونی بڕی ئێچووون و خەرجییەکان بەرانبەر داهات.

لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە گەندەڵی دەبێتە هۆی نائارامی ژاک و نەهێشتنی گیانی خۆشەویستی خاک و وڵات و نیشتمان و زیاد بوونی ڕەفتارە نەرێنییەکان و نەهێشتنی متمانە و چاندنی تۆوی ڕق و تۆڕەیی، داکشانی خواستی بەتەنجام گەیاندنی ئەرک و کار و چالاکییەکانی سەرشانی فەرمانبەران هەڵکشانی حەزی خۆویستی و بەرژەوەندخوازی و بڵاوبوونەوەی ئاوان، وەک کاردانەوەیەک بۆ ئەو دیاردەیە، دواجار دەبێتە هۆی نائارامی کۆمەڵایەتی و دارمانی ئابووری وڵات.

لەڕووی سیاسییەوە ، دەبێتە هۆی نائارامی و نائەقامگیری وڵات و لاوازی دەسەڵات و حکومەت. ئەگەر چارەسەر نەکرێت ئەوا دەبێتە هۆی شۆڕش و کودەتا و شەڕ و ئاژاوە.

گەندەڵی وانای زۆر لەخۆدەگرێ، لە هەموو داموددەزگا حکومی و حیزبی و ئایەت و گشتی و ئەهلییەکاندا، بەڕێژەی جیاواز بوونی هەیە. چەندین پێناسەی جیاوازی بۆ کراوە، وەک:

-ڕێکخراوی شەفافیەتی نیودەوڵەتی کە ساڵی 1995 دامەزراوە، بەم شێوەیە پێناسەی گەندەڵی دەکات «خراپ بەکارهێنانی دەسەڵات لەپێناو بەرژەوەندی ئایەندا».

- بانقی نێودەوڵەتی بەم شێوەیە پێناسەی دەکات «خراپ بەکارهێنانی ئەرکی گشتی بۆ بەرژەوەندی ئایەت».

ئەم دوو پێناسەیە گەندەڵیان کورتکردووەتەوە لە کەرنە گشتییەکاندا لە کاتێکدا گەندەڵی لە داموددەزگا ئایەت و بچووکەکانیشدا بوونی هەیە.

-سندوقی دراوی نێو دەوڵەتی (IMF)، لە ڕاپۆرتی ساڵانەی خۆیدا و ساڵی 1996 بەم شێوەیە پێناسەی دەکات «خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی لەپێناوی گەیشتن بە بەرژەوەندییەکی تایبەت، کاتێک فەرمانبەرێک لە پێناویدا بەرئیل وەردەگرێت یان دەستکەوتێکی بۆ جێبەجێ دەکرێت».

- فەرهەنگی وێبستر لە زمانەوانیدا پێناسەی دەکات بەوەی کە «بریتییە لە بڕواپێکردنی بەڕێسێک لە ڕێگەی هەڵەوە، وەک ڕشووە، بە پێشێلکردنی ئەرکی سەرشانی خۆی».

- لیژنەی عەرەبی بۆ مافەکانی مرۆڤ: «ڕەوشتێکی نافەرمی و نارەوایە، کەشتێکی ئایەتی نەرێنی دەخولقێنێ، وەک خواستێکی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و ڕۆشنبیرییەکان».

ئەرکی میدیا لە ناساندنی جۆرەکانی گەندەڵی بە هاووڵاتیان.

گەندەڵی چەندین جۆری جیاواز لەخۆدەگرێت، ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پێویستە هاووڵاتیان لە بارەیانەوە ئاگادار بکاتەوە و هوشیاریان بکاتەوە لە ئاستی کاریگەریی هەر جۆرێکیان، کە دەتوانین بەم شێوەیەی خوارەوە ئامازە، بە یەکێک لە پۆلێنکردنەکانی بکەین:

یەکەم: جۆرەکانی گەندەڵی لەڕووی قەبارەوە

1-گەندەڵی بچووک

بەگەندەڵی پلەی فەرمانبەرە بچووکەکان ئەژمار دەکرێت، ئەو گەندەڵییە کە ناکێک ئەنجامی دەدات

گەندەڵی کارگێڕی بریتییە لە کۆی ئەو هەوڵانەی کە بەڕێوبەران و فەرمانبەران ئەنجامی دەدەن، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بەکارهێنانی نەرێنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی تایبەت و پشتگوێ خستنی بەرژەوەندی گشتی

،بەبێ پەیوەندی بە کەسانی دیکەوە، ئەم جۆرە گەندەڵییە لەناو فەرمانبەرە پلە نزمەکانی دامودەزگاکاندا بڵاوە، بەرئیل وەردەگرن لە کاتی ڕاپەڕاندنی کاروباری هاووڵاتیاندا. لە تایبەتمەندییەکانی:

- کاریگەریی ئەمجۆرە گەندەڵییە سنووردارە.
- فەرمانبەرە پلە نزمەکان ئەنجامی دەدەن.
- ئاشکرابوونی ئاسانە.
- چارەسەر کردنی خێرایە.
- ڕاگەیاندن زۆر گرنگی پێناداتێ.
- هاووڵاتیان بە ئاسانی لێی لێ دەگەن .
- بڕی لێچوون بۆ چارەسەری ئاسانە.
- زیاتر ڕاگەیاندنی ناوخۆ گرنگی پێ دەداتێ.
- پلان لە ئەنجامدانی ئەم جۆرە گەندەڵییەدا بەکارناهێنرێتێ.

-2 گەندەڵی گەورە

ئەمجۆرە گەندەڵییە لەناو فەرمانبەرە پلە باڵاکاندا بوونی هەیە، واتە گەورە فەرمانبەر و بەرپرسەکان ئەنجامی دەدەن، لەپێناوی بەرژەوەندییە ئابووری و کەسییەکانیاندا. کە تایبەتمەندییەکانی بریتین لە:

- بەرپرسەباڵاکان و فەرمانبەرە پلە باڵاکان ئەنجامی دەدەن.
- کاریگەریی گشتگیر و فراوانە.
- ئاشکرابوونی سەختێ و دژوارە.
- چارەسەری ئەم جۆرە گەندەڵییە زۆر هێواش و زەحمەتە.
- بڕی لێچوونی چارەسەرکردنی زۆرە.
- تا ڕادەیەکی زۆر نادیار و ناڕوونە.
- ڕاگەیاندن زۆر گرنگی پێدەداتێ.
- لە سەر ئاستی وڵاتێ و دەرەوە کاریگەریی هەیە.
- زۆربەی کاتێ بە پلانێکی دیاریکراو ئەنجام دەدرێتێ.
- هاووڵاتیان بە ئاسانی لێی لێ ناگەن.
- پێویستی بە شرۆڤە و بەدواداچوونی ڕۆژنامەوانییە،
- زۆرجار بە هەماهەنگی و هاوکاری بەرپرسان و فەرمانبەرانی پلە باڵا ئەنجام دەدرێتێ.
- لێپرسینەوەی یاسایی سەختی هەیە.

دووەم: جۆرەکانی گەندەڵی لەڕووی بڵاوبوونەوەوە:

1- گەندەڵی نێودەوڵەتی

بریتییە لەو گەندەڵییەی کە سنووری وڵاتێ و هەرێمەکان دەبەزێنێتێ و ڕووگەیەکی جیهانی وەردەگرێتێ، ئەو جۆرە کە لەسەر ئاستی حکومەتێ بوونی هەیە و گرێبەستە باڵاکانی نێوان وڵاتان دەگرێنەوە، لە بواری ئابووری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و سەربازیدا.

2- گەندەڵی ناوخۆیی

ئەو جۆرە گەندەڵییەیە کە لە دامودەزگا ناوخۆییەکانی وڵاتدا بوونی هەیە، پەیوەندی نییە بە کۆمپانیا جیهانییەکانەوە، ئەنیا لەسەر ئاستی وڵاتێ بڵاوبووەتەوە.

سێیەم: گەندەڵی لەڕووی ڕواڵەتەوە

1-گەندەڵی سیاسی:

پەیوەستە بە کۆی لادانە سیاسییەکان و پێشێلکردنی یاسا و ڕێگا و حوکمەکانی پەیوەستێ بۆ ڕێکخستنی کاری سیاسی (دەزگا سیاسییەکان) لە وڵاتدا. ئەم جۆرە گەندەڵییە دەکرێتێ هەرسێ دەسەڵاتی یاسادانان و دادوەری و جێبەجێکردن بگرێتەوە.

دیاردەی گەندەڵی سیاسی دەبێتە هۆی دەسەڵاتێکی گشتگیری گەندەڵ، نەبوونی دیموکراتی، نەبوونی بەشداری هاوبەش، کۆننڕۆڵکردنی دەسەڵاتی وڵاتێ بە هەموو جومگەکانییەوە.

2- گەندەڵی دارایی:

پەیوەستە بە کۆی لادانە داراییەکان و پێشێلکردنی یاسا و ڕێسا و حوکمەکانی پەیوەستێ بە کارگێڕی و دارایی لە دامودەزگانی وڵاتدا. سەرپێچیکردنی فەرمان و بڕیارەکانی تایبەتێ بە دەزگا چاودێرییە داراییەکان و دەزگای چاودێری دارایی ناوەندی پەیوەستێ. دەتوانرێتێ دیاردەی گەندەڵی دارایی پوڵێن بکرێتێ بۆ:

ا- Commission: فەرمانبەر لە هاووڵاتیانی وەردەگرێتێ بەمەبەستی ئەنجامدانی ئاسانکاری بۆیان و ڕاپەڕاندنی خێرای کارەکانیان.

ب-بەرئیل Bribery: بریتییە لەو بڕەپارەیە، یان ئەو دیاریەی کە هاووڵاتی سوودمەندبوو، دەیبەخشێتە فەرمانبەرەکان لە پێناوی ئەنجامدانی ئاسانکاریدا بۆی.

ج-پارەلادان و چەپاوڵ Fraud: بریتییە لە لادان و شاردنەوەی بڕێکی دیاریکراو لە سامانی گشتی لە ڕێگەی گزی

و غەش و درۆکردنەوە.

د- دزیکردن: بریتییە لە دزینی پارە و سامانی گشتی بەشێوەی کاش، یان دزینی داو و دەرمان و کاڵا و کەلوپەلی گشتی لەدامودەزگا حکومییەکاندا و فرۆشتنی لەبازاری ڕەش.

ە- جیاکاری و ئەژماردن: بریتییە لە پێشخستنی کەسێک یان دەستەیەک بەسەر کەس و دەستەیەکی دیکەدا بێ ئەوەی شایان بن.

3-گەندەڵی کارگێڕی :

گەندەڵی کارگێڕی بریتییە لە کۆی ئەو هەوڵانەی کە بەڕێوبەران و فەرمانبەران ئەنجامی دەدەن، لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا، بەکارهێنانی نەرێنی دەسەڵاتی خۆیان بۆ بەرژەوەندی ئایبەت و پشتگوێ خستنی بەرژەوەندی گشتی و ئەوانی دیکە. هاوکات لەگەڵ ڕەچاونەکردنی سەرجەم فەرمان و بڕیار و ڕێکارە یاساییەکان و بەها و بەڵێنە کارگێڕییەکان و ڕێزنەگرتنیان و کارپێنەکردنیان، کە دواجار دەبێتە هۆی مەترسی گەورە بۆ دامودەزگاکە و پەکخستنی لە کار و ئەرکە ڕاستەقینەکەی.

ئەو ڕەهەندانەی گەندەڵی، کە ڕاگەیاندن پێویستە هاووڵاتیان هۆشیار بکاتەوە لە بارەیانەوە:

1- ڕەهەندی ئاکاری: لە ڕوانگەی ئەم ڕەهەندەوە، گەندەڵی دیاردەیەکە پەیوەستە بە بەها و ڕەفتاری مرۆڤەکانەوە، لایەنە نەرێنی و کردە خراپەکان بەرجەستە دەکات، کە ڕوخێنەرن و ئەویش پێویستی بە هوشیارکردنەوەی ئاک هەیە لەلایەن ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە، ئا لە ئاسەوارەکانی ئاگادار بکرێنەوە، واتە ئەو مرۆڤەی کە گەندەڵی ئەنجام دەدات ئەوە هیچ بەهایەک بۆ ڕەوشت و نەرینە پیرۆزەکان و بەها باڵاکان دانانێت، دەبێتە مرۆڤێکی بێزراو لە کۆمەڵگەدا، لەم سۆنگەیەوە پێویستە میدیا هۆشیاری ببەخشێتە هاووڵاتیان، ئا خۆیان لەو دیاردە ناموێیە بپارێزن.



ب-ڕەهەندی وەزیفی: ئەم ڕەهەندە هەندێک جار بەڕەهەندی کردار و پاساو هێنانەوە ناوزەد دەکرێت، بەپێی ئەم ڕەهەندە گەندەڵی هەمیشە لادان نییە لە بەها و نەرێت و ڕەفتارە باوەکانی کۆمەڵگە، بەڵکو لادانە لە بنەماکانی کار و ڕێکار و مەرجە یاساییەکان و ڕێساکانی.

ج- ڕەهەندی ڕۆشنبیری: بەپێی ئەم ڕەهەندە گەندەڵی دیاردەیەکی فرە لایەن و هۆکار و ئەنجامە، دەتوانێت شێوەیەکی ڕێکخراو وەربگرێت، لە ڕووی ئاکاییەوە ئەنجام دەدرێت، ئەنجامەرانی لە کاریگەریی خراپ و زیانەکانی لەسەر کۆمەڵ ئاگادارن. بۆئەوەی ئواناى بەردەوامی و مانەوەی هەبێت و بنوانێت ژمارەیەکی زۆر خانەی گەندەڵی قەبارە گەورە لەناو جەستەی دامودەزگاکاندا دروست بکات. ڕاگەیاندن پێویستە هاووڵاتیان هۆشیار بکاتەوە لە سۆنگەی ئەم ڕەهەندەوە و گۆڕانکاری لە بۆچوونەکانیاندا بخولقێنێت، بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی.

د- ڕەهەندی شارستانی: چەمکی گەندەڵی لە ڕووگەی شارستانیەوە، دەکرێت پەیوەست بێت بە هەموو پێکهاتە ڕامیاری و ڕۆشنبیری و بەهایی و کۆمەڵایەتی و ڕەفتارییەکانەوە. بەپێی ئەو گریمانەیە گەندەڵی، دیاردەیەکی فرەجەمسەر و ئاڵۆزە و لە دەرئەنجامی دواکەوتویی، ڕۆشنبیری و هۆشیاری و مەعریفییەوە سەرچاوەدەگرێت.

هۆکارەکانی بنەبڕکردنی گەندەڵی

گرنگترین ئەو هۆکارەکانی کە دەبنە هۆی بنەبڕکردنی گەندەڵی، یان ڕووبەڕووبوونەوەی، بریتین لە:

1- میدیای سەربەخۆ.

2- ڕێککەوتننامەکانی بواری نەهێشتنی گەندەڵی.

3- بەڵێننامەکانی بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

4- ڕێکخراوەکانی بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

5- ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

بنەماکانی ڕاگەیاندن بۆ هۆشیارکردنەوەی تاک دژی گەندەڵی

سەربەخۆیی ڕاگەیاندن هۆکارێکی سەرەکییە بۆ بەرجەستەکردنی ڕۆڵ و کاریگەریی لەسەرتاک، بەهۆی بوونی پانتاییەکی فراوانی پێدانی زانیاری و چەند بنەما و گرنتیەکی بنەڕەتییەوە، وەک:

1-ئازادی ڕۆژنامەگەری، کە سێ جۆری سەرەکی لەخۆ دەگرێت:

- ئازادی مەعریفە: بریتییە لە مافی هاووڵاتی بۆ بەدەستهێنانی زانیاری پێویست، هەناوەکو بنواتێت ژیانی خۆی ڕێکبخات و بنواتێت بەپێی ئوانای خۆی بەشداری لە دەسەڵاتدا بکات، ئەگەر بە دەنگدانیش بێت، ئەم مافە پێویستە بۆ هەموو هاووڵاتیەک بەبێ جیاوازی دەستەبەر کرابێت، کە یەکێکە لە بنەماکانی ئازادی ڕۆژنامەگەری.

- ئازادی ڕادەربڕین: بە یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی دروستکردنی ڕای گشتی دێنە ئەژمار بریتییە لەو ئازادییەی کە مافی گواستنەوەی زانیاری بۆ هاووڵاتیان دەستەبەر دەکات، چونکە ئەگەر مرۆڤ ئازاد نەبێ و بەبێ سانسۆر بدوێن و ڕای خۆیان دەربڕن، ناتوانن بە چاکی لە پرس و بابەتەکان نزیکەن، ئەم ئەرکە لە ڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە ئەنجام دەدرێت و بنەمایەکی گرنگی دەبێت.

- ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری: ئەم ئازادییە بە بناغەی ڕۆژنامەگەری ئازاد لەقەڵەم دەدرێت، چونکە بەبێ ئازادی بەدەستهێنانی زانیاری ڕۆژنامەگەری ئازاد بوونی نابێت، بۆیە ڕۆژنامەنووس پێویستە بە ئاسانی بگات بە سەرچاوەکانی زانیاری هەناوەکو بنواتێت لە بارەی ڕووداو و پرس و بابەتەکانەوە بابەتییانە هەڵسوکەوت بکات و زانیاری ناتەواو و ناڕاست بڵاونەکاتەوە، نێسنا لە جیهاندا زیاد لە 90 وڵات خاوەنی یاسای ئازادی بەدەستهێنانی زانیارین و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش ژمارەی ئەو وڵاتانە لە پەنجەکانی دەستێک نێناپەڕن.

2- ئازادی کۆڕ و کۆبوونەوە و ڕێپێوان، ئەم ئازادییە لە سەرجەم بنەما و پرەنسیپەکان و ریکەوتنامە جیهانییەکاندا، جەختی لەسەر کراوەتەوە.

3- سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووس

هاوکات لەگەڵ سەربەخۆیی ڕاگەیاندندا، سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووسان وەک هۆکارێکی دیکەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر کۆمەڵگە، وەک دوو ڕووی دراوێک حزوری هەیە، ڕاگەیاندنی سەربەخۆ، دەتوانێت پانتاییەکی فراوان بۆ سەربەخۆیی ڕۆژنامەنووسان فەراهەم بکات. بەهەمان شێوە ڕۆژنامەنووسی سەربەخۆ و بێلایەن ئەنیا لە ئامرازێکی ڕاگەیاندنی سەربەخۆ دەتوانێت ئەرکی ڕاستەقینەی میدیایی خۆی جێبەجێ بکات، کە خۆی لەم خاڵانەی خوارەوەدا دەبینێتەوە:

- سەربەخۆیی کەسیی لەسەر ناوەڕۆک.
- ئازادی جووڵەی ڕۆژنامەنووسان.
- گرەنتی پاراستنی فیزیکی و ئابووری ڕۆژنامەنووسان.
- ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی لە پاراستن و پارێزگاریکردن لەڕۆژنامەنووسان.

4- نەبوونی هیچ جۆرە جیاکارییەک لەنێوان ڕۆژنامەنووساندا، لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنەوە، ئەنیا لەسەر بنەمای ئوانا و لێهاتوویی و چالاکی ڕۆژنامەگەری نەبێت.

5- نەبوونی جیاوازی لە نێوان ڕۆژنامەنووساندا، لەلایەن دامودەزگا حکومییەکانەوە، لە پێدانی زانیاریدا.

ڕاگەیاندن و ئاشناکردنی هاووڵاتیان بە ڕێککەوتنامەو بەڵێننامەو ڕێکخراوەکانی نەهێشتنی گەندەڵی

یەکێک لە هۆکارە گرنگەکانی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لە لایەن هاووڵاتییانەوە، بریتییە لە ئاشناکردنیان بە بەڵێننامە و ڕێککەوتنامە، ناوخۆیی و هەرێمایەتی و جیهانییەکان و ڕێکخراوەکانی پەیوەست بە نەهێشتنی گەندەڵی، هەروەها مادە و بڕگەکانیان، تا لە ئاستی گرنگی پێدانی وڵاتان، بەو دیاردە مەترسیدارە ئاگادارین و دواجار ڕای گشتی لەسەر بنەبڕکردنی بەرجەستە ببێت.

ڕێککەوتنامەکانی نەهێشتنی گەندەڵی

1-ڕێککەوتنامەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، لەپێشەکییەکەیدا هاتووە، کە بەدەستهێنانی سەروەت و سامان لەلایەن کەسێکەوە، بەشێوەی نایاسایی و ناڕەوا، ئاسەوارێکی زۆر خراپی دەبێت بۆ دامەزراوە دیموکراتی و ئابووریەکان و هەروەها سەروەری یاسا. ساڵی 2003 دامەزراوە و لە 2003/10/31 دا واژۆ کراوە لە لایەن 140 وڵاتەوە، لە 2005/12/14 وەوە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، کە لەنێواندا 14 وڵاتی عەرەبی ئایە، بەڕوونی باسی مەترسی گەندەڵی کردووە لەسەر وڵاتان و کۆمەڵگەی جیهانی بە گشتی، لەڕووی ئاسایش و ئابووری و ئەنانەت سەربازی و سیاسییەوە .هەموو وڵاتانی جیهان، لەگەڵ ڕێکخراوە ئابووریە جیهانییەکان دەتوانن ببن بە ئەندام ئایدا.

2-ڕێککەوتنامەی یەکێتی ئەفریقیا بۆنەهێشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی:

ئەم بەڵێننامەیە لە 2006/8/5وە چووەتە بواری جێبەجێکردنەوە، چوارچێوەیەکی گرنگی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دیاریکردووە، لەسەر ئاستی کیشوەری ئەفریقیا. لەو چوارچێوەیەدا باس لە گەندەڵی و پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ کراوە.

ئامانجی ڕێککەوتنامەکانی نەهێشتنی گەندەڵی

1-هەوڵدان بۆ ڕێگریکردن و نەهێشتنی گەندەڵی بەهەموو جۆر و ئاستەکانییەوە.

2-گرتنەبەری ڕێکاری یاسایی و هاوکاری نێودەوڵەتی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و نەهێشتنی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

3-هاندان بۆ لێپرسینەوە و بوونی بەڕێوبەرایەتییەکی گونجاو و زانستی و دوور لە ڕۆتین و بەرجەستەکردنی

شەفافیەت لە دامودەزگا حکومی و ئەهلی و گشتییەکاندا.

4-پاراستنی سەروەری ولاتان و دەستێوەرنەدان لەکاروباری ناوخۆیی نێوان ولاتاندا.

5-بوونی دەقی خۆپارێزی و دەقی سزایی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.

بەڵێننامەکانی بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

1-بەڵێننامەی ولاتانی ئەمریکی بۆ نەهێشتنی گەندەڵی ساڵی 1996.

2-بەڵێننامەی نەهێشتنی گەندەڵی نێوان فەرمانبەرانی یەکیەتی ئەوروپا ساڵی 1997 .

3-بەڵێننامەی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لە گرێبەستە بازرگانییە نێودەوڵەتییەکاندا، بە ناوی (ڕێکخراوی گەشەپێدان و هاوکاری بواری ئابووری ساڵی1997.

4-بەڵێننامەی یاسای ئاوانی گەندەڵی (لیژنەی وەزاری ئەنجومەنی ئەوروپا)ی ساڵی 1999.

5-بەڵێننامەی ئەمریکا بۆ نەهێشتن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ساڵی 2003.

6- بەڵێننامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بۆ نەهیشتنی ئاوانی نێوان ولاتان 10،2003

ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

1- ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی Transparency International Organization ساڵی 1993 لەلایەن (بیتر ئیجن)ەوە دامەزراوە و سەنتەری سەرەکی لە بەرلینی ولاتی ئەڵمانیایە. ڕێکخراوێکی ناحکومییە، لە زیاتر لە 100 ولاتی جیهان نووسینگە و لقی هەیە، ساڵانە چەندین ئاماژە و ڕاپۆرت بڵاو دەکاتەوە وەک:

-ڕێنمایی ئاماژەکانی گەندەڵی (دلیل نصورات الفساد)، Corruption (CP1 Perceptions International) .

-ڕاپۆرتی گشتگیری جیهانی گەندەڵی (Global Corruption Report (GCR

-ئاماژەکانی پێدانی ڕەشوە Bribe Payers Endue

2- ڕێکخراوی مالی ئازادی Freedom House

3- نووسینگەی ڕێکەوتنی نێودەوڵەتی UN Global compact

4- لوتکەی ئابووری جیهانی World Economic Forum WEF

5- ڕێکخراوی هاوکاری ئابووری و گەشەپێدان Organization for Economic co-operation and Development + OECD

6- دەزگای یان دامەزراوەی نەزاهەی جیهانی Global Integrity

بایەخی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکانی تایبەت بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

1- ئاشکراکردن و ناساندنی دامودەزگا و کەسانی گەندەڵ و بەفیڕۆدەرانی سامانی گشتی.

2- باشکردنی نوانای کار.

3- ئاسانکاری گۆڕان بەرەو باشتر و ئەنجامدانی چاکسازی.

4- هاوکاری جێبەجێکردنی شێوازی کارگێڕی هاوچەرخ.

5- بەکارهێنانی سامان و ئەنجامدانی خزمەتگوزاری لەو شوێنانەی کە پێویستە، بایەخی زۆرتری دەبێت بۆ هاووڵاتیان.

6- کەمکردنەوەی قەیران و گرفتەکان و سنووردارکردنی کۆسپەکان لە پێناو گەشەی دامودەزگاکاندا.

7- دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی کە لە ڕێگەیانەوە دامودەزگاکان دەتوانن بەراورد کاری بکەن و گەشە بە نواناکانی خۆیان بدەن.

8- هەڵسەنگاندنی کار و چالاکی دامودەزگاکان و دیاریکردنی خاڵە بەهێز و لاوازەکانیان.

ستراتیژییەتی هێرشبردن Attack, کاتێك ئامرازەکانی ڕاگەیاندن دامودەزگا و کەسایەتییەکانی پشت ئەنجامدانی گەندەڵی ئاشکرا دەکەن، هێرشیان دەکرێتە سەر و تۆمەتبار دەکرێن، لەوانەیە هەندێك جار تا ئاستی مەترسیدار هێرشەکان جدی بن

راگەیاندن پەیوەندییەکی راستەوخۆی هەیە بە ئاستی رۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵگەوە، بە هۆکارێکی گرنگی هۆشیارکردنی تاک دێتە ئەژمار، لە هەموو بوارەکاندا، دەتوانێت کاریگەریی گەورەی هەبێت بە ئاراستەی ئاشناکردن و هۆشیارکردنەوەی هاوواڵتیان

پێوەرە نێودەوڵەتییەکانی دەسەڵاتی تەندروست

1- ئاشکرایی و شەفافییەت Voice & Accountability

2- سەقامگیری رامیاری Political Stability

3- چالاکبوونی حکومەت و دەسەڵات لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریەکاندا.

4- کوالیتی ڕێکخستن Regulatory Quality

واتە بوونی ئوانای مرۆیی پێویست و شایستە و دیاریکردن و دانانیان لە شوێنی پسپۆڕی خۆیاندا، لە ناو دامودەزگاکانی حکومەت و دەسەڵاندا.

5- سەروەری یاسا.

6- کۆنترۆڵکردنی گەندەڵی Control of corruption

7- بوونی میدیای سەربەخۆ.

8- حزووری ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

ڕواڵەتەکانی بوونی گەندەڵی و ئەرکی میدیا لە دەستنیشانکردنیاندا

ڕێککەوتننامە و بەڵێننامە و ڕێکخراوەکانی بواری ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی ئاماژە بە کۆمەڵێک ڕواڵەتی گەندەڵی دەکەن، کە دەرکەوتنیان ئاماژەیەکی راستەوخۆیە بۆ بوونی لە دامودەزگاکان و کەرتە گشتی و ئایبەتییەکاندا، ڕاگەیاندن پێویستە لە یەکە بەیەکەی ئەو ڕۆڵەتانە ئاگادارێت و باسیان لێوە بکات، پێویستە هاوواڵتیان لە بارەیانەوە ئاگادار بکاتەوە، لێرەدا ئاماژە بە دیارترین و بەربڵاوترینیان دەکەین، وەک:

1- دەرکەوتنی دیاردەی بەرتیل وەرگرتن و بڵاوبوونەوەی.

2- بەکارهێنانی دەسەڵات بۆ بەرژەوەندی ئایبەتی و ماددیی.

3- بڵاوبوونەوەی ساختەکاری و چەپاوڵی ماددی و پارەلادان.

4- دامەزراندن بە بێ ڕەچاوکردنی پسپۆڕی و ئوانا و لێهاتوویی.

5- ئێوەگلانی فەرمانبەرەکانی حکومەت بە گەندەڵی و ڕانەپەڕاندنی ئەرکی راستەقینەی خۆیان.

6- سەرهەڵدانی بیرۆکرائیەت لە سیستمی بەڕێوەبردندا، بە هۆی زۆری لیژنەکان و بێ ئەنجامی کارەکانییانەوە.

7- بازرگانیکردن بە مووڵک و ماڵی گشتی و بەکارهێنانی لە پێناوی بەرژەوەندی کەسیدا.

8- بوونی گەندەڵی لە گرێبەستەکانی پەیوەست بە هێزی سەربازی وڵات و وزە و سەرچاوەکانی داهات بە گشتی و مامەڵە بازرگانییەکانی هەناردەکردن و هاوردەکردنی کاڵاکان.

9- ساختەکاری لە چۆنیەتی وەرگرتنی ئەندەری پڕۆژەکانی خزمەتگوزاری و پێدانیان بە کۆمپانیا و کەسی نەشیاو.

10- بەکارهێنانی سامان و مووڵک و ماڵی گشتی و حکومەت لە پێناو بەرژەوەندی ئایبەت و لە کاتی هەڵبژاردنەکاندا.

11- زیادبوونی ڕۆژین لە دام و دەزگاکانی حکومەت و سستی لە بەرێوەبردنی کاروباری هاووڵاتییاندا.

12- نەبوونی شەفافییەت، لێنەپرسینەوەی ئەنجامدەرانی گەندەڵی.

ستراتیژییەکانی میدیا بۆ ڕووبەڕبوونەوەی گەندەڵی و هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتییان

1-ستراتیژییەتی هێرشبردن Attack، کاتێک ئامرازەکانی ڕاگەیاندن داموەدزگا و کەسایەتییەکانی پشت ئەنجامدانی گەندەڵی ئاشکرا دەکەن، هێرشیان دەکرێتە سەر و ئۆمەتبار دەکرێن، لەوانەیە هەندێک جار ئا ئاستی مەترسیدار هێرشەکان جدی بن، ڕاگەیاندن پێویستە ئامادەکاری بۆ وەها حاڵەتێک بکات و بزانێت بەشێوەیەکی زانستی ڕووبەڕووی بێتەوە.

2-ستراتیژییەتی ملنەدان Denial: بریتییە لە ڕەتکردنەوەی سەرجەم تۆمەتەکانی گەندەڵی و ملنەدان و دانپیانەنانیان لە لایەن داموەدزگاکان و کەسانی تێوەگلاو لەگەندەڵییەوە، ڕۆژنامەنووسان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن، پێویستە بە دانا و بەڵگەنامە و زانیاری ڕاست و دروست، لە چوارچێوەی ئەم ستراتیژییەدا، گەندەڵییەکان ئاشکرا بکەن و زانیاری پێویست بە هاووڵاتییان ببەخشن.

3-ستراتیژییەتی گۆڕین Diversion: ڕاگەیاندن پێویستە ئەوە بزانێت کە کاتێک هەواڵ و زانیاری لەبارەی گەندەڵی داموەدزگاکان و کەسانێکی دیاریکراوەوە بڵاو دەکەنەوە، ئەگەری ئەوە هەیە کە هەوڵی گۆڕینی تۆمەتەکان بدەن بۆ دەزگا و کەسانی دیکە و جۆرێک لە چەواشەکاری بخولقێنن بە مەبەستی شاردنەوەی ڕاستییەکان و نەدۆزینەوەی خانەی سەرەکی گەندەڵی. لە وەها حاڵەتێکدا هاووڵاتی ئووشی جۆرێک لە ڕاجیاوازی و لاوازی

لە بڕیاردان دەبێنەوە، ئەرکی راگەیاندن ئەوەیە کە خانەی سەرەکی گەندەڵی ئاشکرا بکات و نۆمەنەکان پشتڕاست بکاتەوە.

4-ستراتیژییەتی پۆزش هێنانەوە Excuse: ئەم ستراتیژییەنە کاتێک پەیڕەو دەکرێت کە ئەو داموددەزگایانەی نۆمەتبارکراون بەگەندەڵی، پۆزش دەهێنەوە و بەشێوەیەک دەیانەوێت لەبەرپرسیارەتی ڕابکەن، بەڵام دەزگاکانی ڕاگەیاندن بەپێی ستراتیژییەتێکی زانستی کار بۆ دەرخستنی نەواوی ڕاستییەکان دەکەن و ناڕاستی و نازانستی بوونی پۆزشەکان بۆ هاوواڵنیان روون دەکەنەوە.

5-ستراتیژییەتی پاساوهێنانەوە Justification: ئەو داموددەزگایانەی کە لەلایەن ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە ناویان دەهێنرێت، لەبارەی ئەو گەندەڵییەی کە ئەنجامیان داوە، یان ئەو کەسانەی کە باس دەکرێن، بۆ ڕەواییدان بەکارەکانیان پاساو دەهێننەوە و بەشیاوی لەقەڵەم دەدەن. لەم حاڵەتەدا ڕاگەیاندن پێویستە بە بەڵگە و زانیاری وردەوە هاوواڵنیان هۆشیار بکاتەوە و لە ناڕاستی بوونی پاساوەکانیان ئاگاداریان بکاتەوە.

6-ستراتیژییەتی دانپیانان و چارەسەر، ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن پێویستە پلانێکیان هەبێت، بۆ ئەم ستراتیژییەنە، کە لەلایەن داموددەزگاکانی پەیوەستە بە گەندەڵییەوە پەیڕەو دەکرێت ئەویش بریتییە لەدانپیانانی بوونی گەندەڵ و هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی، پلانەکەش خۆی لە قەرەبووکردنەوەی زەرەرمەندان و ڕادەی سووربوونی چارەسەرەکان و ئەنجامدانی چاکسازی و بنەبڕکردنی گەندەڵییەکەدا دەبینێتەوە.

ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

ڕاگەیاندن ڕۆڵێکی بنەڕەتی دەبینێ لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، ئەرکی سەرەکی چاودێریکردنی کۆمەڵگەیە بە گشتی، ئاشکراکردنی ئەو کەس و داموددەزگایانەی کە گەندەڵی ئەنجام دەدەن لە پێشینەتی ئەو چاودێریکردنەیە.

گەندەڵی بە شێوەیەکی نهێنی و دوور لە چاوی خەڵک و هاوواڵنیان ئەنجام دەدرێت، بە بێ میدیای ئەکتیڤ و بەڕەپرس و بێلایەن و سەربەخۆ ئاشکرابوونیان دژوار و ئەستەمە. لێرەوە ململانێی نێوان کەس و ناوەندە گەندەڵەکان و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان سەرهەڵدەدات.

ڕاگەیاندن هەنووکە دەسەڵاتێکی جەماوەریە، کە گوزارشت لە ویژدانی هاوواڵنیان و بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان دەکات، لەو سۆنگەیەوە ڕۆڵ و ئەرکی خۆی لە ئاشکراکردن و نەهێشتنی گەندەڵیدا، زۆر پیرۆز سەیر دەکات و پەیام و ئەرکی خۆی لەسەر ئەو پرسە گرنگە چڕدەکاتەوە.

ڕاگەیاندن بەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی هەیە بە ئاستی ڕۆشنبیری و هۆشیاری کۆمەڵگەوە، بە هۆکارێکی گرنگی هۆشیارکردنی ئاک دێتە ئەژمار، لە هەموو بوارەکاندا، دەتوانێت کاریگەریی گەورەی هەبێت بە ئاراستەی ئاشناکردن و هۆشیارکردنەوەی هاوواڵنیان، لە بارەی دیاردەی گەندەڵی و مەترسی لەسەر کۆمەڵگە، ئاشناکردنیان بە ئەگەری داڕمانی ئابووری و لێکهەڵوەشانی سیستمی سیاسی و شکستی کارگێڕی دەسەڵات و حکومەت. بە ئایەتی کاتێک ئەو دیاردەیە زۆر پەرەدەستێنێت و ڕەهەندێکی کۆمەڵایەتی وەردەگرێت، ئەوکاتەی ئاک وەک پرسێکی ئاسایی وەریدەگرێت و لەگەڵیدا دەژی، لە کاتێکدا بە ئاسپایی جەستەی لەکاردەخات و لەناوی دەبات. لە بارەی ڕاستگۆیی وردبینی ڕۆژنامەنووس و کاریگەریی لەسەر وەرگر و ئاکەکانی کۆمەڵگە و بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری و ڕۆشنبیریان و گۆڕینی ڕەفتار و هەڵسوکەوت و ڕەفتاریان، دیدوبۆچوونی جیاواز هەیە، بەئایەتی لەسەر ئاستی ئەو کاریگەرییەی کە دەتوانێ لەسەر کۆمەڵگە هەیێ.

زۆرێک لە پسپۆران باوەڕیان وایە کە ڕۆژنامەنووسەکان دەتوانن نەخشەیەکی زانیاری گرنگ پێشکەش بە جەماوەر بکەن، تا بتوانن لە ڕێگەیەوە شارەزایی لەبارەی دەوروبەری خۆیان و جیهانەوە بەدەستبهێنن، لەسەرجەم بوارە جیاوازەکاندا، بەئایەتی کاتێک ڕۆژنامەنووسان و ئامرازەکانی ڕاگەیاندن پەردە لەسەر پرسەکانی وەک گەندەڵی و گەندەڵی کارگێڕی لادەبەن و زۆرێک لە پرسە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییان ناونوێ دەکەن و ڕای گشتی لە بارەیانەوە دروست دەکات.. لە ناوەڕاستی هەشتاکانی چەرخی ڕابردووەوە گفتوگۆیەکی زۆر لە ئارادا بوو لە بارەی هەڵسوکەوت کردن لەگەڵ پیشەی ڕۆژنامەگەریدا لە دیدێکی عەقڵانیەوە، بە ئایەتی کاتێک ڕۆژنامەنووسان ڕەچاوی ڕاستگۆیی و بێلایەنی و بابەتیبوون ناکەن، لە کۆکردنەوە و بڵاوکردنەوەی زانیارییەکاندا، یان ئەو کاتانەی کە سنووری ئازادی و کەسایەتی ئەوانی دیکە دەبەزێنن و پیشەکەیان بۆ بەرژەوەندی خۆیی بەکاردەهێنن، یان ئەوکاتەی ڕۆژنامەنووس هەڵسوکەوتی لە پرۆسەی بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا و لەکاتی کارەتوندوتیژی و شەڕ و قەیرانەکاندا گونجاو نییە و لەگەڵ پیشەی ڕۆژنامەگەریدا یەکناگرێتەوە.

بۆ ئەوەی ڕاگەیاندن بتوانێت کاریگەرییەی هەبێت لەسەر هۆشیارکردنەوەی هاوواڵنیان، سەبارەت بە گەندەڵی پێویستە پلان و سیاسەتێکی کارکردی نۆکمەی هەبێت، کە دەتوانین لە چەند خاڵێکدا ئاماژەی پێبکەین وەک:

1- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری خۆپاراستن، لە ئەنجامدانی گەندەڵی و دەرخستنی لایەنە خراپ و نەرێنیە ئاکارییەکانی بۆ هاوواڵنیان. بە هاوکاری دەزگا پەیوەندیدارەکان.

2- ڕێکخستنی بانگەشەیەکی

هۆشیاری بە مەبەستی دروستکردنی ڕای گشتی ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

3- ئیشک خستنە سەر گرفت و ئاریشەکانی بەردەم نەهێشتنی گەندەڵی لە لایەن کەس و دامودەزگاکانەوە.

4- ئاشکراکردنی ڕێگری کۆسپەکانی بەردەم چاکسازی، لە ناو دامودەزگا حکومییەکان و کۆمپانیا و کەرتە ئایەتْ و گشتییەکاندا.

5- گرنگیدان بە کۆڕ و وۆرکشۆپ و سمینار و کۆنگرەکانی ئایەتْ بە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی.

6- ئەنجامدانی بەدواداچوون بۆ ڕێکارە کارگێڕی و یاساییەکانی دەسەڵاتْ و حکومەتْ، بۆ نەهێشتنی گەندەڵی.

7- ئیشک خستنەسەر ئەزموونی وڵاتان، لە بنەبڕکردنی گەندەڵی و ئەنجامدانی چاکسازی ئیایاندا.

8- ئەنجامدانی بەدواداچوونی خێرا و جدی بۆ هەر بابەتێکی پەیوەستْ بە دیاردەی گەندەڵی کە دەوروژێنرێتْ، بە مەبەستی ئاشکراکردنی و گەیشتن بە ڕاستییەکان و پێشنیارکردنی ڕێگاچارەی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی.

9- بڵاوکردنەوەی هۆشیاری لە بارەی گرنگی چاکسازی کارگێڕی و بەهێزکردنی گیانی هاوکاری و کۆدەنگی و یەک هەڵوێستی دژی گەندەڵی.

10- بەوپەڕی ڕوونییەوە هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی هەموو جۆرەکانی گەندەڵی، ئەم ئەرکە پێویستە وەک ئامانجێکی سەرەکی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن سەیربکرێتْ.

شێوازی کارکردی دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

بۆ ئەوەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بتوانن، ڕۆڵ بگێڕن لە بنەبڕکردنی گەندەڵی و کاریگەرییدانان لەسەر ئاک بەو ئاراستەیە، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاوبکەن:

1- بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر دیاردەی گەندەڵی بەبێ هیچ ئرس و دڵەڕاوکێیەک، هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی دامودەزگا گەندەڵەکان و گەندەڵکاران.

2- بەکارهێنانی شێوازی هاوچەرخ و زانستی و ئەکادیمی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی. لە ڕووی ژانر و ئەکنۆلۆژیا و ئایەتمەندی ڕۆژنامەنووسییەوە.

3- کارکردن بەوپەڕی مئمانەوە، لە پێناوی گەیاندنی پەیامی هۆشیارکردنەوەی ئاک و ئاگادارکردنەوەی هاووڵاتیان، لەبارەی دیاردەی گەندەڵی و ئامادەبوون بۆ هەر ئەگەر و مەترسیەک کە لەو پێناوەدا ڕووبەڕووی دەبێتەوە.

4- کردنەوەی خوول و ئەنجامدانی وۆرکشۆپ و سمینار، لە بارەی دیاردەی گەندەڵی و ڕێگاکانی چارەسەرکردنی.

5- هەوڵدان بۆ بەدەستهێنانی پشتیوانی بەرپرسان و دامودەزگاکان، بۆ ئاشکراکردن و ڕێگریکردن، لە گەندەڵی بە هەموو جۆرەکانییەوە.

6- پێویستە سیستمی حوکمڕانی ئازادی ڕۆژنامەگەری دەستەبەر بکاتْ، بۆئەوەی ڕۆژنامەنووسان بە ئاسانی بتوانن بگەن بە سەرچاوەکانی زانیاری و ئاشکراکردنی گەندەڵی، هاوکاتْ پێویستە ڕاگەیاندن بۆ بەدەستهێنانی ئازادی خۆی بەردەوام کاربکاتْ، چونکە بەبێ ئەو ئازادییە ناتوانێتْ ئەرکی چاودێریکردنی ژینگە ئەنجام بداتْ.

7- دەستەبەرکردنی پشتیوانی دارایی و ئاسایشی بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران، لەچوارچێوەی ئەرکەکەیاندا، بۆ پێدانی هەواڵ و زانیاری پەیوەستْ، بە گەندەڵی و هۆشیارکردنەوەی جەماوەر لەو بارەیەوە.

8- پەیوەستکردنی هەوڵی بنەبڕکردنی گەندەڵی، بە بەرژەوەندییە

باڵا نیشتمانییەکانەوە، لە گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی و ئایندەی وڵاتـ.

9- ڕوونکردنەوەی کاریگەرییە خراپەکانی گەندەڵی، لە لایەک و بایەخی بنەبڕکردنی لە لایەکی دیکەوە، بۆ هاووڵاتیان پێویستە لە پێشەوەی ئەرکەکانی ڕاگەیاندندا بێتـ.

10- خستنەڕووی ڕا و سەرنج و پێشنیازی بەرپرسە باڵاکان و دەزگاکانی نەهێشتنی گەندەڵی.

هۆکارەکانی سەرکەوتنی ڕاگەیاندن، لە هۆشیارکردنەوەی هاووڵاتیان و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا.

ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بۆ ئەوەی کاریگەرییان هەبێتـ لەسەر ئاک، ڕۆژان هەبێتـ لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و چارەسەرکردنیدا، پێویستە ڕەچاوی ئەم بنەمایانەی خوارەوە بکاتـ:

ا- ڕەچاوکرنی ڕاستگۆیی و دووربینی لە گواستنەوەی هەواڵ و زانیارییەکاندا.

بەدەستهێنانی مئمانەی خوێنەر و بیسەر و بینەر لە ئامانجە سەرەکییەکانی میدیایە، پێویستە ڕۆژنامەنووسان هەموو هەوڵ و ئوانایەکیان بخەنەگەر لەپێناو ئەوەی کە ئەو هەواڵ و زانیارییانەی بەدەستیان دەهێنێتـ ڕاست و دروستـ بن، وردبینی نەواوی بۆ ئەنجام بدەن و زانیارییەکانی پشتڕاستکردبێنەوە ڕاستگۆیی و وردبینی بەو وانایە دێتـ کە:

1- زانیارییەکان وەک خۆیان و بێ زیاد و کەم بڵاوبکرێنەوە.

2- زانیارییەکان پشتڕاستکرابنەوە و ڕاستـ و دروستـ بن.

3ـ بێ لایەنی لە بەدەستهێنانی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیاندا ڕەچاو کرابێتـ.

4ـ زانیارییەکان لەچوارچێوەی بابەتەکەدابن و پەیوەندیان بەڕووداوەکەوە هەبێتـ.

5ـ هیچ ڕووگە (بعد) و لایەنێکی ڕووداوەکە فەرامۆش نەکرابێتـ.

6ـ دڵنیابوون لە نەبوونی هیچ جۆرە هەڵەیەک لە زانیارییەکاندا وەک ناک، ناو، شوێن، ژمارە... هتد.

ب- ئەنجامدانی بەدواداچوونی ورد و بەردەوام بۆ دیاردەی گەندەڵی لە کۆمەڵگەدا.

ج - دورکەوتنەوە لە ناوزڕاندن و دەستەواژەی نەشیاو، چڕکردنەوەی پەیامی خۆی لەسەر پرسی گەندەڵی بەپێی دیکۆمێنتـ و داتای ڕاستـ و پەیوەستـ بە پرسەکەوە.

د- گشتگیر نەکردنی دیاردەی گەندەڵی بە بێ بوونی بەڵگەی ئاشکرا، بە ئەنیا ئیشک خستنەسەر ئەو کەس و دامەزراوەیەی کە گەندەڵی ئەنجامداوە، دوای پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکان.

ه- جەختکردنەوە لەسەر ئازادی ڕۆژنامەنووسان و ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن ،بۆ گەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری و بوونی ماقی بەدەستهێنانی زانیاری بۆیان.

و- پشتیوانیکردنی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان لە لایەن دەسەڵاتـ و حکومەتەوە.

کۆسپەکانی بەردەم ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لە ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

یەکەم: لاوازی پەیامی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن لەبەر ئەم هۆیانەی خوارەوە:

ا- ئەنجام نەدانی بەدواداچوون بۆ بابەتە گەندەڵییە وروژێنراوەکان، لە لایەن ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە، وەک ئەوەی مەبەستیان نەبووبێتـ کە بگەن بە ڕاستی بابەتەکە و ئاشکراکردنی. بەڵکو ئەنیا لە پێناوی بەرژەوەندییەکی تایبەتدا بڵاویان کردبێتەوە، وەک ناوهێنانی دەزگا و دامەزراوە و کۆمپانیا و حیزب و ڕێکخراوێکی تایبەتـ، بە مەبەستی ناوزڕاندنی، لەبەرئەوە جەماوەر مئمانەی بە میدیا و میدیاکاران نامێنێتـ. ئەم کۆسپەش لە ئەنجامی سیاسەتی نەرێنی کارکردنی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە سەرچاوە دەگرێتـ، کە خۆی لە چەند دەروازە و فلتەرێکی خودی و حیزبی و ئایدیۆلۆژیدا

متمانە نەبوونی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە سەرچاوەکانی زانیاری و ڕاست و دروست بوونی داتا و دیکیۆمێنتەکان، متمانە نەبوون لە بێلایەنی سەرچاوەی زانیارییەکان و بابەتی نەبوونی زانیارییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت

خۆی دەبینێتەوە، ئەم حاڵەتە بە گرفتێکی گەورەی بەردەم هۆشیارکردنەوەی ئاک، لە لایەن ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنەوە دێتە ئەژمار، سەبارەتـ بە پرسی گەندەڵی.

ب- مئمانە نەبوونی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە سەرچاوەکانی زانیاری و ڕاستـ و دروستـ بوونی داتا و دیکیۆمێنتەکان، مئمانە نەبوون لە بێلایەنی سەرچاوەی زانیارییەکان و بابەتی نەبوونی زانیارییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێتـ، یان پەیوەستـ نەبوونی بە بابەتەکەوە، بۆیە هەندێک جار هەواڵ و زانیارییەکانی لەمەڕ دیاردەی گەندەڵی پشتڕاستـ ناکرێنەوە، ئەو بێ مئمانەییە کۆسپێکی دیارە لەبەردەم گەیشتنی زانیاری ڕاستـ و دروستـ بە هاووڵاتیان و ئاگادارکردنەوە و هۆشیارکردنەوەیان بەو ئاراستەیە.

دووەم: نالۆژیکی لەقەڵمدانی پەیامی نامڕازەکانی ڕاگەیاندن، کە پەیوەستە بە دیاردەی گەندەڵی، لە لایەن هاووڵاتیانەوە، بەو ئێروانینەی کە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن بە مەبەستی ئایەتـ

هەواڵنامەی کێبڕکێ

بۆ ئەوەی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن و ڕۆژنامەنووسان بتوانن، ڕۆڵ بگێڕن لە بنەبڕکردنی گەندەڵی و کاریگەرییدانان لەسەر تاک بەو ئاراستەیە، پێویستە ئەم خاڵانەی خوارەوە ڕەچاوبکەن

و لە پێناو بەرژەوەندی ئایینداو بابەتی گەندەڵی دەوروبەرماندا، بە شێوەیەک کە ئەوەی باسی لێوە دەکەن و بڵاوی دەکەنەوە و ئەوەش کە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە دوو شتی لێک جیاوازن، بەو مانایەی کە پەیامی ڕاگەیاندن ڕاستییەکان دەشێوێنێت.

سێیەم: نەبوونی پەیوەندی و هەماهەنگی لە نێوان دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دامودەزگا حکومییەکاندا، بە تایبەتی ڕاگەیاندنی نازاد و سەربەخۆ و تەهلی، ئەو پرسە دەبێتە کۆسپێکی گەورە لەبەردەم بەدەستهێنانی زانیاری و بڵاوکردنەوەی بۆ هاووڵاتیان و هۆشیارکردنەوەیان و ئاگادارکردنەوەیان لە دیاردەی گەندەڵی.

چوارەم: نەبوونی پەیوەندی و هاوکاری و هەماهەنگی پێویست لە نێوان ئامڕازەکانی ڕاگەیاندنا، هەندێک لە ئامڕزەکانی ڕاگەیاندن ئەنیا ئامانجیان ڕاکێشانی سەرنجی زۆرئرین وەرگرە، لە پێناو بەرژەوەندی خۆیاندا و بۆ جێبەجێکردنی ئامانجەکانیان، دەکرێت پەنا بۆ پڕوپاگەندە و بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری ناڕاست ببرێت، بە پێچەوانەوە هەندێک لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن مەبەستیان خزمەتی کۆمەڵگەیە، لە ڕێگەی هۆشیارکردنەوەی ئاکەکانی و پێدانی زایاری پێویستەوە، ئەم دوو جۆرە میدیایە، خاوەنی دوو پەیامی جیاوازن و هاوکاری لە نێواندا نییە، زۆرجار دەبنە هۆی چەواشەکردنی هاووڵاتیان و ڕاستییەکان دەبنە قوربانی ئەم ئاریشەیە.

پێنجەم: بەهەڵە بەکارهێنانی ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن، بۆ قسەکردن لەسەر دیاردەی گەندەڵی، هەندێک لە ئامڕازەکانی ڕاگەیاندن خاوەنی ستراتیج و پلانێکی دیار و زانستی نین، سیاسەتی کارکردنیان ناڕوونە، پەیامێکی ئەندروستیان نییە، کاتێک باس لە دیاردەی گەندەڵی دەکەن، هاووڵاتیان مەبەستیان بە ڕاستی و دروستی زانیارییەکان نییە. بۆیە ناتێت وەک هۆکارێکی ئاشکراکردن و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەقەڵەم بدرێن و بەکاربهێنرێن لە لایەن دەزگا و دامەزراوە و بەڵێنامە و ڕێککەوتنامەکانی دژە گەندەڵی.

شەشەم: کورتهێنانی دیاردەی گەندەڵی لە چوارچێوەی هەواڵی ڕۆژنامەوانیدا و باسنەکردنی دیاردەکە بە شێوەیەکی ورد و قوواڵ و زانستی و ئەکادیمی، لە شێوەی ژانری بەدواداچوونی ڕۆژنامەگەریدا، ئا بئوانرێت هەموو ڕەهەندەکانی شرۆڤە بکرێت و هۆکار و چارەسەرەکان بە ئەواوی دیاری بکرێن.

ڕۆژنامەنووس و شێوازی پاسەوانی دەرگا، لە ڕووماڵی دیاردەی گەندەڵیدا

ڕۆژنامەنووسان بۆ ئەوەی بئوانن بە شێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی ڕووماڵی دیاردەی گەندەڵی بکەن، پێویستە ڕەچاوی شێوازی پاسەوانی دەرگا بکەن، ئەم شێوازە ئاماژەیە بۆ پارێزگاری کردن لە ڕاستی و دروستی هەواڵەکان، لەلایەن ڕۆژنامەنووسەوە ئەنانەت ئەگەر بە لەدەستدانی گیانی خۆیشی بێت، ئایبەئمەندییەکانی ئەم شێوازەش بریئین لە:

ا پەیڕەوانی ئەم شێوازە، لێکۆڵینەوە و پشڕاستکردنەوە و بەدواداچوون بۆ ڕاستییەکان و دیاریکردنی ئاستی زەرورەئی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیارییەکان بۆ جەماوەر لە کار و چالاکییەکانیاندا بەهەند وەردەگرن و وەک بنەمایەک پێوەی پابەند دەبن.

ب پاسەوانانی دەرگا ڕێز لە چەمکی بابەئیبوون دەگرن و لە ژانرە ڕۆژنامەوانییەکاندا ڕەچاوی دەکەن، ئەگەرچی دەزانن کە نائوانن بەئەواوی هەموو لایەنەکانی جێبەجێ بکەن.

ج دەکرێت بۆ لایەنگرانی ئەم شێوازەی کاری ڕۆژنامەگەری چەمکی (پاسەوانی هەواڵ) بەکاربهێنین، بەو مانایەی پارێزگاری لە جەستەی ڕاستەقینەی هەواڵەکە دەکەن و لەهەر زانیارییەکی ناڕاست و شێواندنی دەپارێزن. نەک فلتەر دانان بۆ هەواڵ و زانیاری بە خواستی خۆیان.

د لە شێوازی پاسەوانی دەرگادا ڕۆژنامەنووسەکان خولقێنەری ڕووداو و هەواڵ نین، بەڵکو کۆکەرەوە و بڵاوکەرەوەی هەواڵ و زانیارییەکانن، هیچ ڕۆڵێکیان لە دروستبوونی ڕووداوەکاندا نییە.

ه لە شێوازی (پاسەوانی دەرگا) دا، ڕۆژنامەنووسەکان جیاکارییەکی ئەواو لەنێوان (هەواڵ) و (ڕا)دا دەکەن، وەرگریش بەئاسانی ئەو جیاکارییە هەست پێ دەکات.

و وەرگر لە شێوازی (پاسەوانی دەرگا)دا بەئاسانی دەئوانێت لە ڕێگەی هەواڵ و ڕاپۆرئە هەواڵەکانەوە لە ڕاستی ڕووداوەکان ئاگاداربێت و ئێگات.

ئەو ویستگانەی کە رۆژنامەنووس پێویستە بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، لە رووماڵی دیاردەی گەندەڵیدا

پسپۆرانی بواری راگەیاندن و یاسا و کۆمەڵناسی ئاماژەیان بەچەندین ویستگەی گرنگ کردووە کە رۆژنامەنووس پێویستە زۆر بە وریاییەوە مامەڵەیان لەگەڵدا بکات، لە کاتی رووماڵی هەواڵی سەخت و پرسە گرنگەکانی وەک گەندەڵیدا:

1ـ رشوە (بەرتیل) و دیاری وەرگرتن: رۆژنامەنووس نابێت بەهیچ شێوەیەک دیاری و رشوە وەربگرێت بەمەبەستی شێواندنی راستییەکان.

2ـ گۆڕین و دەستکاری کردنی وێنەکان و گرتە ڤیدیۆییەکان: ئەم رەفتارە دوور لە ئاکاری رۆژنامەوانییە، کە لەم زەمەنی پێشکەوتنەی تەکنۆلۆژیایەدا زۆر دیار و بەرچاوە. دەبێتە هۆی کاریگەریی دانانی زۆر خراپ لەسەر وەرگر بەهۆی ئەو شێواندنەوە و دواجار وەرگرتنی زانیاری هەڵە و بڕیاردانی هەڵە لەبارەی رووداو و پرس بابەتەکەوە. بەردەوام راستییەکان دەبنە قوربانی و هەواڵ و زانیاری ناڕاست بڵاودەکرێنەوە.

3ـ زیادەڕۆی و گەورەکردنی هەواڵەکان Inflating The News: رۆژنامەنووس پێویستە هەواڵ و زانیارییەکان وەک خۆیان و بەبێ گەورەکردن و کەم و زیاد کردن بڵاوبکەنەوە.

4- بەکارهێنانی وێنە و تەرشیفی ناپەیوەست بە هەواڵ و زانیارییەکانەوە Video Deception: رۆژنامەنووس پێویستە ئەو وێنە و تەرشیف و گرتە ڤیدیۆییانە بەکاربهێنێت کە گوزارشت لە هەواڵەکە دەکەن و پەیوەندی راستەوخۆیان بەبابەتەکەوە هەیە، بە پێچەوانەوە بەکارێکی چەواشەکارانە لە قەڵەم دەدرێت و کاریگەریی نەرێنی دەبێت بۆ سەر رۆڵ و کاریگەریی راگەیاندن.

5- نێکەڵکردنی ئەرکی راگەیاندن و پروپاگەندە: رۆژنامەنووسی پێویستە بزانێت راگەیاندن بۆ خزمەتی کۆمەڵگەیە بەگشتی و ئەرکی بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری راست و دروستە، بەڵام پروپاگەندە بۆ دەستە و ئاقم و دەستە و حیزب و دەسەڵات و حکومەتێکی تایبەتە و لەو پێناوەش دایە،بۆیە کاتێک باس لە وێستگەکانی جیاکردنەوەی رۆژنامەگەری و ڕەوشت دەکەین پێویستە بزانین کە پیشەی رۆژنامەگەری بەبێ ڕەچاوکردنی ئاکاری تایبەتی خۆی کە لە چوارچێوەی یاسا و رێساکان و بنەما و ماددە و بڕگە ناوخۆیی جیهانییەکانی ڕەوشتی راگەیاندن و بەڵێننامە و شەرەفی رۆژنامەنووسی و سنووری کارکردنی ئاکاری دەزگاکانی راگەیاندندا دەستنیشانکراوە، ناتوانێت خزمەت بە کۆمەڵگە بکات و لەوانەیە بە پێچەوانەوە ببێتە مەترسی بۆ کۆمەڵگە.

6- دروستکردنی سیناریۆ بەمەبەستی بڵاوکردنەوەی و زانیاری ناڕاست و لەپێناو بەرژەوەندی تایبەتدا:

ئەم حاڵەتە زۆربەی کات لەکاتی قەیران و شەڕ و ئاژاوەکاندا ڕووەدات، رۆژنامەنووس دوور لە راستی خۆی سیناریۆ دروست دەکات و کاراکتەرەکان دەستنیشان دەکات و هەواڵ و زانیاری ناتەواو بڵاو دەکاتەوە، کە سەر لێشێوان و گومڕایی بۆ وەرگر بەدی دەهێنێ و لەکارە زۆر دژە ئاکاری و ڕەوشتییەکانی رۆژنامەگەرییە.

7- ناکۆکی بەرژەوەندییەکان conflict of interest: رۆژنامەنووس نابێت هیچ کات لەپێناو بەرژەوەندییەکانی خۆیدا ئەرک و پیشەی راستەقینەی رۆژنامەگەری خۆی فەرامۆش بکات، کە بریتییە لە خزمەتکردنی ئاکەکانی کۆمەڵگە، وانە کاتێک دەرخستنی راستییەکان و بڵاوکردنەوەی هەواڵەکان مەترسییان بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەبێت پێویستە بە ئەرکی پیشەیی خۆی هەستێت و بەرژەوەندییە خودییەکان بکاتە قوربانی بەرژەوەندی گشتی.

8- ناوزراندن Libel: رۆژنامەنووس پێویستە زۆر بە وریاییەوە ئەرکی خۆی ئەنجام بدات و ئاگاداربێت کە کارەکەی نەبێتە هۆی ناوزڕاندن و بەزاندنی سنووری ئەوانی دیکە و کاریگەریی دانانی نەرێنی لەسەر کەسایەتیان، لەکاتێکدا کە پەیوەندیان بە هەواڵ و ڕووداوەکەوە نەبێت، یان بە ناڕەوا لەکەدار بکرێن و دوور بن لە پرسی بابەتەکەوە.

9- بەڵگەی نائەواو: رۆژنامەنووس بەردەوام پێویستی بە بەڵگەیە بۆ پشتڕاستکردنەوەی زانیارییەکانی، بەڵام هەندێک جار لەوانەیە ئەو بەڵگە و دیکۆمێنتانە نائەواو بن و نەتوانن بە ڕوونی زانیارییەکان پشتڕاستبکەنەوە، بۆیە لەم حاڵەتەدا پێویستە لەسەری کە هەوڵی زیاتر بخاتەگەڕ و بە ئەنجامی باشتر بگات و زانیاری نائەواو بڵاونەکاتەوە، کە ببێتە هۆی گۆڕینی راستییەکان و ڕێڕەوی دادگا، بەتایبەتی لە بەدواداچوون و لێکۆڵینەوەی رۆژنامەوانیدا.

10- پشتگیری نەکردنی بەشداربووان، لە ڕیپۆرتاژ و لێکۆڵینەوە و پرۆگرامە رۆژنامەوانییەکاندا کاتێک ڕووبەڕووی یاسا دەبنەوە، یان کێشەی کۆمەڵایەتییان بۆ دروست دەبێت. پێچەوانەی ئاکاری ڕاگەیاندنە.

11- ئاشکراکردنی سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری کاتێک نەیەوێت بناسرێت، وانە رۆژنامەنووس نابێت سەرچاوەی زانیارییەکانی ئاشکرا بکات ئەگەر داوای لێکردبێت کە بە نهێنی بمێنێتەوە، بەپێی ئەو تایبەتمەندییانەی کە لە ڕەوشتی راگەیاندندا بە گشتی ئاماژەیان پێکراوە.

12- لۆماری نهێنی: ڕەوشتی راگەیاندن وەک زۆربەی سەرچاوەکان ئامادەی پێدەکەن، ڕێگری دەکات لەوەی کە رۆژنامەنووس پەنا بەرێت بۆ نۆمارکردنی دەنگ و وێنە بەشێوەیەکی نهێنی و بەشێوازێکی سیخوڕی لەپێناو بەدەستهێنانی زانیارییەکاندا، ئەگەرچی لە ژینگە کۆمەڵایەتییە داخراوەکاندا و لە وڵاتانی نادیموکرات و نۆتالیتارۆ داپلۆسێنەردا زۆرجار ئەو کارە ئەنجامدراوە

هەواڵنامەی وێب

لەلایەن ڕۆژنامەنووسانەوە، چونکە سەرچاوەکانی زانیاری قۆرخکراون و بە ئاشکرا نائوانن زانیاری بەدەست بهێنن، یان بۆ ئاشکراکردنی سەرچاوەکانی ڕەشوە و گەندەڵی، هەندێکجار ڕۆژنامەنووسان لە شێوەی خەڵکانی بازرگاندا ئۆماری نهێنیان بەدەستهێناوە، بەڵام لە هیچ حاڵەتێکدا نابێت ڕۆژنامەنووس خۆی بکات بە پۆلیس و ئاسایش بۆ ئەو مەبەستە، چونکە لەم حاڵەتەدا دەئوانێت زۆرکاری مەئرسیدارئریش ئەنجام بدات.

13- داوانەوە یان بۆسەدانان بۆ چاوپێکەوتن Ambush Interviews: ڕۆژنامەنووس نابێت بۆسە بنێتەوە بۆ کەسێک بۆ ئەنجامدانی چاوپێکەوتنێکی لەناکاو لەگەڵیدا، چونکە ئەوە پێچەوانەی شێوازی ئەکادیمی و زانستی ئەنجامدانی ئەو ژانرەیە، پێویستە پێشوەخت کەس و لایەنەکە ئاگاداربکرێنەوە و کات و شوێن دیاری بکرێت و ئەوەری چاوپێکەوتنەکە دیاری بکرێت.

چەند نموونەیەکی گەندەڵی لە عیراق

پشکنەری گشتی ئەمریکی (سئیوارت.و.بوین)، بۆ لێکۆڵینەوە لە گەندەڵی ئاوەدانکردنەوەی عیراقدا، دوای ساڵی 2003، چەندین ڕاپۆرتی بەرز کردۆتەوە، سەبارەت بە ئەنجامدانی گەندەڵی لە لایەن کۆمپانیا دەرەکییەکانەوە، بە ئایبەتی ئەمریکییەکان، بوین لەگەڵ لیژنەی هاری واکسمان و پارێزەر (غاری گراسیۆن) و کۆمپانیای (نورس سئار) بۆ ژمێریاری، ئاشکرایانکردووە و پشتڕاستیان کردووەتەوە،کە هەموو گرێبەستەکان بە بێ ڕکابەر و مەزادی ئاشکرا، گرێدراون و ئەندەرەکان دراون بە کۆمپانیاکان، وەک:

1- کۆمەڵەی کاسئیر بائلیز: بائلیز، پالێوراویکی کۆماری و هاورێی سەرۆک بۆش بووە، لە ڕێگەی ئەو دۆستایەتیەوە ئوانیویەتی گرێبەستەکان بەدەست بهێنێت. ئەو کۆمپانیایە ئەرکی دابینکردنی ئامێری بەرزکەرەوە (رافعە) بووە بۆ فرۆکەخانەی نێودەوڵتی بەغدا، بە بڕی کرێی بیست هەزار دۆلار (20000)ی ڕۆژانە بو هەر یەکێکیان.

2- KBR: ئەم کۆمپانیایە ئوانیویەتی گرێبەستی ئامادەکردنی خواردن بۆ هێزە ئەمریکییەکان و هێزی پاسەوانی نیشتمانی عیراقی بەدەست بهێنێت، بە بڕی پەنجا ملیار دۆلار، کە دوائر ئاشکرابوو، ناوی زۆربەی سەربازە ئۆمار کراوەکان خەیاڵی بوون و خواردنەکەش کوالیتی زۆر خراپتر بووە لەوەی کە بڕیاربووە بدرێت بە سەربازەکان. ئەم گەندەڵییە پارێزەر (غاری کراسیون)، ئاشکرای کردووە.

3- کۆمپانیای هالیبرتۆن: ئەم کۆمپانیایە پسپۆڕە لە بواری نەوتدا، لە وڵاتانی ڤێتنام و بۆسنە و عیراقدا کاری کردووە، گرێبەستێکی لەگەڵ یەکەی ئەندازیارانی سوپای ئەمریکا واژۆ کردووەبە بڕی حەوت ملیار دۆلار، بۆ پێنج ساڵ گرتنە دەستی کەرتی نەوتی عیراقی، کە جێگری سەرۆکی ئەمریکا (دیک چینی)، سەرۆکی ئەنجومەنی بەڕێوەبردنی بووە، گەندەڵییەکانی لە ڕێگەی بەڕپرسە باڵا ئەمریکییەکان و لە لایەن (لیژنەی هاری واکسمان)ەوە ئاشکرا بوون. کە سەرجەم گرێبەستەکانی ڕاستەوخۆ و بە شێوەیەکی نهێنی وەرگرتووە و سوودی گەیشتووەتە زیاتر لە بیست ملیار دۆلار.

4- کۆمپانیای هانت ئۆیڵ: خاوەنی ئەم کۆمپانیایە، بریتی بووە لە (هانت)، کە یەکێک بووە لە ئەندامانی ئیمی پشکنەرانی گەندەڵی لە عیراق، ئەو ئیمەی بە فەرمی ئەمریکا ناردوونی، هەتاوەک و بەدواداچوون بکەن سەبارەت بە پرسی گەندەڵی لە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی عیراقدا، کە دوائر ئوانی دوو گرێبەست لەگەڵ کوردستاندا واژۆ بکات بە بێ ڕەزامەندی عیراق.

5- کۆمپانیای باکتل: ئەم کۆمپانیایە ئوانی گرێبەستێک واژۆ بکات بۆ

دروستکردنی خەسڵەتخانەیەک لە بەسرە، بە بڕی نێچووی سەدوو پەنجا ملیۆن دۆلار، لەگەڵ پێنج نۆرینگەی دیکە، لە ناوچەکانی دیکەی عیراقدا، لەگەڵ ئەوەدا کە سێ جار ئەو بڕە زیادکراوە، بەڵام پرۆژەکان هەر بە جێبەجێنەکراوی ماونەوە.

شێوازەکانی پەیوەندی لە نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسییەکان و رۆڵی لە رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا

لە پرۆسەی پلاندانانی ڕاگەیاندندا بۆ رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی، پێویستە ئاگاداری و شارەزایی باش لە بارەی نموونە و شێوازەکانی پەیوەندی نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووسانەوە هەبێت تا بە پێی چوارچێوەی باشترین و گونجاوترین شێواز سترائیژ و پلان بۆ ڕاگەیاندن دەست نیشان بکرێت و بتوانرێت لە رێگەیەوە چۆنیەتی هۆشیارکردنەوەی ئاک و رووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی دەستنیشانبکرێت، کە گرنگترین ئەو نموونە ئەمانەی خوارەوەن:

یەکەم : نموونەی دوژمنکارانە the adversary model

ئەم شێوازی پەیوەندییە ئاماژە بە بوونی جۆرێک لە ڕکابەری و دوژمنایەتی بەردەوام دەکات لە نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووساندا، هەر لایەک ئەوی دی بە دوژمنی خۆی دەزانێت، ململانێیان لەسەر بابەت و پرسە گرنگەکان زۆرجار دەبێتە هۆی خوڵقاندنی ئەو بۆچوون و ناکۆکی و رکابەریە، چونکە رۆژنامەنووسان باوەڕیان وایە کە نابێت لە ژێر هەیمەنەی سیاسییەکاندا بن. سیاسییەکانیش باوەڕیان وایە کە رۆژنامەنووسان ئەرکی ڕاستەقینەی خۆیان ئەنجام نادەن و ئەنیا لایەنە خراپ و نەرێنییەکان دەخەنە ڕوو، جەماوەر دژی دەسەڵات هاندەدەن و لایەنە جوانەکانی دەسەڵاتی سیاسی باس ناکەن بەو پێیەش ئەم نموونە نائوانێت رۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی ئاک و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی لەبەر ئەم ئایبەئمەندیانەی خوارەوە:

1ـ نەبوونی پرۆسەی چاودێری لەم نموونەدا: ئەو بەهایەی کە ئەم شێوازە لەسەری ڕووبەڕووی ڕەخنە دەبێتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ گرینگەی ئایبەئی ئیۆری دیموکراتی لیبراڵی کە ئەکید لەسەر پشت بە خۆبەستن و پاراستنی ئایبەئمەندیەکان دەکاتەوە، لەگەڵ ئەگەری ڕووداتی هەڵە لە لایەن سیاسییەکان لە لایەک و رۆژنامەنووسان لە لایەکی دیکەوە بۆ چاودێری کە زەرورەتێکی حەتمیە بۆ کۆمەڵگا لەم جۆرە شێوازەدا زۆر لاواز دەبێت بەهۆی نەبوونی پەیوەندی و ڕەفتاری دوژمنکارانەی نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووسان، هەروەها گرنگترین ئەو ڕەخنانەی رووبەڕووی ئەم شێوازە دەبنەوە بریتین لەک

2ـ سنووردارنبوونی لایەنی بەها (حەتمی) و ناکاری رۆژنامەوانی: چونکە ئەم شێوازە ئاماژەیەکی باش و پێوەر (معیار)یکی گشتی بۆ ڕەفتاری رۆژنامەنووسان لەبەرانبەر سەرچاوەی زانیارییە سیاسییەکانیانەوە پێشکەش ناکات، هەمان کات هیچ بنەمایەکی مافی پەیوەندی سیاسی نیا نییە، ئەنانەت هیچ دانپیا ناشکێت لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە بۆ ڕەهەندە ئەرێنییەکان و کارە باشەکانی دەسەڵاتی سیاسی لە خۆ ناگرێت ئەگەر ئەو دانپیانانەش زۆر پێویست واجب بێت بۆ جەماوەر.

3ـ سنووردار بوونی رکابەری و دژایەتی نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسییەکان: ڕەخنەیەکی دیکە ئەوەیە کە ئاستی ئەقینەوەی بارودۆخەکە و مەترسی بۆ سەر بەرژەوەندییە باڵاکانی گەل و جەماوەرە.

4ـ ئەم نموونە پێچەوانەی لۆژیکی کارکردنی نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووسانە: وانە واقع و لۆژیکی کارکردنی هەردوولا لە زەمینەکانی خۆیاندا پەیوەندی نێوانیان زۆر بە زەروری دەزانێت و بەردەوام ئەنکید لە سەر دەکاتەوە چونکە هەریەکەو پێویستی بەوی دیکە هەیە ئا پەیامەکە بە جەماوەر بگەیەنێت. بەڵام لەم شێوازەدا ئەو لۆژیک و پێویست بوونی پەیوەندییە پشت گوێخراوە و کاری پێ ناکرێت.

5ـ ئەم نموونە پێچەوانەی لۆژیکی بەرهەمهێنانی پەیامێکی سیاسییە: ڕەخنەی پێنجەم لەو ڕوانگەیەوە کە ئەگەر پرۆسەی بەرهەمهێنانی پەیامی سیاسی بابەتێکی هاوبەش بێت لە نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووساندا بە پلەی جیاواز لە رێی پەیوەندی نێوانیانەوە ئەوا بۆچوونە دژەکانی نێوانیان نابێت. بەردەوام بن و بمێننەوە بێجگە لەچەند بۆچوونێکی

> راگەیاندنی بەریتانی سالی 1948 رای گشتی بە خۆییەوە سەرگەرم کردبوو بە هۆی ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی ئەو وڵاتە و حکومەتەکەی سەرۆک وەزیران (Attlee)، هەر بەو هۆیەوە لە ئەنجوومەنی گشتی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرد

بڵاوکردنەوەی هەواڵ و زانیاری لەسەر دیاردەی گەندەڵی بەبێ هیچ ترس و دڵەراوکێیەک، هەوڵدان بۆ ئاشکراکردنی دامودەزگا گەندەڵەکان و گەندەڵکاران

جیاوازی کەم لەمەڕ هەندێک بابەتی ئایەت، بۆیە ئەگەر ئەم دوژمنکارییەش لە نێوانیاندا هەبێت ئەوە ناگەیەنێت کە هیچ جۆرە پەیوەندییەک بوونی نەبێت و چاودێری یەکتر نەکەن، لە پێناو بەرهەمهێنانی پەیامێکی پەیوەندی دروستکار لە چوار چێوەی پەیوەندییەتی سیاسیدا.

دووەم : شێوازی ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی the social exchange model:

ئەم شێوازە پێچەوانەی شێوازی یەکەمە، چونکە وێنای پەیوەندی نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسییەکان بە ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتی دەچوێنێ، چونکە ئەم شێوازە ئەتکید لەسەر ئەوە دەکاتەوە سەرەڕای ناجێگیری پەیوەندی نێوانیان پێویستە لە پێناوی خزمەتی ئامانجە ئایەت و گشتی و هاوبەشەکانی نێوانیاندا ئەو پەیوەندییە بەردەوام بێت، لەو ڕوانگەیەوە ئەم شێوازی کارکردی میدیایە ئا ئاستێکی باش دەتوانێت مامناوەندی ئاک بەدەست بهێنێت و ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەیان بۆ بەرپرکردنی گەندەڵی، کە ئەم ئایەتمەندیانە لەخۆدەگرێت:

1- هێزی ئەم شێوازە لە ئوانای زۆری ئەفسیرکردنی ئەو بایگراوەندەیە کە وا لە هەردوو لا دەکات پەیوەندی لە نێوانیاندا هەبێت، بۆنموونە وایدابنێ ڕاپۆرتە سیاسییەکان و هەواڵ و زانیارییە پەیوەندیدارەکان پێویستە بگەن بە جەماوەر، چونکە هەر دوولا سوودمەند دەبن ئیایدا و هەردوولاش کار بۆ ئەوە دەکەن. لەم پرۆسەیە هیچ لایەک بیر ناکاتەوە کە لە ژێر گوشاری لایەنی بەرانبەر دابێت.

2- خاڵی بە هێزی دووەمی ئەم شێوازە لەوەدایە کە هەردوولا باوەڕیان وایە لە نزیکی و بە هێزی پەیوەندیاندا سوودمەند دەبن و ئەو سوودەش بۆ جەماوەر بە ئەندازەی ئوندوئۆڵی و بە هێزی ئەو پەیوەندییە زیاد دەکات و بە پێچەوانەوە.

3- خاڵی بە هێزی سێیەم ئەوەیە بەردەوام ئەم شێوازە لە هەوڵی کەمکردنەوەی ناکۆکی و ڕکابەری نێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووساندایە، ئەویش لە پێناوی هێشتنەوەی پەیوەندی نێوانیان و پاراستنی لە لاواز بوون و نەمانی ئەوەش لە پێناوی بە دەستهێنانی ئامانجە هاوبەشەکان و دواجار بەرژەوەندییەکانی جەماوەردا.

ئەم شێوازە بە بۆچوونی (جای بلوملیر) دووخاڵی لاوازی هەیە کە ئا ئاستێکی بەرچاو بێمامناوەیی لای ئاک دروست کردووە وەک:

1- ئەم نموونە گرنگییەکی زۆر دەداث بە بەرژەوەندییە کەسی و کاتی و ناڕەسمییەکان. وائە هەم ڕۆژنامەنووسان و هەم سیاسییەکانیش، بەرژەوەندییە کەسی و خودیەکانیان ڕەچاو دەکەن و ئەوەش بۆ خۆی سەرچاوەی گەندەڵییە.

2- بێ ئوانایی ئەم شێوازە لە دیاریکردنی ئەو پێوەرانەی فەرمانبەرانی ناو دام و دەزگاکان ڕێک دەخەن بە سیاسی و ڕۆژنامەوانییەوە، وائە ئەو پێوەرانەی کە لە ئالوگۆڕی کۆمەڵایەتیدا باش و خراپ دیاری دەکاث و لێک جیا دەکاتەوە.

نموونەی سێیەم: گونجان و پشت بە یەکتری بەستنDependants &Adaptation model

لە چوار چێوەی ئەم نموونەدا لە ڕێگەی بەیەکەوە گونجان و پشت بە یەک بەستنی نێوان ڕۆژنامەنووسان و سیاسییەکان پرۆسەی پەیوەندیکردنی سیاسی بەرهەمی دەبێت. سەرەڕای ئالوگۆڕی و جیاوازی ئامانجەکانیان، هەر لایەک هەوڵ دەداث کە لە ڕێگەی ئەو گونجاو هاوکاری و پشت بەیەک بەستنەوە ئامانجە دیاریکراوەکانیان بۆ جەماوەری وەرگر و دەستنیشانکراو جێبەجێ بکەن. یان ئامانجە هاوبەشەکان بەوپەڕی ڕاستگۆییەوە و بەیەکەوە بۆ جەماوەر بهێننە دی، وائە لەم نموونەدا و لە پێناوی هەرچی زیاتر خزمەتکردنی ئاکەکانی کۆمەڵگە و هۆشیارکردنەوەی جەماوەردا، سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووسان ئەوپەڕی هاوکاری و گونجاو پەیوەندیان لەگەڵ یەکتریدا دەبێت، بۆیە بە گونجاوترین شێوازی کارکردی ڕاگەیاندن لە قەڵەم دەدرێت، بە ئاراستەی کاریگەریی دانان لەسەر ئاک و هۆشیارکردنەوەی و هاندانی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی و بەرپرکردنی، وائە لە خاڵە بەهێزەکان:

1- هەردوو لا ئەوپەڕی هەوڵ دەدەن بۆ بەیەکەوە گونجان و کارکردن، چونکە سیاسییەکان پێویستیان بە کەناڵی ڕاگەیاندن هەیە کە لای جەماوەر جێی مامناوە و ڕاستگۆیی بێت بۆ گەیاندنی پەیامەکانیان.

2- سیاسییەکان پەیامەکانیان لە شێوە و ناوەڕۆکدا بە ئاراستەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن لە لایەک و ڕەزامەندی جەماوەری وەرگر دەبێت ئەنانەث ڕەچاوی وێنەی هزری جەماوەری کەناڵەکانیشی

ئیدا دەکرێت.

3- لەم شێوازەدا رۆژنامەنووسان لە پەیوەندییەکی بەردەوام دان لەگەڵ سیاسییەکاندا، بۆ بەدەستهێنانی زانیاری و هەواڵ و لێدوان و گەیاندنی بە جەماوەر.

4- لەم شێوازەدا سنووری بەها و ئاکاری کارکردن لەلایەن هەردوو لاوە زۆر فراوانە و نا ئاسنێکی بەرز ڕەچاوی بنەما و پرەنسیپە ئایینییەکانی بواردەکانی لێدا دەکرێت.

5- ئاسنی رکابەری و دوژمنکاری نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسییەکان لەم نموونەدا زۆر لاوازە و هەردوولا لە پێناو ئامانجە بااڵکاندا و بەوپەڕی هاوکارییەوە پرۆسەی پەیوەندیکردنی سیاسی و گەیاندنی پەیامە سیاسییەکان ئەنجام دەدەن.

6- پرۆسەی چاودێریکردنی سیاسی وەک ئەرکێکی کۆمەڵگەی دیموکراتی لیبراڵی لە ئاسنێکی زۆر بەرز دایە و بەوەش دەسەاڵت و حکومەت لە بەردەم زووەمی کامێرایەکانی رۆژنامەنووساندا کارەکانیان ئەنجام دەدەن.

7- لەم نموونەدا بابەتە کەسی و خۆیی و ئایەت و رۆڵینیەکان بوونیان لاوازە و هەردوولا زیاتر لە بەرژەوەندی گشتیدا کار دەکەن.

8- فەرمانبەرانی دامودەزگا سیاسی و میرییەکان لە چوارچێوەی کارکردن لەم نموونەدا شارەزان و ڕێورەسمی مامەڵەکردنی زانستیانەیان پێدراوە.

چوارەم: نموونەی (جاکسون، بیک، کروس)

ساڵی (١٩٨٠)، هەرسێ زانایی بەناوبانگ بەمەبەستی دیاریکردن و وێناکردنی پەیوەندی نێوان رۆژنامەنووسان و سیاسییەکان و جەماوەر، شێوازێکیان پێشکەش کرد، ئەم نموونە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە سیاسییەکان و جەماوەر بۆ پاراستنی هێز و کاریگەرییان پشت بە دەزگاکانی ڕاگەیاندن دەبەستن و ڕاگەیاندکارانیش لەڕێگەی ئامرازەکانی ڕاگەیاندنەوە پەیوەندی خۆیان لەگەڵ جەماوەر لە الیەک و سیاسییەکان لە الیەکی دیکەوە دروست دەکەن و دەبنە پردێکی پەیوەندی و لەهەمان کاتیشدا رۆڵ و کاریگەریی خۆیان بەرجەستە دەکەن، کەوابە ئەم نموونە ئەکید لەسەر پەیوەندی نێوان هەر سێ الیەکە دەکاتەوە، ئەم شێوازە ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی پیادە بکرێت، دەتوانێت ڕۆڵی هەبێت لە هۆشیارکردنەوەی ئاک و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵیدا، بەاڵم چەند خاڵێکی بەهێز و الواز لەخۆ دەگرێت.

سیاسییەکان

جەماوەر

ڕاگەیاندنکاران

خاڵی الوازی ئەم نموونە لەوە دایە: کە هەر الیەک و شێواز و شێوازی ئایەت بەخۆی بەکاردەهێنێت، بۆ ئامانجەکانی خۆی بۆ نموونە (سیاسییەکان لە ڕێگەی ڕێگە پێدان یان ڕێگە پێنە دانەوە کاریگەرییان لەسەر ڕاگەیاندنکاران دەبێت. رۆژنامەوانانیش لە ڕێگەی باڵوکردنەوە یان باڵوکردنەوەی پەیامە سیاسییەکانەوە یان شێوازی باڵوکردنەوە و کەناڵی بەکارهاتووەوە کاریگەریی دادەنێت، هەروەها ئاست و چۆنێتی هەڵسوکەوتی جەماوەریش کاریگەریی لەسەر سیاسییەکان و رۆژنامەنووسان دەبێت.

میدیاکارانیش لەم پەیوەندییە سێ الیەنەدا وەک کاڵایەک مامەڵە دەکەن لەگەڵ هەواڵ و زانیارییەکاندا و بە ویستی خۆیان دیاری دەکەن کە کام زانیاری و هەواڵ بەجەماوەر بگەیەنن و زۆر جاریش دەستکاری پەیام و هەواڵە سیاسییەکان دەکەن و بە شێوازێکی خوازراو دایدەڕێژن کەوابە لە خاڵە الوازەکانی ئەم نموونەدا:

1- هەرسێ الیەن لە پێناو ئامانجەکانیاندا کاریگەریی و فشار لەسەر الیەنەکانی دیکە دادەنێت، بە شێوازی ئایەتی خۆیان.

2- سیاسییەکان سەرچاوەکانی هەواڵ وەک گۆشارێک بەرانبەر ڕاگەیاندنەکان بەکار دەهێنێن.

3- لەم نموونەدا رۆژنامەنووسان پێویستە باجی گەورە بدەن، ئا بەسەرچاوەکانی زانیاری لە الیەن سیاسییەکان و حکومەتەوە بگەن.

4- ڕاگەیاندنکاران الیەنی نارەزوو ویستی خۆیان بەکاردەهێنن، لە جۆر و شێواز و ئاستی بڵاوکردنەوەی پەیامە سیاسییەکانەوە زانیارییانەی بە جەماوەر دەگەیەنن.

5- ئەندازە و قەبارەی ئەو زانیارییانەی جەماوەر لە حکومەت و سیاسییەکانەوە بە

دەستێ دەهێنرێت دیاریکراو نییە.

6- جەماوەر مێمانەی ئەواوی بە زانیارییەکان نییە و دوو دڵە لە راستی و بێ لایەنی بوونیاندا.

پەیوەندی نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووسان و رۆڵی بۆ پلاندانانی ڕاگەیاندن و هۆشیاری تاک

پەیوەندی نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووسان لە سێ بۆچوونداً خۆی دەبینێتەوە، سێ جۆر خوێندنەوە کراوە بۆ پەیوەندی نێوان سیاسییەکان و ڕاگەیاندن، زانایان هەڵوەستە لەسەرکردنیان بە گرنگ دەزانن لە پرۆسەی پلاندانانی ڕاگەیاندندا:

- هەردوو زانای بەناوبانگ (جای بلوملیر jay Blumler) و (میچال گریڤیچ Michal Gurevitch) باوەڕیان وایە کە پەیوەندی نێوان سیاسییەکان و ڕاگەیاندن گوماناوی و پڕ لە کێشە و ئاڵۆزیە و ناچێگیرە لە بەر ئەوەی ئاراستەیەکی ڕەسمی و زانستی وەرنەگرتووە.

- خوێندنەوە و بۆچوونی دووەم بۆ ئەو پەیوەندییە ئەوەیە کە لە ئاستێکی زۆر گرنگدایە، چونکە پەیوەستە بە گرنگی پێدان و بیر و ئوانای رۆژنامەنووسان لە گەڕانەوەیاندا بۆ سەرچاوەی هەواڵە سیاسییەکان بە شێوەیەکی سەرەکی سەرەڕای پەیوەندیان بە سەرچاوەی بواڕە جیاوازەکانی دیکەوە لەو پەیوەندیانەدا زیاتر لێدوان و کاردانەوەی بەرپرسە سیاسییەکانیان بە لاوە گرنگە وەک ماددەیەکی رۆژنامەوانی، هەروەکو چۆن بەرپرسە سیاسییەکانیش بۆ گەیاندنی بڕیار و دیدو بۆچوونەکانیان هەوڵ دەدەن پەیوەندی بە هێزیان لەگەڵ رۆژنامەنووساندا هەبێت.

هۆکاری دووەمی گرنگی ئەو پەیوەندییە دەگەڕێنەوە بۆ ئەفسیرە جیاوازەکانی هاوسەنگی هێز (power balance)، لە نێوان ئامرازەکانی پەیوەندی جەماوەری و سەرچاوەی زانیارییەکاندا.

- ماکلۆهان (McLuhan) باوەڕی وایە کە سەرەڕای سەربەخۆیی و بێ لایەنی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن بە شێوەیەکی ڕەسمی، بەڵام پاشکۆ (تابع)ی ئەو داموددەزگایانەی کۆمەڵگەن کە هێز و دەسەڵاتیان لە دەستدایە، لەو سۆنگەیەوە رۆژنامەنووسان بەبێ پەیوەندییەکی بەهێز لەگەڵ ئەو داموددەزگایانە و بەرپرسە سیاسییەکان ناتوانن بگەن بە سەرچاوەی هەواڵ و زانیاری، بۆیە دەبێت گرنگی بەو پەیوەندییە بدەن و بیپارێزن.

- بۆچوونی سێیەم بۆ ئەو پەیوەندییە ئەوەیە، کە سەخت و گرانە و ناتوانرێت دیراسە و لێکۆڵینەوە بۆ ئەو پەیوەندییە بکردێت و لایەنگیارنی ئەو بۆچوونە باوەڕیان وایە کە رەگەزە پێکهێنەرەکانی ئەم پەیوەندییە ناتوانرێت لە یەکتر جیابکرێنەوە و بە جیا دیراسە بکرێت.

بەڵام دەکرێت پەیوەندی نێوان سیاسییەکان و رۆژنامەنووسان لە ڕوانگەی دیدو بۆچوونیانەوە بۆ ئەرکەکانیان روون بکرێنەوە:

ئەرکی یەکەم لە لایەن رۆژنامەنووسانەوە کە بریتییە لە (کۆکردنەوە و بە دەستهێنانی زانیاری و پێشکەشکردنی بە شێوازێکی بابەتی و ئەوەش پێویستی بە پەیوەندییەکی بەهێز

هەیە لە گەڵ سەرچاوە سیاسییەکاندا کە پلەی یەکەم سیاسییەکان دەگرێنەوە، هەروەها ئەرکی سیاسییەکانە کە لە ڕێگەی ڕۆژنامەنووسانەوە زانیارییەکانیان بە جەماوەر بگەیەنن و ئاگاداری و بڕیار و فەرمان و ڕاسپاردەکانی دەسەڵاتیان پێ بگەیەنن.

ئەرکی دووەم بریتییە لە (ئەفسیر و لێکدانەوەی هەواڵ و زانیارییەکان و شیکردنەوەیان تا خوێنەر و بیسەر و بینەر لە کار و چالاکییەکانی حکومەت و دەسەڵات ئاگادار بێت و لێی نێبگات، بێگومان ئەم ئەرکە بە هەماهەنگی و پەیوەندی بە هێزی نێوان هەردوو لا ئەنجام دەدرێت.

ئەرکی سێیەم بریتییە لە هەستکردنی ڕۆژنامەنووسان وەک زمانحاڵی جەماوەر و ئاکەکانی کۆمەڵگان و نوێنەرایەتیان بۆ زۆرینەی جەماوەرە ڕای گشتی لەبەرانبەر حکومەت و دەسەڵاتدا لە سیستەمە دیموکراتیەکاندا، بە پێی ئەم ئەرکەش وا پێویست دەکات کە لە نێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووساندا هاوکاری و پەیوەندییەتی بە هێز هەبێت.

ئەرکی چوارەم : حکومەت و ڕای گشتی بەو مانایەی کە حکومەت و دەسەڵاتی سیاسی ڕای گشتی دروست دەکات لە ڕێگەی پێشکەشکردنی ئەو زانیاری و بابەتانەی کە گرنگن بەلایەوە جەماوەریان لە بارەوە یەک دەنگ و بیروڕا بکات، بۆ ئەو مەبەستە پێویستی بە بوونی پەیوەندییەکی بە هێز هەیە لە نێوان سیاسییەکان و ڕۆژنامەنووساندا بە ئایینەی لە دەسەڵاتی دیموکراتیدا، چونکە لە دەسەڵاتی شمولی و ئۆتالیتاردا ڕاگەیاندن لە ژێر کۆنترۆڵی دەسەڵات و حکومەتدایە و بە ویستی خۆی زانیاری بڵاو دەکاتەوە، کە ڕۆژنامەنووسان ئەو ئەرک و پەیوەندییە بە (ڕەگەزی چالاکی پرۆسەی دیموکراتی) وەسف دەکەن.

ئەرکی پێنجەم: لە دیدی ڕۆژنامەنووسانەوە بریتییە لە (بەشداریکردنی پرۆسەی سیاسی لە ڕێگەی ئەرکیز کردن و چڕکردنەوەی سەرنجەکان لەسەر بابەت و پرسە ئایینەتە سیاسییەکان، چونکە ڕاگەیاندن زۆر ڕۆڵی هەیە و کاریگەرە لەسەر بڕیاری سیاسی لە ڕێگەی شێواز و چۆنێتی بڵاوکردنەوەی زانیارییەکانەوە.

سەرەتاکانی بوێری ڕۆژنامەنووس و ڕووبەڕووبوونەوەی گەندەڵی

- ئەندروهاملتۆن (– c. 1676 280 August 4، 1741)سالّ لەمەوبەر (1733) لەبەردەم دادگادا، بەرگری لە (جون پینەر زینگەر)، بڵاوکەرەوەی گۆڤاری هەفتانەی (نیویۆرک) دەکات، کە لەسەر بابەتی هاندان و سوکایەتی کردن بە دادگای شاهانە و دادوەر (ولیەم کوسپی) دەستگیرکراوە. دواجار بەوپەڕی ئازاییەوە بەرگری لێدەکات و سەرنجی (بنجامین فرانکلین) ڕادەکێشێت و ئازادکرا، هاملتۆن ستایشی دادگا دەکات و دەڵێ: ئێوە ئەمڕۆ بەردی بناغەی یاسا و نەریتێکی ڕەسەنتان دامەزراند کە ئەویش ڕەخساندن و بەرگریکردنە لە: ئازادی ڕادەربڕین و گوزارشتکردن، بۆ نەوەکانی ئایندە.
- لە ڕۆژی ١٩٧٢/٧/١٧، هەردوو ڕۆژنامەنووس (کارل بیرنستین – بووب ووود ورد)، ئوانیان گەندەڵییەکی سی و حوتەمین سەرۆک کۆماری ئەمریکا (ڕیتشارد ملهاوس نیکسون) ئاشکرا بکەن و لە ڕۆژنامەی (واشنتۆن پوست)دا بڵاوی بکەنەوە، کە دواجار بووە هۆی لەکارخستنی لە ١٩٧٤/٥/٣٠. سالّی 2005 سەرچاوەی زانیارییەکان «دیب پروت» ئاشکرابوو کە «مارک ولیام فلت» جێگری بەڕێوەبەری نووسینگەی لێکۆڵینەوەی فیدراڵی ئەمریکابوو.
- وێنەی سەربازی ئەمریکی (رون رایدن هور) کە ئوانی ئەرکی ڕۆژنامەنووسێکی سەرکەوتوو ئەنجام بدات و کۆمەڵکوژی (١٩٦٨/٣/١٥)ی دێی

«بارمینیو مدینا بیریز» پێشکەشکاری بەرنامەی (لاباتادا) بە واتای (الرفسه) ڕەخنەیی گەندەڵی لە ڕادیۆی (مینیومنتاڵ) لە کۆستاریکا، لە ٢٠٠٢/٦/٧ بە سێ گوللە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێ، پاش ئاشکراکردنی وێستگەیەکی ڕادیۆیی کاسۆلیکی بە بەرێوەبەرایەتی» مینور دی خیسوس ئ٫الفو اغویلار»

هەواڵنامەی کێبڕکێ

(مای لای)، لە ڤێتنام ئاشکرا بکات و دوائر ببێت بە ڕۆژنامەنووسێکی سەربازی. دوای ئەو ئاوانە بە ساڵێک، ئەنجامدەری کۆمەڵکوژییەکە (ولیام کایلی) لەلایەن دادگای سەربازییەوە سزای هەتا هەتایی بەسەردا سەپێندرا، بەڵام ساڵ 1974 لە لایەن سەرۆک نیکسۆنەوە ئازادکرا.

یابان و ئیتالیا

• ئامرازەکانی ڕاگەیاندن لە یابان لە ساڵی 1949ەوە و دوای ئاشکراکردنی ریسوایی شوادینکو کاریگەرییان هەبووە بە بەردەوامی لەسەر هەڵبژاردنەکانی ئەو وڵاتە لەو ساڵەدا. دوائر گەندەڵی کڕینی کەشتی و هەڵبژاردنی 1955 هەروەها گەندەڵی (غوباری ڕەش) و هەڵبژاردنەکانی 1967، گەندەڵی لوکهیدو هەڵبژاردنەکانی 1976 و 1983، پاشان گەندەڵییەکانی ساجاوا کیوبن و کیوا وزنیکون و هەڵبژاردنەکانی 1993، کە بووە هۆی چاکسازی ریشەیی و نیزامی حیزبی لەو وڵاتەدا.

• ساڵی 1992 ئامرازەکانی ڕاگەیاندنی ئیتالی گەورەترین گەندەڵیان ئاشکراکرد بە ناوی (ئانجینۆبولی)، کە ئاژانسە فەرمییەکان پەردەپۆشیان کردبوو.

• ئاشکراکردنی گەورەترین گەندەڵی (جیوڤانی لیۆنی)، سەرۆکی ئیتالیا کە بووە هۆی دەست لەکارکێشانەوەی.

بەریتانیا

• ڕاگەیاندنی بەریتانی ساڵی 1948 ڕای گشتی بە خۆییەوە سەرگەرم کردبوو بە هۆی ئاشکراکردنی گەندەڵییەکانی ئەو وڵاتە و حکومەتەکەی سەرۆک وەزیران (Attlee)، هەر بەو هۆیەوە لە ئەنجوومەنی گشتی لێکۆڵینەوەیان لەگەڵ کرد.

• ئاشکراکردنی پەیوەندی ناشەرعی (بروفیمور)ی وەزیری دەرایی بەریتانی و (کریستین کیلر)، کە سیخوڕێکی ڕووسی ئوانیویەتی ئەو پەیوەندییە بەکار بهێنێت بۆ سیخوڕیکردن بەسەر سوپای بەریتانیاوە.

بەرازیل

میدیای سەربەخۆ بەزەیی بۆ بەرپرسەکەشی نییە

• «ڕوزیا سارنی» کچی سەرۆکی پێشوو «خوسیە سارنی» پاش پیشاندانی دەستبەسەراگرتنی 400000 دۆلار لە کەناڵەکەی خۆیەوە و لە هێرشێکی لەناکاوی پۆلیسدا، بۆ سەر دامودەزگاکانی، ساڵی 2002، ناچاردەکرێت بە پاشەکشەکردن لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی وڵات.

• «جادر بربلهو» سینائۆری بەرازیلی، خاوەنی کەناڵی ئەلەفزیۆنی. جەماوەرەکەی سەرسام بوون کانێک بینیان بە دەستبەستراوی لە ڤێلاکەیدا دەهێنرێتە دەرەوە و ڕاپێچی زیندان دەکرێت.

• «ئەنۆنیو کارلوس مجالهیس» لە ویلایەتی باهیای بەرازیلی، پاش ئاشکرابوونی دروستکردنی لیستی نهێنی دەنگدانی ئەنجومەنی پیران، لە کەناڵەکەی خۆیەوە دادگایی کردنەکەی پیشان دەدرێت و لە مانگی پێنجی 2001 دەست لەکار دەکێشێنەوە.

ئەمریکا و گەندەڵی میدیا

• ساڵی 2001، ڕێککەوتنێکی گەورە لە نێوان چین و کۆمپانیای (ئەمریکا ئۆنلاین) و (ئایم ورنەر) و ئاژانسی ئیمپراتۆری ڕاگەیاندن (روبیرت میردۆخ) دەنجامدرا، بۆ پەخشی بەرنامەکانیان لە چین، لە بەرانبەری بڵاوکردنەوەی بەرنامە و پرۆگرامی ئایبەت بە سەرپەرشتی وڵاتی چین، کە دوائر بووە جێی ڕەخنەی یەکێتی نێودەوڵەتی ڕۆژنامەنووسان و میردۆخ بەو هۆیەوە میردۆخ «بی بی سی وورلد سرفیس»ی لە نۆرەکەی دەرکرد. بەو هۆیەشەوە ئەو کۆمپانیا زەبەلاحانەی میدیا، چاپۆشیان دەکرد لە هەموو گەندەڵییەکانی چین و ئەمریکا، لە کاتێکدا دەیان ڕۆژنامەنووسی بەئاوانا لە زیندانەکانی چیندا بە هۆی کارەکانییانانەوە دەیانناڵاند.

• ئێکگیرانی بەرژەوەندی دەسەڵات و ئازادی میدیا، بە ئایبەتی کانێک میدیا لە نێو لەپی دەستێکدا بێت وەک «سیلفیو برلوسکونی» سەرۆک وەزیرانی ئیتالیا کە خاوەنی چەندین ڕۆژنامەی دیار و نۆری ئەلەفزیۆنی و کۆمپانیای ڕادیۆ و ئەلەفزیۆنی ئەو وڵاتە بوو، بەڵێنی دا میدیای ئەو وڵاتە هەروەک لە ڕێککەوتنی نیشتمانی هاوبەشی ئەو وڵاتەدا دیاریکراوە بە ئازادی و سەربەخۆیی بمێنێتەوە، بەڵام وادەرنەچوو هەموو ڕاپۆرتەکان فلتەر

دەکران.

قوربانیانی ئاشکراکردنی گەندەڵی

• «بارمینیو مدینا بیریز» پێشکەشکاری بەرنامەی (لاباندا) بە وانای (الرفسە) ڕەخنەیی گەندەڵی لە رادیۆی (مینیومنتال) لە کۆستاریکا، لە ٢٠٠٢/٦/٧ بە سێ گوللە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا دەکوژرێ، پاش ئاشکراکردنی وێسنگەیەکی رادیۆیی کاسۆلیکی بە بەڕێوەبەرایەتی» مینور دی خیسوس ئ‌الفو اغویلار».

• جورجی سنایا، پێشکەشکاری بەرنامەی «سیخوڕی شەو» لە کەناڵی سەربەخۆیی ئەلەفزیۆنی «Rustavi-2» لە جورجیا. کە میواندار ی بەڕێوەبەرایەتی کردووە و ئایەت بووە بە ڕەخنە و ئاشکراکردنی گەندەڵی. لە ڕۆژی 2001/6/26 ئیرۆر دەکرێت، ئەو ڕووداوە دەبێنە هۆی هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی وەزیران لە لایەن «ئیوارد شیفارد نازە» سەرۆکی وڵاتی ئەو کاتەوە.

• «ئەدغار دامالریو» سەرنووسەری ڕۆژنامەی هەفتانەی «زامبوا نکاسکریب» فلیپینی، لە ڕۆژی ٢٠٠٠/٥/١٣ ئیرۆر دەکرێت، بە هۆی ڕاپۆرتەکانی ئایەت بە ئاشکراکردنی گەندەڵی حکومەتەوە.

• «ڤالێر ئیفانوف» سەرنووسەری ڕۆژنامەی «ئولیا ئونسکوی اوبوزرینی»، کە بەناوبانگ بووە بە ڕاپۆرتە دژە گەندەڵییەکانی، لە «ئوغلیانی» باشووری ڕوسیا، لە بەروارێ ٢٠٠٢/٤/٢٩ ئیرۆر دەکرێت.

• «هارونور ڕشید» پەیامنێری ڕۆژنامەی ڕۆژانەی «داینیک بوربانشال» لە بەنگلادیش. بە هۆی ڕاپۆرتە دژە گەندەڵییەکانیەوە دەکوژرێت.

• «ئورلاندو سیبرا هیرناندیز» نووسەری گۆشەیەکی ڕەخنە ئامێز و دژە گەندەڵی لە ڕۆژنامەیەکی کۆڵمبی بە ناوی «لابائریا» لە کانوونی یەکەمی ساڵی 2002، دەکوژرێت.

ژێدەرەکان:

1. حيدر يوسف خلخال، المحتوي الاعلامي للتقارير المالية و اهميته في ترشيد قرارات المستخدين، بغداد، 2008م.
2. ا. موساوى عبدالحليم، الأليات القانونية لتفعيل دور الإعلام في مكافحة الفساد، سورية، 2008م.
3. د. عز الدين بن تركي، ا. منصف شرفي، الفساد الإداري: اسبابه، آثاره وطرق مكافحته- اشاره لتجارب بعض الدول، 2012م.
4. د.اسيل جبار عنبر، استرائيجية المقترحة لمكافحة الفساد الاداري، العراق، 2012م.
5. بتول عبد العزيز رشيد، دور الصحافة في تدعيم تنفيذ آليات الاستراتيجية الوطنية لمكافحة الفساد، بحث ماجستير غير منشور، دراسة تحليلية لجريدة البرلمان «نموذجا» للفترة من 2010/6/1 لغاية 2010/12/30. جامعة بغداد، كلية الإعلام، الصحافة.
6. فراس الاتاسى، الاعلام في مكافحة الفساد وبناء النظام الوطني، طريق النزاهة، امريكا، ابريل2013م.
7. د.بسيونى ابراهيم حمادة، دور الاعلام في صنع القرارات فى الوطن العربى، لبنان، بيروت، 1993م.
8. د.عطاالله احمد شاكر، ادارة المؤسسات الاعلامية، دار الاسامة، الاردن، عمان، 2011.
9. د.طارق احمد محمود، ا.سؤدد فؤاد الآلوسى، التخطيط الاعلامي و استرئيجيائة، دار الاسامة، الاردن، عمان، 2013م.
10. د.عبدالرزاق محمد الدليمي، الصحافة العالمية، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، ط1، 2011.
11. د. كامل خورشيد مراد، الاتصال الجماهيرى والاعلام، دار المسيرة للنشر والتوزيع والطباعة، الاردن، عمان، 2011.
12. د.محمد منير حجاب، الاعلام والموضوعية في القرن الحادي والعشرين روؤية تحليلية مستقبلية، دار الفجر للنشر والتوزيع، مصر، القاهرة، 2010.
13. د.حسنين شفيق، الاعلام التفاعلي، دار فكر وفن للطباعة والنشر والتوزيع، 2010.
14. د.لؤي خليلو، الاعلام الصحفي، دار اسامة للنشر والتوزيع، الاردن، عمان، 2009.
15. د.حسن عماد المكاوى، اخلاقيات العمل الاعلامي، وەرگێڕانی مەم بورهان قانع، سليمانى، 2004م.
16. جون.ل.هانلنج، اخلاقيات الصحافة، ترجمة كمال عبد الرؤف، الدار العربية للنشر والتوزيع، القاهرة، مدينة نصر.
17. د.محمد حسامدين، المسؤلية الاجتماعية للصحافة، الدار المصرية اللبنانية. القاهرة، 2002.
18. د.مجدي حلمي، القواعد الصحفية والمبادىء الاخلاقية. من الانترنت.
19. ابراهيم رمضان الديب، مدير المستقبل: مدير القرن الواحد والعشرون، جدة، دار القلائد، 2009م.
20. د.علي محمد رحومة، الانترنت والمنظومة الثكنو-اجتماعيه،بيروت، مركز دراسات الوحده الوگنيه،2005م.
21. د.شادي علي الفقيه، الادارة الناجحة، السلسلة الادارية الحديثة، لبنان، بيروت، دار نوبليس، 2005م.
22. د.عبد الجواد سعيد محمد الربيع، ادارة المؤسسات الصحفية: دراسة فى الواقع والمستحدثات، القاهرة، دار الفجر للنشر والتوزيع، 2004 م.
23. د.عبدالقادر خلف الدليمي، عبدالكريم فرحان الربيعى، تخطيط البرامج الاذاعية والتلفزيونية، العراق، جامعة بغداد. 1988م.



گەندەڵی و ڕۆڵی میدیا

پەرویز ڕەحیم قادر

« گەندەڵی» بە یەکێک لە نەخۆشیەکانی هەر سیستەمێکی سیاسی و ئابووری یان کۆمەڵایەتی دادەنرێت و ئەنانەت دەبێتە هۆی ئوندوئیژی و شۆڕش و پەشێوی و دەگوترێت کە یەکێکە لە هۆکارەکانی لێکهەڵوەشانەوەی شارستانیەتەکان.» گەندەڵی» دیاردەیەکە کە لە گەڵ دروستبوونی کۆمەڵگە و دەوڵەت بەشێوە و ئاستی جۆراوجۆر بوونی هەبووە، بەڵام ئیمرۆکە وەکو دیاردەیەکی جیهانی لە وڵاتانی پێشکەوتوو و وڵاتانی دواکەوتوو و هەژار بوونی هەیە و تا ڕادەیەکی زۆر لەژێر کاریگەریی، جۆری سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتووری و دادوەری دایە و کاریگەریی نەرێنی دەخاتە سەر ڕەوایەتی سیستەمی سیاسی و کارامەیی سیستەمی کارگێڕی و بەڕێوەبردن و ئەنانەت سەردەکێشێت بۆ نادادپەروەری و نایەکسانی و...هتد.

سەردەمی ئێمە، سەردەمێکە کە بە وتەی زانایان هەرکەسێک لە دوو جیهاندا دەژیت، جیهانێکی سروشتی کە جەستە و ژینگەیە و جیهانێکی نوێکە زۆربەی مرۆڤەکان ئێمرۆکە لێیدا دەژین، جیهانی ڕاگەیاندنە و ئەوە ڕۆڵ وپێگەی ڕاگەیاندن بوو کە ئوانی ئەو ڕێککاری یان سیستەمە کۆن و کلاسیکییە سیاسی، کۆمەڵایەتی،کولتووری و... هتد، بشکێنێت و جیهانێکی هاوشێوە، بەڵام لەسەر شێوەیەکی ویسنراوی نوێ بخوڵقێنێت.

یەکێک لە سەرەکیترین بەشەکانی لێکۆڵینەوەی ڕاگەیاندن، کاریگەریی و ڕۆڵی کۆمەڵایەتی،کولتووری، دەروونناسی، سیاسی و...هتد، ڕاگەیاندنەکانە کە لە بواری جۆراوجۆرەکانی ژیانی ئێمەدا ڕۆڵی حاشا هەڵنەگری هەیە. لە ڕوویەکی دیکەوە ئێمە ئیمرۆکە ڕووبەڕووی کۆمەڵێک دیاردەی نوێ بووینەتەوە، کە یەکێک لە مەترسیدارترینیان «گەندەڵییە»، کە بە نەخۆشییەکی کوشندەی هەر سیستەمێکی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابووری دادەندرێت، لێرەوە هەوڵ دەدەین پەیوەندی نێوان ڕاگەیاندن و گەندەڵی، بەشێوەی کاریگەریی ڕاگەیاندن لەسەر چارەسەر کردن یان هەوڵدان بۆ بنەبڕکردنی گەندەڵی یان ڕۆڵی چاودێری و وشیارکردنەوەی کۆمەڵگە و حکومەت و ئاکەکان لە هەمبەر ئەم دیاردەیەدا بخەینە بەر باس و لێکدانەوە.

ڕاگەیاندن:

بە گشتی لە فەلسەفەی ڕاگەیاندن دا سێ ڕوانگەی سەرەکی بۆ ڕاگەیاندن هەیە:

1-ڕوانگەی ئامرازگەراکان: (Instrumentalism): لێرەدا ڕاگەیاندن ئەنیا ئامرازی گواستنەوەی هەواڵ و پەیامە،بەگشتی پراگماتیستەکان ئەم ڕوانگەیەیان هەیە

2-ڕوانگەی ناوەڕۆکگەراکان: (essentialism): ئەم ڕوانگەیە لەسەر کاریگەریی ناوەڕۆکی ڕاگەیاندن لەسەر مانا و چەمک جەخت دەکاتەوە،وانا ڕاگەیاندن مانا یان وانا دروست دەکات یان بەرهەمی دەهێنێت.

3-ڕوانگەی کارلێککەراکان: ئەم ڕوانگەیە لە ڕاگەیاندندا هەردوو ڕوانگەکەی پێشووتر لە بەرچاودەگرن و لایان گرینگە و بەکاری دێنن، بەڵام بڕوایان بەکارلێکی نێوان هەردوو ڕوانگەی ئامرازی و گەوهەرگەرای (ناوەڕۆک گەرایی) هەیە و دەڵێن کەدەبێت بەشێوەیەکی زانستی و وشیارانە بەکاریان بێنین.

لەلایەکی ترەوە بە شێوەی گشتی ڕاگەیاندن کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی هەیە و ڕای گشتی کاریگەریی لەسەر پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی هەیە، یان زانایان سیستەمی ڕاگەیاندن بە ڕێگە یان میکانیزمێک دەزانن کە خەڵک یان جەماوەر گرێ دەداتە سیاسەتدارێژەران، هەروەها ڕاگەیاندن لەسەر شێوازی لێکنێگەیشتنی کۆمەڵگە لە سەرپرس وبابەتە جۆراوجۆرە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان کاریگەریی هەیە. هەروەها ڕای گشتی پێناسەی جۆراوجۆری بۆ کراوە ،بۆ نموونە (نۆماس هۆبز)، ڕای گشتی بە بەڕێوەبەری ڕاستەقینەی جیهان دەزانێت یان (ولیام ئەمێڵ)ی بەڕیتانی، ڕای گشتی بە سەرچاوەی هێز و مسداقیەت دەزانێت، یان (ئالفرێد سووی) ئەنترۆپۆلێجیستی فەرانسی، ڕای گشتی بە گەوهەری نەتەوە دەزانێت. بەگشتی ڕای گشتی هۆشیاری و ئاگایی گشتی لەبارەی پرسە سیاسییەکانە کە لەژێر بابەتەکانی پێشکەشکرا و لەلایەن

لەلایەکی ترەوە بە شێوەی گشتی ڕاگەیاندن کاریگەریی لەسەر ڕای گشتی هەیە و ڕای گشتی کاریگەریی لەسەر پرۆسەی سیاسی و بڕیاری سیاسی هەیە، یان زانایان سیستەمی ڕاگەیاندن بە ڕێگە یان میکانیزمێك دەزانن کە خەڵك یان جەماوەر گرێ دەداتە سیاسەت دارێژەران

راگەیاندنە جۆراوجۆرەکانەوە بڵاو دەبێتەوە.

ئەو زانیاریانەی کە لە ڕاگەیاندنەکانەوە بڵاو دەبێتەوە (هەواڵ یان ڕیپورتاژ) ئێگەیشتن و لێکدانەوەی خەڵک لەهەمبەر ڕووداو و بابەتەکان ئاراستە دەکات، بەم مانایە کە ڕاگەیاندن ڕوانگە و ئێگەیشتنی ئاکەکان لەمەڕ ڕاستییەکان ئاراستە یان دروست دەکات. چونکە ڕاگەیاندن لە ڕێگەی زمان (گوتراو یان نووسراو)، یان وێنە و هێما و نیشانەکان پەیوەندی دروست دەکات، کەئەمە خاڵی ناوەندی ئێگەیشتن و ئاڵوگۆڕی زانیاری و چەمکەکانە یان ئەم گوتارە گوتراو و نووسراو یان هێمایانە، مانا یان وانا بەرهەم دێنن و کاریگەرییان لەسەر سیستەمی مەعریفی (ناسین) و ئێگەیشتنی هەر کۆمەڵگەیەک یان کولتوورێک لە «خۆی» و جیهان و «ئەوی تر» دەبێت.

ڕاگەیاندن لە ڕێگەی «وێناکردن» و بەرجەستەکردن و دووبارە خستنە ڕوو و بەرجەستەکردنی بابەت و پرسەکان یان ڕووداو و کێشەکان، هەوڵی کاریگەریی خستنە سەر یان ئاراستەکردنی «ڕای گشتی» دەدەن.

(ژان پییەر بۆدێریار) فەیلەسوفی فەرەنسی، بڕوای وایە کە مرۆڤەکان لە جیهان (هایپێر ریاڵ) یان سەرووی ڕاستییەکاندا، دەژین کەئێیایدا وێنە و هێماکانی ڕاگەیاندن پەیوەندی ئێمە لەگەڵ جیهانی ڕاستەقینە دەبڕن وخۆیان جێگەی ڕاستییەکان (واقع) دەگرنەوە.لێرەدا خاڵی ناوەندی ئەوەیە کە هیچ ڕاگەیاندنێک ئامرازێکی بێلایەن نییە، بەڵکو ڕاگەیاندن لەسەر» زمان « و « وانا « لە چوارچێوەی گوتارێک ڕاوەستاوە، کە بۆ بەهێز کردن یان لاوازکردنی گوتارێکی ئایەت هەنگاو دەنێت.

دوو زانای قوتابخانەی فرانکفۆرت (ڕەخنەیی)، « ئیۆدۆر ئۆدێرنۆ و هۆرکهایمەر» ڕاگەیاندن بە ئامرازێکی بەهێزی «پیشەسازی کولتووری» دەزانن کە لە خزمەت بەرژەوەندی سەرمایەداری دایە و مەعریفەی مرۆڤی ئەم سەردەمە لەژێر کاریگەریی ئەو وێنایە دایە، کە ڕاگەیاندن پێی دەدات. لەلایەکی تر کردەوەی «پەیوەندی» بنەڕەتیترین پرۆسەی بە کۆمەڵایەتی بوونە، کە لەم سۆنگەیەشەوە ڕاگەیاندن ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت.

بەگشتی دەتوانین بڵێین کەئێمە کۆمەڵێک ڕوانگەی زانستیمان بۆ شیکردنەوەی ڕاگەیاندن هەیە بۆ نموونە :

1- ڕوانگەی کۆمەڵگەی جەماوەری (The mass society approach)

2- ڕوانگەی مارکسیستی: (Marxist approach)

3- ڕوانگەی وەزیفی: (Functional approach)

4- ڕوانگەی کولتووری: (The cultural approach)

5- ڕوانگەی ئابووری سیاسی ڕەخنەیی: (critical political economic approach)

6- ڕوانگەی دەسەڵاتدارانە: (authoritarian approach)

7- ڕوانگەی لیبرالیستی: (Liberalist approach)

هەروەها لە بنەما تیۆریەکانی ڕوانگەکانی وەزیفی،کولتووری و لیبرالیستی دەتوانین بگەینە ئەو ڕاستییەی کە ڕاگەیاندن بواری گەشەپێدان و گۆڕانکاری کۆمەڵایەتی دەڕەخسێنێت بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی و بەهێزترنبوونی «بواری گشتی» کە بە جەوهەری دیموکراسی مۆدێرن دادەنرێت. بۆیە زانایەک بە ناوی « والتەر لیپمەن « ڕۆژنامە بەکێبی پیرۆزی دیموکراسی دەزانێت و «مۆریس دۆڤێرجە» زانای فەرەنسی، پرۆسەی مۆدێرنیزاسیۆن و دیموکراسی لە وڵاتاندا دەبەستێنەوە بە ڕۆڵی ڕاگەیاندنەوە، ئەمە جگە لە زاناکانی تر وەکو (هارۆلد لاسوێل) و (لازار سفیلد) و (مەک لوهان) و (یورگن هابێر ماس) و.... هتد، کە دیموکراسی و ڕاگەیاندن پێکەوە گرێدەدەن، بە تایبەت پرسی «تازادی» و ڕاگەیاندنی تازاد و گەشەسەندنی دیموکراسی.

بەم پێیە، بەگشتی دەتوانین بڵێین کە کێشەی ڕاگەیاندنی ئێمە لە کوردستاندا، ئەوەیە کە ئەنیا «زانیاری» دەگوازێتەوە، بەڵام خودی زانیاری لە واقیعیەت پێکدێت نەک «حەقیقەت» و واقیعەتەکانیش «مەعریفە» نین، لیرەوە ئێمە پێویستمان بەپێکهاتەیەکی مەعریفی هەیە بۆ ئەوەی یارمەتیدەر بین کە ئەم زانیارییانە ببنە مەعریفە، بەم مانایە کە پەیام (رسالە) ئامرازێکە بۆ گواستنەوەی زانیاری، بەم وانایە کە ناوەڕۆکی پەیام زانیارییە، کە لە ڕێگەی جۆراوجۆرەوە دەتوانین بیگوازینەوە. لەبەر ئەم هۆیەشە کە ئێمە ڕۆژانە لە کۆمەڵگەی کوردستاندا دەبینین، شەپۆلێکی بەرفراوان لە زانیاری (راست یان ناراست) ڕووبەڕووی کۆمەڵگە و تاکەکان دەبێتەوە، بەڵام ئەوە نابێتە هۆی ئەوەی کە ڕەفتار یان ڕوانگەی تاکەکان و کۆمەڵگە بۆ پرسە گرینگەکان وەکو پرسی گەندەڵی بگۆڕدرێت و لێرەشەوەیە کە تاک و کۆمەڵگە وەک بەشێک لە وشیاری بە کۆمەڵ یان سیستەمەکە بە گشتی، خۆی ئەم گەندەڵییە بەرهەم دەهێنێتەوە.

10- 2 - ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی :

ڕاگەیاندن بە چەندین شێواز دەتوانێت ڕۆڵ و کاریگەریی ئیجابی لە ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی دا هەبێت:

1- لەو وڵاتانەی کە تازادی ڕادەربڕین و تازادی ڕاگەیاندن هەیە، پەیوەندی پێچەوانە هەیە لە نێوان تاست و ڕێژەی گەندەڵی لەگەڵ تاست و ڕێژەی تازادی و گرینگی و ڕۆڵی ڕاگەیاندن.

2- ڕاگەیاندن دەتوانێت جگە لە گواستنەوەی زانیاری بۆ هاوڵاتی، ڕۆڵی پەروەردەیی هەبێت بۆ هاوڵاتیان،

بەم مانایەی کە بەنیشاندانی کاریگەرییە سلبییەکانی گەندەڵی لە هەموو بوار و ئاستەکاندا، لەسەر ژیانی ئاک و کۆمەڵگە و وڵات، هەستیاری و سەرنجی هاوڵاتیان بۆ مەترسیداربوونی ئەم دیاردەیە رابکێشێت.

3- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە ڕێگەی ئامرازە جۆراوجۆرەکانەوە و جەخت کردنەوە لەسەرپەیام ، ئەم پرسە بە بەها و پێوەرە ئەخلاقی وئایینیە کانی کۆمەڵگە ببەستێنەوە، کە ئەمە ڕۆڵێکی گەورەی لە هەڵمەتی دژە گەندەڵی و وشیارکردنەوە و هەستیارتر کردنی کۆمەڵگە لە هەمبەر ئەم دیاردەیە دا، هەیە.

4- ڕاگەیاندن بە چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت دەتوانێت وەکو دەسەڵاتی چوارەم، ڕۆڵی ئیجابی لەم پرسەدا هەبێت بە بەرجەستەکردنی خاڵە لاوازەکانی حکومەت، کە گەندەڵی لەو شوێنەوە دەتوانێت دروست بێت و پەرەبستێنێت و لە کۆتاییدا چارەسەر بکرێت.

5- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە دروست کردنی ڕای گشتی یان کاریگەریی خستنە سەر ڕای گشتی، ببێتە ئامرازێکی گوشار لەسەر حکومەت بۆ بنەبڕکردن یان ڕووبەڕوو بوونەوەی گەندەڵی، بەم مانایە کە ڕاگەیاندن دەتوانێت بە ئاراستە کردنی ڕای گشتی دژ بە گەندەڵی، دەتوانێت وا لە بڕیاروەرگران یان بەرپرسان بکات کە ڕێکاری یاسایی و سیاسی و دادوەری و پەروەردەیی گونجاو بۆ دیاردەی گەندەڵی بدۆزنەوە یان بگرنەبەر و بیکەن بە بەرنامەی کاری خۆیان

6- ڕاگەیاندن دەتوانێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیار دا بەشدار بێت بەو مانایەی کە ویست و داواکارییەکانی خەڵک بگوازێتەوە بۆ نێو ناوەندەکانی دروستکردنی بڕیار و جارێکی تر وەکو (فیدباک) بیگوازێتەوە بۆ ناو سیستەمی سیاسی بۆ ئەوەی کە بڕیاروەرگران و بە گشتی دامەزراوەکانی حکومەت لە هەڵوێست و ئاستی پاڵپشتی یان دژایەتی ئاکەکان بۆ بڕیارەکانی حکومەت ئاگادار بن.

7- ڕاگەیاندن بە چاودێری وردی پرۆسەکانی هەڵبژاردنەوە دەتوانێت ڕێگە لە گەندەڵی هەڵبژاردن یان سیاسی بگرێت، کە ئەم خاڵە زۆر گرنگە بۆ چارەسەرکردنی پرسی گەندەڵی و بە پاک و بێگەرد بەڕێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن، کە ئەوەش مانەی خەڵک بۆ سیستەمی سیاسی بەرز دەکاتەوە، ئەمەش یارمەتیدەر و پاڵپشتیکەری حکومەتە لە کارەکانیدا و هەروەها ڕەوایەتی بڕیار وەرگران و سیاسەتمەدارانی لە پرۆسەی دیموکراسی بەرزدەکاتەوە بۆ کەم کردنەوەی گەندەڵی.

8- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە ڕۆڵی چالاکی خۆی ئاستی بەرپرسیاریەتی و وەڵامدەرایەتی حکومەت و بەرپرسانی حکومی بەرز بکاتەوە، کە ئەمەش بۆ پرۆسەی دیموکراتیزە کردنی کۆمەڵگە و سیستەمی سیاسی و بەگشتی کەم کردنەوەی دیاردەی گەندەڵی زۆر پێویست و کاریگەرە.

9- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە بەدواداچون بۆ دۆسیە و پرسەکانی گەندەڵی تا کۆتایی پرۆسەکە بکات،



هەواڵنامەی کتێب

کە یارمەتیدەری سیستەمی سیاسی و هاوڵاتیان دەبێت بۆ دڵنیابوون لە دروستی جێبەجێ کردنی یاسا و سزادانی گەندەڵکاران و نیشاندانی بە هاوڵاتیان و بەرپرسان.

10-ڕاگەیاندن دەتوانێت لە ئاشکراکردنی دۆسیەکانی گەندەڵی و خستنەڕووی و هەروەها نیشاندانی بوارەکانی پێشێلکردنی یاسا دا، ڕۆڵی کاریگەر و گەورەی هەبێت، بەو مەرجەی ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ و بێلایەن بێت.

11-ڕاگەیاندن (بەمەرجێک سەربەخۆ بێت لە حکومەت)، دەتوانێت چاودێری کارەکانی حکومەت و دامەزراوەکانی بکات، بەم مانایە کە پەیوەندی هەیە لە نێوان سەربەخۆیی دارایی ڕاگەیاندن لە حکومەت و بە سەربەخۆیی کارکردنی ڕاگەیاندن و چاودێری کردنی کار و ئەرکەکانی دامەزراوەکانی حکومەت.

12-پێویستە ڕاگەیاندن لە بری ئەوەی کە بە حکومەت یان حزب بەستراببێتەوە، بە بازاری ئازاد ببەستێتەوە تا وەکو بتوانێت بەرگری لە کەرتی ناپەت بکات، کە ئەمەش یارمەتی پاراستن و بەرفراوانتر کردنی ئازادییەکان و باشتربوونی ژیانی هاوڵاتیان و بچوکتربوونەوەی قەبارەی حکومەت دەکات و ڕێگە لە دەستێوەردانی حکومەت لە بواری ئابووری بازاری ئازاد دەگرێت، کە ئەمەش بنەمایەکی گرنگە بۆ کەم کردنەوەی گەندەڵی و بە دیموکراسی کردنی وڵات.

13-پێویستە ڕاگەیاندن پەیوەندی و هاوکاری ئوندوئۆڵی لەگەڵ ڕێکخراو و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی هەبێت، چونکە بەم کارە دەتواندرێت ئاستی وشیاری ئاکەکان بەرز بکەنەوە و چاودێری زیاتری حکومەت وئیدارە بکەن و شەفافییەت لە کاروباری حکومەت زیاتر دەبێت.

14- ڕاگەیاندن دەتوانێت مەجالێکی عام (بواری گشتی) بخولقێنێت، بۆ ئەوەی ئاکەکانی کۆمەڵگە بە ئازادییەوە، بیر و بۆچوون و پێشنیازەکانی خۆیان بخەنە ڕوو و گفتوگۆ لەسەر بابەت و پرسە ئازادییەکان بە ناپەت دیاردەی گەندەڵی و میکانیزمەکانی چارەسەر کردنی بکەن

15-ڕاگەیاندن دەتوانێت بە دروستکردنی پەیوەندی ئوندوئۆڵ لەگەڵ ناوەندەکانی زانستی و ئەکادیمی و زانکۆکان، سوود لە کەسانی پسپۆر و شارەزا لە بواره جۆراوجۆرەکان وەربگرێت، بۆ چارەسەر کردنی ئەم دیاردەیە و بۆ هاوڵاتیان لە کومەڵگە ئەم پرسە بکاتە پرسێکی هەستیار و گرینگ و ڕێگە چارەکانی بخاتە بەردەم هاوڵاتیان و ئاستی وشیاریان بەرز بکاتەوە و هەروەها ئەنجامەکانی بە شێوەی پلان وبەرنامەی کاربخاتە بەردەم لایەنی پەیوەندیدار لە حکومەت و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی.

16- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە چاودێری کردنی وردی دارایی و سامانی بەرپرسان و ئەندامانی بنەماڵەکەی لەپێش و لەپاش پۆست وەرگرتنیان وهەروەها لە ئاشکرا کردنی داراییەکانیاندا، ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە زیاتر کردنی شفافیەت و کەم کردنەوەی ئەم دیاردەیە.

17-ڕاگەیاندن دەتوانێت لە ڕێگەی نۆرەکان و بە گشتی بە ئەلێکترۆنی کردنی زانیاری و پرسەکان، کاریگەریی لەسەر شەفافیەت و لە بەردەست بوونی زانیارییەکان، بە مەبەستی چاودێری کردنی گشتی، ڕۆڵێکی کارای هەبێت.

18-ڕاگەیاندن دەتوانێت بە بڵاو کردنەوەی بەها و ئەخلاق و نۆرم یان پێوەرە دیموکراتیەکان لە کۆمەڵگەدا، زەمینەی بەهێز بوونی مئمانەی کۆمەڵایەتی لە نێوان هاوڵاتیان و هەروەها بە هێزبوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی بەرخستێنێت، کە ئەمەش یارمەتی دەری پرۆسەی بنەبڕ کردنی دیاردەی گەندەڵیە.

19-ڕاگەیاندن دەتوانێت بەرێگەی هۆکارەکانی ڕاگەیاندنەوە بەشداری هاوڵاتیان لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەرفراوانتر بکات، کە ئەمەش دەتوانێت بواری گەندەڵی بەرتەسک بکاتەوە و لە لایەکی تریشەوە ڕۆڵی ڕاگەیاندن لە دروستکردنی یەکپارچەیی ناسنامەیی کۆمەڵگا، ئامرازێکە بۆ ئەوەی هاوڵاتیان هەست بە بەرپرسیار بوون لەهەمبەر ڕووداو و دیاردەکانی کۆمەڵگەکەیان بکەن و خۆیان بە خاوەن وڵات و پێشکەوتنی کۆمەڵگەکەیان بزانن، وائا

راگەیاندن دەتوانێت ئینتمای هاوڵاتیان بەرز بکاتەوە، کە ئەو کاتە هاوڵاتیان و رای گشتی گوشار دەخەنە سەر حکومەت بۆ کەمکردنەوە و بنەبڕکردنی گەندەڵی و لەلایەکی دیکەشەوە بەستێن یان زەمینە کولتووری و کۆمەڵایەتییەکانی دیاردەی گەندەڵی لاواز دەبێت.

20-راگەیاندن دەتوانێت رۆڵی هەبێت لە بەرفراوان کردنی سنووری ئازادیيە تاکەکان وبەرگری لە مافە مەدەنی و سیاسییەکانی هاوڵاتیان، کە ئەمەش دەتوانێت میکانیزمێکی زۆر گونجاو بێت بۆ بەرتەسک کردنەوەی گەندەڵی و روبەروبوونەوەی وەهمەکان خوڵقاندنی کۆمەڵێک بەها وپرەنسیپ و پێوەری مۆدێرن

21-ڕاگەیاندن لە رێگەی پەیوەندی کردن بە رێکخراو ودامەزراوەکانی نێونەتەوەیی ئایبەت بە بەرەنگار بوونەوە و چارەسەر کردنی گەندەڵی لەلایەک سوود لە ئەزمونییان وەردەگرێت و دەیگوازێنەوە بۆ هاوڵاتییان و دەسەڵاداران و لەلایەکی دیکەشەوە بەم پەیوەندییە دەتوانێت رۆڵی کارایی لە چاودێری و کۆنترۆڵ کردنی ئەم دیاردەیە هەبێت بەهۆی پرۆسەکانی بەجیهانی بوونەوە و گوشار بخاتە سەر حکومەت بۆ زیاتر کردنی شەفافیەت و ئاشکرا کردنی گەندەڵییەکان.

22-راگەیاندن بە چاودێری کردنی دەسەڵاتی سیاسی دەتوانێت رێگە بگرێت لە خراپ بەکار هێنانی هێز و دەسەڵاتی سیاسی لە بەرژەوەندی ئاک یان حزب و لایەنێک کە ئەم خاڵە زۆر گرنگە لە بەرەنگار بوونەوەی گەندەڵی و گەندەڵکاران.

23- ڕاگەیاندن لە پرسی بودجەدا دەتوانێت رۆڵی کاریگەریی هەبێت لە چاودێری کردنی چۆنیەتی دارشتن و جێبەجێ کردن و خەرجکردنی وهەروەها لە کاتی دارشتنی بودجەدا، یارمەتی حکومەت بداتە بەدەست نیشانکردن و گواستنەوەی بوارەکانی پێویست بۆ ئاک و کۆمەڵگا وهەروەها بە دواداچوونی بۆ جێبەجێ کردنی لەپاش پەسەند کردنی بودجەی وڵات، واتا بودجەی وڵات دەکەوێتە خزمەت ئاوەدانکردنەوە و خۆشگوزەرانی و گەشەپێدانی وڵات، نەک بۆ بەرژەوەندی کەس یان لایەنێکی دیاریکراو.

24- ڕاگەیاندن دەتوانێت بە دواداچون بۆ یاساکان و جێبە جێ کردنیان بکات، بەم مانایە کە بە سوود وەرگرتن لە کەسانی شارەزا خاڵە لاوازەکانی یاساکان بخاتەڕوو و هەروەها لە بواری ئابووری و وەبەرهێنان یان بەرهەمهێناندا، بەربەستەکان نیشان بداتە یان کارامەیی و ناکارامەیی یاساکان دەربخات و لەم ڕێگەیەوە پەرلەمان دەتوانێت یاسای نوێ و پێویست لە ئاست گۆڕانکارییەکان دەربکات.

25- پێویستە ڕاگەیاندن هاوڵاتیان لە ماف و ئەرکەکانیان ئاگادار بکاتەوە، کە ئەمە یارمەتیدەرە بۆ وشیارکردنەوەی ئاکەکانی کۆمەڵگا و بەرچاو ڕوونی زیاتریان و بەپێی یاسا، ماف و ئەرکەکانیان دەزانن وبەرگری لێدەکەن و گرنگی رۆڵی خۆیان بۆ دەردەکەوێت.

-26 ڕاگەیاندن دەتوانێت کە بە بەرجەستە کردنی کاری گەندەڵی و ئاشکراکردنی کەسی گەندەڵکار (بە بەڵگە) جۆرێک لە سزای ئەخلاقی بێنێتە ئاراوە و هەروەها بەبەرجەستە کردنی دەسپاکی و کەسانی دەسپاک لە حکومەت و سیستەم ویان ئیدارە دا، پاداشتی مەعنەویان بکات، کە ئەمەش دەتوانێت کاریگەریی لەسەر کەمکردنەوەی گەندەڵی هەبێت. هەروەها ئەوە یارمەتی هاتنە ئاراى جۆرێک لە ڕوانگەی بێزراو بوونی گەندەڵی و بەهای مۆدێرن لە رێگەی کولتووری و بەکۆمەڵایەتی بوون دەکات.

-27 ڕاگەیاندن بواری ئایبەت، گشتی و حکومی پێکەوە گرێدەدات و هاوکات پەیوەندییەکی هاوسەنگیان لەنێوان دروست دەکات، کە ئەم خاڵەش یارمەتیدەری دژایەتی کرنی گەندەڵییە و دەتوانێت سنوور و ئەرک و مافی هەر بوارێک دیاری بکرێت، کە گەندەڵی لە ئێکەڵ بوون یان ئێکەڵاو بوونی نا ئەخلاقی و نایاسایی ئەم بوارانەدا ڕوودەدات و لێرەوەیە کە بەرژەوەندی ئایبەت لەسەر بەرژەوەندی گشتی دا زاڵ دەکرێت یان هێز و دەسەڵاتی گشتی بۆ مەبەست و بەرژەوەندی ئایبەت بەکار دێت. ڕاگەیاندن دەتوانێت بە بەرجەستە کردن و ئێشک خستنە سەری هەر بوارێک ئەم وشیاریيە بە خەڵک بداتە کە بزانن سنوور

> پێویستە ڕاگەیاندن هاوڵاتیان لە ماف و ئەرکەکانیان ئاگادار بکاتەوە، کە ئەمە یارمەتیدەرە بۆ وشیارکردنەوەی تاکەکانی کۆمەڵگا و بەرچاو ڕوونی زیاتریان و بەپێی یاسا، ماف و ئەرکەکانیان دەزانن وبەرگری لێدەکەن و گرنگی رۆڵی خۆیان بۆ دەردەکەوێت

هەوڵنامەی کتێب

و ئەرکەکان و مافەکانی هەر کەرێک ویان بوارێک ئا کوێن و ڕوونیان بکاتەوە و ڕێگە لە ئێکەڵاو بوونیان بگرێت کە ئەوە هەم بۆ کەمتر کردنەوەی گەندەڵی و هەم بۆپرسی دیموکراسی و ئازادییە ئازادییەکان زۆر گرنگە کە ئەمەش ئەنیا بە ڕاگەیاندنێکی ئازاد و سەربەخۆ و پرۆفێشنالّ دەکرێت.

دەرئەنجام:

دیاردەی» گەندەڵی» ئیمرۆکە بۆتە پرسێکی جیهانی و ئەنجام و دەرهاویشتەکانی گەندەڵی بەپێی جۆری سیستەمی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و کولتوری و ئاستی گەشەسەندوویی وڵاتان جیاوازە، کە دەبێتە هۆی بەفیڕۆ چوونی دارایی و وزە و سەرمایەی وڵاتان و پەرەسەندن و بڵاوبوونەوەی ئاوان و سەرهەڵدانی هەژاری و لە ناوچوونی سەرمایەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و هەروەها بەربەستێکە لەبەردەم گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی و... هتد. لە لایەکی ترەوە «گەندەڵ»ی دەبێتە هۆی پەرەسەندنی نادادپەروەری و جیاکاری و بێ متمانەیی و دروست بوونی پەشێوی و ئاژاوە لە وڵاتدا و هەروەها ناکارامەیی و لاوازی دەوڵەت، وانا پەیوەندی دووڵایەنە لەنێوان دووا کەوتویی و شکست خواردوویی وڵات و گەندەڵییدا هەیە. هەروەها لە بەستێنێکی گەندەڵدا مافە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووریەکانی هاوڵاتیان پێشێل دەکرێت،ئەم گەندەڵییەش گەندەلی سیاسی بیت یان ئابووری یان کارگێڕی و یاسایی.لەم نێوەندە دا بەپێی ئامارەکانی ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان وڵاتانی ئەفریقایی و ئاسیایی و یان وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەرزترین ئاستی گەندەڵیان هەیە و ئەم گەندەڵییەش کاریگەریی نەرێنی لەسەر ڕەوایەتی و جێبەجێ کردنی ئەرکەکانی حکومەت و دەوڵەت هەیە.

بۆ دروستبوونی دیاردەی « گەندەڵی» کۆمەڵێک هۆکار هەیە، بەڵام گرینگترینیان ناکارامەیی و لاوازی دەوڵەتەکانە و جێگەی سەرنجە کە لە وڵاتێکدا (تازادی ئابووری)یان «بازاڕی ئازاد» بوونی نییە و قۆرخکاری لە ئاستێکی بەرزدایە و دەوڵەت هەموو شتێکی کۆنترۆڵ کردووە، گەندەڵی لە بەرزترین ئاست دایە و دەوڵەت کە ئەرکی سەرەکی پاراستنی ئاسایش (لەناوخۆ و دەرەوە)دا و دابەشکردنی دادپەروەرانەی سەرچاوەکانە(ماددی و مەعنەوی) و هەروەها ڕێکخستنی کاروباری هاوڵاتییانە، کە بەهۆی گەندەڵی نائوانێت ئەم کارانە بەباشی ئەنجام بداث.

یەکێک لە پێوەرەکانی هەڵسەنگاندنی وڵاتێک و پۆلێن کردنی لەنێوان پێشکەوتوو و دیموکراتێک یان لە حاڵی گەشەسەندن ویان دووا کەوتوو و نادیموکراتیک و شکست خواردووداو، پرسی گەندەڵییە، چونکە گەندەڵی لەلایەک بەهۆی دامەزراوەیی نەبوون و نەبوونی حوکمی یاسا و نەبوونی شەفافیەت و بەرپرسیاریەتی سەرهەڵدەداث و لەلایەکی ترەوە خۆی دەبێتە هۆکارێک بۆ پێشێل کردنی یاسا و سەرهەڵدانی چەندین ئاوان و هەروەها دواکەوتوویی وڵات یان شکست خواردن و لێکهەڵوەشانەوەی دەوڵەت. هەروەها کۆمەڵێک ڕێوشوێن ویان میکانیزم بۆ بەرەنگاربوونەوەی « گەندەڵی» لە وڵاتاندا دەستیشان کراوە، وەکو: ریفۆرم ویان دووبارە بونیادنانەوەی سیستەمی ئابووری و دارایی و کارگێڕی وڵات، جێگیرکردنی سەروەری یاسا و بوونی شەفافیەت، پەرەپێدانی ڕۆڵی دەزگای قەزا (دادوەری)ی سەربەخۆ و بێلایەن، چاودێری و کۆنترۆڵ، پەروەردە و وشیاری ئاکەکان، ئازادی ڕاگەیاندنی کارا و سەربەخۆ و مۆدێرن، بەرپرسیاریەتی و وەڵام دەربوونی سیاسەتمەداران ویان نوخبە سیاسییەکان و کارمەندانی باڵای وڵات، بچووکترکردنی قەبارەی دەوڵەت، زۆرتر کردنی ڕۆڵی ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، کەم کردنەوەی بیرۆکراسییەتی کارگێڕی نەرێنی، بوونی یاسای پێویست بۆ سزادانی گەندەڵکاران، نەبوونی قۆرخکاری و ڕانت، دروستکردنی زەمینە و کاری کولتوری و ئەخلاقی لەم بارەیەوە، باشترکردنی ژیانی هاوڵاتیان و کارمەندانی دەوڵەت، دەستێڕاگەیشتن بە سەرچاوەکانی زانیاری بۆ ناک و ڕێکخراوەکان، هەنگاونان بەرەو گەشەسەندنی ئابووری و سیاسی و... هتد. بۆیە بەروونی دێتبینی ئەوە دەکرێت کە لە وڵاتانی پێشکەوتوو و دیموکراسییدا، گەندەڵی لە نزمترین ئاستدایە، بەڵام لە دەوڵەتانی نادیموکراتیک و دووا کەوتوو دا « گەندەڵی» لە بەرزترین ئاستی خۆی دایە و بە ئایەت لە دەوڵەتانی ناسراو بە (الدولة الفاشلة) یان « شکست خواردوو» دا، کە ململانێ ئایفی ، ئایینی، نەتەوەیی و ئوندوئیژی ، ناسەقامگیری و هەژاری لە بەرزترین ئاست دایە. لێرەوە دەتوانین بڵێین کە یەکێک لە ئامراز و میکانیزمەکانی بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی بەرفراوانکردن و چالاککردنی ڕۆڵی ڕاگەیاندنە، بەڵام ئەنیا میدیای مۆدێرن و کارا دەتوانێت بەم ئەرکە قورس وئاڵۆزە هەڵسێت. لە کۆتاییدا دەتوانین بڵێین کە پەیوەندییەکی بە هێز و زانستی هەیە لە نێوان ئازادی و دادپەروەری و خۆشگوزەرانی و پێشکەوتن و دیموکراسیەت و ئاسایشی نەتەوەیی مۆدێرن و ڕۆڵی میدیا، لەگەڵ ئاست و ڕێژەی گەندەڵی لە هەر وڵاتێکدا.

*** تۆێژەری زانستە سیاسییەکان لە ناوەندی توێژینەوەی یاسایی و سیاسی کۆلێژی یاسا و رامیاری/ زانکۆی سەڵاحەددین**

هەواڵ
گرنگترین ژانری ڕۆژنامەنوسی

هەڵمەتی کتێب

سەرکەوت ئەحمەد محەمەد×
خوێندکاری بکالیۆریس لە ڕاگەیاندن

هەواڵ:

هەواڵ چەندین پێناسەی جۆرا و جۆری بۆ کراوە لەوانە:

* لیل ئەسپنسەری ئەمریکایی و نوسەری کتێبی (هەواڵ نوسی) لەپێناسەی هەواڵدا دەڵێت: هەر کارێک یان ئەندێشەیەکی واقعی کەبەلای خەڵکێکی زۆرەوە سەرنج ڕاکێش بێت هەواڵە.

* و.ج بلایەری ڕۆژنامەنوسی ئەمریکای.ی لەکتێبی ڕۆژنامەنوسیدا دەڵێت : هەر بابەتێک بەهۆی سەرنج ڕاکێشانەکەیەوە لەلایەن خەڵکەوە پەسەند بێت و لەبڵاوکراوەکاندا چاپ بێت. ئەوا هەواڵە

* میچل وی چارلی مامۆستای ر ۆژنامەنوسی لەزانکۆی مینسوتای ئەمریکا لەکتێبی (پەیامنێری)دا دەنوسێت : هەواڵ باسێکی ورد و کورتکراوەی ڕوداوە، خودی ڕووداوەکە نییە.

عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە
عنوان فرعی بۆ ئیرە

سەرچاوەکانی هەواڵ:

1- شاهیدحاڵەکان: ئەم ئەو سەرچاوانەن کەخۆیان نزیکترین کەسن لەرووداو یان ئاگاداری روداو و زانیاریەکان بوون ، دەکرێن بەچەند بەشێکەوە:

ا- سەرچاوە فەرمیەکان.

ب- سەرچاوە نزیکەکان لەحکومەتەوە.

ت- ئەو سەرچاوانەی زۆر بەدڵنیایی جێگای متمانەن

پ- ئەو سەرچاوانەی دەکرێت متمانەیان پێ بکرێت

ج- سەرچاوە ئاگادارەکان

ح- چاودێرەکان

2- پروپاگەندەکان: دەکرێت پروپاگەندە کاری لەسەر بکرێت بۆ هەواڵ و راستی و دروستی پشت راست بکرێنەوە، هەندێک کات ڕەنگدانەوەی گرنگە و پشت راستکردنەوەشی گرنگە لای جەماوەر.

3- کۆبوونەوە داخراوەکان، ئەو کۆبوونەوانەی گرنگن و جێگای بریاری چارەنوس سازن بۆ کۆمەڵگە و پەیوەندی بەبارودۆخی ژیانی هاوڵاتیانەوە هەیە.

4- لێدوانە دژە یەکەکان: کاتێک دوو سەرچاوەی گرنگ لای هاوڵاتیان لێدوانی دژ بەیەک دەدەن دەبێتە هەواڵ و جێگای گرنگی دەبێت لای خوێنەران.

5- راوبۆچوونی دەزگایەکی راگەیاندنی ئر، هەندێ کات دەزگایەکی راگەیاندن بابەتێکی رۆژنامەوانی گرنگ دەورووژێنێت کەبابەتێکی گرنگ و هەستیارە و دەستکەوتنی بۆ دەزگاکانی ئر ئاسان نییە، لێرەدا بەئاماژەدان بەدەزگاکە هەواڵەکە دوبارە لەگۆشەنیگای سیاسەتی ئەو دەزگای راگەیاندنەوە گرنگی پێ دەدرێت.

6- بارودۆخێکی کەمو کورت، لەروی رامیاریەوە یان خزمەتگوزاری هاوڵاتیانەوە کەموکورتیەکان گرنگیان پێ بدرێت چونکە خەمی هاوڵاتیانەو پێویستە فەرامۆش نەکرێن، ئەو کەموکورتیانە سەرچاوەیەکی باشن بۆ رۆژنامەنوس.

جگە لەم سەرچاوانە چەند سەرچاوەیەکی ئر هەیە کەئوێژەرانی بواری هەواڵ ئاماژەیان پێ کردوە وەکو سەرچاوەکانی

1- بەڵگەنامە و ئۆمارکراوەکان

2- یەکسانبینینەکان

3- ئێبینیە کەسیەکان

ڕەگەزەکانی هەواڵ:

پێویستە لەهەواڵدا هەوڵ بدرێت زۆرترین ڕەگەزەکان کەبەشەش پرسیارەکە ناسراوە هەبێت، مەرجیشە هەواڵ وەڵامی ژمارەیەک پرسیار بدانەوە:

1- چی: ئەوەی ڕویداوە چی یە، یان ئەو زانیاریەی ئاشکرا کراوە چیە. چی یە؟

2- کەی، پێویستە کات دیاری بکرێت بەرۆژ و هەندێ جار پێویستە ئاماژە بە کاتەکەی بدرێت یان ڕەنگە ئەنها پێویست بکات دیاری بکەیت لەشەودا بووە یان رۆژ یان پێش نیوەرۆ یان پاش نیوەرۆ.

3- کێ: لێرەدا ئەو کەسانەی روداوەکان لەسەریان ڕویداوە دیاری دەکرێت، یان ئەو کەسەی کەهۆکاری دورست بوونی هەواڵەکەیە دەناسێنرێت جگە لەکاتێک کەپێویستە بەڕەمز ناوی بهێنرێت و ناوی لای رۆژنامەنوس پارێزراو بێت ئەویش کاتێکە کەکەسایەتی ئەو کەسە بکەوێتە مەترسیەوە.

4- کوێ: روداوەکە بەرونی دیاری دەکرێت بۆ خوێنەر لەکوێدا رویداوە.

5- چۆن: زۆر کات لەهەواڵدا بواری ئەوە نابێت چۆن رودانی روداوەکە رونبکرێنەوە ، لەوانەیە هەندێ جار وەڵامی ئەم پرسیارە پێویستی بەدواداچونی زیاتر هەبێت.

6- بۆچی: وەڵامی ئەم پرسیارە بۆ خوێنەر زۆر گرنگە و بەدوای وەڵامیدا دەگەڕێت، هەر بۆیە پێویستە رۆژنامەنوس هەوڵی بەدەست هێنانی وەڵامی ئەم پرسیارە بدات و زۆربەی کاتەکانیش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە پێویست دەکات راپۆرتێکی ورد ئەنجام بدات.

بەهای هەواڵ:

کۆمەڵێک پێوانەی مادی و زهنیە کەلەسەر بناغەی ئەو پێوانانە روداوێک دەگوڕدرێت بۆ هەواڵی رۆژنامەوانی، سیفەتی ئەرکیبی و پەیوەندیدارە بەکارلێکی نێوان رووداوەکان و جەماوەرەوە.

***متمانە:**

دکتۆر عەبدولڵەبی خەزعەل پێناسەی متمانە لەهەواڵدا بەوە دەکات دەڵێت « متمانە بەهێزترین هونەری کاریگەریە بۆ گۆڕینی بناغەی دەرک پێکردنی ئاک، زیادبونی باوەرهێنانە لەلای وەرگر».

***بابەتی بوون:**

گێرانەوەیەکی راستگۆیانەی رووداوێکی

گرنگە لەلای جەماوەر بەبێ لایەنداری و دوور لەبیروڕای کەسی.

***بێ لایەنی:**

خۆڕاگێکی هاوسەنگە و بێ لایەنانەیە بۆ بابەتە هەواڵیەکان کەبەشێوەیەکی واقعی و بەشێوەیەکی یەکسان لەهۆکارەکانی ڕاگەیاندندا دەربکەوێت، بەبێ دەرکەوتنی هەستُ و لایەنداری بۆ حزب یان گروپ یان کەسێک یان ناوچەیەک.

جۆرەکانی هەواڵ:

هەواڵ لەروی درێژی و کورتیەوە دوو جۆرە :

1- کـورتـە هـــەواڵ: بـەگـوێـرەی هەندێ پێوەر ڕۆژنامەنوسی نوسینی کورتە هەواڵ دەبێ وەڵامی سێ پرسیار بدانەوە، ئەوانیش پرسیارەکانی ، چی ڕویـداوە؟ لەکوێ ڕوویداوە؟ کەی ڕوویداوە؟

2- کورتە هەواڵ لەنوسینی چەند دێڕێک ئێپەر ناکات و هەندێک پێیان وایە نابێت لە 40 وشە ئێپەر بکات.

3- هـــەواڵـی درێـــژ: ئـــەو جـۆرە هەواڵانەیە کەهەوڵ دەدات زیاتر لە سێ پرسیاری چی ڕویداوە و لەکوێ ڕویداوە و کەی ڕویداوە وەڵام بدانەوە ، هەروەها لە 40 وشە زیاتر دەبێت.

دارشتنی هەواڵ:

دارشتنی هەواڵ دابەش دەبێت بەسەر سێ بەشدا:

1- دارشتنی ناونیشان - گرنگی ناونیشان لەوەدایە کەبتوانێت ناوەڕۆکی هـەواڵ لەخۆبگرێت و وێنەی هەواڵەکە پێشکەش بەوەرگر بکات.

پێویستە لەدارشتنی ناونیشانی هەواڵدا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

*نابێت هیچ جۆرە هێمایەکی وەک (کـەوانـە ( ) ، / ،نوسینی زیـادە وەک لێدوانی دەنگی ،بـەدواداچـون ،بەپەلە .....) دابنرێت .

*لـە کاتی نوسینی ژمارەیـەکدا لە سەردێڕدا بە نزیک کراوەیی دەبێت.

*پێویستە سەردێڕ ڕون و سادە بێت.

*پێویستُ بە دانانی (نوکتە) ناکاتُ لە کۆتایی سەردێڕدا.

*ئەگەر لێدوان بوو پێویستە دوای ناوەکە ئەم هێمایە دا بنرێت (:) .

*پێویستە سەردێڕ لانی کەم چەند ڕەگـەزێـکـی بـنـەڕەتـی هـەواڵـی تیابێت وەک(کێ ، کەی ، چۆن ، چی ، لە کوێ).

2- دارشتنی لید - پێشەکی - پێویستە پێشەکی کاریگەر و سەرنج ڕاکێش بێت و دارشتنەکەی

دارشتنی جستە هەواڵ

پێویستە لەدارشتنی لیددا ڕەچاوی ئەم خاڵانە بکرێت:

*پێویستە پێشەکی هەواڵ لە (25) یان هەندێکی نر دەڵێن لە (30) وشە ئێپەڕ نەکات کە دەکاتە نزیکەی 2 دێڕی سەر شاشە و لە کاتی خوێندنەوەدا 10 چرکە ئێپەرنەکات.

*پێویستە پێشەکی هـەواڵ کورتەی ناوەڕۆکی هەواڵەکە لە خۆ بگرێت.

*پێویستە پێشەکی کـورت و چڕو سەرنج ڕاکێش بێت و ڕۆر سادە و ساکار بێت وا لە خوێنەر بکات بەشەکانی تری هەواڵەکە بخوێنێتەوە .

*دەبـێـت پێشەکی هـــەواڵ نـاوی سەرچاوەی هەواڵی نێدا نەبێت ، هەروەها ناوی کەسایەتی نێدا نەبێت کە لێدوانی داوە ئەنها پۆستەکەی نێدابێت .

*باشتر وایە نوسینی پێشەکی هەواڵ بخرێتە کۆتایی نوسینی هەواڵەکە بە هۆی گرنگی و هەستیاری ئەم بەشەی هەواڵەکە .*پێویستە پێشەکی هـــەواڵ ڕەگـەزە سەرەکیەکانی هەواڵ لە خۆ بگرێت کە بریتین لە (کێ ،چی ، کەی ،لە کوێ ، چـۆن)،ئـەمـەش مـەرج نییە هەموو ڕەگەزەکان لە خۆ بگرێت بەڵکو پشت دەبەستێت بە ئوانای هەواڵ ساز .

نمونە :

وەزارەتی بەرگری ئەمریکا ڕایگەیاند ئەمڕۆ سەربازێکی وڵاتەکەی لە ئەنجامی



هەواڵنامەی کتێب

دەبێت پێشەکی هەواڵ ناوی سەرچاوەی هەواڵی تێدا نەبێت ، هەروەها ناوی کەسایەتی تێدا نەبێت

بۆمبێکی چێنراودا لە عێراق گیانی لە دەستدا.

کێ : سەربازێکی ئەمریکی

چی : گیانی لەدەست دا

کەی : ئەمڕۆ

لە کوێ : لە عێراق

چۆن : لەئەنجامی بۆمبێکی چێنراودا

-3 دارشتنی لاشەی هەواڵ:

لاشەی هەواڵ رونکردنەوەی زیاتری هەواڵە و لەچەند پەرەگرافێک پێکهاتوە، پێویستە لەدارشتنیدا رەچاوی ئەم خاڵانەی خوارەوە بکەین:

*دامەزراوەی (BBC) بەریتانی لە پێناسەی هەواڵدا وردبینی بە بنەمای سەرەکی هەواڵ دادەنێت کە بریتیە لە (خۆ لادان لە هەموو هەڵەیەکی چاپ کردن ، زانیاری ،ڕێزمانی ،بابەتی ،یاسایی ،...)

*دووبارە نەکردنەوەی دەستەواژەی وشەکان لە دوو بڕگەی نزیک یەکدا .

*بەکار نەهێنانی هەندێک دەستەواژەی ناوچەیی لە دارشتندا یان وشەی نەخوازراو.

*ڕەچاو کردنی خاڵ بەندی لە نوسینی هەواڵدا .

*جێهێشتنی دێرێک وانە بە ئەندازەی ئینتەری کۆمپیوتەر لە دوای هەر بڕگەیەک - پەرەگرافێک .

* لەدوای وشەی وتی ئەم هێمایە دادەنرێت وتی « » ، لەئیقتیباسدا ناکرێت لەدەقی لێدوانەکە لابدەیت.

*دوای وشەی ڕایگەیاند ئەم هێمایە دادەنرێت ڕایگەیاند :، لێرەدا دەکرێت دەستکاری لێدوانەکە بکەیت بەڵام نابێت ناوەرۆکەکەی و ماناکەی بگۆردرێت.

*لابردنی هەر هێمایەکی ئر لە هەواڵدا وەک (، / ، ؟ ، ؛ ، .....هتد) .

* نوسینی ژمارە لە 1 تا 9 پێویستە بەشێوەی ڕەنوس بنوسرێت.

نمونەی هەواڵ:

حکومەت شوێنێکی بۆ ناشتنی 72 ڕوفاتْ دەستْ ناکەوێت

, , | 31. ئازار 2013 19:54 یەک شەممە

شاڵاو محەمەد هاوڵاتی - کەرکوک

فۆتۆ: فەریق هەڵەبجەیی

وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکانی کوردستان ڕایدەگەیەنێ شوێنیان دەستْ نەکەوتووە تا ئەو ڕوفاتانەی تیا بنێژن، هەرچەندە ساڵی 2012 سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان (نێچیرڤان بارزانی) لەگەڵ وەزیری شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان بەڵێنیان دا سەرجەم ئەو ڕوفاتانە بەخاک بسپێردرێتْ لە (ئۆپزاوە)

ڕوفاتەکان ژمارەیان 72 دانەیەو بەگوێرەی پشکنینەکانی وەزارەتی شەهیدان دەرکەوتووە خەڵکی شاری کەرکوک بوونو ساڵی 1991 دوای گولەبارانکردنیان بەدەستی سوپای سەدام حسێن بەکۆمەڵ خراونەتە ژێر خۆڵەوە لە(ئۆپزاوە) لەباشووری خۆرهەڵاتی شاری کەرکوک.

ساڵی 2010 ئەو ڕوفاتانە دۆزرانەوەو گواستراونەتەوە بۆ (نەخۆشخانەی ئازادی) لەشاری کەرکوک، دوای ئێپەڕبوونی سێ ساڵ بەسەر گواستنەوەیان، تا ئێستاش ڕوفاتەکان لەبەشێکی تەو نەخۆشخانەیە هەڵگیراونو تەسپەردەی خاک نەکراونەتەوە.

بەڕێسانی وەزارەتی شەهیدانو کاروباری ئەنفالکراوەکانی کوردستان ئاشکرایکرد شوێنیان دەستنەکەوتووە تا ڕوفاتەکانی لێ بخەنەوە ژێر خاک هەرچەندە 12 دۆنم زەوی لەئۆپزاوە دابینکراوە بۆ (وەزارەتی شەهیدانی عێراق) هەرێمی کوردستانیش بەنیازە شوێنێک بدرێتە تەوان.

هۆشیار عیزەدین بەڕێوەبەری (گۆڕە بەکۆمەڵەکان) لەوەزارەتی شەهیدانو تەنفالکراوەکان بۆ هاوڵاتی وتی «بەهۆی نەبوونی شوێنێکی شایستە نەتوانراوە ڕوفاتی تەو 72 شەهیدە تەسپەردەی خاک بکەینەوە، بۆیە ناچار بووین لەنەخۆشخانەی ئازادی دایان بنێین ئێستا 12 دۆنم زەوی لەئۆپزاوە دراوە بە بەڕێوەبەرایەتی شەهیدانی عێراق ئێمەیش لەهەوڵدایین تەو زەویە بخرێتە سەر حکومەتی هەرێم تاوەکو بتوانین مۆنیۆمێنتی بۆ دروستْ بکەینو ڕوفاتەکان بەخاک بسپێرینەوە«

ڕێکخراوی کوردۆساید-چاک لەکەرکوک تانە لەوەزارەتی شەهیدان دەداتو دەڵێن نیشانەی کەمتەرخەمیو بێ باکی تەوانە کە ڕوفاتەکان سێ ساڵە لەنەخۆشخانە دانراونو نائێژرێنەوە (هەژار کاکەیی) سەرۆکی لقی کەرکوکی ڕێکخراوەکە وتی «کەمتەرخەمی وەزارەتی شەهیدانو تیدارەی کەرکوکە کە ئێستا شوێنێک دیاری نەکراوە بۆ بەخاک سپاردنەوەی ڕووفاتی شەهیدەکان، ئێمە زانیاریمان هەیە سێ ساڵە لەڕووی یاساییو پشکنینی پزیشکییەوە کاریان تەواو بووە، بەڵام بەپاساوی شوێن نەتوانراوە بەخاک بسپێردرێن«

مریەم حوسێن ژنێکە کەسوکاری یەکێک لەو کەسانەیە ئێستا ڕوفاتەکانیان لەنەخۆشخانە دانراون لەشاری کەرکوک وتی «بەعس کەسوکاری ئێمەی ئەنفالو

زیندەبەچاڵکرد، کەچی حکومەتی هەرێم نائوانێ شوێنێک دروست بکات بۆ مەزاری کەسوکارەکانمان تا بۆ تارامی دڵمان سەردانیان بکەین، پاساوەکانی حکومەت قەناعەت بەتێمە ناکات کە روفاتی شەهیدەکانمان بەو جۆرە پشتگوێخرابن»

ئەم هەواڵ دەکرا باشتر بکرێت بە:

ناونیشانەکەی گونجاوە و سەرنج راکێشە، لەهەمان کاتدا دەکرێت ناونیشانی تر هەڵبژێردرێت وەکو (دوای دووساڵ زیاتر لە 70 روفات بەخاک نەسپێردراون)

لیدی هەواڵەکە درێژە کە 35 وشەیە، دەکرا کورت بکرێنەوە وەکو لابردنی دووەم جاری وشەی وەزیری شەهیدان و ئەنفالکراوەکان بەلانی کەمەوە بۆ وەزیری شەهیدان.

دوو لەپەرەگرافەکان درێژن و هەواڵەکەی درێژکردۆتەوە و خوێنەر ماندوو دەکات دەکرا هەوڵ بدرێت هەندێکی لابېرێت بەبێ لەدەستدانی مانا و ناوەرۆک،: وەکو ئەم پەرەگرافە دەکرێت ئەوەی خەتی لەژێردا هاتوە لابېرێت (رێکخراوی کوردۆساید-چاک لەکەرکوک ئانە لەوەزارەتی شەهیدان دەداتو دەڵێن نیشانەی کەمتەرخەمیو بێ باکی ئەوانە کە روفاتەکان سێ ساڵە لەنەخۆشخانە دانراونو نانێژرێنەوە (هەژار کاکەیی) سەرۆکی لقی کەرکوکی رێکخراوەکە وتی «کەمتەرخەمی وەزارەتی شەهیدانو ئیدارەی کەرکوکە کە ئێستا شوێنێک دیاری نەکراوە بۆ بەخاک سپاردنەوەی رووفاتی شەهیدەکان، ئێمە زانیاریمان هەیە سێ ساڵە لەڕووی یاساییو پشکنینی پزیشکیەوە کاریان ئەواو بووە، بەڵام بەپاساوی شوێن نەئوانراوە بەخاک بسپێردرێن»

هەروەها لە پەرەگرافێکی تردا دەکرێت بۆ پشوودانی خوێنەر پەرەگرافەکە دابەش بکرێت بۆ دوو بەش بەم شێوەیەی خوارەوە:

مریەم حوسێن ژنێکە کەسوکاری یەکێک لەو کەسانەیە ئێستا روفاتەکانیان لەنەخۆشخانە دانراون لەشاری کەرکوک وتی «بەعس کەسوکاری ئێمەی ئەنفالو زیندەبەچاڵکرد، کەچی حکومەتی هەرێم نائوانێ شوێنێک دروست بکات بۆ مەزاری کەسوکارەکانمان تا بۆ تارامی دڵمان سەردانیان بکەین، پاساوەکانی حکومەت قەناعەت بەتێمە ناکات کە روفاتی شەهیدەکانمان بەو جۆرە پشتگوێخرابن

دەتوانرێت بەم شێوەیەی خوارەوەی لێ بکرێت:

مریەم حوسێن ژنێکە کەسوکاری یەکێک لەو کەسانەیە ئێستا روفاتەکانیان لەنەخۆشخانە دانراون لەشاری کەرکوک وتی «بەعس کەسوکاری ئێمەی ئەنفالو زیندەبەچاڵکرد، کەچی حکومەتی هەرێم نائوانێ شوێنێک دروست بکات بۆ مەزاری کەسوکارەکانمان تا بۆ تارامی دڵمان سەردانیان بکەین».

مریەم حوسێن ئەوەشی خستەروو پاساوەکانی حکومەت قەناعەت بەئەوان ناکات کە روفاتی شەهیدەکانیان بەو جۆرە پشتگوێخرابن.

• ئەم هەواڵە لەروی لێدوان و زانیاری پێویست هەواڵێکی باشە، سێ لایەن لەهەواڵەکەدا لێدوانیان داوە، حکومەت و رێکخراوی کۆمەڵگەی مەدەنی و کەس و کاری قوربانیەکان.

• لەروی خاڵبەندیەوە ئاراستەیەکی باش خاڵبەندی نێدا رەچاو کراوە، جگە لەوەی هەست دەکرێت لەهەواڵەکەدا کەوانە زۆر دانراوە بەئایبەتی بۆ ناوەکان، بەبڕوای من بۆ هەندێکیان پێویست ناکات، وەکو نێچیرڤان بارزانی کەلە لیدا خراوەتە ناو کەوانەوە، هۆشیار عیزەدین بەرێوەبەری (گۆڕە بەکۆمەڵەکان)، ئەم بەرێوەبەری گۆڕە بەکۆمەڵەکان پێویستی بەو کەوانەیە نیە.

• لەروی وێنەوە وێنەیەکی گونجاو بۆ هەواڵەکە هەڵبژێردراوە، بەڵام ئەگەر رۆژنامەنوس یان پەیامنێر بیتوانیایە وێنەی ئەو شوێنەی بگرتایە کەروفاتەکانی لێ هەڵگیراوە و وێنەی روفاتەکانی لەو شوێنە بگرتایە باشتر بوو.

• دەکرێت هەواڵەکە کۆتاییەکی بۆ بنوسرێت، بۆ نمونە باس لەزۆری ژمارەی گۆڕە بەکۆمەڵکان بکرێت لەعێراق، ئەم کۆتاییە دەکرێت لاش ببرێت کەهیچ لەناوەرۆکی هەواڵەکە کەم ناکاتەوە.

سەرچاوەکان:

ا- سەرچاوە کوردیەکان:

1- رێنمایی رۆژنامەنووسان - نوسین و ئامادەکردنی د.صلاح عزیز - وەرگێرانی لەعەرەبییەوە محسن ئەدیب، لەبڵاوکراوەکانی رێکخراوی ASK 2002

2- رۆژنامەگەری ، د.کازمی موعتەمەد نەژاد ، وەرگێرانی مەجید سالح عەزیز ، چاپی یەکەم - سلێمانی 2000.

3- ژانرەکانی رۆژنامەوانی و مێژووی چاپخانە لە 1450 - 1500، د.مەغدید سەپان - دەزگای نوێژینەوە و بڵاوکردنەوەی موکریانی - چاپی یەکەم 2008.

4- سایتی هاوڵاتی لەرۆژ و کاتی: | 31. ئازار 2013 19:54 یەک شەممە

ب- سەرچاوە عەرەبیەکان:

1- فن تحریر الاخبار فی الاذاعات الدولیه بین النوظیف والموچوعیه ، الدکتور عبدالنبی خزعل - 2003.

2- الصحفی ، تقدیم فخری کریم، 1977منشوراث الگریق الجدید.

3- التحریر الصحفی فی عصر المعلوماث، الخبر الصحفی ، د.حسنی نصر -د. سناو عبدالرحمن.

4- «المصدر الپانی للتحقیقاث هو متابعه الخبار الیومیه» التحقیق الصحفی - سعد التائه.

ج-وانەکانی زانکۆ:

1- وانەی ژانرە رۆژنامەنوسیەکان ، دکتۆر عومەر رەمەزان، لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی.

2- وانەی هەواڵ، د. ئەمیر لەبەشی راگەیاندنی زانکۆی سلێمانی.



کاریگەرییە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی میدیا

د. محەمەد عەلی ئەلبەدەوی

وەرگێڕانی بە دەستکارییەوە: ب. هەنی

نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم و سەرەتای سەدەی بیست و یەکەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی لە بواری ڕاگەیاندن و سەرهەڵدانی ئامرازی نوێ بەخۆوەبینی، کەوا بایەخدان بەو ئامرازانەو لێکۆڵینەوەیانی کردە پێویستی بۆ زانینی ڕادەی کاریگەرێنییان لەسەر ئاکەکانی کۆمەڵگەو دروستکردن و ئاراستەکردنی ڕایگشتیی لۆکاڵی و نەتەوەیی و، ئەنانەت جیهانییش.

ئامرازەکانی میدیا کاریگەریی گەورەیان لە هەمو کۆمەڵگەکاندا هەیە، کە دەشێت بڵێین زۆربەی ئەوەی کە ئاکەکان لەمڕۆدا فێریدەبن، سەرچاوەکەی میدیایە بە کەناڵە جیاوازەکانییەوە.

لەمڕووەوە، کۆمەڵێ ئۆێژەر هەوڵیانداوە ئەو کاریگەرییە جیاوازانە دیاری بکەن، بیروبۆچونی جیاجیا لەمبارەیەوە هەیە، لێرەشدا کاریگەرییەکانی ڕاگەیاندن نەنها پۆزەتیڤ نیین، بەڵکو کۆمەڵێ کاریگەریی نێگەتیڤیش هەن.

یەکەم: کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

کاریگەرییە پۆزەتیڤەکانی میدیا ئەم لایەنانەی خوارەوە لەخۆدەگرێت:

ا. بەدەستهێنانی زانیاریی بەسود سەبارەت بە بواری مەعریفە کە زانیاریی زۆریان لەبارەوە بەردەست نیە، کە دەکرێت کەڵک لە میدیا وەربگیرێت لە ناسینی جیهان، هەروا وەرگرتنی ئەو زانیارییانەی کە لە ژیانو کارەکەیدا سود بە مرۆڤ دەگەیەنن، وێڕای سودوەرگرتن لە ڕوداوە مێژوییەکانو، کایەکانی ڕۆشنبیریو پزیشکیو جوگرافیایی و... هیتریش.

ب. بەشداریکردن لە گەشەپێدانی ئاڵوگۆڕی زانستیو کەلتوریو، دەرفەت ڕەخساندنی بێسنور بۆ ئەوەی گەل ئاشنای کەلتوری جیهانی بێت. هەروا «ئەگەر ئێمە لە دۆخێکی کرانەوەی فراوانی کەلتوریدا بژین، ئەوا میدیا وانە کرانەوەو بەریەککەوتنی زیانڕی کەلتوریو ژیاری»، لەگەڵتەوەی هەمو ئاکێکی کۆمەڵگە پێویستی بە ئاگاداربونی ڕۆشنبیریو ئاراستەکانی دیکە هەیە، ئەنانەت دەتوانێت واقیعی هزریو ڕۆشنبیریو کۆمەڵایەتیی خۆی هەڵبسەنگێنێت، وەکچۆن کۆمەڵگە کارە ناوەکییەکانی بە گوێرەی زانیارییە نوێیەکان کە وەریاندەگرێت ڕیزبەندەکانەوەو، زیندوێتیی کەلتوری لە میانی بەدواداچونی پێشکەوتنە ڕۆشنبیرییە جیهانییەکان پتر دەکات، سەرەڕای ئەوەی کۆمەڵگە زانیاری دەبێت سەبارەت بەوەی لە جیهانی دەوروبەریدا ڕوودەدات.

ج. ناوەندەکانی میدیا بە ئامرازێک بۆ ئاراستەکردنو هۆشداری دادەنرێن بەرەو وابەستەبون بە بەهاگەلی زیاتڕو، کەڕاندنەوەی کەلتورو ڕۆشنبیریی گەلو ناینەکان دور لە هەر کاریگەرێتییەکی کەلتوری تر، ئەگەر پلان بۆ بەدیهێنانی ئامانجە دارێژراوێت.

د. دامەزراوەکانی ڕاگەیاندن لە ڕێگەی چارەسەرکردنی هەندێ پرسی ئەقڵانیو کەلتورییەوە بەشداریدەکات لە بڵاوکردنەوەی هۆشیاریو، دروستکردنو ئاراستەکردنی ڕایگشتیو، هەروا لە گۆڕینیشیدا.

ه. هەمەڕەنگیی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن هاوکاریی پەروەردەی بژاردە (الإختیار) دەکات بەپێی پێداویستیو داخوازیی ئاکەکانی کۆمەڵگە.

و. میدیای میللی ئوانای کرانەوە بە ڕوی ژیارو کەلتورەکان دروستدەکات، هەروا ڕێکردن لەگەڵ ڕوداوە گرنگە لۆکاڵیو نەنەوەییو جیهانییەکان.

ز. ڕاگەیاندن بەشداریدەکات لە لێکنێگەیشتنی زمانەوانیو، ئاشنابونو مانای گوزارشتە بەکارهاتوەکان لە وڵاتاندا، سەرباری ئەوەی بەشداریدەکات لە چاودێریکردنی هەنوکەیی دەستکەوتە پەروەردەییو زانستییەکان، کە ئامرازێکی کارایە بۆ ڕێنماییو ئاراستەکاری لە بواری جیاوازەکانی ژیاندا.

ح. میدیا لە سەردەمی جیهانگیریو فەزا کراوەکاندا ڕۆڵێکی دیار دەگێڕێت لە بونیادنانی بەهاکانی دیالۆگو، ڕێزگرتنو پەیوەندیی کەلتورو ئاینەکانو نزیککردنەوە لە نێوان گەلاندا، هەمو ئەمانەش وەک سەرچاوەیەک بۆ دەوڵەمەندکردنی هاوبەشی مەعریفی لەنێوان کۆمەڵگەکاندا، بە ئایبەت لەگەڵ دانانان بەوەی کە نەریتی ڕۆشنبیریو ژیاریی مرۆیو دیالۆگ لەنێوان ئەو کەلتورانەداو، ئاڵوگۆڕی زانستیو مرۆیو ئەکنەلۆژی ڕەگەزێکی سەرەکی پێکدێنن لە نزیککردنەوەو لێکنێگەیشتن لەنێوان کۆمەڵگەکانداو، ئێگەیشتنی ئاڵوگۆرکراو لەنێواناندا، ئەمەش خوازیاری گەشەپێدانی داهاتە مرۆییەکانو بایەخدانە بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتیو فێرکاریی گشتی لە بوارەکانی ڕۆشنبیریو هاندانی ئاڵوگۆڕی کەلتوری، لەپاڵ بەهەندەرگرتنی ڕێزگرتنی ناسنامەی کەلتوریی هەمو کۆمەڵگەیەکو، جێبەجێکردنی سیاسەتی بەردەوامیدان بە بەرنامە پەروەردەییو ڕۆشنبیرییەکان بە شێوەیەکی گشتی.

دووەم: کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئامرازەکانی ڕاگەیاندن:

ناکرێت وابڕیاربدەین کە هەمو ئەو پەیامانەی لە ئامرازەکانی میدیاوە سەرچاوەدەگرن بە شێوەیەکی ڕەها پۆزەتیڤن، بۆیە لێرەدا ئاماژە بە گرنگترین کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئامرازەکانی

هەولێر بۆ کتێب

گەیاندنو راگەیاندن دەدەین:

ا. هەڵوەشاندنەوەی بەهاکان: ئەو کاریگەرییە نێگەتیڤانەی راگەیاندن کە پەیوەستن بە لایەنی بەهاکانەوە لە کاڵکردنەوەی زۆربەی بەها باوەکانو گومانخستنەناوییانەوە، ئەمەش لە رێگەی کۆمەڵێ ئامرازەوەو دەرخستنی کۆمەڵگە پێشکەوتوەکان ئازادانەترو دیموکراسییانەتر، بەوەی کە ئەوە بۆ ئاک دەڕەخسێنێت کە لە کۆمەڵگە نازەپەرەسەندوەکاندا بوونی نیە. وەکچۆن راگەیاندن لە نێو خۆیدا هەڵگری جیاوازیو دژبەیەکیی تێنیکییە لە ئاستێ رۆژهەڵاتنیەکاندا، بەو پێیەی بە بەرگی مادی روپۆشکراوە ئارەزوەکان پیرۆزدەکاتو، لە سایەی ئازادیی ئاکەکەسییدا پیادەکردنی سیفەتە نێگەتیڤەکان بۆ ئاکەکان دەڕەخسێنێت.

لەگەڵتەوەی لە دەرەنجامی هەندێ ئامرازی میدیاوە کاریگەریی نێگەتیڤ لەسەر لایەنی تێنیکی دروستدەکات، لەوانەش بڵاوبونەوەی خراپە (الرژیلە)و ئاسانیی ئەنجامدانی ئا وایلێهاتوە لە هەندێ کۆمەڵگەدا بوونە کارێکی ئاسایی، لە پاڵ راهێنانی ئاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر هۆکارە یاساغکراوەکانو بڕەودان بە بە ئوندوئیژیو ئاوان لە رێگەی فیلمو دراماو رێکلامو بەرنامەو هۆکاری ترەوەو، ئەقاندنەوەی ئارەزوەکانو گەڕان بە دوای رێگەی ناڕەوادا بۆ خستنەگەڕیان، ئەمەش لە رێگەی خستنەڕوی خراپەکارهێنانی راشکاوانەی جەستەی ژن لەو مەترسیانە میدیاییانەدا.

ب. کاریگەریی رۆشنبیریو زانستی: لایەنە نێگەتیڤەکانی راگەیاندن بۆ دو لایەنی رۆشنبیریو زانستی درێژدەبنەوەو لە لاوازکردنی ئاستی فێرکردن لای ئاکەکان خۆی نمایشدەکات لە رێگرتنیان بۆ بەدەستهێنانی بڕوانامەو بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیو، بەفیڕۆدانی کاتی زۆر لەبەردەم دامەزراوەکانی میدیادا. سەرباری دروستکردنی دوفاقیی لەنێوان ئەوەی ئاک لە دەزگاکانی پەروەردەو فێرکارییدا فێریدەبێتو، ناوەرۆکی ئەوەی کە میدیا لە سایەی جیهانگیرییدا پێشکەشیدەکات.

ج. کاریگەریی کۆمەڵایەتی: لایەنە نێگەتیڤەکانی میدیا لە بواری کۆمەڵایەتییدا لەوەدا خۆی دەنوێنێت کە یەکێکە لەو هۆکارانەی هەندێجار دەبنە مایەی نێتکچونی شیرازەی خێزانو جیابونەوەی هاوسەرەکان، وابەستەبونی لەڕادەبەدەر بە مۆدێلانەوە، هەروا ئەوەی زۆربەی ئامرازەکانی راگەیاندن پێشکەشیدەکەن لە پرۆگرامو رێکلامو فیلمو زنجیرە ئەلەڤزیۆنییەکانی هاندەری ئوندوئیژیو ئاوانو ئالودەبون بە مادەی هۆشبەرو... ئاد نمونەیەک دەدەنە مندااڵو هەرزەکاران بۆ ئەوەی شوێنییان بکەونو وردەکارییەکانی جێبەجێکردنو دەرچون لە سزایان بۆ دەخەنەڕو، کە کاریگەریی نێگەتیڤی دەبێت بۆ پرۆسەی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی.

د. کاریگەریی ئابووری: زۆربەی کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی ئامرازەکانی راگەیاندن لە ژیانی ئابووریی ئاکەکانی کۆمەڵگەدا خۆی نمایشدەکات لە هاندان بۆ بەکارهێنانی کاڵا ناپێویستەکانو، بڕەودان بە بەروبومی وڵاتانی دیکە لەسەر حسابی بەروبومی خۆماڵی.



سەرچاوە:

- دکتور محمد البدوي: دراسات سوسيو اعلامية، (بيروت: دار النهضة العربية، 2006)، ص ص65-69.

بەیاننامەی لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسیی و مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان سەبارەت بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (کاوە گەرمیانی)

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی مافی رۆژنامەنووسان بەوپەڕی نیگەرانییەوە، ئیدانەو مەحکومی ئیرۆرکردنی رۆژنامەنووس (کاوە محەمەد ئەحمەد گەرمیانی)، ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دەکات، کە لە شارۆچکەی کەلار سەر لە ئێوارەی 2013/12/5 لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا ئیرۆرکرا.

ئیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی بەئایبەتی لەم ئان و ساتەدا، زەنگێکی مەترسیدارە بۆ سەر ئازادی رادەربڕین و پێشێلکردنی مافی رۆژنامەنووسان لە هەرێمی کوردستان و هەموو لایەنە پەیوەندیدارەکانی وەک هێزە ئەمنییەکان و ناوخۆ بەئایبەت لەناوچەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.

پێمان وایە وەفا بۆ رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی و هەموو شەهیدانی رۆژنامەنووس بریئیبە لە کاری بەردەوام بۆ ئاشکراکردنی ئاوانباران و سەرکەوتنی ئیرادەو پەیامی ئەو میدیاکارانەی لەم پێناوەدا ئیرۆرکراون و قوربانیان داوە.

لە کۆتاییشدا داواکارین دۆسیەی ئیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی لێکۆڵینەوەی وردو پێویستی لەسەر بکرێت و ئاوانباران ئاشکرا بکرێن و ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانیش بۆ رای گشتی رابگەیەنرێت.

لێژنەی داکۆکی لە ئازادی رۆژنامەنووسی و
مافی رۆژنامەنووسان لە کوردستان
2013/12/6

بەبۆنەی دەرچوونی ژمارە (١٠٠)یەوە، دانیشتنێك بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڤای (الصحفی) ڕێك خرا

سەرلەئێوارەی ڕۆژی ٢٠١٣/٩/١، لە هۆڵی چوارچرا لە شاری هەولێردا، بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە (١٠٠) ی گۆڤاری (الصحفی) کە بە زمانی عەرەبی لە سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان دەردەچێت، دەستەی نووسەران دانیشتنێکی بۆ هەڵسەنگاندنی گۆڤارەکە ڕێک خست.

لەم دانیشتنەدا د.کاوە مەحموود وەزیری ڕۆشنبیری و هاوکاران ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسان و فەرهاد عەونی نەقیبی پێشووی ڕۆژنامەنووسان و خاوەن و بیرۆکەی دەرچووانی گۆڤارەکە و ئەکەد مورات ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا و ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان و ڕۆشنبیران و دەستەی نووسینی گۆڤارەکە ئامادەبوون.

ئەم دانیشتنە لە لایەن خالید بەکر ئەیوب سکرتێری گۆڤاری (الصحفی) بەڕێوەچوو، لە دەستپێکدا بەخێرهاتنی میوانانی کرد و خوازیاری ئەوەبوو کە ڕاشکاوانە ئێبینی و سەرنج لەلایەن ئامادەبووانەوە بەمەبەستی پشخستنی گۆڤارەکە بخرێنە ڕوو، ئینجا دەرفەتی قسەی بۆ نەقیبی پێشوو ڕەخساند، کە ئەویش لەلایەن خۆیەوە وەک خاوەنی بیرۆکەی دەرچووانی ئەم بڵاوکراوەیە سەرەتا بە شێوەی ڕۆژنامە دەرچووە، باسی لە چۆنیەتی دەرچوونی و ئامانجەکانی و ئەو ئاستەنگ و گرفتانەی ڕووبەڕووی بوونەتەوە کرد.

دواتر نەقیبی ڕۆژنامەنووسان گوتەیەکی پێشکەشکرد، ئێیدا ئاماژەی بەو کۆششانە دا کە بە مەبەستی بەردەو پێشچوونی گۆڤارەکە لەلایەن دەستەی نووسەرانەوە دراون.

ئینجا هەریەکە لە هاوکاران د.ڕەزوان بادینی و ئەکەد مورات و ئاریق کارێزی، دید و سەرنجی خۆیان لەبارەی گۆڤارەکە خستە ڕوو، لایەنی ئەرێنی و نەرێنییان دەستنیشان کرد، هەروەها هونەرمەند کامەران نەجم لە ڕووی هونەری فۆنۆگرافییەوە باسی لە وێنەکانی گۆڤارەکە کرد و داوای کرد زێدەتر بایەخی پێبدرێت و گۆڤارەکە نەکەوێنە دوای وێنەی فێلێکراوەکان.

دوای ئەوە دەرگای گفتوگۆ کرایەوە، ژمارەیەک لە نووسەران و ڕۆژنامەنووسان را و بۆچوونیان دەربڕی، بەکۆتاهاتنی دانیشتنەکە دەستەی نووسەران سوپاسی ئامادەبووانی کرد بۆ بایەخدان و جەخڵیشی کردەوە کەوا ئێبینی و بیروبۆچوونەکانیان بەهەند وەردەگیرێت و کاری پێدەکرێت.

لقی نەینەوای سەندیکا و ناڕەزاییەک

هەواڵنامەی کێبڕکێ

لقی نەینەوای سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان، ناڕەزایی ئۆند بەرامبەر ئەو هێرشە دڕندانەی دەکرێنە سەر ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکارانی شاری مووسڵ دەربڕی، هەندێک جار بە کوشتن و هەندێک جاریش بە هەڕەشە و گوڕەشە، کە لە ئەنجامدا چەندین ڕۆژنامەنووس شەهید بوون و چەندانی دیکەش کۆچیان کردووە، ئەمەش هەوڵدانێکە بۆئەوەی وڵاتەکەمان بەرەو سەردەمە ناریکەکان بگەڕێنەوە.

داوا لە لایەنی ئەمنی دەکەین کە زوو بەزوو ڕۆڵی خۆی بگێڕێ لەپێناو پوچەڵکردنەوەی ئەم پلانە قێزەونانە و پاراستنی ڕۆژنامەنووسان و ڕاگەیاندنکاران کە بڵاوکراوەی وشەی ئازاد و ڕاستگۆیانەیان گرنۆنە ئەستۆ.

لقی نەینەوا
سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٣/١/٣

بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی سەندیکا مێزگردێك رێك دەخات

لە هۆڵیلی چوارچرا لە شاری هەولێر رۆژی ٢٠١٣/١/٤، بە بۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی، سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان مێزگردێکی رێک خست. هاوکاران ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەکەد مورادئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکا، ژمارەیەک لە رۆژنامەنووسان و نووسەران لەم مێزگردە بەشداربوون.

هاوکارمان ئەکەد مورادلە دەستپێکی گونەیەکدا بەخێرهاتنی ئامادەبووانی کرد و هیوای ئەوەی خواست کە ئێبینی و سەرنج سەبارەت بە رۆژنامەگەریی سریانی بە مەبەستی پێشخستنی بخرێنە روو.

پاشان نەقیبی رۆژنامەنووسان گونەیەکی پێشکەش کرد و پیرۆزبایی ئەنجوومەنی سەندیکای بە هاوکارانی رۆژنامەگەریی سریان گەیاند و خوازیاری ئەوەبوو کە ئەم رۆژنامەگەرییە لە سایەی ئازادی رۆژنامەگەری و ئازادی بیروڕا هەردەم لەپێشکەوتندا بێت.

دوائر بەشداربووان هەریەکە بیروڕای ئایینەتی خۆی دەربڕی، هاوکارمان لۆفیق سەعید ئاماژەی بەوە کرد کەوا حیزبە سریانییەکان هاوکێشەی (کلدانی- سریانی- ئاشووی)یان هێناوەتە کایەوە، کەچی لە راستیدا ئێمە نەنیا میللەتی (سریان)ین.

هاوکارێکی دیکەمان بۆئروس نەبائی پێشنیاری کرد لەمەودوا هەڵبژاردنی سەندیکا بە شێوەی (لیست) نەبێت، بۆئەوەی بوار بۆ رۆژنامەنووسانی لێهاتوو برەخسێت، پێگەی شیاوی خۆیان لە ئەنجومەن و لقەکاندا وەرگرن.

هەروەها عیسام شابا گوتی: «رۆژنامەگەریی سریانی رۆژنامەگەریی حیزبەکانە، (٤٨) رۆژنامە و گۆڤارمان هەیە، جگە لە کەناڵە ئاسمانییەکان، بەڵام واقیعی نەتەوەییمان لەم راگەیاندنەدا لەکوێیە؟ چیمان گوتووە لەبارەی کۆچکردن و گۆڕینی دیموگرافی ناوچەکانمان».

هاوکاریشمان نەسیم سادق ئاماژەی کرد کە رۆژنامەگەریی سریانی لاوازە و حیزبیە، پەیامی بەپێی پێویست نییە، کێشەی نەزانین زمانی کوردیمان هەیە، پێشنیار دەکەم خولی فێربوونی زمانی کوردی بۆ رۆژنامەنووسانی سریان بکرێتەوە لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانەوە و رۆژنامەنووسانی سەربەخۆش پشتوانییان لێ بکرێت.

هەروەها ولیەم ئیودر هاوکارێکی دیکە بوو، کە داوای هێنانەدی رۆژنامەگەرییەکی یەکگرتووی کرد و شانبەشانی دروستکردنی باشترین پەیوەندی لەگەڵ هاوکارانمان لە نیشتمانداء جەختیشی کردەوە کە پێویستە دامەزراوەیەکی راگەیاندنی سریانی دابمەزرێت.

هاوکاریشمان خالید بەکر ئەیوب گوتی: «ئێبینی دەکرێت رۆژنامەگەریی رسیانی زێدەتر بایەخ بە ئەدەب و هونەر و رۆشنبیری دەداتو کەمتر بە لای رۆژنامەگەریی وەکو پیشە دەچێت و بەپێی پێویست بایەخ بە بابەتە رۆژنامەگەرییەکان نادات، هەروەها کەمتریش نزیک سیاسەت دەکەوێت و لەم رووەوە بەتەنیشت دیوارەوە دەڕواتو رۆژنامەنووسانی سریانی زیاتر بە زمانی عەرەبی دەنووسن، پێویستیشە لە هەوڵی ئەوەدا بن زمانی کوردی فێربن».

دوائر گفتوگۆکان بەردەوام بوون و گەیشتنە کۆدەنگییەک کە پێویستە بایەخی زیاتر بە رۆژنامەگەریی سریانی بدرێت و هەوڵی جیدی بۆ گەشەکردن و پێشکەوتنی بدرێت.

بەیاننامەی نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان سەبارەت بە تیرۆرکردنی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی

خەڵکی ئازادی خوازی کوردستان رۆژنامەنووسانی بوێری کوردستان

بەداخەوە شەوی 6/5ی کانوونی یەکەمی 2013، کاتژمێر 9:02، دەستی ڕەشی تیرۆر گەیشتە رۆژنامەنووسی بوێرو ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و ئەندامی فیدراسیۆنی رۆژنامەنووسانی نێودەوڵەتی، کاک کاوە گەرمیانی جوانەمەرگ. ئێمە لە نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان، جگە لە ئیدانە کردنی ئەم ئاوانە قێزەون و دوور لە مرۆڤایەتییە، پێمان وایە تیرۆر کردنی کاوە گەرمیانی، ئاماژەیەکی ئرسناک و کارەساتێکی گەورەیەو ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ئازادی ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتی لەکوردستان بووەتەوە.

ئەمە بەتەنیا تیرۆر کردنی ڕۆژنامەنووسێک نییە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ تیرۆر کردنی ئازادی و کۆمەڵگای مەدەنی بەگشتی و ئازادی ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتی، هەروەها پێمان وایە تیرۆر کردنی کاوە گەرمیان دۆسییەیەکی بچووک نییە لەچوارچێوەی گەرماندا، بەڵکو درێژکراوەی باردۆخی نائارامی کوردستانەو بە پانتایی هەموو کوردستان گەورەیەو پێویستە تەواوی ئازادی خوازان و ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی لەتەواوی کوردستان هەڵوێستە بنوێن.

ئێمە لە نووسینگەی گەرمیانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لایەنی دەسەڵاتداری گەرمیان و بەرپرسانی ئەم ناوچەیە بە بەرپرسیار تەزانین لە دۆزینەوەی ئاوانبارانی تیرۆر کردنی کاوە گەرمیانی و داوایان لێ دەکەن کە ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگرن و ئاوانباران و تەوانەشی لەپشتیانەوەن بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن. بۆ هەموو لایەکیشی ڕادەگەنین سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان هەموو ڕێگایەکی مەدەنی و یاسایی دەگرێتەبەر لەپێناو تەوەی خوێنی بەناهەق ڕژێنراوی کاوە گەرمیانی بەفیڕۆ نەچێت. نەفرەت لەتیرۆر و تیرۆریستان مردن و سەرشۆڕی بۆ بکوژانی رۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی سەربەرزی و نەمری بۆ شەهید کاوە گەرمیانی بژی ئازادی.

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان
نووسینگەی گەرمیان
2013/12/6

هەواڵنامەی کێڵ

ناڕەزایی دەربڕین

بە ناوی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان نووسینگەی خانەقین بە ئوندی ئیدانەی ئیرۆرکردنی ڕۆژنامەنووس (کاوە گەرمیانی) دەکەین، ئەم کارە ناپاکە بە کپکردنی دەنگی قەڵەمی بوێری دەزانین، داواکارین لە حکومەتی هەرێمی کوردستان بە زووترین کات دەست بە لێکۆڵینەوە بکرێت بۆ دۆزینەوەی ئەو دەستانەی ئەم کارە ڕەشەیان دژ بە مرۆڤایەتی و قەڵەمی ئازاد ئەنجامداوە. پرسەو سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی خانەوادەکەیان و سەرجەم ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە گشتی و ڕۆژنامەنووسانی گەرمیان بە تایبەتی دەکەین.
لەگەڵ ڕێزدا..

ئەمل باجەلان
سکرتێری نووسینگەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان
لە خانەقین

لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان ئیدانەی تیرۆرکردنی کاوە گەرمیانی دەکات

بەداخەوە شەوی 6/5ی کانوونی یەکەمی 2013، کاتژمێر 9، دەستی غەدری تیرۆر گەیشتە ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی و ئەو ڕۆژنامەنووسەیان شەهید کرد. ئێمە لە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان، جگە لە ئیدانەکردنی ئەم ئاوانە قێزەون و دوور لە مرۆڤایەتییە، پێمان وایە تیرۆر کردنی کاوە گەرمیانی، ئاماژەیەکی ئرسناک و کارەساتێکی گەورەیە و ڕووبەڕووی هەرێمی کوردستان بەگشتی و ئازادی ڕۆژنامەگەریی بەتایبەتی لەکوردستان بووەتەوە. بۆیە داوا لە حکومەتی هەرێمی کوردستان دەکەین، ئەم مەسەلەیە بەجدی وەربگرن و ئاوانباران و ئەوانەشی لەپشتیانەوەن بۆ ڕای گشتی ئاشکرا بکەن. بە هەموو لایەکیشی ڕادەگەنین ئێمە لە لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان پشتگیر و هاو خەمی سەرجەم ڕۆژنامەنوسانین چ وەرزشی بێت یان سیاسی یان ئابووری یان هەر بوارێکی دیکە. نەفرەت لەتیرۆر و تیرۆریستان مردن و سەرشۆڕی بۆ بکوژانی ڕۆژنامەنووس کاوە گەرمیانی

لیژنەی ڕۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان
2013/12/7

وۆرکشۆپێك بۆ کارامەیی و تواناسازی لە بارەی بەڵگەنامەییکردنی پێشێلکارییەکان

سەرلەبەیانی رۆژی (٩)ی ئەیلوولی ٢٠١٣، لە هۆڵی چوارچرا لە شاری هەولێر، وۆرکشۆپێک لە بارەی بەڵگەنامەییکردنی ئەو پێشێلکارییانەی بەرامبەر رۆژنامەنووسان دەکرێن، لەلایەن سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بەهاوکاری سەنتەری پاراستن و ئازادی رۆژنامەنووسان لە وڵاتانی عەرەبیدا رێک خرا.

لەدەستپێکی وۆرکشۆپەکەدا، ئازاد حەمەدەمین نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان بەخێرهاتنی میوانان (نیزال مەنسوور) سەرۆکی سەنتەرەکە و د.محەمەد عەنیم و د.محەمەد موسا و ئیهاب سەلام و هاوکارانی ئامادەبوو کرد و ئاماژەی بەوەدا کەوا سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئەزموونێکی دەوڵەمەندی لە بەڵگەنامەییکردنی پێشێلکارییەکان هەیە، بۆیە ئەم وۆرکشۆپە بۆ ئێمە گرنگە بۆئەوەی ئەم کارە بە پیشەیی و رێکخراوەیی بکەین.

دوائر نیزال مەنسوور لە گوتەیەکیدا ئاماژەی بەوەدا کە سەنتەرەکەیان دامەزراوەیەکی کۆمەڵگای مەدەنییە و (١٥) ساڵ بەسەر دامەزراندنییەوە ئێپەڕیوە، ئینجا جەختی کردەوە کەوا دیموکراسییەت بەبێ ئازادی بیروڕا و ئازادی راگەیاندن پێناس ناکرێ و جێگیر نابێت و پێویستە پێشێلکاران دەستگیر بکرێن و سزا بدرێن، لەم بوارەشدا بە بەڵگەنامەییکردن کارێکی گرنگە، ئینجا هەریەک لە ئەندامانی شاندنی میوان وتەیان پێشکەش کرد، ئایدا گرنگی بابەتەکەیان خستە روو.

شایانی باسە هاوکارمان جەمال حوسێن ئەندامی ئەنجومەن و بڕیاردەری لیژنەی داکۆکی لە رۆژنامەنووسی و مافی رۆژنامەنووسان لەگەڵ چەندین رۆژنامەنووسی کوردستانی و عیراقی لە وۆرکشۆپەکەدا بەشداربوون.

ڕاگەیەنراوی کۆتایی (١٨)ـەمین کۆبوونەوەی ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

ئەنجومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە (18)ـەمین کۆبوونەوەی ئاسایی خۆیدا لە 2013/11/9 خاڵەکانی باسی بڕیئی بوو لە کاروچاڵاکی و پرسی ئابوونەی سااڵنە و ئەندامێتی و دۆخی ڕۆژنامەنووسی و ڕۆژنامەنووسان و پێشهاتی نوێ لەبارەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان.

کۆبوونەوەکەی ئەنجوومەن جەختی لەسەر وادەی دیاریکراو بۆ ئابوونەی سااڵنەی ئەندامان و زەرورەتی ئامادەکردنی ڕاپۆرتی کۆتایی لەم باریەوە کردەوە بەئامانجی ئەوەی لەکۆبوونەوەی داهاتوو ئەسدیق بکرێت.

هەروەها کۆبوونەوەکە لەسەر پرسی بڕیار و ڕاسپاردەکانی کۆبوونەوەی ڕابردوو هەڵوەستەی کرد و پێداچوونەوەی پێویستی بەهەندێکیانی کرد، کە ئەتکید کرایەوە کە لیژنەی مەراسیمی خەڵاتی تازادی میدیا بەر لەکۆتایی هاتنی ئەمساڵ کارەکانی ئەواوبکات. لەئەوەڕێکی دیکەدا کۆبوونەوەکە جەختی لەکاراکردنی بڕیارێک کرد لەبارەی لیژنەی داکۆکی بەوەی بڕیاردەری لیژنەکە سەرپەرشتی کارەکان دەکات بۆئەوەی چاودێری و بەدواداچوونی کەیسەکانی ئەم لیژنەیە بەردەوامی سەرکەوتنی مسۆگەر بکرێت، لەپیناو بەرژەوەندی ڕۆژنامەنووسان و تازادی ڕۆژنامەنووسی.

لەئەوەڕێکی کۆتاییدا، کۆبوونەوەکە بەکۆی دەنگ لەبارەی خۆ هەڵپەساردن و ئەو دیدارە ڕۆژنامەوانییەی کە شوان داودی وەک جێگری نەقیب لەڕۆژنامەی هاوڵاتی ژمارە (1171) لە 2013/10/31 بڵاوکردۆتەوە بە پێویستی زانی ئەم ڕوونکردنەوەیە لەبەرامبەر ئۆمەت و ناڕاستییەکانی ناوبراو بدات و پێویستە ڕۆژنامەکە لەهەمان شوێن و بەهەمان قەبارەش بڵاوی بکاتەوە. کە ئەم خاڵانەی خوارەوە بۆ ڕۆژنامەنووسان و ڕای گشتی لەخۆ دەگرێت:

١- کاری سەندیکایی کارێکی پیشەیی و ئەندامانی ئەنجومەن ئینتیما و پێکهاتە و بیروباوەڕیان هەرچیەک بێت کاری سەندیکایی دەکەن نەک کاری حزبی، ئەنها شوان داودی نەبێت کە داوای دەستێوەردانی حزبی دەکات و بەناوی لیستێکی حزبییەوە قسە دەکات، کەئەمەش پێچەوانەی ئەو پرەنیسیپەیە کە پێویستە سەندیکا بیگرێتەبەر، هەروەها ئەم پێکهاتەیە کۆنگرە بڕیاری لەسەر داوە ئەنیا کۆنگرەش دەتوانێ شێوازەکەی بگۆڕێت.

٢- سەبارەت بەپرسی دارایی سەندیکا:

ا. ناوبراو لەدیدارەکەیدا، دەڵێ «سێ خولە کەسێک بەرپرسی دارایە.» لەکاتێکدا خۆی لەخولی ڕابردوو و لەم خولەشدا لەکۆبوونەوەی ئەنجومەن دەنگی بۆداوە و هیچ کێشە و ئێینییەکی نەبووە.

ب. بەپێچەوانەی بەناڕاگا پیشاندانی خۆی لەخەرجییەکان سەندیکا، هەموو ئەندامانی ئەنجومەن دەتوانن ئاگاداری لیستەکانی داهات و خەرجی بن هیچ کات ڕێگا لەوە نەگیراوە.. هەروەها ئەوە هەر سەندیکا ڕۆژنامەنووسانی کوردستانیشە کە لە دوو کۆنگرەی ڕابردووەدا ڕاپۆرتی دارایی خۆی پێشوەختە داوەتە ئەندامانی کۆنگرەکانی.

ت. داهاتوخەرجی بەپێی ڕێنماییە داراییەکان لەژێرچاودێری داراییدایە و لایەنی پەیوەندیدار لە وەزارەتی دارایی ئەواوی دەسەڵاتیان بەسەر مینحەی سەندیکاوە هەیە و ئاوەکو ئێستاش هیچ ڕاپۆرتێکی سەلبی نەگەیشتۆتە ئەنجومەن و ناوبراویش باش دەزانێ ئاوەکو وردبینی خەرجی مانگی پێشوو نەکرێت مینحەی مانگی داهاتوو بەسەندیکا نادرێت و ئەمڕۆش ڕۆژگاری دانا و ژمارەیە نەک ئینشائیات.

پ. ناوبراو بەئەنقەست بێت یان نەشارەزایی لەوردەکارییەکانی کاری سەندیکا کەوتۆتە هەڵەیەک کەوەک جێگری نەقیب نەدەبوایە شتێکی وای بەسەردا نێپەڕ بێت لەبارەی ئابوونەی ئەندامانەوە کەدەیەوێ وای پیشان بدات ئەم پارەیە هەمووی بەهەدەر دەڕواث، چونکەخۆی دەزانێ کە ئەنجوومەن لەخەمی ڕێککخستنەوەی لیستی ئەندامانیدایە و کۆشش و ماندوبوون و کاڵی زۆری بەوەداوە ئاوەکو سەندیکا ریزەکانی ئۆکمەتر بێت، بڕیاری مەبدەئیشی وەرگرتوە کە لیستی ئەندامانی پوختە دەکاتەوە و ئابوونەی ساڵانەش کە وەردەگیرێت بڕێکی بۆ ئەندامێتی لە IFJ دەڕواث و ئەوەی دەمێنێتەوەش شتێکی کەمە کەئەوەش بنەمای ئیلتزامی ئەندامانی هەموو سەندیکاکانە لەهەموو جیهاندا. هەر بۆ زانیاری گشتیش ئاوەکو کۆتایی ئەیلولی 2013 ئەنیا 2669 ئەندام ئابوونەی ساڵانەیان داوە.

ج. ئەندامانی ئەنجومەن لەکاتی پێشکەشکرنی ڕاپۆرتی دارایی دوای گفتوگۆ و دیراسەکردنی لەکۆتایی هەموو ساڵێکی داراییدا ئیمزای لەسەر دەکەن.

ح. مینحەی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەئێستادا 100 ملیۆن دینارە کە پێشتر 85 ملیۆن دیناربوو، بەبڕیاری جەنابی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەدیدارێکی لەگەڵ شاندی ئەنجومەن 15 ملیۆن دیناری بۆ زیادکرا بەهۆی ئەوەی کە بەشی شێری مینحەکە بۆ خەرجی سەوابث دەچوو، لەئێستاشدا هەر ئەندامێکی ئەنجوومەن و لیژنەکانی دەتوانن لە وردەکارییەکانی ئاگادار بن کە بڕی 89 ملیۆنی بۆ خەرجی سەوابث دەچێت، ئینجا ناوبراو گومانی لە چ هەیە و بە چ نیازێک دەیەوێ ئەو گومانە بڵاوبکاتەوە.

٣- لەبارەی شێوازی کارکردنی سەندیکا، کە ناوبراو دەڵێ «کارکردنمان بەو شێوازە کلاسیکیە سواوە...» ئەوا سەندیکا بەپابەندبوونی بەیاسای سەندیکا کە لەپەرلەمانەوە دەرچووە و پەیڕەوی ناوخۆی خۆی کاردەکات، هەروەها لەدیدارەکانماندا گفتوگۆی بەرایی لەبارەی گۆڕینی شیوازی کاری سەندیکا و چۆنیەتی سازدانی کۆنفرانس و کۆنگرە و هەڵبژاردنەکانەوە کراوە، کە دەیەوێ وای پیشان بدات ئەم بیرۆکانە هی ئەوە.

٤- لەبارەی کۆبوونەوەکانی ئەنجومەن، کە جگە لەکۆبوونەوە ئاساییەکانی، ئەنجومەن و لیژنەکانی بەدواداچوونی زیاتر لە 9 کۆبوونەوەی دیکەی ئەنجامداوە، بەڵام لەوە ئێناگەین کە بۆچی بەزۆری بەدوای ئەوەیە ناڕاستی بڵاوبکاتەوە.

٥- لەوەڵامی ئەوەی کە لیژنەی داکۆکی لەمافی ڕۆژنامەنووسان لەسەر داوای لیستێکی حزبی لە سلێمانییەوە گواستراوەتەوە، ئەوە دووڕە لە ڕاستی، چونکە لیژنەی داکۆکی لەهەرجێگایەک بووبێت، یەکێکە لە لیژنە هەرە چالاکەکانی سەندیکا و کارەکانیان جێگای ستایشە، ئاڵوگۆڕکردنیش نێیدا ئەنیا بۆ کاراترکردنی کارەکانی لیژنەکە بووە، نەفیکرەی ناوبراو و نەشتێکی شەخسی بووە، نە شارچێنیش لەگۆڕێدا بووە، چونکە سەندیکای ڕۆژنامەنووسان لەدژی ئەم جۆرە بیرکردنەوە پاشکەوتووانەیە، هەروەها ڕۆژنامەنووسان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و خودی IFJ یش شایەتی ڕۆڵ و کاریگەریی ئەم لیژنەیەن لەپێناو ئازادی ڕۆژنامەنووسی لەکوردستاندا. لەلایەکی دیکەشدا، کارەکانی ئەم لیژنەیە ئانێستا هیچ کێشەیەکی دارایی نەبووە ئاوەکو ناوبراو لەخۆیەوە شتی بۆ بدۆزێنەوە.

٦- ئەنجومەنی سەندیکا ئەم ڕوونکردنەوەی بەپێویست زانی چونکە ناراستی پیشاندان و کەموکوڕی و گومانی زۆر لەدیدارەکەی شوان داودی هاتبوو، ئینجا بەنیازبێ یان بەهەر مەبەستێک، بۆیە ئەنجوومەنی سەندیکا جەخت لەسەر پرەنسیپی کاری سەندیکایی و پابەندبوون بەپەیڕەوی ناوخۆ دەکات، داواش دەکات ناوبراو داوای لێبوردن لە ئەنجومەنی سەندیکا بکات، چونکە قسەکردن لە میدیاکان بێ گەڕانەوە بۆ ئەنجوومەن لە موزایەدەکردن بترازێ هیچی دیکە نییە و پێچەوانەی پرەنسیپەکانی کاری سەندیکاییە.

ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان

هەولێر 2013/11/9

ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوای کوردستان خولێك بۆ چۆنیەتی داڕشتنی هەواڵ دەکەنەوە

سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بە هەماهەنگی بزووتنەوەی لاوانی کورد لە ڕۆژئاوای کوردستان خولێکیان بۆ چۆنییەتی داڕشتنی هەواڵ لە ڕۆژانی (١٠-٢٠١٣/١/١٥) لە بارەگای سەندیکا لە شاری هەولێر ڕێکخست.

لە ڕۆژی یەکەمی خولەکەدا ئازاد حەمەدەمین نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە گوتەیەکدا سەرباری دەربڕینی خۆشحاڵی بە کردنەوەی ئەم خولە و داوای سەرکەوتنی بۆ بەشداربوون کرد و جەختیشی کردەوە، کەوا پێویستە لە حیزبایەتی دوورکەوێنەوە و هەوڵی ئەوە بدەین کە ئوانا پیشەییەکانمان بەرەو پێش ببەین.

لە ڕۆژی دووەمدا عزەدین ئیبراهیم بەرپرسی نووسینگەی ڕاگەیاندن لە بزووتنەوەی لاوان، گوتەیەکی پێشکەشکرد و ڕایگەیاندن کەوا خولەکە پەیوەندیدارە بە هەواڵ و چۆنییەتی داڕشتنی و دوورکەوتنەوە لە حیزبایەتی لە کاتی گەیاندنی هەواڵەکاندا و پیشەییانە و بێلایەنانە کارەکان بەئەنجام بگەیەنن.

پرۆگرامی خولەکەش بریتی بوو لە (پێناسەی هەواڵ، مەرجەکانی هەواڵ، بەشەکانی هەواڵ، ناوونیشانی هەواڵ، سەرچاوەی هەواڵ).

ئێوارەی ڕۆژی (٢٠١٣/١/٢٤) بە ئامادەبوونی د.کاوە مەحمود وەزیری ڕۆشنبیری و نەقیبی ڕۆژنامەنووسانی کوردستان لە هۆڵی میدیا لە شاری هەولێردا، ئاهەنگی دابەشکردنی بڕوانامەی بەشداربووان بەڕێوەچوو، وەزیری ڕۆشنبیری گوتەیەکی پێشکەش کرد ئیایدا ئاماژەی بە ئێش و ئازارەکانی میللەتی کورد لە سووریا کرد کە لەلایەن ڕژێمی ئەسەد و لایەنە ئونرەوەکان هێرشیان دەکرێنە سەر بۆئەوەی ڕۆژئاوای کوردستان لە دانیشتوانەکەی چۆڵ بکرێ. بۆیە پێویستە بە بنەما پیشەییەکان پابەند بین و بۆئەوەی پەیامی کورد (برایەتی و ئاشتی) بە جیهان بگەیەنین.

لەدوا وتەشدا نەقیبی ڕۆژنامەنووسان سوپاسی هەموو لایەکی کرد و گوتی» لە کارەکانمان بەردەوام دەبین بە کردنەوەی خولەکانی شیاندن بۆ ڕۆژنامەنووسانی ڕۆژئاوای کوردستان، خوازیاری ئەوەش بوو کە کەناڵێکی ئاسمانی ئایەتێ بە ڕۆژئاوای کوردستان بکرێنەوە.

با گیانی رۆژنامەنووسان پاریزراوبێت

رۆژی 2013/10/11 لەشاری سلێمانی، دەستێکی شاراوە لەماڵی رۆژنامەنووس کوردۆ عەلی پەیامنێری کەناڵی ئاسمانی گەلی کوردستان بۆمبێکیان دانابوو، پێش ئەقینەوەی ئەو بۆمبە، هێزە ئایبەئەکان پوچەڵیان کردەوە و بێ زەرەر و زیان کۆئایی هات..

ئەم رووداوە دەبێتە مایەی ئەوەی کە ئێمە لە (لقی سلێمانی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان و لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی)، داوا بکەین بۆ دۆزینەوە و سزادانی ئەو دەستەی بۆمبەکەی داناوە، هەوڵەکانی پۆلیس و ئاسایش و دەزگا ئایبەئەکان چڕتر بکرێنەوە، تا چیتر کەسانێک بیر لە ئرساندن و ئۆقاندن یان ئیرۆرکردنی رۆژنامەنووسانی کوردستان نەکەنەوە.

لیژنەی داکۆکی لە مافی رۆژنامەنووسان و ئازادی رۆژنامەنووسی
2013/10/11

لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی ئیدانەی هێرش کردنەسەر (ئەردەلان محەمەد) دەکات

بە داخەوە لە یاری نێوان هەردوو یانەی سلێمانی و هەولێر لەمیانی یاریيەکانی خولی نایابی کوردستان لە یاریگای سلێمانی، لەدوای ئەواوبوونی یاریەکە، رۆژنامەنووسان دەیانەوێت بچنە ناو یاریگاکە و لێدوانی یاریزانان وەربگرن، سەرپەرشتیاری یاریيەکە بە شێوەیەکی دوور لە گیانی وەرزشی و لە لێدوانێکی نەشیاو هێرش دەکاتە سەر رۆژنامەنووس (ئەردەلان محەمەد)، هەربۆیە ئێمە لە لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان لەدوای ئیدانەکردنی ئەو کارە، رایدەگەیەنین کە قبووڵ ناکەین بە هیچ شێوەیەک ڕێگری لە رۆژنامەنووسانی وەرزشی بکرێت لە رووماڵی کایە وەرزشییەکاندا و داواکارین لە یەکێتی ئۆپی پێی کوردستان رێوشوێنی یاسایی خۆی بگرێتە بەر بەرامبەر ئەو سەرپەرشتیارە.

لیژنەی رۆژنامەنووسانی وەرزشی کوردستان
٢٠١٣/١٠/١٢

هەواڵنامەی ئێمە

بەهۆی کۆچی دوایی رۆژنامەنووس «عەبدولهادی شامار» لقی بەغدای سەندیکای رۆژنامەنوسان پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی خێزانەکەی دەکات

کۆچی دوایی رۆژنامەنووس عەبدولهادی شامار ئەندامی کارای لقەکەمان رادەگەیەنین، بەخەم و پەژارەیەکی زۆرەوە شەوی هەینی 22-2013/11/23 ئەندامی کارای لقەکەمان، رۆژنامەنووس و گۆشەنووسی بەتوانا و جێگری سەرنووسەری رۆژنامەی (الاتحاد) زمانحاڵی ی.ن.ک عەبدولهادی مەهدی شامار لەشاری بەغدا کۆچی دوایی کرد..

رۆژنامەنووس عەبدولهادی مەهدی ساڵانێکی دوورو درێژ بوو سەرقاڵی کاری رۆژنامەوانی بوو، پێشتر لەبەغدا، پاشان لە سلێمانی و دواتریش لەدوای ئازادکردنی شاری بەغدا وەک سنافی یەکەم رۆژنامەی ئازاد خۆی گەیاندە ئەو شارە و بارەگای ئەو رۆژنامەیە لە سلێمانییەوە بۆ بەغدا گواستراییەوە..

ناوبراو لەو رۆژنامەدا کاری دەکرد و بەردەوام گۆشەیەکی رۆژانەی هەبوو، جگە لەوەش زۆربەی کاری رۆژنامەکەی وەک جێگری سەرنووسەر رادەپەڕاند..

بەناوی خۆمان و سەرجەم ئەندامانی لقەکەمانەوە پرسەو سەرەخۆشی ئاراستەی خێزان و بنەماڵەکەی دەکەین و داواکارین یەزدان بەبەهەشتی بەرینی شاد بکات..

نووسینگەی خانەقینی سەندیکا خولێك بۆ فێربوونی هونەری مۆنتاژ دەکاتەوە

لە ژێر دروشمی (گەنجانی خانەقین و دەسەڵاتی چوارەم) نووسینگەی خانەقینی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان بە هاوکاری سەنتەری چالاکی گەنجانی خانەقین، لە 2013/8/25 بۆماوەی حەوت رۆژ، خولێکی بۆ فێربوونی هونەری مۆنتاژ لەسەر بەرنامەی (ئەدۆب پریمێر) کردەوە، مەبەستی لە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە، نزیک کردنەوەی گەنجانە و تێکەڵکردنیانە بە بواری راگەیاندن و رۆژنامەنووسی، هەروەها ئاشناکردنی گەنجانە بە بەشێکی گرنگی کاری رۆژانەی راگەیاندنکاران، خولەکە بۆ ماوەی یەک حەفتە لە هۆڵی کۆمپیوتەری سەنتەری چالاکی گەنجانی خانەقین بەردەوام بوو، کە تێیدا (10) گەنج لە هەردوو رەگەز بەشداریان کرد و وانەکان لە لایەن (م. عومەر هەمەوەندی)یەوە دەوترانەوە، کە ئەندامی کارای سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستانە و مۆنتێری (ئەلەفزیۆنی گەلی کوردستان- کەناڵی خانەقین)ە، وانەکان لەسەر ئامێری «داناشۆ» بۆ بەشداربووان شرۆڤە کرا، و بەشداربووان بە شێوەی تیۆری و پراکتیکی کاریان لەسەر بەرنامەکە کرد و لە کۆتاییدا بڕوانامەی بەشداربوون لەلایەن (سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان/ نووسینگەی خانەقین)ەوە بەسەر بەشداربووانی خولەکەدا دابەشکرا، گەنجانیش خۆشحاڵی خۆیان دەربڕی بە کردنەوەی ئەم جۆرە خولانە و خوازیار بوون ئەم جۆرە خولانە زیاتر پەرەی پێبدرێت تا زیاتر گەنجانی شاری خانەقین ئاشنایەتی لەگەڵ دەسەڵاتی چوارەمدا پەیدا بکەن.

لەلایەن ڕێکخراوی دیالۆگی میدیاییەوە لە هەڵەبجە ووێرکشۆپێکی دوو ڕۆژە لەسەر میدیا بەڕێوەچوو

لە هەڵەبجە (ڕێکخراوی دیالۆگی میدیایی) ووێرکشۆپێکی دوو ڕۆژەی بۆ (50) ڕۆژنامەنووس و میدیاکاری هەڵەبجە کردوە و لە ڕۆژانی 27-2013/11/28 لە هۆڵی کازیوە، ئەم ووێرکشۆپە بریتیی بوو لە پێشکەشکردنی چەندین وانە و بابەتی بەپێزلە سەر میدیا وەک میدیای پیشەیی و سۆشیاڵ میدیا و چەندین بابەتی دیکە. شایەنی وتنە ئامادەبوونی ڕۆژنامەنووسان و گفتوگۆی گەرم لەسەر بابەتەکان لەگەڵ مامۆستا و وانەبێژەکاندا خولەکەی هێنندەی دیکە گەرمتر کردبوو. ئەم ووێرکشۆپەش بە ناوی پرۆژەی هۆشیاریی یاسایی بوو لە کاری میدیادا و لە کۆنایشدا بڕوانامەی بەشدار بوون بەخشرا بە ئەواوی ئامادەبووی ووێرکشۆپەکە و بەسەر کەونووی کۆنایی پێهات. جێی باسیشە ئاری عەبدوللەئیف ئەندامی ئەنجوومەنی سەندیکای ڕۆژنامەنووسان بابەتێکی لەسەر میدیای و ڕەوشی میدیا لە کوردستان پێشکەش کرد لە سەروبەندی کردنەوەی خولەکەدا.

سەندیکا ڕۆژنامەنقیسێن کوردستانێ- لقێ دهوك ڕوینشتنەکا ڤەکری بو ڕێڤەبەرێن ڕاگەهاندنێ ل دام و دەزگەهێن حکومی ل دهوکی سازکر

سەندیکا ڕۆژنامەنڤیسێن کوردستانێ - لقێ دهوک ب هەڤکاری دگەل یانا نوهەدرا یا ڕەوشەنبیری و جڤاکی و ژبو پتر بهێزبونا ڕۆلێ هوبێن ڕاگەهاندنێ ل دام و دەزگەهێن حکومی، ڕۆژا دووشەمبی ڕێکەفتی ٢٨/ ١٠/ ٢٠١٣ دەمژمێر ١١:٠٠ بەری نیڤرو ل هولا ئونێلا ژیان ڕوینشتنەکا ڤەکری بو ڕێڤەبەرێن ڕاگەهاندنێ ل دام و دەزگەهێن حکومی ل دهوکی سازکر .

راگەیانراوی ئەنجومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان لەبارەی کردەوە تیرۆریستیەکەی ٢٩ی ئەیلوولی هەولێرەوە

سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان ئیدانەی ئەو کردەوە ئیرۆریستییە دەکات کە هەولێدا ڕەوشی ئاشتی و پێکەوەژیان و ئاسایشی هەرێمی کوردستان ئێک بدات، ئەم کردەوە ئیرۆریستییەی بەردەم ئاسایشی هەولێر لە ڕۆژی 2013/9/29 کە بەپلان بۆداڕێژراو ئەنجامدرا، شەهید و بریندارێ لێکەوتەوە و هەرەها بووە هۆی دڵگرانی گەلی کوردستان.

ئەنجومەنی سەندیکا وێرای ناردنی سەرەخۆشی بۆ خانەوادەی شەهیدەکان، هیوای زووچاکبوونەوەی بریندارەکان دەخوازێت و داواش لە هێزە ئەمنییەکان دەکات لەوەزێتر بەئاگابن بۆ ڕێگا گرتن لەئەگەری هەر کارێکی دیکەی ئیرۆرستی.

ئەنجوومەنی سەندیکای رۆژنامەنووسان وێرای ئێگەیشتنی لە گەورەیی پیلانەکە و لەبەرچاو گرتنی ڕەوشەکە و ئەرکی هێزە ئەمنییەکان لە پاراستنی گیانی هاوواڵتیان، بەڵام هێزە ئەمنیەکانیش دەبێت ئەو راستییە بزانن وەک چۆن ئەوان ئەرکیان بەرقەرار کردنی ئاسایشە، رۆژنامەنووسانیش ئەرکیانە هەواڵ و زانیارییەکان لە ڕێگای کەناڵە جیاجیاکانەوە بۆ هاوواڵتیان بگوازنەوە و لە راستی ڕووداوەکان ئاگادارییان بکەنەوە.

هەروەها سەندیکا لەهەڵسەنگاندنی بۆ لایەنی ڕووماڵکردنی رۆژنامەوانی ئەم کارە ئیرۆریستییە لەلایەن دەزگا میدیاکانی کوردستانییەوە، حالەتێکی ناپیشەیی دیت، لەلایەن هەندێک لەکەناڵە ئاسمانییەکان کە لەسەرەتای گواستنەوەی ڕووداوەکە ترس و دڵەڕاوکێیەکی زۆریان بڵاوکردەوە بەبێ ئەوەی زانیاریان لەلایەنی فەرمی وەرگرتبێت، لەهەمان کاتیشدا، داوای ئەوە دەکات کە دەزگا فەرمییەکانی ئەمنی بەئاگایانەتر مامەڵە لەگەڵ ڕووداوی لەم جۆرە بکەن بەتایبەتی لەگەڵ رۆژنامەنووس و میدیاکاران بۆئەوەی ئەوانیش بتوانن هەم کاری خۆیان ڕاپەڕێنن و هەمیش هاوکاری بڵاوکردنەوەی هەواڵی ڕاست و ڕێنمای گونجاوبن بۆ هاوڵاتیان.

چونکە لێدان و ڕاوەدوونانی رۆژنامەنووس لەشوێنی ڕووداوەکە، وەکو ئەوە وایە کە نەهێلی دەزگای ئاسایش کاری خۆی بکات، لەوەشدا دیسان ئێبنی ئەوە دووبارە دەکەینەوە کە پێویستە لەسەر دەزگاکانی میدیا خولی سەلامەتی پیشەیی بۆ رۆژنامەنووسەکانیان بەهاوکاری سەندیکای رۆژنامەنووسان و IFJ بکەنەوە و بۆئەوەی بەباشترین و گونجاوترین شێوە رۆژنامەنووسان ڕووماڵی ڕووداوە ترسناکەکان بکەن، کەهیوادارین دووبارە نەبێنەوە.

ئەنجوومەنی
سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان

بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەریی سریانی سەندیکا پیرۆزبایی لە هاوکاران دەکات

لە (١٧١)ی هەموو ساڵێکدا هاوکارانمان رۆژنامەنووسانی سریانی بە بۆنەی دەرچوونی ژمارە (١)ی رۆژنامەی (زهریرا دبهرا) ئاهەنگ دەگێڕن، کە ئەمساڵ (١٦٤) ساڵ بەسەر دەرچوونی ئێپەڕیوە، بەم بۆنەیەوە جوانترین پیرۆزبایی پێشکەش هاوکارانی ئازیزمان دەکەین و ئاوانەخوازین پێشکەوتنی زیاتر لەژێر سایەی دیموکراسییەت و ئازادی رۆژنامەگەریی لە هەرێمی کوردستاندا بەدیبهێنن و ئەم رۆژنامەگەرییەش بۆ چەسپاندنی دیموکراسییەت و ئوندونۆڵکردن پەیوەندییەکانی نێوان پێکهاتەکانی کوردستان بە بەردەوامی کار بکات.

ئازاد حەمەدەمین
نەقیبی رۆژنامەنووسانی کوردستان
٢٠١٣/١٠/٣٠

هەواڵنامەی کێبڕ



ROJNAMENÛS 32

Aperiodical Magazine Specialized in Press
issued by Kurdistan Journalist Syndicate
No.32 Winter 2013